9

# ڕۆژنامەنووسی

گۆڤارێکی وەرزییە
تایبەتە بە کلتوری ڕۆژنامەنووسیی

کوردستان

ڕۆژی کورد

امید استقلال

زار کرمانجی

HAWAR

ژین

نیشتمان

گەلاوێژ

2006

# پێگەی سەندیکا
# لە ناوەوەو دەرەوەدا، چۆن هەڵدەسەنگێندرێ...؟!

**فەرهاد عەونی**

ساڵی ٢٠٠٦، بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی پێشوتردا، لەناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا سەندیکا بەلێهاتووییەوە توانیویەتی لەناوەوەدا:

* پێگەی خۆی لەبواری داکۆکیکردن لەچەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسیی و دابین کردنی مافی رۆژنامەنووسان چەندین هەنگاو بەرەو پێشەوە بنات بە:

* کە ئێستاکە هیچ دەزگایەکی پۆلیس و دادگا، بەبێ ئاگاداری پێشەکی سەندیکا، رۆژنامەنووسان بۆ لێکۆڵینەوە بانگهێشت ناکات

* لەسەر بیروڕاو ئازادی دەربڕیندا(مەبەست ڕادەربڕینی ئازاد دەربارەی هەر بابەتێکی سیاسی یاخود فیکری) هیچ رۆژنامەنووسێک تووشی دادگایی کردن نەبوو (ئەوەی کە رووشی داوە لە بنەڕەتدا دەربارەی ئەو هەواڵ و بابەتانەوە بووە) کە هەندێ لە رۆژنامەنووسان ئازادانە بڵاویان کردوتەوەو هەندێک بەرانبەریش چ (هاووڵاتی یاخود بەرپرسان) لە خانەی تەجاوزدا حسابیان کردووە، بەڵام لە کۆتاییدا دیسان پەنا بۆ یاساو دادگا براوە (کە هەر هەمووومان مل کەچین بەرانبەری).

* هیچ رۆژنامەیەک لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە رانەگیراوە.

* ئازادنە هەر هەموو لایەک بەجیاوازی نەتەوەو ئایین و مەزەب و بیروڕای سیاسی دەنووسن و بڵاودەکاتەوەو پەخش دەکات بەبێ وجودی هیچ جۆرە سانسۆرێک.

* بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کەم و کوڕییانەی کە تاکو ئێستاکە لە یاسای کار پێکراودا هەیە دەربارەی ئەو کێشانەی کە رووبەڕووی رۆژنامەنووسان دەبێتەوە، سەندیکا پرۆژەیەکی پێشکەوتووی (لەم قۆناغەدا) پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کردووە پاش ئەوەی بۆ ماوەی ساڵێک زیاتر لە کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینار لەلایەن رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن تاوتوێکرا بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی.

* بەکارخستنی یاسای سەندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان و دروست بوونی ئەو هەیئەتەی کارەکان بەڕێوەدەبات.

* لە کۆتاییدا نالێم سەرجەم، بەڵام زۆربەی رۆژنامەنووسان سەندیکا بەو (مەرجەعە) دەزانن کاتێ بۆ چارەسەرکردنی هەندێ لەو کێشانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە روو لە سەندیکا دەکەن.

– لە دەرەوەشدا:

* بەشداریکردنی سەندیکا لە سەرجەم ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەی کە لەلایەن (IFJ)یەوە رێکدەخرێت بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگ و کێشانەی کە رووبەڕووی رۆژنامەنووسانی عێراق دەبێتەوە، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لایەنێکی بەرچاوو قورسی ئەو هاوکێشانەیە کە هەمیشە لەلایەن سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) بە بەرچاوی هەمووانەوە بە (بەرز و بەرێز) هەڵدەسەنگێنێ ئاکامی کۆبوونەوەکانی عەمان و بەیروت، قاهیرە، عەمان باشترین بەڵگەی ئەو ئاستەی سەندیکان.

* لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوەشدا مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا چالاکانە سەرقاڵی دروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ ئەو سەندیکاو یەکیەتییە رۆژنامەنووسانەی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تا رادەیەک ئەگەر (ئیمکانیاتی مادی)مان هەبوو رێکخراوێکی وەکو (مراسلون بلا حدود) و سەندیکای رۆژنامەنووسانی یۆنان و بەریتانیا سەردانی کوردستانیان دەکرد.

* ئیمزاکرنی دوو پرۆتوکۆل لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق وەکو دوو سەندیکای سەربەخۆ دەربارەی جۆری پەیوەندی و چارەسەرکردنی کێشەی رۆژنامەنووسانی عێراقی و ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆل لەگەڵ (ئەنجومەنی صنفی رۆژنامەنگارانی ئێران) هاتنی ئەوان بۆ کوردستان چوونی ئێمە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و ئامادەبوون لە رێو رەسمی (رێز لێنانی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئێران ئەکبەر گەنجی و هاورێیانی) بەرێزلێنانی سەندیکاو وتار خوێندنەوە باشترین بەشداری کردن بوو لە داکۆکی کردنم لە ئازادی رۆژنامەنووس.

* بەرزکردنەوەی پلەی ئەندامیەتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە (بەشدار)ەوە بۆ (کارا)و بەشداریکردنی لە کۆنگرەی (٢٦)ەمین فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی وەکو ئەندامی کارا دەرگا بۆ چوونە پێشەوەی سەندیکا واڵا دەکات، بە گەیشتنی بۆ قۆناغی پێشکەوتووتر کە ئەمانەش هەموو وامان لێ دەکات کە:

– یەکگرتووبین و ریزەکانمان پتەوتر بکەین و لەژێر هیچ برو بیانووییەک دەرز نەخەینە ریزی رۆژنامەنووسانەوە کە شەرەفی یەکگرتنەوەی یەکەم رێکخراوی پیشەیی لە کوردستانی پێ بەخشراوە.

– کۆنگرە گشتییەکان یەکلاکەرەوەی سەرجەم داخوازای و کێشەکان بێت دوور لە میزاجی شەخس و بیروڕای تەسکی حزبایەتی بە هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەو شارستانیەتی ئەوتۆ کە نەوەکانی داهاتوو بەرێزەوە باسی لێوەبکەن و بە هەر هەمووشمان بتوانین بەردێک لە بناغەی ئەو پرۆژە نەتەوەییە دابنێین کە دەمێکەو دەمێکە خەونی پێوە دەبینین.

"9"

# ڕۆژنامەنووس

kurdistanjournalists.org
govar2004@yahoo.com

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کلتوری ڕۆژنامەنووسیی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات

خاوەن ئیمتیاز:
فەرهاد عەونی

سەرنووسەر:
عەبدوڵلا زەنگەنە

سکرتێری نووسین:
خالید بەکر ئەیوب

دەستەی نووسەران:
- ئازاد عوبێد
- ئەکەد مراد
- ئەنوەر حوسێن
- ئیسماعیل عەلی
- ڕەفیق ساڵح ئەحمەد
- سۆزان مامە
- موسەدەق تۆڤی

دەستەی ڕاوێژکاران:
- حامد محەمەد عەلی
- د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی
- د.کەمال سەعدی
- د.مۆفەق دەرگەڵەیی
- د.هیمداد حوسێن
- یونان هۆزایا

تایپ و نەخشەسازی:
- هاوڕێ محەمەد زادە
- هەوار محەمەد عەلی
- ئەیوب ئەبوبەکر محەمەد

ناونیشان: هەولێر- شەقامی کوردستان
"شەست مەتری"- گەڕەکی زانیاری
Tel: +964 66 229 4800
Mobile: +964 750 456 8886 سەرنووسەر

بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەنووس


| | | |
|---|---|---|
| – سەرۆکی کوردستان لەگەڵ ڕۆشنامەنووسانی کوردستان | | ٣ |
| – نامەیەکی مالمیسانژ... | | ١٠ |
| – ئەوان بۆخۆیان دەژین و ئێمەش بۆ ئەوان | سەرنووسەر | ١١ |
| – ڕۆنامەگەریی کوردی لە ڕوسیا... | ڕێناس نەورۆزی | ١٩ |
| – گۆڤاری "چریکەی کوردستان" دوا بەرهەمی... | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٨ |
| – عەتاو کوردو سەردەمی ڕاپەڕین | مەحموود زامدار | ٣٩ |
| – ئۆریژناڵەکانی ژمارە (٣)ی هەتاو کورد | عەبدوڵڵا زەنگەنە | ٥٥ |
| – ئەخلاقی پیشەی ڕۆژنامەگەریی | و: خالید بەکر ئەیوب | ٨٩ |
| – میتۆدەکانی هەواڵ نووسین | و: کارزان مەحموود | ٩٦ |
| – وێستگەی ڕۆژنامەنووس | | ١١١ |
| – ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم | فەرهاد عەونی | ١١٣ |
| – بیرەوەرییەکانی کاری ڕۆژنامەگەریم... | زادوق ئادەم | ١٣١ |
| – ئایا دەبێ ئەم گومناوە لە کوێی ڕۆژنامەنووسیی.. | ع.ز | ١٤٢ |
| – ئاخێوەرانی زمانی سریانی | ئەکەد مراد | ١٥٧ |
| – بۆ ڕێناس–ی ڕۆژنامەنووس | | ١٦٠ |
| – مێژووی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانی | ئیسماعیل عەلی | ١٦١ |
| – گەشتێک بەناو ژمارەکانی گۆڤاری "باباگوڕگوڕ" | وریا جاف | ١٧٥ |
| – "ئەمان"و "ئەمین" | ئیسماعیل بادی | ١٨١ |
| – بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی ئیسلامی | ئەحمەد ئیبراهیم | ١٨٤ |
| – دیاریی ژمارە "ڕۆژنامەی کەرکووک" | کوردێکی یەکرەنگ | ٢٠٧ |
| – هاواڵ و چالاکییەکان | | ٢٤١ |


ریزبەندی بابەتەکان تەنیا پەیوەندی بە لایەنی هونەرییەوە هەیە



**سەرۆکی کوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا:**

# قەڵەمتان ئازادبێ و زمانیشتان ئازادبێ

**پیرمام– ڕۆژنامەنووس:**

ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١٠/١٢ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لە کۆشکی کۆماری لەسەلاحەددین لەگەڵ نەقیب و جێگرو دەستەیەک لە ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کۆبووەوە.

لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا بەڕێز نەقیبی ڕۆژنامەنووسان وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد، دواتر سەرۆکی کوردستان، دوای بەخێرهێنانی ئامادەبووان، لەوتەیەکدا ڕۆژنامەنووسانی بەتوێژێکی کاریگەر پەسن کردو لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی بەئەرکی سەرشانی هەمووان دانا، پاشان بەڕێزیان، وێڕای ئاماژەکردن بەپەرلەمان و حکومەت وەک دوو دەسکەوتی مەزنی گەلی کوردستان و بڕوا هەبوون بەئازادی و دیموکراسی، دووپاتی کردەوە بەبێ عیراقێکی دیموکرات مەسەلەی کورد چارەسەر ناکرێت، پاشان سەرنووسەری ڕۆژنامەکان و بەرپرسی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەراشکاوی باری سەرنجی خۆیان خستەروو و بە ئازادانە قسەیان لەگەڵ سەرۆک کرد، ئەمەش دەقی وتەکەی سەرۆکی کوردستانە:

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
**خوشک و برایانی بەڕێز**

زۆر زۆر بەخێربێن و زۆر سوپاستان دەکەم کە داوەتی ئێمەتان قبووڵ کردو تەشریفتان هێنا.

لەبەرنامەمدا بوو لەگەڵ ئێوە دابنیشم، هەرچەندە مومکینە تۆزێ دواکەوتبێ، بەڵام هەر ئەوەندە پێراگەیشتوین.

زۆر زۆر بەخێربێـن، ئومێدەوارم ئەم دانیشـتنەی ئێمە ببێتـە مایـەی دڵخۆشـی ئێـوەو خزمەتێـک بەگەلەکەمان بگەیەنیـن، ئێوە توێژێکی گرنگن، ئێـوە دەتوانن کاریگەری لەسـەر رای گشـتی بکەن، ئێوە دەتوانن را دروست بکەن و مافی خۆشـتانە ئازادبن، قەڵەمتان ئازادبێ و زمانیشتان ئازادبێ، بەڵام لەهەمانکاتیشدا من پێموایە ئێوە درکی ئەوە دەکەن کەئەمڕۆ هەمووومان هەر کەسـێک هەر یەکێک ماف و ئەرکی خۆی دەزانێ و بەپێی بەرپرسـیاریی خۆی دەبێ بەرژەوەندی نەتەوەیی بەر لەهەموو شتێک لەبەرچاوبێ.

دەبێ بەرژوەندی وڵاتەکەی لەبەرچاوبێت. ئێوە دەزانن دەسـەڵاتی ئێمە دەسـەڵاتێک نییە بە ئینقلاب هاتبێتە سەر حوکم.

دوای راپەڕینـی ١٩٩١ ئەو دەرفەتە بۆ کورد رەخسـاو هەڵبژاردن ئەنجامدراو پەرلەمان دروسـت بوو، حکومەتی هەرێم دروستبوو.

بەداخـەوە شـەڕی خۆکـوژی کاریگەرییەکـی خراپی لەسـەر باری ئێمە هەبوو بەگشـتی، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەنجامەکەی بەخێر گەڕایەوە، سـوپاس بۆ خوا ئێستا یەک پەرلەمـان و یـەک حکومەتمـان هەیەو یەک بڕیاریشـمان هەیە.

ماڵـی کورد تا ڕادەیەکـی زۆر رێکخراوەو خەڵکی دیکە حەسـادەتی پێدەبات، ئەم دەسەڵاتە هەر چییەک بێت، قەت من ناڵێم بێ کەموکوڕییە یا دەسـەڵاتێکی نموونەییە، بەڵام بەڕای میللەت هاتە سەرحوکم و بەڕای میللەتیش لادەچێ.

هـەروەک گوتم ئێمە کەسـانێک نین بەسـواری دەبابە خۆمان بەسەر میللەت فەرز کردبێت، ئێمە پێشمەرگە بووین هەموو خەبات و تێکۆشـانمان بۆ ئازادکردنی خۆمان بوو، تا ئەو میللەتە ئازادبێت و ئەو وڵاتە رزگار بێت.

هیـچ کەسـێک نییـە ئامادەبێـت گیانـی خۆی فیـدا بۆ شـتێک بـکات کە بڕوای پێنەبێت، ئێمـە بڕوامان بە ئازادی و دیموکراسـییەت هەبووە، دروشـمی ناوەندی شۆڕشـی ئەیلوولیـش دیموکراسـی بـۆ عیـراق و ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردستان بوو.

ئـەو کاتـەش تەشخیسـێکی تـەواو بۆ ئەو مەسـەلەیە هەبووە مادام چارەسـەری مەسـەلەکەمان هەر لە عیراقە کەواتە بەبێ عیراقێکی دیموکراسی نە مەسەلەی کوردو نە

> **مـن زۆرجـار موتابەعەی نووسـینی ئێـوەی بەڕێـز دەکەم، هەندێ بەراسـتی لـەوە دەردەچێت مەبەسـت رەخنەگرتـن بێـت یـا مەبەسـت چارەسـەرکردن بێت**

مەسەلەی دیکە چارەسەر ناکرێن.
ئەمە یەکەم جاریشە ئەم دەرفەتە بۆ کورد بڕەخسێ کە کورد حوکمی خۆی بکات، قەت ئێمە داوا لە ئێوە ناکەین بەناهەق مەدحی ئەم دەسەڵاتە بکەن.
من حەز دەکەم هەڵسەنگاندنی ئێوە بە ئینسافەوە بێت هەردوولای وێنەکە ببینن، ئێمە پێمان خۆشە ئێوە رەخنەگر بن.
ئێوە هۆشیارمان بکەنەوە، گلەیی بکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا پێشنیاریشتان هەبێت، پێشنیارتان هەبێت چ بکرێ باشە؟ ئەو گلەییانە لەبەرچین و لەجیاتی ئەمە بەدیل چییە؟
هەموو جارێ کە گلەییەک دەکرێ، هەر برادەرێک کاتێ گلەیی و رەخنەیەکی هەبێت بەدیلیش هەبێت.
ئێمە نابێ رەخنە بگرین تەنها بۆ رەخنە گرتن بۆ ئەوەی پیشان بدەین ئەوە نووسەرێکی چاونەترسەو دەتوانێ هەموو شتێک بکات و هەموو شتێک بڵێ، هەموو شتێک یاسای خۆی هەیە.
دیموکراسی، ئازادی سنوورێکی هەیە، دیموکراسی و ئازادی ئەوەندەیە تۆ تەعەدا لە خەڵکی دیکە نەکەیت، کە تەعەدا لە خەڵکی دیکە کرا ئەوکات ئەو خەڵکە مافی خۆیەتی بەرگری لەخۆی بکات.
من زۆرجار موتابەعەی نووسینی زۆر لەئێوەی بەڕێز دەکەم.
بەراستی وەکو هەر مرۆڤێک هەندێ لە نووسینەکانم بەدڵەو لەوانەشە هەندێکم بەدڵ نەبێ، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە رێگا لەئێوە بگیرێت.
ئێوە ئازادن، جارێکی تریش من دەڵێم ئێوە ئازادن لە دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانتان، بەڵام نەیگەیەننە ئەوەی کە زیان لە بەرژەوەندی نەتەوەیی وڵاتەکەتان بدات.
هەندێ نووسین بەڕاستی لەوە دەردەچێت مەبەست رەخنەگرتن بێت یا مەبەست چاکسازی بێت.
دەکەوێتە حەدی تەشهیر بەکەسان. من نازانم چ سوودێکی تیایدا دەبێت لەوەی کە بگاتە ئاستی جنێو و تەشهیرکردن بە یەکتر لە غەیری ئەوەی کە دوژمنان و ناحەزانی میللەتەکەمان یان هەمووان بە یەکەوە سوودی لێوەربگرین چ سوودێکی هەیە؟
ئەم شتە سنووری خۆی هەیە.
سوپاس بۆ خوا ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان فەرهەنگێک لەناو ئێمەدا هەبووە ئەو فەرهەنگە فەرهەنگی لێبوردەییە.
بەدرێژایی مێژوو ئەو شتەمان هەبووە لەگەڵ خۆمان و نەتەوەو ئایینیەکانی تریش.

**"دیموکراسی، ئازادی سنوورێکی هەیە، دیموکراسی و ئازادی ئەوەندەیە تۆ تەعەدا لە خەڵکی دیکە نەکەیت، کە تەعەدا لە خەڵکی دیکە کرا ئەوکات ئەو خەڵکە مافی خۆیەتی بەرگری لەخۆی بکات"**

ئەمە ساڵەهای ساڵ پێش ئێستا هەبووە.
ئێمە ئێستا لەسەدەی بیست و یەکەمین پێویستە زۆر پێکشەوتووتر بین ئەمڕۆ لە جاران. ئەگەر تەسەور وابێت فشار و جنێودان رامانبکێشن بۆ شوێنێکی تر مەحاڵە.
ئەگە تەسەور بکات ئێمە بترسێین ئێمە کەسانێک نین لە کەس بترسین، نە لەناوەوە نە لەدەرەوەش، بەڵام کەمرۆڤ بڕواو قەناعەتی بەشتێک بوو پێموانییە بترسێت، بەڵام ئێمە پێمان خۆشە ئێوە بەشێک بن لە پرۆسەکە، خۆتان جیا نەکەنەوە سبەی بارەکە تێکبچێ لەئێمەو لە ئێوەش تێکدەچێت خۆ تەنها لە دەسەلات تێکناچێت.
جارێکی تریش من دەڵێم ئێمە دەمانەوێت لە کوردستان بارێک دروست ببێت دەسەڵات بەرای میللەت بێت و بەرای میللەتیش بڕوات.
ئێستا بەرپرسیاریەتی گەورە لەسەرشانی هەردوو حزبە سەرەکییەکە دایە، بەڵام پارتەکانی دیکەش بەشدارن و ئەو بەرپرسیارییەتییە لەسەر شانی هەر یەکێکە لە ئێمە.
هێشتا ناحەزمان زۆرن، گوشاری زۆرمان لە پێشە وێڕای ئەوەی کە دەستکەوتی زۆرمان بۆ بەدەستهاتووە، بەڵام هێشتا مەترسی زۆر هەڕەشەمان لێدەکات و ئێوەش دەبینن ئێستاش نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی ئێمە بڵێین بێ منەت بووین و تەواو هەموو شتێکی ئێمە تەواوە.
هێشتا گرفتی زۆرمان لەپێشە، دەستوور هێشتا وەک خۆتان دەزانن گفتوگۆی زۆری لەسەرماوە. هەوڵێکی زۆرو جیدیش هەیە کەوا ماددەی ١٤٠ بەشێوەیەک بگۆڕدرێ، بەڵام ئێمە مومکین نییە سازش لەسەر ئەو شتە بکەین.
کەواتە ئەم گوشارانەمان هێشتا لەپێشە.
زۆرجار بەهۆی مەسەلەی نەبوونی نەوت و بەنزین قەیران دروست دەبێت، بۆ ئاگاداری جەنابتان، خۆشتان دەزانن کە رژێمەکانی پێشوو هیچ پرۆژەیەکیان لە کوردستان نەکردووە بۆنی پرۆژەی لێبێت. ژێرخانی ئێمە وێران بوو، وڵاتی ئێمەیان وێرانکرد.
دوای راپەڕینی ١٩٩١یش بەپێی یاداشتی تەفاهوم لەنێوان UN و حکومەتی عێراق هیچ پرۆژەیەک بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی عێراق UN جێبەجێی نەدەکرد.
چەندین پرۆژە پێشکەش کرا لەوانە کە پەیوەندییان بە کارەباوە هەبووە، بە ئاو و ئاودێری بە سووتەمەنی، حکومەتی هەرێم گفتوگۆشی لەسەر نەدەکرد، چونکە مومکین نەبوو.
ئێمە نەماندەتوانی هیچ بکەین، جگە لەمە ئێمە بارێکی یاساییشمان نەبوو، هیچ وڵات و دەوڵەتێک لە دەرەوە ئامادە نەبوو پرۆژەیەکی وا لە کوردستان جێبەجێ بکات، چونکە نە ئێمە دەمانزانی مەوقیعی یاسایی ئێمە چییەو نە

"هێشتا مەترسی زۆر هەڕەشەمان لێدەکات و ئێوەش دەبینن ئێستاش نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی ئێمە بڵێین بێ منەت بووین و تەواو هەموو شتێکی ئێمە تەواوە"

هەواڵنامەی کێتر

ئەوانیش.

دوای رووخانی رژێمیش بارێکی دیکە هاتە پێشەوە تا دەستووری عێراق سەد لەسەد نەکرا باری ئێمە مەعلوم نەبوو، ئێمە خۆشمان نەماندەزانی، ئەگەر یەکێک بە ئێمەی گوتبا ئێوە چین نەماندەزانی.

وەکو ئەمری واقیع کیان و دەسەڵاتێک هەبوون، بەڵام بەشێوەیەکی یاسایی ئێمە هیچ سیفەتێکمان نەبوو، بەڵام دوای رووخانی رژێم و تا دوای دەرچوونی بڕیاری ١٤٨٣ی ئەنجومەنی ئاسایش هەموو رێککەوتنەکانی پێشتر سەرەوژێر کران و بارەکە وا تێکەڵ و پێکەڵ بوو کە ئێستاش ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین لەعێراق هەموو لە ئەنجامی ئەو بڕیارەیە، هەموو بارەکە تێکچوو.

دیسان مەجالی هیچمان نەبوو، تا دەستوور ریفراندۆمی لەسەر کراو ئێستا خەریکین و هەوڵ دەدەین.

ئەگەر خۆتان تێبینی بکەن زۆرجاری وا هەیە کە دێتە مەسەلەی ئابووری دەبینین لە پڕ لێدوانێک دەردەچێ بۆ ئەوەی کۆسپێک بخەنە بەردەم رێڕەوی ئابووری هەرێم.

ئەگەر گرفتێک، هەڵەیەک هەیە، دەسەڵات کەمتەرخەمە ئێمە حەزدەکەین یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی چارەسەری بکەین ئەگەر گلەیی لەوەبوو کە بۆچی پاڵاوگەیەک نییە، کارەبا نییە بۆچی؟

ئێمە دوو سەرچاوەی سەرەکی کارەبامان هەیە لە دووکان و دەربەندیخان بە هەردووکی ئێستا بڕوا ناکەم تەنها بەشی سلێمانی بکات، جا بە چ بگاتە هەولێرو شارەکانی ترو ناوچەکانی گەرمیان و دهۆک و ئەوانە.

کاتی خۆی رژێمی عیراق حازر نەبوو لەگەڵ UN تەفاهوم بکەن لەسەر ئەوەی یەک وێستگەی کارەبا دروست ببێت، تەنها لەسەر ٣ وێستگە وابزانم یەکێک لە سلێمانی یەک لە هەولێر، یەک لە دهۆک بەنزیکی ٢٧-٢٨ مێگاوات ئەویش بە ٢٤ کاتژمێر ١٠٠ هەزار لیتر سووتەمەنی دەویست، بەڵام ئەویش ئەگەر لەوێوە نەیەت واتە هیچ.

لەم دواییانە کوردێکی دەوڵەمەند پرۆژەیەکی هێنایەوە بە دروسکردنی وێستگەیەکی کارەبا، بەڵام دیسان پێیان گوتووە لە شوێنی تر لە عێراق جێبەجێی بکەیت ئاسانکاریت بۆ دەکەین، بەڵام لەکوردستان بیکەیت ئاسانکاریت بۆ ناکەین، تا وێستگەیەک دروست دەبێت کاتی دەوێت، توانای دەوێت.

تا پاڵاوگەیەکی نەوت دروست دەبێت توانایەکی ماددی زۆری دەوێت، لە بەشی ئێمە بەشی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عیراق دانراوە کە پاڵاوگەیەک لە کۆیە دروست بکرێت بە ئاستی ٧٠ هەزار بەرمیل، بەڵام ئەوە کاتی دەوێ.

**"زۆرجاری وا هەیە کە دێتە مەسەلەی ئابووری دەبینین لە پڕ لێدوانێک دەردەچێ بۆ ئەوەی کۆسپێک بخەنە بەردەم رێڕەوی ئابووری هەرێم"**

لەبەر ئەوە من پێمخۆشە جەنابتان یاریدەدەر بن بۆ ئەوەی رایەکی وا دروست بکەین تاوەکو ناو ماڵی کورد تێکنەچێ، ماڵی کورد یەک بێت.

دەست لەسەر کەموکوڕییەکان دابنێین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا راستییەکانیش بۆ خەڵکی خۆمان روون بکرێتەوەو چارەسەریش دابنرێت، هەر تەنها گلەیی نەبێت.

من قەت بەرگری لەیەک شتی هەڵە ناکەم لەناو دەسەڵات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا حەز دەکەم بزانن ئەو بارەی کە دروست بووە بە خوێن دروستبووە.

کەس خێری پێنەکردووین، بەخوێنی پێشمەرگە، بەخوێنی ئەو کادیرانە دروستبووە کە گیان لەسەر دەستبوون و ئەو بارەیان دروستکرد بۆ ئێوەو ئەو میللەتە، مەعقول نییە هەندێ کەس بە نووسینەکانیان تەشهیرو سووکایەتی بەو رابردووەو خەباتە بکات.

بە نیسبەت ئێمە ئەوە قبووڵ نییە کە رابردووی پڕ سەروەری پێشمەرگەو خەباتی سووکایەتی پێبکرێت.

هەندێ جار بەداخەوە لەناو خۆشمان هەندێ قسەی وا هەن دەڵێن سبەی و دووسبەی بارەکە تێکدەچێت یا ئەو دەسەڵاتە لە تەواو بووندایە، چونکە خۆ پیشاندان لە فلان شوێن بووە.

خەڵکەکە با خۆپیشاندان بکات مافی خۆیەتیان، بەڵام فەرهەنگی تێکدانی شوێن و جێگا ئەوە نابێ بێتە ناومان.

بۆ ئۆتۆمبێلی ئیسعاف بسووتێنرێت؟ بۆ قوتابخانەو نەخۆشخانەو فەرمانگەی حکوومی بسووتێنرێت؟ ئەمە شتێکی هەڵەیە.

ئەو فەرمانگە نابێ بمێنێت و من داواتان لێدەکەم لە دژی بوەستین.

ئەگەر نارەزاییەک هەبوو یا لەرێگای یاداشتنامەیەک بێت، بە خۆپیشاندانی هێمنانە بێت، ئەگەر لە شوێنێک بەرپرسێک هەڵەی کرد خەڵک مافی خۆیانە لەبارەی ئەو قایقامە یا لەو بەرپرسە حزبییە یا لەو پارێزگارە هەر چییەکی هەیە با بیڵێ، بەڵام بۆ شوێنێک بسووتێنن؟ بۆ خراپی بکەن؟ بۆ تێکبیدەن؟ ئەمە هەڵەیە.

بەراستی ئەو هەموو قوربانیدانە بۆ ئەوە بوو میللەتی ئێمە ئازادبێت مومکین نییە رێگا بدەین دەسەڵاتی ئێمە رێگا لە میللەت بگرێ لە دەربڕینی بیروڕای خۆی، بەڵام هەر کاتێک کە ئێمە بزانین میللەت پێی ناخۆشە وەکو گوتم ئێمە بەسواری دەبابە نەهاتووین بەرای میللەت هاتووین و بەرای میللەتیش دەچین.

سبەینێ ئێمە ئامادەین بگەڕێینەوە بۆ رای میللەت و تەواو کە را بەم دەسەڵاتە دەدا یان نا؟

ئێستا مەسەلەی پرۆژەی دەستوور هەیە من تکاتان

> **خەڵکەکە با خۆپیشاندان بکات مافی خۆیەتیان، بەڵام فەرهەنگی تێکدانی شوێن و جێگا ئەوە نابێ بێتە ناومان**

هەواڵنامەی گێتر

لێدەکەم داواتان لێدەکەم زۆر بەدیقەت و بەهەستکردن بە بەرپرسیارییەتییەکی مێژوویی هەوڵبدەن ئەم دەستوورە دەوڵەمەند بکەن.

ئەمە دەرفەتێکی مێژوووییە بۆ ئێمە وەکو کورد بۆ ئەوەی دەستوورێک بێت کە رەنگدانەوەی مێژوو و خەباتی بێوچان و تێکۆشانی ئەو میللەتە بێت.

ئێستا رەشنووسی ئەم دەستوورە لەبەر دەستە.

من خۆم هەندێ تێبینیم لەسەر هەبوو، یەک لەسەر دیباجەکەی پێویست ناکات، تەقلیدێکی فاشیلی دیباجەی دەستووری عیراقە.

دووهەم سەبارەت بە نەتەوەکانی تر دەبێ باشتر بین سەبارەت بە برایانی تورکمان و کلدان و ئاشووری هەتا برایانی عەرەب کە لە کوردستان دەژین.

پێموایە ئێمە دەبێ باشتر بین لەوەی کە لە دەستووری عیراقدا هەیە.

ئەم دانیشتنەی من لەگەڵ بەڕێزتان بەراستی بۆ ئەوەیە کە لەیەک تێبگەین یان داواتان لێبکەم کە خۆتان دوورەپەرێز نەکەن، ئێوە بەشێکن لە پرۆژەکە بەشێکن لەو وڵاتە، وڵاتی خۆتانە، تێکبچێ، لە هەمووومان تێکدەچێ، باش بێ بۆ ئێوە باش دەبێ، دەست لەسەر کەموکورییەکان دابنێن، بەڵام بەئینسافەوە.

یارمەتی ئێمە بدەن بۆ ئەوە چاکسازی بکەین نەک هەر گلەیی بکرێت بەبێ ئەوەی هیچ بەدیل و پێشنیارێکتان هەبێت و دەزانم بەڕێزتان لە بیروباوەڕی جۆراو جۆرن، مومکینە هەر یەکێکتان سەر بەلایەنێک بن، سەربەخۆبن، بەڵام لەیەک شتدا دەبێ ئێمە جیاوازیمان نەبێت، ئەویش ئێمە پێویستمان بە یەکڕیزی ماڵی کوردستان هەیە پێویستمان بە برایەتی و تەبایی هەیەو راستە بەرپرسیارییەتی گەورە لەسەر شانی پارتی و یەکێتییە، بەڵام لەسەرشانی هەمووشمانە ئەگەر تەفاهوم و بە برایەتی بە یەکەوەو بە هەوڵدانی هەموولایەک هیمەت بکەین هیچ گرفتێک نامێنێت هیچ گرفتکێکیش نییە، چونکە وەکو گوتم ئێمە عاشقی دەسەڵات نین.

ئێمە حەز دەکەین ئەو دەرفەتەی بۆ ئێمە رەخساوە کورد پێی بحەسێتەوەو لەو میحنەت و کارەساتانەی کە بەسەریدا هاتووە رزگاری بێت.

ئەگەر بتوانین ئەوە بکەین زۆرباشە، ئەگەر نەتوانین وەڵڵاهی یەک رۆژیش بۆ بەرپرسیارییەتی، من بەش بە حاڵی خۆم بەپرسیارییەتی هەڵناگرم.

جارێکی تریش زۆر زۆر بەخێربێن سوپاستان دەکەم بۆ ئەم هاتنەو ئەگەر پرسیارو تێبینیتان هەبێ من لە خزمەتتاندام.

**بەخێربێن**

**ئێمە پێویستمان بە یەکڕیزی ماڵی کوردستان هەیە پێویستمان بە برایەتی و تەبایی هەیەو راستە بەرپرسیارییەتی گەورە لەسەر شانی پارتی و یەکێتییە، بەڵام لەسەرشانی هەمووشمانە**



Kak Ebdulay birêz,

Min «Dîdarek Digel Malmîsanij» a ku di hejmara heştan a kovara Rojnamenûsê de derket, xwend.

Mixabin tê de zor xeletî hene. Ci tiştên ku min heta îro nivîsîne û hatine weşandin, bêguman berpirsiyarê wan ez im, heke xeletî ji tê de hebin. Lêbelê di vê nivîsê de zor xeletî hene ku ez berpirsiyariya wan qebûl nakim, çunke bi awayê ku min gotine, nehatine nivîsîn.

Niha wexta min tune ye ku ez bi dûr û dirêjî behsa wan xeletiyan bikim. Lê heke ez paşê firsend bibînim, ez dixwazim wan tiştan dirêjtir binivîsim û xeletiyan rast bikim.

Li gel silavên min.

Malmîsanij

12.09. 2006

کاک عەبدوڵلای بەڕێز

مـــن "دیدارەک دگەل مالمیســـانژ" ا کـــو د هەژمارا هەشـــتانا کۆڤارا ڕۆژنامەنووسێ دە دەرکەت، خوەند.

مخابن تێدە زۆر خەلەتی هەنە، چ تشـــتێن کو من هەتا ئیرۆ نڤیسینەو هاتنە وەشـــاندن، بێگومان بەرپرســـیارێ وان ئەزم، هەکە خەلەتی ژی تێدە هەبن.

لێبەلێ د ڤێ نڤیســـێ دە زۆر خەلەتی هەنە کو ئەز بەرپرســـیاریا وان قەبوول ناکم، چونکە ب ئاوایێ کو من گۆتنە، نەهاتنە نڤیسین.

نها وەختا من تونەیە کو ئەز ب دوور و درێژی بەحســـا وان خەلەتیان بکم. لێ هەکە ئەز پاشـــێ فرســـەند ببینم، ئەز دخوازم وان تشتان بنڤیسم و خەلەتیان ڕاست بکم.

ل گەل سلاڤێن من
مالمیسانژ
٢٠٠٦/٩/١٢

هەواڵنامەی کتێب

# ئەوان بۆخۆیان دەژین و ئێمەش بۆ ئەوان..!!

◢ سەرنووسەر

لای میللەتانی زیندوو بایەخ دان بە رابردوو، بۆ دوارۆژێکی رووناک، بۆتە نەریتێکی رۆژانەیان و دەسەلاتدارانیشیان، ئەگەر بەخۆشی خۆشیان نەبێت، ناچارن ئەو بایەخەی پێیدەن کە میللەتەکانیان هەوەسیان پێی دێ، دیارە کوردیش تاوەکو ئەمڕۆ، وەکو نەتەوە، بۆ بایەخ دان بەم بوارە، لە ریزی هەرە دواوەی ئەو میللەتانە بووە کە چەندیەکی قەبارەی ئەو نابن، خواو راستان بەم دواییەو لەسەرەتای هەزارەی سێیەم، ئینجا بەهۆی هەڵەیەکی راستەوخۆی سەدام و بەرژەوەندی ئەمریکاو هاوپەیمانانی، دەرگایەکی لێ کراوەتەوە تا بایەخ بەرابردووی خۆی بدات و دوارۆژی خۆی لەسەر دابڕێژی، کورد لەم بەشەی کوردستان کە لە دوای راپەڕینەوە حکومەتی خۆجێی دامەزراندووە، چەند بۆنەیەکی بۆ یادکردنەوەی ئەو سەرۆک و رێبەرانە تەرخان کردووە کە رۆژانێکی دوورو درێژی ژیانی خۆیان لەپێناوی دوارۆژێکی ئازاد تەرخان کردووە، دیارە من حەز دەکەم کار لەسەر ژیان و رابردووی هەر هەمووان بکرێ، چی تێدایە با بۆنەکان بقۆزرێنەوە، لە سەلاحەدینی ئەیوبییەوە دەستی پێبکەین، بەلای هەریەک لە میرو پاشاکانی بابان و ئەردەلان و رواندزو بادینان و هەکاری و کوێ و کوێی دیکە دابچین، لەوێشەوە لە ئێزدین شێرو شێخ عوبەیدوڵای نەهرییەوە دەستی پێبکەینەوە، بەلای هەریەک لە حسێن کەنعان پاشای بەدرخان و مەلا سەلیمی بەتلیسی و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و عەبدلڕەزاق بەدرخان و سمایلاغای شکاک و خالید بەگی جبران و شێخ سەعیدی پیران و ئیحسان نوری پاشادا بچین، لەوێشەوە جارێکی دیکە بەهزرمەندو رۆشنبیران، کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەستی پێبکەنەوە، دیارە مەبەستم هی وەکو مەلا مەحموودی بایەزیدی و د.عەبدوڵلا جەودەت و ئیسحاق سکۆتی و خەلیل خەیالی و سەعیدی نەورەسی و مەمدوح سەلیم و عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری و محەمەد میهری و ئیبراهیم حەیدەری و مەعروف چیاووک و عەبە هەولێری و سەدانی دیکەیە، بەلای هەریەک لە سەید رەزای دەرسیمی و قازی محەمەد دابچین، کۆنگرە نیوە چڵەکەی یادی سەد ساڵەی مەلا مستەفای بارزانیش بە

ئەنجام بگەیەنینەوە، من لای خۆمەوە بێ ئەوەی گوێم دابێتە خانــەوادەو بنەماڵەی ئەوانەی نــاوم هێناون و ئەوانەش کە ناویــان نەهێنــراوە هــەر هەموویانم خــۆش دەوێن و حەز دەکــەم هەموو شــتێکیان لەبارەوە فێربم، بزانم شکســت و ســەرکەوتنەکانیان لە کوێیە، نــەک هەر ئەوەندە حەزدەکەم کۆنگــرەو فێســتیڤاڵ لەســەر ئەوانەش بگێــڕدرێ و یادیان بکرێتــەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان خیانەتیان لەگەڵ نەتەوەکەی خۆیان کردووە.

وەک بینیشــتان شــێخ مەحمــوودی حەفیــدم لەنێو ئەو ناوانــەدا ریزبەنــد نەکردبــوو کــە لەســەرەوە ریزکراون، هۆیەکەشی بۆ بەڕێوەچوونی ئەو ڕێورەسمەو تێپەڕبوونی (یادی پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی یەکەم مەلیکی کوردستان شــێخ مەحمــوود حەفیــد) دەگەڕێتەوە کە لــە ڕۆژانی ٢٣-٢٠٠٦/١٢/٢٥ لــە ســلێمانی بەڕێوەچوو وا لێــرەدا گەرماو گەرم دەمەوێ هەندێ قسەی لەسەر بکەم، جارێ لای هێروە حەزدەکەم وشــەو دەســتەواژەکانمان لە شــوێنی خۆیاندا بەکار بهێنین، ئەوەتا کورد دووەم و سێیەم مەلیکی نەبووە، وەکو لەسەرەوە هاتووە، تا بڵێین یەکەم مەلیک، بەڵکو تاقانە مەلیکێکــی دانپیانەنراومان هەبــووە، بۆیە هەق وابوو ناوی شێخ مەحموود بەتاقە مەلیک بهێنرێ، ئەوەندەش کە دووراو دوور ئاگادارم ئەمســاڵ لەمانگی چوار یادێکی دیکەی وا بۆ ئــەو زاتە لە هەولێریش بەڕێوەچووبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاگاداریم بەسەریەوە نەبووەو تاقە پەڕەیەکیشی لەبەردەستدا نییــەو لەدوا بەجێنەماوە، بۆیە خۆم لە قســەکردن لەســەر ئەو یادکردنەوەیەمان دەبوێرم و هەندێ ڕاوبۆچوونی خۆم لەسەر ئەوەی سلێمانی دەردەبڕم.

لــە ژمــارەی (٣٠٧)ی ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٣ی هەفتەنامــەی (هاوڵاتی)دا شــێخ مەحمودی شــێخ کاوە، کوڕەزای شــێخ مەحمــوودی حەفیــد، بەبێ ئــەوەی لــەم چالاکییــە ئامادە بووبێت، کۆمەڵێک گلەیی و گازاندەی کردووە، (گوایە لێژنەی باڵای فێستیڤاڵ پەیوەندییان پێیەوە نەکردووە، بۆیە ئەویش ئامادەی یادەکە نەبــووە)، جارێ لای هێروە، ئەوەندەی من ئاگادارم و بە بیرم بێتەوە، لەڕۆژانی (یادی مەســتوورەی کوردســتانی)، "سدیق ســاڵح"ی ئەندامی لێژنەی باڵای یادی (٥٠) ســاڵەی کۆچی دوایی شێخ مەحموودی حەفید زۆری لێ کردم و هەڵیپێچام تا بیبەمە ماڵی شــێخ کاوە لەپیرمەم، بەڵکــو خوا بکات هەنــدێ بەڵگەنامەو وێنەو شــتی تایبەتی "مەلیکی کوردســتان"ی لا پارێزرابێ بۆ ئــەوەی هەر هیچ نەبێت لە دووتوێــی کتێبێک یان "ئەلبوم"ێــک کۆبکرێتەوەو چاپ بکرێت.

بــەڵام بەداخــەوە وەکو پاســەوانەکانی ماڵەکــەی پێیان گوتیــن، جەنابــی لەماڵ نەبوو و چووبووە ســلێمانی، وەکو

"
کــــــــورد لەم بەشــەی کوردســتان کــە لــە دوای ڕاپەڕینــــەوە حکومەتی خــۆجێیــی دامەزراندووە، چــــەنــد بۆنەیەکــی بــۆ یادکردنەوەی ئەو ســەرۆک و ڕێبەرانە تەرخان کردووە کە ڕۆژانێکی دوورو درێژی ژیانــی خۆیــان لەپێناوی دوارۆژێکی ئــازاد تەرخان کردووە
"

هەولاتی کتێب

دواتر لە کاک "سدیق ساڵح"م بیستەوەو لەکاتی نووسینی ئەو دێڕانەش تەئکیدم لێ کردۆتەوە، ئەو لە سلێمانیش هەوڵی بینینی ئەو بەڕێزە داوەو تەنانەت قسەی لەگەڵ خزم و کەس و کاریشی کردووەو رایسپاردون پێی بڵێن کە فلان دەیەوێ ببینێ تا قسەی لەسەر پرۆژەیەکی وا بکەن سەروەرییەکانی شێخ مەحموودی پێ تۆمار بکرێ، بەداخەوە وادیارە ئەوەندە کەلێن و کەلەبەر کەوتۆتە مێژووی کورد، وای لێ هاتووە تاکەکانی ئاگاداری پەیامی پێش خۆیان نەبووبن.

ئەوەتا نالەی حەفید لەو بابەتەیدا بەناونیشانی "شێخ مەحموود: یەکەم کۆشش دوای بابانەکان لەپێناو ئیدارەیەکی کوردی سەربەخۆدا" پێشکەش کرد، لە بڕگەیەکی دا دەڵێ: (لەسەفەرێکی شێخ سەعیدا بۆ لای سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ساڵی ١٨٩٨ شێخ مەحموودی کوڕی کە تەمەنی حەڤدە ساڵ دەبێت لە جیاوازی ژیانی ئەستەنبوڵ تورک و ژیانی دواکەوتوویی کورد سەرسام دەبێت، کاتێک شێخ مەحموود هۆی ئەم جیاوازییە لە باوکی دەپرسێت، باوکی لە رستەیەکی ساکاردا وەڵامێکی قوڵی دەداتەوە کە تا ئێستاش ئەم وەڵامە کرۆکی کێشەی سیاسی کوردە، شێخ سەعید دەڵێت: "ئەوان بۆخۆیان دەژین و ئێمەش بۆ ئەوان" خەباتی ئازادی کورد بەدێژایی مێژوو دەبێت هەوڵی رزگاربوون بێت لەم کۆتە سەپاوە).

نازانم ئەم گۆتەیە تاچەند کاریگەری بەسەر دانیشتوانی ناو هۆڵەکەدا هەبوو، بەڵام ئەوەندە فرمێسکی بەچاوی مندا هێنایە خوارەوە لە حەژمەتان دەستم هەڵدەگرت و بەچۆکی خۆمدادەکێشا، پێم وایە جەنابی شیخ مەحموودی شێخ کاوە لەجیاتی ئەو گلەییانەی بهاتبا ناو خزم و کەسەکانی گوێی لەم پەندە پڕ مانایە بگرتایە زۆر لێوەشاوەتر دەبوو، دڵنیام ئەوسا یادەکەش بە ئاراستەیەکی تر دەڕۆیشت، لەڕۆژی سێیەمی فێستیڤاڵەکەشدا، ئەو دوو بابەتەی کەبەزمانی عەرەبی لەدووتوێی کتێبی "یادنامە"دا بڵاوکراونەتەوەو لەلایەن تۆژەرانی پێشکەش کران، یەکەمیان بەناونیشانی "آراء موضوعیة عن الشیخ محمود الحفید (البرزنجی) ومطالیبە القومیة"بوو، بەڵام لەلایەن تۆژەرەوە بەزمانی کوردی پێشکەش کرا، هەرچی ئەوەی دووەمیان بەناونیشانی "الشیخ محمود الحفید (البرزنجی) ما لە وما علیە" بوو لەلایەن د. عەبدولڕەحمان ئیدریس ئەلبیاتی وەکو خۆی هەر بەو زمانە پێشکەش کرا.

من بەدەست خۆم نییە پێم باشترە لەم جۆرە بۆنانەو لەکاتی پێشکەش کردنی بابەتی ئاوەها بچم لە پشتەوەی هەموو خەڵکەکە دابنیشم و گوێ رابگرم، هەر بۆ خۆشیش هەندێ جار برادەرانیشم لەگەڵ خۆم دادەنێم و دەڵێم وەرن

**"بەداخەوە وادیارە ئەوەندە کەلێن و کەلەبەر کەوتۆتە مێژووی کورد، وای لێ هاتووە تاکەکانی ئاگاداری پەیامی پێش خۆیان نەبووبن"**

ئێرە خۆشترە جێی (مشاغب)انە.

هەرچی بابەتەکەی د.عەبدولفەتاح بوو وا دیاربوو بەکوردییەکی وا پێشکەشی دەکرد ئاوازەکەی بەلای زمانی عەرەبی دەشکاندەوە ئامادەبووان لێی حاڵی نەدەبوون، جگە لەوەی هەندێ وشەو دەستەواژەشی وا رووبەڕووی ئامادەبووان دەکردەوە هەندێک لە دانیشتوان پێیان قووت نەدەدرا، بۆیە گۆڕانێک بەسەر دەروونی هەندێکیان داهات، هەبوو ئەو زاتەی بە دەستێکی "پارتی دیموکراتی کوردستان" دادەنا، گوایە لەلایەن ئەوانەوە راسپێدرابێ بابەتەکەی بەم شێوەیە بنووسێ.

پێم وایە ئەو بابەتە لە هەموو ئەو بابەتانەی ئەو سێ رۆژە پێشکەش کرابوون ناو هۆڵەکەی پتر وروژاند، کاتێ گوێم لەتۆمەتەکانی ئەوانەی "پارتی" بوونیان دەدایە پاڵ د.عەبدولفەتاح دەبوو، پەپوولەی یادەوەرییەکانم بۆ رۆژی دوای غافڵکوژکردنی فرەنسۆ هەریری فڕی، ئەوسابوو سەردانی دەزگای "برایەتی و خەبات"م کرد چوومە لای سەرنووسەری "برایەتی"، دیاربوو جێگری سەرنووسەرو چەند کەسێکی دیکەش لەوێ بوون، هێشتا سەرەداوەکان ئاڵۆز بوون، بۆچوونەکان ئاراستەی خۆیان بە تەواوی وەرنەگرتبوو، برادەران گەرماو گەرم قسەی خۆیان دەکرد، دەتوانم بڵێم هەر هەموویان پەنجەی تۆمەتیان بۆ "یەکێتی نیشتمانی کوردستان" رادەکێشا، بەتایبەتی لەناو خەڵکیش وا بڵاوببۆوە کە تاوانباران بەرەو لای کەسنەزان رۆیشتون، ئامادەبووان قەت چاوەنواڕی ئەوەیان لەمن نەدەکرد، ئاوەها بەراشکاوی ئەو تۆمەتە لەسەر "یەکێتی" رەت بکەمەوەو پێیان بڵێم ئەوان نین ئەم کەتنەیان کردووە، منیش ئەوان بناسم لەم رۆژەدا کەتنی وا ناکەن، دیاربوو ئەوانەی لەوێ بوون قسەکانمیان زۆر پێناخۆش بوو، زۆر پاساویان دەهێنایەوە، بەڵام من هەر سوور بووم لەسەر بۆچوونەکانم، سوپاس بۆ خوا ئەوەندەی پێنەچوو بۆچوونەکانم راست دەرچوون، دوو مانگێکیش دواتر ئێمە کۆمەڵێک لە داوەتکارانی (١٠٣) ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی سەردانی "مام جەلال"مان لە قەڵاچوالان کرد، زۆربەی سەرەداوەکانی غافڵکوژییەکەی بۆ گێڕاینەوە، تەنانەت ناوی گروپەکەی هێناو ژمارەکەشی ئاشکرا کردن.

هەر لەناو هۆڵەکەدا، کاتێ هەندێ لەدانیشتوان هەڵپەی ناونووسینیان دەکرد تا رەخنە لە راوبۆچوونەکانی د.عەبدولفەتاح بگرن، من ئەو رۆژەم بەبیر دەهاتەوە کە سەردانی "کاک فەرهاد عەونی" نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانم کرد، شاعیری هەستناسک و قایمقامی ئێستای مەخمور کاک "عەبدولڕەحمان بێلاف"م بینی لای دانیشتبوو، ئەو بەڕێزە دوای خولق کردن و چاک و چۆنی

هەرچی بابەتەکەی د.عەبدولفەتاح بوو وا دیاربوو بەکوردییەکی وا پێشکەشی دەکرد ئاوازەکەی بەلای زمانی عەرەبی دەشکاندەوە ئامادەبووان لێی حاڵی نەدەبوون

یەکسەر پێی گوتم دەزانی کاک شێخ مەحموودی شێخ کاوەی حەفید لێت بە گلەییە، پێی وایە تۆ لەم تۆژینەوەیەتدا کە بەناونیشانی "کاریزمای کورد مەلا مستەفای بارزانی لە دەربەدەری سلێمانییەوە تا پلەی زەعیمی" گوایە شێخ مەحموودی حەفیدت بە "ماسۆنی" داناوە، کە وای گوت تەزوویەک گیانی داگرتم و واقم ورما، زۆرم حەز دەکرد ئەو کاتەی کاک "سدیق ساڵح"م بردبووە "پیرمەم" جەنابی شێخ مەحموود لەماڵ بووایە هەندێک لاپەڕەی قارەمانێتی "مەلیک"ی باپیرەی و سەروەرییەکانمان هەڵبدابایەوە یا کاتێ وەکو "مەلیک زادە"یەک لەو یادە ئامادەبووایە، ئەوسا منیش لەسەر بابەتەکەی د.عەبدولفەتاح و د. عەبدولڕەحمان یەک دوو قسەم بکردباو بەراشکاوی بەئامادەبووانم بگوتبا: د.عەبدولفەتاح لەو کەسانە نییە لەسەر راسپاردەی هیچ کەس و لایەنێک بابەت بنووسێ، بەڵکو ئەو بابەتێکی ئاکادیمی نووسیوە، ئەوەش کە د.عەبدولڕەحمان لەسەر جەنابی شێخ بە سەلبی تۆماری کردووە ئەوەی د.عەبدولفەتاح سێیەکی ئەو نابێت، نازانم بۆ بۆ ئەو دەکەونە چەپڵەلێدان بۆ ئەمیشیان ئاوا دڕدۆنگ دەبن؟

پاشان قەیدی چی دەکات، هەموو تۆژەرێک هەوڵ دەدات لایەنە سەلبییەکان پتر بوروژێنێ بۆ ئەوەی داتر دەرسی لێوەربگیرێ، ئەوەتا لەبابەتی ئاماژە بۆ کراومدا کاتێ لە پەیوەندی نێوان شێخ مەحموودو مەلا مستەفای بارزانی دەدوێم پشتم بە نامەیەکی شێخ مەحموود بەستووە کە بۆ سەفیری بەریتانیای ناردووە تیایدا گلەیی لە سەفیر دەکات و پێی دەڵێ: (ئەولادو ئەتباع و قەومم مادونی "یەهود؟" هێشتۆتەوە دەستم لە میللەتی خۆم شێخانی بەرزان هەڵگرت، هەتا یاریەدان و تکاشم بۆ نەکردن)..

وا پێدەچێ جەنابی شێخ مەحموودی شێخ کاوە ئەم (مادونی)یەی دووتوێی نامەکەی لەلا بۆتە (ماسۆنی)، ئەگینا من لەدوورو نزیکەوە باسی "ماسۆنی"م نەکردووە، واشپێدەچێ هەندێ لە ئامادەبووانی نێو هۆڵی یادەکە هەر بەم هەناسەیە بۆ بابەتەکەی د.عەبدولفەتاح چووبن، ئەگینا پەیوەندی نێوان شێخی حەفیدو مەلا مستەفای بارزانی لەوە بەهێزتربووە بەچەند کەسێکی وەکو ئێمەی دوای پەنجا-شێست ساڵ بشوێندرێ کە بۆ هەر مەبەستێک بێت بمانەوێ بیشێوێنین.

نموونەیەک لەسەر ئەم بۆچوونەم، ئەوەتا مەلا مستەفای بارزانی، دوای گەڕانەوەی لە سۆڤیەت، بەر لەهەر شوێنێک تەنانەت سەری لەزێدی خۆیشیی نەداوەتەوە، بەڵکو دوای گەڕانەوەی بە دە پانزە رۆژێک یەکسەر چۆتە سلێمانی و سەردانی گۆڕەکەی شێخ مەحموودی کردووەو گوتویە: "ئەی رابەری خۆشەویست، باوکی روحی و مێژوویيم،

**وا پێدەچێ جەنابی شێخ مەحموودی شێخ کاوە ئەم (مادونی)یەی دووتوێی نامەکەی لەلا بۆتە (ماسۆنی)، ئەگینا من لەدوورو نزیکەوە باسی "ماسۆنی"م نەکردووە**

نیازخوازم لەسەر بیروباوەڕی نەمرتان لانەدەم و تا دواتنۆکی خوێنم لەسەر پەیمانەکەی خۆم پەیمانت ئەدەمێ، ئامادەم بۆ بەربەرەکانێی ئیمپریالیزم و نۆکەکەرەکانی و بێ وچان بۆ ئازادی و شادمانی گەل تێدەکۆشم، ئیمڕۆ من میوانی ماڵی یەکێکم کە ڕێگای خەباتی گرتبوو، بۆ بەربەرەکانێی ئیمپریالزیم و میوانی ماڵی شێخ مەحموودم، تا هەمووومان لەسەر ئەو ڕێ و شوێنە بڕۆین. هەر بۆیە ئەبێ هەموو یەک بگرین و دووبەرەکی فرێدەینە لاوەو بیروباوەڕی خۆمان یەکخەین".

لەڕۆژی سێیەم و دوا بڕگەکانی یادەوەرییەکە کاک مەلا بەختیاریش ئامادەببوو، لە کۆتایی دانیشتنەکان ڕێی پێدرا (١٠) دەقیقە چەند قسەیەکی کرد، بەراوردی سەردەمی چەند سەرکردەیەکی دیکەی کوردی وەکو شێخ عەبدولسەلام بارزانی و سەردەمی شێخ مەحمود و دواتری کرد، هەندێک پێیان وابوو لێژنەی باڵای یادەکە ئەویان بۆ بەرپەچدانەوەی بۆچوونەکانی د.عەبدولفەتاح مەبەستی دیکەو گەیاندنی پەیامی دیکە هێنابوو، بەڵام من لای خۆمەوە هاتنەکەیم بە ئاسایی دادەناو تەنانەت بە هەقی خۆیشیم دەزانی، پێشم وایە دەبوا زووتر لەوێ بوایە، کاک مەلا لەنێوان ئەو دە دەقیقەیەی قسەکردنی زۆر بابەتی وروژاند، زۆربەشیان تێکەڵ و پێکەڵ بوون و پێچەوانەی یەکدی بوون، من ڕێزی تایبەتیم بۆ ئەو زاتە هەیە چونکە پێم وایە ئەو لە ڕزگارکردنی "خانەقین" لە نەژادپەرستان و عەرەبی هاوردە دەستێکی باڵای هەبووە، بەڵام ئەوەش ڕێمان پێ نادا چاو لە بۆچوونی هەڵە بپۆشین و مێژوو چۆنمان بوێ ئاوەها بیگێڕینەوە. گەورەیی یادی شێخ مەحمود زیاتر بەمە دەبێ کە هەمووان بەشداری تێدا بکەین، ئەوەتا پێچەوانەی یادەکانی دیکە (٨) کتێبی بۆ چاپ کرا، خۆ کتێبی "ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید" بەشایەدی هەمووان نەک نموونەی چاپی کتێبی کوردی بوو، بەڵکو کێبڕکێی لەگەڵ زۆر لە چاپەمەنییەکانی ناوچەکە دەکرد، لەوانەیە لەهەمووان زیاتر من هەقی ئەوەم هەبێت بۆ خوێنەرانی ڕوون بکەمەوە کە ئامادەکارەکەی چەندە خەریکی بووەو چەندە شەونخوونی و گەڕان و سوڕانی بەدواداکردووە، هەر لە هەوەڵەوەش نیازی وابوو لەگەڵ حەمید ئەبوبەکر بیبەنە تاران و لەوێ چاپی بکەن، دواجار کە هەست کرا ئەو مەرامە ناچێتە سەر لەیەک لە سەفەرەکانم من پێشنیازم بۆ کردن کە قسە لەگەڵ بەرپرسی دەزگای ئاراس کاک "بەدران ئەحمەد حەبیب" بکرێ و داوای لێ بکرێ بەچاپخانە نوێکەی خۆیان چاپی بکەن.

هەموو بەگومانەوە بوون نەبادا داواکەیان بێ ئەنجام بێت، بەڵام من هەر پێداگریم کرد و گوتم: خۆ هیچمان لێ کەم

"کتێبی "ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید" بەشایەدی هەمووان نەک نموونەی چاپی کتێبی کوردی بوو، بەڵکو کێبڕکێی لەگەڵ زۆر لە چاپەمەنییەکانی ناوچەکە دەکرد"

هەواڵنامەی کتێب

نابێتەوە، دەبا تەلەفۆنێکی بۆ بکەین بزانین چیمان پێ دەڵێن و چۆنمـــان وەڵام دەدەنـــەوە، لەوانەیە هەر هەموو ئەوانەی ئەم کتێبەیان لەبەر دەســـتە ئەوەندە هەستیان پێی نەکردبێ، چەند بە چاپێکی دانسقە چاپ کراوە خوا کاری کاک بەدران راست بێنێ، زۆر بە هەست کردن بەلێپرسینەوە هاتە دەست، تەنانەت لەو کاتەدا کە گلەیی زۆری تێچوونی نرخەکەیم لێ کـرد مەردانەتـر هاتە دەست، گوتی: (ئەگەر تـۆ بتەوێ با پارەکـەی بازاڕ بدەن و ئێمە هەر هیچمان ناوێت)، پێم وایە دڵسـۆزی ئەوانیش بۆ یادی کۆچی دوایی شێخ مەحموودو کارەکەیان نەبووایە ئاوەها بە ئاسـانی کتێبەکە بەم شـێوە چاپ نەدەبوو، جگە لە ئەنجامی کارەکەشـیان، بڕی (٨٥٠٠) دۆلاریا لە نرخەکەی فڕێ نەدەدا. بەبیرمە سـاڵی ٢٠٠٠ بۆ ئامادەکـردن و چاپکردنی بەرگی دووەمی "چەند لاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کورد"ی د.کەمال مەزهەر زۆر بە پەرۆش بووم، زیاتریش حەزم دەکرد هەموو ئەو بابەتانە بخەمە نێو دووتوێی کتێبەکە کە لەسەر شێخی نووسیبوو، بەتایبەتی من لەزووێکـەوە حەز دەکەم "دژەبۆچوون" و "دژە تەوەر"ەکان بەرامبـەر یەکدی بکەمـەوە، لەنێو ئەو بابەتانـەی ئەو زاتە نووسـیویە بابەتێک بوو بەناونیشـانی "شـێخ مەحموود لە تەرازووی مێژوودا" کەوا شـوێنی خۆی لە ل (٢٠٧-٢١٢)ی کتێبەکـەدا گرتـووە، تیایدا ئەو بڕگەیەم پـێ هەزم نەدەکرا کە دەڵـێ: (ماوەیەک لەمەوبەر نامەیەکی شـێخ مەحموودم لەنـاو فایلەکانی وەزارەتی کاروباری ناوخۆدا دۆزییەوە کە کۆتایی تشـرینی یەکەمی سـاڵی ١٩٣٢ ناردوویە بۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەم، خۆزگە هەزار خۆزگە بەر لەنووسینی ئەو نامەیـە دڵی خامەی شـێخ بە یەکجاری لە لێدان بکەوتایە، پێم وایە شـێخ قادری شـێخ نوری خزمی بۆ نووسینی ئەو نامەیـە هانـی داوەو هەر ئەویـش نامەکـەی لەرومادیەوە گەیاندۆتە کۆشـکی پاشـا لە بەغدا) دوای خوێندنەوەی ئەو دەقە دڵم ئاوی نەخواردەوە، بۆ هەڵدانەوەی پەردە لەسـەر راسـتییەکان تـرس و نیگەرانی رێگەی بەغدای سـەردەمی سـەدامم لەبیرکـردو یەکسـەر چوومە بەغـدا، دەمێک لای د.کەمال مەزهەر مامەوە، زۆر دانوستان و گفتوگۆم لەبارەی ئـەم نامە لەگەڵی کرد، ئەوەی بەبیرمە گوتی ئەوانە رەمزی ئێمـەن، قوربانی زۆریان لەپێناوی میللەتەکەیان داوە، دەبێ چاوپۆشی لەهەندێ هەڵسوکەوتیان بکەین کە بۆ سەردەمی ئەوان زۆر ئاسایی بووە.

دوای بـێ ئومێد بوونم و گەڕانەوەم رۆژێکیان داوام لە "ئازاد عوبێد" کرد کە بە ناسنامەکەی خۆی نامەی ماستەری قوتابییەکی عەرەبم لەسەر کورد لە زانکۆ بۆ وەربگرێ، ئای خودایە ئەوە فۆتۆی دەقی نامەکە بە ئیمزای شێخ مەحموود خـۆی وەکو بەڵگەنامەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئەگەر پێشـتر

**خۆزگە هـــــــەزار خۆزگە بـەر لـە نووسـینی ئـەو نامەیە دڵی خامەی شێخ بـە یەکجـاری لـە لێدان بکەوتایە، پێم وایە شێخ قادری شـێخ نـوری خزمی بۆ نووسـینی ئەو نامەیە هانـی داوەو هـەر ئەویش نامەکـەی لەرومادیـەوە گەیاندۆتە کۆشـکی پاشا لە بەغدا**

لەوتارەکەی د.کەمال ئەو بڕگەیەم نەخوێندبایەوە کە دەڵێ: (کەم کەس دەیتوانی بەرگەی ئەو دەردەسەرییە بگرێت کە شێخ لەو رۆژانەدا دووچاری هات، گەیشت بەوەی بەچکە بێ ئابڕوکانی پارێزگاری شاری حیللە بەرۆژی رووناک لەسەر شەقامەکانی شاری هۆهای لێ بکێشن). لەوانەیە شتێکم لەسەر ئەم نامەیە دەنووسی و دەقەکەیم بڵاو دەکردەوە..

بەڵام تەسلیمی رایەکەی د.کەمال مەزهەر بووم کە دەڵێت: (ئەمە وا ناگەیەنێت کە شێخ مەحموود سەردارێکی ئەفسانەیی بێ هەڵەیە، هەروەک تا ئێستە چەند جارێک نووسیومەو گوتومە رابەرێکی لەو بابەتە لەناو هیچ گەلێکدا دروست نەبووەو دروستیش نابێت، ئێمەی کوردیش کاتی ئەوەمان هاتووە بەچاوی رەخنەوە مێژووی رابردوومان هەڵسەنگێنین، بێگومان بەو کارەمان دەتوانین خزمەتی ئەمڕۆو دوارۆژی نەتەوەکەمان بکەین، هیچ رەخنەیەکیش لە گەورەیی رابەرێکی وەک شێخ مەحموود کەم ناکاتەوە، هەڵبەت سەنگی شێخ لە تەرازووی مێژوودا زۆر قورسە).

تەنانەت هەردوو رۆژنامەی (ژیانەوە) و (ژیان)ی دوای رووخانی حوکمی شێخ مەحموود لەو جۆرە رەخنانەیان کەم تێدا نییە، هەر لەبەر ئەوەم بوو نەبادا ئاماژە بۆ نامەیەکی لەم جۆرە بکەم، ئەو هەقەم بەخۆم نەدا بابەتێک بۆ ئەو یادە لەسەر رۆژنامەکانی ئەو دەورو زەمانە ئامادە بکەم، پێم وایە ئەگەر ئێمە نەشتوانین یا نەمانەوێ، بێ ئەوان بژین، بەڵام کاتی ئەوەش هاتووە هەوڵ بدەین هەر هیچ نەبێ نەوەکانی داهاتوومان وا لێ بکەین بۆخۆیان و بۆ مرۆڤایەتیش هەوڵ بدەن. دە کەواتە ئەی ئەو کەسەی پێت وایە د.عەبدولفەتاح لەسەر زەویەکی خوار وەستاوە تۆ سەرجیغ چوویت، بەڵکو ئەو زاتە لەسەر زەوییەکی نەک هەر راست، بەڵکو پتەویش وێستاوە، ئەویش دکتۆراکەی تەنیا بۆ ناوو مووچە نەهێناوەتەوە، بەڵکو بە کارە ئەکادیمییەکانی خۆی چۆتە پێش بەرهەمەکانی و کارەکانی دیکەی شایەدی ئەو رایەمن، هەقیشم بەسەرەوە نییە ناوەڕۆکەکەی دەربارەی هەر بابەتێک بن..!

پێم وایە بە عەقلیەتی "شارچێتی" و "ناوچەگەرێتی" حکومەت ئیدارەی پێ ناکرێ و بناغەی دامەزراندنی دەوڵەت داناندرێ، مەگەر ئەو ئامانجانە بە یەکگرتووییمان بێنەدی و سەنگێکمان بداتێ، ئەوەتا دەیان جار گوێم لە کاک "فەرهاد عەونی" نەقیبی رۆژنامەنووسان و مامۆستا "مستەفا سالح کەریم"ی جێگرەکەی و کاک "زیرەک کەمال"ی سکرتێری ئەنجومەن بووەو گوتویانە ئێمە بەیەکگرتووییمان لەنێو دانیشتنەکانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان سەنگ و دەنگی خۆیان هەیەو دەنگمان زوڵاڵەو گرەومان بردۆتەوە...!

**"پێم وایە بە عەقلیەتی "شارچێتی" و "ناوچەگەرێتی" حکومەت ئیدارەی پێ ناکرێ و بناغەی دامەزراندنی دەوڵەت داناندرێ"**

هەواڵنامەی کتێب

# رۆژنامەگەری کوردی لە روسیا و کۆمارەکانی سۆڤییەتی پێشوو

## ١٩٢٣-٢٠٠٣

رێناس نەورۆزی- برۆکسل

**پێشەکی**

بۆ یەکەمجار کورد لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەیەمەوە ئاوارە و پەراوێزی سەر خاکی ئیمپراتۆریەتی روسیای کۆن بوونە. پاشان بەهۆی جەنگە بەردەوامەکانی نێوان روس و تورک ژمارەیەکی زیاتری کوردان ئاوارەی خاکی روسیا بوونە، بەتایبەتیش لەسەردەمی یەکەم جەنگی جیهانی ١٩١٤-١٩١٨ زۆربەی کوردە ئێزدییەکانی باکووری کوردستان بەهۆی زۆرداری و کوشتن و کوشتاری هێزە تورکەکانەوە پەنایان بردۆتە بەر وڵاتانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو.

ئەو کوردانە پاش ئاوارەبوونیشیان هەرگیز لە داخوازی و مافەکانیان کۆڵیان نەداوە. بەگوێرەی بەڵگەکانی مێژوو لە ساڵی ١٩٢٣دا ٤٣ هەزار کورد لە ناوچەکانی لاچین و دەوروبەریدا هەبوونە، لەسەر بڕیاری "کیرۆڤ"ی سەرۆکی ئەوسای ئازەربایجان بڕیادراوە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی فەرهەنگی بۆ کوردەکانی ئەو ناوچەیە بەناوی (ناوچەی کوردستانی سوور) دابمەزرێت. لەگەڵ دامەزراندنی دەسەڵاتی (کوردستانا سۆر)، خوێندنگا بۆ کوردەکان دامەزراوە و هەوڵدراوە زمانی کوردیش بەرەو پێش ببردرێت، هەر لە هەمان کاتدا رۆژنامەی Sovet Kurdistane (کوردستانا سۆڤییەت) لە لاچین دەستیکردووە بە دەرچوون. ئەگەرچی ئەم دەسەڵاتە فەرهەنگییە لە ساڵی ١٩٢٩ کۆتایی پێهاتووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٠دا رۆژنامەی (کوردستانا سۆڤییەت) درێژەی بەدەرچوونیداوە و بۆ یەکەمجاریش رۆژنامەیەک بە زمانی کوردی لە یەکێتی سۆڤییەت بە ناوی (ریا تازە) لە یەریڤان بڵاوکراوەتەوە. سەرباری ئاستەنگی سیاسی و خراپی رەوشی ئابووری و پەراوێزبوونی زیاتری کوردەکانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو، رۆژنامەوانی کوردی بە زمانی کوردی و بەزمانانیتری روسی و گورجی و ئازەری و ئەرمەنی تا رۆژانی

ئەمڕۆش درێژەیان هەبووە. ئەمەی خوارەوە بیبلۆگرافیای حەفتا ساڵی ڕۆژنامەوانی کوردییە لە ڕوسیا و وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو. من لێرەدا تەنیا پێناسەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانم کردووە، باسی ناوەڕۆک و لایەنە هونەری و تەکنیکییەکانی ڕۆژنامەوانی و باسی دیرۆک و تەواوی لایەنەکانی ژیانی کوردەکانی سۆڤییەت و کوردناسانی سۆڤییەتم نەکردووە و ئەم لایەنانەشم هێشتۆتەوە و بەنیازم لە ئاییندەدا لە کتێبێکی تایبەت بە کوردانی سۆڤییەتی بڵاویان بکەمەوە.

### Sovet Kurdistane
### ١٩٢٣–لاچین

کوردستانا = Sovet Kurdistane سۆڤیەت: ڕۆژنامە، سیاسی، گشتی، هەفتانە. لەگەڵ دامەزراندنی (دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی سوور)، ئەم ڕۆژنامەیەش وەک دەنگی کوردەکانی سۆڤیەت دەستیکردووە بە دەرچوون. یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٢٣ دەرچووە. ڕۆژنامەکە بە زمانی ئازەری دەرچووە و لەگەڵ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کوردستانا سوور لە ساڵی ١٩٢٩ بۆ ماوەیەکی کورت لە دەرچوون وەستاوە، پاشان لە ساڵی ١٩٣٠ بەدوا سەرباری هەموو کۆسپ و ئاستەنگییەکی سیاسی و خراپی ڕەوشی ئابووری، ئەم ڕۆژنامەیە زۆر جار بەڕێک و پێکی لە کاتی خۆی و زۆرجاریش ناو بەناو تا ساڵی ١٩٦١ بەردەوام بووە لە دەرچوون و لەو ساڵەدا داخراوە. پاش ئەوە جارێکیتر دەستیکردۆتەوە بە دەرچوون و تا ساڵی ١٩٦٧ بەردەوامبووە لە دەرچوون و ئەمجارە بە یەکجاری لە دەرچوون وەستاوە. مێژووی دەرچوونی هەندێک لە ژمارەکانی بەم شێوەیەن: ژمارە: (٣٤٠) ڕۆژی ١٩٣٨/١/١٥، ژمارە: (٣٨٠) ڕۆژی ١٩٣٨/٨/٢١، ژمارە: (٤٦٨) ڕۆژی ١٩٤٠/١/٥، ژمارە: (٨١٣) ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/٢٧. هەندێک لەو کەسانەی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٨-١٩٤٥ بوونەتە بەڕێوەبەر و بەرپرسیارانی ڕۆژنامەکە بریتیین لە: (سدیق باژرامۆڤ، مامەش ئەحمەدۆڤ، میرهەد عەبدوڵلاییڤ، سامان ئەحمەدۆڤ، محەممەد هاشمزادە، دلارا ماهیشۆڤا). قەوارەی ژمارەکانی ساڵانی ١٩٣٨-١٩٤٥ بریتییە لە (٢ تا ٦) لاپەڕەی گەورە و زۆربەی ژمارەکانی وێنەدارن. تیراژ: ٧٠٠-٨٠٠ دانە. (١)

### ریا تازە
### ١٩٣٠–ئەرمینیا

ڕۆژنامە؛ سیاسی - گشتی لە ساڵی ١٩٣٠ تا وەستانی لە ساڵی ١٩٣٨ هەفتانە و لە سەرلەنوێ دەرچوونەوەی لە ساڵی ١٩٥٥وە هەفتەی دووجار. لە ساڵی ١٩٣٠ تا ساڵی ١٩٩٢ وەک (دەنگێ کوردێن سۆڤیەتستانێ) و لە ساڵی ١٩٩٢ بەدواوە وەک (دەنگێ کوردێن ئەرمەنستانێ) دەرچووە. (ریا تازە) لە ساڵی ١٩٣٠ تا ١٩٣٨ (ئۆرگانا کۆمیتەیا ناڤەندییا پارتییا کۆمۆنیستا ئەرمەنستانێ) بووە و لە ساڵی ١٩٣٨ بە بڕیارێکی ڕاستەوخۆی (ستالین) بەرەسمی داخراوە و پاش ئەوەش لە ساڵی ١٩٥٥وە دەستی کردۆتەوە بە دەرچوون و یەکێک لە چوار ڕۆژنامە ڕەسمییەکەی حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی ئەرمینیا بووە. (ریا تازە) بەگشتی ٥٠ ساڵ لەلایەن حکومەت و پارتی کۆمۆنیستی ئەرمینیاوە ڕۆشنایی بینیوە، پاش ئەوەش بووەتە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی کوردەکانی ئەرمینیا. ژمارە: (١)ی (ریا تازە) لە ڕۆژی سێشەممە ١٩٣٠/٣/٢٥ دەرچووە، ژمارە (٦١٢)یش کە دوا ژمارەی قۆناخی یەکەمیەتی لە ساڵی ١٩٣٨ دەرچووە. زمان: کوردی "کورمانجی ژووروو". ڕێنووس: لاتینی. دوای ئەو ژمارەیە ڕۆژنامەی (ریا تازە) داخراوە و ئیتر بۆماوەی ١٧ ساڵ لە دەرچوون وەستاوە و پاشان لە ڕۆژی ١٩٥٥/٢/١ دەستی کردۆتەوە بەدەرچوون و، تا ساڵی ١٩٩٢ بەردەوام بووە و لەو قۆناخەشدا لە جیاتی ڕێنووسی لاتینی ڕێنووسی: کیریلی بۆ نووسینەکانی ڕۆژنامەکە بەکارهێنراوە. قەوارەی سەرجەم ژمارەکانی ئەم قۆناخەی ٤

لاپەڕە بووە. بەهۆی هەرەسهێنان و ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، (ریا تازە)ش بۆ ماوەیەک ناو بەناو دەرچووە و پاشان جارێکیتر بەڕێک و پێکی درێژەی بەتەمەنی خۆیداوە و ژمارە: (٤٧٧١)ی لە ڕۆژی ١٩٩٩/٩/١٧ دەرچووە. ژمارە: (٤٧٧٢)ی لە ڕۆژی پێنجشەممە ١٩٩٩/٩/٣٠ دەرچووە. ژمارە: (٤٧٩٧)ی لە مانگی ٢٠٠٣/٢ و ژمارە: (٤٨١١)ی لە مانگی ٢٠٠٤/٩ دەرچووە و، وێنەدارە. قەوارەی ئەم (٣) ژمارەیە هەر یەکەیان ٤ لاپەڕەن و جارێکیتر بەڕێنووسی لاتینی دەرچووە. ڕۆژنامەی (ریا تازە) تا ئەمساڵیش لەگەڵ گرفتی دارایی ناوبەناو بەردەوام بووە لە دەرچوون.

بەرپرسیاران لە ساڵانی ١٩٣٠-١٩٣٨: هاروتیون مکیرتچیانێ "ئەرمەنی"، پاش ئەویش: جەردۆیێ گەنجۆی "کورد". هەروەها عەرەبی شەمۆ و ئیسحاق مۆرۆگولۆڤ لە سەرەتاوە لە ڕۆژنامەکە کاریانکردووە و ڕێنووسی لاتینیان بۆ ڕۆژنامەکە دروستکردووە. پاش ئەوەی ڕۆژنامەکە لە ١٩٣٨ بە بڕیاری ستالین داخرا، یەکەم بەرپرسیاری لە ساڵی ١٩٥٥وە: میرۆیێ ئەسەد بوو کە بۆ ماوەی ٣٤ ساڵ لە نێوان ١٩٥٥-١٩٨٩ بەرپرسیار و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ریا تازە) بووە، کە ئەمەش تا ئێستا درێژترین ماوەی سەرنووسەرێتی ڕۆژنامەوانێکی کوردە لەمێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی کە بۆ ماوەی ٣٤ ساڵ بێ دابڕان و بێ وەستانی ڕۆژنامەکەی ئەم ئەرکەی بەڕێوەبردبێت. هەروەها لەسەر لەنوێ دەرچوونەوەی ڕۆژنامەکەدا ڕێنووسی کیریلی بەکارهێنراوە کە لەلایەن (حەجیێ جندی) دروستکراون و بۆ خۆشی ڕۆڵێکی گرنگی لە دەرچوونی ڕۆژنامەکەدا هەبووە. هەروەها ئەوانەی هەر لە ساڵی ١٩٣٠ تا ساڵی ١٩٩٨ هەر یەکەیان بۆ ماوەیەک لە ڕۆژنامەکەدا وەک ئەندامانی دەستەی نووسەران و هەندێکیان وەک سکرتێری ڕۆژنامەکە کاریان کردووە بریتیین لە: (قاچاخێ موراد، تەیمورێ خەلیل، شاکرۆیێ خودۆ، خەلیلێ چاچان، بابایێ کەلەش، تیتال مورداۆڤ، عەلیێ عەبدولرەحمان، عەگیدێ خودۆ، حەسەنێ قەشەنگ، پریسکێ محۆیی، پۆرسۆرا سەبری، تیتالێ عەفۆ، کارلێنێ چاچانی، شەرەفێ ئەشیر، عەگیدێ عەباسی، پاشایێ ئەرفوت، لەتیفێ عەمەر، گایانێ هۆڤهانیسیان). هەروەها هەریەک لە عەگیدێ سنجۆ زیاتر لە ٤٣ ساڵ و بۆرسیک و میلیسکێ مەحمود هەریەکەیان بۆ ماوەیەکی درێژ لە بەشی تایپ و بەشی تەکنیکی ڕۆژنامەکە کاریانکردووە. لە دوای ساڵەکانی ١٩٩٨یش تا ئەمڕۆ بەرپرسیاری گشتی و سەرنووسەر: ئەمەریکێ سەردار. جێگری بەرپرسیاری گشتی: مەمێ. بەرپرسیاری گشتی هەواڵەکان: ڕزگانێ جانگۆ.

ئەگەرچی (ریا تازە) لە سەرەتای دەرچوونیدا ئۆرگانی ڕەسمی پارتی کۆمۆنیست بووە و گوزارەی لە بیرۆبۆچوون و سیاسەتەکانی یەکێتی سۆڤیەت کردووە، بەڵام تەنیا بوونی ڕۆژنامەکە بە زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەی بابەت و بەرهەمی جیاواز لەلایەن نووسەرانی کوردی سۆڤیەتەوە، کین و ڕقی نەیارانی کوردی لە بەرامبەر ئەم ڕۆژنامەیە زیادکردبوو، بەتایبەتیش دەوڵەتی تورکیا، کە دەرچوونی ڕۆژنامەی (ریا تازە)ی بە مەترسییەکی گەورە بینیوە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی، بۆیەکە چەندین جار لەژێر پەردەی پەیوەندی و کارە دیبلۆماسیەکانیەوە هەوڵی داخستنی ڕۆژنامەی (ریا تازە)ی داوە و نمونە و بەڵگەی مێژووش ئەو دوو نامەیەی سەرانی تورکیایە بۆ وەزارەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژانی ١٩٣٥/٤/٥ و ١٩٣٥/٥/٩ کە داوای داخستنی ڕۆژنامەی (ریا تازە) و داوای ڕێگە گرتن لە پێشکەوتنەکانی گەلی کورد دەکرێت.. جگە لەو دوو نامەیە، تورکیا و نەیارەکانی تری کورد بەردەوام هەوڵی داخستنی ڕۆژنامەکەیان داوە و بەتایبەتیش لە کاتی کڵپە سەندنی بزوتنەوەی کوردەکانی دێرسیم لە ساڵانی ١٩٣٥ - ١٩٣٩ بەڕێبەرایەتی شێخ ڕەزای دێرسیمی، بۆیەکە ساڵی ١٩٣٨ (ستالین) بە بڕیارێکی ڕاستەوخۆ

ڕۆژنامەی (ڕیا تازە)ی داخستووە.

ئـەم ڕۆژنامەیـە هەر لە سـاڵی ١٩٣٠ تا ئەم قۆناخە زۆربەی نووسـەر و ڕۆشـنبیرە کوردەکانـی کۆمارەکانـی یەکێتی سـۆڤیەتی جاران و کوردەکانی ئێستای وڵاتانی قەفقاسیا گوتـار و بابەتیـان تێدا بڵاوکردۆتـەوە و لە دوای دەرچوونەوەی لە سـاڵی ١٩٥٥ خاوەن تیراژێکی بەرزبووە بەتایبەت لەو کاتەدا تەنیا لـە یەریڤاندا بەرەسـمی ٨ هـەزار کورد و لە سـەرجەم ئەرمینیا زیاتـر لە ٦٠ هەزار کورد هەبووە و ڕۆژنامەکە لە سەرجەم کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو و ئەورووپاش بڵاودەکرایەوە و لـە هەمـوو ئەو شـوێنانە خـاوەن ئابوونە بووە.

ڕۆژنامـەی (ڕیـا تـازە) لە سـاڵی ١٩٨٠ دوای تێپەڕبوونی ٥٠ ساڵ لە تەمەنی زێڕینی لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە خەڵاتی (نیشانەی ڕێز)ی وەرگرتووە.

بۆ یەکەمجار ڕێنووسـی لاتینی لە یەکێتی سـۆڤییەتدا لە ڕۆژنامەی (ڕیا تـازە)دا بەکار هاتووە.

یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە کە بە ڕێنووسی لاتینی دەرچووبێت.[٢]

### کوردستان
### ١٩٤٧–باکۆ

ڕۆژنامـە؛ سیاسـی، (ئۆرگانـی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان). ئـەم ڕۆژنامەیـە لاپەڕەیەک بوو لـە چوار لاپەڕەی ڕۆژنامەی "ئازەربایجـان"ی ئۆرگانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان. لە شـاری باکـۆی ئازەربایجان دەرچـووە. زمـان: کـوردی "کورمانجـی ناویـن". ڕێنـووس: عەرەبی. یەکـەم ژمارەی لـە ڕۆژی ١٩٤٧/١٢/٦ دەرچـووە و بـۆ مـاوەی ١٤ سـاڵ ژیـاوە و ژمـارە: (١٣٣٧) دوا ژمارەیەتی لـە مانگی ١٩٦١/٣ دەرچووە. سـەرجەم کارمەندانی ڕۆژنامەکە کوردبوون و پێکهاتبوون لـە د.عەلی گەلاوێژ، د.ڕەحیمی قازی، د.عەزیز شـەمزینی. بەهـۆی نەبوونی هاوکاری و پشـتگیرییەوە ئـەم ڕۆژنامەیە لە دەرچوون وەستاوە.[٣]

### دەنگ و باس
### ١٩٨٣–یەکێتی سۆڤیەت

بڵاوکـراوە، ڕۆشـنبیری گشـتی، هەواڵـی؛ (کۆمەڵـەی خوێندکارانی کـورد لە ئەورووپا / لقی یەکێتی سـۆڤیەت) دەریکـردووە. ژمارە: (١)ی لە ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە.[٤]

### КУРДИСТАН РАПОРГ
### ١٩٨٨–ڕوسیا

КУРДИСТАН РАПОРГ = ڕاپۆرتی کوردسـتان: گۆڤار؛ سیاسی، گشتی، وەرزی. (بـەرەی ڕزگاری نەتەوەیـی کوردسـتان – نوێنەرایەتـی ڕوسـیا) بـە زمانی ڕوسـی دەریکـردووە. ژمـارە: (١)ی لە سـاڵی ١٩٨٨ دەرچـووە، ژمـارە: (١١)ی لـە سـاڵی ١٩٩١ دەرچـووە، ژمـارە: (١٧ و ١٨)ی بـە یەکەوە لە سـاڵی ١٩٩٦ دەرچوونە لە ساڵی ١٩٩٧ لە دەرچوون وەسـتاوە و گۆڤاری (دۆستایەتی) کە هەر بە زمانی ڕوسـی بووە شـوێنی ئەم گۆڤارەی گرتۆتەوە. قەوارە: گەورە و وێنەدار و ڕەنگینە.

### دەنگی کورد
### ١٩٩١–ڕوسیا

ڕۆژنامـە؛ سیاسـی، گشـتی. (ناوەنـدی چانـدی کـوردی لە مۆسـکۆ) دەریکـردووە. زمان: ڕوسـی. ڕێنووس: کیریلی. بەرپرسیار: ڕیڤـاز برۆیڤ. ژمارە: (١)ی لە سـاڵی ١٩٩١ دەرچووە. ژمارە: (١١–١٢)ی سـاڵی دووەمی لە ١٩٩٢ دەرچووە. قەوارە: ٨ لاپەڕەی گەورە و وێنەدارە.

### کوردستان
### ١٩٩١–کازاخستان

ڕۆژنامـە؛ سیاسـی، گشـتی. (ئۆرگانـی کۆمەڵەی کوردانی سـۆڤیەت – یەکبوون). لە ئالمائاتـای پایتەختی کازاخسـتان دەرچووە. زمـان: ڕوسـی. ڕێنـووس: کیریلـی. ژمارە: (١)ی ئـەم ڕۆژنامەیە لـە ڕۆژی ١٩٩١/٩/١٩ دەرچـووە. ژمـارە: (٧)ی لـە سـاڵی ١٩٩٢ دەرچـووە. سەرنووسـەر: ڕۆسـتەمێ بادر




بـرۆڤ. ئەندامانــی دەســتەی نووســەران: مســتەفا محەممەد یوسف، محەممەد سلێمان یوسوبۆڤ، محەممەدێ مستۆ مەهدی. قەوارە: گەورە و، وێنەدارە.

**ڕۆناهی**

**١٩٩١-جۆرجیا**

ڕۆشــنبیری، گشــتییە، (ڕۆژنامەیەکــی مانگانەیــە)، لە تبلیس-ی پایتەختی جۆرجیا دەرچــووە. گرنگی بە وێژە، دیــرۆک، هەواڵ داوە.




(کۆمەڵەیــا ڕۆناهــی یا کوردێن تبلیســێ) دەریکــردووە. زمان: گورجــی و بەرێژەیەکی زۆر کەمی بە کــوردی "کورمانجی ژووروو" دەرچووە. ڕێنووس: کریلی (روســی). ژمارە: (١)ی لە مانگی ١٩٩١/١٢ دەرچووە و تا ساڵی ١٩٩٤ بەردەوام بــووە لە دەرچوون. قەوارە: ٤ لاپــەڕەی گــەورە (٤٣×٣١). ڕۆژنامەیەکی وێنەدارە.

**کورد**

**١٩٩٢-کازاخستان**

گۆڤــار؛ (وەشــانی یەکێتیــا کوردیــا - یەکبوونە). لە ئالمائاتای پێتەختی کازاخستان دەرچووە. زمان: کوردی "کورمانجی ژووروو" و، رووســی. ڕێنــووس: لاتینــی و کیریلــی. ژمارە: (١)ی لە ناوەڕاســتی ١٩٩٢ دەرچووە و تا ساڵی ١٩٩٣ بەردوام بووە لە دەرچوون. وێنەدارە.

**بۆتان**

**١٩٩٣-ئەرمینیا**

ڕۆژنامە؛ سیاســی، گشتی. سەرەتا دوو هەفتــە جارێک دەرچــووە، پاشــان بووەتە هەفتانــە. دەســتەیەک لــە ڕۆشــنبیرانی کــورد لــە یەریڤــان-ی پایتەختــی ئەرمینیا دەریانکــردووە. زمــان: ئەرمەنی. ڕێنووس: کیریلی. ژمارە: (١)ی لە ڕۆژی ١٩٩٣/٣/٢٠ دەرچــووە. ئەم ڕۆژنامەیە تا ســاڵی ١٩٩٥ بەردەوام بووە لە دەرچوون و لەو ســاڵەدا بەبڕیارێکــی دەوڵەتی ئەرمینیــاوە داخراوە. دەســتەی نووســەران: شەرەل ئاشــینیان، کارلێنــێ چاچانــی، ئەمەریکــێ ســەردار، وەزیرێ ئەشــۆ، نەزیــرێ جەحۆ، ر. جزرە. قەوارە: ٤ لاپەڕەی گەورە و وێنەدارە.

**ئارمانج**

**١٩٩٣-روسیا**

بڵاوکراوەیەکــی خولییــە، (مەڵبەنــدی توێژینەوەی کورد لە مۆسکۆ) دەریکردووە. شوێنی دەرچوون: مۆسکۆ - روسیا. زمان: کــوردی "کورمانجــی ژووروو". ڕێنــووس: لاتینــی. ژمــارە: (١)ی لــە ســاڵی ١٩٩٣ دەرچووە.

**ئاخینا وەڵات**

**١٩٩٥-روسیا**

ڕۆژنامەیەکــی سیاســی گشــتی پــازدە ڕۆژییــە. لــە مۆسکۆی پایتەختی روســیا دەرچــووە. زمــان: کــوردی "کورمانجــی ژووروو" و روسی. ڕێنووسی کوردیەکەی: لاتینی. ژمــارە: (١)ی لە ڕۆژی ١٩٩٥/١/٣٠ دەرچووە، ژمــارە: (٢)ی لە مانگی ١٩٩٥/٢ دەرچــووە، ژمــارە: (١٢٨)ی لــە مانگــی ٢٠٠١/٣ دەرچــووە و لــە هەمــان ســاڵدا وەســتاوە. دەســتەی نووسەران ســەرەتا: کۆردا مەد - بەرپرسیار، باقی نازێ، دڵخاز، س. دلپۆلۆ، حەسەن شــێخۆ. لە ژمارەکانی دواتریدا دەســتەی نووسەران گۆڕانکاریان بەســەرداهاتووە. ڕۆژنامەی ئاخینا وەڵات،




پەیامنێر و نوێنەری رەسمی لە وڵاتانی ئەرمینیا، کازاخستان، ئازەربایجان، ئۆکرانیا و وڵاتانیتری یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو هەبوو. قەوارە: رۆژنامەی ناوەندی، وێنەدار. (چاپخانەی میتشی - مۆسکۆ).

**کوردستانی نوێ**
**١٩٩٧–روسیا**

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتی مانگانەیە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەریکردووە. زمان: روسی. رێنووس: کیریلی. لە ساڵی ١٩٩٧ تا ١٩٩٩ لە شاری سانت-پیتربۆرگ و دواتر لە مۆسکۆی پایتەختی روسیا دەرچووە. ژمارە: (١)ی لە مانگی ١٩٩٧/٦ دەرچووە، ژمارە: (١٩)ی لە مانگی ١٩٩٩/٢ دەرچووە. لە یەکەم ژمارەوە خاوەنی ئیمتیاز: لیزا سەپان. سەرنووسەر: مەغدید سەپان. جێگری سەرنووسەر: یولیا سەعید. لە ژمارە: (٣)وە تەنیا دەستەی نووسەران دیاریکراون بە: مەغدید سەپان و یولیا سەعید. لە ژمارە: (٢٠)یەوە: شۆرش خالید بووەتە سەرنووسەری رۆژنامەکە و، دەستەی نووسەرانیش هەروەکو خۆی ماوەتەوە. یەکەم ژمارەی بەتیراژی ١٠٠٠ دانە چاپکراوە. قەوارە: شێوە رۆژنامەی ناوەندی و وێنەدارە.(٥)

**دۆستی**
**١٩٩٧–ئەرمینیا**

(گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، مێژوویی، فەرهەنگی، وێژەییە)، (کۆمەڵەیا دۆستیا ئەرمەنی و کوردا) سێ مانگ جارێک لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا دەریکردووە. زمان: ئەرمەنی.




رێنووس: کیریلی. جاروبار جێگەی داوە بە بابەتی زۆر کورت بە زمانی کوردی "کورمانجی ژووروو". سەرنووسەر: کارلینی چاچانی. دەستەی نووسەران: رۆزا کیراکیۆن، گەڤۆرگ خابیجانیان، ڤلادمێر چەتۆییێڤ، ماهیر عەلی، ژنیکە قادر. ژمارە: (١)ی لە ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە، ژمارە: (٤)ی لە مانگی ١٩٩٨/٨ بە ٣٢ لاپەڕە دەرچووە و لە ساڵی ١٩٩٩ لە دەرچوون وەستاوە و تێکرا دەوروبەری (٦) ژمارەی لێدەرچووە. قەوارە: گەورە و بەرگ رەنگین و وێنەدارە.

**دروژبا**
**١٩٩٧–ڕوسیا**

دروژبا(وشەیەکی ڕوسـییە): دۆستایەتی: گۆڤار، سیاسی، گشتی. کۆمەڵەی کوردەکانی ڕوسیا دەریکردووە. یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٩٧ لە مۆسـکۆ دەرچووە. زمان: ڕوسـی. ڕێنـووس: کیریلـی. قەوارە: گـەورە و بەرگ ڕەنگین و وێنەدارە.

**دەنگێ ژنان**
**٢٠٠١–ڕوسیا**

گۆڤارێکی سیاسـی ژنانی کـوردە. یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠١ لە مۆسکۆ دەرچووە. سـاڵی ٢٠٠٢ یـش چەنـد ژمـارەی تـری لێدەرچووە. زمان: ڕوسی. ڕێنووس: کیریلی. قەوارە: گەورە و وێنەدار و ڕەنگینە.

**گەلاڤێژ**
**٢٠٠٢–جۆرجیا**

(ڕۆژنامەیـا کوردێـن گورجسـتانێ سەربەخۆ و ئازادە، چاندی و ئایینی ئێزیدی). زمان: کوردی "کورمانجی ژوور" و ڕوسـی. ڕێنووس: لاتینی و کیریلی. شوێنی دەرچوون: تبلیس – جۆرجیا. بەڕێوەبـەری ڕۆژنامـە: کەرەم. ژمارە: (١)ی لە ساڵی ٢٠٠١ دەرچووە. ژمارە: (٦)ی لە مانگی ٢٠٠٢/٢ دەرچووە.




**میزۆپۆتامیا**
**٢٠٠٢–ئەرمینیا**

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا دەرچووە. زمان: ئەرمەنی. ڕێنووس: کیریلی. ژمارە: (١)ی ساڵی یەکەم لە ٢٠٠٢ دەرچووە. قەوارە: گەورە و وێنەدارە.

**کوردستانا ئازاد**
**٢٠٠٢–ڕوسیا**

(ڕۆژنامـەی، چاندی، هونـەری، جڤاکی و ڕاگەیاندنـی). ئـەم ڕۆژنامەیـە لەلایـەن (ئۆتونۆمییـا نەتەوی-چانـدی یـا کوردێن فیدراسـیۆنا ڕوسـیایێ) دامەزراوە. ژمارە: (١)ی لە ساڵی ٢٠٠٢ دەرچووە. ژمارە: (٢٦)ی لە ڕۆژانی ١-٢٠٠٤/٧/٣١ دەرچووە. زمان: کـوردی "کورمانجی ژووروو" و ڕوسـی. ڕێنـووس: لاتینی و کیریلی. سەرنووسـەر: ئیشخانێ میرۆ. جێگری سەرنووسەر: ئێلێ تـۆرا عەلۆیان. قەوارە: ٨ لاپەڕەی گەورە و وێنەدارە.




**نێرینا نوو**
**٢٠٠٣–جۆرجیا**

(ڕۆژنامەیـێ کۆنگرەیـا کوردێـن ئێزیدی یێن گورجسـتانێ). شوێنی دەرچوون: تبلیس




- جۆرجیا. ژمارە: (١)ی لە سەرەتای ٢٠٠٣ دەرچووە، ژمارە: (٨و٩)ی لە مانگی ٩و٢٠٠٣/١٠ دەرچووە. زمان: روسی. ڕێنووس: کیریلی. بەڕێوەبەری ڕۆژنامە: مرازێ ئۆزۆ. قەوارە: گەورە و وێنەدارە.

**بەربانگ**
**٢٠٠٣-ئەرمینیا**

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ژنانی کوردە لە یەریڤان-ی پایتەختی ئەرمینیا دەرچووە. ژمارە: (١)ی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ دەرچووە و تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ هێشتا بەردەوامبووە لە دەرچوون. زمان: ئەرمەنی. ڕێنووس: کیریلی. قەوارە گەورە و وێنەدارە.



**قەفقاس**
**یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو**

ڕۆژنامەی (ڕۆژا نوو) کە د. کامران بەدرخان لە بەیروت دەریدەکرد لە ژمارە (٥٢)ی خۆیدا کە لە ڕۆژی ١٩٤٥/٧/٣٠ بڵاوکراوەتەوە. لە لاپەڕە چوار دەربارەی گۆڤاری (قەفقاس) نووسیویەتی: (کۆڤارا قەفقاسێ - کۆڤارەکە گرانەیە، ٣٢ ڕووپەلێن دویێ هەنە. نڤیسڤانێن کورد یێن مەزن ژێین هێلا قەفقاسێ تێدا دنڤیسین، تیپێن دویێ کوردینە، هەر حەفتەی جارەک دەردکەڤە). ڕۆژا نوو ناونیشانی گۆڤارەکەشی وا نووسیوە: (کۆڤارا قەفقاسێ: تفلیس؛ سۆڤیەتستان). هەروەها ڕۆژنامەی ڕۆژا نوو لە ژمارەکانی (٦١) و (٦٤) و (٦٦) و (٦٨) و (٧٠-٧١)یدا لە ژێر سەردێری (چاپا کوردی) ئاماژەی بەوەکردووە کە ئەوساکە ١٧ ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی دەردەچوون لە تەنیشت ناوی هەر وڵاتێک ئاماژەی بە چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێک کردووە، بۆ یەکێتی سۆڤیەت نووسیوتی (سۆڤییەتستان: ڕییاتازە، کۆڤارا قەفقاسێ). من تەنیا لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژا نوو ناوی ئەم گۆڤارەم بەرچاوکەتووە، لەگەڵ ڕاپرسی و بەدواداچوونم بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم گۆڤارە تا ئێستا هیچ زانیاری زیاترم دەست نەکەوتووە، تەنیا ئەوە نەبێت، کە هەر لەو سەردەمەدا لە تفلیس ڕۆژنامەیەکیش بەناوی (قەفقاس) بە زمانی روسی لەلایەن حکومەتەوە دەرچووە، بەڵام نەمزانی گۆڤاری هەفتانەی قەفقاس-ی خاوەن ٣٢ لاپەڕە بە تیپی کوردی!، چەند پەیوەندی بە ڕۆژنامەی قەفقاس-ی خاوەن زمانی رووسی ڕێنووسی کیریلی هەیە....!!؟ ئەو کورتە زانیارییانەشم بۆ ئەوە لێرەدا تۆمارکرد کە لێکۆڵینەوەی زیاتر سەبارەت بە گۆڤاری (قەفقاس) ئەنجامبدرێت. (٦)

journalist.com@newrozi

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١. زانیارییەکانی (وەزیری ئەشـــۆ) دیرۆکزان و رۆژنامەوان لە رادیۆی دەنگی یەریڤان و رۆژنامە کوردییەکانی سۆڤیەتی جاران دەربارەی رۆژنامەی (سۆڤییەت کوردستان). هەروەها بڕوانە:
– فەخرەدین تاهیر: رۆژنامەی کوردستان سۆڤیەت و موژدەیەک، ماڵپەڕی دەنگەکان، رۆژی ٢٠٠٤/٩/٣٠.
– شـــەرەف ئەشـــیری: کوردێن ئازەربایجانێ، گۆڤاری هیوا، ئەلمانیا، یەک ژمارەی ســـاڵی ٢٠٠١. شەرەف ئەشیری پێی وایە ئەم رۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٢٣ بە زمانی کوردی دەرچووبێت.
– تیمورێ خەلیل:ریاتازە رۆژنامەیا هەری ژیان درێژ، ماڵپەڕی ئاڤێستا ئۆنلاین، ساڵی ٢٠٠٢.
٢. کۆمەڵێک لە ژمارەکانی ریا تازە و زانیارییەکانی دیرۆکزان (وەزیرێ ئەشۆ). هەروەها بڕوانە:
– تیمورێ خەلیل: ریاتازە رۆژنامەیا هەری ژیان درێژ، ماڵپەڕی ئاڤێستا ئۆنلاین، ساڵی ٢٠٠٢.
٣. بڕوانە:
– د.کەمال مەزهەر: تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، ١٩٧٨ بەغدا.
– د.مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠١ هەولێر.
٤. نـــەوزاد عەلی ئەحمـــەد: رۆژنامەگەری خوێندکارانی کوردســـتان لـــە دەرەوەی وڵات ١٩٧٥–١٩٩١، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە: (٦) ساڵی ٢٠٠٥، هەولێر، لاپەڕە ٥٨.
٥. رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی، ژمارە: () / /٢٠٠٢.
٦. رۆژنامەی رۆژانوو، بەیروت، ژمارە: (٥٢) ١٩٤٥/٧/٣٠ ل٤.

# گۆڤاری "چریکەی کوردستان" دوا بەرهەمی رۆژنامەگەریی مامۆستا "برایم ئەحمەد"

هەواڵنامەی کتێب



نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید

پێشەکی:

**بۆ ئەوەی هەر زوو خۆم لە پرسیارێکی کلاسیکی جێگا گومان رزگار بکەم، کە بۆچی دیسان ئیبراهیم ئەحمەد؟[1] نەمری پەیوەند بە خەلقکردنی داهێنانەوە هەیە، ئەو پیاوەش لە شیعردا هێزێکی تری بە رۆمانسیەت دا تا شیعری کوردی هەڵگری ناسنامەی ریالیزمی شۆڕشگێڕبێت، لە چیرۆکدا ئەوەندە بە سەلیقە زمان و هونەرکاری و رووداوی بەرجەستە کردووە رەخنەگر ناتوانێت بیخاتە پەراوێزی نووسینەوە، لە رۆماندا**

ترسی کوردی لە نەبوونی رۆماندا شکاند، ژانی گەل تا ئێستاش هێزی خۆی لە دەست نەداوە، لە سیاسەتدا ژیانی حزبایەتی و کوردایەتی فراوانتر کرد تا زۆربەی چین و توێژەکان لە حزبدا خاوەن دەنگ و بڕیاربن، لە دنیای رۆژنامەنووسی و رۆژنامەگەریشدا ئەگەر هەر تەنیا باس لە گۆڤاری "گەلاوێژ" بکرێت سەروەرییەکی گەورەو دیار و ناسراوی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردییە، داهێنەرانی بواری ژیان و کولتوور مەرج نییە




خالقی کەرەسەکانی دەورووبەربن و نەمری تۆمار بکەن، بەڵام برایم ئەحمەد لەو قەڵەمە بە برشتانەیە لە لوتکە دەژیت و ناوێکە هیچ کەس و حزب و دەسەڵاتێک ناتوانێت بچووکی بکاتەوە و بیسڕێتەوە، ئیتر ئەم فاکتەرانەی پێشەوە بەڵگەن بۆ ئەوەی چەند جار و بەردەوام کار لەسەر بەرهەمەکانی مامۆستا برایم بکرێن.

لەم نووسینەدا هەوڵدەدەم بە دوابەرهەمی رۆژنامەگەریی مامۆستا برایم کە بریتییە لە گۆڤاری "چریکەی کوردستان" ئاشناتان بکەم، کە لە دوا وێستگەی تایبەتی ژیانی واتە دوای هەرەسی ١٩٧٥ کە لە لەندەن-ی پایتەختی بەریتانیاگیرسایەوەدەریکردووە،لەم نووسینەدا لەژێر چەند ناونیشانێکی جیاجیادا گۆڤارەکە دەناسێنین و لە ناوەڕۆکی دەدوێین و فۆرمەکەی وردتر دەکەینەوە، سەرەڕای دەربڕینی وردە سەرنجی تر.

## ژیانی مامۆستا برایم لە چەند دێڕێکدا

ئیبراهیم ئەحمەد: ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد کوڕی فەتاح کوڕی مستەفایە، ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی لەدایک بووە هەندێک لە قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووەو ساڵی ١٩٣٧ کۆلیجی حوقووقی لە بەغدا تەواو کردووە، باوکی، ئەحمەد بەگی فەتاح زادە، یەکێک لە دۆستانی نزیکی شێخ مەحمودی حەفید بووە، رەمزی فەتاحی مامی ئەفسەری سوپای عوسمانی بووە لەکاتی دامەزراندنی حکومەتی کوردستان بە رابەری شێخ مەحمود گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و وەک ئەفسەرێکی رووناکبیر و بە ئەزموون بەشداری لە حکومەتەکەدا، رەمزی فەتاح زیاتر لە هەر کەسێک کاری کردووەتە سەر مامۆستا برایم و هانی داوە بخوێنێت و پێبگات و خزمەتی نەتەوەکەی بکات، ساڵی ١٩٣٧ مامۆستا برایم کە خوێندنی حقوقی تەواوکردووە بووە بە پارێزەر و هەر لەو ساڵەدا نامیلکەی "کورد و عەرەب"ی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، ساڵی ١٩٣٩ رەزامەندی دەرکردنی گۆڤاری "گەلاوێژ"ی

وەرگرتــووە، لە مانگی شــوباتی ١٩٤٢ لە شــاری هەولێر وەک حاکم دامەزراوە و پاشان بۆ هەڵەبجە گوازراوەتەوەو ســاڵی ١٩٤٤ واز لــە کاری حاکمــی دێنێــت و بۆ شــاری ســلێمانی دەگەڕێتەوە دەســت بەکاری پارێزەری دەکات، هەمان ساڵ بە هاوکاری چەند کەسێکی تر لقی باشووری کوردســتان بۆ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (کۆمەڵەی ژ.ک) لە شــاری ســلێمانی دادەمەزرێنێت و بە لێپرسراوی لقەکە هەڵدەبژێردرێت، ساڵی ١٩٤٩ لەسەر چالاکی سیاسی گیراوەو نزیکەی ساڵ و نیوێک لە زیندان ماوەتەوە، ساڵی ١٩٤٦ هاوســەری ژیانــی دەستنیشــان کردووەو ســاڵی ١٩٤٧ ژیانــی خێزانــی پێکەوە ناوە، ناوی هەوســەرەکەی (گەلاوێژ)ە، گەلاوێژ خان کچی ساڵح فەتاحە لە عەشیرەتی کۆچ بەگی خەڵکی شارۆچکەی زاخۆیە.

لەســەرەتای مارتی ١٩٥١ دووەمیــن کۆنگرەی پارتی دیموکراتــی کورد-عێراق لە بەغدا لــە ماڵی عەلی حەمدی بەسترا لەو کۆنگرەیەدا مامۆستا برایم بە سکرتێری پارتی هەڵبژێردراو ئەرکــی دەرکردنی ئۆرگانی ئەوکاتەی پارتی کە ناوی "رزگاری"بوو خســتە ئەســتۆی خۆی، (گەورەی خۆم نووســیندەی ژیان) یەکەم نووسینی مامۆستا برایمە کە رۆژی ١٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٢ لە ژمارە (٣٢٦)ی رۆژنامەی (ژیان)بلاوبۆتەوە.

مامۆستا برایم لەناو مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی و کوردســتانی رابەرێکــی ناســراوو باوەڕپێکــراو بــوو، چەندان جار پێشەوا قازی محەمەد لە مەجلیسە تایبەتی و گشتییەکانی لەگەڵ رێبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەیوت ئێمە لەودیو (بیلە)ی شۆڕشگێڕمان هەیە، ئەو بە (بلە) واتە (ئیبراهیم ئەحمەد)ی دەووت (بیلبیلەی چاوان)، پەیوەنــدی نێوانیان بە نامــە زۆر بەهێز بوو هەر بۆیە کە پارتی دیموکراتی کورد-عێراق دروســت بوو تارای حزبی دیموکراتی کوردســتانی ئێرانی وەرنەگرت لقی باشووری کوردســتانی کۆمەڵــەی ژێ کاف-ی هەڵنەوەشــاندەوە نەچووە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کورد-عیراق.

مامۆستا برایم لە بواری دیبلۆماسیشدا نەخشی بەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردســتانەوە دیارە و بۆ ســەرکەوتنی شــۆڕش هــەر لە پەنجاکانی ســەدەی رابــردووەوە چەنــدان دیــدار و کۆبوونــەوەی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردستانی یان بەسەردا دابەشکراوە کردووەو چەنــدان سەردانیشــی بــۆ وڵاتانــی عەرەبــی و ئەوروپا کــردووەو لــە کوردستانیشــدا چەندان نوێنــەری وڵاتانی دیوە.

هەتا هەرەسی ١٩٧٥ لە جەرگەی خەبات مایەوەو یەکێک

**"مامۆســتا برایم لە بواری دیبلۆمــاسیشدا نەخشی بــــەســـەر بزووتنەوەی رزگــــاریخوازانەی گەلی کوردستانەوە دیارە"**

هەواڵنامەی کتێب

لەوانەبوو کە بڕوای بە بێدەنگ کردنی چەک نەبوو، دوای ڕێککەوتنی ئازاری دووقۆڵی نێوان عێراق و ئێران زۆر هەوڵیدا بەرگری و خەباتی چەکداری بەردەوام بێت، بەڵام هەر زوو ڕێگا لە هەوڵەکانی گیراو ئەویش بە ناچاری ڕووی لە وڵاتی بەریتانیا کرد و تا ڕۆژی کۆچکردنەکەی شەممەی ڕێککەوتی (٢٠٠٠/٤/٨) لە شاری لەندەن دەژیا[٢].

## مامۆستا برایمی ڕۆژنامەنووس

(برایم ئەحمەد بۆیە چووەتە کۆلیجی یاسا بۆ خوێندن تاوەکو بتوانێ دوای تەواوکردنی کۆلیج ڕێگای پێ بدرێ ڕۆژنامە یان گۆڤارێکی مانگانە بە زمانی کوردی دەربکات، وەک ئاشکرایە لەو سەردەمانەدا هەرکەسێک پارێزەر نەبوایە مافی ئەوەی نەبوو ڕۆژنامە یان گۆڤار دەربکات)[٣].

(من کاتی خۆی بۆیە چوومە کۆلێژی حقوق کە ببم بە ژۆرنالیست)[٤].

لەم دوو پەرەگرافەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە مامۆستا برایم هەر زوو خولیای بووەو هەوڵیداوە کە لە بواری ڕۆژنامەگەریی دا کار بکات یاخود خۆی ڕۆژنامە یان گۆڤارێک دەربکات، ئەوەبوو دوای هەوڵێکی بێوچان توانی ساڵی ١٩٣٩ ڕەزامەندی دەوڵەت لەسەر دەرکردنی گۆڤارێک وەربگرێت بەناوی (گەلاوێژ) ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووە کە ئەو پیاوە بۆیە چۆتە کۆلێژی یاسا تا بتوانێت (لەباری یاساییەوە مۆڵەتی دەرکردنی ڕۆژنامە یاخود گۆڤارێک) وەربگرێت کە وەک دەردەکەوێت دوای دوو ساڵ لە تەواو کردنی کۆلیژی حقوق توانی مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ وەربگرێت، مامۆستا برایم ڕاستەوخۆ لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا یاخود لێپرسراوی نووسین بووە یان خاوەن ئیمتیاز بووە.

١- گۆڤاری گەلاوێژ لەنێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٩ (١١٦)ژمارەی لێدەرچووە.

٢- ڕۆژنامەی (ڕزگاری) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد، پاشان پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٤٦ دەرچووەو مامۆستا برایم لە ساڵی ١٩٥١ سەرپەرشتی دەرچوونی گرتۆتە ئەستۆ تا ساڵی ١٩٥٦ کە ڕۆژنامەکە وەستاوە، بەڵام نازانرێت بەسەریەکەوە چەند ژمارەی لێدەرچووە.

٣- لەساڵی ١٩٥٣ لە کۆنگرەی سێی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بڕیاردرا کە ناوی ئۆرگانی پارتی لە (ڕزگاری) بۆ (خەبات) بگۆڕدرێت.

(پاش ماوەیەک ناوی ڕزگاری بووە ئۆرگانی لقی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەندێک کەس دەڵێن: یەکەم ژمارەی خەبات لە پاییزی[٥] ١٩٥٥ بەشێوە کاغەزی A٤ و بە چوار لاپەڕە چاپکراوەو بڵاوکراوەتەوە.) بەڵام ئەوەی بۆتە جێگای گومان بۆچی (ڕزگاری) کە لەنێوان ساڵی ١٩٤٦-١٩٥٦ دەرچووە چەندان ژمارەی لەبەردەستدان کەچی خەبات کە گوایە ساڵی ١٩٥٥-١٩٥٩ دەرچووە هیچ سۆراغێکی بەڵگەداری نییەو لەوە دەچێت ئەو بڕیارەی کۆنگرە جێ بەجێ نەکرابێ چونکە ڕۆژنامەیێک سۆراغی دیارە بەناوی (خەباتی کوردستان) نەک (خەبات) (لە هاوینی ١٩٥٦دا هەردوو باڵەکەی پارتی: پارتی دیموکراتی کورد- بەرەی پێشکەوتوو بە سەرکردایەتی هەمزە عەبدوڵلا و پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرکردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد یەکیانگرتەوە پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان-یان پێک هێناو لەباتی ڕزگاری خەباتی کوردستان-یان کرد بە ئۆرگانی ناوەندی)[٦] (ئەو گۆڤارە بە عەرەبی دەردەچوو زۆربەی مەقالەکانی مامۆستا برایم و مام جەلال دەیان نووسی)[٧]

٤- ڕۆژنامەی خەبات (١٩٥٩/٤/٤) تا (١٩٦١/٣/٢٨) (٤٦٢) ژمارەی بە ئاشکرا و بە ڕەسمی لە بەغدا لێدەرچووە.

٥- ڕۆژنامەی (کوردستان) ساڵی ١٩٦١ پێنج ژمارەی بە ئاشکرا و بە ڕەسمی لە بەغدا لێدەرچووە.

٦- تا دوو لەتبوونەکەی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤دا (خەبات) لە ساڵی ١٩٦٢-١٩٦٤، یازدە ژمارەی لێدەرچووەو ئەو یازدە ژمارەیە بە نهێنی دەرچووەو زیاتر مامۆستا برایم سەرپەرشتی کردووە.

٧- ڕۆژنامەی (خەبات)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، باڵەکەی مەکتەبی سیاسی لە دەرچوون بەردەوام بووەو تا ڕۆژی تێکەڵاوبوونەوەکەی پارتی لە ساڵی ١٩٧٠دا زیاتر لە (١٠) ژمارەی لێدەرچووەو زیاتر مامۆستا برایم سەرپەرشتی کردووەو نووسینی تێدا بڵاوکردۆتەوە.

٨- لەنێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٥)دا لە لەندەن-ی پایتەختی بەریتانیا گۆڤاری (چریکەی کوردستان)ی بە زمانی کوردی دەرکردووەو پاشکۆیەکیشی بۆ گۆڤارەکە بەناوی (صرخه كردستان) بە زمانی عەرەبی دەرکردووە.

### گۆڤاری "چریکەی کوردستان"
### دوابەرهەمی ڕۆژنامەگەریی مامۆستا برایم

سەبارەت بەم گۆڤارە گەلاوێژ خانی هاوسەری مامۆستا برایم بەمجۆرە بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دواوە، (لە دەربەدەری و ئاوارەیی لە لەندەن دەرئەکرا، بە دەستی خۆی تایپی ئەکرد و فۆتۆکۆپی ئەکرد و ڕێکی ئەخست، تەنیا بۆ بەرگ تێگرتن ئەینارده بازاڕ، هەموو ئەم کارانە هەر خۆی ئەیکرد، چونکی پارەی نەبوو لە چاپخانەکان بۆی چاپ بکەن).[٨]

چریکەی کوردستان، گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی بووە، یەکەمین ژمارە (١)ی لە تەمووز- ئابی ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە، ئەگەر چی شوێنی دەرچوون و ناوی لێپرساراوو سەرنووسەری گۆڤارەکە لە دووتوێی گۆڤارەکە باسنەکراوە، بەڵام دوای بەدواداچوون و زانیاری کۆکردنەوە دەردەکەوێت کە چریکەی کوردستان لە شاری لەندەن-ی پایتەختی بەریتانیا دەرچووەو لێپرساراوو سەرنووسەر و ڕاپەڕێنەری کاروبارەکانی چاپخانەی بەتەنیا مامۆستا برایم بووە.

بۆ زیاتر ناسینی گۆڤارەکە، لەهەر ژمارەیەکدا ناوونیشانی چەند بابەتێک دەنووسینەوە.

* ژمارە(١) تەمووز-ئاب/١٩٧٩، (١٠٦) لاپەڕەیە
- پێشکەش و سکاڵا. دەستەی نووسەران
- بژارکردنی زمانی کوردی.. تۆفیق وەهبی
- کورتە مێژوویەکی ناوچەی سلێمانی-ج.ک
- شۆڕشە پیرۆزەکەی گەلانی ئێران...برزوو
- فۆنیمەکانی زمانی کوردی.. کەمال فوئاد
- باوک و کوڕ (چیرۆک)...ب.ا.ر
- لەگەڵ چەند بابەتێکی تر...

* ژمارە(٢) ١٩٨٠
- لەماوەی دوو چریکەدا.. دەستەی نووسەران
- مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان.
- مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد، دکتۆر عەبدولڕەحمان

> "چریکەی کوردستان لە شاری لەندەن-ی پایتەختی بەریتانیا دەرچووەو لێپرساراوو سەرنووسەر و ڕاپەڕێنەری کاروبارەکانی چاپخانەی بەتەنیا مامۆستا برایم بووە"

قاسملۆ
- فۆنیمەکانی زمانی کوردی. د.کەمال فوئاد
- بڕیارێکی کورت (چیرۆک). غەسان کەنەفانی
- پرسەی شەهید (چیرۆک)...ب.ا.ر
- کورد و هەرای عێراق و ئێران...ک.ش
- لەگەڵ چەندان بابەتی تر
* ژمارە (٣)تشرینی دووەم، ١٩٨٠
- لەماوەی دوو چریکەدا.. شەڕی عیراق و ئێران، دیکتاتۆری عەسکەری لە تورکیا هەڵبژاردنی سەرەک کۆماری تازەی ئەمریکا
- کورد لە کۆڕی گەلە ئازاردراوەکانا.
- بەبۆنەی پەنجاهەمین بیرەوەری رۆژی رەشی شەشی ئەیلوولەوە
- رۆژنامەی کوردستان دەورەی سێیەم (١٩١٧-١٩١٨
- لەگەڵ چەندان بابەتی تر.
* ژمارەی (٤) کانوونی یەکەم ١٩٨٠
- کورد لای بێگانە، لە کوردستانی ژێر دەستی تورکیادا، خاکی گوم بووی کوردستان
- کوردستان و پرۆژەکانی ئیمپریالیزم، یادی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠
- لەگەڵ کۆمەڵێک بابەتی تر
* ژمارە (٥) تەممووزی ١٩٨٢
- هێرشە هیتلەرانەکەی بێگن بۆسەر لبنان
- عێراقی پاش سەدام
- سەرنجێک لە وتاری کۆمەڵگای کورد لە دەرەوە
- ئیسلام بۆ کورد ستراتیجیەتی تازە نییە.
- لەگەڵ چەندان بابەتی تر
* ژمارە(٧)تشرینی یەکەم ١٩٨٣
- عیراق و ئێران دوای سێ ساڵ شەڕ...م.د
- تورکیاو عیراق و ئێران گەلە کۆمەکی لە کورد دەکەن.
- کامەیە ئەرکی نووسەر و رووناکبیری کورد؟ وەرزێر
- کورد و ئۆتۆنۆمی...پۆڵا
- ئیسپانیاو نەتەوە جیاوازەکانی....شاسوار
- قوربانی تۆزی رێگەتم (شیعر) ئەنوەر قادر محەمەد
- سروودی رۆژی تازە (شیعر) فەرهاد شاکەلی
- گۆرانیەکانی دایکم دەبن بەچی (شیعر) خەبات.
- هیوا (چیرۆک)...س.خ.سمکۆ
- لەگەڵ چەند بابەتێکی تر..
* ژمارە (٨-٩)ئەیلوولی ١٩٨٥
- کورد و مافی چارەنووس دیاریکردن... دەستەی نووسەران
- شینی ئەدیبانی کورد...د.کەمال فوئاد
- چەند سەرنجێک لەبارەی وتاری (ستراتیژی سیاسی و سەربازی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردەوە) هێمن.
- شاعیری نەمر گۆران...هاوار
- مەسەلەی کورد و نەبوونی پاڵپشتی دەرەوە...ش. بەکر
- تاوانی تورک لەم سەدەیەدا
- رەخنەو بەربەرەکانی ناوخۆیی...م.د
- لەگەڵ چەند بابەتێکی تردا...

ئەمە دوا ژمارەی گۆڤارەکەبوو کە سەرجەم لەماوەی شەش ساڵدا (٩) ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکراوەو لە ساڵی (١٩٨١) تا ساڵی (١٩٨٦) توانرا پێنج ژمارەش لە گۆڤاری (صرخه کردستان) وەک پاشکۆی چریکەی کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە یەکەمین ژمارەی لە مانگی حوزەیرانی ١٩٨١ و دوا ژمارەش کە (٤-٥)لەمانگی ئابی (١٩٨٦)دەرچووە.

**"چریکەی کوردستان" بۆچی؟**

بۆ ئەوەی سووک و ئاسان لەوە بگەین کە بۆچی مامۆستا برایم دەستی بە دەرکردنی گۆڤاری چریکەی کوردستان کردووەو لە ئامانجەکەی بگەین وا چەند پەرەگرافێک لە وتارێکی بەرێزیان دەگوازینەوە کە لە ژێر ناوونیشانی (پێشکەش و سکاڵا) لە ژمارە (١)دا بە ئیمزای دەستەی نووسەران بڵاوی کردۆتەوە: (زۆربەی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە دەرەوەی وڵات هاوبیرمانن لەوەدا کە پێویستە شتێک بکەین بۆ یارمەتیدان و پێشخستنی خەباتی گەل و وڵاتەکەمان، رەنگە هەندێ کەس وابزانن کە ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە ئەمان بات بەلای پێکەوەنانی کۆمەڵ یا پارتی یەک دا، بەڵام نە نە دەرەوەی

وڵات شوێنی ئەم کارەیە نە دەشمانەوێ بە جەستەی ئەو کەسانەبین کە بۆ ئەوەی بەڕای خۆیان، خەڵکی لە فرە-زمانی یا دنیا لە فرە-دین و ئایینی رزگار بکەن چۆن زمان یا دینێکی گوایا گشتیی جیهانی یان دروست کردووە بێ ئەوەی هەست پێ بکەن کە بەم کارە لەوە بەوەلا کە ژمارەیەکی تر بخەنە سەر لیستەی دین و زمانەکانی جیهان هیچ ئەنجامێکی تریان پێک نەهێناوە، جا بۆ ئەوەی دووچاری ئەم حاڵەتە نەبین و بەبێ ئەوەی تەقەلاش بدەین رای خۆمان بەسەر خەڵکا بسەپێنین بە پێویستمان زانی کە بەر لە هەموو شتێک لەگەڵ کوڕە پاک و دڵسۆزە هاو ئامانجەکانمان دا بکەوینە گفتوگۆ بۆ دۆزینەوەی چاکترین رێگا بۆ یارمەتیدانی خەباتی گەلەکەمان، بەلام لەبەر ئەوەی کە سەبارەت بە جیاوازی کات و شوێنی کاروبارمان ئەوەندە لە یەکتری دوورین کە بە ئاسانی کۆبوونەوەو گفتوگۆکردنمان پێک نەیەت، دامان نا لە رێگایەکی کەوە بۆ ئامانجەکەمان بچین کە ئەویش دەرهێنانی ئەم گۆڤارەیە کە هیوامان زۆرە لاپەڕەکانی لەسەرێکەوە ببێت بە مەیدانی گلێرکردنەوەی بیروڕای رۆڵە دڵسۆز و پاکەکانی کوردستان لە دەرەوەی نیشتمان بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و لێکۆڵینەوەو رەخنەو گفتوگۆکانیان بۆ دۆزینەوەی ئەو رێگایانە کە بە گرتنیان دوور بە دووریش بێت بتوانین سوودێک بگەیێنین بە گەل و نیشتمانەکەمان و بەشێک لەو ئەرکە جێ بەجێ بکەین کە بە کوردی بوونمان خستوویەتیە ئەستۆمان، لە سەرێکی کەوە لاپەڕەکانی بکرێت بە مەیدانی تێکۆشان بۆ پێکهێنانی هاوکاری و هاوخەباتی لەنێوان هەموو کوردە پاکە دڵسۆزەکاندا، بەمە نەک هەر دەتوانین قەوارەو بایەخ و نرخی یارمەتییەکانمان بۆ خەباتی نەتەوەکەمان زیاتر بکەین، نموونەیەکی زیندووش دەخەینە پێشچاوی خەباتکەرە دڵسۆزەکانی کوردستان بۆ لەتواناداببوون و سەرگرتن و پرسوودی هاوکاری لەنێوانی هەموو ئەوانەی کە مەسەلەی رزگارکردنی جەماوەری کوردستان لەژێر دەستی و چەوساندنەوەو پارچە پارچەیی ئەخەنە ژوور هەموو شتێکی کەوەو دەسکەوتی جەماوەری چەوساوەی کوردستانیان لا لە هەموو دەسکەوتێکی تر لە پێشترە، بەم کارە ئەو پشتەش ئەشکێنن کە دوژمن بە ناتەبایی و یەکترکوژیمان بەستوویەتی لە حسابی بەرەنگاری کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان داو بە درێژایی مێژوو کەڵکی لێ وەرگرتووە.

جگە لەم ئامانجانە کە ئەتوانرێت بەهۆی گۆڤارەوە جێ بەجێ بکرێت ئەتوانین و ئەبێت تێبکۆشین بۆ ئەوەی گۆڤارەکەمان بکەین بەهۆیەکی نزیک بوونەوە لە گەلانی جیهانی بەدیاری کردنی شوێنی راستەقینەی بزووتنەوەی ئازادیی نەتەوەییمان لە بەرەی ئازادی و دیموکراتیی گەلاندا بە روونکردنەوەو ئاواڵەکردنی مەسەلەکەمان و رەوایی داخوازییەکانمان وەک گەلێکی پەل پەلکراوی لەلایەن چەند دەوڵەتێکی کۆنەپەرست و شۆڤینیستی سەر بە ئیمپریالیزمەوە دەست بەسەراگیراو لەگەڵ پیشاندانی رووی گەشی خەباتی دلێرانەی نەتەوەکەمان لەپێناوی مافە رەواکانی داو ریسواکردنی دوژمنە داگیرکەرە خوێنمژەکانمان بە دەرخستنی کرداری نامرۆڤانەو رەوشتی دڕندانەو جانەوەرانەیان بەرامبەر بە نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بەتایبەتی لەو بەشانەی دا کە ئاگری خەباتی تیا بڵێسەدارتر، یا دوژمنی تیا دڕندەو هارتر، یان هیوای سەرکەوتنی گەلەکەمانی تیا نزیکتر و دیارتربێت).

پاشان لە سێ خاڵدا چۆنیەتی پراکتیزەکردنی ئەو ئامانجەی پێشەوە کۆ دەکاتەوەو لە کۆتایی ئەم نووسینەدا نووسیویەتی: (ئێمەش بەم نیاز و دڵ و باوەڕەوە دەستمان کرد بە کار لە کاتێکدا کە لە دەست و قەڵەم و باخەڵ و گیرفانی ئێوە بەوەلا هیچ پشت و پەناو یاریدەدەرێکی کەمان نییە. لەوەش بترازێ کە گۆڤارەکە بژی و بەرەو ئامانجەکانی پێش کەوێت بە تەمای هیچ دەسکەوتێک نین و باوەڕێکی پتەویشمان هەیە بەوەی خۆشک و برا دڵسۆزە هاوئامانجەکانمان هەرچی یەکیان

لەم رووەوە لە ووزەدابێت درێخی ناکەن چ بە بڵاوکردنەوەو دەستگرتنی گۆڤارەکە، یان بەتیانووسین و رەخنەلێگرتن و هەڵە راستکردنەوەو رێ پیشاندان و ورەنانە بەربێت. تا "چریکەی کوردستان" چریکەیەکی خەڵک راپەڕین و دوژمن تۆقێن و دۆست پەیداکەربێت، ئیتر دەست لەناو دەست و پشت بەگەڵ...).

لەکاتی گواستنەوەی ئەم چەند پەرەگرافەدا دەقاودەق وشەو رستەو خاڵبەندییەکان نووسراونەتەوە تەنیا لە هەندێک شوێندا سووکە دەستکارییەکی رێنووسەکەی کراوە ئەویش، چونکە مامۆستا برایم بۆ هەندێک دەنگ و فۆنێم و وشە جۆرێک لە رێنووسی بەکارهێناوەو پێڕەو کردووە ئەمڕۆ بەکار ناهێنرێت و لە بەرنامە کۆمپیوتەرییەکاندا نییە، بۆ نموونە لەجیاتی (وو) بەرێزیان (و) نووسیوە لەجیاتی بنووسێت (دوور) (دور)ی نووسیوە، یاخود بۆ نیمچە سووکە ڤاولی (ی) نیشانەی (-) داناوە بۆ نموونە لەجیاتی بنووسێت (ئازادیخوازی) بەم شێوەیە نووسیویەتی (ئازادیخوازی).

مامۆستا برایم سووک و ئاسان مەبەست و ئامانجی لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی (چریکەی کوردستان)دا روونکردۆتەوەو بە ئەرکی خۆی زانیوە کە لە رەوتی خەباتی کوردایەتی دانەبڕێت و بە هەر شێوەیەک بێت خزمەت بە بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بکات، ئەم پێشەکییە وەڵامی ئەو بیروڕایانە دەداتەوە کە دەیانوت مامۆستا برایم چەند هەوڵێکی داوە بۆ دروستکردن و دامەزراندنی حزب و رێکخراوو کۆمەڵەی سیاسی بە ئاشکرا وشەی (نە )ی داناوە.

دەکرێت ئاماژەکانی نێو ئەم نووسینە بە بیروڕاکانی مامۆستا برایم بە رۆژگاری دوای هەرەسی ١٩٧٥ بدرێتە قەڵەم، کە هەوڵیداوە بە چ ئامراز و هۆکار و شێوەیەک لە خەباتی نەتەوەکەی دانەبڕێت، ئەمەو بێجگە لە رەچاوکردنی ژیانی تاراوگە کە ئایا چ شێوەو جۆر و شێوازێکی خەباتی پێویستە.

**"چریکەی کوردستان" یان "گەلاوێژ"**

گۆڤاری گەلاوێژ ساڵی ١٩٤٩ لە دەرچوون وەستاو وەک لە چریکەی کوردستاندا دەردەکەوێت کە مامۆستا برایم وا دیارە هەردەم لە بەرنامەیدا بووە کە یان گەلاوێژ زیندوو بکاتەوە یاخود بە هەمان کەرەستەی گۆڤاری گەلاوێژ گۆڤاری تر دەر بکات، ئەوەبوو دوای (٣٠) ساڵ لە وەستانی گۆڤاری گەلاوێژ توانی چریکەی کوردستان دەربکات بە بەراوردکردنی هەروو گۆڤارەکە دەبینین لە زۆر رووەوە لە یەک دەچن بەتایبەتیش لە ناوەڕۆک و تا ئاستێکیش لە فۆرمدا، لە ناوەڕۆکدا ئەگەر چریکەی کوردستان بۆ نموونە ناوی بگۆڕدرێت خوێنەر ئەوەندە هەست بە جیاوازی ناکات بەتایبەتیش لە بوارەکانی گرنگیدان بە زمان و ئەدەب و مێژوو بە هەمان هەناسەو شێواز کار لەسەریان کراوە، کە لەو رووەوە بێجگە لە گرنگیدان بە نووسین و دەقی خۆماڵی، گرنگی بە وەرگێڕانیش دراوە لە فۆرمیشدا خوێنەر ئەگەر وریا نەبێت لە بەراوردکردندا لە زۆر شوێندا کلێشەکانی گەلاوێژ لە چریکەی کوردستاندا دووبارەبوونەتەوە بۆ نموونە لەلاپەرە (١)ی هەردوو گۆڤارەکەدا یەک جۆرە کلێشە بەکار هێنراوە، تا لە شێوەی دابەشکردنی بابەت بەسەر لاپەرەکانیشدا یەک جۆرە کلێشە پێڕەوکراوە وەک (دیوانی گەلاوێژ) (دیوانی چریکە)، (چیرۆکی ژمارە- لە گەلاوێژدا) (چیرۆکی ژمارە-لە چریکە) لە دامێنی لاپەرە (١)ی هەردوو گۆڤارەکەدا ئەم دەستەواژەیە دووبارە کراوەتەوە (وە هەندێ باسی خۆشی تر دەخوێنینەوە) لە گەلاوێژدا، بەڵام لە چریکەی کوردستاندا بە هەمان چەمک و بە سووکە دەستکارییەک ئەو دەستەواژەیە نووسراوەتەوە، (ئەمانەو گەلێک باسی خۆشی تریش دەخوێنیتەوە) هەروەها لە بواری زمان و خاڵبەندی و رێنووس و وشەسازی دا زۆر لە یەکتر نزیکن و چریکەی کوردستان کاریگەریی گۆڤاری گەلاوێژی پێوە دیارە.

## ناوەڕۆکی چریکە

* مێـژوو: لـە هەر (نۆ) ژمارەکەی چریکەی کوردسـتاندا گرنگـی بـە بڵاوکردنـەوەی بابەتـی مێژوویـی دراوە، بەتایبەتیش کۆمەڵێـک بابـەت بڵاوکراونەتـەوە بـۆ بەرچـاو ڕوونی نەتەوەکەمان و جۆشـدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان.

* زمان: لا کردنەوە لە زمان و داڕشتن و مێژوو و کێشەی زمانەوانـی لە گۆڤاری گەلاوێـژدا ڕووبەرێکی فراوانی بۆ تەرخانکـراوە بە هەمان شـێوە لە چریکەی کوردسـتان-یشدا ئەو جۆرە بابەتانە بڵاوکراونەتەوە.

* ئەدەب: لە هەر ژمارەیەکدا چیرۆکێک و چەندان شـیعر بڵاوەکراونەتــەوە، چیرۆکەکان، چیرۆکی واقیعی و واقیعی شۆڕشـگێڕیی ژیانی کوردەوارین شیعرەکانیش بە هەمان شـێوە، لەو جۆرە شـیعرانە بڵاوکراونەتەوە تابنە ویردی سـەر زمانی ڕۆڵەکانمان، لە چیرۆک و شیعریشـدا دەقی وەرگێڕاوی ئەدەبی بەرگریـش بڵاوکراونەتەوە، هەروەها ناوە.نـاوەش چەنـد وتارێـک دێنـە بەرچاو کـە باس لە کێشـەکانی ئـەدەب و ڕۆشـنبیر و ڕۆشـنبیریی کـوردی دەکـەن، بـەڵام بەداخەوە دەقـەکان زیاتر ئـەو دەقانە کە پێشتر لە شوێن و کاتی تردا بڵاوکراونەتەوە.

* کـورد لای بێگانە: یەکێکـە لە دۆکۆمێنتـە بەنرخەکانی چریکەی کوردسـتان، کە بریتییە لە هەندێک لەو هەواڵ و وتار و نووسین و بیروڕایانەی کە دۆستەکانی گەلی کورد و خەڵکـی بێگانانە سـەبارەت بە کورد و خەباتی ڕزگاری کوردسـتان نووسـیویانە و مامۆسـتا برایم-یش بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاون و بڵاویکردوونەتەوە.

* وتاری سیاسی: لە هەر ژمارەیێکدا وتارێک یاخود زیاتر بڵاوکراوەتەوە لەوە دەچێت زۆربەی وتارەکان مامۆسـتا برایم نووسیبێتی و بە خوێندنەوەی وتارەکان بەرامبەر بە کێشـە کوردستانی و ڕووداوەکانی ئەوی ڕۆژی بیروڕای مامۆستا برایمان بۆ ڕوونتر دەبێتەوە.

* فۆرم لە چریکەدا

* بەرگ: لەسەر کارتۆن چاپکراوەو لە هەموو ژمارەکاندا نەخشەی کوردستان داندراوەو بەرەنگی ڕەش چاپکراوە، بـەڵام ڕەنگـی کارتۆنەکان گـۆڕدراون، نـاوی (چریکەی کوردسـتان) بە خەتێکی جوان نووسـراوە نازانم ئەمەش هەر مامۆستا برایم نووسیویەتی یان...نا، بەرگی دواوەش زانیارییەکانی بەرگی پێشـەوەیە، بەڵام بە زمانی ئینگلیزی هەروەها ناوونیشـانی چەند بابەتێک لـە بەرگی دواوەیدا کراوەتە ئینگلیزی.

* تاپیکـردن: زۆربـەی بابەتـەکان بەیـەک جـۆرە تایپ

> لـە هـەر ژمارەییێکـدا وتارێـک یاخـود زیاتـر بڵاوکراوەتەوە لەوە دەچێت زۆربەی وتارەکان مامۆستا برایم نووسیبێتی

تایپکراون، بەڵام لەوە دەچێت جۆری پیتەکانی تایپەکە تایبەتی بن، چونکە جۆرە ڤاولێک بەکارهێنراوە من لە تایپی تردا نەمبینیوە، زۆربەی ناوونیشانی بابەتەکان بەدەست نووسراون یاخود بە پیتی گەورە داڕێژراون.

* وێنە: ئەو ژمارانەی من بینیومە لەوە ناچێت زۆر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنەدابێت لە چەند وێنەیێک بترازێت ئەگەر نا وێنەی تر بە گوێرەی پێویستی بابەتەکان بڵاونەکراوەتەوە.

* دیزاین: چریکەی کوردستان لەسەر قەبارەی (٢١×١٤،٥)سم چاپکراوە، بابەتەکان زۆربەیان لەسەر ستوونی (١٠،٥)سم تایپکراون و بەسەر لاپەڕەکاندا دابەشکراون.

* چاپکردن: بەگوێرەی قسەکانی گەلاوێژ خان-ی هاوسەری مامۆستا برایم بۆ چاپکردنی گۆڤارەکە هانا وەبەر ئامێری کۆپی بردراوەو نەتوانراوە بە ئامێری چاپی ئاسایی لەشێوەی ئۆفسێت یاخود جۆری تر چاپبکرێت.

* پیتە قاڵبی (ئە): ئەگەر بە گشتی کوردستان وەربگرین زۆربەی کورد پیتە قاڵبی (دە...د) بەکاردەهێنن بەڵام نازانم پیاوێکی بەکردەوەو بە بیروڕا کوردستانی بۆچی هەوڵیداوە پیتە قاڵبی (ئە) فەرز بکات و لە نووسینەکانیدا خۆی ببوێرێ لە زۆرینە، تا ئەگەر وەک نموونە کوردستانی باشووریش وەربگرین تا ئێستا ژمارەیەکی کەم لە نووسەر و ئەدیبان پیتە قاڵبی (ئە) بەکار دەهێنن و زۆربەی پسپۆڕانی زمانیش لەگەڵ ئەوەدان کە لە نووسیندا پیتە قاڵبی (دە) بەکاربهێنرێت باشترە نەک (ئە) زمانزانێکی وەک تۆفیق وەهبی) لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ژمارە (١) ساڵی ١٩٧٣ بابەتێکی ئەکادیمی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە بەکارهێناوە ئەو لەگەڵ ئەوەدایە کە (دە) بەکاربهێنرێت باشترە نەک (ئە)، دەکرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان سوود لە رووبەرێکی بەرتەسکی زمانی مەحەلی ببینرێت، بەڵام ناکرێت و نابێت بەرنامە بۆ فەرزکردنی دابندرێت بەتایبەتیش بۆ نەتەوەیەکی لەت لەتکراوی وەک نەتەوەی کورد کە پێویستە کار بۆ زمانێکی یەکگرتوو بکرێت یەکگلاتوو لە نووسین و نووسراودا.

ئەو هەوڵەی مامۆستا برایم بۆ فەرزکردنی پیتە قاڵبی (ئە) لە جێگای (دە) دا ئەمڕۆ لە کوردستانی باشووردا تەنیا لە دوو دەزگادا کاریان پێدەکرێت، کە یەکێکیان دەزگای ڕاگەیاندن و چاپەمەنی خاکە کە هەم لە تەفزیۆنەکەیاندا هەم لە گۆڤارەکانیان لە (خاک) و (سیخورمە) و (پەپوولە) پێڕەوی بەکارهێنانی پیتە قاڵبی (ئە) دەکەن، لە تەلەفزیۆنی سەتەلایتی (کوردسات)یش بەهەمان شێوە (ئە) لەجیاتی (دە) بەکاردەهێنن.

### بابەتی هەڵبژاردە

بۆ ئەوەی ئاشناتربن بە زمانی پاروو بێ گرێ و گۆڵی مامۆستا برایم وا شیعرێکی شاعیری ئازەری (عەلی ڕەزا نابدل) دەنووسمەوە کە مامۆستا برایم لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ژمارە (١)ی چریکەی کوردستاندا بڵاویکردۆتەوە شیعرەکە لەژێر ناوونیشانی (کوردستان)ە.

"چ کەژو کێوێکی بەرز!
کام چەکمەی خوێناوی ئەتوانێت بەم چیا بەرزانەدا سەرکەوێت!
کام ڕاوکەری بێگانە ئەتوانێت ئاسکە شارەزاکانی ئەم ڕەزانە بەدیل بگرێت؟
ئێوارەیەکی خەفەتاوی مرۆڤێکی دیل بەدەس بەسراوەی نەپێکەنینێکی بەسەر لێوەوە نەگریانێک بەسام وەستاوە.
چ دۆڵ و شیوێکی قوڵ کە هاژەی قزل وەزان لە دەمی دا شیرین و ئاگرینە بە چەشنێکی وا کە ئەرژێتە خاکی ئێمەوە وەک داستان بێژی دڵ ئەگرین خەڵک چیرۆکەکانێتی.
جەنگەڵی بەڕوو بە بەرۆکی چیاکاندا هەڵکشاون، ئێواران هەر ماڵێک هەزار ئاوازی داستاناوی ئەخوێنێت، ئەو داستانانەی وەک لای لایەی دایکێک بە ئاوازیان کوردستانی جوان وردە وردە خەو ئەیباتەوە
کە ئەڕوانییە پێ دەشتەکان مەزاری سەوزی توتن وەک گوڵە زەمبەق ڕاخراوە
بەدرێژایی ڕۆژ کچان و کوڕان بە پانایی ئەو

دەشتە ئارەق ئەڕێژن
ڕەشماڵان لە کوێستان، شوان لە ناویا
بەشمشاڵ ئاوازی خوێناوی لێ ئەدا،
بە پەرۆشێکی ئەوەندە گەورەوە کە فەرهادی
لە باوەشی بێستووندا نقوقمی
خوێن کرد و گیانی هێنایە سەر لێوی شیرین،
کە شۆخی ڕۆژگاری خۆی و خونچەی
وڵاتەکەیەوە.
چ کەژ و کێوێکی بەرز! کام چەکمەی خوێناوی
ئەتوانێت پیاسەرکەوێت؟
ڕۆڵەی کوردی چاوگەش ڕاوکەری ئەم
ڕەزانەن، خۆشەویستییەکی ئەوەندە گەرمیش
لە دڵیاندا قوڵپ ئەدات کە داخ ئەباتە دڵی
سەلاحەدینەوە
وەک مرۆڤێکی داستانی دڵی دوژمن دا
ئەخورپێنێت.
چ کەژ و کێوێکی بەرز و چەسپیو! چ خەڵکێکی
سەر بەرز! دۆستی هەموان و برای ئێمە.
هاوڕێیانی چەند بە ئەمەک! ئەمەکێکی ئەوەندە
مەزن وەک تاشە بەرد لەناو بڵێسەی ئاگردا.

چ دۆڵ و شیوێکی قوڵ! چ ئاوێکی ئاگرین!
نزارەکان لەقەد پاڵی چیاکان ڕاکشاون
مەزاری توتنەکان دەشتەکانیان داپۆشیوە.
دەمە زەردی ئێواران
هەر مەلێک هەزار و یەک داستان ئەخوێنێت.
هەموو بە یەک جار ئەڵێن
ئەمەیە کوردستان! ئەمەیە کوردستان!
تا ئەو ڕۆژەی قزل وەزان هاژەو خورەی دێت
و ئەستێرەکان ئەڕواننە ژەوی بەروبومی
باخ و بێستانت، کە بەرەنجی شانی خەڵکی
تۆ هاتۆتە بەرهەم، هەر زۆر بێت، تۆش هەر
بژیت ئەی برای ئێمە کوردستان"
"قزل وەزان" کە لە دوو شوێنی دەقەکەدا
هاتووە ناوی ڕووبارێکە لە ئێران کە بە
کوردستان و ئازەربایجاندا تێ دەپەڕێت (قزل
اوزون)یشی پێ دەڵێن، شایانی باسە عەلی
ڕەزا نابدل-ی شاعیر ڕۆژی (١٣٥٠/١٢/٢٢)
بەرامبەر بە (١٩٧١/٣/١٢) لەلایەن ڕژێمی
شای ئێرانەوە تیر بارانکرا.

هەولێرنامەی کتێب

پەراوێز و سەرچاوەکان:
١- مەبەستم لەم کتێب و وتارەیە کە سەبارەت بە مامۆستا برایم-م نووسیوە:
ئەلف: نەوزاد عەلی ئەحمەد، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و ڕۆژنامەی خەبات. سلێمانی-٢٠٠٠
بێ: نەوزاد عەلی ئەحمەد، زمانی خەبات، زمانی مامۆستا برایم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٤٢١) ڕۆژی (٢٠٠١/٤/٨) لاپەڕە (٩).
٢- بۆ ئامادەکردنی ئەم ژیاننامەیە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
ئەلف: ئەحمەد شەریف عەلی: برایم ئەحمەد ژیان و بەهرەو داهێنانی، سلێمانی ٢٠٠٢.
بێ: جوتیار، کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، پاشبەندی ڕۆمانی: ژانی گەل، چاپی سوید-٢٠٠٢
٣- ئەحمەد شەریف عەلی، ئیبراهیم ئەحمەد ژیان و بەهرەو داهێنانی) لاپەڕە (٢٤٨).
٤- حوسێن محەمەد عەزیز، پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا، سوید ١٩٩٥، ل(٨٦).
٥- نەوزاد عەلی ئەحمەد، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و ڕۆژنامەی خەبات، لاپەڕە (٧٢).
٦- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٩٣٨-١٩٥٨، ڕۆژنامەوانیی نهێنی، بەرگی سێیەم/بەشی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤، لاپەڕە (٢٣٣).
٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٣٦).
٨- کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٠) ڕۆژی شەممە ٢٠٠٠/٥/٢٥.

# هەتاوی کورد

# و

# سەردەمی ڕاپەڕین

مەحموود زامدار

گۆڤـاری (هەتـاوی کـورد) قەفێکـی ئەسـتوور و یەکێکـە لەو گۆڤارانـەی کەبەر لە جەنگی یەکەمـی جیهانی و دوای جاڕدانی (مەشـرـوتیەت) لەشـاری ئەسـتەمووڵ و لە (تشرینی یەکەمی..)(١) ساڵی (١٣٢٩)ی ڕۆمی و لەلایـەن کەڵـە ڕۆژنامەنووسـی نەمـر و نەتەوەپەرسـتی کورد (عەبدولعەزیز بابان) و شانبەشانی دەسـتەیەکی ڕۆشنبیرو شاعیرو لێهاتووانـی کـوردی کوردسـتانی تورکیـا دەرچـووەو لـە چاپخانـەی (حیکمەت)یـش بـە قـەوارەی (٢٤×١٩سـم)و بـە هـەردوو شـێوەزاری کوردی و چەند لاپەڕەیەکیش بە تورکی بەچاپ گەیشتووە.

ئەم گۆڤارە سـەرامەدە لەو ساتە سامناک و تەنگەبەرەدا سەری هەڵداوە، کەبزووتنەوەی سـەرفرازی (کوردایەتی) گەیشتۆتە ئەوپەڕی هەڵچـوون و جۆش و خرۆشـەوەو، جۆرەها دەستەی سیاسی هاتۆتە دامەزراندن و جاڕی سەربەسـتی و رزگاربوونیان داوەو خەڵکیان لـە خـەوی غەفڵەت بێدار کردۆتـەوەو تین و تاویان داوەتە خوێنـی مەییوی لاوانی کڵۆڵی کوردەوە...!

ئـەو دانـە هـەرە دانسـقەو دەگمەنـەی کەوتە دەسـتم (٦،٥) شەش لاپەڕەو نیوی لێ بوەتەوەو ئەوەی لەلاپەڕە (٧-٨)یش دایە، بێ سـەر و بەرەو چ مانایەکی ئەوتۆ نابەخشێ..

تەنیا ناوی دوو نووسەری هەردوو وتارەکە (ج.م.ج)و (زەهاوی زادە)ی لەسەرە..! وەک بۆم ساغ بوەوە ئەم ژمارەیەی لەمەڕ مندایە ژمارە (٣) و بەرواری کانوونی یەکەمی ساڵی (١٣٢٩)ی لەگەڵ خۆیا تۆمار کردووە..! جا نازانم ئەو گۆڤارە حەفتەیی بووە یا مانگانە یا دوو حەفتانە، یا هەر تەنیاو بەس ئەو (٣) ژمارەیەی لێ دەرچووەو هیچی تر..!؟ بەڵام بەبەراوردێک و بەرابینینێک و دەرەنجامێک وەک لەنێو نامەیەکی تورکی نێو ئەو گۆڤارەیە، ئەوەشم بۆ ساغ کراو دڵنیابووم کە (مانگانە) بووە. کە لە پاشا بەوردی باسی لێوە ئەکەین.

ئەمەیان وا. لەلاپەڕەی (٩)ی ئەو گۆڤارەدا نامەیەکی پڕسۆزی (تورکی) و بەهەست و هەواو ژانێکی قووڵی (کوردایەتی)یەوە لەلایەن قوتابیانی (مدرسە الزهراء الرشادیە) ناوێک نێردراوە تێیدا گەلێ ئامۆژگاری و راوو سەرنجی رۆشنبیرانە هاتووەو لە ئەنجامیشا پیرۆزبایییەکی گەرمییان لە دەرچوونی (هەتاوی کورد) کردووەو دەڵێن:

(جێی داخ و خەفەتە کە رێنمایی و ئامۆژگاری موسڵمانان، ئامۆژگاریی دینی و دنیایی پشت گوێ بخرێ و باروچۆنیەتی ئەو شتانە کە خەڵک بەرەو کلکە لەقێ و دووبەرەکی و لێک دابڕانیان دەبەن، جگە لە گولمەزو پێکەنینێکی خەماوی دوژمنانە نەبێ، بە چ کارێکی دی بەسەر نابەن:

(سریع الی ابن العم یلطم وجهه ولیس الی راعی الندی بسریع).

بەڵێ: کە توانامان و دەستمان بەسەر دوژمنا نەشکێ، ئەوا ئەو توانایە بەسەر یەکتریماندا خەرج ئەکەین..! لە زەمانێکی سەیردابن و دەژین، کە سەیری هەرکەس و هەر (مورشید) و هەر (موجتەهید) و هەر (سیاسی) یەک دەکەیت، خۆی بە پیاوی چاک و رەند و مەرد و ئەوانەی تر بە بەدکار و خراپ دێتە بەرچاو. گەر ئەم بارە وابێ کار چۆن پێک دێ..؟

میللەتانی دی کەوازیان لە قسەی پڕوپووچ و رووت هێناوەو روویان کردۆتە (کار) تادێن بەرەو ترۆپکی بەرزی و بەختەوەری سەردەکەون...!

بەڵێ: ئەوەی میللەت وریا ئەکاتەوە، پێویستە خۆی وریاو بەئاگابێت، تا دووبەرەکی و لێک ترازان و ململانێ روونەدات..!

ئەی دەستەی بەڕێوەبەری بەڕێزی هەتاوی کورد:

ئێمە، سەراپای کوردان شوێن پێی رێڕەوی بەرزی ئێوە هەڵئەگرین و سوپاستان ئەکەین.. خوای مەزن دەست بە باڵتانەوە بگرێ...).

(لە شاگردانی قوتابخانەی زەهرای رەشادییەی وان: (عبدالمجید).

دوا بەدوای نامەکە، گۆڤارەکە لە پەراوێزدا وریای کردونەتەوە کە لە ژمارەی (داهاتوودا...!؟) وەڵامی ئەوان لەلایەن نجم الدین ئەفەندی کەرکوکییەوە دەدرێتەوە(٢).

لەلاپەڕە (١٠-١١)شدا بەناوی (بووژانەوەی کوردان) هەمدیس وتارێک بە (تورکی) و بە بیرێکی فراوان و پێشکەوتنخوازی ئەو دەوروزەمانەو بە بۆنەی دەرچوونی گۆڤاری (بانگی کورد) لە بەغدا نووسراوەتەوەو تێیدا باسی ژیانەوەی کورد و راچەنینی نەتەوەیی کورد ئەکات و لەبڕگەیەکیان ئەڵێ: (لە پایتەختدا کۆمەڵەیەک بۆ خوێندکاران، لە شاری (وان)دا قوتابخانەیەکی تازە بابەت و لە بەغدا (بانگی کورد) دواتریش هەر لە (وان)دا، دەسکردن بە دامەزراندنی رۆژنامەو چاپخانەیەک(٣)، هەموو ئەم دەزگا کوردیانەش بۆ پەرەپێدانی مێژوو و بۆ سەرەتایەکی نوێی ئەو مێژووە..! ئێمە کە ئەمانە باس دەکەین، لە پاڵیدا لەوپەڕی بەختەوەری داین و دڵمان شاد، چونکە هیواو سووربوونەوەیەکی ترمان پێ دەبەخشێت. هیوایەکی پڕ لە هێز و هەرەنگمان بۆ دەڕەخسێنێ..! هۆیەکی تریش هەیە کە دڵمان پڕ دەکا لە شانازی و متمانە بەخۆکردن، ئەویش ئەو وریابوونەوەو راپەڕینە بەجەرگەیە کە لەنێو میللەتانی موسڵمان سەری هەڵداوە. بۆ یەکەمجار لەنێو ئەو گەلانەی دەرەوەی عوسمانلی دا روودەدات، لەوێوەش بۆ بەشە عوسمانلیەکانی تر پێ هەڵدەگرێ و بەرەو ناوچە موسڵمانەکاندا تەشەنە ئەکات، وەکو


— ١٧ —

(بو کورەکان کرد)

دنیا کە مقامیکە دبی رولە فنابی
ساوکەزور مردەکە مشغول سخابی
درحق بەنی آدم واعدای ولاتی
ولکحاتم ووك رستم ووك برق سمابی
ای صاحب جاه وکرم مسند وتمکین
شکرانە ام نعمتە چاوشالە کدابی
املاکە بە ، قدرەبە ، حرمة بستە
بانوبت جاب نظرخالق خدابی
کوتونیە ازیرباربلای جهل وعطالت
باهمت ایوە سبب دفع بلابی
ملت هموی جوتوبەبی قوتورشوروت
ماکینە بوبینە هتاکلی روابی
سختە هموبان سختی بی نان کتابی
باب نەـ دس ایوەك بی
باقی نیەام حشمة بوتولە جهاندا
هرچاکە واحسانە کواشهرتی بی
محتاج دسی ایوەیە امقومە فقیرە
چاوتان لەدوابی لەوفابی لەسفابی
خیرتکە لەبوملت دولت نیە غافل
نفعی چیە استون دوارت لەسابی
وقت سزوغیرتە انداللە کیندان
امروکە هواصافە دوچاوت لەدوابی

شایانیە لی
ژیور

قصیدة رحمتی حاجی عبدالقادر کویی

ادبا : چاکە لیم نەبن درهم
لەقصە ولم حکایتی دبکم
، ادعای هرضایعیکی بکن
تاکە نەی چین امتحانی نکن
بی دلین حیلە بازو کذابە
شیخ بی خارجە لەدام بابە
خانقاو تکیە شیخیان بکسر
بیم بلین نفعیان چەبوا خر
غیرتعابم تنبلی کردن
جمع املاك وخزنە داکردن
دفعەیك امتحانیان ناکن
بی دبکن زهرە یانەتریا کن

ئـەوەی لەنێـو بـرا تـورک و عەرەبەکانماندا دیارە...!

لەپاڵ ئەمەشـدا، بەوپەڕی سوپاسگۆیی و سەرفرازییەوە دەڵێین:

کە ئەم شـوێنەوارەی ژیانی عوسمانلییە، لـە کـوردەواری دا لـە (کوردایەتی)یـەوە هەڵقـوڵاوەو هەڵدەقوڵـێ و لێـرەوەش بەناو کوردەکانـی ئێران و روسـیادا بڵاودەبێتەوە، نیـاز خوازین ئەو ناوچـەو هەرێمانە بەهێزی رۆشـناییەوە روونـاک بکاتـەوە بیگـرێ، هـەر بەمەشـەوە عوسـمانلیەتی و جیهانـی کـوردەواری سـنگی خـۆی دەردەپەڕێنێ و خـۆی پێـوە ئەڕانـێ و لەماوەیەکـی کەمـدا سەرانسـەری ئـەم ناوچەیـەو سـەرکەوتنی تـەواوی رەوشـتی کوردایەتـی هەسـت پێ دەکەیـن، کەڕاپەڕینـی مـەوداو مەیدانێکـی گـەورەو فراوانمـان پێشـکەش دەکا. (ان مع العسر يسرا) وەک لەسـەرەتاوەش باسمان لێکرد، دەڵـێ ئێمە پڕ لە ئومێـدەو هیوادارین خۆری راپەڕین و کامەرانی ئاسـۆکەی کورد روونـاکتـر بکاتـەوە.. ئێمـە بە دڵێکـی پاک و ویژدانێکـی روونـەوە، ئەم چەنـد دێڕانەمان نووسـی، تکاونزا دەکەین بەرەنگێکی تر لێک نەدرێتەوە بڕوا بەدڵسۆزیمان بکەن...).

* * *

لەلاپــەڕەی (١٢-١٣)شــدا بەخامــەی (أ.ج.ڕەزا. درەســیمیلی) وتارێکــی ئاگریــن و بەزمانــی (تورکی) لــە بــارەی کوردایەتی و گیان و سەرهەڵدانی هەســتی نەتەوایەتیەوە، تۆمار کراوەو ئەڵێ:

(بــرام: ئــا ئــەو دەمــە، چیــا تاریکەکانی کوردســـتان بە ڕووناکــی و ڕێچکۆڵەکانی بە ڕەنگی زومڕووت و شارە وێرانەکانی ئاوەدان دەبێتەوە..! ئەمڕۆ لە نێو شارستانێتی سەدەی بیســتەمداین، گــەر ئێمەش بــە لێهاتوویی کە شایانی ئەم سەدەیە بێت و سوود لەم چەرخە وەرنەگرین و بە چەکی زانست خۆمان پڕ چەک نەکەین کە شــیاوی ئەم چەرخە بێت، دڵنیابن ناگەینــە مەنــزڵ و ڕزگاربوونمان دوور..! جا تێگەیشــتی کە چۆن هێزی مــاددی و زۆریی (کەســانی) میللەتێــک، پاســەوانی حکومەتی میللەتێکــی پێ ناکرێ. بیری فــراوان و بزۆز، مێشکی ڕەسیدەو پێگەیشتووی پێویستە.

ئێوە بزانن من چۆن بۆی ئەڕۆم و چۆن بیر دەکەمەوە.. لەوانەیە هەندێ پێیان ناخۆش بێت و ناڕەحەت بن، بەڵام قەیدی چییە باوابێ. جا گەر دڵێک بە خەون و ئەندووی نیشتمانەوە لە لێدان دابێت لەچی دەترسێ، ئەمڕۆ من ئەمەم لــە کوردەکان دەوێ، حاشــاکی نەک هەر من بەڵکو پێداویستی ئەم سەردەم و ئەو چەرخە ئەمەی گەرەکە..! با زەنگینەکان کیســەکانیان واڵا بێت، ڕووناکبیرەکان خامەکانیان لەدەست بێــت، نەدار و هــەژارەکان هەوڵ بدەن و کار بکەن، هەوڵ و تێکۆشانێکی وا کە هەژارەکان دەوڵەمەند و ڕووناکبیرەکان زاناو دانشــمەند بــکات، لەســەرووی هەمــوو دادگایەکــەوە، دادگایەکی مەزن و لە ژوور گشت داخوازێکە دادخوازێکــی یەزدانیی هەیە، کە ئەمەش نابێ فەرامۆش بکرێت..! براکانم، بڕوانن (دەرسیم) کــە زانگەو زێدمە، لــە بیرو زیرەکی و ئازایی و جوامێریــدا بــێ هاوتایــە، کەوابێ برایانی تریــش، کە هــاو ڕەچەڵەکانیان ئەو ڕەوشــتە بەرزانەیان هەیە، کەچی چار چییە، تا ئێســتا وەکو عەرزم کردن کوردســتانیان پێ ڕزگار نەکــراوە، چونکە کوردایەتــی لەنێو نەزانی و دواکەوتندایە. با هەمدیس دەرسیم بگرینەوە، چەندیــن جــار ئەم دەرســیمە بۆتە شــانۆی مەرگەسات و هەروا شانازی و سەربەرزیی، ئەمانــەم بەبیــردا دێتــەوە، گــەر بێــت و لێی وردبینەوە، ئەو سەربەرزی و شانازییە تاکێکە لە نموونەو ڕەوشتە ڕەسەنەکەی کوردایەتی، ئەو کارەســاتانەش چاڵی ئەوسەرەتایەیە کە کوردایەتی تێیدا نوشوستی هێنا، ئەمانە چەند ڕاستییەکی تاڵ و ناخۆشن، چەند نموونەیەکی کاریگەرن، بەڵام داخ!

لــە ڕەشــووڕووتی خەڵکــەوە تــا پیــاوە گەورەکانمان، لەهەژارمانەوە تا زەنگینەکانمان، سەرتاپایان لەنێو خەوێکی قووڵ و بێ ئاماندان، خەوێکی وا کە ئەنجامەکەی مەرگ و مردنە..! دەســا بــرام من وەهــای بۆچووم، خۆیشــم بــەم چەشــنە بیروڕایانــە بەڕاســت دەزانم.. من کوردێکی بێ دەســەڵاتم، بێگومانیشــم کە کەســانی تــر هەن لــە ئێمە چاکتــر بیری لێ بکەنــەوەو ڕووناکبیری لە ئێمە ســەرپەڕ تر و لە ئێمەش زیرەکتر هەیە..! بەڵام مەبەســتی من سەرکەوتنی ئێوەیەو ڕێ خۆشکردنێکە بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ بیرێکی ورد لــەم ســووچە بکەنەوەو بە گورجیی هەولێک بدەن..

ئازیزەکــەم: بــا ئــەم نووســینەم کــورت بکەمــەوەو بڵێم: بەنیازێکــی پاکەوە هەوڵدان، هــەروا پێشــاندانی مێرخاســی و بەرگەگرتن و ڕابــەری ویژدانتە.. تاد. ئەمانە ئەبنە مایەی سەرخســتنی کوردایەتــی و هــەر ئەمانــەش کوردســتان ئاوەدان دەکەن...ئیتر ڕێزم بۆت هەیە براکەم..!!

(ا.ج. ڕەزا دەرسیمی)؟

لەلاپــەڕە (١٤-١٥)شــدان بەســەر نــاوی (لەخــەو هەســتن) و بەنــاوی (م.م. دیــار بەکری)یەوە وتارێکی یەجگار یەجگار شیرین و بەتــام و کام و قــووڵ و بەرفــراوان و بــە (تورکــی) هاتــووە، کــە بــە شــێوازێکی زۆر جــوان و ســەرپەڕی (پەخشــانی هونــەری تورکی) نووسراوەتەوەو داوا لەگەلی (کورد) ئــەکات و بەزریکەو زایەڵەیەکــی خەمگینەوە ڕووبــەڕووی ئەبێتە، وەتا لــەو خەونە بیدار بێتــەوەو ڕووبکاتــە ڕێــی ڕزگاری و مافــی ڕەوای خۆی، وەک گشــت گەلانی ڕاچەنیوی



اشعار مرحوم نالی

دل‌سیاسنك تبی ، مائل خاك وطنه — خال لعل حبشی ، ساكن بردیمنه
برچم سنبل وقد قضیب البانی ... — زلف بهلولی وخط زنگی ووجه حسنه
عات مظهر جان آیت اعجاز بیان — لب‌روح ودهن سر كلام عانه
روشنی دیده‌بآن سانه‌كه مزدهٔقدمی — روشن دیدهٔ عمدیدهٔ بیت‌الحزنه
دیت لخوینم مده‌آلوده‌مكه‌دامن‌پاك — خوین من نابته باطل نیه وك رنك خنه
وه‌كوكل اشی ، غملیوبه‌برك جن — قامتی ناربره ، ناردره ، نارونه

دل‌نالی كه‌ایس قره‌داغه ، ایستاش
داغ سرجاوه و دیوانهٔ داروودونه
دیسان ای‌وبه

سرمایهٔ سوداكه دلین‌ذلف دوتایه — هریعش ونابیكی صدآشوب تیدایه
بیده‌بدلم ، شیفته‌بوشیفته چاكه .. — یخه مل ، امقیده بدیوانه روایه
اوخال‌دره ، مسكن‌صدساله شاید — جاری لەدم توبه بیم: سلك بوفایه ...
ذلفت سیه دل‌بمدارت كه‌دسرتی — سوج شوم واقاتل پروانه جرایه

نالی‌كه وقاری نیه : بی‌باكه له‌خلكی
صوفی‌كه سنگین هیه عجب وریایه
دیسان ای وبه

ذلفت‌بقدت‌دا ، كه پریشان‌وبلاوه — بوجی لمن شیفته آلوز وبداوه
بوجی‌نكریم ، صدكرتم دل‌دشكین — می ، بونریزی شیشه لصدجیكه شیكاوه
هرچندكه روشم بخداماتل‌رو تم — بی‌بركه علتكه هتیو میل هتاوه
هرجوكه وجی‌كی كه‌واسور وسوربی — بی جوشش كریان منه خوینه رزاوه
سوز دله باعث ناوكل كریان — معلومه‌كه اكر سبب جوشش آوه
بوبی‌فائده‌یه منع من ایستاكه له كریان — بوعاشق بیچاره‌دوام آوه رژا ،

ئەوسای رۆژهەڵات و لە بڕگەیەکیا ئەڵێ:
(ڕاپەڕە لەخەو بێدار بەرەوە ئەی برای کوردی ستەمدیدەم، بەئاگا وەرە، تا ئێمەش ئازادبین، تا فرمێسکی چاومان بسڕینەوە، تا ئاگری نێو دڵمان دامرکێ و بەختمان چارەسەر بکرێت..! ئەبێ قۆناغی سەرکەوتنی رۆژهەڵاتیمان بە شەمەنندەفەری رۆژئاوایی و بە فڕۆکەی ئەوانەوە ببڕم. تا).

* * *

بەناوی پیرۆزبایی کردن و دەرچوونی (هەتاوی کورد) بەناوی قوتابیانی (حقوق)ەوە لە لاپەڕە (١٥)دا هەمدیسی نامەیەکی یەکجار بەسۆزو گڕگرتووی کوردانەو بەزمانی (تورکی) رەوانەکراوەو ئەڵێ:
ئەو نەتەوە کوردەی کە لەبەر رەوشتی بەرزو جوامێری و ئازایی زگماکەوە مێژوو رێزی لێ گرتووە، ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی لە مەیدانی نزمی و دواکەوتن دایەو حاڵ و بارێکی ئەوتۆی پێ بەخشیوە کە شایانی غەم و خەفەت خواردنە.. تاد.
ئەو شوێن و ناوچانەی کە کوردنشینە، رێک و پێکی بخەرە لاوە، وەکو سادەترین کۆمەڵێک تەنانەت قوتابخانەیەکیشیان نییە..!! بێگومان ئەم نەخۆشییە خراپترین پەتای نەخۆشی کۆمەڵایەتییەو تا ئێستا بەداخەوە

بۆ چارەساز کردن دکتۆرێک چارەیەکی وای بـۆ نەدۆزیتـەوە. ئەمـڕۆ بەجێهێنانـی کاری ئـەو دکتۆرییـە بـە ئێـوەی لاوی ڕووناکبیر سپێردراوە، وەکو ئەرکێکی گەورەی ویژدان، ڕاپەڕاندنی ئەو هەنگاوانەی کە ئێوە دەیهاویژن، ناوێکی نەمرتان پێ دەبەخشـێ بە بۆنەی ئەم ڕێگاگیرییەی ئێـوەوە پیرۆزباییتان لێ ئەکەم و تکای ئەوەشـتان لێ دەکەم کە پێش هەموو شـتێ، بۆ ئەو زمانە کوردییـەی کە خزمەتی نەکـراوە ڕێزمانێکی بۆ ڕێک بخرێت، ئەمەیان پێداویستییەکی خێراو بەجێیەو بەهیچ جۆرێ نابـێ دوا بکەوێـت، ئینجا زانسـت و هونەرو پیشەسـازی پێـش خسـتن، ئـا ئەمـە دەبێ ئەرکێکی سەرشانتان بێت..

(- م.ع. مەحمود – خوێندکارێک حقووق-)

لەلاپەڕە (١٦)ش و بـە بەرواری کانوونی یەکەمی سـاڵی ١٣٢٩و لەلایەن سـەرژمێری شاری (ئاینتاب)ەوە، حاجی حەسەن تەحسین سـێوەرەکی، نامەیەکـی زۆر بایەخـداری بە (تورکی) بۆ دەسـتەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە ناردووەو گەلێ شـتی تێدا ڕوون کردۆتەوە، لەوانەیـش: داوای ڕووکردنـە زانسـت و پـەروەردە کردنی منداڵانی کوردی کردووەو جاڕی کردنەوەی قوتابخانەی لەسەرانسەری کوردستانا دواوەو برگەیەکیا ئەڵێ:

(لەژمارە (٢)ی گۆڤـاری هەتاوی کوردی ڕۆژی (٢١)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٣٢٩دا، ئەو وتارەی کە بۆ زانایانی کورد نووسـراوە لـە تەک وتاری مـەولان زادە ڕەفعەت بەگدا، بەوپەڕی ڕێزەوە خوێندمەوە. لەنێوانی لاوانی کـورددا خامەی ڕووناکبیرانـە هەیە، لە تەک ئەمەشـدا ئیمـڕۆ پێویسـتی کوردسـتان ئەو نوقسـانی و کەموکوڕییە بە تەمەنەیە، کەپێی دەوتـرێ: (پاشـکەوتن). دەردێکی زۆر کۆنی کوردسـتان هەیە کەهیچ مۆرڤێـک نییە ئەمە نەسەلمێنێ، ئەویش:

پێویسـتە کـوردەکان زیاتـر بایـەخ بـە زمانەکەیان بدەن. لە شارەکانی کوردستان، لە شـاخ و چیاکانی کوردستان کۆمەڵانی خەڵک چاوەنواڕی کردنەوەی قوتابخانەن...

تـاد مـن وەک کوردێک، تکا لە دەسـتەی بەڕێوەبـەری هەتـاوی کـورد دەکـەم، ئـەم داخوازییەم بۆ بخرێتە بەرچاو..!

لەلاپەڕە (١٧)شـدا (سـلێمانی زیـوەر)(٤) قەسیدەیەکی بەشێوەزاری سلێمانی و بەناوی بـۆ (کوڕەکانـی کـورد) بڵاوکردوتـەوەو کە ئەمەی ئێرە دەقی تەواویەتی:

دونیـا کـە مەقامێکـە دەبـێ ڕوو لـە فەنابێ
سائەوکەسە زۆر مەردە کە مەشغوڵی سەخابێ
دەرحـەق بەبەنـی ئـادەم و ئەعدایـی وڵاتی
وەک حاتەم ووەک ڕۆستەم ووەک بەرقی سەمابێ
ئەی ساحێبی جاهو کەرەم و مەسنەدو تەمکین
شـوکرانەیی ئـەم نیعمەتە، چـاوت لەگەدابێ
ئەملاکە بەستە، قەدرە بەستە، حورمەتە بەستە
با نەوبەتـی جەلبی نـەزەری خەلقی خودابێ
کەوتوینەتە ژێر باری بەڵای جەهل و عەتاڵەت
بـا هیممەتی ئێـوە سـەبەبی دەفعـی بەڵابێ
میللەت هەموو بێ جووت وبەبێ قووت ورەشوڕووت
ماکینەیـی بـۆ بێنـە، هەتـا کامـی ڕەوابـێ
سوختە هەموویان سەختن و بێ نان و کیتابن
بابـی (نصـر) بابـە دەسـی ئێـوە، کرابـێ
باقـی نییـە ئـەم حیشـمەتە بۆتـۆ لەجیهاندا
هەرچاکەو ئیحسـانە کەوا شـوهرەتی چابێ
موحتاجی دەسـی ئێوەیە ئـەم قەومە فەقیرە
چاوتـان لەدوایـی، لەوەفابـێ لـە سـەفابێ
خێـرت کە لەبۆ میللەت و دەوڵەت نییە، غافیل
نەفعی چیە ئەسـتوونی دەوارت لە سـەما بێ
وەقتـی سـەرو غیرەتە، ئەعدا لـە کەمین دان
ئەمڕۆکـە هـەوا سـافە، دووچـاوت لەدوابێ

* * *

(ئودەبا چاکە لێم نەبن دەرهەم – لەم قسەو لەم حیمایەتەی دەیکەم) قەسیدە ناودارەکەی حاجـی قـادری کۆیی یەو لاپـەڕە ١٧-١٩)ی گرتۆتەوەو بەسەر ناوی (قەسیدەی ڕەحمەتی حاجـی عەبدولقـادر کۆیـی) تۆمـار کراوەو بـۆ یەکەمجاریش بڵاوبۆتـەوە. جیـاوازی قەسیدەکەی ئێرەش لەگەڵ دیوانی پوختکراوو چاپکراوەکانـی حاجـی دا (گیـو – شـارەزاو میران) وا کەوتەوە(٥):

ئودەبـا: چاکـە لێـم نەبـن دەرهـەم

لەم قسەو لەم حیکایەتەی دەیکەم
ئیددیعای هەر سەنایعێکی بکەن
تاکو نەیبینن ئیمتیحانی نەکەن
پێی دەڵێن حیلەبازو کەززابە
شێخ نەبی خاریجە لە ئەم بابە
خانەقاو تەکیەو شێخیان یەکسەر
پێم بڵێن نەفعیان چ بوو ئاخر
غەیری تەعلیمی تەنبەڵی کردن
جەمعی ئەملاک و خەزنە داکردن
دەفعەیەک ئیمتحانیان ناکەن
تێ بگەن زەهرە یانە تریاکن
دەمەححەکی بدەن ئەگەر وەکو زەر
تێدەگەن ڕێگرن وەیا ڕەهبەر
شێخ ئەوانەن دەشێخییان لادا
هیچ کەس ڕەزقی هیچ کەس نادا
ئەی خەریکی ڕمووزو نازو نیاز
ئەوروپا فەننی گەییوەتە ئیعجاز
قوللەیی ئیڤلی لە ئەفلاکە
عەکسی ئەو گەردشی دەژێر خاکە
یەعنی ژێر ئەرۆزی دەبن دەریا
کوورەیی ئەم زەمینەیان پێوا
خاتری تۆ بێ چوونە جەووی سەما
قسەیێ ئەمڕۆ دەیگرن لەزوبان
ساڵی تر بۆت دەکەن بەبێ نوقسان
سەدو پەنجا لوغەت زیادە دەکەن
ساڵێ بۆ ناوی سەنعەت و بۆ فەن
تۆش وەرە فەننێ فێربە جاوە
کفرە یەختییە وەیا جاوە
چینی ئاتەش پەرستن ئێستاکەش
گەبرلای بێ دین و هیندووی ڕوو ڕەش
بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمەین
(اگلبوا العلم ولو كان بالصين)
لازمە خولی بخۆی وەک بەرداش
کوللی قەرنێک دەگۆڕێ ئەمری مەعاش
هەرچی بێ بەهرەیە لە کەسەی کەماڵ
دەبتە دەروێش و مارگرو حەممالْ
تەنبەڵی کاری حیزو بێ خێرە
دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە
ئەهلی جەننەت نەشوان و گاوانە
جوتیارو سەپان و (خەرمەسانە)!؟
لە حەدیسا هەیە حەبیبی خودا
گوتی: الكاسب حبيب الله
موسحەفی خوایە عالیمی برسی
بەدوو نانی دەدات و ناترسی
صوفی وەک تیشنە بوو لە زیکری هەتاو
سەد نوێژی دەدا بە کاسەک ئاو
شیعە وەک تیشنەبوو لەسینە زەدەن
بەدوو قەترە درا حوسێن و حەسەن
فایدەی گەر بدایە زیکرو دوعا
دەبووە قاڕوون گەدایی سەر ڕێگا
بەقسەی موخبیرو موئەریخی کۆن
میللەتی چینییە چارسەد ملیۆن
سەربەسەر دەوڵەتی هەموو ژاپۆن
زۆر بە زەحمەت دەگاتە سی ملیۆن
ئەهلی ژاپۆن بە فەن و سنعەتی چاک
سەیری چۆن چینی گرت و کریە خاک
ئیتیحادی بە ئیتتیفاقی ئەنام
سوپەرە بۆ حەوادیسی ئەییام
کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن
پێکەوە پووش و ئاگرو نەوتن
بێ ئەگەر دەستی یەکتری بگرن
وەک سکەندەر هەموو جیهان دەگرن
خواردن و سەتری عەورەت و سوکنا
باعیسی ژینە بۆ گەداو پاشا
حاڵەتی وایە چی لەسەر خاکە
غەیری عیسا، کێ لەئەفلاکە
ئەو هەموو مەدحی بادەوو دولبەر
نووسراوە لەسەد هەزار دەفتەر
وەکو خەمسەی نیزامی یی گەنجە
کە لەلای خەڵقی کیمیاو گەنجە
سەدیەکی پاشا شیرن و فەرهاد
بەکۆتایی دێ، مەعاش و موعاد
ئێستە میللەت دەبوونە ساحیب جاە
یانە هەمتای (اولياء الله)
حەیفە بۆ مەردی ساحیبی تەمییز
هێندە باسی مەکانی پیس و مییز
کێ دەڵێ کوردەکان بە ئیدراکن
بەسە ئەم نەقسە، گوێ لەمن ناکەن
لە قسەی ساغی من خەلەل دەگرن
واهیمەی شێخەکان لەدڵ دەگرن
ئەوی موحتاجی نان و پیوازە
یا هەتیوبازە، یانە مێبازە

ئەو کەسەی دەوڵەمەندەکی چاکە
بەندەیی. ناپاکە
عیشقبازی و هەوای دەرویشی
میللەتی خستە فەقرو بێ ئیشی
هەموو مردووی میان سمتی خرِن
بەیتی مەدداحیان بەجان دەکرِن
بەیتی من چونکە کەڵکیان دەگرێ
لە غوربەتی و بێکەسی دەمرێ
تا لەژێر باری دیان نەمرن
زەحمەتە قەدری بەیتی من بگرن
یانە وەک ئەهلی مەغریب ئێستاکی
چییە ناوت؟ دەڵێ: خریستاکی
باوکم (ئەحمەدە) بە فیکرم دێ
خەڵقی لادێ بو، دایکم (فاتێ)
رۆژی ئەووەل لەبەندەوو ئازاد
خزمەتی خەڵقە قیسمەتی ئەکراد
حاجی سابەسە سەد هەزار دەفعە
پێم گوتی: ئەم قسانە بێ نەفعە
لیب□ی گەڕێ قەومی تۆ هەموو مارن
دزو حییزو پیاوک کوژو هارن
مری ناوداری ورچی ناودارە
راستیان خوارە، خواری خونخوارە
باوکە هەر چۆنی تۆ دەڵێی وایە
تێدەگەم ئەم قسانە خۆڕایە
قوری کام جێ بکەم بەسەر خۆما
ئەمە لێم بوویتە عیللەتی سەودا
بەقسەی چاکە دەستیان دەگرم
تەرکی ناکەن بە لۆمە تا دەمرم

لەلاپەرە ٢٠-٢١یشدا بۆ یەکەمجار (٣) پارچە شیعری سەرامەدی شاعیرانی مەزنی کلاسیک (نالی) زیندوو هاتوتە بڵاوکردن و بەبەراوردیش لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکان بەمجۆرە کەوتەوە:

١

دڵ سیاسەگ ئەبێ، مائیلی خاکی وەتەنە
خاڵی لەعلی (حەبەشی) ساکینی بوردی یەمەنە
پەرچەمی سونبولییو قەددی (قچیب البان)ی
زوڵف بەهلولییو خەت زەنگییو وەجهی حەسەنە
(عیلەتی مەزهەری جان)ئایەتی ئیعجازی بەیان
(لەبی روح) و دەهەنی سیڕرو کەلامی عەلەنە
(رۆشنی دیدە بە ئینسانە کەموژدەی قەدەمی)
رۆشنی دیدەیی غەمدەیی (بیت الحزن)ە
دەست لەخوێنم مەدە ئاڵوودە کەکە دامەنی پاک
خوێنی من سابیتە باتیل نییە وەک رەنگی خەنە
وەکو گوڵ ئاتەشی (غەمڵیوە) بە بەرگی چەمەنی
قامەتی نارەبەرە، ناردەرە، نارەوەنە
دڵی (نالی) کەئەنیسی قەرەداغە (ئێستاش)
داغی سەرچاوەوو دێوانەیی دارو دەوەنە

٢

سەرمایەیی سەوداە کە دەڵێن زوڵفی دووتایە
هەر پێچش و (تابێکی) سەر ئاشووبی (تێدایە)
بیدە بەدڵم شیفتە بۆ شیفتە چاکە
بیخە ملم (ئەم) قەیدە بەدێوانە رەوایە
ئەو خاکی دەرە مەسکەنی سەر ساڵەمە شایەد
جارێ لەدەمی تۆ ببیەم سەگ بەوەفایە
زوڵفت سەبەبە، دڵ بە عوزارت کە دەسووتێ
سووچی شەوە (وا) قاتیلی پەروانە چرایە
(نالی) کە ویقاری نییە، بێباکە لە (خەڵکی)
سۆفی کەسولوکێکی هەیە عوجب وریایە

٣

زوڵفت بەقەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە
(بۆچی) لەمنی شیفتە، ئاڵۆزو بەلاوە
بۆچی نەگریم سەد کەرەتم دڵ دەشکێنێ
مەی بۆ نەڕژێ، شیشە لەسەد (جێگە) شکاوە
هەرچەندە کەرووتم بەخودا مائیلی رووتم
بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە
هەر جۆگەو (جێیێکی) کەوا سوورو سوێر بێ
جێ جۆشی گریانی منە، خوێنە رژاوە
سۆزی دڵمە باعیسی تاوو کوڵی گریان
مەعلومە کە ئاگر، سەبەبی جۆشی ئاوە
بێ فائیدەیە مەنعی من ئێستاکە لەگریان
بۆ عاشقی بێچارە زوو ئەم ئاوە رژاوە
مانی نییەتی قووەتی تەسویری برۆی تۆ
ئەم قەوسە بەدەستی موتەنەففیس نەکشاوە
(نالی) وەکو زوڵفت کە موتیعی بەری پێتە
تێکی مەشکێنە، بە جەفا مەیخەرە لاوە

* * *

لەلاپەرە (٢١-٢٢)یشدا، شیوەننامەیەک لەلایەن رۆژنامەنووسن و شاعیرو زمانزانی نەمر (محەمەد میهری) و بەبۆنەی کۆچی دوایی (بابان زادە ئیسماعیل حەقی بەگ



— ١٠ —

کرلکده سیاله حیات

بغدادده بانك کردك انتشاری مناسبتیله

اعصار مدیده‌دنبری غبار جهالت آلتنده
ازلکده‌بولنان کردلکك سمای ملول ومحزونده
بوکون دیکر – اقوام اسلامیه‌ده رونمون
اولدیغی کبی – ترارهٔ حیات پارلامغه باشلایور .
شراین واوردەسنده تبی بر حرارت حس
ایدیلیور ، وجهنده کنجلکك وعز بندم ،
هرشیئه موفق اوله‌جغم ، اعتقادینی اکدیرر آثار
سرور وتبسم کوزوکیور. کوزلرنده جلادت ومتانت
پارلدیور . الحاصل کردلکك هیچ اولمزسه
نومدن بیتطلبه تکبه‌سیچون‌بتون آواز وقفانلر
نمودار اولیور . ایشته علائم ومقتطفات !
مرکزده برطلبه جمیتی ، وانده طرزجدید
اوزره برمدرسه ، بغدادده بربانك کرد ، دها
صکره بنه وانده برغزته ومطبعه تأسیسنه تشبث
بتون بومؤسسات کرد تاریخ ترقیسنك راسنه
افتاحیدر ، دها اصحی رأس تاریخ اوللیدر .
بونلری ذکر ایدرکن قلبلرمز مشحون سرور
اولمقله برابر امید وعزیمزه‌فضله برقوت، قوتمزده
فضله برامید حاصل اولیور .
قلبلرمزی فخر و مباهاتله طولدیره‌جك
دها بشقه برسببده وار اوده اقوام اسلامیه‌ده
حاصل اولان انتباه وتیقظ اولا عثمانلیلقدن‌خارج
اولان اقسام ومناطقده حصولبولور . اورادن
عثمانلی اقسام ومناطق اسلامیه‌سنه جریان ایدر :
ترك وعرب قرداشلرمزده اولدیغی کبی .
بونکله برابر کال محظوظیت وممنونیتله‌ده
سویلرز که کردلکده‌کی بو آثار حیات عثمانلی
کردلکندن نبعان ایتدی وایده‌جك ، وبورادن
ایران وروسیه کردلرینه جریان ایده‌جك. وامید
ایدرز که اورالرینی قوت نوریله فیضاب ایدر .
بونکله عثمانلیلق وکردلك عاملری کوکسلرینی
قاردەرق افتخار ایجلیدر .
بوسیاله حیاتك عاملرینه کلنجه‌شبهه یوقدرکه
کنجلك عزم وهمتی طاشیان ، کنجلك روحی
کندینه روح طاقنان ، کنجلك اعتقادیله معتقد
اولان کتله‌در . بوکتلهٔ شبابدرکه کال سکون
وآسوده‌کیله کوشه‌لرده سونوك خیالر آلتنده
شدت جهد وجدیتنه دوام ایدوب اوزاندیغی
الرك رداید‌لدیکنه بروا ایجمرك ، قوروماًبوسیله
کتیرمیەرك بالاده‌عرض ایتدیکمز تشبثاتده‌موفق
اولدی‌واولمقده‌در . بوموفقیات نتیجه‌سنده‌مغرور
ومست اولمق خاطرینه بیله کترمدی وکترماز
استطراد قبیلندن عرض ایدرز که‌عاطمز
جانلری ایسترسه، ایستدکلری قدر راحت‌دوشکنده
کنجلکك بوشام اسمیندن بوزچوبرسونلر بارد

بڵاوبۆتەوە، ئەمە دەقەکەیەتی(٧):
زمانی پیرەمێرد ئیمڕۆ خەزێنەی ئێش و گریانە
شەوو رۆژ ئاهی نالی رەعدە، ئەشکی چاوی بارانە
هەناسەی ساردی (تەپیر) لەخاک تاکو (ئەپیر)ی چوو
میزاجی ئیعتیدال فەوتا، ویساڵی تۆفی زستانە
لەتەم سەرپۆشی غەم پۆشی سەراپا قامەتی کێوان
دڵی تۆران دڵ سەردی لەبەین کێوانی کەیوانە
بەرەسمی تەعزیە هەرنەونەمامە بەفری کوردجامە
بەڵێ لەبسی سپی پۆشین رسوومی کۆنی دەورانە
لەدەوری سەرلەبەرپێی نەوعروسالنە چەمەن پۆشین
خەتی خاڵی پەرێشانەو خەزانە، پەلکی رێزانە
لەحەسرەت هاتەلەرزە، هەرنەمامێکی قامەتی بەرزە
مەگەر تابی تەبش ئەفتانی خێزان، کاری ئەحزانە
لەسەر تاپێ بە زنجیری سەهۆڵ پێچراوە بێچارە
سەهۆڵی دەردی حوزنە، فائیدەی زنجیری دێوانە
لەهەر ماڵێ تەماشاکەی لەسەوبی سینە دوکەڵ دێ
لەناو کوردان دەڵێی (فارالتنور) وەقتی تۆفانە
بڕا حیبرو دڕا کاغز قەڵەم جیسمی شکاو رەسمی
بەسەدشکڵ و بەسەدشێوە دەگرییت و هەندەسەخانە
لەباغی عیلم و تەحسیلی هەریەکێ لەو تازەغونچانە
لەسەر لێو باری دڵ، ئەفکاری تەعتیل کاری حەیرانە
لەسەر سەفحەی گوڵی رووەمەت لەئاڵی شەونمی گریان
پەرێشانن چ وەقتی خوێندنە، یا لێوی خەندانە
خودایا رۆژی حەشرە واجیهان یەکسەر سەروبن بوو
وە یاخود وەلولەی فەوتی مەداری فەخری کوردانە
جەوانی نەوجەوان حەقی بەگ، بەگزادەیی کوردان

رەئیسی ئەهلی عیفقان، دەریەکتای ماڵی بابانە
لەبەر کۆچکردنی دەردانە ئیمڕۆ ڕۆژی دەردانە
مەسیلی ئەشکی خوێن دامانە، دامان کاری مەردانە
بڵێ ئەمری خودابیە هیچ لەدەستی ئێمە دەرنایێ
کەقوربان زوو بەکورد، بۆچ تازە ئیسماعیلی قوربانە
ئەجەل ساقی سەعات پەیمانە شەربەت مەوتە بۆ هەرکەس
دەگەڵ ئەو مەجلیسە ڕۆژی ئەزەل سەد عەهدو پەیمانە
لەبۆ تەئریخی مەوتی (میهریا) هەرچەندە مەحزوونی
بڵێ دوو میسرەعی مەربووت و مەبزووتی ئەدیبانە
(خـدا عفو بکە نـا کامران بو هـم نبو جوانی
لەدنیا کۆچی کرد چوو لبر دەرگایی تو مهران)

* * *

لەلاپـەرە (٢١-٢٤)یشـدا سـەروتاری بەناوی (تەرەقی دینمان دەوێ) تۆمار کراوەو لەکۆتاییدا نووسەری وتار هەواڵی کردنەوەی قوتابخانەیەکی کوردی و بەزمانی کوردی لە شارۆچکەی شەرەفکەندی و لەلایەن (مەولانا حاجی مەلا محەمەدی صادق) بلاوبۆتەوە..

نـاوی خۆیشـی بەمجـۆرە تۆمـار کراوە (سابڵاغ – قازی زادە – مصگفی شوقی)(١٨)

ئەمەش پوختەی دەقی وتارەکەیە:

(چەندێک لەوەی پێش بەواسیتەی رۆژنامەی (هەتـاوی کـورد) لـە خوسـووس فایـدەو مەنفەعەتـی مەکتـەب چەند سـەترێکم عەزر کردبوون.

ئاغایانـی موحتەرەم عەرزی ئێمەیان قەبووڵ فەرمـوو، وادیـارە کـە الحمداللـە حەمییەتی کوردان هاتۆتە جۆش. مەخسـووس شـوکر دەکەیـن. ئێمە کە موسـڵمالنین، ئیعانە کردنی یەکترمـان لەسـەر لازمـەو حەتـا پێغەمبەر (ص) فەرموویەتـی: (مـن نفـس علـی اخیـە کربـە من کرب الدنیا نفس اللە عنە کربە من کـرب یوم القیامە، واللە فـی عون العبد مادام العبد فی عون اخیە). یەعنی کەسـێک لەسـەر برای خۆی مەتڵەب برای موسـڵمانەو چونکە هەموو موسڵمان پێکەوە بران (انما المؤمنون اخـوە) غەمی دنیایە دەفع دەکا، خودا غەمێکی قیامەتی لەسـەر هەڵدەگـرێ و خودا ئیعانەی عەبـدی دەکا مادامەکـی ئـەو، ئیعانەی برای موسڵمانی خۆی بکا. تاد.

مولاحـەزە فەرمـوون، چەنـد سـاڵ پێشـتر لەشـاری سـابڵاغی و ئەترافـی وی، بـە چ جۆرێک عیلم و فەزڵ دەتەرەقی دابێ و چەند مەلای وەکو: (عەلی تەرجانی مەلای پێنجوینی و مەلای پیرەباب و مەلا وەسـیم) بە وجودی خۆیـان عالەمیـان موزییـەن فەرمووبـوو. چەنـد کەس لـە ئەهلی تەریقـەت و لە پیرانی دڵڕوونـاک بەئیرشـادی خۆیـان ڕەونەقیان بەدینـی ئیسـلامی دابوو، دەگەڵ تەئەسـوفی حاڵی حـازر لەهەزار فەقێیـان مەلایەکی واو لەهـەزار موریـدان پیرێکی وا نابـێ، بۆچی؟ بەبێ شک دەفەرموون:

(چونکـە وەقـت هەتـادێ خراپتر دەبـێ)، بلا ئایـا ئێمە لە موقابیلی ویـدا نابێ حەرەکەتێک بکەین؟ دەبێ هەروا مەئیووس و نائومێدبین؟ ئایـا بەخراپی ئەو دەمی تەکلیفی شـەرعیمان لەسەر وەلا دەچێ؟..

رجاو لێدەکـەم چلۆن کرمانجانـی لاردێ کە لەهەزاریان دوویان بەتەواوی فاتیحەو نوێژی نازانـن، دروسـتە پێیـان بڵێیی: موسـڵمان..؟ عولەمـای ئێمـە ئەگـەر ئەمـر بەمەعروفیان لەکـن واجیبە، بۆچـی بەبـێ وی کەئاغایەک سـاڵی سەد تەغار گەنمان نەدابێ، تا فاتیحەو نوێژیـان پـێ بڵێن، دیـارە کە ئـەوان کەمتر فیکـری پاشـەڕۆژیان هەیە کرمانجـی فەقیر زوو مردوویان. لە ئیسـتیلاحی خۆتان، بەبێ چەقۆ دەمرن و تەلقینیان دانادرێ..!

ئێمـە هیچ ناڵێین: کـە عیلمی دنیایـە بخوێنن دەگەڵ ئەوەش وامەکەن کە عیلمی دینیشمان لەدەسـت بـڕوا. ئەرمەن ئێسـتا ئینجیلیان بە (کوردی) تەرجەمە کردووە:

توخودا ئەی ئەهلی ئینساف، دیققەت بفەرموون کوردێـک کە نەزانێ محەمەد (ص) کێ بووەو لەکـوێ وەفاتی فەرمووە. شـەریعەت چییە؟ چلۆن دەتوانێ دینی خۆی ڕاگرێ و لەموقابیلی واعیـزی فەرەنگییـان کە بەزبانی لووسـیان شەیتان هەڵدەفرێ، هەڵنەخەڵەتێن..؟

ئایا ئەگەر زەمانـە وا دەوام بکا، ئێمە چیمان لـە خەڵکی دنیایـە زیادترە؟ کە بە دوو سـێ پشتان دەگەنە موسڵمانان بۆ خۆشیان کافرن! لە یەکێکیان پرسی:

نێوت چییە. دەڵی نیقۆلا. نێوی باپیرت؟ پەترۆس.. نێوی بابی باپیرت چییە.؟ دەڵێ ژۆرژ. نێوی باپیری باپیرت چییە؟ دەڵێ: محەمەد..! دەگەڵ ئەوەی کەسێ پشتی خۆیان موسڵمانی بووە ئەوێستا کافرن.
عیلاجی ئەو دەردە، دوو کەلیمەیەو بەس: (کتێبی شەرعی بە کوردی تەرجەمە بکرێ). ئیبن حەجەرێکی فەقێی فەقیر، پاش (بیست ساڵ خوێندنی تا بزانی. چ عەیبێکی هەیە بە کوردی تەرجەمە بکرێ بە (دوو) ساڵان ئەو فەقێ فەقیرە فێری بێ؟ مەقسەدی ئێمە ئەوەندەیە. نیشانی تەرەقی بەختە کە ئاغای محەمەد حسێن خان سەرداری موکری، کە خانەدانێکی نەجیبەو حاکمی سابڵاغییە، بە سەماحەتی حەمیدیەی خۆی مەشغوولە کە ئەو مەعروزاتی ئێمەو مەفهووماتی رۆژنامەی موحتەرەمی (هەتاوی کورد) لەقووەتا بێ و خودا دەوامی بدا...
وە خسوس کە جەنابی (مەولا حاجی محەمەدی سادق) عەزمی فەرمووە کە لە شەرەفکەندی مەدرەسەیەکی بە (زوبانی کوردی) بینا بکەن. ئێمە دڵمان دەجۆشێ و پڕ دڵەخوێن..!
مولاحەزە فەرموون: ئەگەر قسەکەمان خراپە، وەیا زەرەرێکی بۆ دینی موبینی تێدا هەیە، دەگوێی مەگرن.
وەگەر خۆشی و باعیسی تەرەقی دینی ئیسلامییە (لاتنقر الی من قال وانقر الی ما قال) قسەکە دەگوێی بگرن و ئێمە مەناسن: (مردبایدکە کیرد اندر کورس) ورنوشت (ست پندبر دیوار) والسلام علی من اتبع الهدی.
(سابڵاغ – قازی زادە مستەفا شەوقی)

* * *

لە لاپەڕە (٢٤-٢٥)یشدا، بەنازناوی (کردستانە برخگاب - پەیامێ بۆ کوردستان) شیعرێکەو لەلایەن (حاجی حسن تحسین سێوەرەکی) مودیری نفووسی شاری ئاینتاب تۆمار کراوەو دەقەکەی دەڵێ:

سالا چارانە حەموو دوژمن هاتن بسەرمەدا
ئیمداد نەهات کافر پڕن بسەرمەدا
وەلات گرتن پیاو کوشتن کەسەک نەما
تالان کرن قیزن برن نامووس نەما
خەلقێ رۆمێ مللەتا ئەرنا ئودان جەزای کر
پاشی نەهات بهەڤ کتەک (قرل و ید) کر
سێسەد ساڵە ئەرنائودان مێرانی کر
نانێ زگان خارن، صوغین جەزای کرجەزاری کر
کوللی عەشیران هون هشیار بن
شوورو مەتالان بگرن. رابن
خودا هەیە غەم توونە
ئیمدادێ نەخالق توونە
غیرەت بکن هوون بیەک بن
پاشی خرابە، دەستا بهەڤدن
هاوار دکم لە کرمانجا
رۆژا ناموسو رۆژا مێرا
سوڵتانی دینی هوون مەترسن غیرەتا دینە
گازی بکەن لەوێ زاتێ باقی
مەزن سوڵتان صلاح الدینە

* * *

لەلاپەڕە (٢٥-٢٦)یشدا بەناوی (گازندەئێ کوردان) لەشاری (وان) لەلایەن (فوئاد تەمۆ)وە هاتووەو دەڵێ(٩):

مەزنا کوردان ئەزێ تشتەک بێژم وەڕا
گەرما گوهداری بکن مابێژم درەوا
ئیرۆکا وار رازندانە، خەبات و خاندنە
راست بزانن ژڤی رێیەکی راست و تونە

* * *

جارەک دەستێ خۆدانن سەر سنگا
بۆ دل خۆبپرسن ئەم بوچی مان پاشدا
مللەتێ کو نەخاندنە نەزانین
مەحکومێ مرنە، ئەڤێ قەنج بزانین

* * *

بزانن ئەو حی داریا ئەم کەتین تێدا
نکارن خۆ دەرخەن ما نەنا ڤرا
مللەتێ مە نەخۆشیا، نەزانی یێ گرتیە
هەکیم تونە شوخا ئەڤە، دل من سوهیتە

* * *

ئەم گازی دکن هیکمەتێ بک مەرا
دەمیرن ئێدی بەسە، وەرن هەوارا
دەرمانەکی بدەن نەزانێ یێ سەرمە راکەن
بریندارامە مەزنە، هوون چارە بکەن

* * *

ئەڤـە سـتۆیی وەیـە، مەرێـژن ڤێردا وێدا
ژوە گازنـدە دکـە، هەمـوو خەلقێـن کـوردا
مـرن هەینـە ئـەو خەزنـەک گرانـە
هاڤێـن چـوو، نهاگاڤا، خەزانـە
دەسـت باڤێـژن کیـس بـدڕن، زێـڕۆ زیڤا
مەکتـەب و مەدرسـە چێکـن بـۆ کـوردا
هەرکـی مەکتەبـەک بـۆ کـوردان ڤەدکـە
ئەوەکـو کـو ناڤـا مـرۆڤ بلند دکـە

* * *

هـەر لەلاپەڕە (٢٦)یشـدا، بابامیری محمد حسـین خـان سـەرداری موکـری و حاکمی سـابلاغ پیرۆزباییەکی بەسۆزی بۆ (هەتاوی کورد) ناردەوەو دەڵێ:

(ئاقـای من چاوم کەوت بەرۆژنامەی (هەتاو) وابزانـە کـە هەموو دنیایـان دا بەمن، چونکە تا ئێسـتە ئـەو مللەتە کە لەپێشـدا لە هەموو میللەتـان مەشـهورترو ئازاتـر بـوو، ئەوڕۆ بەدبەختـی رووی تێکـردووەو بەدبەختیـان گەورەتـرە، ئەدەبیاتمان نەبـوو، مندالی ئێمە کەبیانخویچندایە دەبوو بە زمانی فارسـی یا تورکـی بخوێنن، شـوکری خودا کـە ئەمرۆ لـە ئەسـەری قەڵەمـی جەوانانـی غەییوری ئێمـە، دوو رۆژنامـە بەزمانی کـوردی چاپ دەکرێ. لەسەر هەموو کوردان لازمە قەدری ئەوزاتـە گەورانە بزانن و بـە هەموو تەرزێ لە پێشـرەفتی ئەو مەقسـودە موقوددەسەکە ئـەو دوو وجـودە موحتەرەمـە، عبدالعزیـز بەگ لە پێشـیان کەوتووە کۆمەک بکا، بەڵکو انشاءالله کوردیش بێتە عەرەسەی تەمەددون و بەزبانی خۆی نەشری مەعاریف و تەئلیفی کتێـب و تەئسیسـی مەداریـس بکا، تـا لەوە زیاتـر لە خەوی غەفڵەتدا نەمێنن، خواهیش و تەمەننـا لەئەو دوو زاتـە موحتەڕەمە دەکەم، هەمـوو مانگـان رۆژنامەی (هەتـاوی کورد) و (رۆژی کـورد) رەوانە بکـەن، کە چاوم بە تەماشاکردنی ئەوان روون دەبێتەوە.

قیمەتی ئابوونـەم رەوانە کرد، لە حاجی زین العابدینی تاجیری تەوریزی وەرگرن، انشاءالله لەوە بەدواوە ئیعانـەش دەنێرم، بەگیان و بە دڵ بۆ هەموو حەدس حازرم..).

(هەتاو)یـش بەمجۆرەیەو بە (تورکی) وەڵامی داوەتەوە:

نووسراوی سەرەوە هینی حاکمی ساوجبلاغی ئێرانە:

سوپاسی هیممەت و هاریکارییەکەی دەکەین، نیازخوازین نموونەیان زۆربێت..)

* * *

لەلاپـەڕە (٢٧-٢٩)شـدا، هەمدیس لـە شاگردانی (مدرسـه الزهراء الرشادیه) محمد شـفیق ناوێ(١٠) بەناوی ئەوانەوە، وتارێکی دیپلۆماسیانەو بە نرخی بە شیوەزاری بۆتانی رەوانـە کردووەو تێیدا زۆر بە وردی باسـی دووبەرەکـی و ململانـێ و خۆخـۆری نێـو کوردان دەکات و لە پاڵپشـیا باسی راپەڕینی گەلی کورد دەکاو جارێ بەهای سەرفرازی و گیانی تەشەنە سەندووی کوردایەتی ئەدات و لە برگەیەکا دەڵێ:

(لازمـە ڤیجار، ئاوایی عەقلێ مە دکهتی، لەورا هەر کەسـەکی گـەورە عەقلێ خـۆوە خەبەر ددە، کـو هەند مرۆڤێ عـارف و موتەددەینی بەغیرەت و حەکیمـی بێ غەرەز، موهەییا بن ژ تەرەڤێ حکومەتا مەیێ ئیسـلام، ڤی مللەتێ ئیسلامی نەسحەت بکەن.. تا).

* * *

لەلاپـەڕە (٢٩-٣٠)شـدا، هەمدیس لەلایەن (مدرسه الزهراء الرشادیه)وە (حەمزە) ناوێک بەنـاوی (ژ بـۆ هەتـاوی کـورد) شـیعرێکی بەجـۆش و کوردانـەی نـاردووەو ئەمـە دەقەکەیەتی(١١):

السلام ئەی گەنجی ئەکراد، صەدر باڵا جانشین
کوردێ تە،مەدیونێ شوکراناوەیە،هەرئان وحین
عاقڵ و زانا ژبوە وە شـاکرن هەردەم. مەدام
چونکەدەرەسێ ئێنشاهیێ دکەڤن ئەوخاس وعام
واقیا ئوسـتادو فـەزل و ئێنتیباهێ وان دڤێن
لـێ چکن حەتتا نهـو بن بەرفا حیلدار دزێن
زاهیرە جەم وان وەکی رۆژ ل شـەرقێدا دیار
زاهیرە جەم وان وەکی رۆژ ل شـەرقێدا دیار
رۆژوتاڤەکگەرهەبتهەردێسەروەتبتئاشکار
وەک وەیە لازم دەبینن هون وەکی خەتتا حەید

سەرمەدا دائیم بڕێژن عیلم و عیرفانەک سەدید
حاجی قادر (م.خ) ئەلحەق دبینن عیللەتێ
چارە دخازن بکن، دەرمان بکن وێ تیرکەتێ
لێ بەڵی عیللەت وەکی سەد ساڵەو کوهنەببی
هەروەکی تیفۆقلەر مودهیش و جەووال ببی
لازمەدقتۆر—تەبیب ژی میسلی لوقمان بائیعتیدال
دانن دەمانو دەوا، کو نەشئەت نەکت زددی منال

* * *

لەلاپەڕە (٣٠-٣٢) شیعرێک و ئاخافتنێگی سیاسی و کۆمەڵایەتی (محمد زکی مەلا جەلی) ناوێ، هەمدیس لە (مدرسە الزهراء الرشادیە)ی شاری (وان)ەوە ناردویەتی و لە شیعرەکەدا ئەڵێ و دەقەکەش بەم شێوەیە:

حوڕیەت ڕۆژا کو ژ مەشرووتە تلوع کر
شـەوقەک دابـو کـوردان
ئیجلاس کو کربو ئەو لسەر تەختێ حەمییەت
تـاجێ وی ژ غیـەت
ئەز چوومە سەرا پەردەئێ بەر سەڵتەنەتێ شاه
مـن دیتی کـو گریـان
حوزنێ (غچبناک) ژ فریادێ دکر ئاه
مـاندی یەتیمان
ئەز چوومە حزوری بە سوئال و بە جەوابان
چـووبـوومـە زیـارەت
سەعیامە کو مەشکوربو، بقەیدان و کیتابان
زیـارەت بـو عیـادەت
چەند ساڵە درێژن لبە هەر کەللەیی تیران
ویجـدانی جـەوابدا
ئەز فریەیی شەکوا کو دکن دوشمن و جیران
راهـێ نـەسـەوابـدا
هـەم تـەعنـەو هـەم لەومە....
غـەدرەک مـوتەکـەممیـل
چاپ دانە درەو رورەشیا ئەهلی سەلیبان
مـن نینە تـەحوممول
پەیمان مە دگەل کریە کو ئەز ببمە مودافیع
سـەر لـەومەتێ لائیـم
دەر بەحرێ جیهادا ڤێ سەبیلێ، ببمە رافیع
بـا قەلعەیی زاڵـم
ئیرۆژ ڤەکر تاڤێ لسەر کورد بنالید
مـەوسیم تە بهارات
هاڤین بێ دسوژی گەر شیتابێ دبێ تەبرید
پـایزبێ نـە مەنبەت
بنڤێسە ئەیا باب و برایێ مەب قوربان
دەردێ مـە فەقیران
ب شکێنە قیوا دوشمن جیران بکە سەگبان
ئـەی بـابێ ئەسیران
کوردێ مە قەوێ موستەعیدن مانە بەلاڤە
وەک لـوئلوئی مـەنسوور
حەبڵی مە مەتینە حازرو هەم پڕ بشەفافە
دەرزی نییە مـەنزوور
(رووسیا) کو دگەل رویێ سیەە نەوگە چەواندا
پـڕئـەهلی عینادە
یـەکی دی بفەزانـدا
مـەقسودێ فەسـادە
شەرقێ ئەنادۆڵێدا لکوردان بۆیە تەفریق
لـەو دەنگی سـەگاتێ
........
ئـاهێن ژ دلان تـێ

* * *

ئینجا دەست بە ئاخافتنەکەی دەکاو لە بڕگەیەکیدا دەڵێ:

(گویا حوریەت ژ عمومی عەناسری عوسمانیاندا، حاکمیەتا میللەدانی، یەعنی هەر میللەت بۆ خادیمی ناموسا خۆوە، کو کەس نکارە تەعەڕوز لێ بکەت، یەعنی لسەر وە جەکوبوریە، دنزێمدا کرە پادشاهەکی مەعنەوی. حال ئەو حالە، ئیسال چارپێنج ساڵی مەشروتیەتێیە، دائیمەن ناموس کورد، چاوان بوویە هەدەف ژ بۆ ئیفتیراو مەکایدێ، وەسابوویە ئارمانجا لۆمەیێ مەزنێ مە، ئەگەر ژ حکومەتێ و ئەگەر ژ ئەدیبێ کوردان، حەتتا حەمیان ئاری ئاریا هەڤ کرن، عەزمان دانە دوژمنان، هەر بەڤێ تەرزێ کوردان ژ فەنی یەئس دان، ئیعتیقادا فیتریا وان کول خەراب کرن، قووەتا مەعنەوی شکاندن..!!

بەردەوام دەبێت و دەڵێ:

هەروەکی مەسئەلا ئیسلاحا حروفان ژ کورد- انرا خوجە دربندنقش ایوانست، خان از بی بست و ویرانست- دیققەت بکەن ئیرۆ چاق ئەهلی سەلیبان لێیە، کو حەسییەتا دەولەتا ئیسلام یە لەکەدار بکەن، هەشت نە

ملیۆن کوردا یەک دەفعە بمرینن..!

ئەز مەجبوورم، موەززەفم، موکەللەفم بسورەتێ نازداریێ ب لیسانەکێ حەق مودافەعە بکەم، عەجەبا وەچەند مەکتەب و مەدرەسا، یا چەند سالە ژ کوردانرا چێکریەو چەند پارەیێ خۆ لە کوردان و لە مەعاریفێ وان سەرف کریە..!!

مەسئەلە وە دەمینتە مەسئەلا وێ باب، کو ئەولادێ خۆە نەدانەتە بەرێ خویندن، حەتتا حەمی مەزن ببن، رۆژەکێ دەفعەیێ بیێژە وەرن حەمی علوومان ژ مەرا بخوینن..!!

ئەم ئومێدلی و مونتەزیرین کو ئەم ژ ئیستیفادەکی ژ مەسئەلەکا، وە موستەقیم بکەن و مەنافیع بینە تەعمیم. السلام علیکم یا معشر الاخوان...

* * *

## پەراوێز و سەرنج و رابینین:

١– لەکێشەی (کورد)دا مینۆرسکی لەبارەی رێکخراوی (هیڤی) و (رۆژی کورد) و (هەتاوی کورد)ەوە دەڵێ:
(لەدواییدا کۆمەڵێ لە کوردەکان، لە قوتابی و رۆژنامەنووسان، لە ساڵی ١٩١٣دا. کۆمەڵەی (هیڤیا کورد)یان دامەزراندو دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی مانگانە بەناوی (رۆژی کورد)ەوە، ئەم گۆڤارە رێڕەوێکی نەتەوەیی روونی گرتبووە بەر، لە پاشاو لە ساڵی (١٩١٤...!) دا ناوی گۆڕاو بوو بە (هەتاوی کورد).
مێژوونووسی نەمریش محمدامین زەکی لە (کوردو کوردستان)ەکەیدا دەڵێ:
(لەدوای ئیعلانی مەشرووتییەت، لە تەرەف جەمعیەتی (هێوی کورد)ەوە مەجمووعەیێکی ئوسبوعی بەعینوانی (رۆژی کورد) لە ئەستەموول نەشرو لەدوو نوسخەی ئەوەلیدا، رەسمی سوڵتان صلاح الدین و کریم خانی زەندی تیابوو، ئەم نوسخەی لە (٦)ی حوزەیران – تەمووزی (١٣٢٩)دا لە تەرەف عبدالکریم ئەفەندی خەڵکی سلێمانییەوە نەشر کراو لە پاش بەینێکی ناوی گۆڕاو بوو بە (هەتاوی کورد).
مامۆستای نەمرییش عەلائەدین سەجادی لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا بەمجۆرە لەتەک گۆڤاری (رۆژی کورد) ئەم (هەتاوی کورد)ەی تێهەڵکێش کردووەو دەڵێ:
(ئەم گۆڤارە "رۆژی کورد" لە پاشا ناونرا بە "هەتاوی کورد" عەبدلعەزیز بابان هەر مانگی جارێ ژمارەیەکی بە کوردی و تورکی لە ئەستەموول دەرئەکرد، یەکەم ژمارە لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٣٢٩ رۆمی ١٩١٣ی میلادی بووە، وێنەی عبدالرحمن پاشای بابان لەم ژمارەیەدا هەیە...)
لە لێکۆڵینەوەیەکی کاک جەمال خەزنەداردا، دەربارەی (رۆژی کورد) (هەتاوی کورد)ەوە ئەوەی روون کردۆتەوە کە:
لەپاش دەرچوونی سێ ژمارەکە، لە گۆڤاری (رۆژی کورد) هەر بەو قەوارەیە لەژێر ناوی (هەتاوی کورد) ژمارەیێکی لێ چاپکراو بە ژمارەی (١) دەستی پێکردووە. واتا: ژمارە (٤)ی لەسەر دانەنراوە، وەکو بەردەوامی (رۆژی کورد).
هەروا مێژووی دامەزراندنی مانگی ژی القعدەی بۆ دانراوە.. ساحیب□ی مودیری مەسئولی عبدالعزیز بابان بووە.. ژمارەکە لەرۆژی (٢٣)ی ژی القعدەی (١٣٣١)ی هیجری رۆژی (١١) تشرینی یەکەمی (١٣٢٩)ی رۆمی دەرچووە، بەرگەکەی بەوێنەی ئەورەحمان پاشای بابان رازاوەتەوە..)
لە پاشا لەدەمنی مامۆستا دوکتۆر ئیحسان فوئادەوە بەردەوام ئەبێت و ئەڵێ:
ئەم زانیارییەمان لەو نوسخەیە وەرگرتووە ئەوەی دوکتۆر ئیحسان دیویەتی.. (زامدار) ئەوەبووە سەرچاوە، بۆ هەموو زانیارییەکان لە بابەت (هەتاوی کورد)ەوە.. لەلاپەڕەی دوایی ئەو نوسخەیەدا بەزمانی تورکی و بە خەتی عبدالعزیز بابان ئەم رستەیە نووسراوە:
(گەورەمان سەید ئەحمەدی ئەفەندی. بەپێی ئارەزوو و داوای شێخ عبدالقادر ئەفەندی "رۆژی کورد" وەستێنرا. ئێستا لەباتی ئەو "هەتاوی کورد" بڵاودەکرێتەوە).
کەچی ئەو ژمارە (٣)یەی لەمەڕ مندایە "وەک گوتم" بەپێی داوایەکی من لە وەڵامی لێکدانەوەیەکی مامۆستا کەریم شارەزا، بەراوردەکە وا دەرچوو: (١٣٢٩ی رۆمی مانگی تشرینی دووەم بەرامبەر بەمانگی ژی الحجەی ١٣٣١ی هیجری قەمەری بەرامبەر ١٩١٣ی مانگی تشرینی دووەمی زایینی..).
ئەمەیان بۆ ژمارە (٢)ی ئەم گۆڤارە ئەشێ و راستە. ژمارە (٣)یش دیارە لەکانوونی یەکەمی هەر ئەو ساڵەدا دەرچووەو ئەبێ ژمارە (١)یشی هەر لەو ساڵەو لەسەرەتای تشرینی یەکەما دەرچووبێ، وەک چۆن سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانیش ئەمەیان سەلماندووە، وەک کاک جەمالیش ئاشکرای کردووە ئەو ژمارە (١)ی ئەو گۆڤارە تەنیا دوکتۆر ئیحسان بینیویەتی و بەس، ئەوەی هەیەو ماوە تەنیا ئەم ژمارە (٣)یەی لەمەڕ مندایەو بەس..!

تاکە بەڵگەیەکەو بەس..!
کەواتە: ئەم (هەتاوی کورد)ە گۆڤارێکە سەربەخۆ بووەو سەرنووسەرو دەستەی نووسەرانی خۆی هەبووە، بۆ سەلماندنی ئەم رایەشم، نامە راشکاوەکەی سەرداری موکری و حاکمی سابڵاغی یە کە لەلاپەڕە (٢٦)ی ئەم گۆڤارەدا ئەڵێ:
(تەمەننا لەو دوو زاتە موحتەرەمە ئەکەم، هەموو مانگان رۆژنامەی "هەتاوی کورد" و "رۆژی کورد"م بۆ رەوانە بکەن.. تاد).
ئەمێنێتەوە سەر شتێ ئەویش ئەوەیە کە: دوور نییە ئەم گۆڤارە، هەتاوی کورد – پاشان و دوای وەستانی (رۆژی کورد) بووبێ بە ئۆرگانی رێکخراوی هیڤی، ئەمەو لەنێو لاپەڕەکانیشیدا زەق و ئاشکرا دیارە کە ئەم گۆڤارە گەلێ رووناکبیری جگەرسۆزی ئەو سەردەمەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەورەیان لێداوەو لەوانەیشە زۆربەیان سەر بەو رێکخراوە بووبن.
هەرەک چۆن (بانگی کورد)ی بەغداش زمانحاڵێکی کەی هەر ئەو رێکخراوە بووبێت..!!
٢– وا دیارە ئەم کەرکووکییە، لەدەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بووەو لە (رۆژی کورد)یشدا گەلێ وتاری ئاگرینی بە تورکی و بۆ کوردایەتی بڵاوکردۆتەوە، وەک بۆیشم ساغ بووەوە، ئەم نجم الدین ئەفەندییە – نجم الدین شێخ حسین نەقشبەندی، برای گەورەی (ئەسیری)ی شاعیرەو هەر لەم برایەشییەوە فێری گیانی نیشتمانپەروەری بووە.. لەوانەیە..!!
٣– ئەم وتارە بەخامەی خاوەنی گۆڤار عبدالعزیز بابان تۆمار کراوە.
٤– بۆ یەکەمجار وەک من بۆی بچم (زێوەر)ی شاعیر بەرهەمی خۆی لەم گۆڤارە بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئایا (زێوەر) ئەمەی لە ئەستەموولەوە ناردووە یا لە سلێمانی یا لە شوێنێکی ترەوە.
یا هەر خۆی سەر بە رێکخراوی (هیڤی) بووەو لەرێی ئەوانەوە گەیشتۆتە گۆڤارەکە، یا ئەمیش بەکێ بووە لە دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە.. پرسیارە..!؟ بەڵام کاکە حەمەی مەلا کریم لە پێشەکی کتێبی (گەنجینەی مەردان) و لەبارەی مەلا عبداللەی زێوەرەوە ئەڵێ:
(لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا چووتە ئەستەمووڵ و سێ چوار ساڵ لەوێ ماوەتەوە..) لام وایە وەڵامەکەی ئاشکراو دیارە..!
٥– قەسیدەکەی (حاجی) تەمەنی (٨٧) ساڵەو یەکە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی چاپکراوەو ئەبێ ببێ "بەرای من"بە بنچینەی ئەو قەسیدە ناودارە (ئودەبا..) بە بەراوردیش لەگەڵ چاپەکەی (مامە گیی موکریانی) و مامۆستایان کەریم شارەزاو سەردار میراندا، جیاوازییەکی زۆر زۆر چ لەجێگۆڕکێی وشەو چ لەجێگۆڕکێی تاکە بەیت و چ بوونی چەند بەیتێکی تازەدا هەیە. مایەی پێداچوونەوەو سەرنجە..! خۆ گەر هات و دەسنووسی باوەڕپێکراو کۆنتری لەم چاپکراوە هەبێت "کە تائێستا نییە" ئەمەیان باسێکی ترە...!
٦– لەگەلێ شوێنی هەر سێ قەسیدەکەی (نالی)دا، گەلێ جیاوازی لەجێگۆڕکێ و لە وشەدا هەیەو جیاوازی لەگەڵ هەردوو دیوان و لێکۆڵینەوەی مامۆستایان (مەلا عبدالکریمی مدرس) و (دکتۆر مارف خەزنەدار)دا. جا لەبەر ئەوەی ئەمە کۆنترین دەقێکی چاپکراوی ئەو سێ پارچەیەیەو تەمەنی (٨٧) ساڵە، بەرای من ئەبێ ئەمەیان کۆنتربێت جێگای متمانەش بێت...!
ئەوەی جێی سەرنج و تێرامانیش بێت، قەسیدەکەی (حاجی) چونکە شیعرێکی سیاسی و رەخنەگرانەی کۆمەڵایەتییە، پێش شیعرەکانی (نالی) بڵاوکراوەتەوە.. واتە: گۆڤارو خاوەنەکەی و هەڤاڵەکانی پتر بایەخیان بەلایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیشتمانی داوە...!
هەمووشمان ئەزانین شاعیرایەتی نێوان (نالی و حاجی) ئاسمان و رێسمانە، بەڵام ئەم دیاردەیەو لەو سەردەمەدا لەلای رۆشنبیرانی جۆشخواردووی ئەو سەردەمەدا مانایەکی کەی هەبووە!
٧– بابان زادە اسماعیل حەقی بابان، بەرهەمی ئاگرینی لە (رۆژی کورد)دا هەیە..
(محەمەد میهری)یش، کەڵە رۆژنامەنووس و شاعیر و زمانزانەکەی (ژین) و (کوردستان)ی گۆڤارە. وەک دیاریشە قەسیدەکەی بەشێوەیەکی گشتی مۆرکی (کوردایەتی) پێوە دیارەو ئەو پیاوە دڵسۆزە هەوڵی داوە ئەم زمانە پاکتاو بکات، چونکە بەگوێرەی کوردییەکەی ئەو سەردەمە هەتا نێو ئەو گۆڤارەش جۆرە هەوڵێکە و مایەی سەرنجە..!
٨– لام وایەو ئێستا بە تەواوی موناقەشەکەی مامۆستایان (دوکتۆر خەزنەدارو ممتاز حەیدەری و کەمال رەئووف) یەکالابووەوە. لایشم وایە ئەمە یەکەمین وتارێکە "وەک بۆی بچم" ئەو پیاوە نەمرە لێرەدا بڵاوی کردبێتەوە. وتارەکە خۆی لەخۆیدا درێژە پێدانی هەوڵی سەخت و دژواری یەکەم وەچەی راچەنیوی کوردو (مونەوەرەکانە) دژی ئیمپریالیزم و دژی جووڵانەوەی مسیۆنێرەکان و چەوسێنەرەکانی کورد لەهەمان کاتا هاندانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە "لەرێ ئاینەوە" بۆ بە (کوردی) خوێندن و وەڵامێکی راستەوخۆو هەروا بەرپەرچکردنی جووڵانەوەیەکی کۆنەپەرستانەی ئەو دەورو دوکانەیە کە دژی کوردی و کوردی خوێندن بووە، کەچی ئەم بەم شێوازە دیپلۆماسییەو بەهێنانی نموونەی ئینجلیی کوردییەوە قەناعەت بە بۆچوون و باری سەرنجەکەی بهێنی، ئەمەو کردنەوەی قوتابخانەیەکی (کوردی)ش خۆی لەخۆیدا دیاردەیەکی روونە بۆ روونبوونی ئامانجی رووناکبیرانی ئەوساو هەروا دەستپێکردنی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری..!

ئەمێنێتەوەســـەر شتێ ئەویش کە: (د.کمال مڤهر) لەکتێبەکەی (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا) دەیڵێ:

(چالاکی عبدالرزاق بەدرخان لەم مەیدانەدا بەوەوە نەوەستا، لەسەرەتای ساڵی ١٩١٣دا لەشاری خۆی کۆمەڵێکی ڕۆشـــنبیری دامەزراندو نیازی وابوو چاپخانەیەکیشـــی بۆ دابنێ و ڕۆژنامەیەکی بەو نـــاوەوە دەربکاو لەژێر سەرپەرشـــتی ئەودا چەند قوتابخانەیەکیش بکاتەوە.. هەنگاوی هەرە گـــەورەو پڕ مانای ئەم کۆمەڵە، بریتی بوو: لە کردنەوەی یەکەم فێرگە قوتابخانەی کوردی لەشـــاری خۆی بەپارەی کۆکراوەی دانیشتووانی ناوچەکە خۆیان...).

ئینجـــا لە پەراوێزی لاپـــەڕە (٣٨)دا مێژووی کردنەوەی ئەو قوتابخانەیە بە زمانی لازەرێفی رووســـەوە تۆمار ئەکات و ئەڵێ:

(ئەم فێرگەیە لە ڕۆژی (٤)ی تشـــرینی دووهەمی ساڵی ١٩١٣دا کرایەوەو بەم بۆنەیە لەشاری خۆیدا ئاهەنگێکی گەورە ســـازکرا، ژمارەی یەکەم دەستەکەی شاگردانی ئەم فێرگەیە ٢٩ کەس بوو، کە بەزمانی کوردی دەرسیان دەخوێند...تا).

جـــا گەر یەکەم قوتابخانە ئەمە بووبێ کـــە (لازەرێف) و دوکتۆر (کمال) تۆماریان کـــردووە، ئەوا وەک لەنێو دەقی ئەم گۆڤاری (هەتاوی کورد)ەدا بۆمان بەدەرکەوت، هەر لەو مانگ و لەو ماوەیەشـــدا قوتابخانەیەکی تر لە شـــارۆچکەی (شەرەفکەندی)دا دامەزراوە...! هەروا بە دووریشـــی نازانم، وەک دەرکی پێ دەکرێ، لەوانەیە سەرداری موکری و حاکمی سابڵاغ لە تەک (قازی زادە – مستەفا شەوقی) کۆشش و هەوڵیان لەگەڵ عبدالرزاق بەدرخاندا، یەک بووبێ و لەو ڕێکخراوەدا کاریان کردبێ..!

٩– یەکەم چیرۆکنووســـی کورد (فوئاد تەمۆ) بۆ یەکەمجار وەک (شـــاعیرێ) نووسینی لێرەدا بەدەر ئەکەوێ، دیارە شیعرەکەش زۆر سادەو بێ سەروبەرەو مەبەستیش هەر هاندان و جۆشدانی خەڵکی و هیچی تر، مەبەست مەبەســـتی هونەرو هونەربازی نییە، وەک دیارەو دووریش نییە، ئەم نووسەرە نەمرە خەڵکی (وان) بووبێت، چونکە شیعرەکە لەشاری (وان)ەوە نێردراوە...!

١– ئەم (محمد شفیق)ە "وەک من بۆی بچم" هەر ئەو (محمد شفیق ئەرواسی) یەیە کە دیوانی شێخی جزیری بە چاپ گەیاندووەو لەپاشا لە گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمووڵیشدا بەرهەمی خۆی بڵاوکردۆتەوە..!

١١– (حەمزە). دوور نییە "وەک من بۆی بچم" ئەم پیاوە نەمرەش هەر کەڵە ڕۆژنامەنووسی (ژین)ی ئەستەمووڵ (اشرف حمزە) بێت.

١٢– (محمد زکی مەلا جەلی) دوورنییە "لام وایە" ئەم (جەلی)یە، هەر لەڕەچەڵەکی جەلیزادەکانی لای خۆمان بن و بە بنەچەک بۆتانی بن..! شـــیعرەکەش هەرچەندە (رقابە)ی ئەو زەمانە گەلێ شتی لێ لاداوەو هەرچەندەیش بە کول و کۆڤانێکەوە باسی کورد دەکا، بەڵام بەڕای من، ئەم شیعرە هەر بەتەواوی لە کەش و هەوای پێوانەی کلاسیک دەرچووەو لەتەک دەقە شیعرییەکانی بەر لەخۆی لە تەکنیکا یەک ناگرێتەوە. باسێکەو باسێکی درێژو پێوەی خەریکم و پێی ئەتلێمەوە...!

١٣– مایەوە ئەوەش بڵێم: دوکتۆر کمال مڤهر لە (کوردستان)ەکەیدا لە پەراوێزی لاپەڕە (٤٠)دا لەبارەی دەرچوونی گۆڤاری (بانگی کورد)ەوە دەڵێ:

(ژمارە یەکی ئەم گۆڤارە ڕۆژی ١٢ی (ربیع الاول)ی ساڵی ١٣٢٣ی ک، واتە: ٨ی شوباتی ساڵی ١٩١٤). چاپکراوە. تاد.

کەچی ئەو نووســـینەی کە عبدالعزیز بابان بەناوی بوژانەوەی کوردان و لەلاپەڕە (١٠–١١)ی گۆڤاری (هەتاوی کورد)و بەبۆنەی دەرچوونی (بانگی کورد) و لە ژمارە (٣)ی ئەو گۆڤارەدا ـــ–هەتاوی کورد– کە ڕێکەوتی (١٠)ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٣یە، بڵاوی کردۆتەوە، تا رادەیەکی باش لەگەڵ ئەم تۆمارەی دوکتۆر یەک ناگرێ و (چەند مانگێ) بەینیانە، چونکە گەر (دەنگی کورد) لە شوباتی ساڵی (١٩١٤)دا دەرچووبێ، چۆن دەکرێ خاوەنی (هەتاوی کورد) لە کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩١٣)دا، جاڕی دەرچوونی ئەو گۆڤارە بدات..! هەویرێکەو...!؟.

**سوپاس و پێزانین:**

* سوپاســـی مامۆســـتاو ئەدیبانی بە ئەدەب (حەمە بۆر – عبدالرحمن مزوری – احمد تاقانە) کە هەر یەکەو بەجۆرێ هاریکارییان کردم.

* هەموو دەقەکانم بە ڕێنوسی ئەمڕۆی کوردی نووسییەوە.

# ئۆریژناڵی ژمارە (٣)ی

# هتاو کرد

**عەبدوڵڵا زەنگەنە**

**وەرگێڕانی بەشە تورکییەکەی**
**سەید محیەدین بەزرنجی (نەژاد)**

من تاوەکو ئەمڕۆکەش ئەوە راو بۆچوونمە، میللەتی کورد لەبەر ئەوەی وڵاتێکی دامەزراوەی نەبووە، بۆیە کاروباری چ وەکو دەوڵەت چ وەکو حکومەت بۆ دانەمەزراوە، بۆیەشە تێکڕای کوردەواری تاک تاکەی لێ دەرچێ، ئەوەندە گوێ بە رابردوو و داهاتوو نادەن، لای تێکڕای ئەم میللەتە نانی ئەمڕۆی هەبێت، پێیان وایە بۆ سبەینێ خودا کەریمە، تەنانەت ئامۆژگارییەکانی خوای خۆشیان بەمێشکدا ناچێ کە بەمەعبودی خۆی دەڵێ: (**لەتۆ هەرەکەت، لەمن بەرەکەت**)، ئەم ئاکارو هەڵسوکەوتانەی کوردەواری سەدان ساڵە لای بەرپرس و گەورەی میللەتانی دیکە هەستی پێکراوە، بەڵکو بەدەیان تۆژینەوەشیان لەسەر کردووە، هەندێکیان ئەو سوخەتانەی کوردیان قۆستۆتەوە، جگە لەوەی بەردەوام میراتەکەی بۆخۆیان دەبەن ئەوەیشی پێیان نابڕێ لەناوی دەبەن، تەنانەت رابردوو و داهاتووی خۆیشیان لەلای رەش کردووە، بەڵام وەکو دەڵێن خۆشبەختانە بەم دواییانە هەندێک کەس پەیابوون و هەستیان بەم سوخەتەی میللەتەکەیان و مەرامی ناحەزانی کردووە، بۆیە هەر کەسەو لای خۆیەوە کەوتۆتە دۆزینەوەی ئەوانەی بنبزر کرابوون و شاردرابوونەوە، رۆژنامەنووسیش لایەنێکی گرنگی ئەم سەدەی دوایی میللەتی کورد بووە، دوای (٧٥) ساڵ ئینجا توانراوە رۆژی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی بە راست و دروستی بنووسرێتەوەو هەندێک لە ژمارەکانی بدۆزرێتەوە و دووبارە چاپ بکرێتەوە، لەو رۆژەوەش خەمخۆرانی ئەم بوارە بەخۆکەوتوون رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەیان لەزیادبوون دایە، ئەوەتا یەکێکی وەکو (**مەحموود زامدار**) لە ژمارە (٥٣)ی گۆڤاری (**کاروان**) لەساڵی (١٩٨٧)دا دا لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز و پڕ لە زانیاری، بە زمانە شیرین و پاراوەکەی خۆی، بەناونیشانی (**هەتاوی کوردو**

**سەردەمی ڕاپەڕین)** بڵاوکردۆتەوە، وەکو لەلاپەڕەکانی پێشتر خوێندتانەوە نووسەر وای نیشان داوە کە ژمارە (٣)ی گۆڤارەکەی دۆزیوەتەوە، هەوڵێکی زۆریشی داوە کە بە خوێنەرو توێژەرانی بسەلمێنێ گوایە ئەوی بەردەست ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکە بووە، دیارە تا ئەو کاتەو بەدرێژایی نووسینەوەی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەموو پێیان وابووە ئەم گۆڤارە دوای (**ڕۆژی کورد**) بڵاوکراوەتەوەو تەنیا (٣) ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام لە دووتوێی ئەم ژمارەیەی بەردەستی (**زامدار**) هەواڵێک لە بارەی گۆڤاری (**بانگی کورد**) بڵاوکراوەتەوەو ئەوی خستۆتە گومانەوە، بەڵام قەت بیریشی بۆ ئەوە نەچووە کە گۆڤارەکە لە (٣) ژمارە زیاتری دەرچووبێت.

دیارە (**زامدار**) تا ساڵی (١٩٩٨)یش ئەم گرێیەی لا نەکراوەتەوە، بۆیە لەم ساڵەو لەیادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا کاتێک ئەم وتارەی لە دووتوێی کتێبی (**گەشتێک لەنێو جیهانی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردیدا**) جارێکی دیکە وەکو خۆی بڵاوکردۆتەوەو هیچ زانیارییەکی نوێی نەخستۆتە سەر،هەرچی من بووم، لە ڕۆژانی بەرایی یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دوای خوێندنەوەی ئەم وتارەی (**زامدار**) چەند پرسیارێکم لەلا وروژابوو و زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆو بەراستگۆیەوە بەدوای وەڵامەکانیاندا دەگەڕام، ئەوەبوو دوای کۆکردنەوەی کۆمەڵێک زانیاری نوێ، لەیادی سەدو سێ ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا کاتێ لە سلێمانی بۆ ئەم یادە بانگ کرابووم، دوای خوێندنەوەی بابەتی (**سەرەتاکانی چاپ و ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**) لەلایەن کاک نەوشیروان مستەفاوە، کە باسی هەرسێ بڵاوکراوەی (**ڕۆژی کورد**) و (**هەتاوی کورد**) و (**بانگی کورد**)یشی تێداکردبوو، زۆر بەراشکاوی پێداگیریم کردو کۆمەڵێک زانیاری نوێم لەبارەیانەوە خستە بەرگوێی ئامادەبووان، لەوانەیە ئەوسا ئەو زانیارییە نوێیانەی من لای ئامادەبووان ئەوەندە پڕ بایەخ نەبووبن، لەوساوەشەوە لای خۆم هەوڵم دابوو زانیارییەکانم بە بەڵگەی نوێوە بۆ خوێنەران و توێژەران چڕتر بکەمەوە، ئەوەبوو لە ژمارە (٧)ی (**ڕۆژنامەنووس**)دا لەژێر ناونیشانی (**مژدەیەکی خۆش**) هەواڵی دۆزینەوەی ژمارە (٣)ی (**هەتاوی کورد**)م بەخوێنەران ڕاگەیاند، لەڕێگەی (**نەجاتی عەبدوڵڵا**)ی دانیشتووی پاریس لەلایەن کاک (**محەمەد تەیفون – مالمیسانژ**) دانیشتووی سوید بۆم ڕەوانەکراوە، بەمەش سەلمێنرا کە ئەو ژمارەی لەمەڕ (**زامدار**) ژمارە (٣)ی (**هەتاوی کورد**)ەکە نەبووە، بەڵکو ژمارەیەکی دانسقەی دیکەی ئەو گۆڤارە بووە، لەوساوە زۆر لەو کەسانەی بایەخ بەم بوارەی ڕۆژنامەنووسی کوردی دەدەن پەیوەندییان پێوە کردووم، بۆیە وا لێرەدا دوای خوێندنەوەتان بۆ بابەتەکەی (**زامدار**) وا دەقی ناوەڕۆکی ژمارە (٣)ی گۆڤاری (**هەتاوی کورد**)تان، دوای وەرگێڕانی بەشە تورکییە عوسمانییەکەی لەلایەن مامۆستا (**سەید نەژاد بەرزنجی**) داڕشتنەوەی و نوێکردنەوەی ڕێنووسی بابەتە کوردییەکان، دەخەمە بەردەست.

ئەوەی شایانی باسە ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەی لەمەڕ (**زامدار**) ئێستا لەبەر دەست نەماوە. لەساڵی ١٩٩٩ بوو من ئۆریژناڵەکەیم لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی دهۆک بینی، بەڵام بەداخەوە ئەوسا کەسێکی وام لەوێ نەدەناسی تا لەڕێگەی ئەوەوە گۆڤارەکە وەربگرم و بیبەم فۆتۆیەکی لەبەر بگرمەوە، لەبەردەست کورتیشم ماوەی پتر لەساڵێکی پێچوو تا جارێکی دیکە سەردانی کتێبخانەکەی دهۆکم کردەوە، بەڵام بەداخەوە وادیار بوو گۆڤارەکە لە شوێنی خۆی نەمابوو، دواتر چەند جارێکی دیکەش سەردانی کتێبخانەکەم کردەوە، بەڵام هەر ڕەنج بەخەسار دەرچووم، ئەوەبوو لە ساڵی ٢٠٠٥دا لەگەڵ (**د.سەلاح هەروری**) چووینە ناو کتێبخانەکەو گەلێکی لێ گەڕاین، بەڵام هەر بێسوود بوو، من ئێستاش پێم وایە ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکە، کە (**زامدار**)یش ناوی هێناوە لە کتێبخانەکەی مامۆستا (**عەبدولڕەحمان مزوری**) خرابووە کتێبخانەکەی زانکۆ. ئەوەبوو لەڕۆژانی فێستیڤاڵی دووەمی بەدرخان لە دهۆک ئەو زاتەم بینی و باسی گۆڤارەکەم لەگەڵی کرد، بەڵام وا دیار بوو ئەو هیچی وای بەبیر نەمابوو، بەهەرحاڵ ئومێدەوارم ئەو لاپەڕانەی بەردەست سوودی خۆیان هەبێت.

خاوەن ئیمتیازو
بەڕێوەبەرو بەرپرسیار
بابان عەبدولعەزیز
ئاثار نەنووسرێ نادرێتەوە
ژمارە: ٣

# هتاوکرد

تاریخ تأسیسی:
غرة ذی القعده
١٣٣١
درج اولنمیان آثار اعاده اولنمر
عدد: ٣

١٣ی سەفەری خێر ساڵی ١٣٣٢ — هەنووکە مانگێ دانەیەکی بڵاودەکرێتەوە — ٢٩ی کانوونی یەکەم ساڵی ١٣٢٩



خوالێخۆشبوو بابان زادە ئیسماعیل حەقی بەگ



## کوردایەتییێکی بەرەو لەناوچوون و ئاوابوون!

بەڵێ: قەومی بەدبەخت و بەفەناچوومان: تۆی دەیگەیەنێتە شارستانیەت، تۆی دەگەیەنێتە شوێنی باڵا، لەچاڵایی ترین سەفاڵتەوە.

تۆی بۆ بەرەو کامەرانی بوونت بەرز دەکاتەوە!

بەبەردەوامیش لەکانگای دڵیەوە بەدڵە خوێناویەکەیەوە خەم بۆ دواکەوتنت دەخوا، چارەسەری رزگارکردنی تۆی گەرەکە، بەرووناکی زانست و ئاشنابوونی خۆیەوە، وەک پزیشکێکی بلێمەت هەر بەدوای رزگارکردنت هەوڵ دەدا، هەموو هێزو تواناو غیرەتی خۆی بۆت نواندووە.

چەند بێ بەختە، گشت هێزی خۆی لەدوا هەناسەیدا بێ بەرانبەر بەکاردەبا ئەجەلی زاڵم و غەددار، هەر بۆ خاتری تۆ ژیانی خۆی لەرێی تۆدا وەقف کرد، لەگۆڕەپانەکانی شەڕدا دەیەوێ شوێنە بەرزەکانی جەنگاوەرایەتی خۆی بەتۆ ببەخشێت لەساڵۆنەکانی شارستانیەتی چەرخی بیستەمیشدا ئەو کورسییەی کە خۆی داگیری کردووە دەیەوێ بەتۆی ببەخشێت، ئەو کورسییەی کە لەژێر پەنجە ئاسنینی کۆمەڵەییێکە بەئارەزووی خۆیەوە ببەخشێتە کامە خاوەن کەرامەت و شایستەییێکێ بێ پەروا، لەو کارەش پەشیمانی بۆ نییە و نایزانێ.

چاوبرسی لەگۆڕەپانێکی نەناسراوا لەژێر کۆمە خۆڵەمێشێکی رەشدا (وجود)ی خۆی بزرکردووە، ئەو بێ وەفاییەی تۆ بۆچییەو بۆ کێیە ئەی کوردی ئاوارەبوو، لەم رێگایەی تۆ گرتووتە ئاڵای کاری جوهد و غیرەت گەشاوەتەوە لەگۆڕەپانەکانی پڕ لەرووناکیدا لەدەستی ئەم گەنجانەی کە لەبەرچاوتان دان بۆ لێیان جیادەبنەوە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە؟! لەجیاتی هەوڵدان و کاری پڕ لەهیمەت و سەبرو توانای کێ لەهاوڕێیانی جیادەبێتەوە، ئەوانەی کە بەهەوڵدانی خۆیان چەند کەندو کۆسپەیان تێپەڕکردو لەگەڵ چەند هەنگاوێکی گرنگ ئەوجا تۆ لێیان جیادەبیتەوە؟!

یان چاوەڕوانی کاری پڕوپووچ و پڕ لەحیلەی ساختەچیاتی؟!

یان وەک ئەوان دەست بۆ مناڵانی کۆڵانان پان دەکەیەوە یا لەشوێنە بزرەکانی ئەوان دەمری؟!

لەسەر ئەو زەلیلەو بێ پایەبوونتدا هیچ نەبێ ئەم حالەتەی روح کێشانت بۆ حاڵەتی ساغ بوونەوەت بەلایەک یان وەک ئەوانەی حاڵەتی زەلیلی خۆیان بگۆڕن بەحاڵەتی پڕ لەتووڕەیی و رووگرژی

هەواڵنامەی کتێب

بەروویێکی ناشیرین لەنێو خەڵکدا؟!
حاشـا. وانییـە. ئـەی نینـۆک نەرمـی ماتەمینم، یان وەک خاوەن خانەدانی؟!
ڕێـگای چـەوت و خواروخێچـت گرتە بەر خۆ، کوردایەتی: هەمیشـە زگی بەخۆ دەسوتێ، خۆی بەروویێکی پڕ لەخەندان و پێکەنین نیشانی خەڵک دەدا، کەسایەتی پڕ لەهیممەتی خۆی نیشانیان دەدات، هەموو کاتێـک بەرزایەتـی ژانی خـۆی بەقەدرو قیمەت رادەگرێت.
بەڵام: چی بکەم!!
کـە بەخایشـتی خۆی یان بـەزۆری و بەهەست کردنی ناخۆشی کەوتە ژێر باری ئەو دۆسـتانەی کە نازانـن بەزەیی بوون مانـای بکەوێتە هـەر هەڵزەلینێک بەزەیی یان پێی نایێ، دەبێ هەر شـتێک بدۆڕێنی بەدووایدا غەم نەخوا!!
جا:ئێستاش کار لەکارترازا، رادەکێشرێتە کاری عەسـکەری دەخرێتە لیستەکانیەوە بەرەو لیستەکانی فەلاکەتەوە.
ئەوجـا: گیانـی نـازداری کوردایەتـی خـۆی وەک گیانـی نـازداری یـەک لـە (ئـەولادی) بێ بەختی بابـان زادە (حەقی بـەگ) خوا لـێ خۆشـبوو، بەڵـێ: حەقی بـەگ مـرد، ئاوابـوو، لەهەوڵدانـی بـۆ کوردایەتی جیابۆوە، یادگارێکی بەهاداری لـەدوای خۆی جێهێشـت، لەدنیا جیابۆوە، کارێکـی بەنیوەچڵی جێهێشـت، بەئومێدی بڵاوکردنـەوەی (عیلـم و عیرفـان)ی سەرشانی سەربارەی ئەوەی کە هەست و بیری کوردایەتی لێ مەحروم کرا بەو کۆچ کردنەی هەمیشە لەحەسرەتی دواکەوتنی میللەتی کوردی خۆی سەرکەوتنیانی چاو پێ نەکەوت.
بـەڵام لەسـەر ئەوەشـدا گەنجینـە میراتێکـی بەهـاداری نەمـری لـەدوای خۆیـەوە بـۆ کـورد جێهێشـت، لەکاتێکی کـپ و پڕ لەهیممەتیـدا، بابان زادە کۆچی دوایـی کـرد.. بـەڵام لەپـاش خۆیدا ئەو ئامانجـە جوانەکانـی وەک دەسـتوورێک بۆ کورد کردە بەحشـش و پاداشـت، ئەو خانمـە ئافرەتانـەی بـۆ لای کوردایەتـی لەبازنەی خۆیدابوون بەمردنی بۆشاییێکی لەنێوانیاندا بەجێهێشت، ئەم بۆشاییە ئەگەر پڕیش نەکرێتەوە، بەو میراتەی کە لەپاشی ماوەتـەوە پـڕ دەکرێتـەوە، هیوادارین: ئەوانەی لەدوای ئێمەوە دێن ئەم بۆشاییە پـڕ بکەنـەوە، بـەو کارەیـان هیـچ نەبێ غەمـی دواکەوتنـی کوردایەتی و هەم ئەو گیانە پڕ حەسـرەتەی خوالێخۆشبوو شاد دەکەنەوەو قەوم و قیلەی خۆی و دوامین پاڕانـەوەی لەسـەرکەوتنی میللەتیـەوە لەسـەر هەردووتاکـەی تـەرازوودا بەرە باشـەکردنی لەمەقالەکەیدا بـۆ یەکەمجار لەسـتوونەکانی (گۆڤـاری هەتـاو)دا بڵاودەکەینەوە، خوایلەسەران: بیخاتە بەر مەرحەمەتی خۆیەوەو بە سەربەرزکردنی (نەتەوەی کورد)یشمان شادمان بکات، ئەو پاڕانەوەمان بۆی بەرز دەکەینەوە؟

**هەتاوی کورد...**



## کوردو کوردستان

مــن کــە خــۆم کــوردم شــانازی بەنەتــەوەی کــوردەوە دەکــەم. ئەمــڕۆ دیاردەییێکــی نوێخــوازی خەریکە پێمان نیشــان بــدات، ئەویــش: کاریگــەری سەربەستی ڕۆژی پڕتەوی پڕ لە (فەیزو بەرەکەتــی درەختی پاکی عوســمانی، لە لقێکی گرنگی بەســیفەتی ســایەداری پڕ لەنەرمی ژیان، خۆی خستە سەر ڕووی مەوجوودیەتەوە).

ڕووباری جۆشــان و پــڕ لەبەرەکەت نیشــاندەری ئیســلامییەت ئاودارتریــن نەمــری لاقێکــی برجێکــی عوســمانی داکوتراوی توندە ئەویش: ئیســلامییەتی ئەم نەتەوە پاک و بێ گەردە، لەپێش هەموو شــتێکەوە موســڵمانە، لەدووایيدا: هۆی ژیانی میللەتانە لــەڕووی کامەرانیانەوە، زانایــی زۆری هەیــە لــەدەزگای بــن و بنچینەکان مەشروتییەتەوە عوسمانییێکی بــێ غەل و غەشــە، هۆی سێیەمینیشــی کوردە، سەرباری ئەوانەش لەبنەماڵەییێکی ڕێزدارو پیرۆزی ئیســلامە، ئەو هەیئەتە بــەرزەی عوســمانی و ئــەم دەســتە پڕ شــکۆیەکی عوســمانی گرنگترین بەشی ســوودمەندو بەبڕشــتر کەســایەتییێکی یەکجــار ئەمیــن و ڕێزگر لــەو کۆمەڵەدا بەقــەد یــەک زەڕڕە لــەوان جیانابــێ، خــۆی: جێگای هیــوای میللەتی خۆیەتی، خۆی: لەپێناو وەدەســتهێنانی کامەرانیدا دەخەبتی و ماندووە.

کــورد: لەوکاتەی کە چۆتە ناو جغزی ڕزگاری ئیســلامەوەو واتــە لەچەرخــە کۆنەکانی بەر لەپەیدابوونی ئیســلامەوە، هیــچ کاتێــک بــەرەو ڕووی ئــەو دینــە پیرۆزە ڕانەوەستاوە، ڕاناوەستێ و نابێ ڕاوەســتێ، کورد بەرەزامەندی خۆیەوە بەبــێ زۆر لێکــردن لــە یەکــەم ڕۆژیدا داخیل بووەتە ژێر خزمەتی عوســمانی، لەهیچ کاتێکدا بەڕووی ئیهانەتەوە بەرەو ڕووی عوســمانییەکان نەبووەتــەوە، ناشبێتەوەو ناشبێ ببێ، خەسڵەتی ماددی و مەعنەوی خۆی ناگۆڕێتەوە.

بەرانبەر بــەو خەسڵەتەشــیدا لەگەڵ عوسمانییەکاندا بۆتەوە دۆستێکی بەهێز، هیچ هێزێــک هەرچەندە بیــەوێ کە ئەم پەیمانەی لەنێو کوردو عوســمانییەکاندا بەســتراوە بــی پســێنێ ناتوانــێ، ئــەو

پەتکە بەهێـزە وەهمیەی لەنێوان کوردو عوسمانییەکاندا هەیە نایەتە پسان!!
عوسـمانییەت (معاذاللـە) ئەگـەر بڕوخێت کوردایەتی بێ نیشـان دەمێنێ! بەپێچەوانـەش (کوردایەتی خودانەکردە) ئەگـەر قەڵاچـۆ بکرێـت بـێ ناوبمێنێ، عوسمانییەکان لاوازو پەرێشان دەبن!!
سەربارەی ئەوەش مەگەر لەتاریکییە پـڕ لەمەترسـییەکانی زەمانی رابردوودا ئەگـەر نەگەڕاینەوە، دەبێ بەشـێوەیەک بخرێتە مەیدانەکانی لەبیرچوون.
حکومەتـی پێشـوو: ئەگەرچـی دوژمنی فیکرو هۆشـبوو، بەڵام دەرهەق کـوردەکان هـەم دوژمنـی فکربـوو و هـەم دوژمنـی زوبانیش بـوو، بەرانبەر میللەتەکانـی تریـش سـەربڕین و زمان بڕیـن و هـەم لەناودەبرێت. کـوردەکان لەسـەر ئەوبـێ زمانییەیـان، نـەوەک تەنانـەت لەنەتەوەکەیـان، بەڵکـو هەتـا لەمەزهەبەکانی خۆشیان دوورکەوتوون، زۆرترین شـوێنە ئاواییەکانیشیان جۆرە نەزانییێکـی رەش دایگرتـووە، زۆر لەکوردەکانمان، لەشێوەی ئینسانیەتیاندا کەوتوونەتە وەحشـیەتەوە، لەرەوشـتی پاکـی مەزهـەب و بڕواییەکانیانـدا بـێ پایـە بوون، بەم هۆیانەوە لەخۆنانسـین و کوردایەتـی دوور کەوتوونـەوە، ئەو شەرەف و حەیسیەتە و ناموسی میللیان لەژێر ژەنگدار بوونیاندا بزر بوون.
بزانن! حکومەتی پێشوو بەدەستدرێژی و دەسەڵات بوونی، وڵاتی وێران کردبوو، هەموو کارە خەراپەکانی خۆی خستبووە سەر ئەستۆی کوردەکانەوە.
دەیانگوت: کـوردەکان توونـدە تەبیعەتن، حەز لەخوێن رشـتن و شـەڕ و شـۆڕ دەکـەن، بەم جـۆرە کوردەکان خەتابار دەکران..

لەو سـەردەمانیشـدا لەچاپکراوەکانی جیهانـدا کـە بـاس دەهاتـە سـەر ئـەم شـتانەوە، دەزاندرا کە ئەم کارە خراپانە لەژێـر دەسـەڵاتداری حکومەتەوەبووە، لەگەڵ ئەم باسـانە، سەریان لێ دەشێوا، سکاڵای کوردەکانیش گەییبووە عەرشی یـەزدان، تورکەکانـی ئەوسـا میللەتیان لەژێر تۆمەتـداری و بوختاندا دەخنکاند! ئەگەر پاسـەوان گورگ بێ دەبێ میللەت چی بێ؟!
ئـەو بوختانانـەی کە بەکـورد کراوە دەڵێـن: کاری ئەرمەنـەکان بـوو، ئەگەر بگەڕێینەوە مێژووی کۆن دەزانین ئەگەر دراوسـێیەکی باش لەنێوان دوو میللەتدا هەبێ، پێویسـت بەوە ناکا، کای کۆن بە با بکرێ، ئایا کێ بیسـتوویە، شیکایەتێک لەئەرمەنەکانـەوە دەرهـەق کـوردەکان ئەگەر کرابـێ، کوردەکانیـش بەتەحقیق ئەگـەر پەلامار ببەنە سـەر ئەرمەنەکان ماددەی ٦١ی پەیمانەکـەی (بەرلین) لە (پزدانـی هۆش و بیـردا لەدایک نەبووە) اسـناد کراوەتەوە سـەر ئەرمەنەکان لە پەلاماردانە وەحشیەکانیاندا!!
کوردەکانیش وەک عوسمانییەکان لە دژی ئەرمەنـەکان شـەڕییان نەکردووە، چونکە موسڵمان سـەروماڵی غەیرەدین دەپارێزێ، بەپێی عەدالەتەوە نەک تەنانەت لەرووی پلـەو پایە، (لهم مالنا وعلیهم ما علینا) فەرموودەیەکی پێغەمبەرە (د.خ).
موسڵمانە کوردەکان هەر لەزووەوەو هەتا ئەمڕۆ!
پەیـڕەوی لەدادپـەروەری ئایینـەوە دەکەن.
بـا واز لـەم یادەوەرییـە پـڕ لـە ئەشکەنجەوە بێنین!
خەجاڵـەت و تاوانباریـش بـا ببێتـە لەکەیەک نێوچاوانی حکومەتی پێشوودا،

رمێک لەمێژووەکەی رابکرێ!
ئێستاش رۆژانی داهاتوو بۆ ئێمەیە!!
با چوار دەستمان بەدامەنی هیممەت و غیرەت بگرین (هەروەک گوتەنێ)!
بەڵێ: کۆشش، شەوو رۆژ، کۆششێکی بێ ئارام، بێ پشوودان، بێ بۆشایی، ئێمەی خەڵکی رۆژهەلات و بەتایبەتی لەنێو رۆژهەلاتیاندا دواکەوتووین، جا: دەبێ کاری یەکەو کاری ئاخرینیان دەبێ ئەوکارەی لەسەرەوە کە باسمان لێ کردووە.

ئەم کۆششەی کە دەیکەین دەبێ لەکێوەوە دەسەت پێ بکەین؟!
لەهەوەڵدا: فێربوونی زانست، دووبارە هەر فێربوونی زانست، لەدووایيدا هەر فێربوونی زانست، هەر زانست، پاڕانەوەمان لەجەنابی هەق لەم کارەدا، هیممەتی خاوەن کۆششەوانەکانمان بەخێر (سەربەرزیان) بکات!

**بابان زادە**
**ئیسماعیل حەقی**

## سەربردەی حاڵی ئیسماعیل بەگ

ئیسماعیل حەقی بەگ لەکوردە نەجیب زادەکانی بابانەکانە، لەساڵی ١٢٩٢-ی کۆچی لەبەغدا لەدایک بووە خوێندنی سەرەتایی هەر لەبەغدا تەواو کردووەو لەپاشان چووەتە ئەستەمبوول بۆ خوێندنی ئامادەیی و لە سوڵتانی-دا، لە ٣١١ ک خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە، لەپێشبڕکێدا بەسەرکەوتووانە چووەتە فێرگەی شاهانە.

ئیسماعیل حەقی بەگ لەدوای لاوێتی، خۆی بەلایەنەکانی (بیری ئازادی و سەربەخۆیی)یەوە خۆی خەریک کردووە، نەک بەتێکەڵ بوونی ئەندامی لەکەش و هەوایێکی پڕ لەناڕەحەتدا، رەوت و هۆش و بیری را لێ نەبوون هەوڵی بەرزایەتی لەوەزێتری کرد، هەر وەک ئەوانەی بەدوای ئازادی راستەقینەی تەواویان گرتوتە بەرخۆ! لەدوای ئەوەشدا خۆی بە فێربوونی فەرەنسی خەریک کرد، لەلایێکی دیکەوەش چووە مەکتەبی (حقوق/ماف) لەساڵی ١٣١٨ک بەپلەیێکی بەرزەوە تەواوی کرد!

بابان زادە ئیسماعیل حەقی بەگ لەرۆژنامەی (ئیقدام)دا بەناوی سەرنووسەری خۆی خزاندە نێو رۆژنامەگەرییەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەپێناوی خزمەتی پێنووسدا بەفەزل و هونەری خۆیەوە سەرکەوتوو بوو، بەئاکارو بیری رۆشن و بەئازادیخوازییەوە لەنێو خەڵکی ئەوسا ناوی دا، بەتایبەت لەنێو هاوکارەکانی خۆی، لەگەڵ دۆستی هاوژینی خۆی (عەلی رەشاد بەگ) بەیەکەوە، ئەو نووسینەی کە لەسەر ژیان و سیاسەتی (بسمارک) نووسیبوویان

هەواڵنامەی کتێب

لەماوەیەکی کەمدا وتارەکەیان بە بەرزی پەسندکرد!!

لەپاش جاڕدانی مەشروتییەتەوە، ئیسماعیل حەقی بەگ بۆ تەواوی خۆی خستە خزمەتی پێنووس بەتەواوی ماندووبوونی خۆی تێداکرد، خۆی لەدەوامبوونی چاپەمەنییەکانی دەرەوەی وڵات کێشاوە، لەپاش ماوەیەکی کەمیشدا لەرۆژنامەکەی (ئیقدام)یش خۆی کێشاوە، جێی پەنجە پێنووسە زێڕینەکەی لەلاپەڕەکانیدا دەدرەوشێتەوە.

ئیسماعیل حەقی بەگ: بەبڵاوکردنەوەی وتارەکانی خۆی لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکەی (ئیقدام)ی ئێمەوە دەربارەی سیاسەتی دەرەوەو ناوەوە، لەهەرلایەکەوە بووە جێگای نۆرین و رێزلێ گرتن، بەهاییەکەی پڕ بەجیهانەوە بڵاوبۆوە!!

ئیسماعیل حەقی بەگ: بۆ یەکەم و دووەم جار لەهەڵبژاردندا بەئەندام لەپەرلەماندا بۆ بەغداو دیوانییەوە بەسەرکردەوە، تێیدا بەسەربەرزی تەواوەوە خزمەتی کرد، لەئەنجومەنی نوێنەراندا ئەگەرچی گورج رەوی و دڵ گەرمیش نەبووبێ و وتەبێژێکی سەنگین بوو.

بابان زادە ئیسماعیل حەقی بەگ لەپاش ئەندامییەتی پەرلەمان چووە نێو کارگێڕی پەروەردەوە، بۆ ماوەی دوو مانگ خزمەتی کرد ئەگەرچی خزمەتەکەی لەپایەکی زۆر بەرزیشدا نەبووبێ، بەڵام جێی پەنجەی لەسیاسەتی شێوەو شێوازی بڵاوکردنەوەی خوێندندا دیارە!

لەهەمان کاتدا: کە لەخوێندنی فێرگەی شاهانە دەیخوێندو دەرسی فێری فێرخوازان دەکرد، بیرو هۆشیانی زاخاودەدا لاوێکی بەکاربوو، فیداکاربوو، مردن بەرەو رووی هات لەکاتی پڕ لەغیرەتیەوە بەیەک دەم لەئێمەی جودا کردەوە، خوا هەزاران رەحمەتی بۆ ببارێنێ!!

## کوردە بەدبەختەکان!!

بەڵێ: لەراستیدا کوردەکان بەدبەختن، بەدبەختی میللەتێک یا نەتەوەیەک وەک میللەتی کوردە بەدەردەکەوێ، کە کەسێکی رۆشنبیری تێدانەبێ و یاخود نەتەوەیەک بێ بەرەو نادیاربچێت، ئەو زاتە رۆشنبیرە سەرفرازانەی کە گەلی ئازیزی خۆیانیان گەیاندە ئەوپەڕی شارستانیەتەوە بابانزادە ئیسماعیل حەقی بەگ بەئاشنایی مەنتیقییەوە، لەو ئۆردوگایانەی کە خزمەتی تیایاندا دەکرد، هەموویانی بەزاند، ئیسماعیل حەقی بەگ: لەسیاسەتدا (مەعلوماتێکی زۆر فراوانی هەبوو، لەجیهانی سیاسەتدا ماڵێکی حەمیەت بوو، ئایینپەروەرێکی لەخواترس بوو! میللەت پەروەر بوو! ئازاو جەسوور بوو، پێی خۆشبوو

پڕگیانـی خۆی میللەتەکەی فێری عیلم و مەعریفەت بکات.) حەقـی بەگ: ئەوەندە لەژێـر ئەمرو نەهـی خـوای گەورەبوو لەکاتی گیان لەدەستداندا (ارجعی...) ئەو وشـەی ئایەتی پیـرۆزی کەلامی خوای مەزنی دەخوێندەوە!

بەڵێ: حەقی بەگ وەفاتی کرد، فەرمانی خـوای بەجێ هێنـا، بەڵام ئێمـە: بەزۆر پـەژارەوە حەقی، بەوەفـاداری خۆیەوە دەرحەق ئیمان بە وشەی (ارجعی...) ئەم گیانە پیـرۆزەی خۆی تەسـلیم بەخوای گەورەکرد، برینێکـی کاریگەری لەگیانی میللەت بەجێهێشـت، میللەتی بە هەتیوی بەجێهێشـت، چووە ژێر خاکەوەو نێژرا، پەپکەی رۆژ بـەرەو تاریکی چوو، وەک یونـس چووە نێو تاریکی دەمی نەهەنگ، هەتـا رووناکی کوردایەتیش کووژایەوە، قەڵاچۆکرد، کوردەکان بێکەس و بێ نەوا مانەوە.

ئەگـەر کـوردەکان لەنێویاندا کەسـایەتییەکی وەک حەقـی بـەگ پـڕ لـە (زانیـاری) هەبووایـە، ئەوەنـدە برینـدارو دڵشکاو نەدەبوون، بـەڵام زانسـت و زانیاری، حەمیەت، بەتایبەتی پەروەردەکردنـی میللەت لـەم کارانەوە ئێمە حەقـی بەگمان بینـی، بەتەنیاییمان دەزانـی، لـە حەقیقەتدا تەنیابـوو، حەقی ئەوەنـدە خزمەتـەی بـۆ کـوردەواری کردوویەتـی بۆ گیانی خۆی بەسـوودی نەدەزانی، مەعلومیشـە گەیشـتنی حەقی بـەگ بۆ ئەم شـوێنە بـەرزە بەیارمەتی کـوردەکان نەبـوو، بەیارمەتی زانسـت و زانیـاری خۆیەوە بـوو، خزمەتکردنی بـۆ کوردایەتی چونکـە خۆی کورد بوو، دەیویسـت خزمەتی هاووڵاتییانی خۆی بکات، (ئیمانیشـمان بەمـردن هەیە.. کل نفس ذائقة الموت...).

حەقـی بـەگ: پـڕ بەگیانـی تەنیایـی خـۆی تامـی مردنی کـرد، ئەویش وەک کەسـانی دیکـە بۆ مـردن گیانـی خۆی بەخشـییە خوای مـەزن، ئەمما ئەم زاتە پیـرۆزە لەپڕا لەکاتی بێ وەختی خۆی، کوردایەتی لەحاڵی سەفالەتدا قورتارکرد، چونکـە هاوڵاتیانـی خـۆی بـوون، ئێمە لەوجـۆرە بۆچوونانە نەبووین، لەجەرگ سـووتانی ئەم زاتـە بەرامبـەر میللەتی خۆی، خۆزگە ئەم بۆچوونانەی ئەم زاتە بجووڵابایە لەخوێنی پری مێشکم..

بەڵام: بە پـەژارەی زۆرەوە وانەبوو، قـەزای کوتوپـڕ ئامانجـی خـۆی هەیە، خوێـن گەرمـی، ببێتـە وەک ئەوانـەی ناسـراون بەرێ خۆشـکەری کامەرانی، وەک پەیامبـەر، مامۆسـتاییکی بەتواناو بێهاوتا.

حەقـی بەگ: خـاوەن مێشـکێکی بێ وێنەبوو، مرد.

مردنی حەقی بەگم لەدۆستێکم پێگەیی، لەشـەقامی بابی عالی، کە مردنەکەی پێ راگەیاندم بەدووبـارە کردنییەوە، ئەمڕۆ ئەگـەر تـۆ بەرانبـەر ئەم قەزایـە ماوی بەسـەر لێ سـووڕێنەری، تووانات نییە، بزانـە: قـەزا تەنیا تایبەت بـە تۆوە نییە، بۆ گشـت کوردانیشـە، بەڵکو بۆ گشـت موسڵمانانیشـە وەفاتی بابان زادە حەقی بـەگ شـتێکی کاریگەربوو، ئـەم هەواڵە رەشـە، بڕوام پـێ نەبوو، نەمدەویسـت بزانم.

بزانـن: کـوردەکان پێویسـتیان بـە خزمەتکـردن هەبوو، بۆ ئـەوەی خۆیان بگەیەننە ئاستی میللەتانی سەرکەوتووی دنیـا، ئـەم زاتە لەنـاکاورا بۆیـان هات، کوردەکانی گەیاندە سەرکەوتن، وجودی خۆی لەپێناو کوردایەتیدا خەرج کردبوو، هیـچ ئـاگام لـێ نەبـوو چـۆن جەنابی

عەبدوڵڵامەی کورد

حەق گیانی پیرۆزی دەسێنی، بەزۆر داخ و پەژارەوە، وا گومانم لەوەی هەبوو، خەتاباری و تاوانباری خۆمی پێ راگەیاندم، مردنی حەقی بەگ فەخرو شانازییە بۆمان، چونکە کوردە، بەگوڵبەندی زمانییەوە شوێنەوارێکی گەورەی لەنێوانماندا بەجێهێشت، جەنابی حەق سەبرو ئارامی بخاتە نێو دڵی کوردان و دۆستانی خۆی و بەشداری بەخشین مەرحەمەتی خۆی، خوالێخۆشبوو بەبەهەشتی بەرین شاد بکات...

**کەرکووکی**
**نەجمەدین**

## دیسان کارەساتێکی تاڵ و ژاڵ!

چەند ساڵێکی بەر لەئێستا، ئیسلامییە تەلاوازەکەی ئەمڕۆکەمان لەکارەساتەکانی کە دوێنێ بەسەری هاتبوو بیری لێ دەکاتەوە!!

بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لەدوژمن بسێنێتەوە بەتۆپ و تفەنگەوەزانست و زانیارییەوە ئۆردوگاکانی خۆی ئامادە دەکات، ئەگەرچی ئەوەش شتێکی پێویست بێت جێگای قەناعەت بوونیش بێت، بەڵام میللەتە دواکەوتووەکەمان گەنجینە پڕ لەزانست و زانیارییەکەی خۆی خستۆتە پشت گوێ و ئیهمالی کردووە.

بابان زادە ئیسماعیل حەقی بەگ لەژێر پەنجەی مردنی غەدداردا ئاوابوو. لەپێناو پاراستنی وڵاتدا، سینگ و گیان و لەخوێن پڕکردن هەر تەنیا بەچەک نابێ، بەزانست و زانیارییەوە دەبێت، تەنانەت رۆشن کردنی مێشک بەعیلم و عیرفانەوە جێگای ئومێدەوارییە، کە دەڵێ: موومێکی رۆناکی گەورە بەسە بۆ ئیسبات کردن، نەک سینگی نەرم بکرێتە تانەی گوللەی تۆپ و تفەنگ، مەبەست لێرە، خۆتان بدەنە بەر رووناکی زانست و عیرفانەوە!!

مانای ئەوەیە تۆڵەسەندن کاتی خۆی هەیە، جارێ ئێوە مێشکی خۆتان بە زانست و زەخاو نەداوە بەتەواوی، لەوکاتەی کە میللەتمان زۆر پێویستی هەبوو بە زانست و عیرفانەوە، کوتوپڕ بابان زادەی لێمان ڕفاند بەمردنی لەناو ماتەمینشیدا مانمان هەر بۆ بێبەش بوونمانە لە نیشتمان پەروەریماندا، ئەو نەسیبە بێبەشییەمان تووشی کێ بووە بەغەیری ئێمە!!

ئەو میللەتە دواکەوتووەمان، چەندین کارەسات و فەلاکەتی بەسەرهاتووە، چ بەدبەختییەکە؟!

چ دواکەوتنێکە؟! بەڵێ میللەتێکی زۆر دواکەوتووین، بەشێکی زۆری گەنجیەی ئومێدی رۆژانی داهاتوومان لەدەست چوو، ئەمڕۆ بەگشتی لەنێو ماتەمیندای جەنابی خوای گەورەو میهرەبان هەمووممان بخاتە ژێر مەرحەمەت و لێخۆشبووندا بەتایبەت خانەوادەی خوالێخۆشبوو ئارامی دڵخۆشییان پێ ببەخشێت..

**سلێمانیە**
**ئەحمەد**

## شیعرێکی (مرثیە) بەرەو رووی فەلەک!

ئـەی چاوی پڕ خوێنم، ئاوی زوڵاڵمی، یان تۆچی؟!
ئەی حەسـرەتی گیانم، بای شەماڵمی، یان تۆچی؟!
ئـەی بەخت رەش، مەحالە بمکـوژی، یان تۆچی؟!
پێـم بڵـێ: تـۆ ئامانجـی خەیاڵمـی، یـان تۆچی؟!
ئـەی فەلەک: نازانم تۆ تێکدەری حاڵمی، یان تۆچی؟!
دەردمی، ئازارمی، لەکوشـتنم دەگەڕێی، یان تۆچی؟!

هەزار خەتەرەت خسـتە نێودڵم، یان تۆچی؟!
بەزەییت بەحاڵـم نایێ، یـان تۆچـی؟!
لەجـەورو زوڵمتدا ئاگـرت لەسـینەم بەردا!!
بـۆ رق و کینەت بـۆ هەژارێکی وەک من بێ!!
ئـەی فەلەک: نازانم تۆ بۆ بەشـوێن مردن ئەگەڕێی!!
دەردمـی، ئازاری لەناوبردنمـی، یان تۆچی؟!

سەربازەکانمان بەغەمی کۆکردنەوەویانداسەف سەفمان کردن!!
ئـۆردوگای ئومێدمان تێکـدا، تەلەفمان کرد!!
بەهاویشـتنی تۆپی شـەڕت، ئەندامم بۆیە هەدەف!
لەو زوڵمەی دا، نە توبەیەک، نەپەشـیمان بوونێک!

فەلەک نازانم، حاڵم بەفەسـاد دەبەی، یان تۆچی؟!
دەردمـی، عەزابمی لەناوبردنمی، یان تۆچی؟!

شـۆخێکی مەشرەب پەری، رەغبەتم لەچی بێ؟!
لـە تێپەڕبـووم، حیرەتـی دڵـم، لەچـی بێ؟!
ئەگەر بۆم ببێتە دەرس، خۆشویستنم لەچی بێ؟!
جارێـک تێفکرە، ئاگر جودابـوون لەچی بێ؟!
نازانم فەلەک، تێکـدەری حاڵمی، یان تۆچی؟!
دەردمی، عەزابمی، تێکـدەری حاڵمی، یان تۆچی؟!

ئەی فەلەکی مەقام توند، تۆ دەریاییێکی دەستنەکەوتووی؟!
ئێمە: لەدەریادا دیومانە کارە ناڕەواییەکانت؟!
شـەپۆلە بەرزەکانی شتە نرخدارەکانی رامالییە ژێرەوە!
پووش و پەلاشـی کەوتە سەرەوە، دورو جەوهەریش کەوتنە ژێرەوە؟!
نازانم ئەی فەلەک تۆ بۆ موفسیدی حاڵمی، یان تۆچی؟!
دەردمـی، عەزابمـی، بۆ فەوتاندنمـی، یان تۆچی؟!

**کەرکوکلی**
**راسخ**



# ئەزموونەکانی هەستی و هۆشی!

**Laffectif et le Rationnel**

ئەزموونەکانی هەستی بنکەی داهێنراوە/ وجوودەکان!!

ئیخلاسەکانە، مەرحەمەتەکانە، مەحەببەتەکانە، بەڕێوەبەری خولیاو عەقلیاتێکی مەوسوق و گومان لێ نەکراوە، بەستن و ڕێک خستنی گشت خردوخاشەکانە، بەزەنبەرەگەکانی سوڕاندنی وجودی داهێنراو!

*

لەمێژووی هەسارە داهێنراوەکەماندا، ڕۆڵی هۆش و بیر زۆر درەنگ پەیدابوو، لەنێوان کۆمەڵگای ئادەمیزادادا لەچەرخەکانی کۆندا خەڵک بێ خانوبەرە ژیانی دەبردە سەر، لەپاشدان بەپێشکەوتنی زەمانە، گۆڕانکاری پەیدابوو، پڕتەوی هەستەوەری مەربوت بەئیرادە/ توانای مرۆڤەوە نییە، هیچ کەسێک خۆشەویستی و نەفرەت کردن لەژێر ئیرادەو توانای خۆیدا نییە!

بەهێزترین مرۆڤ لەسەر بەشەکانی هەستەوەری خۆیدا بێ، حوکم دەمێنێ، بەڵام دەتوانێ دیاردەکانی هەستەوەری خۆی لغاو بکات!!

*

هەستەوەری مرۆڤ هەرچەندە گۆڕانکارییەکانی کەمیش بێ بەلای زۆرییەوە گۆڕانکاری لەکارەکانی خۆی دەکا، بڕواکردن بەگۆڕانکارییەکانی هەستەوەری بزانە هەر بەو حاڵەتەیە!!

*

هەستەوەری لەکارەکانی وەهمیدا، بەپەلە یەقینی پەیدا دەکا، ڕستە هەستەوەرییەکان بەعزەجبارییان دەچنە شوێنی هەستە زیندووەکان!!

*

هێزی هەستەوەرە بەدیهییەکانی تێکەڵ حیسابی هەستەوەرە عەقلییەکان نابێت!!

جۆرە جیاجیاکانی مەنتیقی نهێنی هەستی و عەقلی ناکرێنە نێو تەرازووی یەکبوون!!

*

ئەوانە ئەگەر لەسەر یەکتری دابندرێ، بەڵام لەگەڵ یەکدی تێکەڵ یەکدی نابن!!

ئەم ئەزموونە هەستیانە لەگەڵ هەستیانێکی دیکە یان هەستیانێک لەگەڵ (وێنەی هزری) شەڕ بکەن، بەڵام لەگەڵ بەشە عەقڵییەکان هیچ کاتێک ناتوانن شەڕبکەن!!

*

هەر کارێک لەبن لووتی خاوەنەکەی بکرێ بۆ کەسانی دیکە بەدڵ ناخۆشییەوەیە!!

هەر کارێکی ئاشکراو نهێنی لەژێر دەستی مرۆڤە زیرەک و شارەزاکانەوە بەو مەرجە کە گشت سیفەت و سیرەتیان

بەکارەکەوە بێ لەگشت بەڵگە و ئیقناعاتی عەقلی زیاتر دەچێتە نێو مێشکەوە!!

*

هەر فیکرو خاتیرەیەکی ئەگەر بەتەواو لەئەزموونەکانی هەستی و نهێنی بێ بەش کرا هیچ کاریگەریێکی ئەوتۆی نییە، فیکرێکی بێ بەرهەمی سەلمێنەری بەردەوام وەک بەردێکی پتەو!!

کاری هەستی و یان نهێنی و یان بەتێکەڵی هەردوو لاوە دەبنە بنکەییێکی پتەوی مێژوو!!

*

هەر شتێک لەلای عەقڵەوە نیشان بکرێ، لەهەموو کاتێکەوە مەعقول بوونی ئەو شتە ناسەلمێنێت!!

*

هەر شتێکی لەرووی عەقلی بوونیە نیشان کرابێت، ئەم شتە لەرووی مەعقولی بوونیەوە، هەر زەمانێک ئیعتیراف بە ئیسبات بوونی ناکات!!

*

گەورەو سەرکردە ئینسانە (قوڵلانجییەکان)هەمیشە ئارەزووەکانییان جێبەجێ دەکرێ.

بەلام ئەوانەی بەکاری بنیاتنانەوە خەریکن هەر ئارەزوویەکی بنیاتناییان تەواوکرد، ئارەزووی کارێکی دی دەچن، لەم کارە زیاتر شتێکی تر ناکەن!!

*

لەجیاتی ئەو کامەرانییەی وەهمی، خۆیان خەریکی ئەم کامەرانییەی لەبەردەستدا بکردبا چاکتربوو لەم حەسرەت کێشەی زۆرباشتر بوو، چونکە ژیانیان درێژەی پێ دەدرا!!

*

لەحەقیقەتەدا مرۆڤی حەکیم (پزیشک) دەتوانێ سەیتەرە لەسەر ئەندامەکانی گیانی خۆی بکات، بەلام کاری حەکیمی هەموو کاتێک ناتخاتە کامەرانییەوە!!

کارو بارودۆخی فەلاکەت لەگەڵ کامەرانی بووندا ناگونجێ، دۆستایەتیش لەنێوان مرۆڤی بەدبەخت و مرۆڤی کامەران بەهیچ جۆرو بەهیچ کاتێ دەوامی نابێ!!

جەزب و دەفع (بەتێکەڵ بوون و پاڵپشت کردن) رێکسختنی خەڵک دێتەکار، بەو پاڵپشت کردنەشدا خۆشەویستی و لێک جیابوونەوەی مرۆڤ بەتەواوی بەدەردەکەوێت!!

*

ماوەی ژیانی مرۆڤ تەنانەت بەژماردنی رۆژانی نییە، لەم کاتەدا، بەڵکو پەیوەندی ژیان بەکۆکردنەوەی هەستە جۆراوجۆرەکانی رۆژانییەتی!!

**دکتۆر**
**عەبدوڵڵا جەوەدت**

هەواڵنامەی کتێب

## گەورەکانمان!

لە ساڵە دوورو درێژەکانی ئەزەلیەتەوە، کە هەمووی لەنێوان خوێن و کێمدا بووین، لەرۆژانی داهاتووشدا بەئەمین بوونیشمان نازانین، بەتەنیا بۆ ژیانی ئەوڕۆمان شوکر و پەنا بەخوا، بەرووت و رەجالی خەریکی کاری سەفالەت، بەژیانی سەرمەستی و بەزەیی پێ هاتنەوەمان، کوردایەتیش هەتا ئێستا لەدواکەوتن و لەزەلیلی دایە، کەس ئاگای لەکەس نییە، میللەت کەمێک چاوی خۆی بەکار نایەنێ بۆ ئەوەی بزانێ ناوچەکەی خۆی چۆنە، زۆر بێ ئاگا، بەس بۆنان و پیواز دەست درێژ دەکا، بەهەزار دەردەسەری و حەسرەتەوەو بەهەزار ئاهو فیغانەوە، بەچاوی پڕشەرمییەوە، هەتا لەچەند کەندو کۆسپەدا رزگاری دەبێ! بەچاوی دیقەتەوە لە رابردوومان رابمێنین، کەم و کورتییەکی زۆرمان لێ بەرچاو دەکرێ، ئەگەر لەم حاڵەمان کەمێک ورد بینەوە دەبینین ئەمڕۆمان لەجیاتی ئەو سەڵتەنەی رابردوومان بووەتە ئەو رۆژە رەشەی ئێستاکەمان، بزانن ئەو شتەی کە میللەتی پێ زیندوو دەبێتەوە، ئازایەتی زگماکی کوردە، پیشەی نەفس بەرزایەتی، مەردایەتی، جوان مەردایەتی، هەنگاوەکانیان بەر لەمێژووی کۆنەوە، دەبێ بزانرێ، هات و هاواری کوردەکانی بێچارەمان، لەنێو چۆڵ و بیابانەکانی لەبیرکراودا کە پڕبوون لەئادەمیزادو جنۆکەکانی، هەندێکیشیان لەکەلێنە شاخێکدا لەکونە شاخەکانی پڕ لەترسناکیدا ئەوانەی هەر لەم شوێنانەدا دەژیان، دەبێ بزانین لەچ وەزعێکدا بووینە، ناڵە ناڵیان، بنووسرێ و دڵ پەشێوییان، لەپاشدان ئەو پیاوە بێچارانەی بەدڵی پڕ لەمغرووریەوەو ئەوانەی کە بەهەستی نەجابەت و پیرۆزییەوە ژیان، دەبێ شایان بوونییان بەچ پلەیەکەوە دەبێ، دەبێ بزانم!!

بەرلەمێژووی کۆنداکوردی بێچارەمان لەگەڵ هات و هاوارو فیغانیەوەو بەتاودانی هەنگاوەکانی خۆی لەگۆڕەپانە

دوورەکان و شوێنە مەترسییەکانی کە پێی ئادەمیزاد و جنۆکەی لەسەردا نەرناوەکاندا و لەکەنارەکانیشداو لەنێو ئەو کونەشاخانەی کە غەیری کورد کەسێکی تر هەر نەیبیستبێ، ئەم نووسراوانەی پڕ لەدای دەروونییان، ئەو میللەتەی کە بەسەفالەو نادانی و پڕ لەمەغروری و هەستی پیرۆزو پڕ لەنەجابەتیەوە ئامادەم لێی تێبگەم، خانەوێران کراو هەموو رۆژی گەریدەی پێچ و پەنایان، لەکەناری ئاوو شوێنە رەنگینەکان و شاخە زمرووددییەکانی بەرز و گەریدەی شوێنە جوانەکانی دنیا و ئەو شوێنەوارانەی پڕ لەباخ و باخاتدا بەبێ ئەوەی رەفیقێکی لەگەڵدابێ و بەبێ ئەوەی کە هیچ خەیاڵی خۆی نەبزواندبێ، زبانێکی ئەبەدی زۆرخۆش ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ دەردی ئەمرۆکەمان زۆر جیاوازی هەیە، بێ سوودی و ماندوو بوونیشی سەربار.

وەک زەنگی چەپلەی دوو ناولەپەکە وایە، کەسایەتی هەر کەسێک ئەگەر بەرێزبێ، داب و نەریتی ئەو میللەتە رێزدارتر دەبێت!

ئەم حاڵەتەی لاوەکانیشمان پیشەی لەخۆگەورەکانیان لەرووی بێکاری و سەفالەتە دابێ، ئەوانیش لاساییان بکرێت مانای ئەوەیە، هەر بەمایەپووچی دەمێنین! ئەگەر لەژێر ناوی پاراستن و خۆشویستنی میللەت هەموو شتێکی سوودبەخش لەدەستیان بچێ، مانای ئەوەیە: بێ حەمیەت و بێ موبالاتن، من ئەم جۆرە کەسانە بەتاوانبار ئیتیهام دەکەم، ئەمرۆکەش گشت موسڵمانەکانمان لەگۆرەپانێکی دیکەدا لەسەر هەمان پیشەدا گیانی خۆیان و گیانی میللەتی خۆیان لەبیر کردووە، بەئاشکرایی دەڵێم: کوردایەتی نە مێژووییکی راستەقینەی هەیە و نە ئەدەبیاتێکی تەواوی هەیە، ئەمرۆ لەگشت بیابانە فراوانەکانیاندا بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و هونەر لەبیروهۆشی گەنجەکانماندا بۆ شەوق دانەوەی ئەمرۆ، لە رۆژانی رابردوویان کامە کارێکی پڕ لەشانازیمانیان هێناوەتە کایەوە!!

کامە رێکخراوێکی میللی و شارستانیەتیان بۆمان هێناوەتەوە کایەوە؟! بەمەرجێکی پڕلەهەست، گۆڤاری (هەتاو) لەژێر ناوی بزووتنەوەی هۆش و بیری گەنجەکانمان بەو پرشنگدارە کەمەیەوە توانی زاخاوی مێشکی ملیۆنان مرۆڤ پڕبکات لەرۆشنبیری.

ئەمرۆ لەهەموو شت زیاتر ئێمە پێویستیمان بەتێفکرینێکی قووڵ و بەردەوام هەیە مێژووی میللەتەکەمان بزانین، هەر میللەتێک ئاگاداری رابردووی خۆی نەبێ، ناتوانی چاوەروانی رۆژانی داهاتووی خۆی بکات.

خۆی وەک نموونەییکی مەحکوم دەزانێ، جا: دەردی ئێمە ئەوەیە زەمانە رێگای نەداوین، کە چارەسەرێک بۆخۆمان بکەین، دەبێ بزانین ئەمرۆ هەلێکمان لەدەستە، بزووتنەوەیەک بۆ (حەل و فەسل) چارێکە چەرخێکی

هەولێرنامەی کتێب

پێویستە، هەموو شتێکی لەسەر ئەرکی گەنجەکانە، با غیرەتی خۆیان بنوێنن بەڵکە بەهیممەت و ئارامییان سەرکەوتوو دەبین...

**لاو ایبو**

## نووسراوەکانی کوردستان!!
## ٣

خەرپوت-مەزرە!

لەپاش (ئیزولی) ئەگەینە (مەزرە-مەزرەعە).

هەر وەکو بلێیی قۆناغێکی دوورو درێژمان لەبەردایە، ڕێگای ئەوڕۆمان لەهەردوولاوە پڕ لە گردو لەندە، لەجیاتی چۆڵەوانی و چیا بێ دەنگەکانی سیواس لێرەدا ئەم مەڕو بزنانەی هاتووچوو دەکەن لەنێوان بەردەڵانەکانی شێوە پڕ لەسەوزایی و ئاو دەبیندران، لەکەناری ڕێگاوە شتێک بەرچاومان کەوت، کچێک دڵی هاوڕێیانی سەند، بە کڵاوە زێرینەکەوە، لەدەرگای ماڵەوە دەرچووە.

ئەم کچە بەفرۆشتنی ماستاوی ساردو شووتی فرۆشتن چاوەڕێی کڕیارەکانی خۆی دەکرد.

لە (مەزرەیە/ مەزرەعەیە)وە بەسێ سەعات ڕێگا بڕین گەیشتینە دێی (خان) لەوێنە هەتا گەیشتینە ئەم گوندە، ڕێگاکەمان ڕاست و خۆش بوو.

چونکە لەناوچەی (ئەناتۆلی) تا دەگەیتە هەر گوندێک بەماوەی دوو سەعاتێک، ئەوجا دەتوانی ڕێگاکەت ببڕی، ڕێگاکان چەندانیان خۆش کراون، چەندانیشیان تا ئێستا خۆش نەکراون.

هەشت ساڵ لەمەوبەر خوالێخۆشبووی ڕێزداری (فەهیم پاشا) والی خەرپوت، ئەم ڕێگایانە خۆش دەکران، جگە لەم کارەشدا، نەخۆشخانەیەکی بۆ خەڵکی ئاوارەکان بنیات نابوو، بەڵام بەداخەوە، چونکە خەرجی تەواوکردنی بۆ دابین نەکرابوو، کارە کە ڕاگیرابوو، ئەو کاتەخۆشی نێردرابووە شاری (دیاربەکر)ەوە. لەپاشدان ئەو بەبنیات نراوەی نەخۆشخانەکە تێکەڵ بە خوێندنگایەک کرابوو، لەگوندی (خان)ەوە هەتا (ئوماورتاس) سەیری ئەم دارستانە جوانەی بەڕەنگی زوومرودییەوە درەوشاوەی باخوو باخچەکانی، لەهەوراز ئەوانیشدا لەسەرووی بەردە تراشاوەکاندا دەبینن مێژووی گوندێکی گۆن، کە (خەرپوتی) دێرزەمانە، ڕاستیدا ئەم دیاردەیە جێگای دەیققەتە، ئەم شارە کۆنەمان بنیات نراوە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ خاتری بەرگری کردنی هەزاران دەست درێژکەر، سەیری بورجەکان و پشت قەڵاتەکانیان بکەن چەند دەورو ژیانی شاراوەی بەسەرداچووە.

لەنێوەڕاستی ئەم شارەی تازەشمان لەهەر سووچێکییەوە سەیری بکەیت دەنواڕێتە گۆڕەپانەکانی دەوروبەری پڕبوون لە خانووبەرەی جوان، بەڕاستی جێگای شارستانیەتێکی بەرزو جوانە.

لێرەوە تا گەیشتینە گوند، ڕێبواران زیاد دەبوون، لەنێوانیاندا، لەپشت ئەو عەرەبانانەی کە بەدار بارکراون، چاومان بەو ئافرەتە دێهاتییە ماندووانە کەوت، بەڕاستی جێگای دیقەت و وردبوونەوەن، خانمەکانی شارستانیەت لەزۆر پیشەو حاڵەتیاندا لەگەڵ ئەوانە جیاوازن، ئەو جۆرە هەنگاوانەی لەئافرەتە دێهاتیەکاندا هەیە وەک سەربەستی بوونیان لەگەڵ چەند سیفەتێکی دیکەیان لەخانمەکانی شارستانیەت کەمتر دەبیندرێ. غەیری ئەوانی لەدێهاتەکاندا

ژیاون، ئافرەتانی شارستانیەت داب و نەریتی ناشیرینیان هەیە بووەتە پیشەییەکی رەسەن وەک جۆرە نەخۆشییەک وایە، هۆی ئەو شتەش جێگای سەر سوورمانە!!

ئەوەش بەراستی لەبەر ئەوەیە، چونکە کاری میللەت پەروەری خۆیان وازهێناوەو پییان شتێکی ناشیرین و سووکە، بەپێچەوانەوە، ئەو پیاو و ئەو ئافرەتانەی لەپێناو سەرکەوتنی ولاتدا خەبات دەکەن ئەو داب و نەریتە بێ سوودانەیان لەبیر دەکەن، من ئەو کارە جوانانەیانم پێ باشترەو ئومێدەوارم ئەم ڕێگایە راستە بگرن، هەستی ئایین پەروەری ئافرەتانی شار بەو شێوە ناشیرینەوە بمێنێ قەت نابێ وابێ، بەلام بەپێچەوانەی گومانەکەم، هەستی ئایینی شار ڕۆژ بەڕۆژ ئەگەڕچی لە لەرزین دایە لەئەستەنبوڵدا، کە سەفاهەت لە پەرەسەندن دایە، (مەزرە-مەعمورەی ئەلعەزیز) کەشارێکی ٥٠-٦٠ مالییەکە، بازاڕو شەقامەکانی کراوەیە، پاک و خاوێن، گشت شوێنەکانی هەڵبژاردەن، بەڕێک و پێکی مێژووی بنیاتنانی شارەکە دیارە کە بەناوی بنەماڵەیێکی کوردەوە دروست کراوە، هەر وەک بیستوومانە، ئەم بنەماڵەیە بنەماڵەی (چووتەلی)یە، لەراستیدا ئەم بنەماڵەیە لەژێرەوەی(مەزرە)دالەناحیەییکدادادەنیشن، لەزەمانی سولتان (عبدالعزیز)ەوە (٢٠-٣٠) ساڵێک لەمەوبەر لەیەک لەدێیەکانی (مەزرە) هەوڵ و تەقەلایان دەدا بۆ بەرزو بنیاتنانی (مەزرە)ەوە لەم ویلایەتەدا، بەداخەوە، لەم ویلایەتەدا لەشارو دەوروبەری، زەوی و زارێکی زۆر و موڵکیان لەدەست دەرهێنرا، بەپارەی ئەمریکا کوردییان بەدەستی ئەرمەنەکان، لەزەوی و زارێکی زۆر بێبەش کرد، بەهەر حاڵێک بێ، ئومێدەوارم، دەبێ لەسەرەتای ئایندەییێکی پڕ لە وشیاری دابین، بۆخاتری ژیانمان، بۆ خۆشحاڵیمان دابین بکرێ و دەست لەناو دەست بین با تێفکرین و هەوڵدەین، پێداویستییەکانمان جێبەجێ بکەین!!

**ئەیلول ٣٢٩**

هەواڵنامەی کتێب

## بابەتەکانی مەرجی تەندروستی!

**١**

دەمەوێ باس لەسەر تەندروستی و باری کۆمەلایەتی کوردی دانیشتووی ئەستەمبوڵ بکەم، بۆ ئەوەی کە باسەکەم دەست پێ بکەم، دەبێ چەند لێ وردبوونەوەیێکی تەواوی بەڵگەم لەدەست دابێ، بەهەر حاڵێک بۆ چوونە ناو ئەم باسە، دەبێ لێ ورد بوونەوەییێکی جیددی بکەم.

بەداخەوە: هێشتا نەچوومەتە نێو ئەم کارەوە، تەنانەت بۆئەمجۆرە شتانەی گرنگ دەبێ لەپەیامەکانماندا جێگایەک یان بۆ تەرخان بکەم.

لەم بەشەدا دەبێ ڕای گشت دۆست و ئەندامەکانی کۆمەڵەمان لێ وردبوونەوەوە فیکر لێ کردن بکە، دەبێ کەمێک دەربارەی تەندروستی میللەتەکەمان کاربکەین منیش هەست بەم شتەوە ئەکەم!

لەئەستەنبوولدا ژمارەی ئەم کوردانەی کە ببیتە ژمارەییێکی ئەوتۆی کەدیتە بیرم

بریتینە لەبارهەڵگرو کاریکارەکانی بیناسازی، لەراستیدا ژمارەی کوردەکانمان دەگاتە (٥٠) هەزار کەسێک، بەڵام قوتابییەکانی خوێندنگا و چەند توێژێکی دیکە، زۆر کەمن، بارهەڵگرتن و کارە زەحمەتێکشیەکانی دیکە، لەکارە سووکەکان دەژمێردرێن، ئەوەش جۆرە ژیانێکە، بەڵام لەم بڕوایەدام، کە ئەم پڕ ماندووبوونانە زیان دەگەیەنێتە سەر تەندروستی مرۆڤ.

هەر لەگەردی بەیانیەوە هەتا زەردایی ئێواران، لەگەڵ کارێکی توندو بارهەڵگرتنێکی بەحیسابی (کیلو کە دەگاتە قینتار) کرێیەک (قوتی لایەموت) ئەگەر نارەزایی خۆمان لەسەر ئەم جۆرە ژیانە ناخۆشەوە دەرنەخەین رەگەزەکەمان بەفەنا دەچن!

ئەو خۆراکەی کە کوردە ماندووەکانمان دەیخۆن زیاتر بریتییە لەنان و پیواز، ئەوە لەکاتی چێشتەنگاودا، یان بەیانیان و نیوەڕۆیان، ناگوونجێ لەگەڵ ئەو ماندووبوونەیان. شەوان لەم شوێنانەی خەوتنیان بۆ حەسانەوەیان، شتێکی زۆر ئەستەم و کاریگەرە لەسەر تەندروستیان ئەوەش نابێ بێ دەنگی لێوەبکرێ، بەدەیان ئەگەر نەڵێم بەسەدان ئەندامیان تووشی نەخۆشییە درمییەکان بوون وەک (تیفۆ) بۆ نموونە، مرۆڤ لەسەر ئەم جۆرە ژیانەدا بەرەو هیلاک بوون دەچێ، ئەم جۆرە نەخۆشیانە ئەگەر چارەسەر نەکرێن، دەبنە نەخۆشیەکی درێژخایەن و دەکەوێتە ناو نەوەکانیان، ئیتر ئەوە میللەتەکەمان بەرەو فەنابوون دەبا، سەربارەی ئەوەش نەخۆشییەکانی تەناسوولی وەک (فەرەنگی) ئەویش کاریگەرە، یان بارهەڵگرێک لەو کوردە هەژارانە لەسەر تەختەیێکی قاوەخانەکان بەرانبەر گەرمایی ئاگر خەوتووە، چەندانی تریش لەوانە تووشی نەخۆشییەکەی ئەم بارهەڵگرە دەبن لەسەر ئەو دەردەسەریەو ماڵوێرانییەش برسیەتیان ببێتە بار، ئەندامە کوردەکانمان هەر چەند ساغ بێ و بەهێزبێ، ئەگەر نەتوانێ ئەو جۆرە ژیانە ناخۆشەی خۆی بەرەو باشتر ببا، لەسەر سیستەمێکی باشتر لەئێستاکەی گۆڕانکاری تێدانەکا نەخۆش دەبێ و یانیش دەمرێ!

ئەگەر حاڵی کوردە بێ نەواکانمان لەبێ حەسانەوەیان لەخانووێکی تایبەت و خواردنێکی پاک لەشاری ئەستەنبوولدا هەروا بمێنێ بەناخۆشی و بێ ئەزموونەکانی تەندروستی، سەیری هەندێکیان بکەی پشتیان کووڕ بووەتەوە لەبەر ناساغی ئەندامیان ئەو جۆرە نەخۆشیانە وەک بۆماوەیی کەلەپوور دەکەێتە لەشی نەوەکانیان و لەئەنجامدا لەناویان دەباو دەمرن! نەخۆشییەکانی (میزەڕۆ) ئەوەی لەکارە ناشەرعییەکانی فەسادی پەیدادەبێ ئەویش ئاکامدا مرۆڤ بەرەو مردن رادەکێشێ!!

ئەگەر ئەم جۆرە نەخۆشییە ناشەرعیە بڵاوبێتەوە لە تەواوی کوردستان، ئەوەش دەبێتە جۆرە تاوانبارییەک لەسەر ئەستۆی نەخۆشەکان، چونکە ئەوانی دیکە ئەم جۆرە کارانە بەشتێکی ناشەرعی دەژمێرن و شتی وایان نەدیوە!

لەبەر بەردەوام بوونیان لەسەر کاروباری ئایینیان نەفرەت لەم بێناموسکارانە دەکەن.

من هەمیشە بەزۆربەی زۆری میللەتەکەمان، پێم خۆشە لەش ساغ و پتەوبن بۆ چارەسەری نەخۆشەکانیش خوازیارم، حاڵی تەندروستی لەکوردستانماندا ئەگەرچی هەر چەند کەم و دواکەوتووشبێ قیاس ناکرێ لەگەڵ حاڵە پڕ لەناساغییەکەی شاری ئەستەنبووڵ بەهیچ حاڵێک وەک دەوروبەری (شیرو پتورکە) نابینە خاوەن زەوی و زار، ئەوانەی ناچاری غەریبایەتییە، لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ وڵاتی خۆیان شتێک لەدەستیان ببنەوە بەناوی (دیاری) هەروەکو باسم کردن لەرێزی ناوی (دیاری) لەسەر نەزانی خۆیاندا، نەخۆشییەکانی پیشەسازی ئەوروپا، سەنعەتکاری ئاوروپا و کارگەکانیان، لەدراوە ئاسنینەکیان جۆرەها

نەخۆشـــی تێدایە، نەخۆشی تایبەتیان تێدایە کە لـــەلای خۆماندا ئەم جۆرە نەخۆشـــییانە نییە؟!

ئەوان لەو جۆرە ئەزموونانەوە بەجیدی کار دەکـــەن، لەوڵاتانـــی ڕۆژهەڵاتـــدا نرخی ژیانـــی پڕ لەتەندروســـتی بەهیچ شـــتێک پڕ نابێتەوە، بێ قەیدو شەرت داوای تەندروستی و لەشساغی دەکەن!.

٣٢٩ کانوونی دووەم

**خەربوتلی**

**ح.ب**

## بۆ لاوانی کوردا!!

برادەرەکانـــم، لەناوچەکـــەی ئێمـــەوە بـــەدەر، لەگشـــت ناوچەکانـــی گـــۆی ئـــەم زەوییـــەدا، لەهەمـــوو لایەکیـــدا زانســـت و هونەر لەپەرەســـەندندایە، ئەم مرۆڤانەی کە لەم شـــوێنانەدان بەســـەرکەوتووانە کراسی نەزانییـــان فـــڕێ داوە، واتـــە لەســـەفالەتدا ڕزگابوون، لەســـاڵێک لەساڵەکاندا، لەشوێنە ســـەرکەوتووەکانی زانســـتدا لەنیمچـــە نامیێکماندا بەنووســـینی دەســـت کتێبێکمان نووســـیی لەو کاتە چاپخانـــە نەبوو، بەپەیدا بوونـــی چاپخانـــە بڵاوبوونـــەوەی زانســـت زۆر ئاســـان دەبێـــت و بێ گومـــان، دەزانی: کـــە نووســـینی کتێبێـــک بەدەســـت کاتێکـــی زۆری دەوێ، مێژوویێکی تەواو نووسینەکە ســـێ مانـــگ دەخایەنـــێ، خوێندکارێک کاتی خوێندنـــی خۆی بەجێبێڵێ بۆ ئەوەی کتێبێک بنووســـێ ناتوانـــێ، هونـــەری دۆزینـــەوەی چـــاپ/ واتە داهێنەری بەناوبانگی چاپەمەنی (گوتمبورغ)ی ئەڵمانییە، لە ئەڵمانیادا هەموو ســـاڵێک ســـاڵیادی بـــۆ دەکەن، کـــە ئەوەش بـــۆ ماوەیەکی زۆر خـــۆی ماندووکرد هەتا لەئەنجامـــدا بەســـەرکەوتووانە توانـــی ئـــەم چاپخانەیـــە بێنێتـــە کایـــەوە، هەیکەلـــی ئەم ئامێرانەی چاپ لەگشـــت شـــارە گەورەکانی ئەورووپادا دامەزرانـــدووە، ئەو کتێبانەی کە بەدەســـت دەنووســـرا دوومانگی پێدەچوو، بەڵام ئـــەو کتێبانەی کە بـــەو چاپەمەنییەوە لەمـــاوەی دە ڕۆژدا دە هەزار کتێب دەخاتە بەر دەســـتی خوێنەران، ئەوەش شتێکی بێ وێنە!!

لەوەشـــدا بۆمان زانراوە کە بەم کارە پڕ لەئینسانیەتەوە بەتەواوی دەتواندرێ زانست لەگشـــت کەلێنەکانـــی دونیـــا بڵاوبکرێتەوە، لەچەرخـــە کۆنەکاندا، هـــەر چەندە هەوڵێکی بێ پایانیشـــیان دەدا لەرێـــی بڵاوکردنەوەی زانســـت، بـــەڵام ئـــەم جـــۆرە هەوڵدانـــەش زۆر بەسســـتی ئەنجـــام دەدرا، نەچاپخانەی وەک ئەمڕۆیـــان هەبوو، نە ئـــەم ئامێرانەی هاتوچـــۆی نێـــوان وڵاتانـــی دوور، هـــەر بەرێگای کاروان بوو، ئەوەش بەشـــتێکی وا لەچاو دەبینرا کە هەر نەبووبێ مابوو (کأن لم یکن!) یۆنانییەکان و ڕۆمانەکانی پێشـــوو ئەم شـــارەزاییە بەرزییەیـــان بڵاودەکردەوە هەموو شوێنەکانی ناوچەکەی خۆیان بەڵام ئەوانیش ئەگەرچـــی هەنـــدێ لەم زانســـتە هونەرەکانیـــان گەیشـــتبێتە بەر دەســـتمان، بەڵام ئەویش هـــەر کەمبوو، لەبەر نەبوونی ئامێرەکانـــی هاتوچـــوو، هـــەر لەناوچەکانی خۆیانـــدا مایـــەوە، لـــەدەوری حکومەتـــی عەباسییەکان زانایانی بەرز سەریان هەڵدا، توانیان بەشـــێکی لەکتێبەکانیـــان وەرگێڕنە ســـەر زمانـــی عەرەبـــی، بـــەڵام بەداخـــەوە ئەویـــش ئەوەنـــدە دەوامی نەبـــوو، کە ئێمە بمانەوێ بەراســـتی خزمەتـــی گەلی خۆمان بکەین، پێویستمان بەوەی نەبوو کە بەسەر کۆشکەکانی ئەستەنبول هەڵچین، دەبوا واز لەم هەڵچونەمان بێنیـــن، بگەڕێینەوە کەلێنە

واز لێهێنراوەکانی کوردستان، چاپخانان دابمەزرێنین، لەگەڵ چاپەمەنییەکانی پڕ لەرۆشنبیریمان بڵاوبکەینەوە ناوچەکانی میللەتی کوردمان، هەتا ئێستاکە هاوڵاتییەکانمان ئەگەر بچووبانە کوردستان لەئەستەنبوڵەوە، دەیانتوانی رووناکیەکی رۆشنبیری بخەنە نێو دانیشتوانی شارەکانی خۆیان، لەکاتێکی کەم سەرکەوتووانە دەیانتوانی مێشکیان زاخاو بدەن، هەر وەکو باپیرە هیممەتدارەکانمان خۆیان لەرێگای بڵاوکردنەوەی زانستی ماندوو دەکرد، بەڵام بەداخ و پەژارەوە ئەو لاوانەی ئەمڕۆکەمان کەمتەرخەمی دەکەن بەرانبەر خزمەتکردنی گەلی خۆیان، لەوچەرخەی ئەمڕۆکەمان لەجیاتی خزمەتی گەلە بێبەشەکەی خۆیان بکەن، لەبازاڕەکان و شەقامەکانی ئەستەنبوڵ هاتووچوو دەکەن هەنگاوەکانی خۆیان دەپێون، مەبەستتان پاش تەواوکردنی خوێندنەکانتان دەبێ بۆ خزمەتی ئەو میللەتەی خۆتان بێت کە ئەمڕۆکە پێویستی بەیارمەتیدانی ئێوە هەیە، چونکە لەتاریکی نەزانی دان بەرەو رۆژانێکی داهاتووی تاریک دەچن، ئەو کارە ناشیرینانەی ئەمڕۆکەتان لەگەڵ پیشەی رابردووانتان ناگونجێ، لەو چەرخەی کە هەموو میللەتانی ئەم جیهانە لەشارستانیەتدا دەژین، ئەو خوێندنانەتان بڵاوبکرێتەوە ناو میللەتتان شتێکی زۆر پێویستە، لەرۆژنامەدا، لەزمانەکانی دنیا، لەکتێبان، تەنیا میللەتتان ئەمڕۆ دواکەوتووە، سەیری ئەرمەنەکانی دراوسێتان بکەن، ئەوان شەوو رۆژیان لەپێناو سەرکەوتنی میللەتیان بەسەردەبەن، ئەگەر ئێوەش وەک ئەوان هیممەت بنوێنن، دەتوانن لەهەموو شارو شارۆچکەکان و سنجاق و قەزاکان، چاپخانە دابمەزرێنن، خوێندنگا بۆ خوێندن بنیات بنێن، ئەگەر پەیڕەوی نەکەن بەپێی ئەم چەند پەندەی سەرەوە، دوژمن میللەتتان لەناوتان دەبات و وڵاتتان دەکەوێتە ژێر پۆستاڵی لەشکری تەماحکارو دەفەوتێن..

**بابان زادە**
**ئەحمەد رەفعەت**

**بابان زادە ئیسماعیل حەقی بەگ وەفاتی کرد**

بــە تاریخــی ٣٢٤ لــە ئوفقــی عالەمی عوســمانیانا، بە خیلافی عادەت، دوو رۆژ هەڵهــات، یەکــێ رۆژی مەشــروتیەت کە لەهولحەمــد تا ئیمــرۆ باقیەو ئینشــائەڵڵا پایەدار دەبــێ. یەکی تر هەڵهاتنی ئەندامی مەرحــوم حەقی بەگ بوو کە ناشــکوری نەبێ رۆژی ئەندامی ئەو لە ناکاوا ئەفوەلی کردو وەفاتی کــرد. وەفاتی مەرحوم زۆر دڵســۆزە هەموو ئەقوامی هەموو عالەمی ئیســلامی داغــدار کرد. وەفاتــی مەرحوم داغێکە لەســەر دڵ، کە تــا یەومی نەفخی صور بە ئێشی ئەو داغەوە تورک، عەرەب، رۆم، ئەرمەن، خولاصە کائینات ئەتلێتەوەو بەزبانی حال هەموو دادو فیغان دەکەن و دەڵێن: بە خودا حەیف ســەد هەزار حەیف بۆ حەقی بەگ، چونکە حەقی بەگ ئەوەڵەن چە بە ئیعتیباری ئەمە کە لە نەسلی نەجیبی بابان بــوو و چە بە ئیعتیباری ئەمە کە لە ســاحەی مەدەنییەتدا بێ نەزیر بوو و چە بــە ئیعتیبــاری ئەمە کە لە عیلــم و فەزڵدا یەکتابو لە مودەتی عومریا بە غەیری چاکە قەتعیــەن خراپەی بۆ کەســێ نەبوو، هەر موسڵمانێ، هەر کوردێ، کە ئێشی کارێکی بوایە و بە ئەو مەیســەر بوایە دەر لەحزە بۆ پێکهێنانی کاری ئەو زاتە شتابان بووەو بۆی دروست ئەکرد. لە تەعدادی خزمەتی مەرحــوم، زبــان، قەڵــەم، بەڵکــە عالەمی ئیســلام عاجــزە، چونکە مەرحــوم چوار پێنج ساڵە کە دائیر بە ئوموری خارجیەی دەوڵەت ئیجالەی قەلەمی ئەکردو مەقالەی نووســی، ئــەو مەقالانــە ئەوەنــدە موفید بــوون کــە ئەگەر بڵێــم ســەبەبی نەجاتی ئەم عالەمی ئیســلامە بوو، مبالەغە ناکەم چوار ســاڵ لە مەجلیس مەبعوسانە چە بە ئەو نوتفە ئاتەشــینانە، چــە لە ئەنجومەنی مەبعوســانا بە ئەو قەلەمە جوانەی بە ئەو فکرە جوانە خزمەتی عالەمی ئیسلامیان و ئیدارەی قووەی تەشــریعیەی کردو ســێ چوار ســاڵ لــە مولکیــەدا تەنویری فکری ئــەولادی وەتەنی کردو زۆر لە مەئموران بــە واســیتەی تەدریســاتی مەرحومــەوە بوونە ئیدارەی مەئموری دەوڵەت و ئیمرۆ لە ســایەی ئەو دەرســانەی ئــەوەوە ئەو مەئمورانــە ئیدارەی میللەتی عوســمانیان ئەکــەن. بابگرین، توخوا تا قیامەت با بۆی بگریــن، چونکە بــە قرنــێ وەک مەرحوم لەنــاو کوردانا هەڵناکەوێت. بەندە مجەرەد تەعزیــە لە عائیلەی مەرحــوم و یاخود لە کــوردان ناکــەم، بەڵکە بەیانــی تەعزیە لە هەموو عالەمی ئیســلام ئەکەم و بە قەدەر زەراتی خاکی مــەزاری ئەوەندە رەحمەت لە قەبری، رحمە اللە علیە رەحمە واسعە.

**کەرکووکی زادە**
**کەریم**

**تالعی کوردان**

بــێ تالعی کــە رووی کــردە میللەتێ خــودان تەعالا پیاوی عالم و بەحەمیەتی ئەو میللەتە رۆوحی قەبچ دەکا. لەحەموو کــوردەکان مەعلومــە کــە کــورد پیاوی عالیــم بە سیاســەتی زەمانە کــەم بوو، بەشکو نەبوو، هەرچۆنێ بوو لەم ئاخیرە لە تائیفــەی حاکمی بەبە عالیم بە ئومور سیاسەت و، بەدین و، بە حەمیەت وەکو بابان زادە ئیسماعیل حەقی بەگ پێگەیی بوو. ئیســماعیل حەقی بــەگ حەقیقەتەن

عالیم بــوو، بە ئوموری سیاســەت هەر چەنــد پیاوی سیاســی عوســمانلی هەیە تەقدیــری علمــی ئەویــان کردبــوو، لــە ئوردوێکی عەســکەری زیاتر مدافەعەی ئیســلامی دەکرد. مەقالاتی سیاســییەی ئەوی لە تۆپ و تڤەنگ زیاتر تەئســیری لــە ئەوروپایــی دەکــرد. لــە عالەمــی سیاســەتا مەوقعــی لــە حەمــو کەســێ بلندتربــوو. ئەوروپاییــەکان حەیریەتیان مابــوو لە علــم و زەکای ئــەوی. حەقی بــەگ بەدین بوو، (؟؟؟) زیادە لە قســەی ئیســلامیەت متەلەژیڕ دەبــوو. تەئلیفێکی لە حقوقی ئەساســیە هاوردبووە وجود. زۆر حەدیــپ ســەحیحی لــەو تەئلیفەی نووســیوە مەعقولیەتــی و قابــل تەتبیق بوونی ئەو حەدیسانە بە دەلائیلی عەقلیە ئیســباتی کردبوو. وەقتی روح تەســلیم کردنی لەســەریەک شەهادەتی دەهاورد. کە دوقتۆرەکان خەریکی تەداوی دەبوون دەیگــوت خودایــە خــۆت نەجاتمــدا من ئیســتیعانە هەر لە تۆ دەکەم، ئەم نەوعە ئەقوال و ئەفعالی دیندارانەی ئیسپات بە دینی ئەو زاتە موحتەرەمە دەکا.

بابان زادە حەقی بەگ بە حەمیەت بوو، چونکو وجودی خۆی بە راســتی وەقفی کــوردان کردبــوو. قەت لە فکــرم ناچێ رۆژی جەژنی ئەم قوربانە لە ماڵێ بابان زادە عەبدولعەزیــز بەگ بــووم لەناکامە یەکێ دەستمی گرت کە سەیرم کرد حەقی بەگە فەرمووی (جەژنت پیرۆزبێ، چۆنی چاکی برام بۆچ سەعی بۆ میللەتی خۆت ناکەی)، مەرحوم زۆر ئارەزووی هەبوو مەقالــە بــە کوردی بنوســێ، لەبەر ئیش زۆری دەســی نەگەیی مەقالە بە کوردی لــە غەزەتەی (هەتاوی کورد) بنووســێ، بە حەسرەتەوە وەفاتی کرد. حەقی بەگ بە تەمــا بوو خزمەتی کوردان بکا لە بێ تالعــی کوردان خودا روحی زوو ســەن. کــورد هەتا ئەمــرۆ پیاوی وا زەکی و بە حەمیەتی تیــا هەڵنەکەوتبوو. لە دواییش ئیحتیمال نییە پیاوی وایان تیا هەڵکەوێ، لازمە کوردان حەموو تەعزیەی بۆ بکەن، وەفاتی ئەم زاتە موجیبی تەئەســورە بۆ حەموومان، خودان تەعالا تەســلیمات و تەسەلی باوک و براکانی بدا.

**نەجمەدین کەرکووکی**

### ژ قەسیدەی حاجی رەحمەتی تینە زانین کو

ئیــرۆ دناو وەلاتێ کوردان دا بوســتەک عەردو تونە کو تێدا نفوزێ شێخان نەبی.

چــاوان دێ نەبی؟ کوردی کێم ئەقلێ مە گاڤا کو چاڤێ وان بە شێخان دکەڤی خۆ بیر دکن. بە شەوو رۆژ لەپی هیمەتا وان دکرن نــە مللەتێ وان، نە وەلاتێ وان، نە تاریتی و برچیتیا ژن و زاروی وان بیرا وان تێ.

هیمەتــا شــێخان دنیــای وان ئاغــا، و ئاخیرەتــێ وان بە دلخــوازێ وان دبە ئیدی تشتەک دی لازم وان نینە.

ئەممــا شــێخێد خــودان هیمــەت بەهەر ئاوایی موحتاجن، ژ وانرا د دنیایێ دا.

ئەوەلــەن تەکیــا پاشــی، کوشــک، پەز، دەوار، هەســپ، مــال، جــل، لازمــە بێ ڤان شێخێ نابە.

کورێ وان، کەچێ وان ژی، بێ خوەندن و مەعریفەت نابی کو بەمنین.

ئەممــا ژ بۆ کوردان، مالــی دنیایی لازم

نینە، کورو کچێد وان دی چەیە خوەندن بکە تشت وەها تنەیە.

خـودێ تەعـالا د ئەزەلدا ژ بـۆ کوردان تازیێ برچێتی و نزانی مقەدەر کریە چارەی وی تونە!

چـرا کو شـێخ دزانـی کو گاڤـا زارۆی کـوردان خوەندن هین ببن و ژ قنج و خراق عالەم خەبەردار ببن ئەو گاڤ کاغەز شێخی وان دکەڤی ناڤی.

ژ بۆ وی قاسی تو جار شێخ ژ بۆ کوردان ناخەبتن و دائیما دخوازن کو لسەر کوردان خـودان نفوزێن کورد ژی غولامیا وان بکن ئەگەر وەها نینە بلا بێژن کو وسا نینە.

ئـەز بخوە دائیما قەدری شـێخان دگرم لێ بەلی شـێخ دمەژی بلابێژن و ئینسـاف بکن کو حەیا ئیـرۆ د ریا یەکبوونا کوردان و قەنجیـا واندا، چە خدمـەت کرنە و چەند مەدرەسـە ڤەکرنەو چەنـد زارۆی کوردان لەبـەر خوەندنـێ دانینە، وە چەند عەشـیر کوردان بهەڤ خستنە.

ئـیدی بەسـە شـیاربن بـە شـێخیتی و سۆفیتی ژ چنگ نەیاران و دژمنان خەلاس نایـی کرن. تۆپ و تڤەنگ هەر چ مرن دوعا هیمەت ڤەناکری.

ئیـرۆ ژینامە بـە یەکبونا مەیـە، یەکبونا مەژی قوەتا مسلمانیێ یێ زیدە دکە ئەڤی بیر مەکەن، یەک دی ژی ئاری جڤاتا هێوی بکن و رۆژناوەی کو دردخن بکرن و بخوینن، کو ئەو ژی لەور بخەبتن تشـتی کو ژ کردیتیرا لازمە بەکارین چێکن حەققا بەسە.

٣ی کانونی ئەوەل سەنە ٣٢٩

م ... خ

اعوذ بالله من الشيطان الرجيم

ولقـد ذرأنـا لجنهم كثيرا من الجن والأنس لهم قلوب لايفقهون بها ولهم اعين لايبصرون بها ولهم آذان لايسمعون بها أولئک كالأنعام بل هم اضل و أولئک هم الغافلون.      الآية

مـن کـورد کوردیتـی فەخـر ئیفتیخـار منـە
ئەمـا نوقـت فرقـەت تەفریـق کردنـە

تورک، عەرەب، عەجەم، کورد، بەربەرو جاوی
ژاپۆنـی، هنـدی، چینـی، ئەفاغنـە

قەفقـاس، لاز، مسـری، غەربـی، چەراکسـە
مەجموعی شـەخس واحیدە مەعمـورە مەوتنە

سەد حەیف کەر بووە ئەو شەخس پیربووە یەکسەر
چـاوی ضیـای نیـە وەرەم قەلبـی مضمنە

بالیفی جەهل، دۆشـەکی غەفلەت، لەحافی یەئس
مەعلـوم دائیمـا هەمـو دلخواهـی خسـتنە

مشــەرەف بە مەوتە ئاخر هەر فەوتە ظاهیرەن
چونکــە تەبیبــی مدەعــی هەمســایە دوشــمنە

غاســل لــە ئەجنەبیــە قەبــر ذول مەســکەنە
هــەم (ئاســیایە) مەغســەل بەلدانــی تەختنــە

ئەی روحــی پاک حەضرەت ســەردار کائینات
ئــەی واســطی حەقیقی لەهــەر ئــان و ئەزمنە

رەحــم کەرەم بکە بە نەخۆشــێکی وا ضەعیف
بیعەقــل، پیــر، کــەڕ، کوێــر، بێکــەس، عەونــە

دەرمان نۆشــی داروبــدە ئەی حەکیــم کەریم
چــاری نەکــەی عیلاجــی نیــە وەقتــی مردنــە

تــا ســەر بلند بکا لە مەشــریق پێدانی (ئاســیا)
سێبەر بخاتە سەر ســەر مەغریب بە طەنطەنە

دەســتی درێــژ بــکا بــە جنــوب شــمالی چاو
رەش کات بــە کەحل عیبرەت تەخمین ئەم فتنە

لەخشــلی گەوهــەر قورئــان زیــور ســونەت
چــاک بــا بپۆشــێ بــازن کوشــوار کردنــە

بــا تێبگا کە لــە دین هەر کەســێ تەمایلی کرد
دەرهاتووە لە گەشتی نەجات کەوتەوە فەرتەنە

حالی ببی سەبەب ئەو مەرەضی تەمامەن سین
بــێ صەنعەتــی فسق، فجــورە نەخوەندنــە

باکوشــی هــوش بــدا نالــە فغــان کریــن
چۆن دێ لەدەست پیوسری مەخصوص لە ئەدرنە

(مهــری) گومان مەبە کــە بەیانات ئەو حەدیس
بــێ ناقــم تــازە غــەزەل تــازە ممکنــە

ئاســمانی کەونە لە پیری مەیلی وەستانی هەیە
ئاشی غەیرە هاتە گەردش گەرد گەردانی هەیە

بــا ببینــێ ئینقیــلاب بــا بخوینــێ ئــەم غەزەل
هەر کە کوش تێگەیشــتن هوش سەیرانی هەیە

ئیستە بالون رۆژە دوکەل ئاسمانە لاشەخاک
گل برینە ئاوخوین خوش جوش سەیلانی هەیە

هور کفر، رەعد بغچ، چدی دشمنی
تۆپ سەرپێ تڤەنگ حاضر مەیلی بارانی هەیە

مەنطقی بادا لەسەر رومیلی و بەرباد باداد
چەندسەری بێ مەغز چەندئەجسادبێ جانی هەیە

تاو داناو تورک دا بەسەر ئەو خاکەدا
ئارەزووی تەخریب هەدمی قەصری ئیمانی هەیە

هەرسەری سەردارەکەوتەناوخۆیی هەروەک حوباب
سازی سەمطور ئانین ئاە فغانی هەیە

مەسجدی دیر کلیسا بانکی ناقوسە لەجێ
مەصحەفی شێخ مەلا ئینجیل مەطرانی هەیە

هەر یەکی لەو نازەنینانی ئەسیر بوون بازنی
فرفرو خلخال زنجیر لە دامانی هەیە

هەرلەخوێن چاوڕەش قەطری سپی فرمێسکگەش
رەنگی گلگۆن هەیەکردن کردن لەنجی جوانی هەیە

هەر لە دودی جەرگی سوتاوە بەبێ پارو تەعب
وەسمە سەرمی دو ئەبرۆ هەردو چاوانی هەیە

وەک دەڵێن دو نەوع دەسوڕی ئاش مەژکور لاجرم
ئاش بە نۆرە ئاشەوانیش مەیلی گەردانی هەیە

(مهریا) ئەم گەردش ئەم ئینقلابی زۆر عەجیب
مەیلی دەرس ئینتیباهی گرد کورانی هەیە

**د.زادە محەمەد میهری**

هەوالنامەی کتێب

## دیوانی مەرحوم حەزرەتی مەحوی ئەفەندییە

غائیب لە دیدەی چاوی سەرم دڵمە پێتەوە
دەستم بە ئاسمانەوە، چاوم بەڕێتەوە

جانانە ڕۆی و جانم دڵم هەردوو بەدووی
یاربێ چی بکەم بە نیپاری کە بێتەوە

ڕۆشنکە چاوی مونتەڤیرانت بە گەردی ڕێت
تۆ دێیو نوری دیدەی من دێ بە پێتەوە

جان سەختە یا لە دەعوەی عیشقا درۆزنە
ئەو زیندە ماوە تا لەسەفەر یاری دێتەوە

خۆم و خوێنمت لە فکر چووم دوعا دەکەم
ڕەنگی خوێنی من کە لەدەستت نەچێتەوە

لەحظێکی من لە صەومەعەدا دیبوو ئەمری دا
ئەو هەرزە گەردە لەم دەرە دەرکەن نەیێتەوە

ئنیسافی دا کە دێ تەلی عیشق لە شیددەتا
حەقیە وتی: بەم ئاگرە گەر بشتوێتەوە

(مەحوی) بە یادی تۆیە شوغلی کە ڕۆیوی
غائیب لەدیدە بوو بەخودا دڵمە پێتەوە

نەڵێ مەردم کە دنیا پشتی لە ئەو ڕوو لە دنیابێ
کە پوور زاڵە، بۆچی پیرە زالی پێ ڕەزا نابێ

لەدەروێش و لەشائەم فاحیشە ئاخر دەکا حاشا
گەرئەهلی غیرەتی، بەرلەولەخۆی و ئەهلی حاشابێ

ئەگەر تاجت لەسەرکا، سەرتی پێوەقووت ئەدائاخر
موبارەک کەی دەبێ ئەو خەلعەتەی کەخەلعی لەدوابێ

سبەی خاکت بەسەر، وەک من دەبێ (تحت السرا) بێ جێت
بەڵام ئیمڕۆکەخەوتی، مەسندت تەختی سورەیابێ

لەبەر هەر دائەڕنرێ جل، چ پێناوی، چ پیناوی
ئەبێتە لوقمە لوقمە پاقلە با پاقلاوابێ

برا، فکری چرا، کیبریتی فرصەت تا لەدەستایە
شەوی یەڵدالەپێشە، ڕۆژی عمرت وەختە ئاوابێ

بکەین ئاە و فیغان و ئاگرێ بەردەینە خان و مان
خەراباتی مەحەببەت حەیفە بێ ئاشوب و غەوغابێ

لەگەڵ فەریادو گریە حاچرە فەریادرەس (مەحوی)
لەپی کوری ئاوا پیری طەریقەت طیفلی ساوابێ

| | | | |
|---|---|---|---|
| هلو رابن گەلی موئمن | ب هەڤرابین حەمی متەقن | لسەردین مەتین دشمن | بەسەرغیرەت ژئیمان تێ |
| ژدل کیرام کوئیسلامین | خودانی دین و ئیمانین | محەمەدحەقی نەبی زانین | بەسە رابن هەلاکەتێ |
| هەلاکادین عەرچێ مە | ژدەست کافرکەسێ مە | ظلام تینە چرانێ مە | لسەر علم جەهالەتێ |
| چرایا دین رەبانی | طەریقا حەق نورانی | نەدەن ئیرۆب ئەرزانی | لدومە هەر قیامەتێ |
| وەکی هەردەم بئیزعانی | نەدین روح دگەل جانی | ژحووبباڤەخرعەدنانی | ژوی چاوان شەفاعەتێ |
| ویەقەگ کەس نەکن لەوم | ئەمین صوحتین وەکی مۆم | لبۆ دین دکەین کوم | دبینن بومە وەحدەتێ |
| خالی ژ ئەفساد ئەمین | مرقات ئەصعاد ئەمین | دائم د صەیدیدا ئەمین | طەوقین دشور دەولەتێ |
| دبەحرا غیرەتی حەوتین | نەوەکاگا ئارناودین | حدودین قەلعە ژمرودین | حەرین ژپرداشەوکەتێ |
| کەسێ قبلاوی مەکەبی | تبار وچا مطەهەربی | مەبادا ئەو مکەدەر بی | ژویرانەصرەتاحەقی تێ |
| ئایا خەلق لە ئەڤگاران | نەڤهراکن هون گەلەک جاران | بزانن حال بی چاران | ژکوردان کاقباحتەتێ |
| ئەگەرمیرەکی مەحکوم کن | حەوالی مەحکەمادورکن | لسەروی شەهدەیان زۆرکن | ژخەصم قەط شەهادەت تێ |
| ئیرۆ لمە بوویە هاوار | شاهدلمە خەصم کوفار | گازی دکت هەرچارکنار | هێڤی مە باب شەفەقەتێ |
| ئەمین کشتبی ئەمین مەحکوم | ئەمین مەغدورئەمین مەظلوم | ئەمین ئەلیر پێنج بووم | دائیم بەلا بسەر مە تێ |
| د شەرقا ئەناگولێدا | ئەگەرئەکرادنەبن تێدا | مقابل ئەهلی کفرێدا | ئەوروميلی دمزگین تێ |
| حەچی ئەولادئەکرادن | ژ بۆ دینی خۆ منقادن | موطیع سلک رەشادن | ژعوری وی سەعادەتێ |

**لە قوتابیانی قوتابخانەی زەهرای رەشادیەی وان**
**ئیبراهیم هرالوش**

## مستەی وەتەن

هەڵسن باوکم    هەڵسن چاوی جووانم
هەڵسن باوکم    هەڵسن چاوی جووانم
روحەکەم بۆچی تۆ نازانی
عالەم ئیسلام لەچی حاڵێکن
بیزانە عالەمی ئیسلام زۆر زەلیلە
واز بهێنن لەم حاڵە خراپە
هەڵسن باوکم    هەڵسن چاوی جووانم
هەڵسن باوکم    هەڵسن چاوی جووانم

روحەکەم بۆچی تۆ ناپرسی
عالەمی ئیسلامی لەچی حاڵێکن
جەهالەت سەبەب بوو بەم فەلاکەتی ئێمە
چونکو جەهالەت مانع تەرەقی یا
هەڵسن باوکم هەڵسن چاوی جووانم
هەڵسن باوکم هەڵسن چاوی جووانم
دوژمنمان شەو رۆژ سەعی یان کرد
ئێمە لەجێ خۆمان نووستین
چی وەقتی ئەمانا سەری ئێمە بڕی
ئەو حەلە عەقڵمان هاتە سەرمان
هەڵسن باوکم هەڵسن چاوی جووانم
هەڵسن باوکم هەڵسن چاوی جووانم
ئێوە بۆ نازانن دوژمنمان کێیە
دوژمنمان بلغارو صربو یونان و قەرەگاغ
ئەم ڤالمانە سەری دیندا شانێ بێ رێ
حەقی بێ گوناهان بستینن
هەڵسن باوکم هەڵسن چاوی جووانم
هەڵسن باوکم هەڵسن چاوی جووانم
رووحەکەم، چاوەکەم گوێ لەمن ببی
حەقی بێ گوناهان بەدەستی خۆت بسینە
روحی ئەژدادمان هاوار دەکە
ئەژدادمان ئیمداد ئەمە گهلەب ئەکە
هەڵسن باوکم هەڵسن چاوی جووانم
هەڵسن باوکم هەڵسن چاوی جووانم
نە مزگەوت و نە تەکێیان هێشت حەموویان رووخان
چەند مەعوم بێ گوناهان حەموویان کوشت
ئەگەر وازتان هێنا لەم حالە خیراما
ئەک حەلە تەخلیصی روحی خۆمان ئەکەین

بەزمی ئەم بەستە لە مەقامی (ای وگن ای ام مشفق) لەکەر نەزمی مەقامی (ای غازیلری)

**ئیسماعیل حەقی سلێمانی**

ێتیدەکی قصیدە م...ح امضالی و (ژ قصیدە حاجی رحمی تینە زانین کو)عنوانلی مقلانک ماقلی اولە جغندن اثر شهو ترتیب اولەرق بورایە کچدیکندن قارئین کرامک عضولرینی رجا ایدرز.

## ژشیخان کەرو ئازا

قەصیدەی با حاجی قادری کۆیی قدس سیرەهولعالی

تاجی بسم ........ نامە سەر بۆ دەفعی شەیتانی ڕەجیم
ماجەراییێکم هەیە بێ بیسن و کەم هیچ درۆی تێدا نییە با بۆت بکەم
بانی یی نۆ تاقی قوببەی، بێ ستوون کەعبەییێکی بۆمە کردە ڕوو نموون
قاصیدی پەیغامی فەرمووی: من بنی مسجدا یبنی لە بیت کما
باز فەرمووی سەربەسەر ڕوویی زەمین مەسجیدە بۆ زیکری (رب العالمین)
یەعنی هەر ماڵێ کرابێ بۆ خودا، کەعبەیی عەلیایە بۆ زیکرو دوعا
... تەکیەو خانەقاهی شێخەکان واقیعا ڕەنگین ئەمما بۆ ڕییان
لەم هەموو شێخ و مریدانی ڕیا فەردەکی ناچێتە مزگەوتی خودا
مەسجیدو میحراب و مینبەر بێ کەسە کی مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە
شەیخەنا گەر ئەم قسەت نایێتە گوێ سەیری وا چۆڵە ..... تێدا بگێ
ناکرێ بەم های و هوویە دەفعی ڕووس هەروەکو شێخی بوخاراو ئەندەلوس
میسلی ئێوە پاڵی خۆیان دا بە دوعا ئاخیری کافر بە ڕیشیدا ڕیا
پشتیان دا هیمەت و شەخپوختی تا فەرانسز پاکی کردە میللەتی
مەرقەدی ئەقگابو قوببەی ئەهلی ڕاز بوویتە جێگەی گاگەل و مۆڵگەی بەراز
هیندو داغستان و قازان و قیرم خێوەو هیندو بوخاراو خوارەزم
یەک بە یەک وەک ئێوە بوون و زێدەتر سەربەسەر بۆ باری کافر بوونە کەر
موعجیزەو کەشف و کەرامات و دوعا بۆچی نەیبوو فەخری عالەم مستەفا
جیسمی نوورین ددانی گەوهەرین ئەو شکا، ئەمیان بووە جێگای برین
سەبحەو میسواک و خەرقەو تەیلەسان بوونە پابەندی جیهادی غازییان
ئەم هەموو شەهبازە بوونە کوندەبوو خەڵوەکێشان و چلە سووری چ بوو
سەیری ناکەی طائیفەی ........ وەک صەحابە و عاداتی پێشینان
ڕووت و پێ خاوس بە زەرگێک و مەتاڵ باوکی ...... دەرهێنا لە چاڵ
قەسری دین، بنج و بناغەی مەحکەمی شیرو تیرە، دیرەک و تاق و خەمی

هەواڵنامەی کتێب

موپبهته فەرمووی حەبیبی کیبریا
گوڵشەنی پڕ میوەیی باغی مەعاد
کێ گوتی: میسواکه تیرم یا عەسا
یا کەمەندم روشتەیه، تیغم بەتەر
کام حەدیپ و ئایەتی موعجیز نوما
ئەم ئیشاراته بە جێگایەو بەڕێ
داری دنیا هەر کەسێکی تێی گەیی
پەندی من خامی دەزانن خامەکان
تاکەی دنیا ماوه پوختەی کەم هەیه
با بڵێن: ئەم شێته قەحپه مردووه
حەق تەعالا واقیفی ئەحواڵمه
بەیتەکان عەیبی مەکەن خوارو کەچن
وەرنه ئەم دونیایه نەفسی نەفسی یه
من له تۆفانا بەڕێ خۆم دەردەکەم
ئێسته هەر چیم پێ بڵێن عەیبی نییه
ئاخیری چی وەحشییه ماڵی دەبێ
ئەم قسه بالێره بێ ماندوو بووم
پێی گوتم: ئەحبابەکی صاحێب حەشەم
بازی خەو ئیمشەو لەبەر بێ هەمدەمی
زاغەکەی شەو باوەشێنی شاپەڕی
بەیچەکی جێ ما لەگەڵ دەرکەوتنی
ماهی بێ میهرم له دەرگا هاته ژوور
کورت و کرمانجی کە گرتم بە رەزا
چونکی زانیم ئیش که کەوته گفتوگۆ
ئاخیری نایێ وەک ........
چی پیاو بێ تێ دەگا .. چییه
ئیتتیفاقی دولبەرێکه بێ کەدەر

من (نەبی)ی شیرم له مەیدانی وەغا
وا لەژێر سایەی تیغی جیهاد
نێزەمه گورزی گرانم مونتەشا
پۆست و کەشکۆڵ و دەفەو تاج و کەمەر
هاتووه بۆ رەغبەتی رەقص و سەما
نەک وەکو چاوبەستە تەڕکی بن بەڕێ
میوەیی خامی هەیەو میوەی گەیی
شیرن و پوختەی دەزانن پوختەکان
لەم کەرو خامەی کە هەن باکم نییه
چەند وەڕیوه، چەند وڕێنەی کردووه!
(خالصا لله)یه تەرقیمی ئەمه
مەقصەدم لەم بەندو باوه دەربچن
گەر لەبەر ئێوه نەبێ باکم چییه!
وا مەزانه دامەنی خۆم تەڕ دەکەم
چونکه عیلمی غەیبی پێ نییه
جاهیلیش ئەو رۆژه دێ حاڵی دەبێ
بۆت بکەم باسێکی بۆیان کردووم
سەرگوزەشتێکم هەیه با بۆت بکەم
بوو بە نەسری ئاسمانی حەوتەمی
شەمعەکەی کوژاندەوه، وەقتێ فڕی
ئاسمان زەردو سپی بوو دامەنی
ماتەم و شین و غەمی کردم بە سوور!
خستم و باقی وەکو بەیتی (رەزا)
بێ سەرو پێیه وەکو چوکان و گۆ
یا شەڕە جوێنی لەنێو خەڕات و دۆم
باسی رمبازی و سواری بۆ نییه
حاجی ئەنواعی لیباسی کردەبەر

بێ جیهازو مارەیی دەیدا بە شوو | لەم هەموو کوردانە داخوازی نەبوو
عاقیبەت دەیخوازن ئەمما ئەو دەمی | پیربووە، نازێ کەل و کۆمە دەمی
ئەو زەمانی بوونە ئاردی نێو درک | پارەیەک ناکا دوو صەدجار بێنە ڕک

## مەکتەب چییە؟

لە ڕۆژنامەی (اقدام)دا، لە بەحسی تەرەقی مللەتی ئەرمەنیدا، چەند سەگر نووسرابوو، مولاحەظەو خوێندنەوەی ئەو سەگرانە واقیعەن لەبۆ ئێمە بە دەرەجەییکە کە دلمان عەرەقی خوێن دەکا. لە مەجموعی ولایەتیەکی کە ئەرمەن تێیدا مەسکوونن و نفووسیشیان لە مەجمووعی ئێران و عوسمانی و رووس ئەگەر بکاتە ملیۆنەکی زۆرە باز بە واسیگهی حەمیەت خۆیان.

وە بە ئیعانەی ئەهالی حەوتصەد مەکتەبیان پەیدا کردووەو دەنێو ئەو مەکتەبانەدا هەشتاو دوو هەزار گهلەبەی ئەرمەنی مەوجودە...

ئەوە حالی ئەرمەنییان ئێمەش کە ئەوڕۆکە کوردینو هەشت هەندی ئەرمەنیان نفووسمان زیادە دەگەڵ تەئەسوف هەشتا هەزار ساڵە ئەوەنەمان گهلەبە نییە.. بۆچی؟ چونکە بێکەسین و مەلاکان و گەورەکانمان لەبەر گهمەعی شەخصی خۆیان کەسبی مەعارفیان پێ حەرامە.

دوو طائر متناسب جناح درعالم
یکی باوج شهان جایکی بە نیران داد

ئەی ڕەئیس و ئاغای کوردان مەرحەمەت فەرموون گوێو لێبی ئەگەر ڕەعیەت ئێوە جاهل نەبێ چە لازمە کە لەبەیانییەوە تا شەوی سەبری جوتی رابکەن تا نیوە کا دەکەو وەیانێک بەرەکەو دەشتێکدا کە مەنفەعەتی خوێنی تەمبەڵی نەکا، ئەڵبەتە دەزانن کە تەمبەڵی ئەو جوتیارە دەبێ لەبەر نەزانین و مەنفەعەتی خۆیتی، ئەگەر لە منداڵییەوە کەسێک مەنفەعەت و فائیدەی ئەو کاسبییەی پێ بڵێ ئەو جوتیرە دەزانێ کە جووتی بۆ قازانج خۆی دەکاو دەزانێ بۆ ئاغا نییە.

ئەگەر وابوو دەگەڵ شێوەردی خۆی محەبەتێکی دەبێ بە خەت دەکێڵێ دەو صورەتەی منداڵی جوتیاری لازمە کە کەمێک بخوێنێ. وە ئەگەر بێو بە زبانی خۆی مەکتەبی ببێ و قوتابخانە ببێ، وەکی ساڵەکی بخوێنێ و هیچ فێرنەبێ بە شەش مانگان دەزمانی خۆیدا دەبێتە میرزاییکی تەواو.

لەنێوی نام مەکتەب کە گوتم سل مەبین، چونکە مەکتەب دەگەڵ قوتابخانەییکی کە لە زەمانی قەدیمەوە هی تەفاوتی نییە.

ئەمن دەڵێم مەپهلا لەشاری سابلاغی دووسەد کوڕی دەوڵەمەند هەیە کە دەگەڵ ئەوەشی سێ ساڵان لە قوتابخانەی کوڕی دەرویشێکی دەخوێنن و فارسی فێرنابێ

ئایا ئەنگۆ ئەی دەوڵەمەندینە خراپە هەر لـە قوتابخانـە کوڕی دەروێـش بەگی دا ساڵانە فارسی و کوردی و ترکی حیساب و تیجـارەت و زراعـەت و علومـی دینی و جوگرافیـا تاریخی فێربـیٚ ((!)) ئەلبەتە ئەگەر برێک محەبەتی خۆشبەختی کوڕی خۆتـان هەبیٚ لەبـۆ ئـەوەکادی مەمنون دەبن. ئەگەر دەڵێن چۆنی دەبیٚ کە منداڵی ئێمە بۆ سـیٚ سـاڵانە ئەو هەمووەی فێر ببیٚ؟

ئەمـن دەڵێم لەبـۆ حەمیەتی ئێوە هیچ زەحمەتی نییە، چونکە ئەگەر ئەو دوصەد کەسـە هەر یەکـی سـاڵی دە تومانی بدا سـاڵی دەبتە دوو هـەزار تومان، بۆ دوو هـەزار تومانی بە ظەریفـی ممکین دەبیٚ کـە خانوویێکی خۆش دروسـت بکریٚ و موعەلیمی چاکیش بـۆ منداڵی ئێوە پەیدا ببیٚ.

کوڕی ئێوە لە قوتابەخانەییێکی کە پڕە لە بیٚ تەربیەتی و هەموو خراپییە ساڵیٚ لە دە تمانی زیادتر پول بۆ مامۆسـتای دەبا لێی دەدریٚ و عەقل مەعیشەت فێرنابیٚ.

ئەگـەر بێتـو ئەنگـۆ وەکـو وتـم مەجلیسـێکی دەنێو خۆتـان دابنێن و ئەو پولـەی گرد بکەنەوە هـەم منداڵی خۆتان دەبێتـە پیاو هەم دەبێتە صەدەقە، چونکە چەنـد منداڵیٚ فەقیرانیـش بەخۆڕایی دەو مەکتەبـەی، یەعنـی دەو قوتابخانـەدا دەخوێنـن و بۆخـۆی وەکـو بوونـی دا عەقلی کاسبییەکیش پەیدا دەکا.

شتێکی دیکەشو عەرض دەکەم:

سـبەینیٚ ئەنجوومەنـەو لـە هەمـوو شـارێکی چەند کەس دەبـیٚ بۆ مەجلیس ئینتیخـاب بکـریٚ، ئایـا ئەنگـۆ ئەگـەر بێتو تەماشـا بکـەن کـە ئەنجوومەن بۆ مەنفەعەتـی مللەتـەو بۆ بەیەکـە بێگانان ڤولمتـان لیٚ نەکەن لەبـۆ مەعلومان نابیٚ کـە بۆ ئەو مەجلیسـە کەسـێک دەبیٚ کە ئاگای لـە ئەحواڵی ئەجنەبیـان ببیٚ تاکو بە گوێرەی وان مللەتی خۆی لە وەطەنی خۆی سەعی بکا.

ئینشـائەڵڵا بۆ تەربیەی منداڵی خۆتان هیمەتێـک دەکـەن و دەیانکەنـە پیاو کە (همت الرجال تقلع الجبال).

قاضی زادە

**مصطەفا شەوقی**

---

## تاوی هەتاوی کورد

بسـم اللـه خیـر الاسـماء الحمـد لله رب الارض والسـماء والصـلاة والسـلام علی سید الأنبیاء وصحبه الحنفاء وحمله القرآن وشـریعة الغراء، امـا بعد فأن اللـه تعالی ونقـدس بمحض حکمـة البالغه کـرم بنی آدم من بین الخلایق وجعل الانسـان منهم شـعوبا وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عندالله اتقاکم ان الله علیم خبیر.

لـە ئێوە واضح و لایـح و مبرهن بیٚ ئەی روئەسا نوقەبا و نوجەبای طایفەی ئەکراد موختەصـەر خۆشـە قصـەی بـیٚ فایدە حکایـات مطول و مقلقل خیـر الکلام ماقل ودل، ئێـوە خۆتـان بینـا بە دڵسـۆزی و غەمخۆری کە هەتانـە لەگەڵ ئەم طایفەی ئەکرادە بـە مەواعظی موفیدەو نەصایحی شـەفەقانە خۆتان لە عوهدەی الا کلکم راع و کلکم مسـؤل عن رعیته دەرهاوردووەو حەقیقـەت صەرفـی مەسـاعی و جـدد و جوهدتـان لـەم بابەتـە فەرمـووە جزاکم اللـە ولکنه منـە غیر جد بـە عقلی ناقصی

خـۆم وا ظەن ئەبەم کە قەبایل و طەوایفی متەفەڕقەی وەحشـیەی ئەکرادە بێ جهەو وەحـدە ذاتیە و عەرەضییـەی میثال یەک شـەخصی رەئیس کولل و عالم و عادل و خانـەدان و کریم ابـن الکریم بێ صاحیب هیولاو صرەت و شەوکەت و ثهروەت بێ چـاوی لە ئیثارو بەذل و بەخش خلعەت و نیعمەت نەترس بێ، وەجهی شـەخصێکی هاکەذایـی نایەتە ضەبطهـوەو هەم دەبێ بـۆ ئیصلاحـی عیبادو روشـدی ئومەم و کەسبی مەدەنیەت و ئیئختیراعی صەنایع، بەدایعـی مەکاتـب و تەرویجـی علومـی غەربیەو موفیدە بێ بە مەفادی فشـاورهم فـی الارض، صاحبـی مەشـوەرەت بـێ، لەگەڵ عوقەلاو صولەحـاو ئەتقیا و پیری صاحب تەدبیر، نشسـت برخو سست بکا، کبوتر با کبوتر باز بابازو سـەر رشـتەی هەر ئەمرێ بداتە دەست ئەهالی و ئەربابی خۆی، سـاحیب سـەیف و قەلەم بێ، رێز اصلاح العباد ورسل الامم و امن البریە من کل غم بشـئیین ما ثالث، بحرف الخسام و رفق القلم مثل ذاتی وەکو خەلیفەی زەمان لە خانەدانی ئالی عوسـمان وەکو سوڵتان محەمـەد رەشـادی خامس لە تەشـریف ساکن ئەوە چۆن صاحب ئەخلاق حەسەنە وە هەمـوو جهـت ئاراسـتەو پیراسـتەی ئەگـەر مەیل ببێ هەمووی بـۆ دەکرێ و ئینتیزامـی مولک و مللەت بـێ ئەو دەری بـە مەفادو میثـال ئەمەی کە مثـال المطر لایـدری اولـە خیـر ام آخـرە، ئومێدە بە هیمـەت ئەشخاسـی بهمـت الحـال وربط وضبـط کل لنا وثایفە ئەگەر ادا هەم پەیدا ببـێ و مەدەنیەتی مناسـب و دیانەکا لبید بکرە و ئەو رەئیسە باعثە هەم لە زماندا بە مجەدد ناو ببرێ، حکمت محض است اکر لطف جهان افرین خاص کند بندە مصلحت عامـر نابی ملاحظە مشـقت و مأیوس بکا زیـرا مالا یـدرک کلە لایتـرک کلە محبب طاقت و بێ شـعور بـکا وە ئیلا ئەم ملکە لە دەسـتی چووە لظلـم نایبێ چبط وارثی سـالم فەرموویە میحنـەت ئەوەندە زۆرە دڵ هنـدە تەنـگ بـووە دودی هەناسـەی سەحەر. هەوری گرتە بەر لەوساوە حاکم بابان دەرکە بەدەر کوردان نەیدیەوە کەس الجهوە کەس جەوهەری هونەر مەخصوص ئەم ملک شـهرە زۆرە از نظم بدر رفتە و نسـرس خوان خوند مانند تکلتو کە پالان و نەزین هست زرا عراق ئەهلی حەسەد و نیفاقن، هەر کەس دەڵێ من بم کەس نەبێ، بێ خەبـەرن لە مەدەنیەت و مەعارف، بێ بە صەرن لە صەنعەت و زەخارف نازانن بـێ ئیتحـادو ئیتیفـاق رەئیـس خەلیل بە ئەساس ئیستیناسی هەموو ئەنیس دەکاتن بەنی بەشەر حەتا مێش هەنگ شایان هەیە هەمو لەو گردەبنەوە.

ئەو شـایە نۆبەچـی هەیە هەمکەسـی لە نەحلـەت بنیشـێ دەری ئەکەن رێگەنادەن و ئایەکەریمە انمـا المؤمنون اخوە نەصی قورئان زی شانە فەهم روایەت کراوە مثل المؤمنون فی توادهم وتراحمهم وتعاطفهم مثل الجسـد اذا اشتکی منە عضو تداعی لە سـائر الجسد بالسـهر والحمی و قال علیە السلام المؤمن للمؤمن کالبنیان یشد بعضە بعضا ثم شـبک علی بیـن اصابعە خواجە شیرازی رەحمە اللە فەرموویە:

توکـز محنەت دیکـران بی غم نشـاید کە نامتـا نهند آدمـی زیرا بنـی ادم اعضای یکدکرند کە در آفرینش رنکیا گوهرند چو عضـوی بـدر آورد روزکار دکـر عچوها رانماند قرار، ئەمانە هەمووی کە عەرضم کمویـە تریـج و تەشـویق رەئیس دەکرێ بە ئەنواعـی مشـاوەرەو تەدبیرو خدعەو حیلەی بیتە.

**– دوایی هەیە –**



هەولاتەی کتێب

# ئەخلاقی پیشەی ڕۆژنامەگەری...
# لە پیادەکردنی گۆڕەپانییدا*

دیڤید ڕاندال

و: خالید بەکر ئەیوب

ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پیشە بۆ بینەر لەدیوی دەرەوەدا، وەک تێکەڵەیەکی نەگونجاو دێتە پێش چاو، تەنانەت گەر هەردوو زاراوە لەیەک ڕستەدا بەکاربهێنرێت، ڕەنگە لەگوێکرەوە گوێبیستی پێکەنینێکی لەویست بەدەر بیت.بەنیسبەت ئەوانەی لەپیشەی ڕۆژنامەگەرییدا کاردەکەن، ئەوا کارمەندانی ڕۆژنامەگەری زەرد (الصفراء)، کە لەپڕ فرۆشترین ڕۆژنامەنووسیی دەژمێردرێن، وا دەبینن ئەخلاق هیچ پەیوەندییەکی بەپیشەی ڕۆژنامەگەری و سەرنووسەرانەوە نییە.

ئەوانەی کەوتونەتە ژێر فشاری ململانێیەکی توند بەمەبەستی ڕاکێشانی خوێنەران بۆ خۆیان، داوا لەکارمەندانیان دەکەن، کورتترین و ئاسانترین ڕێگا بۆ ململانێی نێوان نووسەرانی ڕۆژنامەنووسی بگرنە بەر، بۆیە پێشەشکردنی ئامۆژگاری دەربارەی ئەخلاقی پیشە بۆ ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسانە کارێکی بێهوودەیە، بەڵام سەبارەت ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەڕۆژنامە ئاست بەرزەکاندا کاردەکەن، ئەوا ئەخلاقی پێشە دەبێتە (لائیحەی پرنسیپەکان) پێویستە پێوەی پابەند بن، یاخود بەلای کەمەوە هەست بەگوناهباری بکەن.. کاتێ جێبەجێیان ناکەن، بەڵام هەموو کاتێ شتەکان بەم شێوازە یەکلاکەرەوانە نابن و جیاوازی لەنێوان ڕۆژنامەیەک و ڕۆژنامەیەکی دیکەو ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەنووسێکی دیکە هەر دەمێنێت.

ململانێ ڕۆڵێکی بنچینەیی لەبڕیاردانی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی دەبینێت پێویستی بەپابەندبوون هەیە، ئەوکاتەی ڕۆژنامەیەک لەپێگەیەکی پاوانکردن دەبێت، واتا دڵنیایە ڕکابەری نییەو خوێنەرانی بەدیلێکی لەو ئاستەیان نییە ڕووی تێبکەن، پابەندبوون لەرادەیەکی بەرز دەبێت، چونکە ڕۆژنامەنووسان لەو حالەتەدا پانتاییەکی فراوانیان هەیە، بۆ بزووتنەوەو جووڵانەوەو

دەرفەتێکیشیان بۆ دەرەخسێت تا زیدەتر بەئەخلاقی پیشە پابەندبن، بەڵام لەکاتی ململانێدا کەش و هەوایەکی جیاواز دێتە کایەوە، ڕۆژنامەکان لەهەوڵدانیان بۆ ڕاکێشانی خوێنەران ناوەستن، لەم بوارەشدا شێوازی هەمەجۆر بەکاردێنن، تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێ، ئەویش کاتێ هەستدەکەن خوێنەرانیان لەدەست دەدەن، چونکە ڕۆژنامە لەوکاتەی لەڕکابەرییدا دەبێت، هەست بەدڵەڕاوکێ دەکات، سەبارەت بەوەی نەوەکو خوێنەرانی بەهۆی دابەزینی ئاستی بەرەو ڕۆژنامەیەکی دیکە بچن، یاخود بەهۆی پێشێلکاری یاسا دووچاری سزادان بن.

لەبەرامبەریشدا ڕۆژنامەنووسان سزای خۆیان بەرامبەر ڕۆژنامەکانیان هەیە، ئێمەی ڕۆژنامەنووسان هەڵبژاردەی خۆمان هەیەو هەر بەتەنها موڵکی ئەو ڕۆژنامەیە نینە کە کاری تیادەکەین، هەروەک چۆن خوێنەران دەتوانن لەکڕینی ڕۆژنامەیەک لەڕۆژنامەکان بوەستن و ڕۆژنامەیەکی دیکە بکڕن، ئەوا ڕۆژنامەنووسیش توانای ئەوەی هەیە.. کارکردنی لەڕۆژنامەیەکەوە بۆ ڕۆژنامەیەکی دیکە بگوازێتەوە، گەر زۆرینەمان ئەو کارەمان کرد، ئەوا بێگومان ڕۆژنامەگەری لەحاڵەتێکی چاکتر دەبێت.

ئەم توخمە لەهەڵبژاردەی ئەخلاقی. واتا جیاکردنەوە لەنێوان ئەوەی ڕۆژنامەکان چاوەڕێی دەکەن و ئەوەی پێویستە لەسەرمانە بەئەنجامی بگەیەنین، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە.. بۆچی ئێمە پێویستمان بەئەخلاقی ڕۆژنامەگەری هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە قیبلەنامەیەک تا ئاگادارمان بکاتەوە چەند لەڕێگای ڕاست دوور کەوتووینەتەوەو دەرزی موگناتیسی ئەم قیبللە نامەیە خۆی لەبرگەکانی گرێبەستێکی نەنووسراو لەنێوان ئێمەدا (ڕۆژنامەنووس)ان و خوێنەران دەنوێنێ و لەفشاری سیاسی و بازرگانی و.. هیتر، دوورمان دەکاتەوە...

کاتێ ڕۆژنامەنووس لەمەسەلەی پێککەتنی بەرژەوەندییە تەڵبەندکراوەکان دوور دەکەوێتەوە، ئەمەیان بەشێکی بنچینەیی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسییەو بەرزەفتێکی پراکتیکیکە بۆ زامنکردنی دەرچوونی ڕۆژنامەگەرییەکی ڕاست و باوەڕپێکراو.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی لەپێشەوە گوترا، ئەخلاقیەتی ڕۆژنامەنووسی بەشێکی نەپچڕاوە لەپیشەیەکدا، هەڵبژاردەیەک نییە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەم ئەخلاقییەتەش بۆ ڕاستگۆیی سەرچاوەی هەواڵ و شێوازی ئاراستەکردنی پرسیارەکان و شێوازی نووسین و .. هیتر، شۆڕدەبێتەوە.

وا لەخوارەوەش چەند هێڵێکی سەرەکی بۆ ئەوەی هاوکاری ڕۆژنامەنووس بکات، لەپابەندبوون بە ئەخلاقیەتی پیشە دەخەینە ڕوو:

**١- پێویستە ڕۆژنامەنووس تەنها خزمەتی ڕۆژنامەکەی و خوێنەرانی بکات**

گەر دەتەوێ لەبواری پرۆپاگەندە کاربکەی.. ئەوا لەبەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و بواری سیاسەتدا کار بکە، بەڵام ڕۆژنامەنووسان پێویستە پەیوەندییان بەهیچ کەس و لایەنێک و حیزبێکی سیاسی و بەرژەوەندییەکی بازرگانی و یاخود تایبەتی و کەسیەتی (هەرچەندە گرنگیش بێ).. نەبێت.

ڕۆژنامەگەری هاوسەنگ بەرگەی ئەمجۆرە پێکدادانەی بەرژەوەندییەکان ناگرێت، ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) ڕێسایەکی هەیە، بەپێی ئەم ڕێسایە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەم ڕۆژنامەیەدا کار دەکەن، بۆیان نییە بەشداربن لەهیچ چالاکییەکی سیاسی (ئەمەش خۆپیشاندان و ڕێپێوان، جا چ پشتگیری بێ یاخود ڕەتکردنەوە) تەنانەت گەر لەگەڵ ڕێبازی ڕۆژنامەش بگونجێ.. دەگرێتەوە.

**٢- هەر شتێ بڵاودەکرێتەوە پێویستە گەڕانێکی ڕاستگۆیانە بەدوای حەقیقەتدا لەدواوە بێت**

هەر هەواڵ و ڕاپۆرتێک بڵاودەکرێنەوە، پێویستە هەوڵی ئەوەی بۆ درابێت، کە بەبیرێکی ئاگادارو کراوە بەڕاستی ڕووداوەکە گەیشتبین، تەنانەت گەر لەگەڵ بیروبۆچوونمان و ڕێبازی ڕۆژنامەکەشمان گونجاونەبێت.

بۆیە پێویستە رۆژنامەنووس، بەوە رازی نەبێ کارێک بکات جەخت لەبۆچوونێکی تایبەت (بەپێچەوانەی واقیع) بکاتەوە.. یاخود راپۆرتەکەی بنووسێت و لەهۆشیشیدا بیرۆکەیەکی پێشوەختە دەربارەی رووداوەکە هەبێت.

رەنگە ئێستا مەسەلەکە زۆر روون و ئاشکرا بێت، بەلام سەرەرای ئەمە رۆژانە چەندین راپۆرت و هەوال دەخوێنینەوە، لەگەڵ حەقیقەت و واقیع و ناگونجێن و لەگەڵ بۆچوونێک لەبۆچوونەکاندا گونجاون.

خەراپترین نموونە لەم بارەدا.. رۆژنامەی (سەن)ی بەریتانییە، ئەم رۆژنامەیە پرفرۆشترین رۆژنامەیە لەبەریتانیەدا، سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیە واتێدەگەیشت نەخۆشی (ئایدز) لەنێوان (تیلیاکخۆران و ئەوانەی کاری سێکسی لەگەڵ هاورەگەزەکانیان دەکەن) بلاودەبێتەوە، بۆیە رۆژنامەکە راپۆرتێکی فراوانی لەژێر ناونیشانی (سەرچاوە رەسمیەکان: پەیوەندی لەنێوان هەردوو رەگەزدا. لەئایدز دەتپارێزێت) لەو قسە نابەجێیانەی لەم راپۆرتەدا هاتبوون ئەوەبوون، ئەوەبوو ئاماژە رەسمییەکان هیچ تووشبوونێک بەنەخۆشی (ئایدز) لەنێوان ئەوانەی پەیوەندی سروشتییان لەگەڵ رەگەزی جیاوازدا هەیە.. تۆمار نەکردووە.

هەڵبەتە لەئاکامی ئەو رازینەبوونانەی دژی ئەم زانیارییە نادروستانە رۆژنامەکەی ناچارکرد لێبوردنێک بلاوکاتەوە، بەلام بەپیتی بچووک و لەدامێنی لاپەرە (٢٨) بلاوی کردەوە.

ئەم مەسەلە ترسناکی فێلکردن لەخوێنەران روونەدەکاتەوەو رەنگە ژیانیشیان لەرێگای بلاوکردنەوەی (زانیاری ناراست) بخاتە مەترسییەوە.

بیروبۆچوونی پێشوەختە جێگەی لە رۆژنامەگەری نابێتەوەو پێویستە رۆژنامەگەریش جەنگ دژی هۆشە دۆگماکان بەرپاکات.. نەک لەلای خۆی بیانخاتە کارەوە.

**٣- رەتکردنەوەی موغەریاتی بلاوکردنەوە**

ئەمەش هەر بەتەنیا قەبووڵکردنی پارەو دیاری نییە، بەڵکو لەمە رەت دەکاو بەرژەوەندی تاکەکەسی بەهەموو چەشنەکانییەوە دەگرێتەوە.

لەشێوازی باوەکاندا.. بەتایبەتی لەو رۆژنامە خۆجێیانە-بچووکانە، رۆژنامەنووسان بەکرێیەکی کەم تیایاندا کاردەکەن، بابەتی وا دەنووسرێ دەکەوێتە خانەی پرۆپاگەندەی ئیعلانی بۆ لایەنێک لەلایەنەکاندا، ئەمەش بەرامبەر پارە یا دیاری یاخود بەرژەوەندی تاکە کەسی، رەنگە پاساوەکانی ئەم کارە روون و ئاشکرا بن، ئەویش ئەوەیە رۆژنامەنووس بەم کارە دەخلەکەی زێدە دەکات،

**- رۆژنامەنووسان پێویستە پەیوەندییان بەهیچ کەس و لایەنێک و حیزبێکی سیاسی و لایەنێکی بازرگانی و یاخود تایبەتی و کەسیەتی نەبێت**

**- پێویستە رۆژنامەنووس بەوە رازی نەبێت. کارێک بکات جەخت لەبۆچوونێکی تایبەت -بەپێچەوانەوەی واقیع- بکاتەوە**

بەڵام ئەوە نایکاتە ڕۆژنامەنووس، ئەمە ئاراستەیەکی دیماگۆجی و رووخێنەری کاری ڕۆژنامەنوسییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەرچوونێکە لەگرێبەستی بنچینەیی نێوان ڕۆژنامەنووس و خوێنەران سەبارەت بێلایەنی ئەم بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە، لەئەنجامی ئەمەشدا ئەم پەیوەندییە تووشی درزی بنچینەیی دەبێت، هەروەها ئەم کارە دەبێتە هۆکارێکی پاڵنەر بۆ ئەوەی سەرنووسەران و بڵاوکەرەوەکان مووچەی کەم بۆ کارمەندانیان ببڕنەوە بەبیانووی ئەوەی ڕۆژنامەنووسان لەم ڕێگایەوە بڕێ پارەیان چنگ دەکەوێ، ئمەش لەخاوەن چێشتخانەیەک دەچێت، ڕۆژانەی کەم بۆ شاگردانی خەرج بکات، لەبەر ئەوەی (بەخشیش) وەردەگرن، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین ئەمە ڕۆژنامەگەرییە نەک چێشتخانە، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەم کارە دەکەن، ئەوا پێنووسەکانین بەکرێدەدەن.. بەو کەسەی کرێی زیاتر دەدات. دواتر ئەمە رایاندەکێشێت (بەرامبەر نرخێکی دیاریکراو) باس لەبابەتی گەندەڵی و تاوان و تاوانباران نەکەن...

هەروەها ڕەفتاری دیکەش هەن، لەگەڵ ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی ناگونجێن، ئەوەش خۆی لەوەدا دەنوێنێ...

کاتێ ڕۆژنامەنووس خزمەتگوزارییەک بەخۆڕایی قەبووڵ دەکات، وەک گەشتوگوزار یاخود جەمێک خواردن لەچێشتخانە پلە یەکەکاندا.. یا پلیتی چوونە ژوورەوەی هۆڵە ڕاقییەکانی شانۆگەری وەربگرێت...

ئالێرەدا (ڕێکەوتننامەیەکی بێدەنگ) دێتە ئاراوە لەنێوان هەردوولادا، پێشکەشکەری خزمەتگوزاری چاوەڕێی ئەوە دەکا ڕۆژنامەنووس شتێکی ئیجابی دەربارەی بنووسێت، ڕۆژنامەنووسیش ئەم کارە دەکات وەک موجامەلەیەک و چاکە دانەوەیەک.

لەشێوازە باوەکانی دیکەش، ئەو فشارانەیە کۆمپانییە ئاگادارکەرەوەکان دەیخەنە سەر ڕۆژنامەکان، لایەنە ئاگادارکەرەوەکان گرانی و قورسی خۆیان بۆ کارتێکردن لەئاراستەکانی ڕۆژنامە بەکاردێنن، ئەم فشارانە بەرێگەی بەشی ئاگادارکردنەوە (ئیعلانات) تێدەپەڕن، کاتێ ئەم بەشانە ئامۆژگاری سەرنووسەر دەکەن کەوا پێویستە بایەخ بەو مەعمیلە بدرێ چونکە گرنگی خۆی هەیە. یاخود هەوڵبدرێت توورە نەکرێت.

ترسناکی خۆ تەسلیم کردن بەم فشارانە، (جا لایەنی فشار تاکەکەس بێت یا کۆمپانیا) لەوەدایە کەوا تۆ ئازاد نابیت لەهەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی بڵاویان دەکەیەوە، گەر کاریش بەمجۆرە بەردەوام بێ، ئەوا خۆت لەهەڵدێرێکی ترسناکدا

**- بیروبۆچوونی پێش وەختە جێگەی لە ڕۆژنامەگەری نابێتەوەو پێویستە ڕۆژنامەگەریش جەنگ دژی هۆشە دۆگماکان بەرپاکات. نەک لە لای خۆی بیانخاتە کارەوە...**

**- لەو ڕەفتارانەی لەگەڵ ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی ناگونجێن... قەبووڵکردنی خزمەتگوزاریی بە خۆڕاییە لە لایەن ڕۆژنامەنووسەوە..**

هەواڵنامەی ڕێگر

دەبینیتـەوەو لەڕێبازی ڕۆژنامەکەت لاتـداوەو لەخزمەت لایەنی فشارت داناوەو ڕاستگۆییت دۆڕاندووە...

ئەم کردە ترسناکەش بەهەنگاوی یەکەم دەستپێدەکات، کاتێ جاری یەکەم تەسـلیم بووی.. ئەوا هەرگیز لەفشـار ڕزگارت نابێت..

هــەر کاتــێ لایەنێـک لەلایەنەکانــی ئاگادارکردنەوەت بەچاکترزانی، ئەوا لایەنەکانی دیکەش داواکاری هاوشێوە پێشکەش دەکەن. بەمەشە تووشی تونێلێک دەبیت کۆتایی بۆ نییە.

**٤- پیشــەکەت بــۆ ئیبتزازکردنــی کەســانی دیکــە بەکارمەهێنە**

لەململانێی کەسیەتی یاخود لەناکۆکی کەسیەتی لەگەڵ کۆمپانیایەکانـدا باخـاوەن دوکانە بازرگانییـەکان یاخود دراوسێدا، ناکرێت هەرەشەی بڵاوکردنەوە لەم حاڵەتانەدا بەکاربهێنرێت، چونکە ئەمە دەچێتە خانەی (ئیبتزاز)ەوە، ئەم ئیبتزازەش ئەنجامەکەی زامن نییە، چۆن دەتوانی دەربارەی دەزگایەک یا کەسـێک بنووسـیت کە پێشتر تۆ هەڕەشەت لێکـردووە...؟ چـۆن دەتوانیـت وەکـو ڕۆژنامەنووسـێک گەندەڵی و پەیوەندییە ناڕاستەکان ئاشکرابکەی.. لەکاتێکدا ناوی خۆت لەهەڕەشەیەکی پێشووتردا هەبێت..؟ لەلایەکی ترەوە.. ڕۆژنامەنووس بۆی نییە پەرەی ڕەسـمی ڕۆژنامە بۆ پێشکەشـکردنی داواکارییەک و شـکایەتێکی کەسیەتی بەکاربهێنێـت، چونکـە ئەمـە ئیبتزازێکی شـاراوەیە، وای دەردەخات کە تۆ ناوی ڕۆژنامەکەت وەک پەسـاپۆرت بۆ وەرگرتنی سوودێکی کەسیەتی بەکاردەهێنێت.

هەروەهـا ئەخلاقـی پیشـە ڕێگەنـادا هاوڕێیەتـی و دۆسـتایەتی کەسـیەتی بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتێک یاخود چاونوقانـدن لەڕووداوێک بەکاربهێنرێت، چونکە ئەم کارە گەرچـی سـۆزداریشـی لەدواوەبێـت، بـەڵام لەوەرگرتنی (بەرتیل) دەچێت.

**"ڕۆژنامەنـووس بـۆی نییە.. پـەڕەی ڕەسـمی ڕۆژنامە بۆ پێشکەشکردنی داواکارییەکی کەسیەتی بەکاربهێنێ..."**

**٥- هەواڵ مەخوڵقێنەو هەوڵی جوانکردنی شـێوەکەی مەدە**

ئاشـکرایە خوڵقاندنـی زانیـاری و هـەواڵ کارێکـی ناڕاست و ترسـناکە، بەڵام لەوانەش ناڕاستترو ترسناکتر هەوڵدانی جوانکردنی ڕاستییەکان یان لەبیرکردنی هەندێ لایەنـی بۆ ئـەوەی کاریگەری لەسـەر هەواڵەکـە هەبێت، یاخـود ئامادەکردنـی پێشـوەختەی شـوێنی وێنەگرتـن، زۆر لەوێنەگرانـی ڕۆژنامەنووسـی.. لەئۆتۆمبێلەکانیـان هەندێ شـتی سوودبەخش هەڵدەگرن بۆ ئەوەی لەشوێنی ڕووداوی پێش وێنەگرتنی دابنێین، وەک پێڵاوی منداڵێک یا

بووکە شووشەیەک لەشوێنی کارەساتەکان وەک کارەساتی ئۆتۆمبێل و کەوتنی فڕۆکەو.. دادەنێن، بۆ ئەوەی وێنەیەکی کاریگەرییان چنگ کەوێت.

پێش چەند ساڵێک.. ڕۆژنامەنووس (جانیت لوک) خەڵاتی (پولتزر)ی وەرگرت، بەرامبەر بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک لەرۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) سەبارەت مندالێکی (٨) هەشت ساڵە کە فێری (هیرۆیین) خواردن بووە، دواتر روونبووە کەوا ئەم منداڵە بوونی نییەو چیرۆکەکە سەرتاسەری لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە خولقێنراوە، دوای ئەوەی ڕاستییەکە ئاشکرابوو، ڕۆژنامەکە بۆی روون بووە کەوا هەندێ شت هەبوو پێویست بوو پێش بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە بەدواداچوونی بەدوادا بکرێت، وەک ئەوەی نووسەری ڕاپۆرتەکە پێش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکە ئاگاداری خەڵکانی کردبووە، کەوا هەر ووردبوونەوەیەک لەراستی زانیارییەکان ژیانی خۆی و منداڵەکە دەخاتە مەترسییەوە...

هەروەها کەسیش بیری لەناسنامەی نووسەر نەکردبووە، کە ئیدعای ئەوەی کردبوو، دەرچووی زانکۆی (فاسار)ەو بڕوانامەی ماستەری لەزانکۆی (تولیدو) وەرگرتووە پیانۆلێدەرێکی ناسراوەو لە (سۆربۆن)یش خوێندوویەتی و چوارزمانی بێگانەش دەزانێت، ئەم لیستە درێژە سەرنجی کەسی ڕانەکێشا.. بۆ ئەوەی بیر لەو دەستکەوتانە بکاتەوەو پرسیار بکا.. ئایا بۆ کچێکی تەمەن (٢٥) بیست و پێنج ساڵە زۆر نییە...؟!

## ٦- پێویستە هیچ سوودێکی کەسیەتی لەو زانیارییانەی چنگت کەوتوون وەرنەگریت

زۆر لەرۆژنامەنووسان بەتایبەتی ئەوانەی لەلاپەڕەکانی ئابووری و کاروباری بازرگانی کاردەکەن، ڕووبەڕووی ئەوە دەبنەوە کە ئەو زانیارییانەی چنگیان کەوتووە بەرامبەر قازانجێکی ماددی بیفرۆشن، پێش چەند ساڵێک یەکێ لەنووسەرانی ڕۆژنامەی (وول ستریت جۆرنال) چەند زانیارییەکی لەسەرچاوەکانی (بۆرسە) چنگ کەوتبوو، بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژی داهاتوو بڵاوبکرێتەوە...

بەڵام ئەم نووسەر بڕیاریدا ئەم زانیارییانە بەبڕی (٣١) سی و یەک هەزار دۆلار بفرۆشێت بەهاوڕێیەکی کە لەبۆرسەدا کاردەکات ئەم سەرپێچییە دواتر ئاشکرابوو، ڕۆژنامەنووسەکەش بە (١٨) مانگ بەند کردن و غەرامەی مالی حوکمی درا، دوای ئەم ڕووداوە زۆر لەرۆژنامە گەورەکان، داوایان لەنووسەرانی کاروباری دارایی و ئابووری دەکرد، دەخلیان و کاری وەبەرهێنانیان ئاشکرابکەن.

## ٧- ناوچە رەمادییەکان

لەو باسانەی پێشتر خرانە ڕوو، بۆمان دەردەکەوێت کەوا مەسەلەی وا هەیە زۆر روون نییەو زۆریش ئاڵۆزەو زەحمەتە ڕێسای دیاریکراوی بۆ دابنرێت پراکتیزە بکرێت.

بۆنموونە: بەکارهێنانی ناوی خواستراو، کە ڕەفتارێکە لەبەر چەند هۆیەک بەکاردەهێنرێت، بەڵام هەڵەیە ئەم ڕەفتارە ببێتە ڕەفتارێکی سەرەکی، بۆ ئەوەی خەڵک وا تێبگەیەنرێت کەوا ژمارەی نووسەرانی چاپکراوەکە دووقات و سێ قاتی ژمارە ڕاستەقینەکەیە.

وابزانم بەکارهێنانی ناوی خواستراو لەبڵاوکردنەوەدا. کارێکی فێڵاوییە، ڕەنگە هەندێ جار بگاتە ڕادەی ترسناکی، گەر کارەکە بەدادگا گەیشت.

هەروەها مەسەلەی تایبەتمەندی کەسیەتی..

ڕۆژنامەنووس ناکرێت تێکەڵی ببێت، بەڵام هەمووومان لەسەر ئەمە کۆکین (گەر سەرۆک کۆمار لەگەڵ کچێکی نووسینگە پەیوەندە پەیدا بکا) ئەم چیرۆکە دەبێتە پرۆژەیەک، چونکە سەرۆک کۆمار کەسایەتییەکی گشتییەو بەتەنها تاکەکەسێک نییە.

هەروەها گەر کەسێکیش لەکرداری هەڵبژاردندا خۆی پاڵاوت مافی خۆمانە ئاگاداری ژیاننامەی ئەم پاڵێوراوە بین، چونکە ئەمە کاریگەری دەبێ لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکانی، بەڵام لەلایەکی ترەوە ژیانی تایبەتی هاوڵاتییان، هەرچەندە سەرنج ڕاکێش بێت، بۆ بڵاوکردنەوە ناشێت،

تەنها لەوکاتانەی پێشـێلکاری یاسـا دەکـەن، لەنێوان ئەم دوو نموونەیەشـدا ناوچەیەکـی رەمـادی دەمێنێتەوە.. کە دەربـارەی سـنووری تایبەتمەندییەکان جێگەی مشـت و مڕو گفتوگۆیە.

وابزانم ئـەو عەقلانییەتـەی پێویسـتە رۆژنامەنووس پیادەی بکا، ئەوەیە تایبەتمەندی تاکەکەسەکان کاتێ خەرق دەکرێت کە پاساوی یاسایی پشت بەستوو بەبەرژەوەندی گشتی هەبێت، نەک تەنها بۆ رازیکردنی خوێنەران بێت.

بـەڵام گەر کەسـێکی بەرپرس هەموو دەمـێ باس لە بەهاو میسـالیەتی ژیانی خێزانی بکات، رۆژنامەنوسـیش بەڵگەی پێیە تابورێک دۆسـتی هەیە، لێـرەدا ئەم چیرۆکە بـۆ بڵاوکردنـەوە دەشـێت.. چونکـە ئیزدواجیـەت کار لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکان وەک کەسـایەتییەکی گشتی دەکات، بەڵام زۆران جار پاساوەکانی بڵاوکردنەوە مەتاتین، واتـا رۆژنامەی وا هەیـە بەرگری لەتایبەتمەنـدی ئەوانە دەکات، کەپەیوەنـدەی دۆسـتانەیان لەگـەڵ رۆژنامەکەدا هەیە، لەبەرامبەریشـدا خەرقی تایبەتمەندی ئەوانە دەکات، کە دەیەوێت بیان رووخێنێت.

هەندێ جارانیش رۆژنامەنووس یاسـا پێشـێل دەکات، کاتـێ بـەدوای مەسـەلەیەک لەمەسـەلەکان دەچێـت، ئەمـەش کارێکـی هەڵـەو مەترسـیدارە، بـۆ نموونە گەر رۆژنامەنـووس بەدوای مەسـەلەی تاوان و لەشفرۆشـی و مادەبێهۆشـکەرەکان بگەڕێـت، ئـەوا پێویسـتە هـەر زانیارییەکی چنگکەوێ بەبەشـکانی پۆلیسـی رابگەیەنێت، نەک بڵاوی بکاتەوە...

گەر وانەکات ئەوا راسـتگۆییەکەی لەدەسـت دەدات و ژیانی هاوڵاتی بێتاوان دەخاتە مەترسییەوە، چونکە رەنگە قەبارەو رادەی ترسـناکی ئەو زانیارییانەی چنگیکەوتوون بەتەواوی نەزانێت.

بەکورتـی. رێسـای گشـتی پابەندبـوون بەئەخلاقـی پیشـە ئەوەیە.. کە رۆژنامەنووس بەدوای هەستی ناسکی رۆژنامەنووسی خۆیدا بچێت، چونکە ئەو رێنیشاندەرە گەر بەشـێوەیەکی کاریگەر بەکارهێنرا، ئەمـەش لەزۆر گرفت دووری دەخاتـەوەو کارەکـەی بەراسـتگۆیی بەناوبانـگ دەبێت و لەلایەن خوێنەران و سـەرۆکەکانییەوە رێزی لێ دەگیرێت...

**"ژیانی تایبەتی هاووڵاتیان. هەرچەنـدە سـەرنجراکێش بێـت. بـۆ بڵاوکردنـەوە ناشێت..."**

*** لەگۆڤـاری (تواصـل) ژمارە (٣)ی سـاڵی یەکەم/ نیسـان ٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە...**

# میتۆدەکانی هەواڵنوسین

د.حوسێن قەندی، د.نەعیم بەدیعی

و.لە فارسییەوە: کارزان محەمەد

ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە ڕۆژنامەوانییەوە، ئەمەیە کە هەواڵی ڕاست، ڕوونو کامڵ بخرێتەبەردەم وەرگرەوە بەڵام ئەمەی کە باشترین میتۆدی گواستنەوەی ئاگاداریو زانیارییەکان کامەیەو هەواڵنێر چۆن دەتوانێ ئاگادارییە هەواڵییەکان بەباشترین شێواز بۆ وەرگرەکانی بخاتەڕوو، بۆ میتۆدی ڕێکخستنی هەواڵەکە دەگەڕێتەوە.

**١- میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە**

لە خستنەڕووی هەواڵەکاندا میتۆدی جۆراوجۆر بەکارهێنراوە کە هەندێ کەسی دوورخستۆتەوەو هەندێکیتر هێشتا بۆ خستنەڕووی ئاگادارییەکان سودی لێوەردەگرن. لەمڕۆدا کاراترینو باوترین میتۆدی خستنەڕوو و ڕێکخستنی هەواڵ، ناوی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەیە کە بۆتە جێی بایەخپێدانو بەکارهێنانی زۆرینەی میدیا هەواڵییەکان بۆ خستنەڕووی هەواڵەکان.

لەمیتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەدا، پوختە (گرنگترین بابەت) لەسەرەتای هەواڵەکەداو کەم بەهاترین بابەتیش لە کۆتاییەکەیدا دادەندرێتو هەر بەشێک بەپێی ڕێژەی گرنگییەکەی، لەسەرەوە بۆ خوارەوە ڕێک دەخرێت.

میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە یەکێکە لە کاراترین میتۆدی گواستنەوەی زانیارییەکان.

پێویستە بزانرێت کە زۆرینەی خوێنەران (وەرگرەکان)ی ڕۆژنامە، نزیکەی نیو تا یەک کاتژمێر لەکاتی خۆیان زیاتر بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامە تەرخان ناکەن. خوێنەر بەشێوەیەکی گشتی لەمانشێتەکەیەوە دەست بە خوێندنەوەی هەواڵەکە دەکات، ئەگەر هەواڵەکەی بە پەیوەندیدار بە کارو ژیانی خۆیەوە زانی، ئەوا درێژە بە خوێندنەوەی پاشماوەی هەواڵەکە دەدات.

توێژینەوە بەردەستەکان نیشانی دەدەن کە ژمارەی خوێنەرانی هەواڵ پەیوەندییەکی پێچەوانەی لەگەڵ ژمارەی پەرەگرافەکاندا هەیە. واتا هەتاوەکو هەواڵ درێژتر بێت، ژمارەی خوێنەران کەمترە.




**وێنەی (١)**
**(میتۆدە هەڕەمی هەڵگەڕاوە)**

زۆرینــەی خوێنەرانی ڕۆژنامە، مانشــێتی هەواڵەکە دەخوێننەوە بەڵام ژمارەی خوێنەران لەگــەڵ زیادبوونــی ژمــارەی پەرەگرافەکاندا کەمتر دەبێتەوە. ئاشکرایە، ئەم پەیوەندییە بە چۆنایەتی ڕووداوەکەو شێوازی خستنەڕووی هەواڵەکەشەوە بەندە.

* خەسڵەتەکانی میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە

ڕێکخســتنی هــەواڵ بەمیتــۆدی هەڕەمی هەڵگــەڕاوە کە باوترین میتۆدی ڕێکخســتنی هەواڵــە لــە میدیاکانــی هەواڵــدا، خاوەنــی خەســڵەتگەلێکە کە ئەم میتــۆدەی بەبەراورد لەگەڵ میتۆدەکانیتردا بۆ خستنەڕووی هەواڵ کردۆتە باوترو خوازراوتر.

١- لــە لیدەکــەدا، پوختــەی گرنگترین بابەت دەخرێتەڕوو.

٢- لە تێڕوانینی خوێنەرەوە (وەرگر)، کاتێکی کەمتــری بــۆ وەرگرتنــی گرنگتریــن بابــەت پێویستە.

٣- خوێنەر (وەرگر) ماندوو ناکات.

٤- بەخێرایی هەســتی بەدواداگەڕانی خوێنەر لەڕووی پێداویستی هەواڵەوە تێر دەکات.

٥- دەقــی هــەواڵ لەســەر بنەمــای بەهــای بابەتەکان ڕێکدەخرێت.

٦- خوێنــەر (وەرگــرەکان) بــۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە هان دەدەن.

٧- لــەڕووی ڕاســتکردنەوە، مانشێتنوســینو ماکێتبەنــدی (دیزایــن)ەوە کارەکــە ســادە دەکات.

* کەموکورتییەکانــی میتــۆدی هەڕەمــی هەڵگەڕاوە

لە هەمبەر خەسڵەتەکانی میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە لەخستنەڕووی هەواڵەکاندا، کۆمەڵە کەموکورتییەکیــش بەرچاودەکەوێــت کــە هەڵبەتە بە بەراورد لەگەڵ خاڵە پۆزەتیڤەکانیدا هێندە بەگرنگ ناو نابرێت. ئەم کەموکورتیانە بریتین لە:

١- زۆربەیجــار، لــە لیدەکــەدا کــە گرنگترین بابەتی تیادا دەخرێتــەڕوو و زانیارییە گرنگە نوێیــەکان دووبــارە بــۆ خوێنــەر ناخرێتەوە ڕوو، ئەگەری ئەوەش هەیە کە خوێنەر واز لە خوێندنەوەی پاشماوەی هەواڵەکە بهێنێت.

٢- هەندێکجــار، بەتایبەتــی لەمــەڕ هەواڵــە درێــژەکان، ئــەوەی لــە لیدەکــەدا دەوتــرێ، دووبــارە لــە دەقــی هەواڵەکەشــدا دووبارە دەبێتەوە.

٣- کارکــردن بــە تێڕوانینــی هەواڵنێــر لەبەرجەستەکردنی بابەتەکاندا، لە میتۆدەکانیتر زیاترە.

٤-هەندێکجار لەوانەیــە بەهۆی پوختەکردنی بابەتەکــەوە یــا لابردنی بابەتگەلێــک لەلایەن سەرنوســەرەوە، هەندێ لــە هەواڵەکانی ناو دەقی هەواڵەکە لادەچێت( ).

* ئــەو بوارانەی میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە بەکاردەهێنن

لەمڕۆدا میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە بۆتە باوترین ڕێباز بۆ ڕێکخســتنو خســتنەڕووی هــەواڵ لــە میدیاکانــی هەواڵــدا. زۆرینــەی بابەتەکــە هەواڵییــە ڕۆژانەییــەکان وەک هەڤپەیڤینە هەواڵییەکان، وتاردانەکان، هەواڵی ســیمینارەکان، کۆنفرانســەکانو. بــە ڕێبازی هەڕەمی هەڵگەڕاوە ڕێک دەخرێت.

ڕێبــازی ڕێکخســتنی هــەواڵ بەمیتــۆدی هەڕەمی هەڵگــەڕاوە تایبەت نییە بە ڕۆژنامە، بەنۆرینێک بۆ لاپەڕە هەواڵییەکانی گۆڤارەکانو بە لەبەرچاوگرتنی بەشی هەواڵەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنــەکان نیشــانی دەدات کــە میتۆدی هەڕەمــی هەڵگــەڕاوە بەنزیکەیــی بووەبــە ڕێبازێکی تایبەت بۆ خستنەڕوو و ڕێکخستنی هەواڵەکان.

یەکێــک لــە هــۆکارە باوەکانــی

سەرتاپاگیربوونی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە، خێراییە لە پەخشکردنو بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا لە ڕێگەی میدیاکانی هەواڵەوەو کەمفرسەتی وەرگرەکانە لە وەرگرتنی پەیامە هەواڵییەکاندا.

نمونەی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە

نمونەی یەکەم:

لید:

سولەیمانی- ڕادیۆی نەوا: بەپێی بڕیاری دەوڵەتو بەمەبەستی زیادکردنی سەرمایەگوزاری، دەوڵەت بڕیاری دا مانگانە (٣،٠٠٠) دینار لە مافی کارمەندان ببڕدرێتو بخرێتەوە خەزێنەی حکومەت.

پارەگرافی٢:

سەرۆک کۆمار دوێنێ شرۆڤەی بڕیارەکەی کردو فەرمانی بە وەزارەتی پەیوەندیو هاریکاریی دا کە پەخشنامەیەک بۆ دەزگاو بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەت بنێرێت.

پارەگرافی٣:

بەپێی ئەم بڕیارە، لەسەر بنەمای ڕەزامەندی کارمەندان مانگانە بڕی (٣،٠٠٠) هەزار دیناریان لێدەبڕدرێتو دەخرێتە سەر بودجەی کۆمەڵەی هاریکاریی کارمەندانو کۆمپانیاکانی هاریکارییو دامودەزگا پەیوەندیدارەکان.

پارەگرافی٤:

بەمشێوەیە بەزیادکردنی سەرمایەو توانستی دارایی کۆمپانیاکانی هاریکاریی، توانستی سەرمایەگوزاری کارمەندان لە چالاکییەکانی بەرهەمهێنان لەڕێگەی کۆمپانیاکانی هاریکارییەوە فەراهەم دەبێت.

نمونەی دووەم:

لید:

سولەیمانی (کوردستان)- کوردستانی نوێ: یەکێک لە سەرنشینانی فڕۆکەی هێڵی ئاسمانی سولەیمانی کوردستان لەڕێگەی سولەیمانی- سوید بەسوودوەرگرتن لە پەرەشوت لە ئاسمانی سوید لە فڕۆکەکەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە.

پارەگرافی٢:

بە وتەی بەرپرسانی هێڵی ئاسمانی سولەیمانی، کاتێ کە فڕۆکەی (ئێرباس ٣٠٠) لەهێڵی ئاسمانی (جی.ئێس. ئێس) لەڕەوتی سولەیمانی بەرەو ستۆکهۆڵم لە فڕیندا بوو، یەکێک لە گەشتیاران هەڕەشەی کردنەوەی دەرگای فڕۆکەکەی لە خزمەتگوزارەکەی فڕۆکەکە کرد.

پارەگرافی٣:

بەرپرسێکی هێڵی ئاسمانی سولەیمانی وتی: گەشتیارە ناوبراوەکە پێدەچێت هاوڵاتی سوید بێت، لەگەڵ پەخشکردنی بەیاننامەکانی خۆیدا بە هۆی پەرەشووتەوە لەسەر خاکی سوید لە فڕۆکەکەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە.

پارەگرافی٤:

بەرپرسانی فڕۆکە سولەیمانییەکە وتیان: لەم ڕووداوەدا زیان بەکەس نەگەیشتووە.

* ڕێکخستنی خستنەڕووی بابەتەکانیتر لە میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەدا

لەمیتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەدا لە نوسینی بابەتەکانی دوای (لید)ەوە پێویستە ئەم خاڵە لەبەرچاو بگیردرێت کە چەند پەرەگرافەکەی دوای لیدەکە وردەکاریی زیاتر سەبارەت بەهەمان بابەتی سەرەکی لیدەکە دەخاتەڕوو، پاش ئەم وردەکاریانە بابەتە گرنگەکانی دواتر دەخرێتەڕوو.

وادابنێ ڕووداوێکی وەکو تاردانێک یا هەڤپەیڤینێکی هەواڵیانە، باسی جۆراوجۆری لەخۆگرتبێتو بمانەوێ بەشێوەی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە ئۆرگانیزەی بکەین. ئەم بابەتانە بە (A،B،C،D،E) نیشانی دەدەین، وادابنێ لەنێوان ئەم بابەتە جۆراوجۆرانەدا، گرنگترین بابەت بەلەبەرچاوگرتنی بەهاکانی هەواڵو ڕەچاوکردنی مەسەلەکانیتر، بابەتی (D) بێتو دەمانەوێت لە لیدی هەواڵەکەدا بیخەینەڕوو.

لەسەر ئەم بنەمایە، لەقۆناغی یەکەمدا پوختەی بابەتە گرنگەکان بە بابەتەکەی (D)ەوە لە لیدەکەدا دەنوسینو لە پەرەگرافەکانی دواتردا، وردەکاریی زیاتر سەبارەت بەهەمان بابەت کە (D١، D٢، D٣)یە نیشانی دەدەین. هەروەها وادابنێ بابەتە گرنگەکەی دواتر (B)

دەبێت کە پەیوەندیدارە بە گوزارشتەکانی سەروو خۆیەوەو وردەکاریی زیاتریشی بەدواوەیە.

بەمشێوەیە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی هەماهەنگی نێوان بابەتەکان، بابەتە پێشکەشکراوەکانیش بەوردەکارییەکی زیاترەوە (وردەکارییەکانی بابەتەکە) بەدوای هەربەشێکی پەیوەندیدارداو بەپێی لەبەرچاوگرتنی گرنگییەکانیان؛ دەنوسرێت. سەرنج بدەرە ئەم دوو شێوەیەی خوارەوە:




**وێنەی (٢)**
**ڕیزکردنی ڕاستو دروستانەی خستنەڕووی بابەتەکان**




**وێنەی (٣)**
**ڕیزکردنی نادروستانەی خستنەڕووی بابەتەکان**

### ٢- میتۆدی مێژوویی

لە ڕێکخستنی هەواڵدا بە میتۆدی مێژوویی بەپێچەوانەی میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوەوە، بابەتەکان بەلەبەرچاوگرتنی بەهای هەواڵیانەیان نانوسرێت بەڵکو بەپێی ڕیزبەندی کاتی ڕوودان یا بەپێی ئەو ڕیزبەندییەی کە ڕوویداوە، ڕێکدەخرێت.

فەرمانی کۆبوونەوە ڕەسمییەکان بەگشتی بە میتۆدی مێژوویی دەنوسرێتو ئەمە دروست نییە کە بابەتە هەواڵە ڕۆژانەییەکان بەپێی دەستوری کۆبوونەوەکە ڕێک بخرێت. ئەمەش کە کام لە ڕووداوەکانی هەواڵەکە

دەبێ بە میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەو کامیان دەبێ بە میتۆدی مێژوویی ڕێکبخرێن، لەڕاستیدا لەئارادا نییە.

بەهەمانشێوەی پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، تۆمارکردنی ساتەکان بەپێی تێپەڕینی چرکەکان، خێرایی لەمەیدانی گەیاندندا، ململانێی هەواڵیانەی میدیاکان، پێداویستی خەڵک بۆ ئاگاداربوونو لەهەمانکاتدا سەرقاڵبوونیان بە ژیانو کەمی کاتەوە، سەرجەمیان ئاوێتە دەبن تاوەکو سەرەنجام پێکەوە هەوڵ بدرێت لەپێناو بەخێرایی ناردنی هەواڵو ڕاکێشکردنی وەرگرەکاندا.

بەمپێیە، بایەخی میدیاکان زیاتر بۆ بەکارهێنانی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەیە. لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێ بڵێین میتۆدی مێژوویی بەگشتی فەرامۆش کراوە، ئەمە وابەستە بە جۆری چاپەمەنییەکەوە (بەشێوەیەکی بەرفراوانتر ڕۆژنامە، گۆڤار بەلەبەرچاوگرتنی مەودای بڵاوبوونەوەیان)و جۆری ڕووداوەکەو بە ناسینی وەرگرەکانی هەر میدیایەکی هەواڵەوە.

ستراتیژی چاپەمەنییەکانیش لەمڕووەوە کاریگەرە. لە لاپەڕەکانی هەواڵە ڕۆژانەییەکاندا، ڕۆژنامەکان یا لاپەڕە هەواڵییەکانی گۆڤارەکان میتۆدی ڕێکخستنی هەواڵ بەپێی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەیە، بەڵام دەکرێ میتۆدی مێژوویی بۆ ئەو لاپەڕە تایبەتیانە بەکاربهێنرێت کە بەگشتی ڕۆژنامەکان بۆ ڕاپۆرتە تێروتەسەلە بەدواداچوونەکان، ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنو هاوشێوەکانی تەرخانی دەکەن و خوێنەرانی ئەم لاپەڕانە حەز دەکەن کاتێکی زیاتر بۆ خوێندنەوەی تەرخان بکەن.

بەهەرحاڵ بۆ ڕێکخستنی هەواڵ بەمیتۆدی مێژوویی، ڕیزبەندی کرۆنۆلۆژیای ڕوودانی هەواڵەکە لەبەرچاو دەگیردرێت.

بەشێوەیەکی گشتی، نوسینی هەواڵ بەمیتۆدی مێژوویی بە پێشەکییەکی گشتی دەست پێدەکات کە زەمینەکانو مەسەلە گشتییەکانی بابەتەکە دەخاتە ڕوو. ئەم پێشەکییە لەزۆر ڕووەوە لێکچوونی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی (لید)دا نییە کە پێشتر شرۆڤە کرا.

<u>بۆنمونە کاتێ دەنوسرێت:</u>

"وەزیری نەوت سپێدەی ئەمڕۆ لە هەڤپەیڤینێکی چاپەمەنیدا بەشداری کردو وەڵامی پرسیارەکانی هەواڵنێرانی دایەوە لەبارەی دابەشکردنی ماددەی سوتەمەنی لەشارەکاندا".

خاوەنی تایبەتمەندییەکانی (لید) نییە کە پێویستە پوختەی گرنگترین بابەتی هەڤپەیڤینەکە بخاتەڕوو. پێشەکییەکە کە بۆ چوونەناو بابەتەکەوە دەنوسرێت یا لەڕاستیدا بە چەشنە دەستپێکێک هەژمار دەکرێت.

**"بەشێوەیەکی گشتی، نوسینی هەواڵ بەمیتۆدی مێژوویی بە پێشەکییەکی گشتی دەست پێدەکات کە زەمینەکانو مەسەلە گشتییەکانی بابەتەکە دەخاتە ڕوو"**

بەهەمانشـێوەی کە ئاماژەی بۆ کرا، میتۆدی مێژوویی بۆ ئـەوە گونجاو نییـە کە بابەتەکانی هەواڵـە رۆژانەییەکانی پێبکرێتە راپۆرت. بەڵام لەئامادەکردنی راپۆرت یا هەڤپەیڤیندا (هەندێ لە هەڤپەیڤینە ناهەواڵییەکان) و ئەو مەسەلانەی کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، دەتوانرێ بەکاربهێنرێت.

* خەسڵەتەکانی میتۆدی مێژوویی:

١- بابەتەکە بە کاملتر دەخرێتەڕوو.

٢- لەبەرئـەوەی لـە ڕێکخسـتنی هەواڵدا بەپێـی میتۆدی مێژوویـی، بابەتـەکان وەک میتۆدی هەڕەمـی هەڵگەڕاوە هەڵناسـەنگێندرێن، پیادەکردنـی تێڕوانینـی هەواڵنێـر لەبەرجەستەکردنی بابەتەکەدا لە ئاستێکی کەمتردایە.

* کەموکورتییەکانی میتۆدی مێژوویی:

١- بـۆ وەرگرتنـی گرنگتریـن بابـەت کاتێکـی زۆرتـری پێویستە.

٢- ڕەنگە خوێنەر ماندوو بکات.

٣- هاندانـی هەموو خوێنەران بـۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە بەلەبەرچاوگرتنـی جیـاوازی ڕێـژەی حەوسـەڵە، کاتـو خوێندنەوەوە بە گرفتە.

٤- لەڕووی ڕاسـتکردنەوە، مانشێتنوسینو ماکێتبەندییەوە کێشە بۆ کارەکە دروست دەکات.

نمونـەکان: هەواڵەکانـی خـوارەوە بەشـێوەی میتـۆدی مێژوویی ڕێکخراون (پێشتر ئەم هەواڵە بەمیتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە ڕێکخرا بوو).

نمونەی یەکەم:

پێشەکی:

سـولەیمانی- ڕادیـۆی نەوا: کۆبوونەوەکانـی ئەنجومەنی جێگرانی وەزارەتەکان بەسـەرۆکایەتی جێگری سـەرۆک کۆمـار بـۆ شـرۆڤەکردنی بڕیـاری دەوڵـەت لەبـارەی هاریکارییەکانەوە پێکهێنرا.

بەپێـی هەواڵـی بەڕێوەبەرایەتـی ڕاگەیاندنـو پەیوەندییە گشتییەکان، سپێدەی دوێنێ بەسەرۆکایەتی (ناو و نازناو) جێگری سـەرۆک کۆمارو سـکرتێری گشـتی ڕێکخراوی کاروباری بەڕێوەبردنو بەگەڕخسـتنو بەئامادەبوونی (ناو و نازنـاو) وەزیـری هاریکاریی لەهۆڵی کۆنفرانسـی ئەم ڕێکخراوە پێکهێنرا.

لەم کۆبونەوانەدا، بڕیاری پێشووی لیژنەی دەوڵەت بەپێی بەرفراوانبوونو بەهێزکردنی هاریکاریی کارمەندانو دەوڵەتو زیادکردنی سەرمایەگوزاریی لە بەشی هاریکاریی، دەوڵەت لەسـەر ئەم بنەمایـە مانگانە (٣،٠٠٠) هـەزار دینار بەپێی ماددەی (٩)ی یاسـاکان لە کارمەندان دەبڕێتو دەزگاکانی جێبەجێکردن هەموو مانگێک بەپێی ڕەزامەندی کارمەندان،

**"لەبەرئەوەی لە ڕێکخستنی هەواڵدا بەپێی میتۆدی مێژوویی، بابەتەکان وەک میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە هەڵناسەنگێندرێن، پیادەکردنی تێڕوانینی هەواڵنێر لەبەرجەستەکردنی بابەتەکەدا لە ئاستێکی کەمتردایە"**

بڕە ناوبراوەکە دەخەنە سەر حسابی یەکێتی هاریکاریی کارمەندانی دەوڵەتو کۆمپانیا هاریکارییە پەیوەندیدارەکانەوە.

بەمشێوەیە لەگەڵ زیادبوونی سەرمایەو توانستی دارایی کۆمپانیاکانی هاریکاریی، ئەگەری سەرمایەگوزاری کارمەندان لە چالاکییەکانی بەرهەمهێناندا لە ڕێگەی ئەم کۆمپانیا هاریکاریانەوە فەراهەم دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاردرا لەمبارەیەوە بەشێوەیەکی هاوبەش پەخشنامەیەک لەلایەن وەزیری هاریکاریو جێگری سەرۆک کۆماوەرە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەت دەربکرێت.

نمونەی دووەم:

سولەیمانی (کوردستان)- کوردستانی نوێ:

بەرپرسانی هێڵی ئاسمانی سولەیمانی وتیان لە کاتێکدا کە فرۆکەی ئێرباس (٣٠٠) لە هێڵی هەوایی (جی-ئێس- ئێس)ەوە لەڕەوتی سوید بەرەو شاری ستۆکهۆڵم لە فڕیندا بوو، یەکێک لە گەشتیاران هەڕەشەی کردنەوەی یەکێک لە دەرگاکانی فرۆکەکەی لە خزمەتکاری فرۆکەکە کرد.

بەوتەی ئەو بەرپرسانە، یەکێک لە سەرنشینانی فرۆکەکە کە پێدەچێت هاوڵاتی سویدی بێت لەگەڵ پەخشکردنی کۆمەڵە بەیاننامەیەکی خۆیدا. بەهۆی پەرەشووتەوە لەسەر خاکی سوید لە فرۆکەکە خۆی فڕێدایە خوارەوە.

هەروەها بەرپرسانی هێڵی ئاسمانی سولەیمانی وتیان: لەم ڕووداوەدا زیان بەکەس نەگەیشتووە.

* <u>میتۆدی مێژوویی بە لیدەوە</u>

بۆ نوسینی هەندێ لە بابەتە هەواڵییەکان، دەتوانرێ میتۆدی مێژوویی بەلیدەوە بەکاربهێنرێت کە ئاوێتەیەکە لە میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوەو میتۆدی مێژوویی.

لە ئامادەکردنی هەواڵدا بە شێوەی میتۆدی مێژوویی بەلیدەوە، لە سەرەتادا پوختەی گرنگترین بابەت بەشێوەی (لید) لە پەرەگرافی یەکەمی هەواڵەکەدا دادەندرێت، پاشان کارەساتەکە یان ڕووداوەکە بەو شێوازەی کە ڕوویداوە، بەپێی ڕیزبەندی کرۆنۆلۆژیای ڕوودانی ڕووداوەکە بەهەمانشێوەی میتۆدی مێژوویی باس دەکرێت.

ئەو وەرگرانەی حەز بە هەواڵو ڕاپۆرتەکانی دادگاکان، ڕووداوەکانی پشت پەردەی کەسایەتییە سیاسی، هونەریی یا وەرزشکاران دەکەن بەدوای ئەم ڕووداوانەوەنو خۆشحاڵو تێردەبن بە زانینی شرۆڤەی تەواوەتیانەیانو وەک خوێندنەوەی چیرۆکێکی کورت دەنۆڕنە ئەم چەشنە هەواڵە تێروتەسەلانەو پێی سەرگەرم دەبن.

لەمڕووەوە میتۆدی مێژوویی بەلیدەوە دەکرێ لە ڕێکخستنی هەواڵەکانی کارەساتەکان یا ڕووداوە هاوشێوەکاندا بەکاربهێنرێت.




**وێنەی (٤)**
**میتۆدی مێژوویی بە لیدەوە**

<u>نمونەی میتۆدی مێژوویی بەلیدەوە:</u>

لید:

بکوژی فەرشفرۆشێکی کوردی (٢٥) ساڵە لە ئەنقەرە (تورکیا) بەزیندانی هەمیشەیی سزا درا.

شرۆڤەی ڕووداوەکە:

(فیلیپ چیللەر) لە مانگی ئابی (٢٠٠٦) لەگەڵ دوو لاوی تورکدا لە یەکێک لە شەقامەکانی ئەنقەرە، ڕێگایان بە کوڕێکی فەرشفرۆشی کوردو دایکی گرتو بەدەمانچە کوشتیانو دایکیشی بریندار بوو. بکوژەکان پارەکانی کوڕە کوردەکەیان دزیو خۆیان لەشوێنەکە دوورخستەوە.

دواتر بەپێی ئەو نیشانانەی دایکی کوڕەکە دای بە پۆلیس، پۆلیسی ئەم شارە توانیان (فیلیپ چیللەر) دەستگیر بکەن، ناوبراو

لەســەرەتادا نکۆڵــی لەکوشــتنی ئــەو کوڕە کــوردە کرد، بــەڵام دواتر دانی بەوەدانا کە بۆ دزینی پارەکانی ناوبراو، ڕێگەی بەئۆتۆمبێلەکەی گرتووەو فەرشفرۆشە کوردەکەی کوشتووە.
ڕۆژنامە لۆکاڵییەکانی ئەنقەرە نوسیویانە، لیژنەی دادوەریی دادگا لــە مانگی ئابی ســاڵی ڕابــردوودا (فیلیپ چیللەر)ی تەمەن (٢٨)ساڵیان بەهۆی کوشتنی بەئانقەستەوە تاوانبار کردووە، دادگای ئەنقــەرەش هەفتەی ڕابردوو ناوبراویان بە زیندانی هەمیشەیی سزا دا.

*** دەقی هەواڵ**

دەق (جەســتە)ی هەواڵ ئەو بەشــەی هەواڵە کە دوای لید لــە میتۆدی هەرەمــی هەڵگەڕاوەو میتــۆدی مێژوویی بەلیدەوەو دوای پێشەکی لە میتۆدی مێژووییدا دادەندرێت یــا دەنوســرێتو بــە چاوپۆشــین لــە ئەنــدازە (درێژی)ی بابەتەکە، بە دەق (جەستە)ی هەواڵ ناودەبرێت.
دەقــی هــەواڵ لەوانەیە لە یەک تــا دە پەرەگراف بێت. بەهەمانشــێوەی کە وترا، لە میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەدا دەقــی هەواڵەکــە بەپێی گرنگــی ڕووداوەکــە ڕێکدەخرێت کــە پێویســت ناکات ڕێکخســتنێک بێــت بەپێــی ڕوودانی ڕوواوەکــە. بەگشــتی هەموو پەرەگرافێک، ســەربەخۆیەو خاڵێکی بابەتەکە دەخاتەڕوو( ).
لە میتــۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەدا، کۆتایی هەواڵەکە بە دەرەنجــام یاخود کۆبەندییەک کۆتایــی پێناهێنرێت، بەڵکو کەم بایەخترین بابەت، لە کۆتایی هەواڵەکەدا دادەندرێت.

*** یەکێتی هەواڵ**

نوســینێکی گونجاو کە شــیاوی لێتێگەیشــتنو بەگشتی (بــاش) بێت، پێویســتە (یەکێتی)یەکی تیادا بێت.و ئەم خاڵە لــە هەواڵدا بە (یەکێتی هــەواڵ) ناودەبرێت. واتا بابەتەکان لەگــەڵ یەکتــردا هەماهەنگییەکی پێویســتیان هەبێت. ئەم هەماهەنگییــە دەتوانرێ بــە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە دروست بکرێت:
- هەماهەنگی لەگەڵ دووبارەکردنەوە
یەکێــک لــە میتــۆدە کاریگــەرەکان بــۆ دروســتکردنی هەماهەنگــی لــە هەواڵــدا، دووبارەکردنەوەی شــیاوانەی بابەتە ســەرەکییەکەیە لە دەقــی هەواڵەکەدا. لەم هەواڵەی خوارەوەدا مەسەلەی بەرهەمهێنانی شیری وشکی منداڵان لەهەر پەرەگرافێکدا دووبارە بۆتەوە:
<u>بۆنمونە:</u>
وەزیــری تەندروســتیو دەرمانــو فێرکردنــی پزیشــکی، کارگەیەکی بۆ بەرهەمهێنانی شــیری وشکی منداڵان بنیات

"
**یەکێک لە میتۆدە کاریگەرەکان بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لە هەواڵدا، دووبارەکردنەوەی شیاوانەی بابەتە سەرەکییەکەیە لە دەقی هەواڵەکەدا**
"

ناوە.
(ناو و نازناو)ی بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی ئامادەکردنو دابەشکردنی مادده خۆراکییەکان لە هەفتەنامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵەدا وتی: لەگەڵ بەرهەمهێنانی شیری وشکی منداڵان لە وڵاتەکەدا، لەمەودوا هاوردەنییەکانی ئەم بەرهەمە لەدەرەوە ڕادەوەستێنرێت.
بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی ئامادەکردنو دابەشکردنی مادده خۆراکییەکان وتی: لەگەڵ دابەشکردنی بەرهەمەکانی کارگەی بەرهەمهێنانی شیری وشک، منداڵانی وڵاتەکە پێویستیان بە هاوردەی شیری وشک نامێنێت.
ناوبراو وتی: بەمشێوەیە ساڵانە بڕی (٧٧) ملیۆن دۆلارمان بۆ دەگەڕێتەوە کە پێشتر بۆ هاوردنی شیری وشکی منداڵان تەرخان کرابوو.

**هەماهەنگی بە بەکارهێنانی زاراوەکان و ئامرازە لێکدەرەکان**

مەسەلەیەک کە زۆرینەی هەواڵنێران لەکاتی ڕێکخستنی هەواڵی کۆڕو کۆبوونەوەکانی لیژنەی دەوڵەتو هاوشێوەکانیدا ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەمەیە کە بەگشتی لەم جۆرە کۆڕو کۆبوونەوانەدا، لە چەندین بواردا بڕیاری جۆراوجۆر دەدرێت. ئەم کارە نوسینی هەواڵێکی هەماهەنگ توشی کێشە دەکات. ڕێگای نەهێشتنی ئەم کێشەیە ئەمەیە کە لە قۆناغی یەکەمدا، گرنگترین بابەت لە لیدەکەدا بنوسرێتو بە یەک یا چەند پەرەگرافێک تەواو بکرێت. پاشان ئەو بوارانەیتر کە لە کۆبوونەوەکەدا شرۆڤە کراوە، بەسودوەرگرتن لە دەستەواژەکانی وەک:" لەهەمان کۆبوونەوەدا، لەم کۆبوونەوەیەدا، لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا، لیژنەی دەوڵەتو..." بە بابەتەکانیترەوە بلکێنرێت.
* لەو بابەتانەدا کە هەواڵەکە بریتییە لە هەفتەیفین یا وتاردان، لەگەڵ دەستەواژەکاندا دەتوانرێ زنجیرە بابەتەکان بە یەکەوە بلکێنرێت.
* لەو هەلومەرجانەی کە بابەتی چەند کارێک لە هەواڵەکەدا خراوەتەڕوو، دەتوانرێ بە ناوهێنانی شوێنەکە هەماهەنگی لە هەواڵەکەدا بهێنرێتەدی.
بۆنمونە:
لە قەڵادزێش مەراسیمێک بەهۆی هەمان بۆنەوە....
بۆنمونە: (دووبارەکردنەوەی دەستەواژە یا دەستەواژەی لکێنەر)
ئەنجومەنی وەزیران گەڵاڵەنامەی لابردنی مەرجی (تەمەنی خوازیارانی خانەنشینی کە دەبوایە سێ ساڵ خزمەتیان هەبووایە) لابرد.

> **لەو هەلومەرجانەی کە بابەتی چەند کارێک لە هەواڵەکەدا خراوەتەڕوو، دەتوانرێ بە ناوهێنانی شوێنەکە هەماهەنگی لە هەواڵەکەدا بهێنرێتەدی**

هەواڵنامەی کوردی

لــە کۆبوونــەوەی ئەنجومەنــی وەزیراندا کە ئێوارەی دوێنێ بە سەرۆکایەتی (ناو و نازناو) جێگری سەرۆک کۆمار پێکهێنرا، گەڵاڵەنامەی ڕیفۆرمکردنی مادده یاساییەکانی (دابینکردنی کۆمەڵایەتی) بڕیاری لەسەر درا.
بەپێـی بڕیارەکـەی ئەنجومەنـی وەزیـران، ئـەو مەرجە لابرا کە دەبوایـە ئەو گروپانەی خوازیـاری هەمیشـەییانەی خۆخانەنشـین کردنن، سـی سـاڵیان تـەواو کردبێتـو مافی بیمەیان بە دەزگای خانەنشینی دابێت.
هەر لەم کۆبوونەوەیەدا، پێشنیازی هاوبەشی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیو جێگری سـەرۆک کۆمار بۆ کاروباری خانەنشینی لە ناوچەی گەرمیان، بڕیاری لەسـەر دراو بڕی (٥٠) ملیـۆن دۆلار بـۆ گەشـەدان بە ناوچە ئەنفال کراوەکان تەرخان کرا.
(هەماهەنگی) لـەو بابەتانەی کە هەواڵنێرێک هەواڵێکی درێژخایەنی پـێ ڕێکدەخات، دەبێ پتر لەبەرچاو بگیردرێت. ئەم مەسـەلەیە لەو کاتـەدا کـە چەندیـن بابەت بە چەنـد کاتێکی جیـاواز یا بە چەند شـوێنێکەوە لـە ئارادایە، زۆرتر هەسـتی پێدەکرێت. ئـەم هەماهەنگییە دەکـرێ بـە بەکارهێنانی دەسـتەواژە یاخود وشە لێکدەرەکان دروست بکرێت.

*** هەماهەنگی ستراکتوری هەواڵ**

هـەواڵ دەبـێ بەجـۆرێ ڕێکبخرێـت کە بابەتـەکان لەگـەڵ یەکتـردا هەماهەنگییەکی پێویستیان هەبێت. ئەگەر بابەتی هەواڵەکە پتر لە یەک مەسـەلەی لەخۆگرتبێـت، لەمبارانەدا دەتوانرێ دوو مەسـەلە لەگەڵ یەکتردا ئاوێتە بکرێتو (لید)ێک دروست بکرێت.
<u>بۆنموونە:</u>
سـولەیمانی (کوردسـتان)- ڕادیـۆی puk: دوای دزینی سـێ فڕۆکـەی کوردیی لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا، بەڕێوەبەری گشـتی هێڵی فڕۆکەوانی کوردسـتان ئەمڕۆ دەستی لە کار کێشایەوە

*** شوێن، ژێدەرو مێژووی هەواڵ**

هەر ڕووداوێکی هەواڵیانە، لە شوێنو کاتێکی دیاریکراودا ڕوودەدات کـە لە وەڵامدانەوەی ڕەگـەزە هەواڵییەکانـی (لەکـوێ) و (کەی)دا دەستنیشـان دەکرێتـو هەروەهـا (هـەواڵ) لەلایـەن هەواڵنێرانـی میدیاکانـی هەواڵـەوە (چاپەمەنـی، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ئاژانسـەکان، پەیوەندییـە گشـتییەکان...)ەوە بەدەسـت دەهێنرێتو وەردەگیردرێتو ڕادەگەیەندرێت کە پێی دەوترێ (ژێدەر)ی هەواڵ.
لـە یەکەمیـن دێـڕی هـەر هەواڵێکدا( )، ژێـدەرو مێـژووی هەواڵەکـە دەبـێ دیاری بکرێـت( ). لەبەرئەم هۆیە ئەرکی سەرشـانی چاپەمەنییەکانـە کـە نـاوی شـوێن، ژێدەرو مێژووی هەواڵەکان بهێنن.
<u>نموونە:</u>
دهۆک (کوردسـتان)- کوردستانی نوێ: ٧ی ئابی ٢٠٠٦- لێکۆڵیارە فەرەنسیو ڕۆمانییەکان (٢٠) جـۆر گیانلەبەریان دۆزییـەوە کە بەبێ بەکارهێنانی هەوا (ئۆکسجین) درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن.
تیمی لێکۆڵیاران بە دۆزینەوەی ئەشـکەوتێک لە شـاری دهـۆک جۆرەهـا جڕوجانـەوەر، بەکتریاو قارچکیـان بینی کە لە بارودۆخێکی جیـاواز لـە بارودۆخـی ئاسـایی دەژینـو پەیوەنـدی ئـەم ئەشکەوتە کـە لە شـێوەی چاڵێکـی سروشـتیدایە، بەتەواوەتـی لەگـەڵ دەرەوەدا دابڕاوەو کەمترین تیشـکیش ڕۆڵی تیادا نەبووە.
بەکتریاکانـی ئەم ئەشـکەوتە سـوڵفۆریان لە شـوێنەکەدا کردۆتە خۆراکـو دوای مردنیان لەلایەن قارچەکەکانەوە کراونەتە خۆراک.
هەروەها جڕوجانەوەرەکانی ناو ئەشکەوتەکە، هەریەکەیـان بوونەتـە خۆراکـی جـۆرە جڕوجانەوەرێک کە لەشێوەی جاڵجاڵۆکەدایە.
پێویسـتە ئـەم خاڵە لەبەرچـاو بگیردرێت کە هەمیشە شوێنو مێژووی ناردنی هەواڵ، کاتو شـوێنی ڕوودانـی ڕووداوی هەواڵەکە نییەو (ژێدەر)ی هەواڵەکـەش دەکرێ ژێدەر یاخود کۆمەڵەژێدەرێکی یاریدەدەر بن بۆ هەواڵەکە.
ناوهێنانی مێژووی هەواڵەکە ئەم خەسڵەتەکەی هەیە کە وەرگرەکان تێدەگەن کە مەودای کاتی بڵاوبوونـەوەی هەواڵەکـە لەگـەڵ وەرگرتنی هەواڵەکـە لەلایـەن میدیـای هەواڵەکـەوە؛

ماوەکەی چەند بووە. لە ڕۆژنامەکانداو لەکاتی پەخشکردنی هەواڵەکان لە ڕادیۆو تەلەفزیۆندا، ناوهێنانی دەستەواژەکانی دوێنێ، ئەمڕۆ یاخود سبەی خۆی لەخۆیدا مەودای کاتی وەرگرتنی هەواڵەکەو کاتی بڵاوکردنەوە یا پەخشکردنەکەی دیاری دەکات. بەڵام لە هەفتەنامەکان، مانگنامەکانو.. ناوهێنانی مێژووەکەی لە دێڕی یەکەمی هەواڵەکەدا، کارێکی زەرووریيە.

لەبارەی ژێدەر یاخود ژێدەرەکانی هەواڵەوە، ئەم ڕوونکردنەوەیە پێویستە کە لەڕووی یاساییەوە بەرپرسیارێتی هەواڵەکە لەئەستۆی ژێدەرە بڵاوکەرەکەدایە. هەڵبەتە پێویستە ئەوە بزانرێت میدیا بەکاربەرەکە، سەرپشکە لە داڕشتنەوەو میتۆدی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیو پوختەکردنەوەی هەواڵەکە. لەهەمانکاتدا نابێ ڕەسەنایەتی هەواڵەکە بگۆڕدرێت.

لە چاپەمەنیدا (ڕۆژنامە و گۆڤارەکان) دەتوانرێ بۆ ژێدەرەکەی، سود لە میتۆدە جۆراوجۆرەکان وەربگیردرێت.

* یەکەم: کاتێ کە هەواڵ لە یەک ژێدەرەوە وەردەگیردرێتو ڕۆژنامەکان بێچەندوچۆن بەچاپی دەگەیەنن. لەمبارەدا لە دێڕی یەکەمی هەواڵەکەدا ناوی ژێدەرەکە دادەندرێتو ئیتر پێویستی بە دووبارەکردنەوەی لە دەقی هەواڵەکەدا نییە.

نمونە:

کەرکوک (کوردستان)- ڕۆژنامەی چاودێر- (مێژووی...): بەپێی ڕاپرسییە ئەنجامدراوەکان، بەڕێژەی (٨٥٪)ی دانیشتوانی کەرکوک لەگەڵ گەڕانەوەی شارەکەدان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

لە هەمانکاتدا، نزیکەی (٦٪)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، لەو بڕوایەدان کە پێویستە فرسەتێکیتر بدرێتە دانیشتوانی شارەکە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی پارێزگاکەیان.

تەنها (٩٪)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە کە بریتی بوون لە عەرەبو تورکمانە تەعریبچییەکان، دژ بە گەڕانەوەی شارەکەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

شاری کەرکوک لە ساڵی (١٩٢٠)ەوە لەگەڵ کوردستانی باشوردا لکێنراوە بە دەوڵەتی عیراقەوەو تائێستا لەلایەن حکومەتە جۆراوجۆرەکانی عیراقەوە چەندین پیلان بۆ تێکدانی ڕەسەنایيەتیو مۆرکی کوردیانەی شارەکە ئەنجام دراوە تاوەکو بەتەواوەتی لە هەرێمی کوردستان داببڕێتو بکرێتە شارێکی عەرەبی.

* دووەم: ئەوەیە کە میدیا بەکاربەرەکە زانیارییەکی نوێ زیاد دەکات بۆ ئەو هەواڵەی بۆ هەواڵ وەریگرتووە. لەمبارەدا هەواڵ خاوەنی دوو ژێدەر دەبێت، ژێدەری یەکەم کە لە دێڕی یەکەمی هەواڵەکەدا دەنوسرێت، ناوی ڕۆژنامە یا میدیا بەکاربەرەکەی هەواڵەکە لە هەواڵەکەداو لە دەقی هەواڵەکەدا بە ژێدەری دووەم واتا بە نێرەری هەواڵەکە دادەندرێت. دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگیردرێت کە لەو هەلومەرجەدا هەواڵە وەرگیراوەکە بۆ کامڵ کردنی هەواڵی میدیای هەواڵ بەکاردەهێنرێت.

نمونە:

خانەقین (کوردستان): ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی-(مێژووی...): ماڵوموڵکە دەستبەسەردا گیراوەکان، دوای ڕووخانی بتی سەدام حسێنی دیکتاتۆر لە (٩)ی نیسانی (٢٠٠٣)دا، بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان دەگەڕێندرێتەوە.

ئەم ماڵوموڵکانە بەرلە ڕووخانی سەدام حسێنی دیکتاتۆر، لەلایەن عەرەبە تەعریبچییەکانەوە داگیرکرابوو.

ئەم بڕیارە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە درا، ئەویش سێساڵ دوای ڕووخانی سەدام حسێن.

(ڕۆژنامەکانی چاپی خانەقین)یش لەمبارەیەوە نوسیویانە: بەوتەی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهای ئەو ماڵوموڵکانەی شیاوی گەڕاندنەوەن بەپێی یاسا نوێیەکە، بە (٨٠٠) میلیۆن دۆلار دەخەمڵێندرێت.

ئەو خاڵەی دەبێ لەبەرچاو بگیردرێت ئەمەیە کە وەرگێڕانی هەواڵەکان لەلایەن میدیا وەرگرەکانەوە، پێویست بەوە ناکات کە ناوی میدیا وەرگێڕەکە وەک ژێدەر دابنرێت.

* سێیەم: ئەوەیە کە هەندێ لە ژێدەرەکانی هەواڵ وەک یاریدەدەرێک بۆ گواستنەوەی هەواڵ کار دەکەن. لەم دۆخەدا ناوی ژێدەرە یاردەدەرەکە لە دێڕی یەکەمی هەواڵەکەدا دادەندرێتو ژێدەرەکان یا ژێدەرە ڕەسەنەکە لە دەقی هەواڵەکەدا دەخرێتەڕوو.

نمونە:

هەولێر (کوردستان)- ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت- (مێژووی...): گۆڤاری (ئابوری)ی چاپی هەولێر نوسیویەتی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان لە مانگی تشرینی دووەم بەبەراورد لەگەڵ مانگی تشرینی یەکەمدا ڕۆژانە نزیکەی (١٨٠) هەزار بەرمیل کەم بۆتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕادیۆی (نەوا)، گۆڤاری (ئابوری)ی نوسیویەتی کەمبوونەوەی نەوتی کوردستان بۆتەمایەی ئەوەی کە کۆی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپیک لە مانگی تشرینی یەکەمدا بۆ ئاستێکی نزمتر لە (٢٤) میلیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا نزم ببێتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی گۆڤاری (ئابوری)، هەناردەی نەوتی خاوی ئێرانیش لەم ماوەیەدا، ڕۆژانە بڕی (٢٠٠) هەزار بەرمیل کەم بۆتەوەو بۆ (٢) میلیۆنو (١٧٩) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا نزم بۆتەوە.

لەم هەواڵەدا، ڕۆژنامەی (کوردستان ڕاپۆرت) ژێدەری یاریدەدەری گواستنەوەی هەواڵەکەیەو ڕادیۆی نەواش ژێدەری یاریدەدەرەو گۆڤاری (ئابوری)ی ژێدەری سەرەکی هەواڵەکەیەو بەجۆرێک کە تیبینی دەکرێت، هەرسێ ژێدەرەکە لەم هەواڵانەدا هاتووە.

* چوارەم: لە هەواڵە ئاوێتەکاندا ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆرتری ژێدەرەکانی هەواڵ دەبینەوە، چونکە لەکاتی ڕوودانی ڕووداوێکی گرنگی نێودەوڵەتیانەدا، ژێدەری هەواڵی هەرکامێکیان هەوڵ دەدەن تا ڕەهەندە نوێترەکانی هەواڵەکە بخەنەڕوو. لەبەرئەم هۆیە ڕۆژنامەکانو میدیاکانیتری هەواڵ ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆرتری هەواڵو بەدوای ئەودا کۆمەڵەژێدەرێکی هەواڵیانە دەبنەوە.

لە ڕێکخستنی ئەم چەشنە هەواڵە ئاوێتانەدا کە ژێدەری زۆروزەوەندەکاندا (ئاژانسەکان...)ی تیادا بەکاردێت، ڕۆژنامەکان دەتوانن لە سەرەتای هەواڵەکەدا ناوی ئەو ژێدەرە بخەنەڕوو کە نوێترینو گرنگترین هەواڵی بۆ ناردووەو ناوی ژێدەرەکەیتر لە جەستە (دەق)ی هەواڵەکەدا دادەندرێت. لە هەندێ هەلومەرجدا ناوی ژێدەری هەواڵەکە، متمانەو گرنگی هەواڵەکەش زیاتر دەکات.

نمونە:

سولەیمانی (کوردستان)- کوردسات- ٢٠ی ئەیلول: ژێدەرێکی ڕەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ئێمە دیموکراسی ناکەینە قوربانی ناڕەزایی دەنگدەران.

ئەم ڕاپۆرتە لە زاری (کوردستانی نوێ)وە دەڵێت بەرپرسێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، ڕایگەیاند: حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا ڕێگای جۆراوجۆری بۆ پوچەڵکردنەوەی هەڵبژاردن لەم هەرێمەدا خستوتە بەرباسو لێکۆڵینەوەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی (khak tv) لە سولەیمانی، (جەمیل بایک)ی سەرکردەی دیاری ناو پارتی کرێکارانی کوردستان داوای لە خەڵک کرد کە بەدەنگدان بە پارتی کرێکارانی کوردستان، ڕێگە بۆ سەرکەوتنی پارتی کرێکاران خۆش بکەن.

ناوبراو لەم وتانەی لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) خستەڕوو کە دوێنێ بڵاوکرایەوەو دەڵێت: ئێمە هەرگیز حکومەتێکی توندڕەو و هیچ حکومەتێکمان ناوێت کە ڕۆڵی جەندرمەی هەبێت.

لەلایەکیترەوە، ڕۆژنامەی تورکی (حورییەت) بە بڵاوکردنەوەی سەروتارێک، سەرەڕای نیگەرانی لەبەرامبەر ئەوانەی دەنگ بە پارتی کرێکارانی کوردستان دەدەن، پێشنیازی بۆ دەوڵەتانی دراوسێی عیراق کرد کە ڕێگە لەهەر هەوڵێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو پارتی کرێکاران بگیردرێت کە بۆنی دیموکراسیو دروست بوونی دەوڵەتی کوردیی لێبێت.

لەکاتێکدا کەسەکان وەک ژێدەرەکان دادەندرێن کە هەروەک بابەتەکانی هەواڵ دەبێ ناویان بهێنرێت بەتایبەتی لەو هەلومەرجانەی کە مەسەلەکە، نیشاندەری دادوەریکردن یا ڕادەربڕینێکی خودیانەیە. چونکە وەرگرەکان بە زانینی ژێدەری هەواڵەکە، ئەگەری هەڵسەنگاندنی گرنگی بابەتەکە بەدەست دەهێنن.

ئەگەرچی زەروورییە ئەو بابەتانەی نیشاندەری دادوەریکردن یا ڕادەربڕینی خودیانەیە، خاوەنی ژێدەرێکی ڕاستەقینە یاخود یاسایی بێت، بەڵام ئەرکێکی ناچاریانە نییە کە لە تەواوی هەلومەرجەکاندا ناوی کەسە ڕاستەقینەکە یا یاساییەکە لە لیدی هەواڵەکەدا بهێنرێت. ناوی ژێدەر یا ژێدەرە ڕاستەقینە یا یاساییەکان دەکرێ لە پەرەگرافی دوای لیدەکەدا بنوسرێت.

نمونە:

ئەو خوێندکارانەی پتر لە (٧٠) وانەیان لە زانکۆ خوێندووە، بەپێی داخوازی خۆیان دەتوانن دیبلۆمی باڵا وەربگرن.

(ناو و نازناو) جێگری وەزیری خوێندنی باڵا لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم مەسەلەیەدا، وتی: ئەم جۆرە خوێندکارانە....

ڕادەربڕینی کەسە ڕاستەقینەو یاساییەکان دەتوانرێ بەشێوەی گواستنەوەی وتەی ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یا لاوەکیانە بخرێتەڕوو.

*** ناساندنی کەسەکان**

ئەو کەسانەی لە هەواڵدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت، دەبێ بەشێوەیەکی وردەکارانە بناسێندرێن. لەهەر هەواڵێکدا، ناساندنی ئەو کەسانە کارێکی پێویستە کە لە کۆمەڵگادا خاوەنی پلەوپایەن، تەنانەت ئەگەر ئەم کەسانە نەناسراویش بن. ناساندنی کەسەکان لە هەواڵەکەدا لەوانەیە بە خستنەڕووی کار، پلە، شوێنی نیشتەجێبوون، تەمەنو هاوشێوەکانی بێت. ئەو کەسانەی خاوەنی چەندین پایە یا پلەن، بۆ ناساندنیان دەبێ سود لە گرنگترین ناونیشانیان وەربگیردرێت.

ناوهێنانی نازناوی دکتۆر، ئەندازیار یا هاوشێوەکانیان پێویست نییە مەگەر ئەمەی کە ناوهێنانی ئاستی خوێندن یا پلەی خوێندنەکەی بەلەبەرچاوگرتنی جۆری هەواڵەکە پێویست بێت. بۆنمونە هەواڵە زانستییەکان، مەزهەبییەکانو...

ڕێسای گشتی لە هەواڵنوسیندا ئەمەیە کە ئەگەر پێویست بێت، دەبێ ناوی کەسەکە لە هەواڵەکەدا بوترێت، لە ئاماژەی یەکەمدا ناو و نازناوی خێزانییەکەی بەوردیی

**ڕێسای گشتی لە هەواڵنوسیندا ئەمەیە کە ئەگەر پێویست بێت، دەبێ ناوی کەسەکە لە هەواڵەکەدا بوترێت**

دەخریتەڕوو و لە ئاماژەکانی دواتردا ناوهێنانی ناوی خێزانی یا پلەی کەسەکە بەسە.

نمونە:

دلاوەر حەمە قەڵادزێی- دروست

دلاوەر حەمە- نادروست

وەزارەتی کاروباری ئابوری و دارایی- دروست

وەزارەتی دارایی- نادروست

لەو هەلومەرجانەدا کە کەسەکە پلەوپایەیەکی ڕەسمی نییە، بۆ ناساندنی ناوبراو دەتوانرێ زاراوەکان یا دەستەواژە کورتەکان بەکاربهێنرێت.

نمونە:

شکاک حەمە دانیشتووی هەڵەبجە

هەنار عەلی، یەکێک لە شایەتحاڵەکانی ڕووداوەکە

لێوژێ عومەر، هەژدە ساڵە

ئاگاسا کریستی، نوسەری چیرۆکە پۆلیسی- تاوانییەکان.

***پێشینەی ڕووداوەکە**

هەرچەندە هەواڵ دەبێ کۆمەڵە مەسەلەیەکی نوێ بخاتەڕوو. بەڵام لە زۆربەی هەلومەرجەکاندا بۆ تێگەیشتن لە مەسەلە نوێیەکان پێویستی بە باسکردنی پێشینەی ڕووداوەکەیە( ). ئەم جۆرە مەسەلانە دەبێ بەشێوەیەکی پوختو بەڕێژەیەک بێت کە ئەگەر کەسێک هەواڵە ڕەسەنەکەی نەخوێندبێتەوە، بتوانێ لە مەسەلەکە بگات. پێشینەی هەواڵ دەتوانرێ بەمشێوانەی خوارەوە نیشان بدرێت:

٭ بەزیادکردنی پەرەگرافێکی کامڵ دوای مەسەلە نوێیەکە:

نمونە:

موسڵ (کوردستان) ئەسۆشێتد پریس- (مێژووی...): بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک لە گەڕەکی ئەلزهور لە شاری موسڵ، ئەمڕۆ (١٥) کورد شەهید بوونو (٤٥) کوردیتر بریندار بوون.

لەمانگی ڕابردووەوە تائێستا بەهۆی چەند تەقینەوەیەکەوە لە گەڕەکە کوردنشینەکانی شاری موسڵ، (١٥٨) کورد گیانیان لەدەست داوە.

٭ لەناوهێنانی دەستەواژەیەکی کورتدا:

نمونە: (لیدی مێژووچکەیی)

هەولێر (کوردستان)- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ- (مێژووی...): دوای دەرکردنی هەزار مامۆستا لە مانگی ڕابردوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرنامەیەدایە تا کۆتایی ئەمساڵ، نزیکەی (١٥٠) هەزار مامۆستایتر لە کار بەرکەنار بکات.

بەهەرحاڵ دوای نوسینی هەواڵەکە، جارێکیتر بیخوێنەرەوەو لە خۆت بپرسە:

٭ ئایا ئەم هەواڵە کاملو گشتگیرە؟

٭ ئایا تەواوی زانیارییەکانی، دروستە؟

٭ ئایا مەسەلەکانی بە ڕوونیو وردەکارانە نوسراوە؟

هەمیشە خۆت بخەرە جێی وەرگرەکان و بە تێڕوانینێکی تیژبین، وردەکارانەو لێکۆڵیارانەوە بنۆڕە هەواڵو زانیارییەکانی. هەستەوەرییو بەرپرسیارێتی سەبارەت بە گواستنەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی دروستەو بە ڕاهێنانێکی بەردەوامانە، هەواڵنێران لە کاری هەواڵنوسیندا دەکاتە پسپۆڕ.

٭جیاوازی (هەواڵ) لەگەڵ (لێکدانەوە، ئەنالیزەکردن)

بەهەمانشێوەی وترا (هەواڵ) گەیاندنی واقیعیەتە بەرچاوەکانە. ڕووداوێک پێویستە بەتایبەتمەندییەکانی هەواڵەوە ڕووبدات تاوەکو بەهای گەیاندنی هەبێت. لەبەر ئەم هۆیەیە کە لە هەواڵنوسیندا، ڕووداوەکە بەوچەشنەی ڕوویداوە، دەگەیەندرێت نەک بەوچەشنەی هەواڵنێر، سەرنوسەر یا هەرکەسێکیتر حەز بکات ڕووبدات. لەمڕووەوە، هەواڵ دەبێ گەیاندنی ڕاستودروستانەی ڕووداوێک بێتو هەواڵنێر دەبێ ئەمانەتدارێکی دەستپاکو کاردروست بێت لە گواستنەوەی هەواڵدا نەک سازێنەری هەواڵ.

٭ لێکدانەوەو ڕادەربڕین

ڕەهەندی هەڵسەنگاندنی زیهنیانەو دادوەریکردنی خوددیانە لەهەمبەر ڕووداوەکانی هەواڵدا، ناوی (لێکدانەوەو ڕادەربڕین)ە. لێکدەرەوە یا نوسەری لێکدەرەوە دەربارەی ئەو ڕووداوەی کە ڕەنگە هەواڵەکەی بە جیاواز بڵاوکرابێتەوە، ڕای خۆی دەخاتەڕوو. ئەگەر سود لە تیۆرەکانی ئەوانیتریش وەربگرێت، سود لەوانە وەردەگرێت کە جێی پەسەندی خۆی بن. لە لێکدانەوەو ڕادەربڕیندا، نوسەر لەوانەیە پشتیوانی لە مەسەلەیەک بکات یاخود ڕەتی بکاتەوە. بەشێوەیەکی گشتی، لێکدانەوە کە دەچێتە ڕیزبەندی وتارە ڕۆژنامەوانییەکانەوە، تێڕوانینی نوسەرە لە هەمبەر ڕووداوێکداو تیایدا وەڵامی ڕەگەزی هەواڵیانەی (بۆچی)( ) دەداتەوەو وەڵامدانەوەی (بۆچی) تێگەیشتنی نوسەرەکەیە.

*** ئەنالیزەکردن:**

ئەم جۆرە مەسەلانەی کە لە وتارنوسیندا بەشێکی بۆ خۆی تەرخان کردووە، لەگەڵ لێکدانەوەو ڕادەربڕیندا جیاوازە بەڵام لەگەڵ هەواڵدا لێکچوونێکی هەیە.

ئەنالیزەکردن گوزارشتە لە وەسفێکی ڕاستەقینەی ڕووداوێک بەبێ ڕادەربڕینی نوسەر. نوسەر بەگشتی، زانیارییە کۆکراوەکانی ژێدەرە جۆراوجۆرەکان و پێشینەی مێژووییانەی ڕووداوەکە پێکەوە ئاوێتە دەکەن، هەوڵ بۆ ناساندنی هۆکارو پاڵنەرو هەروەها چۆنییەتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەداتو لە ڕاستیدا پێکەوە وەڵامی ڕەگەزی (بۆچی؟ و چۆن؟) دەداتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە:
دکتر نعیم بدیعی، حسین قندی: روزنامەنگاری مدرن، چاپ چهارم ١٣٨٣، ص (٨٣–١٠٤)

پەراوێزەکان:

(١)– کەموکوڕییەکیتری میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە ئەوەیە کە ڕۆژنامەنوس یاخود ئامادەکاری هەواڵەکە، ڕوانگەی خۆی دەکاتە پێوەر بۆ ڕیزبەندکردنی بابەتە گرنگەکانی ناو هەواڵەکە، لەکاتێکدا کە تێڕوانینەکانی ئەو کەسانەی هەواڵیش ئامادە دەکەن جۆراوجۆرن. (و–ک).

(٢)– هەروەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە کە ئەگەر چەند پەرەگرافێکی خوارەوەی هەواڵەکە لاببەیت کارێکی ئەوتۆ ناکاتە سەر هەواڵەکە، چونکە زانیارییەکانی هەواڵ لە میتۆدی هەڵگەڕاوەدا بەپێی گرنگترینیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕیزبەندی دەکرێت (و–ک)

(٣) Dateline.

(٤)– مەرج نییە لە هەموو هەلومەرجێکدا ناوی ژێدەری هەواڵ بهێنرێت، بەتایبەت ئەو ژێدەرانەی کە نارەسمین. زۆربەیجاریش ئامرازەکانی میدیا (ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت) کاتێ هەواڵو زانیارییەک لە ژێدەرێکەوە وەردەگرن کە پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت ببێتەمایەی مەترسی بۆ خاوەن ژێدەرەکە، ئەوا دەتوانرێ ناوی ژێدەر نەهێنرێتو تەنانەت پاراستنی ناوی ژێدەر یەکێکە لە ئەخلاقەکانی ڕۆژنامەوانی. پاراستنی ناوی ژێدەر هەم لەپێناو پارێزگاریکردنە لە سەلامەتی ژێدەرەکە، هەم ئەو قازانجەی بۆ ئامرازەکانی میدیاش هەیە کە دەتوانرێ متمانە لای خاوەن ژێدەرەکە دروست بکات تاوەکو بەردەوام هەواڵو زانیاری نوێی لێوەربگرێتەوە. (و–ک).

(٥)– بۆ نوسینی ئەم جۆرە هەواڵانە میتۆدی (گەڕانەوە بۆ دواوە) بەکاردەهێنرێت، واتا لیدی سەرەتای هەواڵەکەدا کورتەی هەواڵەکە دەخرێتەڕوو پاشان پێشینەی هەواڵەکە لە دەقی هەواڵەکەدا دەنوسرێت. بۆ نوسینی ئەو مەسەلەو بابەتانەی کە پێشینەیەکی مێژوویانەیان هەیەو لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بەشێک لە ڕووداوەکانیان دێتەوەئارا، ئەم جۆرە میتۆدە بەکاردەهێنرێت.

بۆنمونە ئەگەر هەواڵێک باس لە پرۆژەی بنەبڕکردنی تەعریب لە شاری کەرکوک بکات، دەبێ لایەنی کەم ئەوە وەبیر خوێنەر بهێنرێتەوە کە کێشەی تەعریب لەم شارەدا چۆن سەریهەڵداوە. (و–ک).

(٦)– بەشێوەیەکی گشتی زۆرینەی ئەو هەواڵانەی لە ئامرازەکانی میدیادا بڵاودەکرێنەوە، وەڵامی (بۆچی) تیادا نییە چونکە دەشێ ماوەیەکی زۆر دوای هەواڵەکە وەڵامی (بۆچی) دەست بکەوێت یاخود هەر نەبێت، هەربۆیەشە ئامرازەکانی میدیا بۆ وەڵامدانەوەی ڕەگەزی (بۆچی) لەکاتی ڕوودانو بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەدا، پەنادەبەنە بەر پسپۆڕانو ئاگادارانی ڕووداوەکە (و–ک).

# وێستگەی

# ڕۆژنامەنووس

هەواڵنامەی کێتێ

## بمانبوورن

* بەهۆی گرفتێکی هونەری زۆربەی ئەو بابەتانەی بۆ ئەم ژمارەیە تایپمان کردبوون رەش ببوونەوە، بۆیە ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەمان ماوەیەک لەکاتی خۆی دواکەوتووە، هەروەها داوای لێبوردن لەم رۆژنامەنووس و تۆژەرانە دەکەین کە بابەتەکانیان لەم ژمارەیەدا شوێنی خۆی نەکردۆتەوە.
* لە (لا١٥١)ی ژمارە (٨)دا شوێنی بەدواداچوونێکی کاک (نەوزاد عەلی ئەحمەد) بە ناونیشانی (بۆ رێناس–ی رۆژنامەنوس) لە چاپخانە بە سپی مابووەوەو لێرەدا ئەم لاپەڕەیەمان دووبارە بڵاوکردەوە.
* بابەتەکەی (دامەزراندن و پێشخستنی کەناڵی ئاسمانی Ktv) ژمارەی رابردوو، پێشتر لە ژمارە (١٦)ی گۆڤاری (نەوشەفەق)دا بە زمانی عەرەبی بڵاوکرابووەوە.

رۆژنامەنووس

# ئەزموونی ڕۆژنامەگەرییم

فەرهاد عەونی

ئەڵقەی هەشتەم

پاش بەجێهێشتنی برایەتی و دەزگا لە رۆژی ۲۰۰۰/۲/۲۰، رۆژی دوایی یەکسەر چوومە بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە کۆنگرەی دامەزراندنیەوە لە هەولێری پایتەخت بەسترا (۱۹۹۸/۱۲/۲۹-۹۹۸/۱۲/۳۱) و بە نەقیبی رۆژنامەنووسان هەڵبژێردرام، بە داخەوە تاکو ئەمڕۆش هەندێ رۆژنامەنووس و هەندێ کەناڵەکانی راگەیاندن بە (نەقیبی سەندیکا)م بانگ دەکەن، ئاشکراشە بەپێی یاسا نەقیب نەقیبی رۆژنامەنووسانە نەک نەقیبی سەندیکا، بەرامبەر بەم هەڵەیە منیش زۆر جار باسی ئەو رووداوەیان بۆ دەکەم کە بەهەشتی مامۆستا (مسعود محمد) لەگەشتی ژیانم باسی لێوە دەکات، چیرۆکەکەش بریتییە لەم چەند دێڕە:

(مولازمێکی پۆلیس بەناوی قاسم لە بنکەی پۆلیسی ئیمام قاسم لە کەرکووک دادەمەزرێ و بەڕێوەبەرەکەشی کە بە پلە لەو گەورەتر دەبێت، هەمیشە لەجیاتی قاسم بە عبدالقادری بانگی دەکات، هەموو جارێکیش قاسم بە شەرمەوە دێتە وەڵام دەڵێ (موخلستان ملازم قاسم) بەڵام دیسان بێ سوود دەبێت، پاش ماوەیەک مولازم قاسم سەر لە بەیانییەک دەچێتە بەردەم بەڕێوەبەر و سەلامێکی عەسکەری بۆ دەکات و دەڵێ:

گەورەم کاتی خۆی باوکی رەحمەتیم پاش لە دایک بوونی حەوت کچ، کە ئێستا من برای حەوت خوشکم، دەچێتە سەر مەزاری ئیمام قاسم (دەست بۆ لای مەزارەکەی ئیمام قاسم درێژ دەکات) و لەسەر مەزارەکە لە یەزدانی گەورە دەپاڕێتەوە دەڵێ (خودای گەورە بە گەورەیی خۆت و ئەو ئیمامە پاش حەوت کچ کوڕێکم پێ ببەخشە، شەرتی پیاوبێت ناوی بنێم قاسم و هەموو ساڵێکیش لە رۆژی لەدایک بوونی (نەزر) دەکەم کە بێمە ئەم شوێنە پیرۆزە (مەڕێک) سەر ببڕم و بیکەمە (خێر)، ئەوەبوو خودای گەورە پاڕانەوەکەی باوکمی قەبوڵ کرد و منی پێ بەخشی و باوکیشم منی ناونا (قاسم) و هەموو ساڵێکیش هەتا لە ژیان بوو ساڵانە خێری خۆی لەسەر مەزاری ئیمام قاسم دەکرد، گەورەم منیش شانازی بەناوی (قاسم)ەوە دەکەم و حەز

دەکەم هەمیشە بەناوی (مولازم قاسم بانگم بکەن و منیش لە خزمەتدام) ئەو سەلامێکی عەسکەری دیکەی بۆ بەڕێوەبەرەکەی کرد و بەرامبەری لە حاڵەتی (ئیستیعداد) ڕاوەستاو چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێوەبەری بوو، بەڕێوەبەری پۆلیسیش وەکو نەبای دیبێت و نە باران) زۆر لەسەر خۆوە گوتی (گوێ مەدەیێ عبدالقادر).

پێش دەرچوونم لە برایەتی ناوەناوە دەوامی سەندیکام دەکرد و حەفتەی ڕۆژێکیش دەوامی تەواوم لێ دەکرد و ئیشوکارەکان بەباشی بەڕێوە دەچوون، بەڵام ئەوەی لێرەدا بە پێویستی دەزانم بیڵێم بوونی برای ئازیز کاک (ممتاز حەیدەری) بوو کە هەر لە سەرەتاوە وەکو ڕۆژنامەنوسێکی سەربەخۆ (مستقل) ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکا بوو، پاش کۆنگرەی دامەزراندنیش لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەندیکا بە سکرتێری سەندیکا هەڵبژێردراو ڕۆژانە دەوامی ڕێکوپێکی سەندیکای دەکرد و ئیشوکارەکانیشی دڵسۆزانە ئەنجام دەداو تاڕادەیەکی زۆر ئەرکی منی سوک و ئاسان کردبوو، بۆ خوداش بڵێم هیچ ئیشێکی بێ من نەدەکرد، تەنانەت ڕۆژی وا هەبوو سێ چوار جار تەلەفۆنمان بۆ یەکتری دەکرد.

(بە ئومێدی خودا لە ئایندەدا بە درێژی باس لە دروست بوونی سەندکا هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تاکو دوارۆژی مانەوەم لە سەندیکا دەکەم).

ئاشکرایە کە کاری سەندیکا بە پێی یاساو واقیع کارێکی پیشەییە (عمل نقابی) کە تێیدا بە نسبەت سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە لە ژێر دروشمی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنوس و دابین کردنی مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان) بەڵام لێرەدا تەنها لایەنە ڕۆژنامەگەرییەکەی باس دەکەم کە لە سەرەتاوە ئەنجام دراوە.

پاش چەندین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەندیکا، کە بریتی بوون لەو برا ڕۆژنامەنووسانە (ئازا حەسیب قەرەداغی، ممتاز حەیدەری، یۆنان هۆزایا، ئازاد عبدالواحد، محمد خدر مولود، تحسین محمد خليل (ئەبو دڵشاد)، حامد محمد علی، فەهیم عبدالله، فەرهاد عەونی) باس لە دەرکردنی گۆڤارێکی بابەتی دەکرا کە لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە دەربچێت بە شێوەیەک کە.

یەکەم: بە تەواوی سەربەخۆبێت و دووربێت لە ئایدۆلۆجیاو سیاسەتی تەسکی حیزبایەتی.

دووەم: گۆڤاری سەرجەم کاری ڕۆژنامەنوس و هەموو پێکەهاتەکانی گەلی کوردستان بێت بە جیاوازی بیروڕاو نەتەوەو ئایین.

سێیەم: گرنگی بە مێژووی ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی ئەو بوارە کە تاڕادەیەک لەلایەن نەوەی نوێ وە نامۆیە.

چوارەم: بڵاوکردنەوەی دۆسیەی ڕۆژنامەنووس تایبەت بەو نەتەوانەی کە لەسەر خاکی کوردستان دەژین ئەو پێکهاتە پێک دێنن کە گەلی کوردستان پێکدێنن.

پێنجەم: بڵاوکردنەوەو تۆمارکردنی کارو چالاکی و بەياننامەکانی سەندیکاو سەرەڕای تۆمارکردنی کۆنگرەکانی.

ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٠ بە ٢/٧ دەرچوو بۆ سەرنوسەرەکەش ئەنجوومەنی سەندیکا ڕۆژنامەنوس (ممتاز حەیدەری) هەڵبژارد و (بەندەش) وەکو خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە چونکە بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ پێویستە کە هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارێک خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری هەبێت، کاک ممتاز زۆر چالاکانە بەدوای دەرچوونی گۆڤارەکەوەبوو، تەنانەت لەسەرەتادا بۆ چەند ژمارەیەک بەشداری نەخشەسازی گۆڤارەکەی دەکردنەوە، سەرەڕای بابەت نووسین.

لەسەرەتادا لەگەڵ کاک ممتاز ڕێڕەوی گۆڤارەکەمان داڕشت و ڕێکەوتین کەوا ڕووی لایەنی ناوەوەی بەرگی پێشەوە وتاری گۆڤاری تێدا بنووسم ئەویش لە بەرگی ناوەوەی دوواوە وتاری بۆ بنووسێ، سەرەڕای بابەتی ڕۆژنامەنووسی.

لە یەکەم ژمارەو لەو شوێنەی کە بۆم تەرخان کرا وتارێکم بڵاوکردەوە بە پێویستی



کاروان بەردەوامە..!

نێوانی رۆژگاری لە دایک بوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەیەکی کوردی (کوردستان ـ ٢٢/٤/١٨٩٨) تاکو ئەمڕۆ پاش سەدەیەک و دوو ساڵ کاروانی رۆژنامەگەری کوردی پێی ناوەتە قۆناغێک کە خۆی لە خۆیدا سەرەتای چەسپاندن و گەشەپێکردنی ئەو ئەزموونەیە کە میقداد بەدرخانی پێشەوا بەردی یەکەمی بۆ دانا دوور لە وڵاتی پانوبەرینی کوردان لە ناکامی ئەو غەدرە گەورەییەی کە مێژوو لە نەتەوەی ئێمەی کردووە وڵاتەکەمانی بۆ چوارپارچە دابەشکردو تەنانەت ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت لە هەندێ کەلێنوبەرەی ئەم وڵاتە بێ سنوور و لەت لەتکراوەدا تاکو ئێستاش دەرچوونی رۆژنامەیەکی کوردی بەتاوان لە قەڵەم دەدرێت و ماوە نادرێت وشەی کوردی بخرێتە سەر رووپەڕی کاغەز نەوەکا ببێتە بۆمبای ئەتۆم و تەختوتاراجان سەرنگوم بکات، بەڵام دیسان رۆشنبیرانی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە لەگەڵ ئەو هەموو غەدرو زۆرداریییەی لێیان دەکرا سەریان بۆ رەشەبای خەزانی دژ بە ئیرادەی نەتەوە داتەنواندو لەروانگەی دڵسۆزی و هەست کردن بە ئینتیمای نیشتمانی، چالاکانە کەوتنە

دەزانم دەقەکەی بڵاو بکەمەوە، چونکە تەعبیر لە سیاسەت و بۆچوونی سەندیکا دەکات لە رێگای ئۆرگانی سەندیکاوە کە ئەویش گۆڤاری رۆژنامەڤانی بوو.

"کاروان بەردەوامە..!
نێوانی رۆژگاری لەدایک بوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەیەکی کوردی (کوردستان- ١٨٩٨/٤/٢٢) تاکو ئەمڕۆ پاش سەدەیەک و دوو ساڵ کاروانی رۆژنامەگەری کوردی پێی ناوەتە قۆناغێک کە خۆی لەخۆیدا سەرەتای چەسپاندن و گەشەپێکردنی ئەو ئەزموونەیە کە میقداد بەدرخانی پێشەوا بەردی یەکەمی بۆ دانا دوور لە وڵاتی پانووبەرینی کوردان لە ئاکامی ئەو غەدرە گەورەیەی کە مێژوو لە نەتەوەی ئێمەی کردووە وڵاتەکەمانی بۆ چوار پارچە دابەشکرد و تەنانەت ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت لە هەندێ کەلێنوبەرەی ئەم وڵاتە بێ سنوور و لەت لەتکراوەدا تاکو ئێستاش دەرچوونی رۆژنامەیەکی کوردی بە تاوان لە قەڵەم دەدرێت و ماوە نادرێت وشەی کوردی بخرێتە سەر رووپەڕی کاغەز نەوەکا ببێتە بۆمبای ئەتۆم و تەختوتاراجیان سەرنگوم بکات، بەڵام دیسان رۆشنبیرانی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە لەگەڵ ئەو هەموو غەدر و زۆرداریییەی لێیان دەکرا سەریان بۆ رەشەبای خەزانی دژ بە ئیرادەی نەتەوە دانەنواندوو لە روانگەی دڵسۆزی و هەست کردن بە ئینتیمای نیشتمانی، چالاکانە کەوتنە کار و هەریەک بەپێی هەلومەرجی خۆی و سروشتی بارودۆخەکە خزمەتیان بەو کاروانە کردووە تاکو گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی ئەمڕۆ کە ئەویش سەردەمێکی تازەی خولقاندووەو رۆژنامەگەری کوردی و کوردستانی پێی ناوەتە قۆناغێک کە دەتوانین بڵێین بۆتە دیاردەیەکی گەورەی شارستانی لە ناوچەیەکدا کە هیچ لایەنێکی سیاسی و گروپی جیاجیا نەماوە خاوەن دەزگایەکی راگەیاندن نەبێت چ رۆژنامە، چ گۆڤار، چ رادیۆ، چ تەلەفزیۆن، ئازادانەش تەعبیر لە راو بۆچوونەکانیان دەکەن بێ ئەوەی هیچ جۆرە سانسۆرێک لە ئارادا بێت تاکو کار گەیشتە ئەو رادەیەی رۆژنامەنووسانی کوردستان پاش ئەوەی ژمارەیان رۆژانە لە زیادبووندایە هەست بە جۆرە بۆشاییەک بکەن کە ئەویش نەبوونی چوارچێوەیەک تاکو کۆیان بکاتەوەو رێکیان بخات هەر بۆیەش لەسەرەتایساڵی ١٩٩٤وە رۆژنامەنووسان بیرۆکەی دامەزراندنی سەندیکایەکی تایبەت بە خۆیان خستەڕوو، بەڵام شەڕی شووم و نەگریسی

ناوخۆ ئاستەنگی پێکهێنانی دروست کرد و نەیهێشت هەوڵەکان سەربگرن، تاکو سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ لە ئاکامی بانگەوازەکەی دەنگی میللەت، رۆژنامەنووسان سەرەڕای جیاوازی بیروڕاو ئینتیمای سیاسییان کەوتنە گەڕ و پرۆژەی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیان گەڵاڵە کرد و پەرلەمانیش لە بۆنەیەکی زۆر پیرۆزدا کە ئەویش یادی سەد ساڵەی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بوو، ئەم پرۆژەیەی کردە دیاری و پێشکەش بە سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستانی کرد کە ئێستاکە خەریکی پیادەکردنی ئەو دروشمەیە (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووس و دابین کردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان) کە لە ژێر سایەیدا کۆنگرەی یەکەمی ئەنجام داو بۆتە رێڕەوی راستەقینەو پەیامی ئەو سەندیکایەی کە بۆ سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان هاتۆتە کایەوەو نوبەرە رۆشنبیریەکەش ئەو گۆڤارەی بەردەستی ئێوەی خۆشەویستە کە بە ئاسانی نەکەوتۆتە بەردەستی ئێوە، چونکە ئامادەکردن و دەرچوونی گۆڤارێک تایبەت بە کاری رۆژنامەگەریی و مێژوو بابەتی هەمەجۆری رۆژنامەڤانی کارێکە بە زەحمەت دێتە بەردەست، بەو هیوایەی کەلێنێک پڕ بکاتەوەو بەردەوامبوونیش بە نووسین و بابەتە بەپێزەکانی خەمخۆرانی ئەو بوارە پابەندە.

فەرهاد عەونی"

لە هەمان ژمارەش بابەتێکم لەلاپەڕەی (٢٨-٣٨) نووسی لەژێر ناوی (کورتە باسێک دەربارەی مێژووی رۆژنامەگەری لە کوردستانی عیراق)دا هەر لە سەرەتای رۆژانی داگیرکردنی عیراق لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیای گەورە تاکو رۆژانی راپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١، لێرەدا دەبێت بە چەند دێڕێک باسی رۆژنامەنووس (عبداللە زەنگەنە) بکەم کە هەر لە ژمارەی یەکەمەوە شانی دا بەر ئەرکە رۆژنامەنووسییە مێژووییە بەگیانێک کە دەتوانم بڵێم (بێ هاوتایە) و لە ژمارەی یەکەمیشدا بابەتێکی لەژێر ناوی (دەبێ رۆژی ١٩٦٧/٤/٢٩ نەک ١٩٦٧/٥/٦ ساڵیادی رۆژنامەی (برایەتی) بێ کە سەرجەم بابەتەکەی بۆ رەت دانەوەی راوبۆچوونەکانی منە دەربارەی رۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی برایەتی لە خولی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦٧دا، پاشانیش لە ژمارە دووی گۆڤارەکە بابەتێکی زێدە بەپێزی بڵاوکردووە لەژێر ناوی "دادگایی کردنی خەبات یەکەمین رۆژنامەی سیاسی رۆژانەی کوردی" بە دوو بەش، کە بەشی دووەمیش لە ژمارەی (٣) بڵاوکردووە کە لەو کاتەدا سەرەڕای ئەوەی وەکو باسم لێوە کرد بابەتەکە زێدە بە پێز بوو، بەڵام کات و ساتی بڵاوکردنەوەی بابەتەکە لە (رۆژنامەڤانی) ئەوەی ئیسپات کرد کە رۆژنامەڤانی بە شێوەیەک سەربەخۆیە کە کەس ناتوانی نکوڵی بکات، چونکە هەر لەسەرەتادا بڕیاری ئەوەمان دا کە دەبێت ئەو کراسەی لەبەر (رۆژنامەڤانی) دەکرێت ئەو کراسەبێت کە تەعبیر لە رەنگەکانی ئاڵای کوردستان بکات نەک تەنها ئەسیری یەک (رەنگ بێت) هەربۆیەش بابەتەکە رەنگدانەوەیەکی باش لێ کەوتەوەو (رۆژنامەڤانی)یش هەر لە یەکەم ژمارەیەوە تاکو دوا ژمارەی و بە بەردەوامی بۆتە سەرچاوەیەکی زێدە گرنگی مێژووی رۆژنامەگەری لە کوردستان.

سەرقاڵ بوونی من بە رۆژنامەڤانییەوە نووسینی سەرووتار و بابەتی هەمەجۆری رۆژنامەنووسی بوو، بەڵام کارە سەرەکییەکە بۆ خودی رۆژنامەنووس ممتاز حەیدەری دەگەڕێتەوە، تاکو ژمارە (٨) بە سەرنووسەری مایەوە، بەڵام پاش ئەوەی بە ئارەزووی خۆی سەندیکای بەجێهێشت ئەرکەکە کەوتە سەرشانی رۆژنامەنووس (عبداللە زەنگەنە).

لە ژمارە(٤) و بەسێ ئەڵقە بابەتێکی دوور و درێژم لەسەر ئەو رۆژنامەی (کوردستان)ە نووسی کە لە ساڵی ١٩٥٩ لە تاران دەرچوو بوو، لەلایەن هەندێ رۆشنبیری دیاری ئەو سەردەمەی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان سەرپەرشتی دەکرا کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی حەمەرەزای شای ئێراندا،

دەربارەی ڕۆژنامەکـەو هۆکاری دەرچوونی لەسەرەتای بەشی یەکەمی وتارەکە نووسراوە کە بە ناوونیشانی (بیبلیۆگرافیای ئەو بابەتانەی کە لەسەر کورد و کوردستان) نووسراوە کە ماوەیەکی باش پێیەوە سـەرقاڵ بوم، چونکە هەڵدانەوەی سەرجەم (لاپەڕەکان)ی ژمارەی ڕۆژنامەکـەو گەڕان بە دوای ناوونیشـانی و مەتنـی بابەتـەکان بە مەبەسـتی دۆزینەوەی ئەو بابەتانەوە کە لەسەر کورد و کوردستان نووسراوە کارێکی ئاسان نییە، هەڵبژاردنیشم بۆ جێ بەجێ کردنی دەگەڕێتەوە.

یەکـەم: زۆرجار لە مێـژووی هاوچەرخی گەلـی کوردسـتاندا کاتـێ باس لـە گۆڤار و ڕۆژنامەی وەکو (تێگەیشـتنی ڕاستی، پەیام، دەنگی گێتی تازە، ڕۆژنامەی (کوردسـتان)ی تـاران، کاروان، ڕۆشـنبیری نـوێ، بەیان) لە هەندێ قۆناغدا یەکسەر هەندێ لە ڕۆشنبیران هێرش دەکەنە سـەر ئەو بڵاوکراوانە، چونکە لەسـەردەمی لکاندنی کوردستان بە عیراق و چەوسانەوەی نەتەوەیی، هێرشی سەربازی و ئەنفال، کیمیابارانی کوردستان بڵاوبوونەتەوە کە سـەرجەمی بـەرەش دەبینن، بـەڵام کاتێ ڕۆشـنبیران ئەگەر ویسـتیان بگەنـە بڕیاری ڕاسـت و دروسـت پێویسـتە بـە وردی و ئینسافەوە تەماشـای ئەو بڵاوکراوانە بکرێت کە تێدا بە ژمارەیەکی زۆر بابەتی زێدە بە پێز و سـوود بەخشـی بە کورد و کوردستانەوە تێدایـە کە لە کات و سـاتی خۆیدا خزمەتێکی بەرچـاوی کـردووەو بـە دەیـان و سـەدان نووسەر و شاعیر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووسی نیشتمانپەروەر بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە کە ئەمیشیان هەوێنی گرنگی دانی (بەندە) بوو بە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تاران.

(ڕۆژنامەڤانـی) لەنێوانـی ٢٢ی نیسـانی سـاڵی ٢٠٠٠ تاکو ٢٠٠٣/١٢/٥، (١٢) ژمارەی لێ دەچوو کە بە (هەزاران) لاپەڕەیە، لە ژمارە (٤)دا، کـە لـە ٢٢/ی نیسـان ٢٠٠١ دەرچوو ڕۆژنامەنووس عبدالله زەنگەنە بە (سکرتێری نووسـین)ی گۆڤارەکـە دانـدراو، مامۆسـتا (عبدالکریم شـێخانی)یش بە سەرپەرشتیاری زمانەوانـی لـە سەرەتاشـەوە پیت چنین و جێبەجـێ کردنی هونەری (فەرهاد موحسـن) و (توانا جەمال) بوون، بەڵام لە ژمارە پێنجدا (هەوار محەمەد عەلی) لەجیاتی فەرهاد موحسن دەست بەکاربوو، لە ژمارە (١٠)یشەوە (هاوڕێ محەمەد زادە) نەخشەسـازی تێدا کردووە لە ژمارە (٦)یشـەوە دەسـتەی نووسـەرانی بۆ دەست نیشان کرا کە بریتی بوون لە هەریەک لە ڕۆژنامەنووسان:

١-ئـازاد حمد أمین ٢-ئەکـەد موراد ٣-حامد محمـد علی ٤-زادۆق ئادەم، ٥-زیرەک کەمال ٦-عبدالـڕەزاق عەلـی ٧-فەهیـم عبداللـه، کە لە ڕاسـتیدا هەموویـان ئەندامی ئەنجوومەنی سـەندیکابوون، لـە ژمـارە (٨)یشـەوە کە لە ٢٢ی نیسـانی ٢٠٠٢ دەرچوو ڕۆژنامەنووس (زیـرەک کەمـال) بـوو بـە سەرنووسـەری گۆڤارەکە و سـکرتێری نووسین و ئەندامانی دەسـتەی نووسـەران و سەرپەرشـتیاری زمانەوانی (تایپێسـت و نەخشەسازی) وەکو خۆیان مانەوە، لە ژمارە (٥)یشەوە گۆڤارەکە کەوتە سەر ئەنتەرنێت.

وەکو لە پێشـەوە ئیشـارەتمان پێ داوە، گۆڤـاری ڕۆژنامەڤانـی" گۆڤـاری هەمـوو پێکهاتەکانـی گەلی کوردسـتانە بە جیاوازی نەتـەوەو بیـروڕای سیاسـی و ئاییـن، زۆرجاریـش هەوڵـی بێ وچانـم داوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی کلدۆ ئاشور و تورکمان بۆ ئەوەی ئەوانیش دۆسـیەی ڕۆژنامەنووسـی خۆیـان تۆمـار بکـەن کـە دەرفەتێکـە هەر هەمووڵایـەک دەتوانیـن بەوپـەڕی ئـازادی بنووسین و بخوێنینەوە، بێ ئەوەی سانسۆر بتوانـێ لەمپەر دروسـت بکاتـەوە، ئەوەبوو توانیمـان لە ڕێگای ڕۆژنامەنـووس (ئەکەد موراد) کە ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا بوو ئەو دۆسـیە ئامادە بکرێت کـە تێدا کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسـی سـریانی چەندین بابەتیان دەربـارەی ڕۆژنامەنووس ئاشـوری ئامادە بکەن و لەسەرەتای دۆسیەکەش -(بەندە)ش وتارێکم دەربارەی ئەو دۆسـیە نووسـی کە تێدا ڕاو بۆچوونـی گۆڤارەکە دەربارەی ئەو دۆسـیەی کە ئامادە کرابوو لە ژمارە (١٠)دا بڵاوکرایـەوە کـە دەقەکەی لەلاپـەڕە (٢١٧)



دۆسێی ڕۆژنامەنووسیی سریانی، بۆچی؟

لەژمارەکانی پێشووی (ڕۆژنامەڤانی) دا بایەخێکی بەرچاو بەهەندێ ڕۆژنامەی کوردی وەکو (کوردستان)ی دایک و (زاری کرمانجی)و (ژین) ئەستێنول و... لە ڕوانگەی کۆکردنەوەی هەموو زانیارییەکان و ئەو بابەتانەی لەسەر ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بڵاوکراونەتەوە سەرەڕای شیکردنەوەو باس کردنی بابەتەکانیان بە مەبەستی شارەزابوونی نەوەی تازەو ئەو ڕوشنبیر و ڕۆژنامەنووسانەی کە دەرفەتیان نەبووە ئاوڕێک لەو ڕۆژنامەو گۆڤارە دێرینانە بدەنەوە، کە لەکات و ساتێکی زێدە دژوار تاریکیدا بیوونە مەشخەڵی ڕێگاڕوونکردنەوەی سەردەمانێک کە بە زەحمەت دەتواندرا ناوی کوردو کوردستان بە ئاسانی بهێندرێ، لە هەمان کاتیشدا بە ئەرکی سەرەکی خۆمانی دەزانین کە ڕۆڵی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەو خاوەنەکانیان و نووسەرانی زیندوو بکەینەوە تاکو ئەوە لەدوای ئەوە لەو ڕاستییە ئاگادارین کە ئەوەی ئێستا هاتۆتە بەرهەم ڕەنجی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی سەردەمانی پێشووتریشە ئەوجا هەریەکە بەپێی تواناو ئەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاوە.

لەم ژمارەیەشدا خوێندەواری ئازیز چاوی بە دۆسیەو مەلەفێکی بەرچاوی ڕۆژنامەو گۆڤاری برایانی سریانی دەکەوێ هەر لە دەرچوونی ڕۆژنامەی(زهریری بهرا) کە لە ١٨٤٩/١١/١ لە شاری ورمێ لەکوردستانی ئێران دەرچووە بۆ ماوەی ٦٩ ساڵ و لەساڵی ١٩١٨ لەبەر باروودۆخی شەڕی یەکەمی جیهانی وەستاوە. پاش ئەوەش چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارەی دیکەی وەکو (رسائل فی ئاشور لە ساڵی ١٨٨٧ و المراسل الاشوری ١٨٩٠و صوت الحق لە ساڵی ١٨٩٧ دەرچوون لەکاتێکدا یەکەم گۆڤار کە بە زمانی سریانی لە عێراق دەرچووە گۆڤاری (اکلیل الورد) بووە، مەبەستیش

بڵاوکراوەتەوە و دەڵێ

"دۆسێی ڕۆژنامەنووسیی سریانی، بۆچی؟
لەژمارەکانی پێشووی (ڕۆژنامەڤانی) دا بایەخێکی بەرچاو بەهەندێ ڕۆژنامەی کوردی وەکو (کوردستان)ی دایک و (زاری کرمانجی)و (ژین) ئەستەنبول و.. لە ڕوانگەی کۆکردنەوەی هەموو زانیارییەکان و ئەو بابەتانەی لەسەر ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بڵاوکراونەتەوە سەرەڕای شیکردنەوەو باس کردنی بابەتەکانیان بە مەبەستی شارەزابوونی نەوەی تازەو ئەو ڕوشنبیر و ڕۆژنامەنووسانەی کە دەرفەتیان نەبووە ئاوڕێک لەو ڕۆژنامەو گۆڤارە دێرینانە بدەنەوە، کە لەکات و ساتێکی زێدە دژوار تاریکیدا ببوونە مەشخەڵی ڕێگا ڕوونکردنەوەی سەردەمانێک کە بە زەحمەت دەتواندرا ناوی کوردو کوردستان بە ئاسانی بهێندرێ، لە هەمان کاتیشدا بە ئەرکی سەرەکی خۆمانی دەزانین کە ڕۆڵی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەو خاوەنەکانیان و نووسەرانی زیندوو بکەینەوە تاکو ئەوە لەدوای ئەوە لەو ڕاستییە ئاگادارین کە ئەوەی ئێستا هاتۆتە بەرهەم ڕەنجی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی سەردەمانی پێشووتریشە ئەوجا هەریەکە بەپێی تواناو ئەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاوە.

لەم ژمارەیەشدا خوێندەواری ئازیز چاوی بە دۆسیەو مەلەفێکی بەرچاوی ڕۆژنامەو گۆڤاری برایانی سریانی دەکەوێ هەر لە دەرچوونی ڕۆژنامەی(زهریری بهرا) کە لە ١٨٤٩/١١/١ لە شاری ورمێ لەکوردستانی ئێران دەرچووە بۆ ماوەی ٦٩ ساڵ و لەساڵی ١٩١٨ لەبەر باروودۆخی شەڕی یەکەمی جیهانی وەستاوە. پاش ئەوەش چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری دیکەی وەکو (رسائل فی ئاشور لە ساڵی ١٨٨٧ و المراسل الاشوری ١٨٩٠و صوت الحق لە ساڵی ١٨٩٧ دەرچوون لەکاتێکدا یەکەم گۆڤار کە بە زمانی سریانی لە عێراق دەرچووە گۆڤاری (اکلیل الورد) بووە، مەبەستیش لەبایەخ دان بەم دۆسییە لە ڕۆژنامەڤانی دا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار؛ یەکەمیان برایانمان کە بە زمانی سریانی دەدوێن ئەوجا چ (ئاشووری چ کلدان) بەشێکی گرنگی پێکهاتەی ئەم گەلەن کە بەناوگەلی کوردستان ناوزەد دەکرێن و خاوەن مێژوو شارستانیەت و کەلتوور و فەرهەنگێکن کە پێویستە بایەخی پێ بدرێت چونکە پرۆسەیەکی سەرکەوتوو نایەتەکایەوە ئەگەر گرنگی بەلایەنێک بدرێ و بەشێکی دیکە فەرامۆش بکرێ، دووەمیان سەندیکای

ڕۆژنامەنووسانی کوردستان خۆی بە بەرپرس دەزانی بەرامبەر بایەخ دان بە کلتوور و شارستانیەتی هەموو نەتەوەکانی کوردستان کە لە پێشەوەیان باری ڕۆشنبیری و مێژووی ڕۆژنامەگەری ئەم نەتەوانەن کە تێیدا برایانی کلدان ئاشووری ڕۆڵێکی بەرچاو لەم سەندیکایەدا دەبینین کە ئەویش بەرهەمی قۆناغە پیرۆزەکەی ڕاپەڕینەو، تێیدا یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی ئاشووری بە ئاشکرا (بەهرا) کە ژمارە (٤٠)ی پێوەیە لە ١٩٩١/١٠/١دەرچوو پاش ئەوەی ژمارەکانی پێشووی بەشێوەیەکی نهێنی لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستان لە ٢٦/مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢ەوە دەستی پێکردبوو و یەکەمین گۆڤاری سریانیش بەناوی (نجم بیپ نهرین) لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ دەرچووەو تاکو ئێستاش بەردەوامە، لەگەڵ دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار و ئێستگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن کە هەموویان لەگەڵ بوونی ١٦ قوتابخانە لە هەولێر و ٢١ قوتابخانە هەر سێ قۆناغ لە دهۆک کە هەرهەموویان بە زمانی سریانی تێیاندا دەخوێندرێ و ئەو ڕاستیەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە ئەویش ئەم ئەزموونەی ئێستامان سەرەڕای کەموکوڕییەکان ئەزموونی ڕاستەقینەی هەموو گەلی کوردستانە بە کورد و ئاشووری کلدان و تورکمان کە هەر یەک لەو نەتەوانە چ گچکە و چ گەورە، قۆناخی زێڕینی وەهایان بەخۆوە نەبینیوەو ئەرکی نیشتمانییان ئەوەیان لێ دەخوازێ کە بەهەموو شێوەیەک؛ داکۆکی لێ بکەن و بیپارێزن هەوڵی بەرەوپێش."

لە ژمارە (١١-١٢)شدا، کە لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ دەرچووە بۆ یەکەم جارە لەمێژووی تورکمانەکانی کوردستان لە گۆڤارێکی کوردی و کوردستانی دۆسیەی ڕۆژنامەگەری تورکمانی بڵاو بکرێتەوە کە پێشەکیەکەی بە ناوی (خاوەن ئیمتیاز) لەلاپەرە (٥٠٢) بڵاوکراوەتەوە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنین کە هیچ کاتێک کورد سیاسەتی (دوو ڕوویيان) بەرامبەر هیچ لایەنێک و نەتەوەکانی دیکەی سەر خاکی کوردستان نەبووەو تەنها بۆ مێژوو دەقی وتارەکە کە لە پێشەکی دۆسیەکە نووسراوە لە ژێر ناوی (دۆسیەی ڕۆژنامەگەری تورکمانی لە کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە کە دەڵێ:

"دۆسێی ڕۆژنامەگەریی تورکمانی لە کوردستان

ئاشکرایە پێکهاتەی گەلی کوردستان، جۆرە مۆزایکێکی بە خۆیەوە گرتووە، کە ئەویش بوونی نەتەوەو ڕەگەزو ئایینی جیاوازە، لە چوارچێوەی (کوردستان)، کە بەشێکە لەو وڵاتە پان و بەرینەی، هەر لە دوای شەڕی نەگریسی چاڵدێرانەوە کە لە ساڵی (١٥١٤) ڕوویدا، خاکەکەی تووشی (لەت لەت بوون) کردو سەرەتای ئەو دابەشبوونەوەی لێکەوتەوە، کە جارێکی دیکەش لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، دووچاری هەمان چارەنووس بووەوە، کە تاکو ئێستاکە (جەوری مێژوو) و بەرژەوەندی بڕیار بەدەستانی وڵاتانی زلهێز، جگە لە کەموکوڕی خۆشمان، بواری ئەوەی نەداوە، هەر هیچ نەبێت سنوورەکانی نێوان، نەبنە (ئەو سنوورە پیرۆزەی کە نابێت هەرگیزاو هەرگیز دەستی لێ بدرێت).
بەڵام دیسان ئەو (واقع الحال)ەی کە هەیە نەبۆتە هۆکاری بە پەراوێز بوونی ئەو گەلانەی کە لەسەر ئەو خاکە لەت لەت کراوە دەژین، ئەویش لە ڕوانگەی ئەو خەسڵەت و ڕەوشت و ویژدان مرۆڤانەی نەتەوە دابەشکراوەکەی (کورد)ە، کە ڕێز لە بوون و ماف و پێکەوە ژیانی هەموو گەلان دەگرێ، کە بەهەموویان پێکەوە گەلی مەزنی کوردستان پێکدەهێنین، هەر هەموومان تێیدا مافمان پارێزراو بێو هەموو لایەک مێژوو و کلتورو ئەدەب و کاری فەرهەنگیمان بە زوبانی خۆمان بخوێنین و ڕێز لە کەلەپوری یەکدی بگرین، هیچ هۆکارێکیش نەبێتە لەمپەر، لەبەردەم پەرەپێدانی ئەو سەرمایە نیشتمانییە.
لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیيانەی سەرەوە، سەرەڕای بڕوا بوون بەو قسە پەند ئامێزەی کە دەڵێ: (هەرگەلێک مافی گەلێکی دیکە زەوت بکات خۆشی ئازاد نییە).
ماوەیەکە (ڕۆژنامەڤانی) لە هەوڵ و تەقەڵلای



دۆسیێ رۆژنامەگەریێ تورکمانی لە کوردستان

خاوەنی ئیمتیاز

ئاشکرایە پێکهاتەی گەلی کوردستان، جۆرە مۆزایکێکی بە خۆیەوە گرتووە، کە ئەویش بوونی نەتەوەو رەگەزو تایفی جیاوازە، لە چوارچێوەی (کوردستان)، کە بەشێکە لەو وڵاتە پان و بەرینەی، هەر لە دوای شەری ئەگریسی چالدێرانەوە کە لە ساڵی (١٥١٤) روویدا، خاکەکەی تووشی (لەت لەت بوون) کراو سەرەتای ئەو دابەشبوونەوەی لێکەوتەوە، کە جارێکی دیکەش لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، دووچاری هەمان چارەنووس بووەوە، کە تاکو ئێستاکە (جەوری مێژوو) و بەرژەوەندی بریار بەدەستانی وڵاتانی زلهێز، جگە لە کەموکوڕی خۆشمان، بواری ئەوەی نەداوە، هەر هیچ نەبێت سنوورەکانی نێوان، نەبنە (ئەو سنوورە پیرۆزەی کە نابێت هەرگیزاو هەرگیز دەستی لێ بدرێت).

بەڵام دیسان ئەو (واقع الحال)ەی کە هەیە نەبۆتە هۆکاری بە پەراوێز بوونی ئەو گەلانەی کە لەسەر ئەو خاکە لەت لەت کراوە دەژین، ئەویش لە روانگەی ئەو خەسڵەت و رەوشت و ویژدان مرۆڤانەی نەتەوە دابەشکراوەکەی (کورد)ە، کە رێز لە بوون و ماف و پێکەوە ژیانی هەموو گەلان دەگرێ، کە بەهەمووریان پێکەوە گەلی مەزنی کوردستان پێکدەهێنین، هەر هەموومان تێیدا مافمان پارێزراو بێ و هەموو لایەك مێژوو و کلتوور ئەدەب و کاری فەرهەنگیان بە زوبانی خۆمان بوێنین و رێز

ئـەوە دایە کە (دۆسـێی تایبەتی) بۆ مێژوو و کاری رۆژنامەگەریـی، لەوانـە هەردوو گەلی ئاشووری و تورکمانیش، تەرخان بکات.

ئەوەبوو لە ژمارەی پێشووی گۆڤارەکەماندا، (دۆسـێی رۆژنامەگەریـی ئاشـوری)مان لە کوردسـتان بڵاوکردەوە، وا لەم ژمارەیەشدا (دۆسـێی رۆژنامەگەریـی تورکمانی)یـش، بڵاودەکەینـەوە، بێ گومـان، ئێمە پێمان وایە، ئەو هەوڵانەمان لـە ئاکامدا دەبێتە هۆکارێکی بەهێـز بـۆ خوێندنەوەیەکـی بابەتیانـەی یەکتـری و لێکحاڵی بوونیی زیاتـر لەو کارە رۆشـنبیرییانەی کە شارستانییەتی ئەم وڵاتە پـان و بەرینە دابەشـکراوەی (کوردسـتان) نیشان دەدات."

گۆڤـاری رۆژنامەڤانی کە بـە (١٢) ژمارە لـە ژێر ئـەو نـاوەو بـە (هەزارەهـا) لاپەڕە ژمارەی (١٢) لە ٢٠٠٣/١٢/٥ کەوتۆتە دەست خوێنەرانـەوە وەکـو دوا ژمـارەی، چونکـە قۆناغێکـی دیکە بەسـەر خـودی گۆڤارەکەدا هـات کە وتـاری دوا لاپـەڕەی ژمـارە (١٢) باشترین تۆماری ئەم قۆناغەن کە وەکو خۆی بڵاو دەکەیتەوە.

"خوێنەرانـی بەڕێـز و دوا ژمـارەی (رۆژنامەڤانی)

ژمارە(١)ی (رۆژنامەڤانی)، کە لە ٢٢ی نیسانی ساڵی (٢٠٠٠)، رێکەوتی (١٠٢)هەمین ساڵیادی لەدایک بوونـی، یەکەمین رۆژنامەی کوردی، (کوردسـتان)ی جووتە برا میقـداد مەدحەت و عەبدولڕەحمـان بەدرخاندا دەرچووە، تاکو ئەمـڕۆ (٢٠٠٣/١٢/٥)، (١٢)یەمیـن ژمـارەی بـە پێـز و بەرەکەتـی دەکەوێتە بەردەسـتی خوێنـەران، ئێمـە خۆمـان نامانـەوێ لێرەدا (مـەدح و سـەنای) گۆڤارەکـە بکەین، چونکە هەموو ژمارەو بابەتەکانی، بۆ هەڵسەنگاندنی لەلایـەن ئێـوەی بەڕێزەوە، لەبەر دەسـتن و خۆیان دەسـەلمێنن، بەڵام لێـرەدا دەمانەوێ ئەم راستییانە بخەینەڕوو:

یەکـەم: ئـەو بابەتانـەی بـۆ (رۆژنامەڤانـی) هاتوون، بە جیاوازی بیروڕاو بۆچوونی ئایین و نەتەوەکان، بەوپەڕی بێ لایەنییەوە لە ئامێز گیراون.

دووەم: (رۆژنامەڤانـی) تەنیـا گۆڤـاری رۆژنامەنووسـانی کـورد نەبـووە، بەڵکـو گۆڤاری تێکڕای رۆشـنبیرانی کوردستان، بە (کـورد و کلدۆ ئاشـووری و تورکمان)ییەوە هەموو جیاوازییەکانیانەوە بووە، ئامادەکردن و بڵاوکردنـەوەی مەلەفـی رۆژنامەگەریـی ئاشـووری لە ژمـارەی پێشـوودا، هەروەها مەلەفـی رۆژنامەگەریـی تورکمانـی لـەم

ژمارەیەدا، بەڵگەی دروستی ئەم راستییە بووە لە روانگەی هەڵوێستی راست و دروستی سەندیکاوە، کە خۆی بە خاوەنی هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان دادەنێ و بۆیان بۆتە چوارچێوە.

سێیەم: پاش هاتنە ئارای هەلومەرجی دروستبوونی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە هەردوو (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) و (یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان)، ئەنجوومەنی فیدراسیۆن بڕیاریدا، لەپاش کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥دا لە هەولێری پایەتەختی کوردستان دەبەسترێت، گۆڤارێکی دیکەی نوێ، لە جیاتی هەردوو گۆڤاری (رۆژنامەڤانی) و (رۆژنامەنووسان)، کە یەکەمیان ئەوا ژمارە (١٢،١١)یتان لە بەردەستە، دووەمیشیان تاکو ئێستا (٣) ژمارەی لێ دەرچووە، لە ژمارە (١)ەوە بەناوی (رۆژنامەنووسان)ەوە دەربکات.

(رۆژنامەڤانی) لە رێگای ستافی خۆیەوە، وێڕای سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ ئەو خاوەن قەڵەمە بەڕێزانەی کە بەشدارییان لە سەرهەڵدانی (رۆژنامەڤانی) کرد و تا دوا ژمارە لەگەڵیدا بەردەوام بوون، داواکارە لە تێکڕای نووسەر و رۆشنبیر و رۆژنامەنووسانی سەراپای کوردستان، لەمەودوا (رۆژنامەنووسان)یش لە زادەی بیری خۆیان، بەتایبەتی لەبواری رۆژنامەنووسیدا کە هەموو لایەنێکی ئەم بوارە دەگرێتەوە، بێبەش نەکەن، هیوادارین قەڵەمی بەبڕشتان گیانی هەردوو پێشڕەوانی ئەم کاروانە شارستانیەمان، (میقداد مەدحەت و عەبدولڕەحمان بەگ بەدرخان) و تێکڕای شۆڕە سوارانی ئەم بوارە شاد بکات.

رۆژنامەڤانی"

پاش کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە لە رۆژانی ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥ لە هەولێر بەسترا، لە ئاکامی یەکگرتنی هەردوو رێکخراوی رۆژنامەنووسان (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان+یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان) لە یەک رێکخراوی سەرتاسەری کە (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان)ە کە هەریەکەیان پێشووتر گۆڤارێکی تایبەتی بەکاری رۆژنامەنووسییان دەرکرد بەناوی (رۆژنامەڤانی +رۆژنامەنووسان) کە پاشان بە تێکەڵاوکردنیان بەرهەمێکی تازە هاتە کایەوە بەناوی (رۆژنامەنووس) کە ژمارەی (١)ی لە

**خوێنەرانی بەڕێزو دوا ژمارەی (رۆژنامەڤانی)**

ژمارە (١)ی (رۆژنامەڤانی)، کە لە ٢٢ی نیسانی ساڵی (٢٠٠٠)، رێکەوتی (١٠٢)هەمین ساڵیادی لەدایک بوونی، یەکەمین رۆژنامەی کوردی، (کوردستان)ی جووتە برا میقداد مەدحەت و عەبدولڕەحمان بەدرخاندا دەرچووە، تاکو ئەمڕۆ (٢٠٠٣/١٢/٥)، (١٢)یەمین ژمارەی بە پێزو بەرەکەتی دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران، تورکمان)یەوەو هەموو جیاوازییەکانیانەوە بووە، ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی مەلەفی رۆژنامەگەریی ئاشووری لە ژمارەی پێشوودا، هەروەها مەلەفی رۆژنامەگەریی تورکمانی لەم ژمارەیەدا، بەڵگەی دروستی ئەم راستییە بووە لە روانگەی هەڵوێستی راست و دروستی سەندیکاوە، کەخۆی بە خاوەنی هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان بەردەستە، دووەمیشیان تاکو ئێستا (٣) ژمارەی لێ دەرچووە، لە ژمارە (١)ەوە بەناوی (رۆژنامەنووسان)ەوە دەربکات.

(رۆژنامەڤانی) لە رێگای ستافی خۆیەوە، وێڕای سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ ئەو خاوەن قەڵەمە بەڕێزانەی کە بەشدارییان لەسەرهەڵدانی (رۆژنامەڤانی) کردو تا دوا ژمارە لەگەڵیدا بەردەوام بوون،

٢٠٠٤/٤/٢٢ دەرچــوو کە تێیدا بەندە دیسـان وەکـو خاوەنـی ئیمتیـاز و ڕۆژنامەنـووس عەبدوڵـڵا زەنگەنـە وەکـو سەرنووسـەر و ڕۆژنامەنـووس خالـد بەکـر ئەیـوب وەکو سکرتێری نووسین و دەستەی نووسەرانیش بریتین لە ڕۆژنامەنووسان:

سۆزان مامە، ئازاد عوبێد، ئەکەد موراد، ئەنوەر حسێن، ئیسماعیل بادی، ئیسماعیل عەلی، ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، پاشانیش (موسەدەق توفی) لە ژمارەی (٢)وەوە بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەران، هەروەها دەستەیەکی ڕاوێژکارانیشی بۆ هەڵبژێردرا کە بریتین لەو ڕۆژنامەنووسانە:

حامد محەمەد عەلی، د.عبدالفتاح عەلی بۆتانی، د.کەمال سەعدی، د.موەفەق دەرگەڵەیی، د.هیمداد حوسێن، یونان هۆزایا.

لەبەرگی ناوەوەی گۆڤارەکە وتارێکم لەژێر ناوی (دیارییەکی تازەی سەندیکای سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) بڵاوکردەوە کە تەعبیر لە ڕۆژانی دەرچوونی (ڕۆژنامەنووس) دەکات بە پێویستی دەزانم وەکو خۆی بڵاوی بکەمەوە.

"دیارییەکی تازەی سەندیکای سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

فەرهاد عەونی

کۆنگرەی گشتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە لە ڕۆژانی ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥دا بە ئامادەبوونی ٤٧٥ ڕۆژنامەنووس لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەسترا، ئەو سەندیکایەی لێ کەوتەوە کە نوێنەرایەتی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بە جیاوازی نەتەوەو ئاین و بۆچوون و بیروڕای جیا دەکات، لێرەدا ڕۆژنامەنووسان وەکو توێژێکی ڕۆشنبیری توانیان، سەرەرای هەندێ ڕاوبۆچوونی جیاواز، دەربارەی پێکهاتەی ئەنجوومەنی سەندیکاو هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفت کردن و دیاری کردنی هێڵی گشتی لقەکانی سەندیکا، لەسەر بنەمایەکی ئیئتیلافی زێدە فراوان، کە لە ڕۆژانی ئەمڕۆی بارودۆخی کوردستان باشترین شێوازی دیموکراتیەو هەموو لایەک دەخوێنێتەوەو کەسیش فەرامۆش ناکات و خوێندنەوەیەکی زێدە بابەتیانەی کۆمەڵگای کوردستان بە هەموو ڕەنگەکانیەوە لە ڕێگای ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە نوێنەرایەتیان دەکەن حزوریان هەیەو بەراست و دروستی لە خزمەت و پیادەکردنی ئەو دروشمە



دیارییەکی تازەی
سەندیکای سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

فەرهاد عەونی

کۆنگرەی گشتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە لە ڕۆژانی 13-2003/12/15دا بە ئامادەبوونی 475 ڕۆژنامەنووس لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەسترا، ئەو سەندیکایەی لێ کەوتەوە کە نوێنەرایەتی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بە جیاوازی نەتەوەو ئاین و بۆچوون و بیروڕای جیا دەکات، لێرەدا ڕۆژنامەنووسان وەکو توێژێکی ڕۆشنبیری توانیان، سەرەرای هەندێ ڕاوبۆچوونی جیاواز، دەربارەی پێکهاتەی ئەنجوومەنی سەندیکاو هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفت کردن و دیاری کردنی هێڵی گشتی لقەکانی سەندیکا، لەسەر بنەمایەکی ئیئتیلاف زێدە فراوان، کە لە ڕۆژانی ئەمڕۆی بارودۆخی کوردستان باشترین شێوازی دیموکراتیەو هەموو لایەک دەخوێنێتەوەو کەسیش فەرامۆش ناکات و

ناوەندییــەن کە هەر لە کۆنگرەی گشــتیماندا لە ژێــری کۆببوینەوەو داوای: (چەسـپاندنی ئازادی و دەستەبەر کردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووســان)مان دەکـرد، بـۆ ئــەوەی ســەندیکا لە ڕێرەوی پیشــەیی و نیشــتمانی خۆی لانەداو و دوور بێ لە سیاســەت کردن و بە ئاقاردا بردنی بۆ لایەک.

نۆبــەرەی (گۆنگــرەی گشــتی) یــش (ڕۆژنامەنــووس)ی تەواوکــەری (ڕۆژنامەنووســان + ڕۆژنامەڤانی)ــە کــە لە بەرگێکــی تازەیــدا بەهەمان گیانــی هەردوو گۆڤــاری ئامــاژە بۆکــراو دێتــە گۆڕەپانــی ڕۆژنامەنووســیی کوردستان، تاوەکو ئەمیش بەشداری لەو پرۆژە کوردستانیە بکات کەبەر لە پتر لە ســەدەیەک شۆڕەســوارو پیشەوای ئــەم بــوارە توانی(کوردســتان)ی نۆبــەرە، دوور لــە وڵاتی پــان و بەرینی کوردســتان، بکاتــە دیــاری بــۆ ئــەو نەتەوەیــەی تاوەکو ڕۆژانــی ئەمــڕۆش خاکەکەی بەســەر چوار وڵاتی(غەیــرە) دابەشــکراوە، بــەڵام ئــەوەی ماوەتەوە ناوە پیرۆزەکەی (کوردســتان)ە کە ڕۆژنامەنووســانی درێژە بەو کاروانە دەدەن کــە ئاســۆی ڕووناکــی لێمانەوە دیــارە، ئەو ڕۆژەش نزیک بۆتەوە کە هیواو ئامانجەکانمان دێتــە دی، ئەگەر هەرهەموومان، بە تایبەتیش ڕۆشــنبیران لەنێوانیشــیاندا ڕۆژنامەنووسان دەتوانــن ئــەو ڕۆڵــە بگێــڕن کە بانگەشــەو داکۆکی لە پاراســتن و ڕێکخستنی ماڵی گەلی کوردســتان ئەرکی ســەرەکی ئەوانە، ئەگەر وەفاداربــن بــۆ ڕێبــازی میقداد بەدرخان و ئەو(کوردســتان)ەی کە تاکــو ئەمڕۆش پاش سەدوشــەش ســاڵ شــانازی بــەو هەســتە نەتەوایەتیە دەکەین کە (کوردســتان)ی کردە دیــاری و پەیامــی ڕاســتەقینەی گەلەکەمــان بــەرەو بەدیهێنانــی ئەو ئاواتەی کــە دەمێکە خەونی پێوە دەبینین.

دەرچوونــی (ڕۆژنامەنــووس)ی نۆبــەرەی ســەندیکای ســەرتاســەریی لــە هەموولایەک بیرۆزبێت..!!"

لــە ژمــارە (١١-١٢) ڕۆژنامەڤانی ئەڵقەی یەکەمــی (ئەزموونــی ڕۆژنامەگەریــم) بڵاوکــردەوە کــە پاشــان لــە ژمــارە یەکــی ڕۆژنامەنووســیش بــە زنجیــرە (٧) ئەڵقــەم تێیــدا بڵاوکردۆتــەوە کــە ئــەم ئەڵقەشــیان (ئەڵقــەی (٨) دوا ئەڵقەی ئەو زنجیرەیە کە بە ئومێدی خوا لــە ئایندەدا مێــژوو بارودۆخی ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانی کوردستانیش بــڵاو دەکەمەوە، بەڵام کاتی ئەوە دەنووســم کە سەندیکا بەجێ دەهێڵم.

ئەزموونــی گۆڤــاری ناوەنــدی ســەندیکا ئەوجا چ (ڕۆژنامەڤانی) و چ (ڕۆژنامەنووس) پانتاییەکی زۆری لە ڕۆژانی کاری سەندیکام داگیــر کــردووە، بــەڵام هیــچ کاتێــک ڕۆڵی ســەرەکیم تێدا نەبینیــوە، بــەڵام پەیداکردنی ئیمکانیاتی ماددی، خەمخۆریم بۆ دەرچوونی لە ڕۆژانی خۆی، هەڵســەنگاندنی بابەتەکانی، ســەرەڕای نووســینی بابەتی بەرگی یەکەمی نــاوەوە کــە تەعبیــر لــە رای ســەندیکاو گۆڤارەکە دەکات، ســەرەڕای ئــەو بابەتانەی کــە تایبەت بۆ گۆڤارەکەم نووسیوە کە هەر هەموویان ڕۆڵی خاوەنیەتی گۆڤارەکەیان پێ بەخشــیوم و هەســت کردنیش بە خاوەنیەتی شــتێک ماندووبــوون و شــەونخوونی و بیرلێکردنەوەی دەوێ کە ئەمانەش بە ئاسانی بۆ ڕۆژنامەنووس (مەیسەر) نابێت.

بــە کوردی و بە کورتیش هەڵســەنگاندنی ئەم بەرهەمە (گۆڤارەکــە) تارادەیەک لەلایەن بســپۆڕان و خوێنەرانیــەوە مافــی خــۆی دراوەتــێ، بەڵام ئەوەی جێگای داخە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی لێ دووربوون و تەنانەت دەتوانم بڵێم زۆربەی هــەرە زۆریشــیان خــۆی ماندوو نــاکات کە دانەیەکی لێ بکڕێت کە زۆر جار لە نرخی ئەو پاکەتە جگارەیە هەرزانتر بووە کە ڕۆژانە دوو پاکەتی لێ دەکێشــن کە ئەمیشیان دەردێکەو دەرمانەکەی جارێ زۆری ماوە بدۆزرێتەوەو چارەســەی ئەو نەخۆشــیە (بێ باکیە) بکات، بەڵام دیسان لەو رایەدام کە (ڕۆژنامەنووس) توانیویەتی بۆشــاییەکی گــەورەی گۆڕەپانی ڕۆژنامەوانی پڕ بکاتەوە.

لەلایەکــی دیکــەوە شــێرکۆی ئامــۆزام (شــێرکۆ حەبیب) کــە دەرچــووی پەیمانگای


ژینۆ

مامۆستایانە و ساڵی ١٩٨٧ وەکو هەزاران کەسی دیکە وڵاتی بەجێهێشت و بەرەو هەندەران ڕۆیشت پاشان بەماڵ و منداڵەوە لە (لەندەن) گیرسایەوەو بە ئارەقی نێوچەوانی منداڵی خۆی پێگەیاند و کاری سیاسەتیشی وەکو (پارتیەکی) جگەر سۆز دەکرد و لەسەر هەمان ڕێڕەوی باوکی کە لە پاش دروست بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هاوینی ساڵی ١٩٤٦ ئەویش وەکو (عەونی) شاعیری برا گەورەی بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون لە کۆیە.

لە هەمان کاتیشدا شێرکۆ خوێندەوارێکی باشی کتێب و ڕۆژنامەبوو ماوەیەکی زۆریش پەیامنێری ڕۆژنامەی برایەتی بوو لە (لەندەن) و بۆ زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی پارتی چ کوردی و چ عەرەبی بابەت و ڕاپۆرت و هەواڵی ئامادە دەکرد و دەیناردن و بەبێ بەرامبەر کاری لەم بوارە بەردەوامە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ، لە هاوینی ساڵی (٢٠٠٠)وە لە ماڵەوە سەرقاڵی ئامادەکردنی گۆڤارێکی چەند لاپەڕەیی بوو کە هەر خۆشی نەخشەسازی بۆ دەکرد و بە (پرینتەر) چاپی دەکرد و نزیکەی ١٥٠ دانەی لەسەر حیسابی خۆی بە پۆستە بۆ دۆست و ناسیاوی دەنارد چ لە لەندەن و چ لە شارەکانی ئەوروپا هەندێ دانەشی بۆ من دەنارده کوردستان و منیش بڵاوم دەکردەوە و تاکو مانگی نیسانی ٢٠٠٣ (٣٩) ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە و (بەندەش) لە ژمارەکانی (١٥) و (١٦) تاکو دوایی چ وەکو دەستەی نووسەران و چ وەکو خاوەن ئیمتیاز بەشداریم لە نووسین و ئامادەکردنی دەکرد، بەڵام مەسەلەی چاپ کردنی شێرکۆ لە لەندەن خۆی کارەکەی ئەنجام دەداو لە ژمارەی (٢٥)یشەوە ڕۆژنامەنووسان: تاریق ئیبراهیم شەریف و عەبدولغەنی عەلی یەحیا و عومەر ساڵح بەگ وەکو دەستەی نووسەران و دەست نیشان کران و (ژینۆ)ش بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی تا ژمارە ٣٩ مانگی نیسانی ٢٠٠ دەرچووە بەردەوام بوو، بەڵام ڕوخانی ڕژێمی صدام سەرقاڵی شێرکۆ بە ئیشوکاری دیکەوەو چونی من بۆ بەغدا ژینۆ لە بڵاوکردنەوە وەستا، بەڵام شێرکۆ و بەندە هەر بە ئومێدین کە لە ئایندەدا ئەگەر بوار ڕەخسا جارێکی دیکە شانی بدەینەوەبەر.




پاش وەستانی (ژینۆ) بەهۆی سەرقاڵیمان بە هەندێ ئیشوکاری سیاسی و پیشەیی، بەڵام دیسان بە پێویستمانزانی بەتایبەتیش پاش بارودۆخی ڕوخانی ڕژێمی فاشی بەغدای سەدام حسێن، بەڵام ئەمجارەیان بە زوبانی

عەرەبی و یەکسەریش بیخەینە سەر ئەنتەرنێت بۆ ئەوەی بتوانـدرێ دەنگێکـی زیاتر بێتە گۆڕەپانـی ڕۆژنامەگەری لە کوردسـتان و ئاراسـتەی خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی عـەرەب بکرێـت و لـە هەمـان کاتیشـدا گرنگییەک بە هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بدات و ڕۆژنامەنووسـانی عـەرەب لە ڕۆڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئاگاداربن و جارێکی دیکە کەسێک بیر لـەوە نەکاتـەوە یەکێتـی و سەندیکاکانی کوردستان ببنە بەشێک لە ڕێکخراوەکانی عیراقی هاوچەشن، بۆ مێژووش ئەو نامەیەم پاراسـتووە کە لە (ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرێکی) کورد ئاراسـتەم کـراوە پاش ڕوخانی ڕژێـم داوام لـێ دەکات کـە بـە پەلـە بەشداری لە هەڵبژاردن و چالاکییەکانی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی عیراقـی بکەین، چونکـە وەکو لە نامەکە دەفەرمێ (دۆستانمان پێیان خۆشەو بە چاکی دەزانن) و بـە هەموو عەقڵـی خـۆی وایلێکدەداوە کـە کاتێ باسـی (لە دۆسـتانمان) دەکات من یەکسەر وای بۆ دەچم کە کاکی ڕۆژنامەنووس و ڕۆشـنبیری کورد لەگەڵ (جۆرج بۆش) سـەرۆکی ئەمریکادا دانیشـتووەو ئەو واتە بۆش ڕایسپاردووە کە ئەم بەو ئەرکە (عیراقیە) نیشتمانیە هەڵبسـتێت بۆیە بەندەش یەکسـەر بەپەلـە هەردوو برای ڕۆژنامەنووس و ئەندامی ئەنجوومەنی سـەندیکا (زیرەک کەمـال و ئازاد حەمەدئەمین)مان نارد بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لە نزیکەوەو ڕاستـەوخۆ لەو (ڕۆشنبیرە) بگەیەنن کە ئەم ڕاسـپاردەیە (قابیلـی هەزم کـردن) نییە لـە ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردستان و جارێکی دیکە ببرای ببرای ئەم جۆرە برایەتییە (ئەوان برا گەورە و ئێمە برا بچوک) لە قاموسی ئێمەدا جێگای نابێتەوە.


کوردستان اليوم
kurdistanalyaum.com
مجلس الحكم الإنتقالي في العراق يباشر أعماله ويصدر قرارات هامة
تشكيلة مجلس الحكم الإنتقالي في العراق
من أجل مستقبل أفضل للعراق
وفد كوردي يشارك في مؤتمر الاشتراكية الدولية حول العراق

(کوردسـتان الیوم) مانگی جارێک لە لەندەن دەرچوو، سەرپەرشـتیاری گشـتی (بەندە) و سەرنووسەرەکەشـی ڕۆژنامەنووس (شێرکۆ حەبیب) بوو.

دەبێ ئەوەش بۆ مێژوو بڵێم کە دیسان خەرجی ڕۆژنامەکە لەلایەن شـێرکۆوە دابیـن دەکرا و مـن و ڕۆژنامەنووس (تاریق ئیبراهیم شەریف) کە وەکو بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەکە بەشـداری دەکرد لێرە لە هەولێر بابەتەکانمان ئامادە دەکرد و شێرکۆش لە لەندەن بە بەردەوامی بابەتی

**"لە ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و جارێکـی دیکـە ببـرای ببرای ئەم جۆرە برایەتییە (ئەوان بـرا گەورە و ئێمە برا بچـوک) لە قاموسـی ئێمەدا جێگای نابێتەوە"**

ئامادە دەكرد كە لە پاشـان هەمووی (كوردستان اليوم)ی تێدا دەردەچوو.

ژمـارەی یەكەمـی (كوردسـتان اليـوم) لـە مانگـی گەلاوێـژی سـاڵی ٢٠٠٣ دەرچـووەو سـەرووتارەكان (بەندە) دەینووسـی لەژێر ناوی (كلمتنا) و شێركۆش لە دوالاپەڕە بابەتێكی لەژێـر نـاوی (كلمات مـن خارج الاسـوار) دەنووسـی سـەرەڕای ئـەوەی كـە هەردووكمـان لەگەڵ رۆژنامەنـووس (تاریـق ئیبراهیـم شەریف) بابەتی دیكەمان دەنووسی و ئامـادە دەكـرد، لـە ژمـارە (١)دا بەڕێزان (منذر الفضل، مجید ئاسنگەر، سـەباح ئـارام و د.خلیـل ئیسـماعیل محمـد و عومـەر عەلـی شـەریف و شـێركۆ حەبیـب و رۆژنامەنـووس (تاریق)یـش چەند بابەتێكی هەمەجۆری ئامادەكردبوو بەندەش ستوونێكم لەژێر نـاوی (كركوك بين پوابتهـا التأريخيه و منطق طارق عزيز!) نووسیوە.




ژمـارە (٢) كوردسـتان اليوم لە مانگی ئابی هەمان ساڵ دەرچووە چەند بابەتێكی گرنگی بەخۆیەوە دیوە بـۆ نموونە وەكو (الحل الوحیـد لضمان وحدە دولە العـراق وبنـاء الديمقراطيه هو تبنـى النظـام الفدرالى) كە چاوپێكەوتنێكـی رۆژنامەنووسـیش لەگـەڵ د.منذر الفچل كە رۆژنامەنووس (شێركۆ حەبیب) ئەنجامی داوە، (صباح ئارام)یش بابەتێكی لەژێر ناوی (الانظمه العربيه والشرعيه المذعومـه) و رۆژنامەنووس (فوزى الاتروشـى) بابەتێكی لەژێـر ناوی (تنظيم العمق إلى عمق الهاويه) و (د.عبدالفتاح علـى بوتانی)یـش بابەتێكـی لەژێـر نـاوی (اللـواء الركن عبدالعزيـز العقيلى فى ذاكره الكـورد) و بەندەش بابەتێكی لەژێـر نـاوی (بغداد الامس كما رأيتهـا اليوم) كە هەردوو لاپەڕەی (٦-٧)ی گرتووە كە بەشـی یەكەمە لە دووبەشی و (تاریـق كارێزی)یـش بابەتێكـی لەژێـر نـاوی (الواقـع الثقافـي في مدينة كركوك التـي تنهض من تحت الرماد) و (كـوردە أمين)یـش بابەتێكی لەژێر نـاوی (قصه الكورديه فـى الاعلام العربـى) و (انتصار بكـر صالح)یش بابەتێكی لەژێـر ناوی (مسـتقبل العـراق مرهون بـاراده العراقيين) و (عونـى الداودى)یـش بابەتێكی لەژێر ناوی (سـمكۆ اغا شـكاك و دوره فى الحركه التحررى الكورديه) و (شيركو حبيب)یـش بابەتێكـی لەژێر ناوی (الشـارع الكوردي يريد

هەواڵنامەی كتێب

معرفـة الحقيقـة)و چەندیـن بابەتی دیکـەی هەمەجۆر کە لەلایەن بەڕێوەبەری نووسینەوە ئامادەکراوە.

بەم شێوەیە ژمارەکانی کوردستان الیوم بە ڕێکوپێکی مانگانە لەکاتی خۆی دەردەچوو بە (٨) لاپەڕەو بەڕەش و سـپی بـەڵام لە ژمـارە (٦) بە رەنگاوڕەنگ دەردەچوو لە ژمارە (١٠)شەوە دوو چاپی هەبوو، چاپی لەندەن کە لەلایەن شێرکۆ ئەنجام دەدرا و چاپـی کوردسـتانیش لـە (هەولێر) لە چاپخانەی رۆشـنبیری چـاپ دەدراو رۆژنامەنـووس (محمـد خدر مولود)یـش کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری چاپخانە بوو یارمەتێکی زۆر دەداین و هاوکارمان بوو.


كوردستان اليوم
kurdistanalyoum.com
عبر برقيات ورسائل مواساة مرسلة للبارزاني والطالباني
استنكار دولي واسع لعمليتي أربيل الأرهابيتين
مسيرات غاضبة في العواصم الأوربية تندد بعمليتي أربيل الأرهابيتين
فاجعة الأول من شباط والمارد الكوردستاني المتيقظ

تەمەنـی (کوردسـتان الیـوم) زۆر درێـژ نەبوو کـە لەمـاوەی (١٢) مانگ (١٢) ژمارە لێ دەرچوو کە تێدا کۆمەڵێک لە نووسەر و رۆشنبیر و رۆژنامەنووس بابەتیـان تێـدا بـڵاو کردۆتـەوە، ئەگەر بێـت و رۆژێک لـە رۆژان کیلو لەوەریک بابەتەکانی رۆژنامەکە لەگەڵ شیکردنەوەی بارودۆخ و بـەراورد بـکات دەزانی کە ئـەم رۆژنامەیە چۆن وەکو دەنگێـک خـۆی لـە گۆڕیانـە رامیارەکە قیت کردۆتـەوەو، خـۆی بەدەم راسـتی گەلی کوردستان دەزانی بـێ ئەوەی لـە هیچ دامـودەزگاو لایەنێکی سیاسـیەوە پشتگیری لێ کرابێ لـە هەمووولایەکەوە و ژمارە خوێندەوارانیش لەسـەر ئەنتەرنێت لە هــەر ژمارەیەکی دەگەیشـتە (؟؟) خوێنەر سـەرەڕای دابیـن کردنی لە هەولێـر و لەنـدەن. ئێسـتاکەش زۆر جار (من و شێرکۆ) باس لەوە دەکەین ئەگـەر رۆژێک لـە رۆژان بۆمان بڕوا بیر لە دەرکردنەوەی گۆڤاری (ژینۆ) بە کوردی و رۆژنامەی (کوردستان الیوم) بە عەرەبی دەکەین.


كوردستان اليوم في مكتبات عاصمة اقليم كوردستان

سەرەڕای ئەو نووسەرانەی کە ناویان لـە بڵاوکردنەوەی ژمـارە (١ و ٢) هاتوو چەندین رۆژنامەنووس و نووسـەر و رۆشنبیر بابەتیان لە ژمارەکانی دیکەی کوردسـتان الیوم بڵاوکردۆتەوە وەکو

(د.منذر الفضل) فەوزی الاتروشی، سعید یەحیا، سیامەند بەنا، کاقم حەبیب، د.بێوار خنسی، یاوەر نامیق سالم، مەدیحە هەمەوندی، عونی الداودی، کوردە ئەمین، عومەر عەلی شەریف، پرۆفیسۆر گارق پاشا عمادی، خالد عیسا گە، مەجید ئاسنگەر، زوهێر کاقم عەبود، فوئاد چیاوک، مصطفی القرداغی، مسعود عکو، پولا، علی الارکوازی، احمد رجب، د.عدنان جواد الطعمە، کامیران حسین برواری، مصطفی صالح کریم، نزار حیدر، کامران کوردی، خالد بکر ایوب، د. محمد عمر مولود، ناجی عقراوی، لەگەڵ چەندین دیمانەی ڕۆژنامەنووسی کە لەلایەن سەرنووسەرەوە ئەنجام دراوە.

(کوردستان الیوم) ئەگەر بهاتایە بارودۆخ و ئیمکانیاتی بۆ بڕەخسایە دەتوانم بڵێم دەیتوانی ببێتە یەکێ لە ڕۆژنامە دیارەکانی کوردستان بە زمانی عەرەبی، چونکە جارێ ڕۆژنامەیەک بوو بەوپەڕی سەربەخۆییەوە هاتبووە گۆڕەپانەکەو دەیان قەڵەمی ناسراو تیایاندا نووسیوەو بابەتی بەپێز و حەساسی تێدا بڵاو کراوەتەوە.

ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەر لەپاش کۆنگرەی گشتی ڕۆژنامەنووسانەوە بەو ئاقارەدا هەنگاوی دەنا کە تا چەند بتوانێ گۆڤارەکەی کە بە کوردی دەردەچوو زیاتر گرنگی پێی بدرێت، چونکە لە ڕاستیدا گۆڤارەکە بە تەواوی ڕۆڵی خۆی دەبینی و بۆتە (مەرجەعی) بواری ڕۆژنامەگەری کوردی و کوردستانی لە هەموو بارێکەوە، دەشتوانم بڵێم ئەو هەوڵەی بۆ لە پێشەوەبردنی گۆڤارەکە درابوو ڕۆڵی خۆی بینی و بەردەوامە.

لەلایەکی دیکەوە دۆزینەوەی (منبر)ێک بە زمانی عەرەبی زۆر پێویست بوو بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، چونکە بە حوکمی پەیوەندی و ئەندام بوونی سەندیکا لە فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) جۆرێک لە پەیوەندی نێوان ئێمەو سەندیکا و ڕێکخراوی دیکەی عەرەبی دروست کردووە سەرەڕای هاتووچۆی نێوان و سەردانی ڕۆژنامەنووسانی عەرەبی عێراقی ولاتانی عەرەبی کە هەموو تێکڕا لەگەڵ زەرووڕەتی بوونی مینبەرێک بە زمانی عەرەبی بۆ خستنەڕووی ڕۆڵی سەندیکا راوبۆچوون و چالاکی و گرنگی سەندیکاو سەرەڕای پێکهاتەو ئەو خزمەتانەی کە بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی دەگەیەنێ، بەڵام دیسان بەهۆی هەندێ هۆکاری هونەری و نەبوونی کادیری ڕۆژنامەنووسی بە زمانی عەرەبی، چونکە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەم بوارەو بە زوبانی عەرەبی کاری ڕۆژنامەگەری ئەنجام دەدەن ژمارەیان کەمو و ئەوەی کە لە گۆڕەپانەکە بەدابەش بوون بەسەر ئەو دەزگا ڕۆژنامەنووسانەی کە لە پاش ڕاپەڕین دروست بوون ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیاد بوون دایە، بەڵام دیسان ناوی خوامان لێهێناو بەو ئیکانیاتەی کە هەبوو دەست بەکاربووین، ئەوە بوو لەسەرەتادا ژمارەی (١)ەمی لە سەرتای مانگی ئادار بە (٤) لاپەڕە دەرچوو کە تێیدا بەندە وەکو (سەرنووسەر) و و ڕۆژنامەنووس مستەفا ساڵح کەریم جێگری سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس (طارق ابراهیم شەریف) سکرتێری نووسین بۆ ڕۆژنامەنووسانیش خالد بکر ایوب و لینا سیاوەش یارمەتیان دەداین و (کاوە فاروق)یش دەرهێنەری هونەری (نەخشەساز) بەڕەنگێکی شین لەسەرەتادا

ڕۆژنامەکە ژمارە (١) و (٢)ی بە چوار لاپەڕە و لە ژمارە (٨)یشەوە بوو بە (٨) لاپەڕەو لە ژمارە (١٥)یشەوە تا دوا ژمارەی کە ژمارە (٢٤) بە ١٢ لاپەڕە مانگانە دەردەچێت تیراژی ڕۆژنامەکە (١٠٠٠) دانە سەرەڕای بڵاوبوونەوەی لەسەر ئینتەرنێت.

ڕۆژنامەکە وەکو لە پێشەوە باسم کردووە مینبەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە کە بە تەواوی (دەنگوباس و چالاکی و ڕاوبۆچوون) و بە خۆیەوە دەگرێت

سەرەڕای ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ڕۆژنامەو کاری ڕۆژنامەنووسـییەوە هەیە سـەرەڕای دیارترین ڕووداوی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسی، بۆیە تاڕادەیەک ویستوومانە خۆمان دوور لەو ڕێڕەوە بگرین کە زۆربەی ڕۆژنامـەو گۆڤارە عەرەبییەکانی کوردستان تێکەڵی بوون ئەویش خۆ خستنە ناو گێژاوی سیاسەتە، بۆیـە (الصحفی) زیاتـر بەو ئاقارە دەڕوات کە لەلاپـەڕەی ژمارەکانی ڕەنگی داوەتەوە وا بزانم گرتنەبەری ئەو سیاسـەتە باشـترین ڕێگایە بۆ سەندیکا بۆ ئەوەی نەکەوێتە گێژاوی بوارێـک کـە زۆربـەی هـەرە زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارەکانـی تێدا کەوتوون هەتـا دەگاتـە ڕۆژنامـەو گۆڤـارە هونەرییەکان و ئەدەبییەکانیش.




لەماوەی مانگێکـدا ئەو بابەتانەی کە بۆمان دێت چ بە (ئیمێل) یاخود بە ڕێگای ئاسـایی لـە پێشـەوە هەڵدەسـەنگێندرێ پاشان ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە بۆ لاپەڕەکان.

ئێسـتاکە سـتافی ڕۆژنامەکـە کـە ژمـارە (٢٤)ی لەبەردەسـتدایە سـەرەڕای بەنـدە کـە سـەرنووسـەری ڕۆژناکەیـەو ڕۆژنامەنـووس مسـتەفا سـاڵح کەریـم گۆشـەیەکی لەلاپـەڕە (١٢) هەیـە، ڕۆژنامەنووس (خالد بەکر ئەیوب)یش بابەتەکان هەڵەچن دەکات و گۆشـەیەک بەناوی (اکلیل)وە دەنووسـێ و ڕۆژنامەنووس عبدالستار ڕۆژبەیانیـش کە بەتەمابوین ڕۆڵی سـکرتێری نووسـین ببینێ پاش بەجێ هێشـتنی ڕۆژنامەنووس (طارق ابراهیم شـریف) کە لە دوو سێ ژمارە ڕۆڵی چاک و بەرچاوی تێدا بینی، بەڵام بەهۆی دوورکەوتنەوەو چوونی بۆ وڵاتی (دانمـارک) نەکرا تاکو ئێسـتاکە لەو پۆسـتە جێگر ببێت، بەڵام دیسان (موتابەعەی) باش هەیەو بەهۆی (ئیمیل)ەوە بابەت بۆ ڕۆژنامەکە دەنێرێ و گۆشەیەکی هەیە بە ناوی (اول وآخر الکلام)، ڕۆژنامەنووسـان (ئەردەلان حەمید و کاوە فاروق) تایپ و نەخشەسازی ڕۆژنامەکە دەکەن.

ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسـەران و ڕۆژنامەنووسان بەشـداری لـە الصحفی دەکـەن بە ڕادەیەک کـە زۆرجار ناوەکانیـان دووبارە دەبێتەوە وەکو (شـێرکۆ حەبیب، لینا

**"گۆڤارەکـە بـە تـەواوی ڕۆڵـی خـۆی دەبینـی و بۆتە (مەرجەعـی) بواری ڕۆژنامەگـەری کـوردی و کوردسـتانی لـە هەمـوو بـ.........ارێکەوە، دەشتوانم بڵێـم ئەو هەوڵـەی بۆ لە پێشـەوەبردنی گۆڤارەکـە درابـوو ڕۆڵی خۆی بینی و بەردەوامە"**

سـیاوش، حامد محمد علی، اکد مراد، سعید یحی الخطاط، عدنـان المزوری، فخری امیـن، عبدالغنی علی یحی، توفیق سعید، انتصار بکر صالح، خضر دوملی، نصر حاجی خدر، ادمون لاسو، هشام بدران، د.باسم ایلیا هابیل عمر علی


الصحفي
من اجل مساندة الصحفيين العراقيين نقابة صحفيي كوردستان تشارك في اجتماع عمان
٧,٠٠٠ سبعة آلاف يورو منحة من الفدراسيون الدولي للصحفيين الى عوائل شهداء صحفيي كوردستان
نقابة صحفيي كوردستان تصدر بلاغا
مقدم الى ورشة العمل الخاصة بالصحفيين العراقيين عمان ١٨-١٩/١٢/٢٠٠٦ برعاية الاتحاد الدولي للصحفيين والاتحاد العام للصحفيين العرب

شـریف، جمـال الهموندی، طارق کاریزی، محمـد ابراهیم ئامیدی، رائـد ابلحد عبو، اسـماعیل بادی، مکرم سـید احمـد البرزنجی، ولیم تیدور، د.هاشم حسـن، عبداللطیف یاسـین، عبدالمنعم ؟؟ وەکو باسـم لێوەکـردووە کـە ژمـارە (٢٤) لـە بەردەسـتدایە لێـرەدا نهێنییەک نییە ئەگەر بڵێم (الصحفـی) تینویەتی ئێمە ناشـکێنێ و هەمـوو ئومێدمان ئەوەیە کـەوا بتوانیـن لـە ئایندە (الصحفـی) ببێتـە هەفتانـە تاکو بتوانـێ (حزوری) لـە گۆرەپانەکەدا هەبێت، بەڵام دیسـان لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە کە (الریاح لاتجری بما تشتهی السفن) کە لە پێشەوە خـودی رۆژنامەنووسـانی نووسـەر بـە زوبانـی عەرەبی بەشـێک لـەو بەرپرسـیاریەتییە لە ئەسـتۆ دەگرن کە وەکو پێویسـت بەشـداری تێدا ناکەن، سـەرەرای بـاری ئابوری سـەندیکا کە ئەویـش رێگرە لەبەردەم پێشـکەوتنی رۆژنامەکـە بەهەرحاڵ کورد دەڵێ (بەقـەدەر بـەرەی خۆت پێ رابکێشـە) و ئێمـەش جارێ هـەر ئەوەندەمان پێ دەکرێت و هیـوادارم خەڵکانی پاش ئێمە بواری باشـتریان بۆ برەخسێ (کە رەخسا) لەپێناوی پێشخستنی کاری رۆژنامەنووسانی لە کوردستان.

# بیرەوەرییەکانی
# کاری رۆژنامەوانیم لە بەغدا



زادوق ئادەم*

لە ١٩٧٥/١/٢٨ دا "دوای تەواو کردنی خزمەتی سەربازی" لە بەرێوەبەرێتی گشتیی رۆشنبیری کوردی لە بەغدا دامەزرام"ئەوەی راستی بێت هۆکاری هەرەسەرەکی بۆ چوونم بۆ ئەوێ دووشت بوو"، یەکەم لە کوردستاندا شەرێکی قورس لە نێوان حزبی شۆڤێنی بەعس و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ئارا دابوو، "ماڵی باوکم" من نەبێت هەر هەموویان پاش ئەوەی بەرەکانی گۆڕە رەزو گەلی عەلی بەگ و کۆڕەک لەلایەن لەشکری شۆڕشگێری کوردستانەوە چۆڵکران و هێزەکانی بەعس بەرەو دەشتی دیانا هاتن، بەرەو ئێران چوون و لە ئۆردوگای بابک نیشتەجێ بوون. دووەم هۆکاریش ئەوە بوو کە هەستم کرد لەشارەکانی کوردستاندا بۆم ناچێتەسەر بۆیە رووم لە بەڕێوەبەرێتیی گشتی رۆشنبیری کوردی لەبەغدا کرد.. ئەوسا مامۆستام (د.ئیحسان فوئاد) کە لە کۆلێژی ئەدبییات بەشی کوردی دەرسی پێ دەگووتم، بەڕێوبەری گشتی بوو، کە چووم بۆ ئەوێ لە یەکەم رۆژی دەستبەکاربوونم پێشوازییەکی گەرمی لێکردم و خۆشحاڵیی خۆی پیشاندا بەرانبەر بە دامەزرانم، یەکسەر رەوانەی هۆبەی بڵاو کردنەوەی کتێبی کردم و گوتی: (ئەوە بۆ تۆ دەستی دێشێ چونکە هەم کتێب چاپ دەکەین هەم رۆشنبیری نوێش سەر بەو هۆبەیەیە) کاک جەمال خەزنەدار جەعفەر بەرزنجی سەردار میرانی رەحمەتی لەو

هوبەیە کاریان دەکرد، هەر پاش دوو سێ ڕۆژ لە دەست بە کاربوونم جەمال خەزنەدار منی هەڵگرت و لە گەڵ خۆیدا بردمی بۆ چاپخانەی (کەنعان)، ئەو چاپخانەیەی کە بەرگی ڕەنگاوڕەنگی بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری نوێ تێیدا چاپ دەکرا، پێی ڕاگەیاندم کە لەمەودوا کاری تۆ. بەدواداچوونی کارەکانی چاپەمەنی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری کوردی دەبێت، بۆ ئەوەی شارەزایی لە کاروباری چاپخانە پەیدا بکەیت. هەڵبەتە گەلێک کەیفم هات ئیتر لەو کارانەدا بەردەوام بووم ئەوسا مامۆستا حەمەدەمین هەورامی و فاروق ئامێدی و سەید تەهاو شامل مەردان و ئاواز زەنگەنەی ڕەحمەتی و حەلیمە حسێن و ڕەووف حەسەن و دلشاد عەبدولکەریم و عەبدولقادری عەلی مەردان و مەحموود زامدارو عەلی خورشید و یوسف خوشاباو چەند کارمەندێکی دیکەیش لەوێ بوون، تەلعەت نادرو هاوسەرەکەی و حسێن عارف و سەلاح شوان و زادەی خۆشنووس پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو. ئێمە لە کاری خۆمان بەردەوام بووین کە لەپڕ (د.ئیحسان فوئاد) بەتۆمەتی ئەوەی کە نامەیەکی بۆ سەرکردایەتیی شۆڕش ناردبوو و پشتگیریی خۆی و بەڕێوەبەرێتییەکەی و بەردەوام بوون لەسەر نەهجی کوردایەتی -وەکو من بیستبووم - لەو نامەیەدا دووپاتکردبووەوە "تووشی دەردەسەرییەکی زۆر بوو"، بەهەزار حاڵ بە دەرکردن لە سەر کار ڕزگاری بوو، دوای نسکۆی شۆڕش ئەوانەی کە پێشمەرگە بوون گەڕانەوە بۆ سەرکارەکانیان (ئەگەر هەڵەم نەکردبێت ئەوکارمەندانەی لە بەغدا بوون، هەندێکیان نەبێت لە داموو دەزگاکانی خۆیان مانەوە بە پێچەوانەی کوردستان کە بەشی زۆری ئەوانەی پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو بۆ ناوەڕاست و خوارووی عیراق گوێزرانەوە) بە هەر حاڵ ئەم بابەتە دوورو درێژە و پەیوەندیی بەو نووسینەی منەوە نییە، دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکەی خۆم، بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕۆشنبیری کوردی لە گەڕەکی (مەسبەح) بوو نزیک فولکەی مەسبەح کە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا تێدایە، ئەوسا خۆشترین شوێنی بەغدا بوو، هەڵبەتە بە مەزەندەی خۆم، لە ئابی ساڵی (٢٠٠٤)بەوێدا ڕەتبووم، ئاخێکم کێشا، فولکەکە چەند دوکانێکی ئامێری کارەبایی لێبوو . لایەکی ڕێگاکە کە بە پێش دەزگاکەمان دەڕۆیشت تەلبەند کرابوو، (٢١)یش بە کڵۆلیەوە دەرگاکەی داخرابوو، ئەم (٢١) یەکەجێگەی خواردنەوە بوو، جارو بار لە کاتی دەوامدا خۆمان دەدزییەوەو لەوێدا یەکدوو بیرەمان فڕدەکرد، ئێستاش پیاوم دەوێت دوکانێکی مەی لەو بەغدا پان و بەرینەدا بکاتەوە بۆ مەی فرۆشتن، چونکە هەردوو لایەنی بەیەک ناکۆک شیعەو سوننە دوژمنی سەرسەختیان دوکانی مەی فرۆشانە..!!

### ڕووداوێک کە دووبارە نابێتەوە

بەر لەکۆتایی مانگی نیسانی ١٩٧٥، هەواڵمان پێگەیشت کە کەسوکارمان، ئەوانەی ئاوارەی ئێران بووبوون، لەسەر گەڕانەوەن، لە ئوردوگای بابەک ئەندیمەشقەوە لە سنووری ئەهواز بوون یەکەم کاروان بوون کە گەیشتنەوە عیراق لەوێ یەکسەر بەرەو کوردستان کەوتنەڕێ، لە (٣٠)ی نیسانی هەمان ساڵ ڕۆژێکی مێژووییە لە عیراق و بەغدا دووبارە نابێتەوە، ئەو ڕۆژە لەمەڵبەندی ڕۆشنبیری و کومەڵایەتی و نەوت کە کەوتبووە ناوچەی عەلوییەی بەغدا لە نزیک گۆڕەپانی ئەندەلووس، قوتابییە ئاشوورییە دەرچووەکانی زانکۆی بەغدا و موستەنسرییە و تەکنۆلۆژیاو دەستگای گشتیی ئامۆژگا هونەرییەکان لەبەغدا ئاهەنگێکیان بۆ قوتابییە دەرچووەکان ساز کردبوو، منیش لە لایەن ئافرەتێکی ناسیارمانەوە بۆ ئەوێ بانگهێشت کرابووم، نزیکەی (٢-٣) هەزار قوتابی کوڕو کچی ئاشووری لە ئاهەنگەکەدا ئامادەبوون، ئەمە یەکەمین و دواترین ئاهەنگی گەورەی قوتابیانی ئاشووری بوو لە بەغدا، چونکە لەپاش ئەو مێژووەوە ئیتر دەسەڵات ڕێگەیان نەدا قوتابییە ئاشوورییەکان ئاهەنگی ئەوها سازبکەن، ڕژێمیش هەر لە گەڵ نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دەستی بە تەنگە

بەرکردنی سنووری ئازادییەکان کردو ئیرهاب و تۆقاندن سەریهەڵدایەوە، هەر دوا بە دوای (٧٥)ەوە ئیتر شەپۆلی کوچ و سەرهەڵگرتنی گەنج و خێزانە ئاشوورییەکان زۆر بە سەختی بەرەو هەندەران و وڵاتانی تاراوگە دەستی پێکرد، ئەوسا ئیرهاب و تۆقاندن ئێستاش دوای نەمانی ڕژێمی فاشیستی عیراق، بەغدای پایتەخت بۆتە گۆڕەپانی تیرۆرێکی لە ئەندازەبەدەر کە لەلایەن دووهێزی مەزەبیی توندڕەوەوە لە ژێر پەردەی ئایینەوە دژی هاووڵاتیانی عیراق بە هەموو نەتەوەو توێژە جیاجیاکانییەوە بەکار دەهێنرێت و ئەو پایتەختە خۆشەی کاتی خۆی، کراوەتە دۆزەخێکی راستەقینە، ئەو تیرۆرە بووە هوکارێکی دیکەی کۆچی خێزانە ئاشوورییەکان لە بەغدا. لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٣) دا کۆچی خێزانەکان بەرەو دەرەوەی وڵات بە توندی دەستی پێکرد و لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٥) یشدا کۆچی خێزانەکان بەرەو کوردستانەوە دەستی پێکردو لەوێدا نیشتە جێبوون، ئێستا خەریکە ئاشوورییەکان بە تەواوی بەغدا چۆڵ دەکەن، بۆیە ئاهەنگی نیسانی (١٩٧٥) جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە. لەپاش گەڕانەوەی کارمەندانی بەڕێوەبەرێتی ئەوانەی کە پەیوەندیان بەڕیزەکانی شۆڕشەوە کردبوو. هەروەکو لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدابوو، وێرای بارودۆخی ناهەمواریان، جمۆجۆڵێکی تازە کەوتە ناو بەڕێوەبەرێتییەکە، بڵاوکراوەی (ڕۆشنبیری نوێ) گوڕو تینێکی دیکەی تێکەوت، هەرچەند پێشتریش دەردەچوو، حسێن عارف و سەلاح شوان و زادە کەپێشتر دەمناسین دەستبە کاربوون، حسێن عارف یەکەم کاری پێسپاردم، ئەوەبوو دەستخەتی نووسینێکی (د.شوکریە ڕەسوول) ئەوسا قوتابی دوکتۆرا بوو لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران دایە دەستم و گوتی: بینووسەوە بۆ ئەوەی لە چاپخانە بە ئاسانی چاپ بکرێت، چونکە دەستخەتی ناخوێندرێتەوە، لەو ڕۆژەوە پێم نایە دونیای ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنووسیی.. ئیتر لەگەڵ ستافی ڕۆشنبیری کەوتمە کار و جموجۆل لە گەلیدا بەردەوام بووم، هەڵبەتە کاری ئێمە لەوێ ئەوندە نەبوو، بۆیە بوارێکی چاکمان بۆ ڕەخسابوو بۆ خوێندنەوەی کتێب و گۆڤاری هەمە جۆر .شێرکۆ بێکەسی شاعیر بۆ ناحیەی بەغدادی سەر بەپارێزگای ئەنبار دوور خرابووەوە، لەوێ کرابوو بەکاتبی ناحیە، زۆر جار چوارشەمان و پێنج شەمان دەهاتە لای ئێمە، ئەو کە دەهاتەوە بەغدا زیاتر کتێب و گۆڤاری دەکڕی زەخیرەی هەفتەیەکی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، دوای خوێندنەوەی ئەو کتێب و گۆڤارانە دەیهێنایە لای کاک حسێن عارف و ئەویش بە نۆرە کتێب

”
**بەغدای پایتەخت بۆتە گۆڕەپانی تیرۆرێکی لە ئەندازەبەدەر کە لەلایەن دووهێزی مەزەبیی توندڕەوەوە لە ژێر پەردەی ئایینەوە دژی هاووڵاتیانی عیراق بە هەموو نەتەوەو توێژە جیاجیاکانییەوە بەکار دەهێنرێت**
“

و گۆڤارەکانی بەسەرماندا دابەش دەکرد بۆ خوێندنەوەی، ئەوە وایکرد بە بەرنامە کتێب و گۆڤار بخوێنینەوە هەر ئەمەیش وای کرد بەندە لە پاڵ کاری رۆژنامەنووسی، نوقمی دونیای ئەدەب و رۆشنبیری بێت.

هەر لەو ناوانە دابوو شێرکۆ بێکەسی شاعیر چامە درێژەکەی بە ناو نیشانی (کۆچ) هێنایە لای ئێمە لەکاسێتێکی ریکۆردەر لەژووری حسین عارف گوێمان لەو چامە درێژە بوو، ئەم جمو جۆڵە درێژەی کێشە تا ئەو کاتەی د.ئیحسان فوئاد بەڕێوەبەری گشتیی دەزگا لادراو عوسمان فایەقی بەدناو لە پاییزی هەمان ساڵدا لە شوێنی ئەو دامەزرا، هەڵبەت بڵاوکراوەی (روشنبیری نوێ) لەرۆژگاری د.ئیحسان فوئادەوە لەچاپخانەی (الزمان) دا کە دەکەوێتە سەرەتای شەقامی (الرشید) لە مەیداندا چاپدەکراو بەرگەکەشی لە چاپخانەی کەنعان لە نزیک پەیکەری (سەربازی) ونەوە رادەکێشرا، ئەمە تا پاییزی هەمان ساڵ بەردەوام بوو، (٤٥) ژمارە لە سەر شێوازی روژنامە دەرچوو، لە ژمارە (٤٦)ەوەو چەند ژمارەیەکی پێش ئەمیش عوسمان فایەق ببووە سەرنووسەری، ئیتر لەمەبەدواوە بڵاوکراوەکە شێوازی گوڕاو وەکو گۆڤاری (بەیان)ی لێهات، چاپەکەی چووە چاپخانەی (دار الجاحظ) کە لە راغبە خاتوون بوو، زەکەریا کە بەئەبوو نەبیل ناسراو بوو لەوێ کاری دەکرد، ئەم زاتە خەڵکی دیانا بوو کەوتبووە ئەوێ،هەر لەبەر ئەوەی خەڵکی ناوچەیەک بووین دۆستایەتییەکی توند لە نێوماندا دروست بوو،تا ئەو کاتانەی لەساڵی ١٩٩٢ دا بەیەکجاری بەغدام بەجێهێشت یەکتریمان دەبینی، ئیتر نازانم کەوتە کوێوە، دیارە کە دارودەستەی عوسمان فایەق بوون بە هەموو شتێک لەدەزگایەکەو ئەحمەد جزراوی بووە دەستەڕاستی بەرێوەبەری گشتیی و بڵاوکراوەکەی بردە (دارالجاحظ) ئەم بڵاوکراوەیە بەردەوام بوو، بەڵام بەشێوازێکی نوێ و ناوەڕۆکێکی نوێ، بۆیە ئەگەر لاپەڕەکانی بڵاوکراوەکە لە ژمارە (٤٦)ەوە هەڵدەیتەوە بە ئاشکرا ئەم گۆرانکارییە پێوەی دیارە، ناوەڕۆکەکەی زیاتر وەرگێران بوو، لە گەڵ بابەتی زۆر کەمی کوردی، چونکە بڵاوکراوەکە زۆرتر سروشتی سیاسی بە خۆیەوە گرتبوو، لەو کاتانەی کە لەوێ دابووم عەبدولرەقیب دۆسکی کتێبێک بە ناو نیشانی (الدولە الدوستکیە) کە لەرۆژگاری بەرێوەبەری پێشووی دەزگا بەچاپی گەیاندبوو، کەبەرێوبەری نوێ هات، نازانم کێ ئاگاداری کردبوو کە شتێک لەم بابەتە هەیە، یەکسەر فرمانی لەنێوبردنی ئەو کتێبەی داو لە چاپخانەوە رەوانەی کارگەی کاغەز دروستکردن کرد لە عەمارەو نەیهێشت بڵاوبێتەوە، فاروق ئامێدی دانەیەکی چنگ کەوتبوو، ئەویش ئاشکرا بوو، بەهەزار دەردەسەری رزگاری بوو، خەریک بوو گۆبەندێکی بۆ بنێنەوە، هەر ئەوەیش وایکرد دەست لەکار بکێشێتەوەو لە دهۆک کاسبی بکات..... ئەو دەیزانی کێ خەبەری لێدابوو!! هەر لەو دەزگایەشەوە بەر لە هاتنی عوسمان فایەق (٣) ژمارە لە گۆڤاری (ئەستێرە) کە بۆ منداڵان دەردەچوو بڵاوکرایەوە و کەرەستەی ژمارە (٤) یش ئامادەبوو بەڵام دواتر داخر... هەڵبەتە ئەوەم لەبیر چووبوو کە ئەحمەد جزراوی و موختار فایەق و فەوزی رەفیق حیلمی و هاوسەرەکەی پێشتر لەو دەزگایە دا بوون...

شەوانی ئەوسای بەغدا تابلێی خۆش و دلڕفێن بوون، گەلێک شەو لە یانەی نووسەرانی عیراق لەگۆرەپانی (الاندلس)دا، کومەلێک برادەر پێکەوە دادەنیشتین، د. ئیحسان فوئاد لادەیەکی هەبوو ئەو ماڵی لەدەوروبەری زانکۆی موستەنسریە بوو، کە هەڵدەستاین دەیگوت ئەوەی ماڵی بەرەو (باب الشرقی) یە بابفەرموێ شەش حەوت کەسی لە لادەکە دەپەستا، لە دەزگای رۆشنبیری پەستێکی (١١) نەفەریمان هەبوو، هەموو ئیشو کارەکان بەو ئەنجام دەدرا، ناوی لێنرابوو (لاتیڤیا)، رەووف حەسەن چیرۆکێکی بەو ناوە لە ژمارەیەکی (رۆشنبیری نوێ)دا بڵاو کردۆتەوە. یوسف خۆشابە بلەی پۆستەبەریش ماتۆرێکی بە دووبەی هەبوو هەندێک جار بە شەقامی

(السعدون) دا بەرەو (باب الشرقی) و (ساحه تحریر) دەهات لەگەڵخۆی دا دەیهێنام ترسێکی زۆرم لێ دەنیشتەوە چونکە قەت سواری ماتور نەبووبووم.. دیارە لەمانگی چوار و پێنجی ساڵی ( ١٩٧٦) دا بەرێوەبەرێتی گشتیی رۆشنبیری کوردی و دەزگای هاوکاریی چاپ و بڵاوکردنەوەی کورد یەکییان گرت و دەزگایەکی نوێ بەناوی (دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی) لە هەردوکیان پێکهاتوو ئەم دەزگایە لە (ساحه الخلانی) بوو کە لەوێوە شەقامی (الجمهوریه) دەستی پێدەکرد، لەگۆڕەپانەکەدا ئەو کاتە وەزاوتی بازرگانی وکاروباری کۆمەلاتیشی لێبوو، بەرانبەر دەزگای رۆشنبیریش وەزارەتی کشتوکاڵی لێبوو، وابزانم ئەم دەزگایە تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەو گۆرەپانەدا مابوو، پاشانیش گواسترابووەوە وەزیریە لە تەنیشت ئامۆژگای قەزایی کە تائێستایش هەر لەوێ ماوەتەوە....

لە ژمارە (٤٦)ەوە دەستم کرد بە بڵاوکردنەوە و نووسینی کورت، بەڵام زیاتر بابەتی وەرگێران بوو، رۆشنبیری نوێ لە ژمارە (٤٨-٤٩) کە لەیەک ژمارەدا لەمایسی ١٩٧٦ دا دەرچووە ناونیشانەکەی نووسراوە لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا دەردەچێت ... هەلبەتە کە هەردوو دەزگایەکە یەکیان گرت، ژمارەی کارمەندەکانی دەزگا تازەکە بە رادەیەکی بەرچاو زیادبوو کە هاتینە ئەوێ ئەوانەی بە بیر دێن ناوەکانیان دەنووسمەوە، پێشوەختیش داوای لێبووردن لەوانە دەکەم کە ناویانم لەبیرم چووە، چونکە بیرەورییەکان پاش تێپەڕبوونی (٣٠)ساڵ نووسراونەتەوە، هەروا زوو نشێوی ئەم ساڵە جەنجاڵانە گەلێک شتی لە بیر بردووین ئەوانەی کە ئەو کاتە واتە لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٩٧٦ دا کە لەوێبوون(ئەحمەد غەفوور و شێخ عەبولعەزیزی خانەقا و غەفوور میرزا کەریم و مەجید نەدیم و بورهان قانیع و ئاراس و محەمەد فەرەج و نوری حەیران و جەمال مفتی و غازی تەلۆب) هەر هەموویان بەر رەحمەتی خوا بکەون و جێگەیان بەهەشت بێت..

(ئەمین شوان و ئەکرەم مەحموودو محەمەد زەهاوی و فواد حسین ساجیدە عەبدولحەمید و عواتف عەبدولجبار و عەبدوڵلا عەباس و عەبدوڵلا بابە عەلی و یوئیل خامیس، محەمەدی حاجی تایەر، سەربەست بامەڕنی، جەعفەر حەسەن بامەرنی، محەمەد سەدیق ئیمام، یاسین بەرزنجی، سەرگوڵ تەیموور،گوڵالە بەرزنجی، کەریم ئەحمەد سەعید، فەرید ئەسەسەرد، فەیسەڵ مستەفا، ئەحلام مەنسوور، سیروان بەکر سامی. سازگار و فریا

"

**د.ئیحسان فوئاد لادەیەکی هەبوو ئەو ماڵی لەدەوروبەری زانکۆی موستەنسریە بوو، کە هەڵدەستاین دەیگووت ئەوەی ماڵی بەرەو (باب الشرقی) یە بابفەرموێ شەش حەوت کەسی لە لادەکە دەپەستا**

"

جاف و هێرش محەمەدەمین و لەتیف هەڵمەت و کەنعان مفتی و نازدار محمد تایەر و غازی ئەحمەد سەعدوڵلا و سەلاح ئەلحکیم مرۆڤێکی تا بڵێی "؟"بوو، سەلاح عەقراوی ڕەحمەتی و عەبدولوەهاب تاڵەبانی) و چەند کەسێکی دیکەی کە ناویانم بە بیر نەهاتوتەوە، دەزگاکە وێڕای ڕەوشی ئاڵۆزی، بەڵام وەکو کورەی هەنگی لێهات و جمووجۆڵێکی گەرمو گوڕی تێکەوت، بەڵام ئەم گەرموگوڕییە لەململانێی توندیش بەدەرنەبوو، ڕۆشنبیرانی ناو دەزگایەکە دەیانویست گۆڤارو و ڕۆژنامەی هاوکاری مۆر□کی کوردانەی پێوەبێت و بەرهەمی هەمە جۆری ڕەسەنی کوردی تیادا بڵاوبکرێتەوە، هەرچی عوسمان فایەق و دارو دەستەکەی بوون، لەهەوڵی ئەوە دابوون هەمووشتێکی بڵاکراوەکانی دەزگاکە وەرگێڕان بێت. ئەو وەرگێڕانەیش هەموویان بەشی هەرە زۆری بابەتی هەرزانی گۆڤارە عەرببیەکان بوو بەتایبەتیش چەند گۆڤارێکی ئاست نزمی میسری و لوبنانی، سیاسەتی بەڕێوەبەری گشتیی دەزگاکە ئەوە بوو، بڵاوکراوەکانی دەزگاکە بە هیچ شێوەیەک لە بابەتی ڕەسەن نزیک نەبنەوە و هەمیشە بابەتی دوور لە ڕەسانەیەتی و شۆڕشگێڕیی بڵاوبکاتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد ئەدەب و ڕۆشنبیریی ئاست نزمی عەرەبی بخوێنێتەوە و نەوەکانی ئەو سەردەمە بەو جۆرە ئەدەبە گۆش بکرێنە.. ئەو ململانێیە گەیشتە ئاستێکی وا کەهەندێک لەکارمەندانی دەزگاکە ناچاربوون خۆیان بۆ شوێنی دیکە گواستەوە و هەندێکی دیکەش لە ماڵەوە دانیشتن، ئەو کاتە تازە بە تازە مەفرەزەکانی پێشمەرگە لە کوردستاندا گوڕزی کاریگەریان لە هێزەکان و مۆڵگەی ڕژێمی شۆفینیستی دەسرەواندو عوسمان فایەقیش بە تەواوی هاربوو بوو، لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٦)دا بوو. نێوبراو گۆشەیەکی لە دوا لاپەڕەی (هاوکاری) و لەسووچی سەرەوەی دەستە چەپی لاپەڕەکە هەبوو لە ژێر ناونیشانی (بەیارمەتی ئێوە) بڵاودەکرایەوە، شەو من ئێشکگری ڕاستکەرەوی ڕۆژنامەکە بووم، بەر لە سەعات یەکی دوای نیوە شەو هەموو شتێکم تەواو کرد بورهان قانعی ڕەحمەتی و عەبدولقادری عەلی مەردانیش لە گەڵم بوون، ئەوسا کۆمپیوتەر نەبوو، بەڵکو چاپی پیتەکان بوو بە قورقوشم کە لاپەرە تەواو دەبوو، دەخرایە سەر سینییەک و توند دەکرا پاشانیش بە عەرەبانە دەبرایە چاپخانە کە لەژێر زەمینەکەی (دار الحریە)دا بوو لە ڕێگە چاوم لێ بوو کاک بورهان دەستی خستبووە ناو قورقوشمەکە و ئەو لاو ئەو لای پێدەکرد، من وام دەزانی توندی دەکاتەوە بۆ ئەوەی دێڕەکان لە یەک دوور نەکەونەوەو تێک نەچن، بەڵام دیار بوو ئەو کاری خۆی دەکرد هەلبەتە هەموو لاپەڕەی ڕۆژنامە دوای ڕاستکردنەوە پرۆڤەیان وەردەگیراو نووسەری ئێشکگر ئیمزای دەکردو ئۆکەی دەبوو، بۆ بەیانی نووسەری ئێشکگر دووسەعاتی مۆڵەت هەبوو بۆیە پاش کاتژمێر(١٠) دەهاتە دەوام من ماڵم لە دەزگا نزیک بوو لە کەمپی گەیلانی بووم (١٠-١٥) دەقیقە دوور بووم هەر کە گەیشتمە پرسگە یەکسەر کارمەندی ئەوێ گوتی بڕۆ بۆ نووسینگەی بەڕێوەبەری گشتی دڵم لە خ□ورپەی دا چونکە بەڕێوەبەری گشتی کەیفی بە من نەدەهات، گوتم حەتمەن دەبێ شتێک قەومابێت، چوومە لای سکرتێر محەمەد زەهاوی براددرم بوو گوتی بڕۆ ژوورەوە ئەتۆی دەوێ منیش یەکسەر وەژوور کەوتم دەنگی بەڕێوبەر سروشتی نەبوو، توورە دیار بوو، گوتی دانیشە کە دانیشتم لێمی پرسی تۆ شەوی ڕابردوو ئێشکگر بووی؟! گوتم بەڵێ هەر هەشت لاپەڕەکەم ئیمزاکردووە پرۆڤەکەشیان هەیە، زەنگێکی لێدا ئەکرەم مەحموود ئەمین وەژوور کەوت پرۆڤەکانی دایە دەست، یەکسەر لاپەڕەی هەشتی هێنا بانگی کردمە لای خۆی، منیش بە تەنیشتییەوە وەستام نووسینەکەی خۆی بەراورد کرد هەمووی بەتەواوی هەڵەچن کرابوو، هیچی تێدا نەمابوو، سەری سوڕماو گوتی تۆ کاری خۆت بەدروستی کردووە هیچ گوناهێکت نییە، بڕۆ سوپاست دەکەم، دەمزانی ئەمە کێ کردوویەتی، پاش ئەمە کۆبوونەوەیەکی

فراوانی بـە کارمەندانی دەزگاکە کرد، لـەو کۆبونەوەیەدا هەڕەشـەیەکی زۆری کرد لێوەکانی لەبەر تۆڕەیی شـین هەڵگەڕابوون وە دەلەرزین لە بیرمە پەنجەی دەوەشـاندو بەدەنگێکی تووڕە و تونـد دەیگوت دەزانم لـەو دەزگایە ڕێکخسـتنی نهێنـی هەیە و دەنگوباسـی ئێـرە دەگەیەننە (مخربیـن) واتــە (پێشـمەرگە) و دەنگوباسـی (تمـرد) بۆ ئێرەدەهێنـن و لە بەغدا بـڵاوی دەکەنەوە،گوێبگرن (نحن سحقنا الراس و لن نرحم الذیل) مەبەستی ئەوە بوو، بەعس شۆرشـی ئەیلوولی بەسـەرکردایەتییەکە یەوە لەنێو بردو ئەوانەی ئێسـتە، واتە مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێشمەرگە ڕەحمیـان پێناکەین ئەوەیشـی گوت کە هەندێک کەس لەو دەزگایـەدا دەیانەوێـت مینرێـژی بکەن و ئێمـەو هەموو ئەوانـەی لە دەزگاکەدان بیانکوژن، بـا ئەوانە چاک بزانن کە چاوی ئێمە کراوەیەو هەمووشـتێک دەبینین بڵاوەمان لە کۆبوونەوەکە کرد، ئەم گرژیە و گوشـار خسـتنە سەر کارمەندانـی دەزگا تـا دەهـات توندتر دەبـوو کۆمەڵێکی دیکـەی کارمەنـدان خۆیـان گواسـتەوە بـۆ کوردسـتان و شـوێنی دیکەی بەغـدا، بەندەش یەکێک بـوو لەوان کە هەوڵی دا بێتەوە ئەمانەتی گشـتی ی ڕۆشـنبیری و لاوان ئەوکات کە محەمەدەمین شـەمێ ئەمینداری گشـتیی بوو، ئەمە لە سەرەتای مانگی حوزیرانی (١٩٧٧)بوو ... من تازە ژنم هێنابوو ژنیشـم هەر لە ماڵـی باوکم بوو لە هاودیان هەرلەبەر ئەوە گەلێک هاتوچۆی کوردسـتانم دەکرد، ئەو کاتە لە بەشـی ڕۆشـنبیری نووسـەر بووم، ئەمین شوان سـەرۆکی هۆبەکەی من بوو، عوسمان فایەق پێی گوتبوو کـە (زادوق ادم) زۆر هاتـوو چـۆی ناوچـەی ئۆتونۆمی دەکات (ئەو بە کوردسـتانی دەگـوت ناوچەی ئۆتۆنۆمی. حەساسییەتی بەرانبەر وشەی کوردستان هەبوو) گومانم لێیە سـیخۆر (جاسوسـی) (عصابات المخربین) بێت!! لێرە دەنگوباسـیان بۆ دەبات و لەوێش دەنگوباسـی (تمرد) بۆ ڕێکخستنەکانی بەغدا دەهێنێت و ئەو هاتوو چۆ کردنەیش لـە خۆڕایـی نییە،ئەمیـن شـوانیش پێـی ڕاگەیاندبوو کە زادوق ژنی لەوێیەو هـەر لەبەر ئەمەیە مۆڵەتەکەی لەوێ بەسـەردەبات، بـەڵام گومانەکەی ئەو لە مـەڕ منەوە هەر لـە مێشـکی دابوو، بۆیـە منیـش دەستنیشـانکرابووم بۆ دەزگایەکـی دیکە بگوێزرێمەوە، حسـێن عارف وابزانم لە کۆتایی ١٩٧٦ و سـەرەتای ١٩٧٧ دا لەبەر ئەو ناکۆکیەی لەگـەڵ عوسـمان فایـەق و دەمەقاڵـی نێوانیـان، دەزگای بەجـێ هێشـت و لە ماڵـەوە دانیشـت، باردۆخـی دەزگا زۆر ناخۆشـبوو ئەدیـب و نووسـەران کەدەهاتنە ئەوێ بـۆ وەرگرتنی پاداشـتەکانیان لە لایەن ئـەو (أمن)انەی لە

"

**دەزانم لـ.......ـەو دەزگایە ڕێکخسـتنی نهێنی هەیەو دەنگوبـ.......ـاسـی ئێرە دەگـ.......ـەیەننە (مخربین) واتـ.........ـە (پێشمەرگە)و دەنگوباسی (تمرد) بـ.....ـۆ ئێرەدەهێـنـن و لـە بەغدا بڵاوی دەکەنەوە،گوێبگرن (نحن سـحقنا الراس و لن نرحم الذیل)**

"

پرسگەی دەزگا دانرابوون ئیهانە دەکران، ئەم رەوشە بەردەوام بوو، کارمەندانی ئەوێ ببوونە وەرگێری چەند نووسەرێکی عەرەبی کە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیریان داگیر کردبوو....ئەگەر سەیرێکی وردیان بکرێت بە ئاشکرا رەوتیان دیارە لەگەڵ سەردەمی پێشوودا جیاوازییەکی بەرچاویان پێوە دیارە....

سەعات ٨/٤٠ دقیقەی بەیانی ١٩٧٧/٦/١٦ کە عوسمان فایەق لە ئوتومبێلە پورتەقالیەکەی دادەبەزی درایە بەر گوللە بە برینداری بە پەلەپروزێ گەیەندرایە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، من ئەو کاتە لە نهۆمی دووەمی دەزگاکە دادەنیشتم ژوورەکەم بەرانبەر وەزارەتی کشتوکاڵ بوو، لە پەنجەرەوە سەیرم کرد هەموو کارمەندانی ئەو وەزارەتە روویان لە دەزگای ئێمە کردبوو کەریم ئەحمەد سەعید کە پێکەوە لە ژورەکە دا دادەنیشتین، گوتی گوللەکە بەرنەرمە کەوت، چونکە تەپەی هات، منیش لەمە سەرم سورما پێم گوت هەی ماڵت ئاوابێت ئەوەت لە کوێ هێنا، پێکەنی و گوتی! ئەم مشتومڕەی من و کاک کەریم دەقیقەیەکی نەبرد. بە هەڵە داوان بەرەو خوارەوە تێم تەقاند لەدەرگای دەزگاکە گەیشتمە (ام نادیە) بەسەردەکەوت (لەنووسینگەی بەرێوەبەری گشتی بوو) دەگریا گوتم چی بوو ئەویش بەعەرەبی گوتی (اغتالو المدیر العام وا اخذوا) من لەو کاتە لە گەڵ خۆمدا گوتم باشە (کێ کوشتی و کێ بردی) لەپرسگەی دەزگا شوفێری تایبەتی بەرێوەبەر کەناوی عەدنان بوو خەڵکی خانەقین بوو، رەنگی زەرد هەڵگەرابوو، لەترسان دەلەرزی لەپڕ غازی سەعدوڵلا بەهەناسە سواری لەدەرەوە خۆی کرد بە ژووردا، گوتی بەدوای بکوژەکە غارم دەدا بیگرم، بەڵام وەکو گوللە رایدەکرد بەرەو شەقامی (الرشید) تێی تەقاند لە راکردندا دەبانجەکەی لەدەستی دەرپەڕی بەڵام ئەوەندە بەجەرگ بوو شەقاوێکی بەپەلە هاوێشت و دەبانجەکەی هەڵگرتەوە ...

منیش پێکەنیم گوتم بەخوا زەلامێکی گێلی ئەویش گوتی لەبەرچی کاک زادوق، منیش گوتم ئەوپیاوەی ئەوها بە جەرگ بێت لە پێش ئەو هەموو خەڵکە زەلام بکوژێت بە تۆ دەگیرێت ؟!!

سەرکەوتمە ژوورەکەم لەسەر پلیکانەکان گەیشتمە سەلاح عەقراوی پێدەکەنی ئەویش بەینی لە گەڵ عوسمان فایەق نەبوو، منیش گوتم کورە ئێستا وەختی ئەوەیە، خوا دەزانێ چی دەقەومێت بە زەردەخەنەیەک پێمی گوت،دەلێی ئەتۆش لە دونیا تێناگەی، گوتم بۆچی؟ گوتی هەر زەلامێک لە کاتی پێکاندا بە زەبری گوللە بەربێتەوە برینەکەی زۆر کاریگەرە مەگەر خوا ئەگینا هەڵسانەوەی بۆ نییە، تۆ لەوە گەڕێ فاتیحەکەی لەکوێ دەبێت؟ لەناکاو (فواد حسین ئەحمەد) کە پیاوی ئەو بوو بەسەرکەوت،لێمان پرسی،دەنگوباسی بەرێوەبەری گشتیی، گوتی بەخوا، بەقوڵپەی گریانەوە،تەواو بوو سبەی لە مزگەوتی (الکرخ) لە سالحیە بەرەو گۆڕستانی (الشهداء) دەیبەین و دەینێژین، کەهەواڵی تەواوبوونی بڵاوبووەوە (احمد جزراوی) بەهەموو دەنگی خۆیەوە لە نووسینگەی بەرێوبەری گشتی ی هاواری کرد گوتی حسێن عارف، عوسمان فایەقی کوشت کەسی دیکە بێجگە لەو شک نابەم، حسێن عارف هەروەکو گوتم دووسێ مانگ بوو دەزگای جێ هێشتبوو، پاش تەواوبوونی تازییەکەی، لەیەکەم رۆژی دەوامدا پیاوی (أمن) هاتنە دەزگا و کەوتنە لێکۆڵینەوە لە گەڵ کارمەندان. (حسێن عارف و عەبدوڵلای بابە عەلی و عەبدوڵا عەباس وحەمید عەزیز و رەووەف حەسەن و سەربەست بامەڕنی و عەبدولخالق) و....... چەند کەسێکی دیکە کە ناویانم نایەتەوە بیر دەستگیر کران و خرانە نێو ژوورە تاریکەکانی (أمن عامە) لە بەغدا . وابزانم نزیکەی (٣)مانگ لە ژوورەوە بوون و پاشانیش ئازادکران . بەندە لەو زیندانی کردنە رزگاری بوو، ئەوەشتان بۆ دەگێرمەوە. ئێمەی کارمەندانی دەزگا، بەیانیان کەدەهاتین بۆدەوام سجلەکەمان ئیمزا دەکردوو دەچووینە سنک لەشەقامی (الرشید) و لە سووچێکی نزیک هەمبەرکەری ئەبو یۆنان چایخانەیەکی لێبوو لە نزیک

قەرەداغـی رووبـاری دیجلـە بوو،بەیانیـان بایەکی فێنک هەلێدەکـرد لەوێ چایەکمـان دەخوارد ئینجـا دەهاتینەوە بـۆ دەوام،ئـەو ڕۆژە واتە ٦/١٦ بەندەو سـەلاح شـوانی شـاعیر پێکەوە چووینە شـەقامی (الرشـید) و چایەکەمان خـواردوو ئینجـا بـەرەو دەزگا کشـاینەوە، لـە بەردەمی دەزگا مارسیدسـێکی رەش وەسـتابوو کاتژمێـر (٨/٤٥) دەقیقە بوو،بەسـەرکەوتین و پرسـیمان ئەمە کێیە گوتیان (سوعاد ئەدیبە) نازانم ئەوکاتە ئەمینداری گشتی ئەمانەتی ناوخۆ بوو یاخود هی رۆشنبیری و لاوان، عوسمان فایەق هێشـتا نەهاتبوو، رۆیشـتمەوە لە ژورەکەم دانیشـتبووم بەردەستێکی ئیدارەی هاتە ژوورەوە گوتی کاک زادوق لە خـوارەوە بانگت دەکەن،منیش وتـم بەخوا قەوما بۆ جێگا خۆشـەکەیە ژمارەیەکـی تەلەفۆنم دایە (کەریـم ئەحمەد) گوتم ئەگـەر نەگەڕامەوە بەو ژمـارە تەلەفونە ئاگاداریان بکـەوە ..کە چوومە خوارەوە لە ژووری (سـەلاح حەکیم) کـە بەرێوبـەری خۆیەتی بوو، (سـەلاح شـوان) بە ڕەنگ هەڵبزڕکاوی دانیشتبوو، لە تەنیشتەوە زەلامێکی ڕەشتاڵەی پیسی چاو بە عەینەک لە سەر کورسیەک دانیشتبوو، بەیانی باشـم لێکردو هەر بە پێوە گوتم فەرموو مامۆسـتا،گوتی کاک زادوق تۆو سـەلاح شوان ئەو رۆژەی لەبەرێوەبەری گشـتییان دا لـەدەرەوەی دەزگا بوون منیـش گوتم، کاکە چوونـە دەرەوەی خـۆ هی ئەمـرۆ و دوێنـێ نییە ئێمەی کارمەندانـی دەزگا هەمـوو ڕۆژێ بەر لە دەسـتپێکردنی دەوام دەچینـە دەرەوە چایـەک یاخـود سـەندەویچێک دەخۆیـن و دێینـە دەوام، گوتم جەناب ئەم پرسـیارانەی تۆ ڕێک لەوەدەچێت کە ئێمە لە عوسـمان فایەقمان داوەو کوشتوومانە، ئەویش عەینەکەکانی بەرزکردەوەو وەڵامی دامـەوە و گوتی کوڕی گەنج کەی وامگوتوە، گوتم بەخوا مـن وای لێـک دەدەمـەوە عەینەکی هێنایە سـەرچاوی و گوتی باشە بڕۆنەوە، بەوجۆرە رزگارمان بوو، برادەرانی حەپسـخانە دەڵێن حسـین عارف لە ژووری زیندانەوە لە قرچەی گەرمای هاویندا، حوزەیران و تەمموز و ئاب بوو کە ئارەقەی دەکرد، هەڵدەگەڕایەوە سەر تەنیشتەکەی دیکە و دەیگوت بەس نییە ئەم لاو ئەو لا دەکەم بەڵام عوسمان فایەق هەتا هەتایە لەسـەر پشـتەو جوولەی نییە..... دوای کوژرانی عوسمان فایەق بەماوەیەکی کورت محەمەدەمین شـەمێ بـووە بەرێوبـەری دەزگا، وەزارەتـی راگەیاندن دیارە بە فیکەی عوسـمان فایەق بوو رەزامەندیی لەسـەر داخوازییەکـەی من کردبوو، بۆ گواسـتنەوەم بۆ ئەمانەتی گشـتیی رۆشـنبیری و لاوان، وابزانم هـەر دوو هەفتەی کێشـابوو، کە محەمەدەمین هات بـۆدەزگا، ڕۆژێک بانگی

> **گوت.........م جەناب ئەم پرسـیارانەی تـۆ ڕێـک لەوەدەچێـت کـە ئێمە لە عوسـمان فایەقمان داوەو کوشـتوومانە، ئەویـش عەینەکەکانیبەرزکردەوەو وەڵامـی دامـەوە و گوتـی کوڕی گەنج کەی وامگوتوە، گوتم بەخـوا من وای لێک دەدەمەوە عەینەکی هێنایە سـەرچاوی و گوتی باشـە بڕۆنەوە**

کردم وگوتی داوای گواستنەوەت کردبوو بۆ لای مـن ئەوا ئێسـتا من هاتمـە لای ئێوە، جا چی دەڵێی دەڕۆی یان دەمێنێتەوە، پێمخۆشە بمێنێتەوە منیش گوتم باشە مامۆستا من لێرە دەمێنمەوە. دوای هاتنەوەی محەمەدەمین شەمێ، ڕەوشی دەزگا گۆڕاو جموجۆڵێکی زۆری تێکەوت هەمووشت گەڕایەوە دۆخی جارانی خۆی، دەزگاکە بووژایەوە، ئەدیب و نووسەران لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێکرد پەیوەندیی چاپەمەنییەکانی دەزگاو ڕۆشنبیرو نووسەرو ئەدیبان توند و تۆڵتر بوو، ئاستی چاپەمەنییەکان بەرزبووەوەو گۆڕانێکی بنچینەیی پێوەیان دیار بوو.. هاتنی محەمەدەمین شەمێ کاریگەری لەسەر ڕۆشنبیری کوردی لەسەر شوێنەکانی دیکەش ڕەنگی دایەوە هەر بە فەرمانی ئەو ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد لە بەغدا و لە دەرەوەی بەغدا. هەڵمەتێکی گەورەیان بەرپا کردوو ڕادیۆی کوردی بەغدایش بەرنامە گەلێک لەبەر ڕۆشنایی لێژنەیەک کە لە ژێر ناونیشانی (پەرەپێدانی ڕادیۆی کوردی بەغدا) دروست کرابوو بۆ زیاد کرد، من بۆ نزیکەی سێ مانگ بەرنامەیەکی وەرزشییان دامێ لە گەڵ محەمەد سەلیم سواری ئامادەو پێشکەشمان دەکرد، پاشان لەسەر مەسەلەی ململانێ و دەستبە سەراگرتنی بەرنامەی زۆر بەرنامەکەیان لێستاندم، ئیتر لەدەزگا وەکو نووسەرو وەرگێر لە هەموو چاپەمەنییەکاندا بەشداریم دەکرد، بەڵام دوای وای لێهات بوومە ستافی سەرەکی ڕۆژنامەی هاوکاری، لەو ماوەیەداو بە حوکمی کارەکانم ناسیاویم لەگەڵ بەشی هەرەزۆری ئەدیب و نووسەران و ناودارانی کورد لە بەغدا پەیداکردو زۆربەیانم ناسی، ئێستاش لە گەڵدابێت ئەو ناسیاوی و دۆستایەتییەم هەر ماوە.....

لە مانگی (١١)ی ١٩٧٧ دا کۆڕێک بە ناوی(کۆڕی سێیەمی ڕاگەیاندنی جیهان) لە بەغدا بەسترا بە هۆی ئەو کۆڕەوە گەشتێکمان بە شەمەندەفەر لە بابلەوە بۆ بەسرە کرد کە زیاتر لە (٢٥٠) کەس دەبووین لە میوانی بیانیش گەلێکیان تێدابوو، ئەم وێنەیە هی ئەو گەشتەیە کە لە (شگ العرب)دا لە نێو بەلەمێک دا گیراوە. دەزگاکەمان کتێبخانەیەکی گەورەو پڕ لە کتێبی بەهاداری تێدابوو لە نهۆمی خوارووی دەزگا بوو. ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبانی بەغدا کتێبەکانیان بەو کتێبخانە بەخشیبوو، هەر لەبەر ئەمە کتێبی بەنرخ و دانسقەی تێدا هەبوو دەرفەتێکی چاکمان بۆ خوێندنەوە هەبوو هەموو ڕۆژێک دووسێ سەعات لە کیتێبخانەکە دا بەسەرمان دەبرد. کتێب و ڕۆمانێکی زۆرم خوێندەوە، هەر ئەمیش بوو کە وای کرد دەست بە نووسین بکەم و چەند گوتارێکی ڕەخنەیم لەسەر هەندێک بابەتی شیعری و چیرۆک بڵاوکردەوە.. ئەگەر هەڵەم نەکردبێت زۆری نەبرد محەمەدەمین شەمێ لە بەڕێوبەری گشتیی دەزگا نەماو لە بەر برینداریيەکەی کە کاتی خۆی پارێزگاری سلێمانی بوو لێی درابوو، بۆ ماوەیەک ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرا.. ئەمەش لە سەر بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (٦٥)ی تشرینی یەکەم و کانوونی دووەمی ١٩٧٨ دا دیاری کراوە .چونکە ناوی محەمەدەمین شەمێ نەماوەو ناوی موسلیح جەلالی وەکو سەرپەرشتیاری گشتی لە سەر نووسراوە.. پاش ئەمە سێ چوار بەڕێوەبەری گشتی بەنۆرە لە دەزگاکەمان بوون، لەمانە نەدیم یاسین محەمەد جەمیل شەلەش، نوری ئەلمەرسومی عەبدولئەمیر معلا دوایش سوعاد ئەدیب بوو بە بەڕێوبەری گشتیی دەزگا ئەم زەلامە فڕی بەسەر ئەدەب و ڕۆشنبیرییەوە، چ جای ڕۆشنبیری کوردی نەبوو! ئەمە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ بوو لەسەردەمی ئەو دا دیسان پیاوەکانی عوسمان فایەق دەوریان زیندوو بووەوە، من ئەو کاتانە بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەبی کرمانجی بووم ڕۆژێکیان شیعرێکی ئیدریس چەلکیم بۆ لاپەڕەی کرمانجی ئامادە کردبوو، لەسەرەوەی لاپەڕەکە دانرابوو هەڵەچنیش کرابوو بەیانی کە هاوکاری دەرچوو، سەیرم کرد شیعرەکە بڵاونەکراوە منیش لە عەبدوللا عەباس-م پرسی. بۆچی گۆرانکاریی لەلاپەرەکراوەو هۆنراوەکەی چەلکی لابراوە؟ وەڵامی دامەوە

و گوتی بەس نییە دوێنێ شەو (أمن) تویان لە ماڵەوە راپێچی لای خۆیانیان نەکرد، هەندێک لە برادەران ئەکرەم مەحمـوود خەریک بوو (أمن) ئاگادار بکاتەوە بەهەزار حال قایلم کرد، تەلەفۆنەکە نەکات، کە چوومەوە ژورەکەی خۆم (ئەمین شـوان) گوتـی: ئەو یاداشتە بخوێنـە... تەماشـام کرد ئەحمـەد جەزراوی لاپەڕە و نیوێکی فولسکاپی (A٤) بە عەرەبی بۆ بەڕێوەبەری گشتیی لەسەر من نوسیبوو، گوایە ئەو شیعرە باس لە هەر چوار پارچەی کوردسـتان دەکات، بەڕێوبەریـش داوای روونکردنـەوەی کردبـوو، منیش شـتێکم بۆ نووسـی و ناردمە خوارەوە، خـوا هەڵناگرێ لەسـەری نووسـیبوو: وشـیاری خۆتبـە و جارێکـی دیکە ئەمـە دووبـارە نەکەیتەوە لە سەر یادەشتنامەکەی نووسیبوو (للحفظ) ئەم جـارەش رزگارم بوو دوای سـوعاد ئەدیب، ئیسـماعیل رەسـووڵ بە بەڕێوبەری گشتیی دەزگاکەمـان دامـەزرا، خوا عەفـووی بکات، مرۆڤێکـی رێکوپێـک و رۆشـنبیر بـوو زۆر حەزی لـە پێشـکەوتنی رۆشـنبیری کوردی دەکـرد، هەوڵی دەدا چاپەمەنییەکانی دەزگاکە بەرەوپێش بچێت و لە خزمەتی گەشەسەندن و پەرەپێدانی ئەدەب و رۆشنبیری کوردی بێت،لە سـەردەمی ئەودا رەوشـی ناوخۆی دەزگاو پەیوەندیـی کارمەندانـی لەگـەڵ بەڕێوبەری گشـتی توندو تۆلتر بوو، لە زۆری کارەکانی خۆی دا، کـە پەیوەندیی بە بەچاپەمەنییەکانی دەزگاکـەوە هەبوو، راوێـژی لە گەڵ هەندێک لـە کارمەندانی دەزگاکە دەکـرد، وا پێدەچێت لە تەمـووز و ئابی ١٩٧٩ دا لـە دەزگاکەمان دامەزرابێت، تاکە نوسـراوێک لە لای مندا کە ئیمزای ئەوی لە سـەرە لـە (١٩٧٩/١٠/٢٤)یە لە سـەردەمی ئەو دا بۆماوەی شەش مانگێک کاروباری سـکرتێری گۆڤـاری (بەیان) بووم بەرێوەم دەبرد، بەڵام هیچ فەرمانێکی رەسمی لەو بارەیاوە دەر نەکردبوو، دیاربوو لە خۆی ڕا نەدەبینی داوا لە وەزارەت بکات تاوەکو بە رەسمی ئەم کارە ئەنجام بدەم ....ژوورەکەی

بابـا عەلـی بەرزنجـی کـە یوئیـل خامیـس لـە گەڵیدا بـوو، دەینوارییە سـەر شـەقامی (الجمهوریە) بەرانبەر وەزارەتی کشـتوکاڵ،لە قووتویەکی سپی بەر لە سەعات دوازدە چای لێدەنا،کەپێدەکەنـی دەنگی لە نهۆمی دووەمی دەزگاکەوە دەزرنگایەوە ئیشـارەتێکی هەبوو دەمانزانـی چایەکـە گەیشـتووە، سـەرگوڵی حاجـی تەیمووریش ناوە ناوە قـاوەی لێدەنا کـە بەراسـتی لـە پەنجـە ناسـکەکانی ئـەو دەوەشایەوە، لەو ماوەیەدا خۆشی و تاڵییەکی زۆرمان چەشـت،بەڵام ئەویش بەشـێک بوو لـە ژیانمـان لە بەغدای پایتەخـت بەر لەوەی سـەدامی دیکتاتـۆر هەتـا ماوەیەکـی درێـژ تێکیدا، پاش بەرپابوونی شـەڕی نێوان عیراق و ئێران رەوشـی دەزگاکە بـەرە بەرە بەرەو ناخۆشـی رۆیشـت بەشـێک لـە کارمەندانی بەرەو کوردستان هاتن و هەندێکی دیکەشیان راپێچی خزمەتی سەربازی کران، بەندەش لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٨١ دا بەبەرپرسی نووسـینگەی دەزگا لە دهۆک دامەزرام، ئەوە بـوو بە ماڵـەوە هاتمە هەولێـر و لە عەنکاوە گیرسـامەوە لـەو ماوەیـە دا ململانێیەکـی تونـد لە نێوان بەڕێوەبەری گشـتی ی دەزگا مامۆسـتا ئیسـماعیل رەسـوول و موسـلێح جەلالی دروسـت بوو، دەنگۆی ئەو ململانێیە گەیشتە وەزارەت ئەمە درێژەی کێشا .تاکو لە بەهاری (١٩٨٢) دا کە کۆتایی بە خانەنشـین کردنـی بەرێوەبـەری گشـتی و دامەزراندی موسـلێح جەلالی لە شـوێنی ئەو هات ئێمە لە ١٩٨٢/٤/٢٧ دا بـۆ خزمەتی سـەربازی راپێچ کراین و لەوێوە پەیوەندیم لە گەڵ دەزگا وەکو بەشـداریکردن لـە چاپەمەنییەکانـی کۆتایی پێهات، ئەم دابڕانـە تا مانگی ئەیلوولی ١٩٨٩ دا درێژەی کێشـاو تا سەر لە نوێ گەڕاینەوە دەزگاکە لێرەوە لە ئەلقەیەکی دیکە دا ئەگەر خوایار بێت باس لەو سەردەمەیش دەکەین.

***سەرنووسـەری رۆژنامەی بێت نەهرێن، زمانحاڵی حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن..**




هەواڵنامەی کتێب

# ئایا دەبێ پایەی ئەم گومناوە لەکوێی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بێت..!؟

ع.ز

لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، قەدەری کورد وابوو، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتانی نەتەوەیی، ئەم میللەتە تەنانەت بەسەرەتاییترین مافەکانی خۆی نەگەیشت، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو سەرباری خۆخۆری و دووبەرەکی نێوخۆ، قڕکردن و لەناوبردنی، ئەوە بەزاراوەی سیاسی ئەمڕۆ پێی دەڵێن جینۆساید، بەهەموو جۆرەچەکێک بەسەر ئەم میللەتە تاقی کرایەوە، ئەوە سەرباری توانەوەی زۆربەی ڕۆڵەکانی لەنێو ئەو نەتەوە سەردەستانەی چارەنووسی کوردی پێ بەستراوەتەوە، ئەوەتا زۆربەی تۆژەرو

لێکۆڵەران لەسەر ئەوە پێکهاتوون کە بە هەزاران لە ڕۆڵەکانی کورد لەزاناو پسپۆران، تەنانەت سیاسەتمەدارانیش، لە خزمەتی هەریەک لە نەتەوەکانی تورک و عەرەب و فارس دان، تەنانەت هەنـدێ زانیاری نوێ لەبەردەسـتدان، ئەو کوردانەی لە ئازەربایجان و ئەرمەنسـتانن زۆر لە ڕۆشـنبیرەکانی لەنێو ئەم دوو نەتەوەیە ونبووون، دیارە بەڵگە لەسـەر ئەم بۆچوونانە زۆرن، هەر بۆنموونە دوای لەنێوبردنی دەوڵەتی عوسمانی و شوێن گرتنەوەی کۆماری تورکیا، ڕژێمی مسـتەفا کەمال ئەوەی پێێ کرا بەرامبەر کورد کردی، توانەوەی کورد ئەوە ساکارترین سزاو چاکەدانەوەی بوو کرایە سەرچارەنووسـی ئەم میللەتە، هەر دوا بەدوای دامەزراندنی کۆمارو سـەرکوتکردنی شۆڕشـەکانی کورد، یەکسـەر ڕژێم کەوتە لەناوبردنی هەموو ئاسـەوارێکی نەتەوایەتی ئەم میللەتە، ڕۆشـنبیرەکانی ئەم میللەتە وەکو دەڵێن ناویان لە کولەکەی تەڕیشـدا نەمـا، هەیانـە بەم دواییانە تاک و تەرا دەناسـرێنەوە، یەکێکی وەکـو ئەمین فەیزی بەهرەوەر تاوەکو کۆتایی حەفتاکان و دۆزینەوەی کتێبەکەی "ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد" ناوی نەدەهێنرا، کەم لە ڕۆشـنبیرانمان هەبوون ناویان بیستبوو، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٣دا، دوای دۆزینەوەی کتێبـی ئاماژە بۆ کراو، کۆڕێکی فراوانی بۆ بەسـترا، ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەم کۆڕە پێم وایە لە ژمارە ٩٣ی گۆڤاری (بەیان)ی ئەو سـاڵە هەمووی وەکو مەلەفێک بڵاوکرایەوە، لەوسـاوە تاوەکو کۆتایی سـەدەی ڕابردوو جگە لە نووسـینێکی خوالێخۆشبوو مستەفا نەریمان و چەند وردە بابەتێکی دیکە هیچی بەدوادا نەهات، بەبیرم نایەتەوە دەزگای سـەردەم لە سلێمانی کام لە ژمارەکانی (ڕۆڤار)ی بۆ ئەو زاتە تەرخان کرد، بەڵام باشـم بەبیرە کە وا دیاربوو دەزگاکە ئـەم ژمـارە تایبەتییەی (بەیان)ی ئامـاژە بۆکراوی لەبەردەسـت نەبووە، بۆیـە ئەو ژمارەی (ڕۆژڤار)ەکە لە بارەی ئەم زاتە نەدەگەیشـتە ئاسـتی (بەیان)ەکە، وەک زۆر کاری دیکە بوونی ئەم کەموکوڕییانەم لا بووە مەراقە، ئەوەبوو دڵسۆزو خەمخۆری وشەی کوردی و کوردێکی بێ غەل و عەشـی گومناو سـێ ساڵێک لەمەوبەر بۆ سەردانی خزم و کەسانی خۆی سەردانی ئەسـتەمبوڵی کردبـوو، دیارە چ لێـرەو چ لەوێ سـەردانی کتێبخانەکان خـەم و خولیای ئەو زاتەیە، ڕۆژانە لە ئەسـتەمبوڵ لەنێو کتێبە کۆنەکانی سـەر جادەو شەقامەکانی نزیک مزگەوت (فاتـح)ی ئەسـتەمبوڵ بەدوای کتێبی دانسـقەو دەگمەندا گەڕاوە، لەنێو هـەزاران هەزار کتێبی دانسقە نامیلکەیەکی بچووکی سەد لاپەڕەیی سەرنجی ڕاکێشاوە، بەهەر نرخێک بووە کڕیویە، بەڵام چۆن بیهێنێتەوە کوردستان، لەگەڵ جزدانی پارە لە باخەڵی خۆی دادەنێ، خواو ڕاستان جەندرمەی تورک لەسـەر سـنوور باخەڵی ناکۆڵنەوە، نامیلکەکە دەگاتەوە کوردستان، دجوای چەنـد ڕۆژێکـی دەخرێتـە بەر دەسـتی من، منیش بەبێ سـێ و دوو یەکسـەر گەیاندمە ماڵی مامۆسـتا (محیەدیـن بەزرنجی – نەژاد) ئەوەنـدەی پێنەچوو تەرجەمەیەکـی جوانی کردبوو، بەڵام وادیاربوو زمانەکەی دارشـتنەوەیەکی وردی دەویسـت، دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر دانەیەکی پاکنووس کراوم خسـتە بەردەسـت کاک (مەحمود زامدار) و مژدەی کارەکەم پێی گوت، بەو ناوەی ئەو هەڵسوڕێنەی ئەو یادو کۆڕانە بووە کە لە ساڵی ١٩٨٣دا لەبارەگای یەکێتی نووسـەران لە سـلێمانی گێڕدرابوو، دوای چەند ڕۆژێک زامدار دەقی بیرەوەرییەکانی دامەوە، بەڵام تەنانەت بۆ چاووزاریش خەتێکیشی بەسەر ئەو (٤٥) لاپەڕە فولسکابە دانەهێنابوو کە خرابووە بەردەسـتی، یەکسـەر لەگەڵ من کەوتە پیاهەڵدانی کارەکەو هەڵدانەوەی لاپەڕەی بیرەوەرییەکانـی خـۆی، منیـش گلەییم لێـی کرد کە ئەو هیـچ هەڵەت و پەڵەتێکی بۆ ڕاسـت نەکردووینەوە، دیارە وەڵامی زامدار چ بووە؟! بۆیە تەکلیفم لێی کرد کە یەک لە (شەبەنگ)ەکانی خۆی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکاو مژدەی ئەو هەواڵە بداتە خوێنەران، ئەوەبوو لە ژمارە (٣٨٩)ی گۆڤارەکە لەژێر ناونیشانی (دەستنووسێکی ڕابەر..!) ئەم هەواڵە بەخوێنەران گەیەنرا، بەقسـەی (زامدار) دەبێ ئەم هەواڵە دڵێ زۆر کەسی خۆش کردبێ، بەڵام ئەوەی منی نیگەران کرد مامۆستایەکی وا دیاربوو ئاماژەکانی زامداری بۆ




کتێبی (شۆون کردستان) و (مونتەخەباتی بابـان) بە هەنـد هەڵنەدەگـرت و بڕوای پێیـان نەبـوو، دیـارە مـن لەگـەڵ ئەو مامۆسـتایە قسـەم کـردووەو هەنـدێ لایەنی ئـەم بابەتەکم ڕوون کردۆتەوە، پێـم وایە ئێرە جێگـەی ئـەوەی تێدا نابێتــەوە کە باس لە دۆزینەوەی (١٨) ژمـارەی ڕۆژنامەی (کوردسـتان)ی (محەمـەد میهـری) لەنێـو کتێبخانە کوردییەکەی کۆڕی زانیاری عیراق – دەسـتەی کوردی بکەم، کە چۆن لەسەردەمی سەدام حەوت هەشت جاران چوومەتە بەغدا بەکۆمەڵێک دیـاری خۆمانە سـەردانی کۆڕم کردووە، تا خـۆم گەیاندۆتە نێو کتێبخانەکەو بەدەستی خۆم ئەم گۆڤارەم دووبارە دۆزیوەتەوە، هـەر ئـەو ڕۆژە هەواڵەکـەم گەیانـدە مامۆسـتا حەمـەی مەلا کەریـم، دوای ڕووخانی ڕژێمیش هەر لە ڕێگەی کاکە حەمـە، هەر (١٨) ژمارەکەی گۆڤارەکە گەیەنرایە (بنکەی ژیـن) و فۆتۆیەکـی لەبـەر گیرایەوە، دەمێکـە خەریکین هەمـوو ژمارەکانی وەربگێڕینە سـەر زمانی کوردی.

ئـەوەی لێـرەدا گرنگە جێ پەنجەی "ئەمیـن فەیزی"یە لەسـەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە، ئەوە جگە لەوەی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (ژین) دوو بابەت لەسـەر "حکومەتی بابـان" بەپێنووسـی ئـەم زاتـە بڵاوکراوەتـەوە، من پێم وایـە لەوانەیە ئەم دوو بابەتەش بەشـێک بن لەو کتێبەی خـۆی لەبیرەوەرییەکانی ئاماژەی بـۆ کردووە. فەرموون دوای خوێندنەوەی دەقی سـەرنج و تێبینییەکانی "زامدار" چاوێکیش بەم چەند بابەتەدا بخشـێنن کە "ئەمین فەیزی" تیایـدا بەرگری لـە نەتەوەکەی خۆی کـردووە بەرامبەر هەندێ بۆچوونـی هەڵەی ئەرمەنییـەکان و خەڵکی دیکە، دوای خوێندنـەوەی بابەتـەکان و ڕەتدانەوەکانی "فەیزی" تۆ بڵێی ئێوەش وەکو من بیرتان بۆ ئەوەی نەچێ "فەیزی" جگە لە کارە جوانەکانی دیکەی، یەکێک نەبووبێ لە دەستەی نووسـەرانی گۆڤارەکـە، پرسـیارێکەو تـا چاپکردنەوەی بیرەوەرییەکانی ئەگەر نەمرم هەر لەلام دەمێنێ!!



شەبەنگ

# دەسنووسێکی رابەڕ...!

مەحمود زامدار

* لە دەستووسەکەدا هاتووە: [ناوم محەممەدەمین و نازناویشم فەیزی و باوکم دەرویش عەبدولقادر ئاغایە و باپیریشم مستەفا ئاغا .. لە دانیشتوانی گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانیم . سالی (١٢٧٨ ک) لە دایکبووم...].
* هەر لەوێدا هاتووە [دوو کتێبی دیکەشم گەیاندە چاپ، یەکیان: (ئەنجومەنی ئەدیبان) ئەوی دیکەیان (شەوون کوردستان) دوو کتێبی تریش (مونتەخەباتی شیعری (١٥) شاعیری کورد) ئەویتریان: (حکومەتی بابان) دەربارەی مێژووی بەسەرهاتی کوردی بابانە .. جەنابی سەید عەبدولقادر ئەفەندی لە پیاوە بەرز و ناودارەکانی کوردستان بوو، بەسەرۆکایەتی ئەو زاتە (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) دامەزرا، منیش تێیدا ئەندام و ماوەی دوو ساڵان لەم کۆمەڵەیەدا کارم کردووە...].
* لەم رۆژانەدا برادەری دێرین و نووسەری بە توانا و رۆژنامەنووسی لێتوێژەر و وردەکار کاک (عەبدوللا زەنگنە) دەستووسێکی یەکجار بەنرخی بۆ هێنام تا بیخوێنمەوە و راشیسپاردم چەند دێرێکی لەسەر بنووسم.. ناواخنی دەستووسەکە یاداشتێکی سەیروسەمەرە و درێژی مەزنە پیاوێکی (مونەوەر) و رابەری وەک (محەممەدەمین فەیزیە) و هەر بە خامەی خۆیشی نووسراوەتەوە دەستووسەکە تورکی عوسمانلیە و کراوە بە کوردی کە زۆر بە وردی باسی ژیاننامەی پڕ لە هەوراز و لێژی خۆی دەکا و وەک گەڕیدەیەکی دنیا دیتەش ئاماژە بە گەشتەکانی دەکا بۆ وڵاتانی ئەورووپا و ئاسیا و چوونی بۆ حەج و بەرایەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دەیان رووداوی سیاسی پڕ لە هەڵوەستە وتێرامان .. جگە لەو کارە بەنرخانەی لە بارەی مێژووی ئەدەبی کوردی و حکومەتی بابانی کوردی، کە بەراستی بە دەسپێک و سەرەتای هەرسەرتا چ بۆ نووسینی مێژووی ئەدەب و چ بۆ سیاسەت لە قەڵەم دەدرێ، بەمەش ئەم کەڵەپیاوە دەبێ بە پێشەنگێکی گەورەی ئەم بوارە..!
* کە لە خوێندنەوەی دەستووسەکە بوومەوە (٢٣) ساڵ گەڕامەدواوە، کاتێ کە بە هەوڵی من و مامۆستا حەمەبۆر، یەکەم کۆڕی فراوانمان بۆ ئەمین فەیزی لە پایزی ساڵی (١٩٨٣) لە بارەگای یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی بەست و (٥) برا و مامۆستاش (کاکەی فەلاح ئەحمەد تاقانە د.ئیحسان فوئاد حەمەبۆر د.عیزەدین) هەر یەکە و بە باس و لێکۆڵینەوە و بۆچوون و چەند سەرنجێک کۆڕەکەیان خەملاند ویشت گەرم کرد ... بەسەر و سۆزاغیش توانیمان (فاتمەخان) ی خوشکی ئەمین فەیزی کە تەمەنی لە (٧٥)ی دەدا لە گەڕەکی مەجید بەگ بدۆزینەوە و بیهێنینە نێو کۆڕەکە، کە من و کاک سەلاح شوانی برا بەرێوەمان دەبرد..!.
* مەبەستم لەم ئاماژەکردنەم بۆ ئەو یاد و کۆڕە ئەوەیە: لەو کۆڕەدا هەندێ پەردە لەسەر ژیانی ئەم رابەرە سەرەندازکرایەوە و دەرگای گەلێ لێکدانەوە و پیلە و بۆچوونیشی والاکرد.. بەڵام لەو رۆژەوە تا ئێستا کە ئێستایە فروقیی لێکراوە و هەر ئەو چەند باس و لێکۆڵینەوانە بوونەتە سەرچاوە ..! بەڵام لەگەڵ موژدەی دۆزینەوەی ئەم کتێبە کە بە خامەی (فەیزی) رابەر خۆی نووسراوەتەوە، گرێ کوێرەی گەلێ شت یەکلا دەبێتەوە..! من لەمە زیاتر قسەناکەم تا ئەو رۆژەی کاک عەبدوللا زەنگنە بڵاوی دەکاتەوە.. بەڵام ئەوەندە دەڵێم: جگە لە (ئەنجومەنی ئەدیبان) ئەی بەرهەمەکانی تری ئەم پیاوە رووناکبیر و رابەرە..؟ تۆ بڵێی: (وەزارەتی رۆشنبیری) یا (کۆڕی زانیاری) یا (یەکیەتی نووسەران) هەوڵی دۆزینەوەیان نەدا و خەمێکی بۆ نەخوا!! چ بڵێم ..!

51

2006/11/21 :389

## کوردستانی – بەدبەخت

<u>ناوی کورد لەکوێوە هاتووە؟!</u>

بەپێی بەڵگەنامەو ڕووداوو دەنگوباسەکانی ڕابردوو "جالینۆس"ی حەکیم لەنووسینەکانیدا دەڵێ:

"ئازایەتی لە کوردان"ە، زاناو مێژوونووسەکانیش لەو بڕوایەدان ئەو بۆچوونەی بڕواپێکراوەو ڕاستە کورد ئەو ئازایەتییەیان لێ دەوەشێتەوە، هەتا ئەمڕۆش ئەوە لەخوو ڕەوشتە هەرە گەورەکانی کوردە.

چەندانێکی دیکەش لەمێژوونووسان وای بۆدەچن ناوی کورد لەوشەی "بەهادور یان پەهلەوان"ەوە هاتووە. ئەمانەش وای دەردەخەن ناوی کورد لەفارسییەوە نەهاتووەو تەعریبیش نەکراوە، ئەگەرچی یەک لەمیرزادە عەرەبەکان بەناوی "عمرو بن عامر" دەڵێ:

ناوی کورد لەزاراوەی عەرەبییەوە هاتووە، دیارە ئەوەش ڕاست نییە.

ئاشوورییەکانیش ناوی کوردیان بە "ئوردهو، خوردوخ، قورد" هێناوە.

لەپاش ئەو هەموو گۆڕانکارییانەشدا بۆ دواجار ئەو ناوو زاراوەی "کورد"مان بۆ ماوەتەوە.

"هردون"ی مێژووناسی ناوداری یۆنانی ناوی کوردی بە "خوردوخ" هێناوەو لەمێژووەکەی "خولکی"شدا بە "قوردو" هاتووە.

لەمامۆستاکانی "دار الفنون"ی ئۆکسفۆردیش سەیج ناو سەلماندوویە کە ناوی "ئوردهو" بەناوی کێوو چیا هاتووە، دەبا هەر واش بێ، یان کێوو چیا بەهەر حاڵەتێک ناوەکە لەپاش گۆڕانکارییەک بێ هەر ئەوشوێنە شاخاوییە کە کورد هەتا ئەمڕۆ تێیدا ژیاوە.

لەزمانی فەرەنسی دا بە میللەتە دوواکەوتووەکان دەگوترێ "horde=اورد" کە لە بۆچوونەکانی ئاشووری "ئوردو" وەرگیراوە...

بەپێی ئەو دەستوورە وڵاتەکانی ئەرمەستان دامەزرا لەبەر نەبوونی ئوردوویەکی بەتواناو هێز هەموو دەم ناخۆشی لەنێوانیاندا بەردەوام بوو، نەیانتوانی خۆ لەقەرەی کوردەکان بدەن لەبەر هێزی زۆریان، پەنجا ساڵ بەر لەزایینی حەزرەتی عیسا (د.خ) ئەرمەنەکان لەژێر فەرمانڕەوایی "دیکرانی دووەم" توانیویانە بەسەر حکومەتێکی لاوازی کورد زاڵ بن و حکومەتێک بۆخۆیان دابمەزرێنن.

ئەوکاتەش ڕۆمەکان ئەو شوێنانەیان گرتبوو، بەڵام ئەوەندە دەوامی نەکرد. وڵاتەکەیان تێکچوو، واتە ئەرمەنە داگیرکەرەکان لە پومپەی ڕۆژماش – هێزێک بۆ دەرکردنیان هاتبوو. هەرچۆنێک بێ لەبیرکراوە یان بەئەنقەستی خۆیان سالۆز دەکەن. ئەو دیاردەیە لەلایەن ئەرمەنستان پەسند کراوە کە لەوڵاتانی ڕاستەقینەی میللەتەکانی ئەرمەنەکان داوای ئەم بەشە خاکە دەکەنەوە کە دیکران حوکمی لەخاکی کوردان گێڕابوو.

لەسەر ئەم داوایەشیان ڕشدن کە دەڵێن لەکوردستان لەپێنج هەتا دەهەزار ئەرمەنی خاوەنی ماف و حەقن، ئێمە بۆ وەڵامیان قسەکانی "نۆتالیس"یان بۆ دووبارە دەکەینەوە، ئەرمەنەکان هەتا ئەو ڕۆژانەش لەهەموو شوێنێک بەناوی ئاوارەیی و لەپەنای ڕاگەیاندنەوە ژیاون. ئەرمەنەکان وەکو جوولەکەکان ڕوویان کردە بازرگانی، زۆربەیان لەبانکەکان "سەڕاف"یان دەکرد.

کوردەکان بەناوی سوود وەرگرتنەوە خۆیان تێکەڵ بەکاروباری ئەرمەنەکان نەدەکرد. ئەو شوێنانەی لەکاتی خۆیدا ئەرمەنەکان لەکوردستان داگیریان کردبوو ئەو مافەیان نییە داوای بکەن، چونکە شوێنی باوو باپیرانیان نییەو داگیرکراوبووە، لەسەر ئەم حاڵەش "ئیهمالی" عەردە کشتوکاڵییەکانی دێهاتەکانییان کردبوو، تەنانەت ژیانی خۆیان تێیدا تەرجیع دەکەن، ئێمە دەتوانین بەپێی ئەو "وەسائیقە" بڕواپێکراوانەوە کەلەلایەن دەوڵەتە گەورەکانی ئاوروپای "سەلاحییەتدار"ەوە "ئەقەللیە"کانی ئەرمەنەکانی تێدا "تەسبیت" کراوە.

لەبەیاننامەکەی نێوان "بەرلین" و

جەنەڕاڵەکانی ئینگلیز یەک لەوان بەناو لبیکر پاشا-موشاویری سەردەوڵەت خواڵێخۆشبوو سەعید پاشا* لە "موتەحەیزەکانی" ئەرمەنیش "میناس ئەفەندی" لە "تیعدادی نفوس"ی رەسمی بۆ نموونە:

لە "دیاربەکر" کە "ژمارەی دانیشتوان"ی بە (٨٤٠,٠٠٠) هەشت سەدو چل هەزار کەس دەرچوو، لەوانە (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزاریان موسوڵمانن، (٢٤٠,٠٠٠) دووسەدو چل هەزاریان بریتی بوو لەئەرمەنی و جوو، لەساڵی ١٨٩٥دا "برانس لۆبانۆف"ی رووسی نازیری دەرەوەی روسیا بەو مەرجە لە دۆستایەتی کوردیشەوە دووربوو، لەهەموو وڵاتانی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی "ئەقەللیە"ی ئەرمەنیانی بەرەسمی بەیان کردووە.

لە "٣ی تەشرینی دووەمی"ی ساڵی (١٨٩٦) کێشەی ئەرمەنییەکان لەئەنجومەنی پەرلەمانی فەرەنسەوە باسی لێوەکراوە. لە رۆژنامەی رەسمی فەرەنسیش بڵاوکرایەوەو لە ٤ی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩٦. ژمارە (١٣٥٧-١٣٥٨) بەیاننامەی نازیری دەرەوە دەڵێ:

ئەو کێشەیە لەویلایەتەکانی تورک باسی لێ کراوە بەپێی "وەسائیق"ەکانی تیعدادی نفوسی ئەرمەنییەکان ئەوەش ١٣٪ لە سەدا سێزدەیە لەنفوسی عمومی، ئەو ئەرمەنییانەی لەئاسیادا دەژین، بەشێکیان بەکۆمەڵ لەشارو شارۆچکەکان دادەنیشن. بەشەکەی تریشیان بەتاک تاکەو پەڕاگەندەیی بەشداری ئەو ژیانەنە. ئەو میللەتە بەدبەختەش "کورد" هیچ لەژێر ئیدارەی موختار نین هەتا بزاندرێ تیعدادی تەواویان بە کەمن و بەزۆری، هیچ جۆرە سیجیلێکی ئەوتۆیان نییە. لەو خاکانەی کە لەسەریدا ژیاون کوردە جێنشینەکان لەژێر ناوی "ماد" ناویان هاتووە. ئەوەش لەژێر ناوی ناوچەبەکی کورد پێکهاتووە پێیان گوترا "کوردماد" بەتێپەڕبوونی زەمانە تەحریف کرایە سەرناوی "کوردماند" "کورمانج".

ئەمڕۆ چەند شوێنێکی کورد ناوی "کرمانج"ی پێ دەگوترێ. وەکو "کرمنشاه" لە "کرمانج شاه"ەوە هاتووە.

* * *

## کوردستانی بەدبەخت[٢]

چەند زاراوەزانێک ئەمڕۆ لەبۆچوونەکانیاندا وتوویانە: زمانی کوردی لەفارسییەوە دەرقوڵاوە، فەیلەسووفی ناودار "جەمالەدین"ی ئەفغانیش، کە زانایەکی ژیر بووە، بەحیکمەت و ئەندێشەی خۆی وای بۆچووە کەزمانی کوردی و فارسی هیچ کامیان لەیەکدی دەرنەقوڵاون، بەڵکو هەردووکیان زمانی سەربەخۆن، بەڵام زمانی کوردی لەزمانی فارسی کۆنترە، ئەوەش لەکۆنیەتەکەی ئەلف و باکەیەوە دیاردەکەوێ، چونکە هەموو زاراوەیەک لەسەرەتاوە ناتەواوی پێوە دیار دەبێ لەپاشدان پەیتا پەیتا دەست بەرێزمانی دەکرێ هەتا جێی راستەقینەی خۆی دەگرێ. راستەییەکەی ئەوەش لەوەوە دیاردەدا کە لەگەڵ زاراوە کۆنەکەی "جغتای" تورکمانی قیاس کراوە.

ئەمڕۆ چ نیبسبەت و بەراورد کردنەوەیەک لە نێوان کوردی و فارسیدا نییە. ئەگەر بەوردی لێیان بدوێین لێمان ئاشکرا دەبێ کە زمانی کوردی لەزمانی فارسی کۆنترە، ئەوەی لەبەیەکچوونی چوند وشەیێکی دیار لەفارسییەوە بۆ کوردی بۆ نموونە:

نیم=نیو، نام=ناو، هەنگام=هەنگاو، ئەوجا بۆیە دەگوترێ: فارسی لەدوای کوردییەوە زنجیرەی پێ دەدرێ.

زمانی کوردی لای دێهاتی و دەوارنشینە دوورەکان، وەک زاراوەی شارستانیان نین، دەنگەکان و پیتەکانی زۆر بزرن.

زانا ئایینیەکانی کوردو شاعیرە بەرزەکانیان، چەند پارچە شیعرێک نەبێ، نووسینەکانیان بەزمانی راستەقینەی خۆیان نەنووسیوەو بەزمانەکانی عەرەبی و فارسی نووسیویانە، ئەوەش نایێتە رووی قیاسەوە، ئەو کتێبە "مجلد" کراوانەیان لەگەڵ کتێبەکانی زانا عەرەبەکان تێکەڵ یەکدی بوون، ئەگەر ناوی دانەرەکانیان لەسەر نەنووسرابێ کەس ناتوانێ لێکیان جیابکاتەوە.

شاعیرە بەرزەکانی کوردمان لەنێو دیوانەکان زۆر هۆنراوەی کوردیان هەیە،

نموونەی مەلا ئەحمەدی جزیری، شێخ ئەحمەدی خانی، لەزاناکانی سلێمانیش شێخ مەعروفی نۆدێ و حوسێنی قازی، هەروەها نالی شاعیر و مەولەوی. هیتر. ئاسەواریان شوێنی خۆیان لەجیهانی ئەدەبیاتدا کردۆتەوە.

زمانی کوردیش وەکو فارسی بەرێنووسی عەرەبی دەنووسرێ. نووسینەکانی ڕۆژهەڵاتییەکان گشت کتێب و نووسینە رەسمییەکانی دەزگاکان هەر بەم شێوەیە.

ئەوروپاییەکان بەهەرچۆنێک بووبێت توانیویانە چەند کتێبی کوردی وەرگێڕنە سەر زمانی هەندەران و بیانییان لەو بابەتەش لەرۆمای ئیتالیا لەدووسەد ساڵ لەمەوبەر کتێبێک لەچاپ دراوە، دوودانەی ئێستا وا لە کتێبخانەی "موسڵ" دایە، لەکتێبخانەی فەرەنسییەکان تەرتیب کراوە.

لەساڵی رۆمی شەرقی ئێمەش هێشتا چ کتێبێک لەبارەی رێنووسی کوردی بڵاونەبۆتەوە. لەسەر ئەوەی ئەمڕۆ ئومێدەوارین پشت بە هونەرمەندەکانمان ببەستین کە رووبکەنە وردەکاری و لەبابەت رێزمان و رێنووسی "املاء"ی کوردیمان تا بتوانن کتێبە زمانەوانییەکانمان بخەینەکایەوە.

٢٤ی حوزەیران ١٣٣٥

* * *

## کوردستانی بەدبەخت(٣)

<u>بەشی کوردستان کەوتۆتە کوێوە؟!</u>

مێژوونووسە یۆنانییە کۆنەکان و جوگرافی ناسەکان، ئەو شوێنانەی وەکو ئێران و عێراقی عەجەم و ئازربایجان بەناوی میدیا ناساندووە، سنووری میدیایان لە ئێرانی فارسی جیاکردۆتەوەو وەک ئەوەی خوارەوەیان داناوە:

لەرۆژئاوا = ئاشور
لەباکوور = دەریاچەی خەزەر/ قەزوین
لەرۆژهەڵاتەوە = خوراسان
لەباشوورەوە = خۆراسان و بەسرەو فارس

زانایەکی یۆنانی "پۆلیب"وتوویەتی: میدیا لەپایەبەرزیدا بووە حوکمداری زۆر بەشی لەئاسیادا کردووە، دانیشتوانیشیان زۆر ئازانە... ئەمڕۆکەش خەڵکەکەی ئەو شوێنەی بەمیدیا ناوبراوە کوردن.

بە (٤٠٠) ساڵ بەر لەزایین کاتێ لەشکری یۆنانی بەدۆڕاندنێکی پەرێشانی کشانەوە وڵاتی خۆیان کەبەم شوێنەی میدیادا تێپەڕ بوون، رێیان لێ ون بوو و پەڕاگەندە بوون.

"ئۆکزینوفون"ی مێژوونووسیان لەکتێبەکەیدا "ئانابازیس" ئەم کشانەوەی لەشکری یۆنانی تێدا نووسیوە، بایەخێکی زۆریشی بەخەڵکی ئەم شوێنە داوە کە کورد بووینە، بەناوی "کوردۆخ" ناوی بردوون، ئەم شوێنەی نێوان دەریاچەی خەزەر/ قەزوین و بەسرە بە کوردستان ناوبراوە، نکۆڵی لێ ناکرێ هەتا "هنری بندر"ی فەرەنسی لەکتێبەکەیدا ئەم شوێنەی بەکوردستان ناوبردووە، ئەگەرچی زۆر کەسی دیکەش لەنووسینەکانیاندا ئاماژەیان بۆ ئەم شوێنە کردووە...

ئاشووریەکانیش لەگەڵ میدیا هاوسنوور بوون.

"کەی قوباد"ی پادشای گەورەی میدیا شاری هەمەدان/ئاکباتان پێتەخت و کورسی حوکمی بوو، ئەو دێیانەی دەروبەریشی بەگشتی هەر کوردبوون، ئەوەش بەڵگەیەکی زۆر ئاشکراو دیارە.

لەویلایەتی"دیاربەکر"یش گوندێک هەیە هەتا ئەمڕۆکە هەر ئەم ناوە کۆنەی پێوە لکاوە "میدیات" زۆر شوێنی دیکەش بەنیسبەت ئەم شوێنە کە ئەم جۆرە ناوە کوردییانەی تێدا دیارە...

بەپێی ئەمە وا دیاردەکەوێ کە ئەم شوێنەی بە کوردستان ناوبراوە هەموو کوردەکانی جیهانی نەگرتۆتە خۆی، کورد لەزۆر شوێنی دیکەی وەکو: شام، لەحەلەب، لەئەنادۆڵ، لەئێران، لەپشت قەفقاس، لەخوراسان، لەئەفغانستان، لەبلوجستان هەن... لەبەر ئەوەی کورد رەگەز پەرست نەبوونە بەبێ جیاوازی تێکەڵ بەهەموو میللەتانی موسوڵمان بوون.

ماویەتی

* * *

**ئەرمەنییەکانی ژمارەیان لەکەمبوون نییە بەڵکو بەرەو زیادە دەچن؟!**

"رەنسانس" کە ڕۆژنامەیەکی ئەرمەنییەکانەو بەزمانی فەڕەنسی دەردەچێ وتوویەتی: (٧٠٠ ساڵ) لەمەوبەر نفوسی ئەرمەنەکان (٢٠ ملیۆن) بووە، ئەمڕۆکە ٣,٨ ملیۆنن، واتە ئەوەندەیان لێ ماوەتەوە...

بۆچوونی ئەم ڕۆژنامەیە دوورە لەواقیع، چونکە لەسەر ئەم شتەی نووسیویەتی هیچ بەڵگەنامەیەکی بەدەستەوە نییە، لەبەر ئەوە ئەم قسەیان لێ ناسەلمێنرێ. بەڵام بۆ سەلماندنی ئەم شتە ئەگەر بۆچوونەکەیان فەرموون ئەوەتا بەشێکی زۆریان لەروسیا دادەنیشن و ژمارەیان لەئەرمەنییەکانی وڵاتی عوسمانی زۆرترە، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێن ناگەنە حیسابی ملیۆن.

سەیرە: بۆ دەبێ ئەوانیش نفوسیان بۆ لای کەمی چووبێ؟! ئایا دەبێ لەمەیدانەکانی شەڕدا فەوتابن؟! ئەگەر شتێکی وا هەبووبێ ئایا دەبێ لەشەڕی گەورەی جیهانیدا لەگەڵ روسەکان بەشداربووبن؟! باشە ئەگەر لەم (٧٠٠ ساڵ)ەوە هیچ نفوسێکیان لەم (٢٠) ملیۆنە کەم نەبووبێتەوە، بۆچی کەلەگەڵ عوسمانییەکان تێکەڵ بوو ئەوها نفووسیان رووی لەکەمی کرد؟

هەتا لەروسیا، بگرە هەتا لەژێر حوکمی عوسمانییەکانیش، لە "سجلاتەکانی روحانییەکانیاندا دیارە هیچ نفوسیان لێ کەم نەبۆتەوە"...

(٧٠٠ ساڵ) لەپێش ئەمڕۆکەوە ئەرمەنی لەوڵاتی عوسمانی لە "دەرسەعادەت" هەبوون، ئیحتیمالیش هەیە کە هیچ نەبوون، ئەرمەنییەکان لە "دەرسەعادەت" ئەگەر لەسایەی یارمەتییە تایبەتییەکانی عوسمانی نەبوانایە نەیاندەتوانی بەرەو زیاد بوونی نفوسیان بین؟!

(٤٠) ساڵ لەمەوبەر ئەو لەشکرە کە سەوقی وڵاتی "یەمەن" کرا میقداری ئیسلامەکان "١٠٠ فەوج" دەبوو، ئایا لەنێوان ئەم فەوجانەدا یەک نەفەر ئەرمەنی هەبوو؟!

لەو هەموو شەڕە سەختانە ئیسلامەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو کەمی دەچوون، ئەرمەنییەکانیش لەناو نوێنی راحەتیدا خەوتبوون، منداڵەکانی خۆیان پێرادەگەیاند، نفووسیان بەرەو زیاد دەچوو، لەزەمانێکدا لەشاری "حەلەب" یەک ئەرمەنی نەبوو، کەچی ئەمڕۆ "حەلەب" بووەتە کۆمەڵگەیەکی گەورەی ئەرمەنییان هەتا لەویلایەتەکانی دیکەی تەبای "حەلەب" ئەرمەنییەکان هەر بەرەو زیادی دەچن، بەرێز سوڵتان "موراد"ی چوارەم کەبەسەر بەغدای دادا زۆر کارمەندی دەستڕەنگینی ئەرمەنی لەگەڵ خۆی هێنا بەغدا، ئەوانە لەوێ جێنشین کران، کلێسەیان بۆ بنیات نرا(١) هەتا ئێستا مەزارگایان لەتەک مەزارگەی ئیسلامەکان لەگەڕەکی "الاعظمیە" دیارە.

لەسەر ئەمەشدا لەرووی زیادە ریزگرتنیانیشدا چەندانیان لەناوخۆیاندا کردە فەرمانڕەوا، ئەگەر زیاتر لەمێژوو رابمێنین دەزانین کە سوڵتان "محەمەد فاتح"ی عوسمانی، زۆر پارێزگاری ئایین و کاروباری ئەوانە بوو لەرووی سەربەخۆیی کردنیاندا ئەوەندەی بۆ ڕۆمەکانی "دەرسەعادەت" دانەنابوو.. ئەوەندەی ئەرمەنییەکان لەگەورەترین سەڵتەنەتداری عوسمانییەکان یارمەتییان وەرگرتووە، نیوئەوەندەش خەڵک و دانیشتوانی وڵات لەو یارمەتییانەیان نەدیوە، لەسەر ئەم حاڵەش ئیدیعا دەکەن کە نفووسیان کەم بۆتەوە؟!

لە "دەرسەعادەت" کوردێکی زۆر دادەنیشن، زۆربەیان هەژارن و لەگەردی بەیانیانەوە دەچنە کاسبی و لەتاریکی ئێوارەوە دێنەوە. لەگەڵ ئەو ئارەقەی ناوچەوانیشیان ئەگەر "قوتێکی لایەموتیان" دەست کەوێ بۆ بژێوی ڕۆژانەیان..

بەڵام ئەرمەنییەکان لەبازاڕی "موجەوهەرات"دا بە زێڕو زیوو ئەلماس یاری دەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا: لەو دوو دانیشمەندانە زۆرتر بەهرەدارن؟! کامەیان دەبێ بەهرەدارتر بێ؟

ئەگەر بێینە سەر باسێکی بۆ زیادە

ئینساف کردن و دەبینین کوردەکان ئەوەندە یارمەتییان نەدیوە بەقەدەر ئەرمەنییەکان.
جێگای داخە کە کوردەکان تا ئێستا پێویستیا بە هیمات هەیە...
ئەوجا ئەرمەنییەکان لەسایەی عوسمانییەکان بوون بەساماندار و نفووسیشیان بەرەو زیادەوە دەڕۆیشت "شوکری نیعمەت شتێکی باشە، کوفرانی نیعمەت شتێکی خراپە"، دووبارەی دەکەینەوە کە نفووسی ئەرمەنییەکان لەزیادە دایە نەک لەکەمی...

بەرامبەر بەوەش ئەو ئیدیعایە پڕ موبالەغەیەش کە نفوسیان (٢٠ ملیۆن) بووە (٧٠٠ ساڵ) لەمەوبەر چۆن بوو بە (٣،٨) ملیۆن؟ هیچ سەنەدێکی بڕواپێکراویش ئەم ئیدیعایە ناسەلمێنێ، با ئەوەش بڵاو بکەینەوە.

١٢/ئاغستوس/٣٣٥

* * *

### کورد لەچ ڕەگەزێکن؟!

ئەم باسە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بەتۆفان هەیە، بۆیە پێویستە کەمێک باس لەم تۆفانە بکەین، ئەگەرچی لەچەندانیش لەمێژوونووسان نکۆلی لێ دەکەن... ئەم تۆفانە بەر لەنووسینی مێژوو ڕووی داوە، سەرچاوەش بۆ ڕاگەیاندنی ڕاستی ڕوودانی ئەم تۆفانەش قورئانی پیرۆزە... زۆر چەرخ بەسەر ئەم تۆفانەوە ڕابردیە بۆیە لەتەحریف و گۆڕانکاری مێژووەکەی بەدەر نییە. ئێمە کە قورئانی پیرۆزمان بەدەستەوەیەو هەمووشی ڕاستە، بڕوا کردنیش بەفەرمایشەکانی خوای مەزن "فەرزو عەینە"و "ئیجتیهاد"ی لێوە ناکرێ.

ئەوە هەزارو سێ سەدو چەند ساڵێکە کەس نەیتوانیوە ئەم قورئانە پیرۆزە "تەصریف" بکا. هەر کتێبێکی دیکە لەم چەرخە کۆنانەوە باسی ئەم تۆفانەی بکردبایە باوەڕ ناکەم بەبێ تەحریف نەدەگەیشتە دەستی خەڵکی ئەمڕۆکەمان، هەروەکو زانراوە ڕووبەری ئەم زەوییە لەچاخەکانی کۆنەوە بەشێکی زر کۆنی بەرەو ژێر ڕووچووە و بویتە "بەحری موحیگی ئەتلەسی"، زۆر جاران لەسەر شاخە بەرزەکان چاومان بەئێسقانی ئاژەڵە دەریاییەکانی وەکو نەهەنگ و هی دیکە دەکەوێ، ئەوەش زانا پسپۆڕەکان سەلماندوویانە، وتوویانە زۆر شوێنی سەر ڕووی زەوی ئەمڕۆ لەپێشدان دەریا بووە. بەتێپەڕبوونی زەمانە پەیتا پەیتا بووەتە عەرد.

لەچەرخەکانی شەختەبەند بەفر بەرزایی گەیشتۆتە هەزار مەتر، ئەم جۆرە گۆڕانکارییەیان سەلماندووە، ئەمڕۆکەش بۆیان ساغ بۆتەوە هێزێکی ڕاکێشان لەنێوان مانگ و ڕۆژدا هەیە پێی دەڵێن "جاژبیە" لەو هێزەدا "مدو جزر" هەڵکشان و داکشانی ئاوی دەریای لێ پەیدا دەبێ، جاری وا دەبێ لەکاتی هەڵکشانیدا ئاوەدانی ڕادەماڵێ. بارینی باران لەم هەسارەیەدا ڕووبارو دەریای لێ پەیدا دەبێ، هێندێ کەس ئەم شتانە ناسەلمێنن، بۆ؟ چونکە پێشان کەس ئاشنایی بەم شتانەوە نەبووە، بەڵام ئەمڕۆ دەبێ بسەلمێنێ ئەمە زانستە.

لەمامۆستا گەردووناسەکانی "خانەی هونەر-دار الفنون"ی میشیگان لەئەمریکادا یەکێک لەژێر ناوی "ئابویورتا" لەئەنجامی حساباتێکی خۆی وای گوتووە. کەلەڕۆژی ١٧-یکانوونی یەکەمی ساڵی ١٣٣٥ لەجووڵانەوەی هەسارەکان ئەم کۆمەڵە ڕۆژی "مەجموعەی شەمسی" ئێمە، لەئەنجامی داکشانی ڕۆژ بۆ هەسارەکان، شتێکی زۆر سەیر لەسەر گۆی زەویمان، وەک تۆفان، باران، بوومەلەرزە، بورکان، ڕوودەداو ئەو کاتەشی نیشان کردبوو، بەڵام ئەو بۆچوونەی ڕاست دەرنەچوو، چونکە ئیحتیمال وایە یان دەبێ یان نابێ. بەمەرجێک هەموو ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەش هەواڵەکەیان ڕاگەیاندبوو، مێژووناسەکانی سروشت وای بۆ دەچن کە گۆی زەوی گشتی دەریابوو، لەپاشدان ئەو پارچە زەوییە وشکانەی لێ پەیدا بووە، ئەوەش وا نییە؟!

تۆفانی حەزرەتی نوحیش-درروودی خوای لێ بێ وتوویانە: هەموو ڕووبەری عەردی داپۆشیوە، وانییە؟□! مانای ڕاستی تۆفان

زاناکانی جیۆلۆجی "علم گبقات الارچ" لەبارەوە دەڵێن: هەموو تۆفانێک وەکو یەک نین، ئەمەش بەسەختی و نەرمی عەرد دەزاندرێ.

لەوەتی ئەم تۆفانە گەورە لەو سەردەمەی حەزرەتی نوح پێغەمبەر روویداوە تاوەکو ئەمڕۆ هیچ تۆفانێکی ئاوا رووی نەداوە، ئەوەش لەکتێبی ئایینە ئاسمانییەکان، کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرانی ناردووە، بەتایبەتی قورئانی پیرۆز، ئەوەش چونکە فەرمایشی خوایە ئینکار کردنی کوفرە، مەگەر تاوانبارەکە موسوڵمان نەبێ؟!

ئێمەی ناتوانین لەسەر بۆچوونە کۆنینەکان برۆین بەپێچەوانەی ئەم باسەی کەلەقورئانی پیرۆزەوە بۆمان هاتووە.

ئەو شتەی ئەمڕۆ دەگوترێ سبەینێ دەچێتە نێو تاریکایی رۆژگار، شتێکی پەسند کراو ئەگەر لای ئێمە دەبیتە ئەفسانە ئەوا لای کەسانی دیکە راستی و ناراستی تێکەڵ دەبن و مرۆڤ سەرو بنی لێ بزر دەبێ، ئەوەی لەچەرخەکانی کۆنەوە بۆمان ماوەتەوە هەمووی راست نییە؟! مەگەر بەشێکی راست بێ ئەوەی کە عەقڵ قبوڵی دەکات. ئەم شتانەی گوتراون و سەلمێنراون هەرچۆنێک بێ بابێ. بەڵام حوکمی ئایینی ئیسلام و قورئانی پیرۆزمان بەدەستەوەیە، ئەوەش زۆر بەوردی ئەو تۆفانەمان بۆ باس دەکات: قورئانی پیرۆز دەڵێ:

قەومی حەزرەتی نوح باوەڕیان بەپێغەمبەرایەتی ئەو نەبوو، بەڵکو هەر بە هەواو هەوەسی خۆیان لەسەر بتپەرستی "یەغوس و یەعوق" بوون، خوای تەعالی فەرمانی دا کە کەشتییەکی گەورە دروست بکات لەهەر جۆرە زیندەوارێک نێرو مێیەکی بخاتە سەر، چونکە لەداهاتوودا لافاوێکی زۆر گەورە روو دەدات، کە لافاوەکە هەستا بوو بە تۆفانێکی زۆر گەورە ئەو قەومە تاوانبارەی، وەک قەومەکانی عادو لوگ و فیرعەون، لەناوبرد.

بەم تۆفانەوە زاندراکە دانیشگاو لەدایکبوون و پەیدابوونی ئادەمیزاد لەکوێوە بووبێ بابێ، بەڵام بەراستی قورئانی پیرۆز بەئێمەی راگەیاندووە کە کەشتییەکەی حەزرەتی نوح پێغەمبەر (د.خ)، پاش نیشتنەوەی ئاوی لافاو، لەسەر شاخی "جودی" نیشتۆتەوە، ئەو شوێنەش کوردستانەو نەوەکان لەوێ بڵاو بوونەتەوە.

بەپێی ئەم باسەوە لەسەر تەقدیرانی "ئیرانی و تورانی"ئەگەر باسی لێوەبکرێ نەوەکانی حەزرەتی نوح (د.خ) کوردن، بەپێی ئەم پەسندکردنەیان بەشەکلێکی ئیجابی بەپێویست دەزاندرێ.

* * *

### حال و شانی ئەنجومەنی پەرلەمان

پەرلەمانتارەکانمان کە کاروباری بەڕێوەبەرانی وڵاتیان سەیر دەکردو نارەزایی خۆیان هیچ دەرنەدەبڕی، هۆیەکەی لەبەر ئەو چەند خاڵانەی خوارەوەیە:

یەک لەو مەرجانەی سەرۆک دەزگایە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەندەی بەقەدەر توانای خۆی لەزانست و هونەرمەندی ئەو دەزگایەی کە دەبێتە بەڕێوەبەری، ئەو زانستانەش وەک "جوغرافیا،تأریخ-واتە مێژوو، ئابووری، حقوق-واتە یاسا".

هەر سەرۆک دەزگایەک لەم زانستانە شارەزایی نەبێ ناتوانێ کاری بەڕێوەبەرایەتی وڵات رابپەڕێنێ، ئایا نابێ ئەم بەڕێوەبەرانە بەپێی یاسا بەرپرسیار ببن؟ چونکە لەو زانستانەی سەرەوە ناشارەزانە یان پێویستیان بەم زانستیانە هەیەو یان دەبێ، ئەگەر بیر لەدێرزەمانەوە بکەین لەسەردەمی پاشایەتی لە "کۆگایانی وەکیلەکان" چەندانیان لەو نموونانەی خوارەوە بوون بەباری خەڵووز لەسەر پشتی هێستر کۆڵان بەکۆڵان دەگەڕان.

ئەمڕۆ رۆژی زانستییە، ئەگەر ئاشنایەتییان لەم زانستییانەدا نەبێ نابێ بۆ کاروباری میللەت هەڵبژێدرێن، سەرباری ئەوەش دەبێ خاوەن خوورەوشتی باش بن، نابێ بەشوێنی بەرژەوەندی خۆیاندا بگەڕێن، ئەوجا ئەگەر بەپێچەوانەی ئەو شتانەی کە باسمان لێوەکرد جووڵانەوە دەبێ ئەو ئەندامانە ئەو خێرە بەردەستییان بەشەڕ لەقەڵەم بدرێ..

ئەمڕۆ لەوڵاتی ئێمە ئەندامی "مەبعوپان"پەرلەمانی عوسمانی لە بەتەمەندا چووەکان یان ساماندارەکان هەڵدەبژێردرێ، چونکە وای بۆ دەچوون کە مەرجی هەڵبژاردنی ئەندامی پەرلەمان دەبێ زەنگین و ساماندار‌بێ لەعیلم و مەعریفەتەکەیان نەدەپرسی. هەندێکیش وایان دەزانی ئەگەر زانایەکی زمانەوانی بێ وەک زانستییەکانی عەرەبی لە "نحوو صرف و قواعد و تجوید... هتد" مەرجە بۆ هەڵبژاردنی ئەندام، ئەوانەی کە ئەم جۆرە مرۆڤانەیان هەڵدەبژارد سەربەست بوون، لەسەر ئەوەشدا لە "پەرلەمان" زۆر نموونەی پیاوی ژیر و خاوەن عیلم و مەعریفەتیش هەبوون، بەڵام ژمارەیان زۆر کەم بوون نەدەهاتنە ئاستی قیاس.

لەپێشدا لە "ئینگلتەرە" لەیەکێک لە ویلایەتەکاندا ئەندامێکی پەرلەمان ئەگەر بڕوای بە "انجیل" نەبوایە دوای هەڵبژاردنی کە سوێندی دەخوارد دەیگوت: بە "ناموسم" یان "بەشەرەفم" لەسەر ئەوەش یان لێیان قبوڵ دەکرد یان نا، چونکە "انجیل" کتێبێکی ئاسمانییە دەبا سوێندەکە بە "انجیل" بێ.جار وابوو سەرەکی پەرلەمان "سوێندی بە ئینجیل" لێ وەردەگرت، ئەوانیش دەیانویست ئەم پەرلەمانەبان راست و دروست بێ، چونکە شوێنێکی ئارام بەخشە.

چەند ساڵێک لەمەوبەر لەگەڵ ئەندامێکی پەرلەمان "مبعوپان" پیاسەم دەکرد، بەپێش مزگەوتی "سولتان ئەحمەد"دا تێپەڕ بووین، دەستی کرد بەقسەی ناڕەواکردن دەربارەی سولتان ئەحمەد، وتم ئەم جنێوانە لەبەر چییە؟! گوتی: لەجیاتی مزگەوت باغێکی میللی باشتر نییە؟!

مزگەوت دروست کردن جێگای عیبادەتە، ئێمە شانازی پێوە دەکەین ئەویش باخچەی میللی پێ باشترە، ئەگەرچی لەسەردەمی سولتانی ناوبراودا هێشتا لەوڵاتی ئێمەدا باخچەی میللی نەبوو، بەڵکو هێزی دەریاییمان زۆر پرشنگدار بوو، زۆر لەگەڵیدا هەوڵمدا بیهێنمە سەر بڕوای خۆم، بەڵام بێ سوود بوو ئەو هەر لەسەر قسەی خۆی دانەبەزی. ئەمڕۆ ئەم جۆرە مرۆڤانە هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی "مبعوپان"پەرلەمان، توخوا حالی ئەو میللەتەی ئێمە جێگای پێکەنینە یان گریان؟! ئەم جۆرە کەم و کوڕیەی ئەوانە دەکەوێتە سەر ئەستۆی کێ؟! دیارە دەبێ بخرێتە سەر حکومەت، چونکە ئەوان تەنیا پەرلەمانیان بەم گوێرەی سەرەوە دامەزراند. بیریان لەپێویستەکانی میللەتکەیان نەدەکردەوە؟! یەکەمین ئەندامە هەڵبژێردراوەکان لەنیفاق و شیقاق زیاتر چ سوودێکیان نەبوو، دووەمین جاریش کە ئەندامانیان بۆ ویلایەتێک هەڵدەبژارد، ئەندامی وایان دەهێنا بەر تاوڵەی هەڵبژاردن کە بەدرێژای تەمەنی خۆی ئەم ویلایەتەی نەدیبوو کە بۆی هەڵدەبژێردرا یان خەڵکەکەشی نەدەناسی. لەم کارە زۆر شتی ناڕەوا روویدا..

غەیری قبوڵ کردنی غەڵەتەکانیان میللەت چی پێ نەکرا..

لەجارانی دواتر، لەپاش چەند جار راستکردنەوەی هەڵەکانیان وا دیاربوو میللەت کەمێک سوودی لەوان دەستکەوت. ئەوەش ماوەکەی کەم بوو، لەپاشدان دەور تێکچوو سەرجەنگاوەرەکانی دەسەڵاتدار دەستیان بەنەفی و ئیعدام کردنی خەڵکەکە کرد، لە کوردستان و لەعەرەبستانیش زۆر لە پیاوە ناودارەکان و شێخی هۆزەکان کوژران، دزین و تاڵان کردنیش سەرباربوو. بێ دەرامەتی و گرانی دەستی پێ کردو سەرو شوێنیان لێ ترازا، حکومەت بەم تاوانانەوە خۆی لەژێر پەردەی شەڕی جیهانیدا شاردەوە، لەجیاتی سکاڵاو شکایەت میللەت حەمدو سەنای بۆ داوا دەکردن. دەسەڵاتدارەکان و بەڕێوەبەران لەرووی پاراستنی مافیان قصوریان بۆ میللەت نەکرد، ئەندامانی پەرلەمان واتە "مبعوپان" مانگانەیان لە ۲۰۰ لیرەوە بوو بە ۵۰۰ لیرە، بژێویان بەفراوانی بۆ دابین کرابوو، لەرووی بازرگانیشدا ئەوشتانەی کە لەئەورووپاوە دەیانهێنا "ئەستەمبول" بەنرخێکی گران دەیانفرۆشتە خەڵک.

لەجاری هەڵبژاردەی یەکەمی "مبعوپان/ پەرلەمان" میللەت هیچی دەست نەکەوت،

لەهەڵبژاردنی دووەم میللەت لەزەرەر بەدەر چی نەدیت؟! خەڵکەکە هیچ سوودێکیان لە "مشروگیهت" نەدیت، "مبعوپان" وەک میکرۆب تەماشا دەکران، میللەت ئەو مافەی هەبوو کە ئەم جۆرە سیفەتانەیان بداتە پاڵ، ئەوجا لەپاش ئەم هەموو زەحمەتکێشیەو ناخۆشییەوە میللەت هێشتا پێویستی بە پەرلەمان هەیە... ئەمما پەرلەمانێکی بە ئینساف و خاوێن بەخوورەوشتی پەسندکراو زانستییەکانی لەسەرەوە باس لێ کراو، لەسەر ئەوەش دەبێ ترسی خوا لەپێش هەموو شتێکدا بێ "رأس الحکمه مخافه الله"

* * *

### توانای جەنگاوەریی کوردی بابان

بازووی بەهیمەتی هەریەکە لەکوردی بابان گورزێکی ئازایەتی و سینگی مەردایەتی هەریەکەیان سەنگەرێکی پەلاماردەرە. ئەمانە یەکێکن لەو نەتەوە نەجیبانەی کە لەهەر شەڕێکا بووبن درێغیان لەئازایەتی و غیرەت نەکردووە. دەکرێت بگوترێت: سلێمانی و ناوچە پاشکۆکانی ژێر باڵی حوکمداری بابانەکان لەشەش سەد ساڵ لەمەوبەرەوە بەبێ کۆڵدان بەرانبەر بەهێرشەکانی خۆرهەڵات وەکو قایمکاریەک وابوون.

ئەوەی کە لەسەرکەوتنی (چاڵدێران)ی (سوڵتان سەلیمی یەکەم) و بەتایبەتی سەندنەوەی بەغدادا، کە (سوڵتان موڕادی چوارەم) داگیری کردبوو، زۆرتر خۆی بۆ پاراستنی شان و شەرەفمەندی بەخت کردبێ ئەوە خەڵکی سلێمانی بوون، واتە کوردی بابان بوون. ئەم هەموو بەرزی و ئازایەتیەشیان لەموسڵمانەتی و گەوهەری کوردایەتییەوەیە، لەچەرخی دواییدا سەربازانی سوپای شەشەمی کۆن، کە بریتیی بوون لەڕۆڵەکانی سلێمانی، کە لەدامرکاندنەوەی یاخیبووەکانی (نەجد) و (مونتەفیک)دا زیاترو چەندین کەڕەت لەچەتەکانیان داوەو لەنێویان بردوون ئەوان بوون.

دەمانەوێ بڵێین: وێڕای ئەوە کە سلێمانی لەناوەندی بایەخ پێدان چۆڵ و لەهەموو روویەکەوە بەشخوراوبووە، کەچی لەپەیمان و وەفاداریدا هەمیشە خۆڕاگربووەو لەسەلماندنی دۆستایەتیشدا بەرانبەر بەدەرگای خەلافەت دوانەکەوتووە، بەڵام پاداشتەکەی چی بووە؟ هیچ. سەرباری ئەوە هەر خەڵکی سلێمانی بوون کە تاڵاوی زۆرداریان چێشتووەو ماڵیان تاڵان کراوەو لەحاڵ و باریان نەپرسراوەتەوە. والی و فەرماندەرانی کاتی نائاسایی بەغدا ئەوە لەولاوە بوەستێ کە بەهیچ جۆرێک دەست بەرداری نەبوون، هەردەم لەکاتی نائاساییدا سوودیان لەتوانایی جەنگی و ئامادەییان وەرگرتووە، گەورەترین و گرنگترین خزمەتێک کەپێشکێشی کوردی بابان کرابێ لەکاتە نائاسییەکاندا بووە، چونکە کەسانێکیان لەنێودابووە کەم و زۆر بایەخیان بەئازایەتی و کردەکانیان داوە. ئەگەر حکومەتی بابان لەسەر حاڵی پێشووی بهێڵرایەتەوە، دەبوە پاڵپشت و پلەی یەکێک لەو حکومەتە هاوپەیمانانەدا دەبوو کە لەئەڵمانیا پێکهاتبوون.

دەبێ بەوە بزانین کوردەکانی بابان تا چ ڕادەیەک ئامادەیی عەسکەرییان هەبووە کە پاشاکانی بابان پێش هاتنەگۆڕێی ڕژێمی تازەی حکومەتی عوسمانی و بگرە زۆر پێشتریش بیریان لەمەسەلەی پێگەیاندنی سوپای نیزامی کردووەتەوە. ئەحمەد پاشا لیواو فەوجی بۆ هەریەکە لە لقە عەسکەریە جۆراوجۆرەکان پێکهێناوەو بەو پێیە سوپایەکی بەهێزی پێکەوەناوە. باری پێشکەوتنی ئەو ئاوەدانکردنەوەیەی جاران کە لەسایەی حکومەتی ناوچەیی سلێمانیدا بەدی هات شایستەی سەرنج دانە. ئەو کاتانە سوود لەموڵکی ئاغاو بەگەکان وەرگیراوەو بەتەواوی لەژێر دەستدابوون. وەکو دەڵێن: توانای ژیاندن و بەڕێوەبردنی هێزێکی عەسکەریشی دابین کردووە. جگە لەوە لەزیادەی داهاتەکەو بەحسێبی پێنج هەزار قرۆشی ڕۆژانە، ساڵانە برە پارەیەکی بایەخداریشیان بۆ بەغدا ناردووە.

دوایی چی بوو؟ دوایی بۆ لەنێوبردنی خانەدانەکان و مراندنی ئیدارەکە پاشاکانی بەدەستورێک لەگەڵ ئەو لایەنەدا کە

گومانی لێدەکرا لەجێی خۆیان لابران و بەوالی ئەو ویلایەتانە دەست نیشان کران کە پێیان بێگانەبوون و بەوە کۆتایی بەحکومەتەکەیان هێنرا، بەڵام ئەو پاشایانە کە لە ویلایەتە گرنگەکانی وەکو حەلەب و یەمەن و بەسرە کرابوونە والی، لەکارو کۆشش ساردنەبوونەوەو کاری گەورە گەورەیان لەو ویلایەتانە جێبەجێکردوو تا ڕۆژی مردنیان چاکی و ڕاستگۆیی خۆیانیان پاراست، ئیدی سلێمانی پاش ئەوان بەسایەی چەندین ئیدارەی لەبنەرەتدا نەخۆشەوە لەئاوەدانکردنەوەدا بەپلەی یەکەم داکەوت بەجۆرێک کە بودجەکەی بەشی بەخێوکردنی فەوجێکی ناتەواوی نەدەکردو کەوتە حاڵ و بارێکیشەوە کە تەنانەت مووچەی فەرمانبەرانی ناوچەکەی پێ نەدەدرا. دێهاتەکان کاول بوون و خەڵکەکەشی هێندێکی مردن و هێندێکیشی کۆچیان بۆ ئێران کرد. لەبەر ئەوە کە ئەم باسانە زۆر جەرگبڕن، درێژەپێدانیان لەمەزیاتر بەپێویست نازانم. سەرەنجام بیروڕاکان لەسەر سوود وەرگرتن لەتوانایی پیاوانی جەنگاوەری بابان بەڕاستی شایانی سەرسوڕمانن.

ئەحمەد پاشا وکو نەخۆشخانەو سەربازگەو دەبوی بۆ لقەکانی تۆپ و قایمکاری و پیادەو سوارە دروست کردبوو، بەشێکی زۆری پێداویستیە عەسکەرییەکانیشی لەبەرهەمی دروستکراوی خۆماڵی دابین و ئامادە کردبوون.

لیواو فەوجەکان وەختێک پۆل پۆل مەشقیان دەکردو بەکۆمەڵ خۆیانیان ڕادەنواند. خەڵک لەرادەبەدەر خۆشحاڵ بوون. تەنانەت خوالێخۆشبوو (نالی) ئەفەندی شاعیریش کەشەیدای ئەو شێوە گیان پەروەرەی سوپاکە ببوو، هەستی شاعیرانەی بەرانبەر بەو نیزامە عەسکەریەی پاشا جۆشی سەندبوو و کەوتبووە شیعردانان. منیش لێرەدا بەوشیعرەی کە بۆ ڕێکوپێکی بێ ئەندازەی ئەو ڕێکخستنە گوتوویە کۆتایی بەقسەکانم دێنم:

**ئەو طاقمە مومتازە کەوا خاصصەیی شاهن**
**ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن**
**صەف صەف کە دەوەستن بەنەقهر خەگی شوعاعن**
**حەلقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن**
**نەرگز نیگەه و ساق سەمەن، کورتە بەنەقشن**
**موو سونبول و ڕوومەت گوڵ و هەم لالەکولاهن**
**گوڵزاری دەرودەشتن و غیلمانی بەهەشتن**
**ئاهووصەف و ئاتەش بەکەف و تیز نیگاهن**
**صەحرا بەتەجەللی دەکەنە وادیسی ئەیمەن**
**قامەت شەجەرو مەنقەری ئەلگافی ئیلاهن**
**گەه گاوس و گەه کەبکن و گەه بۆقەلەموونن**
**گەه ئاتەش و گەه شوعلە، گەهێ دوودی سیاهن**
**لالەن بەبەدەن، ئەگلەسی ئەخچەر کە لەبەرکەن**
**نەورەستە گوڵن، بەستە لەگەڵ دەستەگیاهن**
**تۆ سەیرو خەرامیدەنی ئەو سەروو قەدانە**
**صۆفی لەگەڵ بەدان و هەموو ساڵیکی ڕاهن**

* * *

**توانایی پیشەسازی و زانستیی کوردی بابان**

لەنێو کوردی باباندا گەلێک پیشەسازی بەکەلک هەن کە دەتوانن پێداویستییەکانی نێوخۆیی دابین بکەن، بەڵام ئەو پیشەیەی کەبە ڕادەیەک لەوانی دیکە پێشکەوتووتر بێ

پیشەی چەخماسازی (چەک دروست کردن)ە. دەمەوێ بڵێم کوردانی بابان، نەک تەنیا لەچەک بەکارهێناندا بەڵکو لەدروستکردنیشیدا، بەهرەو دەسترەنگینیەکی باشیان هەیە. دەتوانین بڵێین لەهەنگاوێکی حکومەتی باباندا تۆپخانەیەک بەپلەیەکی تەواوو بەپێی ئەو کاتە دامەزراوە. ئەو چەکە قورسانە کە لەئەستەنبوڵ هێنانیان زەحمەت بووبێ، ئەوا لەسلێمانی خۆیداو بەزانیاری وەستاکانی نێوخۆ دروست کراون. تۆپێکی دەستکردی نێوخۆ تا ئەم دواییەش مابوو و لەرۆژانی رەسمیدا بەکاردەهێنرا.

پێش پەیدابوونی ئەو چەکە ئاگردارانە لەدواو پڕەکرانەوە، ئەو تفەنگ و دەمانچانە کە لەئەوروپا بەکار دەهێنران هەرە باشترییان لەسلێمانی دروست دەکران. سەرباری ئەوە ئەم دواییە دروستکردنی ئەو تفەنگانە کە لەدواوە دادەگیرێنەوە، بەماوەیەکی زۆر کورت چووە ریزی ئەوانی دیکە. سلێمانی وێڕای ئەوە کە شارۆچکەیەک بوو، مانگێ (٢٠٠-٣٠٠) تفەنگی (هانری مارێتنی)ی تێدا دروست دەکرا.

ئەو تفەنگ و جبەخانانەی عوسمانییەکان کەلەشەڕی (٩٣)دا بەدەست رووسەکان کەوتبوون، بەرێگای ئێراندا بۆ سنجاقی سلێمانیان هێنان. ئەوانە لەلایەکەوە لەلایەن خێڵەکان و هێندێک لایەنی دیکەوە بەکاردەهێنران.

یەکێک لەهۆکارەکانی ئەم سەرقاڵی چەک کردنە ئەوەبوو کە حکومەت توانایی دابینکردنی ئاسایشی نەبوو، بۆیە هەرکەسەو بۆ پاراستنی ماڵ و گیانی خۆی بەپێویستی دەزانی خاوەنی چەکی خۆی بێ، شارۆچکەیەکی وا بچووکی دوور لەناوەندە پیشەسازییەکانی یاریدەدەرو هاندەری سەرخستنی هونەری چەک دروستکردن، -گومانی تێدا نییە- بەو هۆیەوە دانیشتوانی جەنگی و حەزی عەسکەریان هەیە.

ئاشکرایە کە قوتابخانەیەکی ئامادەیی عەسکەری بۆ پێگەیاندنی ئەفسەر بۆ سوپای شەشەمی کۆنی بەغدا دامەزرێنرا. بەتەنێ سلێمانی بوو لەنێو سێ ویلایەتی سەر بەسوپای ناوبراودا قوتابیی بۆ ئەو قوتابخانەیە نارد. چەند ساڵێک بەو شێوەیە تێپەڕێ. وا دیارە زۆرینەی قوتابیانی ئامادەیی بەڕادەی دانیشتوان بەغدایی و بەشە کەمەکەیشی بریتی بوو لەخەڵکی سلێمانی. بەڵام قوتابیانی خەڵکی سلێمانی زۆر بەباشی دەیانخوێندو خوو و رەوشتێکی پاک و بێگەردیان دەردەخست. ئەوەی کە ئاگاداری ئەمەبوو خوالێخۆشبوو موشیر زەکی پاشای وەزیری قوتابخانە عەسکەرییەکان بوو. یەکێک بوو لەوانە کە توانایی زانستی و عەسکەری قوتابیانی خەڵکی سلێمانی هەڵسەنگاندبوو.

هێندە ئەفسەرو فەرماندەی عەرەبی لەعیراق پێگەیاندبوو، هێندەو بگرە پتریش ئەفسەرو فەرماندەر هەم بۆ مەبەستی بنەڕەتی و هەم لەبەر هەندێک هۆی سیاسی بەپێویست زانراو پێگەیەنرابوون. جگە لەوە، سەرەڕای هەبوونی روشدیەی مولکی لەزۆر ویلایەتی دیکەداو بەتایبەتی لەسلێمانی، پێویستی دامەزراندنی روشدییەکی عەسکەریشی دەست بەجێ عەزری پاشا کردو ئیرادەیشی بەدەست هێنا. نابێ لەمەدا حاشا لەهیممەت و یارمەتی (فەریق رەزاشا)ی وەزیری دووەم بکرێت.

ئەوەتا بەسایەی ئەو روشدیە عەسکەریە و ئەو قوتابخانەیەی روشدیەی مولکی لەوە پێشیشەوە کە هەبوو، گەلێک ئەفسەرو فەرماندەی توانا لەخەڵکی سلێمانی پێگەیشت، ئەفسەرو فەرماندەری پێشکەوتوو و بەغیرەت بەم حاڵ و بارەوە لەسوپای عوسمانی و ئەرکەکانی جەنگ و واتە جۆر بەجۆرەکاندا هەن.

کوردەکانی بابان هەر بەو رادەیە کە ئامادەیی خۆیانیان لەبواری پایەبەرزی عەسکەریدا پێشان نەداوە، بەڵکو توانیویانە لەزانست و هونەریشدا لێهاتوویی خۆیان دەربخەن.

ئەوانەی کە لەم رۆژانەی دواییدا بەغدایان بەزانستەکانیان زیندوو کردووەتەوە هەموویان پیاوماقوڵی سلێمانین. هەرە گەورەترین خانەدانانی زانست خەڵکانی سلێمانی پێکیان هێناوە.زەهاوی زادەو

حەیدەری زادەکان هەموویان لەسلێمانی یان ناوچەکانی دەوروبەریدا خوێندیان تەواوکردووە. ناکۆکیی مەزهەبی پێی نەناوەتە سنجاقی سلێمانی. ئەمەیش ئارەزوومەندی زانست و بەهۆی زیادبوونی زانایانەوە پەیدابووە. جێی سەرنجە کە زانایەکی ماقووڵ یا شێخێکی تەواو لەهەر گوندێکی (سلێمانی)دا هەبووە.

حەزرەتی (چیاءالدین مەولانا خالید)ی شێخی پایەبڵندی تەریقەتی بەرزی نەقشبەندی بەشێکی خوێندنی لەگوندەکاندا تەواوکردووە.

خوێندنی زانست لەرۆژانی حکومەتی باباندا قورسایی لەسەر حکومەت نەبووە، دانیشتوانی هەر گەڕەک و هەر گوندێک کەم و زۆر بەڕێوەبردن و بەخێوکردنی ئەو قوتابیانەی زانستیان خستبووە ئەستۆی خۆیان کە لەمزگەوتەکانیان دابوون و ئەو پەیمانە کەلەو بارەیەوە دابوویان زۆر بەتەواوی و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەجێیان دەهێنا.

(ئێستا دۆخی جارانت هەر یەکەیان بووە بەخەرابات و خەیاڵ)

شارستانیەتی ئێستا بووەتە ئەژدیهایەک و ئەو نموونانەی بەختەوەیی خواردووەو قووت داوەو تەواوکردووە، ئەو داب و نەریتە جوانانە کە لەگەڵ خوو و رەوشتی میللیدا لەحوکمە بەرزەکانی ئایینەوە پەیدابوون، لەنێوچوون و بوونە خۆڵی دەم با.

خوالێخۆشبوو حەزرەتی شێخ رەزای سەرامەدی شیعر بەشیعرێکی ئەو خەمناکی و داخەی کە بەرانبەر بەم دۆخەی دوایی رۆژانی حوکمداری بابان هەیبوون پەسن داوە. بەنووسینەوەی ئەو شیعرەی ناوبراو دوایی بەگوتارەکەم دەهێنم!

**ئالی بابان**

**لەفیکرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو**
**نەمەحکوومی عەجەم، نەسوخرەکێشی ئالی ساسان بوو**
**لەبەر قاپی سەرا صەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید**
**مەگافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو**
**صەدای مۆزیقەو نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو**
**درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەصرە، ئەو رۆژە**
**کە مەیدانی جریتبازی لەدەشتی کانی ئاسکان بوو**
**بەچهربەو حەملەیێ بەغدایی تەسخیرکردو تێی هەڵدا**
**(سلێمان)ی زەمان راستت دەوێ (باوکی سلێمان)بوو**
**عەرەب ئینکاری فەچلی ئێوە ناکەم ئەفچهلن ئەمما**
**صەلاحەددین کە دنیای گرت لەزومرەی کوردی بابان بوو**

*٩٣: واتە ساڵی ١٢٩٣ی رۆمی کە دەکاتە ١٨٨٧ی.ز، مەبەستی پێ شەڕێ نێوان دەوڵەتی عوسمانی و رووسیایە.

**سەرنج:**

هەردوو بابەتی "توانایی جەنگاوەریی کوردی بابان" و "توانایی پیشەسازی و زانستی کوردی بابان" لەلایەن بەڕێز "شێرزاد کەریم رۆستەم"ەوە لە تورکی عوسمانییەوە وەرگێڕدراوەو کاک "سدیق سالح"یش پێیداچۆتەوەو دایڕشتۆتەوە.

ع.زەنگەنە

# ئاخێوەرانی زمانی سریانی
## کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی و گۆڤاری (قالا سوریایا)

**ئەکەد مراد**

دوای ئەوەی گەلی کلدۆ ئاشوری سریانی لە ١٦ی نیسانی ١٩٧٢ مافی ڕۆشنبیرییان پێدرا، چەندین کۆمەڵەو یانەیان[١] لە بەغداو پارێزگاکان کردەوە، لەبەر ئەوەی خەڵک تێنووی ئازادی و خۆ دەرخستن بوون وەک گەلێکی جیاواز.

ئەوەش وای کرد بە ئاشکرا چالاکی لە بوارە جیاجیاکاندا بێتەدی.

بەمەش بوون و دەرکەوتنیان بەتایبەت لە بەغدا جێی سەرنج بوو دوابەدوای بێبەش بوونێکی دوور و درێژ.

یەکێک لەو کۆمەڵانەی دوای ئەو بڕیارە لە کۆتایی هەمان ساڵ[٢] دامەزران "کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی ئاخێوەرانی سریانی)[٣]بوو.

### یەکەمین دەستەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری

یەکەمین دەستەی تەواو لەو ناوانە پێک هاتبوو:

١- مامۆستا ئاشوور نیقولا قلیتا سەرۆک.

٢- مامۆستا ئەلیاس ئیستیفان مدالو جێگری سەرۆک.

٣- مامۆستا سلێمان حەننا مامۆکا سکرتێر.

٤- مامۆستا سامی پەترۆس عەبدولئەحەد موسا ژمێریار

مامۆستایان هورمز شیشا سادق، شەماس مەنسوور روئیل، ئەلیاس جەرجیس ئیبراهیم پەترۆس، جەرجیس یوسف، پۆلس مەجید، عەبدولمەجید حەننا مەرجانە، یوسف سموئیل بادل، کورکیس یوسف قاشا بوون.

### گرنگترین کارەکانی کۆمەڵە

گرنگترین ئەو کارانەی کۆمەڵە لە دوای دامەزراندنی کردوویەتی، ڕێکخستنی خوولی زمانی سریانی بوو لە ١٩٧٣/١٢/١ دەستی پێکرد، بە ئامانجی زیندوو کردنەوەی زمانی سریانی و پێشخستنی بەرنامەکانی و پاشان چالاکیی هاوشێوەی دیکە بە دوادەهات. هەروەها کۆمەڵە کتێبخانەیەکی تایبەتی بە هاوڤکاری ئەندامەکانی ڕێکخست.کۆمەڵە پەیوەندی لەگەڵ هەموویانەو دامودەوگا سریانییەکان هەبوو، ئەویش بە ڕێکخستنی چالاکی هاوبەش لە بەغدا.

چالاکییەکی دیکەی کۆمەڵە دەرکردنی گۆڤارێکی ڕۆشنبیری بوو بە ناوی "قالا

سـوریایا"[٤] کـە دەنـگ و رەنگێکـی فراوانی لەنێوەندە رۆشنبیریی و ئەدەبی و کەلەپوریە سـریانییەکاندا هەبـوو، گۆڤارەکـە ببـووە سـەکۆیەک بۆ دەربڕینی بیروڕای نووسەر و ئەدیبانی سریانی.

## گۆڤاری "قالا سوریایا"

ژمارەیەکـی گۆڤاری قالا سـوریایا "؟" لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣

دەرچوو، گۆڤارەکە بایەخی بە رۆشنبیریی سریانی دەدا،(٥) بە هەردوو زمانی سریانی و عەرەبی دەردەچوو.

زۆربـەی بابەتەکانـی ژمـارە یەکـی وەرگێڕدرابوونـە سـەر زمانـی سـریانی، دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤارەکە بەنیاز بوو هـەر لاپەڕەیەکـی عەرەبـی لـە بەرامبەریدا وەرگێرانی سریانی هەبێت.

بـە مەبەسـتی ئـەوەی خوێنـەران لـەو فێری سـریانی هەبێت. بە مەبەسـتی ئەوەی خوەێنـەران لـەو فێری سـریانی ببـن، بەلام کۆسـپەکە نووسـینی دەسـتی بابەتەکانی زمانی سـریانی بوو کە پانتاییەکی فراوانی لە گۆڤارەکە داگیر دەکرد، بێ ئەوەی ئامانجەکە بێنێتەدی، ئەگەرچی لە سەروتاردا بە روونی ئاماژەی پێکرابوو.

- قەوارەی گۆڤارەکە ٢٥×١٧سم بوو، ژمارەی لاپەڕەکانی (٧٠)لاپەڕە بوو بە بەرگەوە.
- بەرگی یەکەمی گۆڤارەکە وێنەی وتاربێژی ئاشـوری لەسـەر بوو بە جلی کـۆن لەکاتی وتاردان.
- بەرگی دواوە دروشمی کۆمەڵەی رۆشنبیری بە رەنگ و رەنگی لەسەربوو، هەمان نەخشە تـا ژمارە (٤) بـەردەوام بوو، ئیـدی چەندین سـاڵ ئـەوە بەردەوام بـوو و لە هـەر چوار ژمارەیەکدا دەگۆڕدرا.

## دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە

سەرنووسەر: سەیدا هورمز سەیدا

سکرتێری نووسین: مەنسـوور روئیل، ودیع حەننـا کچـو، جەمیـل روفائیـل، ئەبلەحـەد بنیامیـن، وەرگێڕانە سـریانییەکان: شـەماس سلێمان سورو.

## وتاری دەستەیی نووسەران

لـە وتـاری دەسـتەی نووسـەراندا نووسـرابوو.. ئـەو کۆمەڵەیە مکوڕە لەسـەر ئەوەی بەرپرسـیاریەتی کەلەپووری سریانی لەرێی ئەو گۆڤارە بگرێتە ئەسـتۆ.. شـێوازی دەرکردنـی لاپـەڕەی عەرەبی لـە بەرانبەردا هەمـان واتا بە زمانی سـریانی بۆ سـوودی خوێندر بەتایبەتیش ئەوانەی تازە فێر دەبن. بابەتەکانی گۆڤارەکە (ئەدەب، زانست، هونەر، زمان، کەلەپـوور، کەسـایەتی و راگەیاندن- دیدار، ریپۆرتاژ، هەواڵ و چالاکییەکانی یانەو کۆمەڵە سـریانییەکان و هەرچی پەیوەندی بە رۆشنبیریی سریانییەوە هەبوا.

## گۆڤارەکە لەنێوان ١٩٧٣ و ١٩٨٤

- بەهۆی بارودخـی دارایی کۆمەڵ نەیتوانی گۆڤارەکە وەک بڕیار بوو دەربچێت. هەروەک لەلاپـەرە دوودا نووسـرابوو: گۆڤارێکـی مانگانەیە...بـەلام بـە زۆری بەشـێوەیەکی وەرزانەو نارێک دەرچووە (ژمارە دوو سـێ بە یەکەوە دەرچوون لە ئاداری ١٩٧٤) ژمارە (٤)ی لەکۆتایی ١٩٧٤ دەرچووە.
- لە سـاڵی ١٩٧٥ ژمارە پێنج، ژمارە شـەش و حـەوت بەیەکـەوە بـووە، ژمارە هەشـت، دەرچوون.
- لەسـاڵی ١٩٧٦ ژمـارە ٩-١٠-١١ و (١٣ و ١٤) بەیەکەوە دەرچوون.
- لە سـاڵی ١٩٧٦ ژمـارە ٩-١٠-١١ و (١٣و ١٤) بەیەکەوە دەرچوون.
- تـا ژمـارەی (٣٢ و٣٣)ی بەیەکـەوە لـە بیرەوەری ١١ سـاڵەی دەرچوونی گۆڤارەکە کە دوا ژمارە بووە دەرچووە.

## بابەتە رۆشنبیرییەکانی گۆڤارەکە(٥)

دەرچوونـی گۆڤارەکـە خـۆی لـە خۆیدا دەسـکەوتێکی گەورەبوو، ئەگـەر بارودۆخی دارایـی نەبـا، بەشـێوەکی ئاسـایی لای کەم وەرزانە دەردەچوو، نووسـەران بەشدارییان دەکرد و بابەتی بەنرخیان لە بوارەکانی ئەدەبی و رۆشنبیری سریانی و نووسینی ئەدەبی بە زمانی سریانی و هانی زۆر نووسەرانی دا کە تێیدا بنووسن.

* ئـەو بابەتـە وەرگێڕدراوانـەی بـۆ زمانی سریانی بە ئاسانی و بە روونی بەشێوەیەکی باش خوێنەران سۆراخی بابەتە بڵاوکراوەکانی زمخانی سریانیان دەکرد.
* لایەنێکـی دیکـەی تایبەتمەنـدی گۆڤارەکە لەچـاو گۆڤارەکانـی هاوشـێوەی خـۆی بڵاوکردنـەوەی هەندێ بابەتـی مام ناوەندی بوو لە گۆشـەکانی گۆڤارەکە، بێ ئەوەی کار لە ئاستی گۆڤارەکە بکات، مەبەستیش هاندانی پتر بەشدارکردن.
گۆڤارەکـە بۆ کـۆڕ و کۆمەڵە سـریانییەکانی دەرەوەو نـاوەوە دەچوو، جێی بایەخی گەلی کلـدۆ ئاشـوری سـریانی بـوو بۆ ناسـینی، رۆشنبیریی و کەلەپووری رەسەن.
* لایەنێکـی دیکـە تایبەتمەنـدی گۆڤارەکـە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکی کە لە هەموو ژمارەکان بەدواداچوونی هەبووە.
* لـە کۆتاییـدا دەڵێین گۆڤارەکـەو کۆمەڵەی رۆشـنبیریش لە ناوەڕاسـتی هەشـتاکان بە تەواوی وەسـتا، ئەویش بەهـۆی بارودۆخی سـەختی وڵات و شـەڕ لەگـەڵ ئێرانـی دراوسێ.

پەراوێزەکانی:

**١– سەرەڕای کۆمەڵەی رۆشنبیری و کۆڕی زمانی سریانی و کۆمەڵەی هونەرمەندانی سریانی. ئەو یانانەی کە تەنیا لە بەغدا دامەزراند لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو ئەمانەبوون:**
*** یانەی رۆشنبیری ئابووری.**
*** یانەی وەرزشی ئاشووری.**
*** یانەی نیشتمانی ئاشووری.**
*** یانەی برایەتی ئەهلی.**
*** یانەی ئوری خێزانی.**
*** یانەی سۆمەر.**
*** یانەی رافیدەین.**
*** یانەی عەشتار.**
*** یانەی کۆمەڵگای ئاشـووری (پەیوەندی نێوانی ئەو دامودەزگاو یانەنە باش بوو و چالاکی هاوبەشیشـیان هەبوو).**
**٢– لە باخچەی یانەی وەرزشی ئاسوویی لە ١٩٧٣/٥/٣ و یەکێکی دیکە لە ١٩٧٣/٦/٢٨ یانەی بابلی کلدانی کۆڕ بۆ ناساندنی خەڵ: بە ئامانجەکانی کۆمەڵە دەگێڕدرا.**
**٣– ناوی کۆمەڵەکە لەبەر رۆشنایی بەخشینی مافی رۆشنبیری کە کلدان و سریان بە ئاشورییە بەوانەی کە بە زمانی سریانی دەدوێن ناونران.**
**٤– گۆڤاری "قالا سوریایا" واتە دەنگی سریانی.**
**٥– ناوونیشانی بابەتەکانی ژمارە یەکی گۆڤارەکە: "قالا سوریایا" مافی رۆشنبیری، حەنینین کوڕی ئەسحەق، بەهار لە ئەلقوشـی، هونەری کۆن لەوڵاتی دووروباران، داستانی گلگامش، ئەندازەی ئاودێری و بەنداوەکان لای ئاشوورییەکان..**
**٦– بارستی گۆڤارەکە (١٠٠–٣٠٠) لاپەرەبوو.**
**جگە لە دوا ژمارەی دوانەی (٣٢–٣٣) کە لە (٤٥٠) لاپەرە تێپەڕیووە، هەروەها گۆڕان لە دەسـتەی نووسرانیش کراوە تایبەت لە ژمارەکانی دوایی، بەتایبەتیش لە دوا ژمارەدا دەبینین ناوی هورمز شیشا کولا خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤارەکەیە، وا پێدەچێت دواژمارە بە ئەرکی زۆری تایبەتی ئەو دەرچووبێ.**

سەرچاوەکان:
* گۆڤاری قالا سوریایا ژمارەی جۆراوجۆر.
* رۆژنامەی "التاخی" لاپەرەی ئاشووری
– نامیلکەیەکی تایبەت (بەخشینی مافی رۆشنبیری)
– سەرچاوەی دیکەش.

# بۆ ڕێناس-ی ڕۆژنامەناس

**نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید**

لە ژمارە (٧)ی ئەم گۆڤارەدا ڕێناس نەورۆز-ی بابەتێکی لەژێر ئەم ناوونیشانە بڵاوکردۆتەوە (لاپەڕەیەکی دیکە لە ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات ١٩٧٥-١٩٩١) بڵاوکردۆتەوە، بابەتەکە بریتییە لە چەند سەرنجێک سەبارەت بە بابەتێکم کە لە ژمارە شەشی ڕۆژنامەنووس دا بڵاوکردۆتەوە، سەرەتا زۆر سوپاسی سەرنجەکانی دەکەم و ئەم چەند لاپەڕەیەی دەبێتە یەکێک لە سەرچاوەکانم بۆ باشتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەم، بەڵام بەپێویستم زانی چەند بەرچاو ڕوونییێک بۆ بابەتەکەی ڕێناس بخەمەڕوو:

*من ئەم بابەتەم لەپێناوی زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە بڵاوکردۆتەوە، تا چەند پسپۆڕ و شارەزاییێکی بزاڤی خوێندکاران و مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زانیاری و سەرنج بابەتەکە پڕ زانیاری بکەن تا ئەگەر لە ئایندەدا وەک کتێب چاپم کرد زۆرترین زانیاری دروست لەخۆ بگرێت.

*زۆربەی سەرناوی باسەکەم بریتین لەسەرە قەڵەم و نەمویست درێژدادڕی بکەم.

*کێشەی ڕۆژنامەگەریی ئەوەندە زۆرن، مرۆڤ دەتوانێ نەک بۆ بابەتێکی لەم جۆرە لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا بنووسێت و ئامادە بکات، بەڵکو هەر لاپەڕەییێک لە لاپەڕەی بڵاوکراوەو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانمان پێویستیان بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون هەیە، بۆ نموونە یەکێک لە کێشەکان دووبارەو سێبارە بوونەوەی ناوی بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانە، ڕێناس باس لە (ئاسۆ) و (کۆڵنەدان) دەکات، ئەوەی ئەو ڕاستن، بەڵام زانیارییەکانی منیش هەمیسان ڕاستن.

*لەبابەتەکەی ژمارە (شەش)دا، ئەم دەستەواژەیەم لەلاپەڕە (٤٨)ی گۆڤارەکەدا نووسیوە: (ئەم بابەتەی ئێمە جۆرێک لە تایبەتمەندی خۆی هەیە، زیاتر باس لەو کۆمەڵە خوێندکارییە کورد و کوردستانییانە دەکات کە لەنێوان ساڵی ١٩٧٥-١٩٩١ ئەو حزبە کورد و کوردستانییانە دایانمەزراندوون کە زیاتر لە کوردستانی خواروو خەباتیان کردووە) بەڵام ڕێناس لە بابەتەکەیدا چەند بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارێکی نووسیوە کە ئەو کۆمەڵە خوێندکارییانە دەریانکردوون کە سەر بەو حزب و ڕێکخراوو کۆمەڵە سیاسییانە بوونە، کە زیاتر لە پارچەکانی کوردستانی باکوور یاخود ڕۆژهەڵات یاخود ڕۆژئاوا خەباتیان کردووە، دیارە من ئەو تایبەتمەندی و پۆلێنەم تەنیا بۆ مێژووی خەباتی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی کوردستان لە ساڵانی ١٩٧٥ تا ١٩٩١ بە دروست زانیووە، بەڵام بۆ پێش ئەو مێژووە ناتوانرێت مێژووەکە پۆلێن بکرێت، بۆیە چەند بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارێک هەن کە لەنێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩١ دەرچوونە فەرامۆشم کردوون.

*بۆ شوێنی دەرچوونی بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان زیاتر پشتم بەو ئەدرێسانە بەستووە کە لەسەریان نووسراوە، چونکە ئەمە بەڵگەی بەڵگەدارن.

*من بەهیچ شێوەیەک ئەو وڵاتانەی کوردستانیان تێدا دابەشکراوە بە (دەرەوەی کوردستان) نازانم وەک ڕێناس لە کۆتایی نووسینەکەیدا ئاماژەی بە ناوی چەند شارێک کردووە.

* سنووری بابەتەکەی من لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩١) نەک دوای ساڵی (١٩٩١)یش، کەچی ڕێناس پەڕیوەتەوە بۆ دوای ١٩٩١ و ناوی چەند گۆڤارێکی هێناوە، بەڵام ڕێکخراوی (لاوان) و (خوێندکاران)ی تێکەڵاوکردووە، بۆ نموونە (دیمانە) و (دیدار) لەنێوان دوو ڕێکخراوی جیاوازی لاوانەوە دەرچوونە کەچی ڕێناس وەک دوو (بڵاوکراوە) گۆڤاری خوێندکاران لە قەڵەمی داون.

سەرەڕای سەرنجی ترم.




# مێژووی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانی

## ١٩٧١- ٢٠٠٦



ئیسماعیل عەلی

بەشی سێیەم و کۆتایی

هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا کەلە دوای ڕێکەوتنە مەزنەکەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ حکومەتی عێراق دانی بەمافەکانی ڕۆشنبیری کورد و تورکمانی نا، ڕۆژنامەی یورد لە دایک بوو، جگە لە گۆڤاری (قارداشلق- الأخاء) یش کە مانگانە دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەش، شوێن پەنجەیان بەسەر نەخشەی بواری ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەگەریی تورکمانیدا دیار

بوو، کە چەندین شاعیر و نووسەر و ئەدیبی لە خۆگرتبوو، لەو ماوەیەدا هەندێ قەڵەمی بەپێزی لاوانی تورکمانی پەروەردە کرد، کە توانیان دەنگیان هەبێت لەسەر رووپەری رۆژنامەو گۆڤارەکان، ئەمەش هەنگاوێکی نوێ بوو چونکە بە پێوەرێکی تازە و نوێخوازی هاتنە ناو قۆناغەکە و بەبزوتنەوەیەکی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی توانیان مێژووی رۆژنامەنووسیی تورکمانی جوان و پرشنگدار بکەن. سەرەڕای ئەمەش نووسەرە خاوەن ئەزموونەکان ئەندامی یەکێتی نووسەرانی تورکمان بوون و هەندێکیان لەتەک رۆژنامەی یورد، گۆڤاری دەنگی یەکێتی (صوت الاتحاد بیرلک سەسی-) یان دەرکرد.

*** گۆڤاری صوت الاتحاد (برلک سەسی):**

گۆڤاری (برلک سەسی)، لەلایەن یەکێتی نووسەرانی تورکمانی لە شاری بەغدا لەساڵی ١٩٧١ لە دایک بوو، بە دوو زمانی تورکمانی و عەرەبی تا ساڵی ١٩٩٤ دوا ژمارە ٥١ لێ دەرچووە. لەسەرەتادا بەشێوەی مانگانە بوو، بەڵام لەساڵانی دواتردا درەنگتر لەمانگ دەردەچوو، لەبەر نەبوونی بودجەی پێویست، گەرچی لە ناوی گۆڤارەکەش بە زمانی عەرەبی نوسرابوو (صوت الاتحاد). بەڵام لە ژمارەکانی دوایی کە دەستمان کەوتووە نوسرابوو (بیرلیک سەسی). سەرنووسەری گۆڤارەکە عادل فوئاد و سکرتێری نووسین: عەبدول لەتیف بەندر ئۆغلو دەستەی نووسەران (لەسەرەتادا) و حیدەدین بەهائەدین، تاریق عەبدولباقی و هادی مەردان و ئەکبر عەلی شەوکەت. بەڵام لە ژمارەکانی دوایدا دەستەی نووسەران بوون بە عەبدول لەتیف بەندر ئۆغلو، قاسم ساری کەهیەو نەوزاد عەبدولکەریم. ئەگەر سەیرێکی ناوەرۆکی بابەتەکانی ناوەوەی ژمارەکانی گۆڤاری بیرلیک سەسی بکەین کە چەند قەڵەمی بەهێزو بەپێز لە نووسەران و ئەدیب و شاعیری تورکمانی لە شارەکانی کەرکووک و هەولێر و بەغدا و تەلەعفەر بەشداریان تیا کردوە، گرنگترینیان (زاهیر خالیدی، عەلی تەلعفەر، کەمال بەتی، عەبدولەتیف بەندر ئۆغلو، عەدنان حەقی، سدقی شاکر أربیلی، رەمزی چاووش، محەمەد قەساب).

هەروەها ژمارەکانی دوایش (عادل فوئاد، سەمیر برهان، حەسەبوللە یەحیا، قەحتان هرمز، فاروق کۆپرلو، محەمەد مردان، جەلال پۆلات، وحیدەدین بهائەدین، هانی ساحب، د. سنان سەعید، بەهجت سادق، منەور مەلا حەسون، فوزی ئەکرم ترزی، هاشم سالحی، حەسەن کەوسەر، ئەسعد ئەربیل و حسام حەسرەت، قەدریە زیائی، قەرە وهاب).

گۆڤاری الاتحاد (بیرلیک سەسی) رۆڵێکی گەورەی هەبووە لەبواری رۆژنامەنووسیی تورکمانی، بۆ بەرەوپێش بردنی رەورەوەی پێشکەوتنی گەشەپێدانی هوشیاریی و رۆشنبیریی گشتی، نەتەوەی تورکمان.

*** گۆڤاری فضولی:**

گۆڤاری فزولی گۆڤارێکی ئەدەبی رۆشنبیری هونەری بوو، یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٩٨٨ لە شاری ئەنقەرە بەزمانی لاتینی تورکی و عەرەبی دەرچوو، خاوەن ئیمتیازی کەمال بیاتلی بوو، گەرچی نازانین تا ساڵی ٢٠٠٠ چەند ژمارەی لێ دەرچوو بەڵام لەهەمان ساڵدا وەستاوە.

*** گۆڤاری کرکوک:**

گۆڤاری کەرکووک گۆڤارێکی رۆشنبیری ئەدەبی سیاسیە یەکەم ژمارەی لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٠ دەرچووە لە وڵاتی تورکیا لە شاری ئەنقەرە بە شێوەی مانگانە و ئێستاش بەردەوامە سەرنووسەری ئەم گۆڤارە ئەکرەم پامبوقچی- یە.

**شۆڕشی نوێی رۆشنبیریی تورکمانی:**

دەتوانین ساڵانی حەفتاکان بە شۆڕشێکی مەزنی راپەرینی رۆشنبیریی دابنێین کە بۆ یەکەم جار بوو، ئاوا راشکاوانە حکومەتی ناوەندی بەغدا دانی بە مافی رەوای ئۆتونۆمی بۆ کوردستان نا، بەڵام بەداخەوە دوای لێی پاش گەز بۆوە، لە جێ بەجێ کردنی بەندەکانی. ئێمە لێرەدا نامانەوێت بچینە نێو بنج و بنەوانی کاروباری سیاسی. ئەوا بۆ سیاسیەکانی جێ

دەهێڵێن. ئەوەی گرنگە لە باسەکەمان بواری ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەگەریی تورکمانی لەم سەردەمەدا، میللەتی تورکمانیش بەشێک بوە لەکێشەی میللەتی کورد، کە زەرەرمەند بوونە لە دەست ڕژێمی دیکتاتۆری و حکوم ڕان لە مێژوودا ڕۆژنامەنووسیی تورکمانیش دووچاری زۆرەها بەرەنگار بوونەوەو ئاستەنگ هاتووە، بەڵام نووسەرو ئەدیبانی تورکمانیش ئەوا دەستەو ئەژنۆ نەوەستاون، بەڵکو بەرگرییان لە قەڵەم و ئەزموونی خۆیان کردووە، بە دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤاری تورکمانی لە ساڵانی حەفتاکان تاکو ڕاپەڕین و ئازادکردنی عێراق بە یەکجاری لە دەستی ڕژێمی بەغدا، بە خۆراگریان لە قەڵەمی پاکی نووسین، پێناسەی بواری ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەگەریی خۆیان بکەن. بە نووسینی ڕەسەن ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیان دەوڵەمەند بکەن بۆ ئەوەی ئەمڕۆ ئێمەش شانازی بە مێژووی ڕۆژنامەگەری تورکمانی بکەین، بە تایبەتی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە لەسەردەمی بەعس دەردەچوون، نووسەران توانیان کادیری باش پەروەردە بکەن. کە میللەتی تورکمان شانازییان پێوە بکات، ئەو نووسەرو ئەدیب و شاعیرانەی دوێنێ شۆرشێکی نوێی ی ڕۆشنبیریان لە سەردەمی خۆیان دروست کرد، ئەمڕۆش لاپەرەکانی ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەی (یوردو قارداشلق و الاتحاد) هەڵدەدەینەوە کە دەبینین ڕۆژنامەنووسان چەند خۆڕاگر بوونە لە بەردەم ڕۆژگاری سەختی کارکردن لە زەمەنی دوێنێدا. سەرەڕای ئەمەش توانیان چەند نامیلکەو کتێب چاپ بکەن بە زمانی تورکمانی و عەرەبی بۆ ئەوەی خوێنەرانی تورکمان بێ بەش نەبن لە ڕۆشنبیریی نەتەوەکەیان. ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان مێژوویی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانی بەر لە ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین و ئازادکردنی عێراق دەبینین هەر لە دەرچوونی ڕۆژنامەی (حوادپ) یەکەم ڕۆژنامەی تورکمانی لە ساڵی ١٩١١، لە ژێر دەستی حکومەتی عوسمانی لە شاری کەرکوک یەکەم ژمارەی بڵاو بۆوە.

هەر بە ژێر دەستەیی مانەوە لە سەردەمی حکومەتە دکتاتۆرییەکانی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری تورکمانی لە دایک بوونە دوای ماوەیەک چەند ژمارەیەکی لێ دەرچووە و دوایی ڕاگیراوە، تا ئازادکردنی شارەکانی کوردستان لە ئاداری ١٩٩١ دا. لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی شاری هەولێر چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارێکی تورکمانی لە دایک بوونە. بە زمانی تورکمانی و عەرەبی و لاتینی، بەڕای من ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە هەندێ لایەنی حیزبی، بە کاری ڕۆژنامەنووسیی تورکمانی هەڵدەستن و کەم و کوڕیەکی بەرچاو لە کارەکانیان بە دی دەکرێت، چونکە لایەنی سیاسی تێدا زاڵە بەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی، مەبەست ئەوەیە کە لایەنی کەم لە قۆناغی دەستپێکردندا بۆ ئەوە بووە کە بە قەولی نووسەرێکی تورکمان، بە زمانی زگماکی خۆی خزمەتی بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونی خۆیان بکەن، نەک ئەوە کە لە ڕێگای دەرکردنی ڕۆژنامەوە بیانەوێ خزمەتی زمانی تورکمانی بکەن. یەکێک لەو لایەنانەی کە لێرەدا تەوەری باسە، پەیامی ڕۆژنامەنووسی تورکمانی دوای ئازادکردنی هەرێمی کوردستان، کە بە دەیەها ڕۆژنامەو گۆڤاری تورکمانی لە دایک بوون دەکرێ ناوزەندی بکەین بە قۆناغی نەشونوما کردن و سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩١- ٢٠٠٦ بە قوناغێکی دەوڵەمەندی بواری ڕۆژنامەگەری تورکمانی دادەنرێت کە دەیان ناونیشان تێیدا سەری هەڵدا، لێرەدا ئێمە تەنها ناوی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە دەهێنین کە لەبەر دەستمانە و داوای لێبووردن دەکەین کە خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە کە لە یادمان چوونە باس لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیان بکەین. بە ئەنقەست نەبووە، زۆر سوپاس و مەمنونیان دەبین ئاگادارمان بکەنەوە تاکو لە بەشێکی تری نووسینەکەماندا ئەرشیفەکەی پێ دەوڵەمەند بکەین.

*** ڕۆژنامەی دوغوش:**

ڕۆژنامەی دوغوش ڕۆژنامەیەکی سیاسی

رۆشنبیری بوو، یەکەمین رۆژنامەی تورکمانیە لەدوای راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١. لە لایەن پارتی نیشتمانی تورکمان لە شارۆچکەی شەقلاوە دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی د. موزەفەر ئەرسەلان بوو، دوای راپەرین گشت بارەگای پارتە سیاسیەکان لە دەرەوەی شاری هەولێر بوو، ئەوە بوو رۆژنامەی دوغوش ژمارە سفر لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ لە دایک بوو، هەڵبەتە رۆژنامەی دوغوش بەردەوام بوو لەسەر دەرچوون بەڵام شێوەی دەرچوونەکەی دیارە دوومانگ جارێک بووە یا خود هەندێ جار درەنگتریش لەبەر ئەوەی تەنها (١٦) ژمارەی لێ دەرچوو، تا ساڵی ١٩٩٤. پاشان وەستاوە. هەڵبەتە ئەم رۆژنامە تایبەت بووە بەو پارتە سیاسیە لەپاش یەک گرتنیان بە چەند پارتێکی سیاسی و بەناو بەرەی تورکمانی لە نیسانی ١٩٩٤ – ١٩٩٥ دا. ئینجا ناوی رۆژنامەکە گۆڕاو بوو بە رۆژنامەی تورکمن ایلی.

*** رۆژنامەی تورکمن ایلی:**

رۆژنامەیەکی سیاسی بوو لەلایەن (بەناو بەرەی تورکمانی) لەشاری هەولێر دەردەچوو، کە زمانحاڵی ئەم بەرەیە بوو، سەرنووسەری حەسەن ئۆرمن بوو. لەساڵی ١٩٩٥ یەکەم ژمارەی دەرچووە.

*** گۆڤاری الادیب الترکمانی:**

ئەم گۆڤارەش گۆڤارێکی وەرزی بوو لەساڵی ١٩٩٥ لەلایەن یەکێتی نووسەرانی تورکمانی لە بەغدا دەردەچوو. بەداخەوە نەیتوانی بەردەوام بێت تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچووە.

*** رۆژنامەی قارشلق یولو:**

رۆژنامەی قارشلق یولو، رۆژنامەیەکی سیاسی رۆشنبیرییە یە لەلایەن پارتی برایەتی تورکمان (حزب الاخاء ترکمانی) یەکەم ژمارە لە ئەیلولی ١٩٩٨ لەشاری هەولێر دەرچوو، خاوەن ئیمتیازی وەلید شەریکە و سەرنووسەری ئەحمەد عەلی قەساب بوو بەچوار لاپەرە دەردەچوو بە زمانی عەرەبی و تورکمانی لەسەرەتادا نیومانگ جارێک بووە، پاشان هەفتەی جارێک، سەرنووسەریش گۆڕاوە بووە بە عەبدول ئەمیر دوزلو، رۆژنامەی قارداشلق ماوەیەکیش وەستا، بەڵام پاش ئازادی کردنی کەرکووک و لەناو بردنی رژێمی بەعس ئێستا لە لایەن هەمان پارتی برایەتی تورکمان کە بارەگای لەشاری کەرکووک کردۆتەوە لەساڵی ٢٠٠٤ وە پانزە رۆژ جارێک دەردەچێت خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە نەگۆڕاوە، بەڵام سەرنووسەر بووە بە فارس بیاتلی تاکو ئێستا چەندین ژمارەی لێ دەرچووەو بەردەوامە لەسەر رێبازی رۆژنامەگەریی تورکمانی.

*** گۆڤاری یەنی قوشاق:**

گۆڤاری یەنی قوشاق واتە نەوەی نوێ ئەم گۆڤارەش لەنێو ریزەکانی یەکێتی قوتابیانی تورکمانی بەناو بەرەی تورکمانی لەشاری هەولێر لەساڵی ١٩٩٧ دەردەچوو، سەرنووسەری گۆڤارەکە محەمەد ئیلفحانی بوو بەزمانی لاتینی تورکی بوو باسی لە بەرەودان بە قوتابیان و لاوانی تورکمان و چالاکیەکانی ئەم رێکخراوەی دەرکرد. ئەم گۆڤارە بە قەبارەی گەورەبوو بە (٢٠) لاپەرە بەزمانی لاتینی تورکی دەردەچوو کە لەوکەش و هەوا رۆشنبیری و فیکری و سیاسییە ئازادەی، کە ئەمڕۆ کە بۆ گەلی تورکمان رەخساوە لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا کە قوتابیان و لاوانیش، بتوانن رۆلی نیشتمانپەروەرانەی خۆیان ببینن لە بزاڤی رۆژنامەنووسی میللەتەکەیان.

*** رۆژنامەی قارداشلق:**

رۆژنامەی قارداشلق رۆژنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری هونەری بوو، لە لایەن یانەی ئۆجاغی تورکمانی لە شاری هەولێر ژمارەی سفری لە ١٩٩٨/١٢/٢١ دەرچوو، کەلەسەرەتادا رۆژنامەکە لە (٨) لاپەرەی قەوارە گەورەو بەسێ زمان دەچوو، عەرەبی و تورکمانی و لاتینی کە زۆربەی شاعیرو نووسەرانی تورکمانی لە شاری قەلاو منارە بەشدارییان تێدا دەکرد، ناوەرۆکی رۆژنامەکەش بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی

چالاکیەکانی یانەی ئۆجاغی تورکمانی، جگە لە نووسینی بابەتی ئەدەبی و سیاسی مێژوویی و زانستی و دەربڕینی راو بۆچوون دەربارەی شیعرو قۆریاتی تورکمانی بە تایبەتی ئەو شاعیرو نووسەرانەی کە شوێن پەنجەیان دیار بوو لە ڕۆژنامەکە لەوانە (ئسعەد ئەربیللی و حسام حسرەت و عەدنان قەساب) گەرچی ژمارە ٥٤ی ڕۆژنامەی قارداشلق کەلە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٢ دەرچووە خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە عەدنان قەساب ئۆغلو بووەو سەرنووسەریش ماجد بازرگان. هەر لەبەر نەبوونی بودجەی پێویست وکەم دەرامەتی یانەکە لەژمارە (٥٧) کەدوا ژمارەی ڕۆژنامەکە بوو لەمانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ وە وەستا.

*** گۆڤاری قارداشلق:**

گۆڤاری قارداشلق گۆڤارێکی ڕۆشنبیری هونەری ئەدەبی فولکلوریە، وەرزیە بەسێ زمانی تورکی، ئینگلیزی، عەرەبی دەردەچێت. لەلایەن هەندێ ڕۆشنبیری تورکمانی کە لە تورکیا دادەنیشن بە ناوی ڕێکخراوی کەرکوک، لەبەر ئەوەی گۆڤاری قارداشلق لە بەغدا وەستا ئەمجا ئەمانە هەوڵیان دا لەشوێنی ئەم گۆڤارە، گۆڤارێکی تر دەربکەن یا بڵێن بەردەوامی بە هەمان گۆڤار بدەن، یەکەم ژمارەی گۆڤاری قارداشلق لە کانوونی دووەم ١٩٩٩ دەرچووە. لەو چەند ژمارەکەمەی کە دەستمان گەیشتووە ناوەڕۆکی ژمارەکان کە بابەتی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتی بوون بە شێوازێکی نوێوە و دەرخستنی لایەنە مرۆڤایەتیەکان و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و بەرجەستە کردنی داستانی شەهید بوون و قوربانیدان کەڕۆڵەکانی گەلی تورکمان لەو سی و پێنچ ساڵەدا لەلایەن حکومەتی ناوەندی رژێمی سەدامی زۆردارەوە دووچاری هاتبوون لە شاری کەرکوک، خستۆتەروو، چەندین بابەتی ڕۆشنبیری و هونەری خاوەنی ئیمتیازو بەرێوەبەری بڵاوکردنەوەی بەناوی (وقف کرکوک) عەزەدین کەرکوکە. کە چەندین کەسایەتی تریش کاری تێ دادەکەن سەرنووسەر (سوبحی سەعاتچی نووسەرو کارمەندانی لەوانە دەمیرچی، حەبیب هورموزلی، ماهر نەقیب، سەلاح نەوروس، کەمال بیاتلی، ئەم گۆڤارە ئێستاش بەردەوامە.

*** گۆڤاری بیرلک یولو:**

گۆڤاری بیرلک یولو، گۆڤارێکی ئافرەتان بوو لە لایەن یەکێتی ئافرەتانی تورکمانی بەناو بەرەی تورکمانی لە شاری هەولێر دەردەچوو، کە ژمارە سفری لە ساڵی ١٩٩٩ دەرچووە، سەرنووسەرەکەی پەیمان چنمنچی بوو، گۆڤاری ناوبراو تەنها پێنج ژمارەی لێ دەرچوو پاشان وەستاوە.

*** بڵاوکراوەی قدرەت:**

بەڵاوکراوەی قدرەت بڵاوکراوەیەکی یەکێتی ئافرەتانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان لە شاری هەولێر بە زمانی عەرەبی و کوردی و تورکمانی مانگانە دەردەچوو، کە چەندین ئامانجی جوانی لەخۆ گرتبوو، لەو کەش و هەوا ئازادە ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسیەی کە لەکۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان دا هەبوو، بە تایبەتی ئازادی رادەربڕین و بەڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستاندا، کە گشت چین و نەتەوەکانی تریش بتوانن ڕۆڵی نیشتیمان پەروەرانەی خۆیان ببینن لە بزاڤی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسیدا بەتایبەتی ئافرەتانی تورکمان، هەموو ئامانجەکانیش لە پێناو زیندوکردنەوەی کەلەپوورو فۆلکلۆری نەتەوەی تورکماندا تەرخان بکات. بەڵاوکراوەی قدرەت کەیەکەم ژمارەی لەساڵی ١٩٩٩ لە دایک بوو، چەند ژمارەیەکی لێ دەرچووەو لە پاشان وەستاوە.

*** گۆڤاری گوکبورو:**

گۆڤاری گوکبورو، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تورکمانیە لەساڵی ١٩٩٩ بەناو لە بەرەی تورکمانی لە شاری هەولێر دەردەچوو بە ناو مانگانە بوو بەڵام جاری واهەبوو وەرزیش دەرنەدەچوو، سەرنووسەری تائیفە ڕۆستەم قەساب بوو دەستەی نووسەرانی (جەمال عەبدوڵڵا، محەمەد عەبدوڵڵا، یشار چاقماقچی، شەمسەدین وەلی ئەربیلی). ئەم گۆڤارە

بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠٠٤ دوا ژمارەی کە بەدەستی ئێمە کەوتووە ژمارە (١٩)یە. دوای وازهێنانی سەرنووسەرو ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە وەستا.

*** گۆڤاری منداڵان GIGEK چیچک:**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری منداڵانە لەساڵی ١٩٩٩ لەلایەن بەناو بەرەی تورکمانی لەهەولێر مانگانە دەردەچوو، دەتوانین بڵێین گۆڤاری چیچک یەکەم گۆڤاری منداڵانە بەزمانی لاتینی بۆ منداڵانی تورکمان لەشاری هەولێر لەدایک بوو دەرچوونی چەند ژمارەیکی جوانی ڕەنگاو ڕەنگ بەوێنەی سەرنج ڕاکێش بۆ منداڵان بەداخەوە پاش چەند ژمارەیەک ئەویش لەبار چوو.

*** ڕۆژنامەی الحقیقە:**

ڕۆژنامەی الحقیقە، ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری یە، زمانحاڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان- ە لە کوردستانی عێراق، مانگی جارێک دەردەچێت، ژمارە (١) لەمانگی ئاداری ٢٠٠٠ دەرچوو، خاوەنی ئیمتیازی ئومید خلیفە و سەرنووسەری نەجمەدین موختار لەسەرەتادا ڕۆژنامەکە بە زمانی عەرەبی و کوردی و تورکمانی بڵاوکردبۆوە، دوا لاپەرەی بە تورکمانی بوو کە چەندین بابەتی هەمەلایەنەی هونەری و شیعرو ئەدەبی گرتبووە خۆ، مانگی جارێک دەرچوو.

لە ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەکە بە شەش لاپەرە دەرچوو لە مانگی نیسان دابوو. گۆڕانکاریەک هەبوو لەدوا لاپەرەی کە بەرپرسیارێتی لاپەرەی کوردی درابوو بە نووسەرو ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل عەلی، ناوبراو هەندێ گۆڕانکاری کردبوو، لەسەرەتادا لاپەرەی تورکمانیەکەی کۆتایی ڕۆژنامەکەی ئاڵوگۆر کرد بە لاپەرەی سێ بوو بە تورکمانی لاپەرەی چوار کە کۆتایی ڕۆژنامەکە بە کوردی بوو، لاپەرەیەکی جوانی جۆراو جۆر لە بابەتی هەمەلایەنەی هونەری لەخۆ گرت لەگەڵ نووسەرو هونەرمەندان و هەواڵی هونەری بڵاودەکردەوە جگە لە کردنەوەی دەروازەیەک بۆ هەرجارەی نووسینێک.

ژمارە (١٣)ی ڕۆژنامەکە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠ دەرچوو لەم ژمارەیەوە نووسەرو ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل عەلی بوو بە بەڕێوەبەری نووسین لەم ڕۆژنامەیەدا، هەڵبەتە ئەم ژمارەش کە تایبەت بوو بە ساڵیادی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان بە (٦) شەش لاپەرە دەرچوو. بەرپرسیارەتی ڕۆژنامەکە کەوتە دەستی بەڕێوەبەری نووسین هەر بۆیە بەو ئامانجە هەوڵی دەدا کەوەک سەرەتا چۆن هەنگاوی نا ئەم ڕۆژنامەیە بەو مەبەستە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە، بەو ئامانجە لە دایک بووە، کە لەو کەش و هەوا ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسیە ئازادەی، کە ئەمڕۆکە بۆ گەلی تورکمان، ڕەخساوە لە کوردستانی عێراقدا، بتوانێت ڕۆڵی نیشتمانپەروەرانەی خۆی ببینێت لە بزاڤی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسیدا هەموو ئامانجەکانی خۆی لەپێناو زیندوو کردنەوەی شیعرو کەلەپوورو فولکلۆری نەتەوایەتیماندا تەرخان بکات، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی ئەوە بدات کە گیانی برایەتی و تەبایی و خۆشەویستی لە نێوەندی ڕۆشنبیران و نووسەران بڕەخسێنێ، بۆ ئەوەی هەموولایەک، بە بیروباوەڕێکی یەکگرتوو، خزمەتی یەک ئامانج بکەین، کە ئەویش خزمەت گەیاندنە بە گەل و بە هەرێمی کوردستان و ئامانجە پیرۆزەکانمان. ئەوەبوو، ڕۆژنامەی (الحقیقە) لە سەرەتای دەرچوونییەوە بەشێوەی بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری مانگانە بوو، کە هەشت ژمارەی لێ دەرچوو، دواتر کە بڵاوکراوەکە شوێنی خۆی کردەوە، بڕیاردرا بکرێتە ڕۆژنامەیەکی مانگانە لەژێر هەمان ناونیشان. ئەرکی سەرەکی ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕۆژنامە بە تایبەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و وشیارکردنەوەو کات بەسەربردنە، ڕۆژنامەنووسیش هۆکارێکی گرنگ و کاریگەری هەنگاونانە بەرەو دابینکردنی ئێستای بێ کەم و کورتی و ئایندەیەکی گەشاوەو پێشکەوتوو کە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەردەوام تۆماری هەوڵ و خەباتی نەتەوە بووینە لە ڕێگای هێنانەدی ئازادی و

پاراستنی کولتوور و ئاوێنەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری سەردەمی خۆیان بوونە، لەم ڕوانگەیەوە ڕۆژنامەی (الحقیقە) کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری، زمانحاڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمانییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لە هەولێر هەمان کۆمەڵە دەریدەکات. لێرەدا ئاماژە بە شتێکی مێژووی دەدەین ئەویش ئەوەیە کە نووسەرو ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل عەلی تاکو ژمارە ٢٧ ی ئاداری ٢٠٠٢ بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەری نووسین هەبوو لەم ڕۆژنامەیدا لەم ژمارە بە دواوە وازی هێنا.

کەدوا بابەت بوو لەدوا لاپەرە بە بۆنەی (٢٣) ساڵە ماڵئاوای ڕابەری بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بارزانی نەمر بڵاوکردبووە. ئەوەی ڕاستی بێت ڕۆژنامەی الحقیقە ناوە ناوە پانزە ڕۆژ جارێکیش دەرچووە، بەڵام لەبەر نەبوونی بودجەی پێویست ئێستا مانگی جارێک دەردەچێت دوا ژمارەی کە (٦٧) لە تشرینی یەکەم ٢٠٠٦ دەرچوو خاوەنی ئیمتیازی ئومێد خلیفە و سەرنووسەری ئەسعەد ئەربیلی یە.

*** گۆڤاری باریش:**

گۆڤاری باریش، وەکو گوڵە گەنمێکی دیارو کەڵەگەت، خۆی خستە نێو ئامێزی گەرمی ڕۆژنامەنووسیی، بۆ ئەوەی هێمایەک بێت، بۆ برایەتی و تەبایی و یەکبوونی کورد و تورکمان، لە هەمان کاتیشدا بلند گۆیەک بێت، بۆ دەربڕینی بیرو ڕای ئازاد و گەشە پێدانی ڕۆشنبیرانی تورکمانی، یان بە شێوەیەکی دیکە بڵێین ئاوێنەیەک بێت، لە تێکڕای بوارەکانی ژیاندا، گوزارشت لە هەقیقەتی تورکمانی بکات. بەڵام (باریش)، هەر تەنیا گۆڤارێک نەبووە کە بۆ یەکەمجار ئەو پەیامە پیرۆزە هەڵگرێت بەڵکو لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانیدا گۆڤارو ڕۆژنامەی دیکەش هەبووە کە پێشتر هەمان پەیامیان هەڵگرتووە، لە هەمان سۆنگەوە و ئامانجەوە هاتوونەتە کۆڕی ڕۆژنامەنووسیی. بەڵکو زەمەنی باریش زەمەنێکی دیکە، لە سەردەمی دوای ڕاپەڕین لە دایک بوو، ئەم قۆناغەش تەنیا قۆناغێک نەبوو بۆ پێگەیشتن و سەرهەڵدان و تەشەنە سەندنی باری ڕۆژنامەنووسیی کوردی و تورکمانی و ئاشووری و کلدان، بەڵکو دەروازەیەکی کراوە بوو بۆ هەموو لایەک و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی هەریەکەو لە لای خۆیەوە گوزارشت لە گوتارو ئامانجە سیاسی و ڕۆشنبیری و فیکری خۆیان بکەن، چونکە ئەو زەمینە ئازادییەی کە لەو هەرێمەدا ڕەخسا، دەرگایەکی ئەوتۆی بۆ هەمووان خستە سەرپشت کە بەوپەڕی ئازادی و سەربەخۆییەوە تەکان بە باری ڕۆژنامەنووسیی ڕۆشنبیری خۆیانەوە بدەن. لە پێودانگی ئەو پشتگیری کردنەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ تورکمان، سەردەمێکی نوێ بۆ باری ڕۆژنامەنووسیی تورکمانیش هاتە کایەوە، ئەوەبوو لە سەردەمی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمدا، گەلێ گۆڤارو ڕۆژنامەیی تورکمانی لە دایک بوون، لەوانە گۆڤاری باریش بووە، کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی وەرزییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری تورکمانی دەریدەکات، یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٠ و ژمارە (٣١)ی لە تشرینی دووەم ٢٠٠٦ دا دەرچووە و ئێستاش بەردەوامە. خاوەن ئیمتیازی وەزیری ڕۆشنبیری (فەلەکەدین کاکەیی)و سەرنووسەر (ئومێد خەلیفە) بوو، سکرتێری نووسین (ئیسماعیل عەلی)و لە نووسینگەی گۆڤار پیتچنین و نەخشەسازی کراوە، لەم سی و یەک ژمارەیەدا توانیویەتی لە نێو چاپەمەنی کوردستانیدا تایبەتمەندییەکی بەرچاوی هەبێت، کە بەر لە هەموو شتێک بایەخدانە بە کولتووری تورکمانی، هەروەها و بە چەند زمانێک دەردەچێت، تورکمانی، عەرەبی، کوردی، لاتینی و بە ئاست و ناوەرۆکێکی تێرو تەسەل و دەوڵەمەندەوەو دەرهێنانێکی زانستیانەی پێشکەوتوو کەوای کردووە کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەبێت و لە یەکەم ژمارەوە تایبەتمەندی خۆی پاراستووە، لەم سی و یەک ژمارەیەدا بە بەرگێکی قەشەنگ و پڕ واتا و لە چوار دۆسیەدا بە سەدان وتار و بابەتی بە پێزی

بڵاوکردۆتەوە، بە دەیان وێنەی دەگمەن و جوان لاپەڕەکانی رازاوەتەوە، سەرباری ئەوەش نووسەران و توێژەران و مامۆستایان و ئەدیبان و کەلتوور دۆستانی تورکمانی و کورد و عەرەبی نووسەران لە شارەکانی کەرکووک و هەولێر و بەغدا و موسل و توزخورماتوو و داقوق، بە دەنگی ئەم گۆڤارە قەشەنگەوە هاتن و ئامادەباشیان بۆ هاوکاری کردن لە باریش دا بە بڵاوکردنەوەی داهێنانەکانیان هەبوو، هەر ئەم هاوکاری و بە دەنگەوە هاتنەش بۆتە مایەی بەردەوامی گۆڤارەکە و خزمەتی زیاتر، دیارە هەر لە ناوەکەیەوە کە واتای ئاشتی دەبەخشێت ئاماژەیە بۆ خواست و دیدی میللەت بۆ ئاشتی و دیموکراسی و پێشکەوتن. هەر لە راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان بە تایبەتی بەردەوام هەوڵی بنیاتنانی ژیانێکی ئاسوودەو دیموکراسی ژیاوە لە هەرێمدا بە تایبەتی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەت، تورکمانەکانیش لە سێبەری ئەم بارودۆخە لە بارەدا لە کەش و هەوای ئازادا بە مافە رۆشنبیری و نەتەوەییەکانی خۆیان شادبوون، لە ٢٠٠٠/٧/٣٠ بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری تورکمانی دامەزراو دەستی کرد بە چالاکی رۆشنبیری تورکمانی گوڕ و تینێکی گەورەتری بە خۆوە بینی (باریش) یش یەکێک بوو لەو بەرهەمانە بۆ گەشەپێدانی رۆشنبیری تورکمانی و بەردەوام بوونی رەوتی رۆژنامەنووسی تورکمانی. لێرەدا بە کورتی باسی یاخود ناوەڕۆکەکانی گۆڤاری (باریش) مان کرد گەرچی لە سەرەتادا بە شێوەی وەرزی دەردەچوو تاکو ژمارە (١٩) بە دواوە بوو بە دوومانگ جارێک ئێستاش باریش لە ماوەی دەرچوونی ئەم شەش ساڵەی دا (٣١) ژمارەی لێ دەرچووە وە بەردەوامە لەسەر دەرچوونی ئیمڕۆ باریش زیاتر ئازادە و نامانەوێ زیاتر درێژە بە بابەتەکەمان بدەین لە کۆتاییدا دەڵێن باریش لە هەمووان پیرۆز بێت.

*** گۆڤاری دۆغرو:**

گۆڤاری دۆغرو گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیری مانگانەیە لەلایەن کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان لەهەرێمی کوردستانی عێراق یەکەم ژمارەی لەگەڵاوێژی ٢٠٠١ لەدایک بوو، خاوەن ئیمتیازی جودت نەجار و سەرنووسەری زەکەریا نەجارە. بەزمانی عەرەبی و تورکمانی لاتینی دەردەچێت. هەلبەتە دەرچوونی ئەم رۆژنامەیەش قۆناغێک بوو لەنەشەو نەماکردنی چەندین رۆژنامەو گۆڤاری تری تورکمانی لەکۆرە پانەکەدا، گۆڤاری دۆغروش بەو هاتەمەیدان کە دەروازەیەکی کراوە بێت بۆ نووسەرو رۆژنامەنووسانی تورکمان، بۆ ئەوەی و فیکرییەکانی خۆیەوەبکات، چونکە ئەو زەمینە ئازادیە کەلەو دەڤەرەدا رەخسا، دەرگایەکی ئەوتۆی بۆ هەمووان خستە سەر پشت کە بەو پەڕی ئازادی و سەربەخۆییەوە تەکان بەباری رۆژنامەنووسیی و رۆشنبیری هەرێمی کوردستانیش بدات. سەردەمی نوێ بۆ باری رۆژنامەنووسیی تورکمانیش هاتە کایەوە، ئەوەبوو گۆڤاری دۆغرو تا ئێستاش ژمارە (٣٢)ی لەمانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ دەرچووە لەبەردەستمان دایەو تاکو ئێستاش بەردەوامە، هەلبەتە رۆلێکی بەرچاوی مێژووی خۆی دەبینێ، لەگۆرانکارییە ئیجابیەکانی ئەمرۆدا، ئەوەی کەنوێ بێ لەگۆڤارەکەدا گۆرانکاری پێوە دیارە لێرەدا ناوی خاتوو (مدیحە بکر) دانراوە بەسکرتێری نووسین و گۆڤارەکەش ئێستا تەنها بەدوو زمانی عەرەبی و تورکمانی دەردەچێت. کەچەندین قەلەمی بەپێز لەنووسەرانی شاری کەرکووک و هەولێرو دوزو ناوچەکانی تریش بەشداری تیا کردووە. جگە لەدوو بەرگی رەنگاو رەنگ و قەشەنگ کەهەر جارەی وێنە کەسایەتیەکی ناودارو کەلتوری کۆنی نەتەوەی تورکمان بەلاودەکاتەوە لێرەدا پیرۆزبایی و دەست خۆشی لە نووسەرو بەرپرسانی ئەم دەزگایە دەکەین کەتوانیان لەماوەی ئەم چەند سالەدا بەبێ پچران گۆڤارەکەیان لە کات و ساتی خۆیدا دەردەچێت.

*** گۆڤاری تورکمن ایلی:**

گۆڤاری تورکمن ئیلی گۆڤارێکی رۆشنبیری

سیاسی وەرزی بوو لەلایەن ڕاگەیاندنی بەناو بەرەی تورکمانی لە شاری هەولێر یەکەم ژمارەی لەنیسانی ٢٠٠١ دەرچوو کەخاوەن ئیمتیازی دلشاد تەرزی و سەرنووسەر ئومێد بەنائۆغلو و بەڕێوەبەری نووسین عەبدول قادر حاجی ئۆغلو بووە، تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچووەو لەدوای وەستاوە.

### مێژووی ڕۆژنامە نووسی تورکمانی دوای ئازاد کردنی ئێراق

پاش ئازادکردنی ئێراق لەدەستی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا ڕۆژنامەنووسی تورکمانی هەنگاو بەردەوامیەکی بەدەست هێنا، کە هەرگیز بەو بەربڵاویە نەبوو لە ڕاگەیاندندا بە تایبەتی لە شاری کەرکووک کە چەند ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی نوێی تێدا دەرچوو هەندێکیان تاکو ئێستاش بەردەوامن بەڵام هەندێکیان چەند دانەیەکی لێ دەرچوو وەستا.

ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەش بە زمانی عەرەبی و تورکمانی لاتینی بوون، بەڵام ئەگەر باسی ئەوەی بکەین کەوا کام ڕۆژنامە و گۆڤار لە سەرەتای لەناو چوونی ڕژێم گەیشتە کەرکووک ئەوا دەبێت گۆڤاری باریش بە سەر قافلە دابنێن کەیەکەم گۆڤاری تورکمانیە لەنێو ئەدیب و ڕۆشنبیرانی تورکمانی دابەش کرا بەڵام ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی تورکمن ایلی ئەویش یەکەم ڕۆژنامە بوو خۆی خزاندە ناو شاری کەرکووک هەردووکیان لە شاری هەولێر دەردەچن. گەرچی ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارە تاکو ئێستاش بەردەوامن. گەرچی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری تر هەنگاویان نا کە شوێنی تایبەتیان نەبووە، هەندێکیان لە دوو ژمارەی لێ دەرنەچووە، بەرای من ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە چەند ژمارەیەکیان لێ دەرچووە خزمەتێکی ئەوتۆیان بەمێژووی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانی نەکردووە، هەندێ لەوانەی کە چەند ژمارەیان لێ دەرچوو وەستان لەوانە (صوت تلعفر، دیالا، صلاح الدین، بشیر) چەندینی دیکە..

گەرچی هەندێ لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەش بەشێوەی فۆتۆکۆپی دەردەچن. ئەمەیان شێوەیەکی کۆنی ڕۆژنامەنووسیە ئەمڕۆ باوی ئەوە نەماوە ڕۆژنامەو گۆڤار بەشێوەی فۆتۆکۆپی بڵاوببێتەوە. دونیای ڕۆژنامەنووسی هەنگاوی خێراو تەکنیکی هونەری جوان ڕەنگاو ڕەنگ و ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر لە گۆڕەپانەکەدا ئامادە باشی هەیە.

*** گۆڤاری پنار:**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە لەشاری کەرکووک دەردەچێت خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری ئەحمەد محەمەد کەرکوکلی یەو بەڕێوەبەری نووسین محەمەد عومەر حەمزەلی یە لەسەرەتاوە ئەم ناوەی لەسەر بوو. یەکەم ژمارە لە گەلاوێژی ٢٠٠٣ دەرچووە. ناوەڕۆکی بە چەندین بابەتی هەمە جۆر ڕۆشنبیری و هونەری شاری کەرکووک ڕازاوەتەوە، بەزمانی عەرەبی و لاتینی دەردەچێت. بەڵام پاش چەند ژمارەیەک ١٤ ژمارەمان بەردەست کەوتووە ناوی بەڕێوەبەری نووسین لە گۆڤارەکە هەڵگیراوە. تاکو بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەش گۆڤارەکە بەردەوام بوو.

*** بڵاوکراوەیەک بەناوی (صوت کرکوک):**

ئەم بڵاوکراوەیە دوای ئازادکردنی شاری کەرکووک لەلایەن (دەستەی کەرکووک) لە ڕۆشنبیری و هونەر دەرچووە یەکەم ژمارە لە مانگی ٢٠٠٣ دا سەرنووسەری ئەحمەد محەمەد کەرکوکلی- ە کە خۆی لە هەشت لاپەڕە دەدات دەردەچێت. تاکو ئێستا ( ) ژمارەی بەشێوەی فۆتۆ دەرچووە.

*** گۆڤاری قارداشلق- الاخاء:**

گۆڤاری قارداشلق هەر وەکو لە بەشی دووەمی بابەتەکەمان ئاماژەمان پێ دا کە لەسالی ١٩٦٠ یەکەم ژمارەی دەرچووە بەڵام بەر لە ڕوخانی ڕژێمی بەغدا، ئەم گۆڤارە وەستا، بەڵام پاش ئازادکردنی ئێراق جارێکی تر گەڕایەوە بە هیمەتی ڕۆشنبیرانی تورکمانی لە بەغداو کەرکووک وویستیان جارێکی تریش گۆڤارەکەیان بێتەوە مەیدان

بە گرۆتینێکی سەربەست و ئازادی ئەوەبوو ژمارەی تازەیان بەژمارە (٣٠٤) دەرکرد لە گەلاوێژی ٢٠٠٣ دا. کە سەرنووسەری د. جویان ئەولوخان و سکرتێری نووسین قاسم ساری کەهیەو دەستەی نووسەرانی حوسێن شەهباز، مامۆستا وحیدەدین بەهائەدین و د. سەباح عەبدوللا کەرکوکلو، مامۆستا عەدنان ساری کەهیەو د. محەمەد عومەر قازانچی و د. سوبحی نازم تۆفیق و ئێستاش بەردەوامە بابەتەکانی باس لە ئازادی ئێراق دەکات، دوای نەمانی رژێمی فاشی، چەند بابەتێکی هەمە رەنگی رۆشنبیری و کەلتوری تورکمانی لەخۆ دەگرێت.

*** گۆڤاری تورکمان شانی:**

گۆڤاری تورکمان شانی گۆڤارێکی رۆشنبیری سیاسی ئەدەبیە بە دوو زمانی عەرەبی لاتینی تورکی لە وڵاتی سوید لە لایەن هەندێ رۆشنبیری بێ لایەن لە پاش ئازادکردنی ئێراق یەکەم ژمارەی دەرچووە. خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری ئومێد کوپرلو- ە. بەداخەوە ئەم ژمارانەمان دەست نەکەوتووە و هەروەکو زانیومە ئێستاش بەردەوامە بە شێوەی وەرزی دەردەچێت.

*** گۆڤاری تورکمان یازاری:**

گۆڤاری تورکمان یازاری گۆڤارێکی ئەدەبی رۆشنبیری بوو، لە لایەن یەکێتی گشتی نووسەرو ئەدیبانی عێراق لە نووسینگەی رۆشنبیری تورکمانی لە بەغدا دەردەچوو، بەڵام لەشاری کەرکوک بەچاپ دەگەیەنراوە بەزمانی عەرەبی و لاتینی بووە، سەرنووسەری قاسم ساری کەهیەو ئەندامانی دەستەی نووسەران جوبان اولخان و عەدنان ساری کەهیە، یەکەم ژمارەی لە نیسانی ٢٠٠٣ دەرچوو ولە پاش چەند ژمارەیەک وەستاوە.

*** گۆڤاری ئالتون کوپرو:**

گۆڤاری ئالتون کوپرو گۆڤارێکی رۆشنبیری ئەدەبی هونەری بوو، بە زمانی لاتینی تورکی لە وولاتی تورکیا لە شاری ئەنقەرە یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٣ دەرچووە کە سەرنووسەری عیزەدین کەرکوک بووە، پاش دەرچوونی چەند ژمارەیەک وەستاوە.

*** ڕۆژنامەی صوت الترکمان:**

دەنگی تورکمان بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی و رۆشنبیری و مانگانەیە بە زمانی عەرەبی و لاتینی بەچوار لاپەرە لەلایەن سەرنووسەر ئەحمەد محەمەد کەرکوکلی دەردەچێت یەکەم ژمارەی لە ٢٠٠٣/٤/٢٣ دەرچوو.

*** ڕۆژنامەی تورکمن یولو (ڕێگای تورکمان):**

ڕۆژنامەی ڕێگای تورکمان، ڕۆژنامەیەکی سیاسیە بەزمانی تورکمانی وعەرەبی لەلایەن پارتی گەلی تورکمان لەشاری کەرکووک دەرچووە یەکەم ژمارەی لەمایسی ٢٠٠٣ دەرچووە کەخاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە عەرفان کەرکوکلی و سەرنووسەری سلوان الکیلانی یە.

*** ڕۆژنامەی الاتجاه:**

ڕۆژنامەی الاتجاه ڕۆژنامەیەکی رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییە لە لایەن رۆشنبیرانی شارۆچکەی داقوق بەزمانی عەرەبی بە چوار لاپەرەی گەورە، هەر پانزە ڕۆژ جارێک دەردەچێت، سەرنووسەری ئەحمەد رەشید خلیل- ە، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٦/٢٥ دەرچووە.

*** ڕۆژنامەی کرکوک:**

ڕۆژنامەی کەرکووک ڕۆژنامەیەکی رۆشنبیری ئەدەبیە مانگانە لەلایەن یەکێتی ئەدیبانی تورکمانی لە کەرکووک بە زمانی عەرەبی و لاتینی، یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن سەرنووسەر مەولود تەها قایاچی دەرچووە.

*** ڕۆژنامەی الوفاء:**

ڕۆژنامەی الوفاء بە ناوی بزوتنەوەی وەفاء تورکمان لە عێراق بە زمانی عەرەبی و تورکمان لە شاری کەرکووک یەکەم ژمارە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا دەرچووە.

*** ڕۆژنامەی الحوادث:**

ڕۆژنامەی الحوادث ڕۆژنامەیەکی

هەفتانەیە بە هەشت لاپەرەیەو یەکەم ژمارەی لە ئابی ٢٠٠٣ لەشاری کەرکووک دەرچووە سەرنووسەرەکەی میقداد مستەفایە.

*** گۆڤاری دیلی:**

گۆڤاری دیلی گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیری گشتیە بەزمانی عەرەبی و لاتینی دەردەچێت یەکەم ژمارەی لەئەیلولی ٢٠٠٣ لەشاری کەرکووک کە سەرپەرشتی گشتی سەلاح بەهلول دەرچووە وەئەندامی نووسین جەمال ساری کەهیە.

*** رۆژنامەی المیزان:**

رۆژنامەیەکی مرۆڤایەتی بووە، نیو مانگ جارێک بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەرچووە، بە هەشت لاپەرە کە خاوەن ئیمتیاز محەمەد حمامچی بووە، یەکەم ژمارەی تشرینی یەکەم ٢٠٠٣ لەشاری کەرکووک بڵاوکراوەتەوە.

*** باباگرگر:**

رۆژنامەیەکی رۆشنبیری سیاسی بووە، بە دوو زمانی عەرەبی و تورکمانی لە لایەن پارتی یەکێتی تورکمان لە شاری کەرکووک دەرچووە، ژمارەی یەکەمی لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ دا بە چوار لاپەرە بڵاوکردۆتەوە خاوەنی ئیمتیازی د.سیفەدین دامرچیە..

*** ملحق صوت الترکمان:**

رۆژنامەیەکی مانگانەیە بە چوار لاپەرەی تورکمانی بڵاوکراوەتەوە. یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٣ لەشاری کەرکووک دەرچووە.

*** رۆژنامەی التون کوپری:**

رۆژنامەیەکی مانگانەی بێ لایەنە بە زمانی تورکمانی و عەرەبی بە هەشت لاپەرە بڵاوکراوەتەوە، عەلی کوپرلو سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیە بووە یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٣ دەرچووە بەڵام بەداخەوە پاش دەرچوونی سێ هەم ژمارەی ناوبراو شەهید بوو، برادەرانی بەردەوامیان پێ داوەو ئێستاش دەردەچێت.

*** گۆڤاری صاری کهیە:**

گۆڤاری ساری کەهیە لە لایەن بنکەی رۆشنبیری ساری کەهیە بڵاوکراوەتەوە بە زمانی عەرەبی و لاتینی سەرنووسەری فیچ اللە ساری کەهیە و یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ لەشاری کەرکووک دەرچووە.

*** رۆژنامەی اق صو (النهر الابیض):**

رۆژنامەی ئاق سو رۆژنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری تورکمانیە لە لایەن نوسینگەی بەناو بەرەی تورکمانی لە توزخورماتوو بە زمانی عەرەبی و تورکمانی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا دەرچووە.

*** گۆڤاری لائی کرکوک:**

گۆڤاری لائی کەرکووک گۆڤارێکی رۆشنبیری مانگی جارێک بە زمانی عەرەبی و لاتینی لە لایەن یەکێتی ئافرەتانی تورکمانی بڵاودەکراوەتەوە سەرنووسەری منەور مەلا حەسون-ە یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٣ لەشاری کەرکووک دەرچووە.

*** گۆڤاری الفلکە:**

گۆڤاری الفلکە گۆڤارێکی رۆشنبیری مانگانەیە بە زمانی تورکمانی و عەرەبی لە شارۆچکەی توز لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤ بڵاوکرایەوە سەرنووسەری جاسم فەرج بوو.

*** رۆژنامەی بابا گورگور:**

رۆژنامەیەکی ناوەندی بزوتنەوەی ئیسلامی تورکمانی عێراق بوو لە لایەن سەرنووسەر فەوزی ئەکرەم تەرزی بڵاودەکرایەوە یەکەم ژمارەی لە مانگی ئاداری ٢٠٠٤ لەشاری کەرکووک دەرچووە.

*** رۆژنامەی الفنار:**

رۆژنامەی الفنار رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتیی یە لە لایەن یەکێتی مامۆستایانی تورکمانی لەشاری کەرکووک بە زمانی عەرەبی یەکەم ژمارەی لە شوباتی ٢٠٠٤ بڵاوکرایەوەو سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیەش فاروق فائق کوپرلو بوو.

*** رۆژنامەی السبورە:**

رۆژنامەی السبورە هەفتەی جارێک بە

زمانی عەرەبی بڵاودەکرایەوە لە شاری کەرکووک، لە لایەن خاوەنی ئیمتیاز عەرفان کەرکوکلی و سەرنووسەری سلوان الکیلانی یەکەم ژمارەی لە نیسانی ٢٠٠٤ دەرچووە.

*** ڕۆژنامەی الجوهر:**

ڕۆژنامەیەکی مانگانەی چوار لاپەرەیە خاوەنی ئیمتیاز موفق قوربالی و سەرنووسەر گلال البیرقدار کە لە لایەن پارتی شروقی تورکمانی بڵاودەکرایەوە و یەکەم ژمارەی لە ٢٠٠٤/٥/١٨ دەرچووە.

*** هدف:**

بڵاوکراوەیەکی تورکمانیە لە لایەن مجلسی گەلی تورکمانی بە سەرپەرشتی پارێزەر تاریق زینەل بە زمانی تورکمانی لە ساڵی ٢٠٠٤ لەشاری کەرکووک دەرچووە.

*** ڕۆژنامەی الترجمان:**

ڕۆژنامەیەکی نیومانگ جارێک لە لایەن پارتی یەکسانی تورکمان بە هەشت لاپەرە دەرچووە سەرنووسەریشی عەبدول وەهاب حەسەن عەلی-ە، لەشاری کەرکووک دەرچووە.

*** ڕۆژنامەی قارداشلق یولو:**

ڕۆژنامەیەکی پانزە ڕۆژ جارێک دەردەچێت لە لایەن پارتی برایەتی تورکمان خاوەن ئیمتیازی وەلید شەریکە و سەرنووسەری ڕۆژنامەکەش فارس بیاتلی لە ساڵی ٢٠٠٤ وە یەکەم ژمارەی لەشاری کەرکووک دەرچووە.

*** گۆڤاری ایشق:**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتیە لە لایەن کۆمەڵەی ئیشقی ئەدەبی تورکمانی لە شاری کەرکووک دەردەچێت خاوەنی ئیمتیازی الحاج سامی یوسف توتونچو سەرنووسەری سیفەدین بیر ئاوچی بەڕێوەبەری نووسینی محەمەد عومەر حمزەلی، یەکەم ژمارە لە کانوونی یەکەم ٢٠٠٥ دەرچوو چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو دوای وەستا.

*** ڕۆژنامەی الشعب:**

ڕۆژنامەی شەعب ڕۆژنامەیەکی نیومانگ جارێک لە لایەن دەزگای ڕاگەیاندنی ڕەعد لەشاری کەرکووک دەردەچێت خاوەنی ئیمتیازی عەرفان کەرکوکلی و سەرنووسەری سلوان الکیلانی بە زمانی عەرەبی یەکەم ژمارەی لە تشرینی یەکەم ٢٠٠٤ دەرچووە.

*** گۆڤاری کەرکووک:**

گۆڤاری کەرکووک گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئەدەبیە لە لایەن یەکێتی ئەدیبانی تورکمانی کەرکووک مانگانە دەردەچێت، بە زمانی عەرەبی و لاتینی، سەرنووسەری قحتان هرمزی و بەڕێوەبەری نووسین ئایدن کەرکوک و سکرتێری نووسین حەسەن کوپر، یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٤ دەرچوو. گەرچی ژمارە ٢٨ وا لەبەر دەستمان لە گەلاوێژی ٢٠٠٦ دەرچووە. کە چەندین بابەتی هەمە لایەنەی لە خۆگرتووە لەوانە بابەتێک دەربارەی خوێندنی تورکمانی لە شاری کەرکوک و لەگەڵ بابەتی دەربارەی مزگەوت و تەکیەکانی خانقا و چەند بابەتێکی هەمە لایەنەی شیعرو ئەدەب و بە تایبەتی دەربارەی شێخی شاعیران فزولی بەغدادی. جگە لە بابەتەکانی لاتینیش.

*** گۆڤاری أتابک:**

گۆڤاری ئەتابەگ بەسێ زمان دەردەچوو، لاتینی، عەرەبی، ئینگلزی، یەکەم ژمارە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن دەستەیەک لە ڕۆشنبیرانی تورکمانی لە شاری هەولێر دەرچوو کەلەم نووسەرانە پێک هاتبوون (جەمال عەبدوڵڵا، شەمسەدین وەلی ئەربیلی، ئەمیر سولتان، ئەحمەد قوشچو) بەداخەوە تەنها یەک ژمارەی لێ دەرچوو وەستا.

*** ڕۆژنامەی القرار:**

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتی لە خۆ دەگرێت لە لایەن پارتی القرار الترکمان لەشاری کەرکووک دەردەچێت بە زمانی عەرەبی و لاتینی بە هەشت لاپەرە یەکەم ژمارەی لە کۆتای ساڵی ٢٠٠٥ دەرچوو سەرنووسەری ڕۆژنامەکەش خاتوو منەوەر مەلا حەسون بوو، ئێستاش ژمارە ١٠ی کە لە

تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ دەرچوو بە لاپەرەی ڕەنگاو ڕەنگی جوان و قەشەنگ ڕازاوەتەوە و چەند بابەتێکی هەمە لایەنەی سیاسی و ئەدەبی لە خۆگرتووە.

*** گۆڤاری سومر:**

گۆڤاری سومر گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و کەلتوری أبداعیە، وەرزیە بە زمانی عەرەبیە یەکەم ژمارەی لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ لە شاری کەرکوک دەرچوو سەرنووسەری نەسرەت مەردان- ە ئەم بابەتانەی لەم گۆڤارە بڵاوکراوەتەوە چەندین قەڵەمی بە پێزو نووسەری ناوداری تورکمانی بەشداری تیا کردووە.

*** گۆڤاری الوگن-ـ یورد:**

گۆڤاری یورد گۆڤارێکی ڕۆشنبیری مانگانەی بێ لایەنە کە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری د.عەبدولەتیف بەندر أوغلو و بەڕێوەبەری نووسین جەلال پولات و سکرتێری نووسینی و جێ بەجێ کار ئوکان بەندر ئۆغلو.

یەکەم ژمارە لە مانگی نیسانی ٢٠٠٦ دەرچووە ئێستاش بەردەوامە. ناوەرۆکی بابەتەکانی لە چەندین قەڵەمی بە پێزی تورکمانی شاری توزو کەرکوک و بەغدا و هەولێر بەشداری تیا دەکەن. بۆ ڕونکردنەوەی کولتوری ڕۆشنبیری تورکمانی هەنگاوی باشی ناوە.

دواژمارەی کەلەبەر دەستمان دایە ژمارە پێنج و شەشە کەبەیەک ژمارە لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ دەرچووە.

*** ڕۆژنامەی تورکمن تایمز:**

ڕۆژنامەی تورکمن تایمز ڕۆژنامەیەکی سیاسی و فکریە لەسەر ئیستراتیژەتی تورکمانی دەڕوات کە خۆی بە ڕۆژنامەیەکی هونەری بێ لایەن داوەتە قەڵەم، بە زمانی عەرەبی بە هەشت لاپەرە دەردەچێت یەکەم ژمارەی لە مانگی حوزیرانی ٢٠٠٦ لەشاری کەرکوک دەرچووە و سەرنووسەری عەبدول سەلام مەلا یاسین-ە.

*** گۆڤاری صوت المصلی:**

گۆڤاری صوت المصلی لە لایەن بزوتنەوەی بوزقورتی تورکمانی لە شاری کەرکووک بە زمانی عەرەبی و تورکمانی دەردەچێت سەرنووسەری ئیحسان عەبدول مەلک خۆشنووس-ە و یەکەم ژمارەی ساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە.

*** ڕۆژنامەی الترکمان:**

ڕۆژنامەی الترکمان ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری یە، زمانحاڵی بزوتنەوەی چاکسازی تورکمان لە هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بەسێ زمان عەرەبی و کوردی و لاتینی مانگانە دەردەچێت، خاوەنی ئیمتیازی عەبدولقادر بازرگان و سەرنووسەر مازن قاورمەچی یەکەم ژمارە لەمانگی شوباتی ٢٠٠٦ دەرچوو. هەڵبەتە بیرۆکەی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیەش لەپاش بەستنی کۆنگرەی بزوتنەوەکەیان هات، لەسایەی ئەو بارودۆخەی گونجاوە کە لەهەرێمی کوردستاندا. لە ئارادایە، بە ئازادی ڕادەربڕێت و دەرچوونی ڕۆژنامەگەری لام دایە ڕۆژنامەی الترکمان بەو ئومێدە لە دایک بوو، کە پەنجەرەیەکی تازە بێت لە رووی ئەدەب و زمان و تێکڕای ڕۆشنبیری تورکماندا، لەبەر ئەوەی پارتی چاکسازی تورکمان ماوەیەک بەر لەئێستا لە ناوبەرەی تورکمانی جیا بۆ وەو ڕێگایەکی ڕاستەقینەی بۆ خۆی و میللەتەکەی هەڵبژارد، لە هەمان کاتدا دەرفەتێک بێت بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی تورکمان کە قەڵەمی خۆیان لەنێو ئەم دەزگا ڕۆشنبیرییەدا بدۆزنەوە، ئەوەی ئێمە لە ژمارەکانی (الترکمان) دا بینیمان و ڕەچاومان کردوە ئەوەیە کە نووسەران بە دەست و قەڵەمی پاکیان ڕۆژنامەکەیان ڕازاندۆتەوە وەک دروست کردنی سەکۆیەکی برایەتی لەنێوان نووسەرو ڕۆشنبیرانی کوردو تورکمان، مەودای بڵاوکردنەوەی تانەو تەشەنەی سوێر و ڕەخنە بە ناهەق و ڕەنجاندنی دڵی تیا نەبێ. سیاسەتێکی بۆ بواری ڕۆژنامەنووسی هەڵبژاردووە کە خزمەت بە بەرژەوەندی نەتەوەو ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکات

و گەلێ ئومێدی گەورەش لەگەڵ خۆیدا بۆ پاشە ڕۆژ هەلگرتووە. ڕۆژنامەکە بەردەوامە و دوا ژمارە کە بەردەستمان کەوتووە ژمارە (١٠) لەمانگی تشرینی یەکەم ٢٠٠٦ دا دەرچووە. هیوای بەردەوامی و پێش کەوتنی بۆ دەخوازین. گەرچی ڕۆژنامەی الترکمان جاران لەنێوان پارتێکی سیاسی بەناو بەرەی تورکمانی لە سالانی ٢٠٠٥ دەردەچوو.

*** سەرنج:**

چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی تریش لە کەرکوک یا لەشوێنێکی دیکە لەو ماوەیدا دەرچووینە بەڵام بۆمان روون نەبۆتەوە ئایا ئەمانەش پەیوەستن بە مێژووی ڕۆژنامەنووسی تورکمانی یا ڕۆژنامەنووسی کوردی و عەرەبی لەبەر ئەوەی ناوی هیچ لایەنێکی لەسەر رووپەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەدی ناکەین بۆیە لێرەدا تەنها ناوەکانیان دەنووسین هیچ باسێکی لەسەر ناکەین لەوانە (گۆڤاری الرحیق، التاجر، المحامی، المحاماە، التچامن، شار، افاق تربویە) ڕۆژنامەی (الصداقە، المحارب، الدیار، التصویر، حقوق الانسان).



هەواڵنامەی کتێب


باوە گوڕگوڕ
BAWE GURGUR
پیرۆزبایی

# گەشتێک بەناو ژمارەکانی گۆڤاری "بابا گوڕ گوڕ" ١٩٨٨-١٩٨٩

وریا جاف

هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان لە ساڵی ١٩٧٦ درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بوو و وەڵامدانەوەی خۆبەدەستەوە نەدانی کورد بوو بەرامبەر بە ڕێکەوتننامە شوومەکەی جەزایری مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ لەنێوان شای ئەو سەردەمەی ئێران و صدام حسێنی رووخاو، ئەوەندەی نەخایاند ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان شیرازەی هۆنرایەوەو ئومێد جێی بێئومێدی گرت و پارتی هەر لە سەرەتای دارشتنەوەی ریزەکانی خۆی بایەخێکی بەراگەیاندن دا بەتایبەتی پاش بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی لە ٤-١١-١٩٧٩، لقەکانی پارتی گۆڤاری خۆیان بڵاو دەکردەوە یەکێ: لەوانە گۆڤاری (بابا گوڕگوڕ)ی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە کرۆکی باسەکەمانەو گەشتێک بەناو ژمارەکانیدا دەکەین.

گۆڤارێکی رامیاری و رۆشنبیرییە لقی٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان ناو بەناو دەری دەکات. قەوارەی بچووک.

**ژمارە (١)ی لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٤**

لاپەڕە (١)

* بروسکەی پیرۆزبایی لقی٣ پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڤاڵی بەڕێز کاک مسعود بارزانی بەبۆنەی ٣٨مین یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
* سەروتار بەناوونیشانی: رابردوویەکی پڕ لە شانازی و خەباتێکی بێ وچان.
* لەچالاکی پێشمەرگەکانی لقی٣.
* شەهیدێکی تریش دەگاتە کاروانی ڕێی سەر فەرازی.
* کاروانی شەهیدان.

**ژمارە (٢) کانوونی یەکەم ١٩٨٤**

سەرووتار بەناوونیشانی:
* سڵاو.
* دەنگی قوتابیان و پیرۆزباییەک
* گۆشەی رۆشنبیری: پەیمانی ناتۆ.
* گۆشەی عەسکەری: چەواشە کردنی دوژمن.
* لە چالاکیی پێشمەرگەکانی لقی٣.
* چۆن کپ دەبین؟
* لەچالاکییەکانی کۆمەڵەی نووسەر و رۆژنامەنووس و هونەرمەندانی پێشمەرگەی دیموکراتی عێراق- لقی سلێمانی و کەرکووک.
* خوێن هەڵات/شیعر
* کاروانی شەهیدان: شەهیدی نەمر غەفور حەمە سالح.

**ژمارە٣ لە ئازاری ١٩٨٥ بڵاوبۆتەوە.**

سەروتار: (لەیادی شەشەمین ساڵگەردی بارزانی) تیا هاتووە.
* پیرۆزبایی لقی٣ بەبۆنەی جەژنی نەوروز و سەری ساڵی تازەی کوردییەوە.
* ١٥ ساڵ بەسەر ١١ ئازار.
* گۆشەی رۆشنبیری: بڵاوکراوەی مافی مرۆڤ.
* گۆشەی پێشمەرگایەتی: دەربارەی پارتیزانی.
* لە چالاکی پێشمەرگەکانی لقی ٣
* لە کەرکووکەوە هەواڵنێرمان رایگەیاند.
* ئازار.. مانگی شادی و ئازاری.
* گۆشەی رێکخستن: دامەزراندنەوەی یەکێتییە کوردستانیەکان پێویستی مێژووییە.
* پەخشان: گڕی شۆڕشگێڕیی لە دەڤەرا کەرکوێکی هزرێت من هەژاندن.
* چەپکێک ژان و ئازاری سوور: شیعری شاهۆ.
* سەلاوە ل باب شەهیدان و سەرقافڵەی رێگای سەفرازی شەرەفمەندی بارزانی نەمر.
* گۆشەی شۆڕشی گەلان: شیللی
* رێواسی
* لە پەندی پێشینانی کوردەوە.
* کاروانی شەهیدان: شەهیدی نەمر هەڤاڵ قادر حەمە سالح.
* دەسرۆک: شیعری ف.ک. هۆشیار

**ژمارە ٤ ئەیلوولی ١٩٥٨**

* سەروتار: بیرکردنەوەیەک
* شۆڕشی پیرۆزی ئایار (٢٦گوڵان)
* گۆشەی رۆشنبیری: بڵاوکراوەی جیهانی مافی مرۆڤ-٢-
* گۆشەی پێشمەرگایەتی: دەربارەی پارتیزان
* لە چالاکی پێشمەرگەکانی لقی٣
* گۆشەی رێکخستن: پەیوەندی ئێمەو گەل.
* گەشتێک لە گەرمیاندا.
* پەندی پێشینان.
* گۆشەی شۆڕشی گەلان: نیکارا گوا
* کاروانی شەهیدان: شەهید سەردار حاجی رەحیم
* میحرابی خوێن/ شیعری ف.ن.هۆشیار

**ژمارە (٥) پێنج کانونی دووەم ١٩٨٦**

* سەروتار: ساڵی نوێ.. هەڵسەنگاندن و توندکردنی خەبات لە دژی فاشیەت و شەڕدا.
* کانوونی دووهەم و سێ (٣) بیرەوەری.

* گۆشــەی پێشــمەرگە: لەچالاکییەکانــی پێشمەرگە.
* فەرهەنگی سیاسی: ئیئتیلاف.
* لە بڵاوکراوەکانی پارتیمان.
* هەواڵێکی دڵتەزێن
* لە تاوانەکانی رژێم/ راپۆرت کەرکووک و سیاســەتی زەوی ســوتێنراوی عەفلەقییەکان.
* نامەیەک بۆ هەڤاڵێکی شەهید.
* پۆستەی بابا گوڕگوڕ.
* کاروانــی شــەهیدان: شــەهیدی نەمــر مەجید حاجی محمد رەشید.

**ژمارە (٦) شوبات ١٩٨٦**

* سەروتار: سڵاو لەخۆڕاگری تێکۆشەرانی ناو بەندیخانەکانی رژێم.
* نووســەرانی کــورد و ئەرکــی سەرشانیان.
* خەباتی گەلان: گەلی ئێرلەندای باکوور: خەبات تا سەرکەوتن.
* گۆشــەی پارتایەتــی: رەخنەو رەخنە لە خۆگرتن، مەرجی گرنگی پارتایەتییە.
* فەرهەنگی سیاسی: دیماگۆگی
* بیرەوەرییەکی شووم
* (١١ شــوبات) رۆژی ســەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانە.
* گۆشەی پێشمەرگە چالاکی پێشمەرگە.
* بەبۆنــەی یــادی ٣٣هەمیــن ســاڵەی دامەزراندنیانەوە:
سڵاو لە هەردوو یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان.
* لەگەڵ بڵاوکراوەکانی پارتیماندا.
* چۆن خۆمان رۆشنبیر دەکەین؟
* کەرکــووک و.. مانۆڕێکــی نوێــی رەگەزپەرستانە:
* تاوانێکی دڕندانە.
* ئەی بابەگوڕگوڕ: هەڵبەستی/ن. بێباک.
ئەی بابە گوڕگوڕ
هیوای کچ و کوڕ
دڵی کوردستان
مەشخەڵی ژیان
* کاروانی شــەهیدان/ شەهیدی نەمر بایز عەول عبداللە.

**ژمارە ٧ ئازاری ١٩٨٦**

* ســەروتار: ســڵاو لــە یادی ســەرۆکی هەمیشە زیندوومان
(یادکردنــەوەی بارزانــی نەمریــش، یادکردنــەوەی گشــت ســەروەرییەکانی گەلی کوردمانە. یادی قوربانی و فیداکاری جەماوەری چەوساوەو ستەمدیدەکانی کوردستانە...هتد).
* نــەورۆز: جەژنــی شــۆڕش و سەرکەوتن.
* گۆشەی پێشمەرگە: چالاکی
* ٨ی ئادار جەژنی ئافرەتانی جیهان
* لە تاوانەکانی رژێم
* گۆشــەی رۆشــنبیری: زانیارییــەک دەربارەی کۆنگرەی باندۆنگ.
* چاوخشــانێک بــە بڵاوکراوەکانــی پارتیمان
(البارزاني والحركە التحرريە الكورديە).
ناوونیشانی بەرهەمێکی مێژوویی بەنرخە، لە بارەی راپەڕینــی (بارزان)ی یەکەمەوە (١٩٣١-١٩٣٢) دەدوێ. بەرهەمەکە لەلایەن سەرۆکی پارتیمان، هەڤاڵی بەڕێز مسعود بارزانییەوە بە زمانی عەرەبی نووسراوەو لە چوارچێوەی (١٠٥)لاپــەڕەی وێنەداردا لە چاپخانەی خەبات لە چاپدراوە.
* بابا گوڕگوڕ: هەڵبەستی: ب-هێمن
* کاروانــی شــەهیدان: شــەهیدی نەمــر حسێن محمود (شاخەوان).

**ژمارە ٨ی نیسان و ئایار ١٩٨٦**

* ســەروتار: ســەرکەوتن بــۆ شۆڕشــی گوڵانی نیشتمانی پێشکەوتخواز
* یەکی ئایار: جەژنی کرێکارانی جیهان
* چالاکی
* پیرۆزبایی: ســەبارەت بە ســەرکەوتنە مەزنەکــەی پێشــمەرگەکانی لقــی (١) لــە رزگارکردنی شاری مانگێش
* لە تاوانەکانی رژێم
* لە سێدارەدانی تێکۆشەرێک
* دەرهەق بە تورکمان چی؟

* کوشتن، برین.. کاولکردن، راپێچ و برسی کردن.
* بەبۆنەی رۆژی ماتەمی نەتەوایەتی گەلی کوردستانەوە.
(تاوانی بۆردومانی قەلادزێ و هەڵەبجە (ساڵی ١٩٧٤ و.ج) دوو لەکەی نەنگن بە نێوچەوانی فاشییەکانی بەغداوە.
* فەرهەنگی سیاسی: تابوری پێنجەم
* گەشەدار تربێت رۆژنامەگەری شۆرشگێرانەمان.
(خوولیای رۆژنامەگەری کوردی بۆ ٨٨ ساڵ لەمەوبەر دەگەرێتەوە. بە دروستی بۆ رۆژی ٢٢-٤-١٨٩٨ کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی گەلی کورددا رۆژنامەیەکی کوردی بەناوونیشانی (کوردستان) لە قاهیرەی پایتەختی میسردا، لەلایەن میقداد مدحەت بەدرخانەوە دەرچووە...هتد).
* بەرهەمی نوێ (جرائم القتل العام فی کوردستان)- تاوانەکانی کوشتنی بەکۆمەڵ لە کوردستاندا پەراوێکی (دیکۆمێنتیە) مەکتەبی سیاسی بەرێزی پارتیمان بە عەرەبی دەریکردووە.
* میهرەجانی شیعر یان کاسەلیسی؟
* کۆچی دوایی (هێمن) شاعیری عیشق و ئازادی.
* لە یادی شەهیدبوونی خوشکە (لەیلا قاسم)ی تێکۆشەردا/ بەهاری زەرد.
* کاروانی شەهیدان/ شەهیدی نەمر (ئەرپە غەریب)

**ژمارە (٩) نۆ سەرەتای تەمموزی ١٩٨٦**

* تەبایی.. یەکێتی مەرجی سەرکەوتنمانە
* حوزەیران.. ئاوی ئاراس و یادی مەسیرە مێژووییەکە
* چالاکی پێشمەرگە
* خۆماڵی کردن و هەنگاوەکەن ١- حوزەیرانی- عەفلەقییەکان.
* رازێک لە جەستەی شیعدامکراویکەوە رایکرد.
کاروانی شەهیدان، شەهیدی نەمر سەعید محەمەد ئەمین تۆماری.
* مەینەتی وەرزش.
* چەند وشەیەک بۆ پەپوولەکانی زێوەی خوێنین.

**ژمارە (١٠) دە-ئابی ١٩٨٦**

* سەروتار: سلاو لە پارتیمان پارتی چینە چەوساوەو شۆرشگێرەکانی کوردستان.
* بەبۆنەی (٤٠)مین ساڵگەردی دامەزراندنی پارتیمان.
* بۆچی پارتیمان بە (دیموکراتی) ناونراوە؟
* راگەیاندراوێکی رۆژنامەگەریی
* کاروانی شەهیدان/ شەهید وەلی عەلی رۆستەم (وەلی ئەبو شوارب)
* دیاردەیەک/ مەیدانەکەی ئەحمەد ئاغا دوێنێ و ئەمرۆ.
(هەر لە کۆنەوە ئەحمەد ئاغا، مەیدانی کۆبوونەوەی کاسبکارانی شاری کەرکوک بووە، رەنجدەر و زەحمەتکێشانی شارەکەی بابە گورگور، بۆ پەیداکردنی پاروە نانی خۆیان و خێزانەکانیان سەر لەبەیانی هەموو لەو مەیدانەدا دەوەستان و هەریەکە بەرەو شوێنی کارو کاسپی خۆی بەرێ دەکەوت.. کەچی ئەمرۆ لە سایەی سیاسەتی دوژمنکارانەی رژێمی فاشی و شەرخوازدا (ئەحمەد ئاغا) بووە بە دیاردەی بێ کاری و...هتد).
* هەڵبژاردنی (ئەنجوومەنی یاسادانان) قەوانێکی کۆنەو.. لێ دەدرێتەوە.
* عێراق لە رۆژنامەکانی جیهاندا:
السفیر: عێراق دووچاری گیروگرفتی سەختی ئابوری بوو.
ئیل جۆرناڵ: سزای کارکردن لە سیاسەتدا ئیعدام کردنە.
جەنگ: نەبوونی کرێکار و بەڵێنی چەور.
* پێکەنین لە خۆشیانا نایەت.

**ژمارە ١١ ئەیلوولی ١٩٨٦**

* سەروتار: لە یادی شۆرشی ئەیلوولی نیشتمانیدا.
* قادسیەی بەدناو) شەش ساڵ لە: فرمێسک و کاول بوون.
* تاوانەکانی رژێم: راپێچان.. وێرانکردن..



بابە گوڕگوڕ
BABE GURGUR
دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان
لە یادی
شەشەمین ساڵگەڕی بارزانی
پیرۆزبایی
ژمارە (٣)
ئازاری/ ١٩٨٥

ڕاگوێزان.

* کاروانی شـــەهیدان/ شـــەهیدی نەمر مەجید حاجی ساڵح محمد.

* کۆنفرانســـی هاوبەشـــی ی.ق.ک/ ی.ل.د.ک

بەرەو یەکگرتـــن بۆ ڕوخاندنی ڕژێم و کۆتایی هێنان بە شـــەڕ، تا بتوانین بە ئاشتی و دیموکراسی بخوێنین.

* لە ســـاڵی خوێندنی نوێدا: ئەرکی گرنـــگ و بەپەلـــەی قوتابیانـــی کوردستان.

* لـــە یادی شۆڕشـــی ئەیلوولدا: شیعری هێدی/ ئاگری تۆ

* حوکمی مێژوو هەر دێتە دی

**ژمارە ١٢–١٣– تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٧**

لەبەرگـــی یەکـــەم دەقـــی بروســـکەی لقـــی ســـێ بڵاوکراوەتەوە کە ئاراستەی ســـەرۆکی هێژا و مەکتەبی سیاسی پارتی کردووە بەبۆنەی ڕێکەوتنی نێوان پارتیمان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

* سەروتار: لە دوایی دا ئاواتەکە هاتەدی

* بانگەوازی سەرۆکی پارتیمان

* بەلاغی هاوبەشی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) ڕۆژی ٧–١١–١٩٨٦

* سڵاو لە بەرەی (جودی) تێکۆشەر

* پرۆژەی هاوکاری نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)

* ڕژێمی فاشی: هەواڵ- تاوان- لێدوان

* گۆڕینی ســیمای نەتەوایەتــی (کەرکووک) زنجیرە-١-

* خەباتــی گــەلان: ئەفریقیـــا تێکۆشـــەرێکی تـــری لـــە دەستدا

* فەرهەنگی سیاسی: پارتی پێشڕەو

* لە بنچینەکانی پارتیزانی دا: نهێنی

**ژمارە ١٤ نیسان–مایسی ١٩٨٧**

* کۆچێکی ناکاو.. زامێکی قوڵ

(هەواڵ: هەواڵی کۆچکردنێکی دوایی یە.. بەڵام ناکاوە.. کارەســاتیش لە دەستدانی ســەرکردەیەکی چەڵەنگ و هەڤاڵێکی خۆشەویستە..

کۆچی دوایی (ئیدریس بارزانی) کاک و خۆشەویستی هەموانە!
* چالاکی پێشمەرگە
* لێبوردن: بەبۆنەی ١٢مین ساڵگەردی شۆڕشی گوڵانی نیشتمانی پێشکەوتن خوازەوەو لەبەر چەند هۆیەکی مرۆڤایەتییەوە لقی سێ(٣)ی پارتیمان هەردوو دیلی میسری کە لەیەکێک لە پرۆژەکانی رژێمی فاشی خزمەتیان دەکرد بەرەڵڵا کرد:
١- صفوه عبدالرحیم خلف
٢- ممدوح سید گە عمران
ناوبراوان لە لایەن مەفرەزەیەکی ل.ن کەرکووکی تێکۆشەرەوە ماوەیەک لەمەوپێش لە ناحیەی لەیلان دەستگیرکرابوون.
* تاوان و تاوانکاری
* خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی
* رۆشنبیری پارتایەتی: کادیرانی پارتی و رۆڵیان لە رێکخستن و گەشەکردنی پارتی و شۆڕشدا.
* کاروانی شەهیدان: شەهیدی نەمر عەدنان کەمال

* دوربینی بابە گوڕگوڕ/ ئافرەت و کەیبانو هەروا دەبێ.
* چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مامۆستایەکی ناو شۆڕش

**ژمارە ١٥ تەمموزی ١٩٨٦**

* سەروتار: قەرەداغ-سەرکەوتنێکی گەورەو چەند پەندێک.
* راپۆرت/ علی حسن المجید/ تاوانباری ژمارە (٢)ی شەڕبناسن.
* بەرگری میللی...هێزی یەدەگی و پشتیوانی شۆڕشی.
* بەیان (گۆڤار و.ج) لەبەردەستی قوتابیان و لاواندا.
لەم رۆژانەدا، یەکەمین ژمارەی (بەیان) گۆڤاری لقی کەرکوکی هەردوو یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق بڵاوکرایەوە.
* کوردستانی راپەڕین و شۆڕش دۆزەخی عەفلەقییەکانە.

wr_jaff2002@yahoo.com

کتێبخانەی هەولێر

# (ئەمان) و (ئەمین)...
# (حاجی) و (مەم و زین) و خواندنەک دیتر..*



ئیسماعیل بادی

دهژمارا (٥) یا هاڤینا سالا ٢٠٠٥ێ ژ کۆڤارا (**رۆژنامەنووس**) روپەلێ (١٠٢)یدا، ل دۆر هەڵبەستا حاجی قادرێ کۆیی ئەوا ب (**مەم و زین**)ا ئەحمەدێ خانی ڤەهاندی. دگۆڤارەکێ دا دناڤ رووپەلێن کۆڤارێ دا، ئەو هەڵبەست هاتیە بەلاڤکرن و ژ لایێ دەستەکا نڤیسینا کۆڤارێ ڤە ئاڤرِی یەک ل سەر زێدە کریە و تێدا هاتیە (**سەرنجی توێژەرانیش بۆ ئەوە رادەکێشین تۆ بڵێی ئەو وشەی "ئەمان"ی دێرِی پێنجەمی شیعرەکە "ئەمین" نەبێ، کە دەکاتە "أمین عالی بەدرخان" رۆژنامەنووس**")[1]

ل دۆر ڤی هەڵبەستی، کەڤنترین ژێدەر هەتا نوکە هاتیە دیتن و ئەڤ هەلبەستە تێدا دزڤریتەڤە بۆ دەستخەتەکا (**مەم و زین**)ا خانی کو ل سالا (١١٦٥ک) ب دەستێ (**عەزیز کورێ شیریار ژ قەبیلا مامزیدی**) هاتیە نڤیسین و نوکە ل (**دار العراق للمخطوطات**)دا یا پاراستی یە.[2]

دەقێ هەڵبەستێ ژی هەروەک محەمەد عەلی قەرەداغی بەلاڤکری ب ڤی شێوەیە:

**زەمانە رەسمی جارانی نەماوە**
**چراخی ناڤم و مونشی کوژراوە**
**لە دەوری ئێمە رۆمان و جەریدە**
**ئەگەرچی مەقصەدە، زانینی باوە**
**ئەمان! قەدری بزانن ئەم (کتێبە)**
**لە دنیا ئێستەکێ هەمتای نەماوە**
**لە ئەییامی حەیاتی شێخی خانی**
**(لەسەر نوسخەی خەتی ئەو) نووسراوە**
**لەلای ئەربابی خۆی بۆ قەدر و قیمەت**

**خەزێنەی گەوهەرەو، کیسەی دراوە**
**لە مەجمووعی دوەل سۆران و بۆتان**
**لە سایەی ئەم کتێبە ناسراوە**
**لە کوردان غەیری (حاجی) و (شێخی خانی)**
**ئەساسی نەڤمی کوردیی دانەناوە.**[٣]

لە دۆر ڤێ دەستخەتێ، قەرەداغی ددەتە ئاشکرا کرن کو بەری ڤێ دانەیێن مەم و زینێ دیتی نە، بەلێ ژ ڤێ باشتر و پاقژتر نەدیتی نە و دبیت ئەڤە باشترین دانە یا (**مەم و زین**)ێ بیت.[٤]

سەبارەت سەرنجا کۆڤارا (**رۆژنامەنووس**) کو دبیت پەیڤا (**ئەمان**) ل شوونا وێ (**ئەمین**) بیت وەک هیما بۆ ناڤێ (**ئەمین عالی بەدرخان**) حاجی قادرێ کۆیی د ناڤ مالا وان دا دخواند و زارۆکێن وان فێر دکرنە خواندن و نڤیسینێ.

ژ بلی دیوانێن حاجی قادرێ کۆیی ئەڤێن چەند جار هاتینە چاپکرن، ئەم لە گەلەک ژێدەرێن دیتر ژی گەریان کو بەلکو د دانەیەکا چاپکری دا ژ وان پەرتوکێن ل دۆر (**خانی**) و (**مەم و زین**)ێ هاتینە نڤیسین و چاپکرن، ل شوونا (**ئەمان**)، پەیڤا (**ئەمین**) هات بیت، بەلێ هەمیان هەر ب (**ئەمان**) نڤیسی یە!! ئەرێ چەوان هزر پەیدا بوو و چ راستی ژ بۆ هەیە؟

ژ وان پەرتووکێن ئەم لێ زڤرین کو بەلکو دشروڤەکرنا هەلبەستێ دا نڤیسەرەکی ئەڤ بۆچوونە هەبیت، لێ کەسێ ئەو هزر نەکرییە وەک ماموستایان (**صادق بهاءالدین ئامێدی**)[٥] و (**ئەمینێ ئۆسمان**)[٦] و (**د.مارف خەزنەدار**)[٧] و (**عەلی فەتاح دزەیی**)[٨] و (**حەمزەیێ موکسی**)[٩] و (**رۆژنامەیا کوردستان**)[١٠].

ل دۆر دەقێ هەلبەستا (**حاجی**)، تێدا ئاشکرایە کو بەحسێ ئەحمەدێ خانی دکەت و وەغەرکرنا وێ، پاشی دایە خۆیا کرن ل وێ سەردەمی، سەردەمێ (**رۆمان**) و (**جەریدە**) یان بوویە و خەلک ل دەوروبەرێن مە مفا ژێ وەرگرتییە.

مەقصەد ژی وەرگرتنا پێزانینانە. (**ئەمان**) ئاماژەیە بۆ پەرتوکا (**مەم و زین**) و ب پێدڤی دبیت قەدر و رێز و حورمەتا وێ بهێتە زانین چنکو د دونیایێ دا یێن وەک وێ دکێمن و نەماینە.

هەروەسا حاجی دایە ئاشکرا کرن کو ئەڤ هەلبەستا خوە ل سەر نوسخەیا دەستخەتێ ئەحمەدێ خانی یا خۆ نڤیسی یە و پاراستی بوویە ل جەم بنەمالا بەدرخانیان.

پەیڤا (**ئەمان**) د وێ دەقێ محەمەد عەلی قەرەداغی دا بەلاڤکری، نیشانا سەرسورمانێ(!) دانایە بەرامبەر، ڤێجا

**ل وێ سەردەمی، سەردەمێ (رۆمـــان) و (جەریدە) یان بوویە و خەلک ل دەوروبەرێن مە مفا ژێ وەرگرتییە**

نوزا ب دروستی بۆ نەهاتیە خواندن یان ئەو ژی ئەمە ژی لێ ب شکەو رامانەکا دی ل جەم پەیدا بوویە.

هەروەسا پەیڤا (**ئەمان**) دناڤ سترانێن فولکلوریدا مشە هاتیە نەخاسمە لاوک و مقامان دا و بۆ درێژکرن و دەست پێکا سترانێ دهێتە گۆتن.

هەر چەوان بیت، ئەز نەل وێ باوەرێ مە کو ببیتە (**ئەمین**) چنکو هەکە حاجی ڤیابا دا ب دروستی و زێدەتر ئاماژەیێ دەتە (**ئەمین عالی بەدرخان**) و پتر رولێ وی بەرچاڤ کەت.

دیسان لڤێرە ئەم دشێین بۆچوونەکا دیتر بەرچاڤ بکەین و ئەو ژی دبیت (**ئەڤان**) بیت ل شوونا (**ئەمان**) کو ئاماژە بیت بۆ (**رۆمان**) و (**جەریدە**). لێ دیسان ئەز نەل وێ باوەرێ مە ئەو ژی یا دروست بیت. چونکو هەتا دەستخەتەکا دروستا ب دەستی حاجی قادرێ کویی نەهاتبیتە نڤیسین، نەهێتە دیتن و خواندن، ئەڤ بۆچوونە هەمی دێ دجهێ شکێ دابن و ئەم ناگەهینە چ ئارمانجێن دروست.

**ژێدەر:**

*هەر ئەڤ بابەتە جارەک دیتر من نڤیسی بوو و ب دەستێ خۆ برە کۆڤارا (رامان)، بەلێ هەتا نوکە رۆژا نڤیسینا ڤی بابەتی سەرو ژنوی چنکو دانەیا (رامان) من نەمایە (٢٠٠٦/١٠/٦) نەهاتیە بەلاڤکرن، نەچار بووم سەروژ نوی من نڤیسی ڤە و دا کۆڤارا (رۆژنامەنووس) (اسماعیل بادی).

١– کۆڤارا: (رۆژنامەنووس)/ هژمار: ٥ هاڤینا ٢٠٠٥/ بپ (١٠٢).

٢– محەمەد عەلی قەرەداغی: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە: بەرگی پێنجەم– چاپی یەکەم/ بەغدا–٢٠٠٣/بپ ١٨٠.

٣– ژێدەرێ چوویی: بپ ١٧٩–١٨٠.

٤– هەر ئەو ژێدەر: بپ ١٨٠.

٥– صادق بەهائەدین ئامێدی: هۆزانڤانێت کورد: چاپا یەکێ/ بەغدا–١٩٨٠/بپ ٣٢٠.

٦– ئەحمەدێ خانی: مەم و زین/ شروڤەکرن ڤەکولینا: ئەمینێ ئوسمان/ بەغدا–١٩٩٠/بپ ٢٠

٧– دوکتۆر مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی/ بەرگی چوارەم/ هەولێر–٢٠٠٤/بپ ١٦٦.

٨– عەلی فەتاح دزەیی: مەم و زین لیکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن/ هەولێر–١٩٩٧–بپ١١٥.

٩– ئەحمەدێ خانی: مەم و زین/ وەرگێراندنا تیپێن لاتینی: محەمەد ئەمین بۆز ئارسلان: ستانبول–٢٠٠٥/بپ (٨٨) پێشەکیا (حەمزە) (ب لاتینی یە).

١٠– کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨–١٩٠٢/ کۆکردنەوەو پێشەکی: دوکتۆر کەمال فوئاد/ چاپی سێیەم/ تاران–٢٠٠٦/ هژمار (٣) روپەل (٣)/ بپ ٢١.

# بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی ئیسلامی کوردی

## ١٩٩١-٢٠٠٦

ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

هەواڵنامەی کتێب

دوای ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی (١٩٩١)ی گەلەکەمان لە کوردستانی عێراق، چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی ئیسلامی کوردی دەرچوون، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی، کە هەندێکیان ئۆرگانی حزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەکان بوون و هەندێکی تریان سەربەخۆو بێ لایەن، کەمێکیشیان درێژکراوەی پێش ڕاپەڕین بوون.

کۆکردنەوەی ڕۆژنامەگەری ئیسلامی کوردی وەک بەشێک لە ڕۆژنامەگەری کوردی بە شێوەیەکی گشتی، لە زۆر ڕووەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، جگە لەوەی لە ڕووی مێژووییەوە ئەو ئەرشیفە بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئەکادیمیشەوە، گرنگییەکی زۆری هەیە، و دەکرێ نووسەرو توێژەرەوانی کورد لە داهاتوودا سوودی لێ وەرگرن، بەتایبەت کە هەندێ لەو ڕۆژنامە، گۆڤار، بڵاوکراوانە، مەسەلەگەلێکی هەنووکەیی و گشتییان بایەخ پێداوە، بەتایبەتیش کەهاتوون هەردوو مەسەلەی (ئیسلامی و نەتەوەیی)یان پێکەوە گرێداوە..

ئێمە لەو هەوڵەماندا کۆشاوین ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی دوای ڕاپەرین (١٩٩١) تائێستا (٢٠٠٦) کە لە کوردستانی عێراق بڵاوبوونەتەوە، یان پەیوەندیان بە نووسەرانی ئەم بەشەی کوردستانەوە هەیە، تۆمار بکەین هەر یەکە لە (گۆڤار، بڵاوکراوە، ڕۆژنامە) بەجیاو بەپێی کات و شوێنی دەرچوونیان پۆلێن بکەین، کە بازێکیان درێژکراوەی پێش ڕاپەڕینن، و چەند زانیارییەکی پێویستمان لە سەریان تۆمارکردووە، وەک ساڵ و شوێنی دەرچوون و خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرو ئەو کەس یان لایەنەی دەری کردووە، ڕەنگە زۆریش هەبن کە ئێمە لێیان ئاگادار نەبووبین وەیان نەمان زانیبێ ڕۆژێک دەرچووبن و بڵاوکرابنەوە، بۆیە (لەگەڵ داوای لێبوردن)، دەخوازین هەر بەرێزێک زانیاری

لەبارەی ڕۆژنامە یان گۆڤارو بڵاوکراوەیەک هەیە کە ناوی لەم (بیبلیۆگرافیا)یەدا نەهاتووە، ئاگادارمان بکاتەوە، بەڵکو لە داهاتوودا تۆماربکرێت.

**یەکەم- گۆڤارەکان:**

**دەنگی باوەڕ**
**١٩٩١**

گۆڤارێکی مانگانەی ئیسلامی گشتییە، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دەری دەکات.
یەکەم ژمارەی لە ساڵی (١٩٨٧ز) دەرچووە.
ژمارە (١-٢)ی ساڵی (٣) لە موحەڕەم و صەفەری (١٤١١)، ئاب و ئەیلوولی ١٩٩٠ دەرچووە.
ژمارە (٣)ی ساڵی (٣) لە تشرینی یەکەمی (١٩٩٠)دا بڵاوکراوەتەوە.
ژمارە (٣)ی ساڵی پێنجەمی لە حوزەیرانی (١٩٩٣)ز موحەڕەمی (١٤١٤ک) بەناوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، دەرچوە، کە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی و ئایینی و هەواڵ و چالاکی ئەدەبی و زاراوەناسی و چاوپێکەوتنی لەخۆگرتووە، ئێستا دەرناچێ.

**ئاڵای ئیسلام**
**١٩٩٢ هەولێر**




گۆڤارێکی ئیسلامی وەزرییە، پەیوەندی ئیسلامی خوێندکاران و لاوانی کوردستان دەری دەکات.
یەکەم ژمارەی لە پاییزی (١٩٩٢) لە هەولێر دەرچووە، ژمارە (٢-٣) لە زستان و بەهاری (١٤١٣ک)، (١٩٩٣ز) دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی یاسین عەزیزو سەرنووسەری ئیبراهیم مەلا زادە بووە.
دیارە ئەم گۆڤار، لەگەڵ (ئاڵای ئیسلام) کە لە کەنەداو دواتر لە مالیزیا دەرچووە، جیاواز بووە، چونکە ئەمەیان لەگەڵ دروستبوونی پەیوەندی قوتابیان موسڵمانی کورد لە دەرەوە، یەکەم ژمارەی لە تەمووزی (١٩٨٦ز) دەرچووە لەلایەن د.ئازدا گەرمیانی و عائیشە کسنجر و د.کاوە عەبدوڵڵا و ناصح ئەمین و سەرتیپ قادر، ژمارە (٤٦)ی لە ئابی (١٩٩٧ز) بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (١) ی لە ساڵی (١٥)ی لە مانگی (٣) (٢٠٠١)دا دەرچووە.
سەرەتا گۆڤارەکە بە زمانی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی بڵاوکراوەتەوە، دواتر بە زمانی عەرەبی درێژەی داوە بە بڵاوکرانەوە.

**گۆڤاری ئاسۆی ئیسلام– شاخ:**

بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی دەری کردووە، یەکەم بڵاوکراوەی بزووتنەوەی ئیسلامی بووە پێش ناو گۆڕینی لە بزووتنەوەی پەیوەندی

ئیسلامییەوە بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردسانی عێراق، مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارەو دواهەمینی بۆ ئێمە مەعلوم نییە.

**پەیامی خوشکان**
**١٩٩٢ سلێمانی**

گۆڤارێکی گشتی ئافرەتانە، یەکێتی ئافرەتانی موسڵمانی کورد دەری دەکات، ژمارە (١-٤)ی لە ساڵی (١٩٩٢)دا دەرچوو، لە خولی یەکەمی دا (١٧) ژمارەی لێ دەرچووە، لەخولی دووەمی دا ژمارە (١)ی لە کانونی یەکەمی (١٩٩٧)دا دەرچووە، سەرە بەفۆتۆکۆپی بڵاوکراوەتەوە، خاوەنی ئیمتیازی (سوعاد عوسمان سەعید) و سەرنووسەرەکەی (ئامینە سدیق عەبدولعەزیز) بووە.




**النفير**
**(١٩٨٩-١٩٩١)**

گۆڤارێکی ئیسلامی مانگانەی سیاسییە، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق بە زمانی عەرەبی لە پاکستان دەری دەکرد، یەکەم ژمارەی لە ئەیلوولی (١٩٨٩) دەرچووە، ژمارەی هەشتی کە دوا ژمارە بووە لە تەمووزی (١٩٩١) دەرچووە ئێستاش دەرناچێت.

**تابان**
**١٩٩٢ هەولێر**

گۆڤارێکی ئیسلام گشتییە، مەڵبەندی چواری بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات، ژمارە (١)ی لە حوزەیرانی (١٩٩٢)دا دەرچووە، ژمارە (٢)ی لە تەمووزی (١٩٩٢) لە هەولێر دەرچووە، ئێستا دەرناچێ.



**ڕاپەڕین**
**(١٩٩٠-١٩٩١)**

گۆڤارێکی مانگانەیە بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق بە زمانی کوردی دەری دەکات، ئەم گۆڤارە پاشکۆی گۆڤاری (النفير)ی عەرەبی زمانحاڵی بزووتنەوەی ئیسلامی بووەو لە دەرەوەی وڵات بڵاوکراوەتەوە، یەکەم ژمارەی لە ئابی (١٩٩٠) دەرچوە، ژمارە (٢)ی لە ئازاری (١٩٩١) دەرچووە، دوای ئەوە ژمارەی تری "وەک من بزانم" لێ بڵاونەکراوەتەوە.

**بانگی ڕاستی**
**١٩٨٧**

لەبارەی ئەم گۆڤارەوە مامۆستا سەلام ناوخۆش دەنووسێ: (گۆڤارێکی ئایینی، ڕامیاری، ئەدەبی، ڕەخنەیی و ڕووناکبیرییە، مانگی جارێک) لەلایەن دەزگای ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی لەشکری ئیسلامی کوردەوە لەلەندەن دەردەچێت، و ژمارە یەکی گۆڤارەکە لە ساڵی (١٩٨٧) دەرچووە، یەکەم ژمارەی خولی دووەمیشی لە ئەیلوولی (١٩٩١)دا دەرچووە.

**جودی Gudi**

**١٩٨٩–١٩٩٩**

پارتیا ئیسلامیا کوردستان (الحزب الاسلامی الکردستانی) بەزمانی عەرەبی، فارسی، کوردی، ئینگلیزی لە دەرەوەی کوردستان دەری دەکرد.

ژمارە (١)ی ساڵی (١) لە ئۆکتۆبەری (١٩٨٩) ربیع الپانی (١٤١٠) دا دەرچووە، ژمارە (٢)ی لە نیسانی (١٩٩٠) دەرچووە، (بڕوانە عەبدوڵڵا زەنگەنەو رەفیق ساڵح ئەحمەد، رابەری رۆژنامەنووسی کوردی، بەشی سێیەم، گۆڤاری رۆژنامەنووس ژ ٤، ٢٠٠٥، ل ٢٠٨).

بەڵام م.سەلاح ناوخۆش، دەرچوونی یەکەم ژمارەی جودی بۆ ساڵی (١٩٩٠) دەگێڕێتەوە، کە پێ دەچێ ساڵی (١٩٨٩) دروست بێ.

بەپێی نووسینی (فەخرەدین تاهیر)یش لە (پێشگانگای رۆژنامەگەریی کوردی هەندەران لە هەولێر، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژ ٧، ل ٦٧)، ژمارە (١٧)ی لە مانگی ئابی (١٩٩٩) لە ئەڵمانیا دەرچووە.

**هەڵەبجە**

**١٩٨٨–١٩٩٧**

گۆڤارێکی ئیسلامی گشتییە، لقی ئەسکەندەنافیا رابیتەی ئیسلامی کورد بە کوردی و عەرەبی دەری دەکات، (موحسین جوامێر) سەرنووسەری ئەو گۆڤارەیە.

ژمارە (١)ی ساڵی (١) لە یۆلیۆی (١٩٩٨ز)، زلحیجەی (١٤٠٨ک)دا لە سوید دەرچووە، ژمارە (٢)ی ساڵی یەکەم لە ئۆکتۆبەری (١٩٨٨ز) سەفەری (١٤٠٩ک) و ژمارە (٢٨)ی لە ئەیلوولی (١٩٩٧)دا دەرچووە. ئەم گۆڤارە بە شێوەیەکی رێک و پێک دەرنەچووەو تا ئێستاش ناوە ناوە بڵاودەبێتەوە.

**بانگی حەق**

**١٩٩١ – درەوەی کوردستان**

گۆڤارێکی ئیسلامی گشتییە، رابیتەی ئیسلامی کورد بە زمانی کوردی و عەرەبی لە پاکستان دەری کردووە، یەکەم ژمارەی لە ساڵی (١٩٩١)دا دەرچووە، د.عەلی قەرەداغی سەرنووسەری بووە.



**رابەر**

**١٩٩٢ – سلێمانی، هەولێر**

گۆڤارێکی ئیسلامی وەزرییە، یەکێتی رۆشنبیرانی موسڵمانی کورد دەری دەکات.

یەکەم ژمارەی لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٢)دا دەرچووە، ژمارە (٢٨-٢٩)ی ساڵی (٤)ی لە (موحەرەم، سەفەر)ی (١٤١٦ک)، (حوزەیران، تەمووز)ی (١٩٩٥ز)دا لە هەولێر دەرچووە، ژمارە (٣٣-٣٤) لە ساڵی (١٩٩٦) دەرچووە، ژمارە (٣٦) لە پاییزی (١٩٩٨ز) (١٤١٩ک)دا دەرچووە. خاوەنی ئیمتیازی (رێبوار حەمە سەلیم) و سەرنووسەرەکەی (جەلال ئەحمەد) و جێگری سەرنووسەر (هێمن سەید عەلی) بووە، ئێستا دەرناچێ.

**کوردستان المجاهده**
**١٩٩١**

گۆڤارێکی ئیسلامی گشتییە، لەلایەن پارتی ئیسلامی کوردستانەوە لە دەرەوە بەزمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، یەکەم ژمارەی لە کانوونی یەکەمی (١٩٩١)دا دەرچووە، ئێستا "پێموایە!" دەرناچێ.

**مەشخەڵ**
**١٩٩٢**

گۆڤارێکی مانگانەی ئیسلامییە، یەکێتی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات، یەکەم ژمارەی لە مانگی کانوونی دووەمی (١٩٩٢)دا دەرچووە، ئەم گۆڤارە دوای ئەوەی ڕێکخراوی ناوبراو لەگەڵ گروپی (ئاڵای ئیسلام) لە کۆنفرانسی ساڵی (١٩٩٢)دا لەکوردستان، یەکیان گرت، ئەویش وەستاو ڕۆژنامەی (رابوون) و گۆڤاری (ئاڵای ئیسلام) بە کوردی لە هەولێر جێیان گرتەوە، لەگەڵ(ئاڵای ئیسلام)ی دەرەوە کە بە عەرەبی لە کەنەدا بڵاودەکرایەوە، ئێستا مەشخەڵ دەرناچێ.
ئەم گۆڤارە جیاوازە لەگۆڤاری (مەشخەڵ)ی دەرەوی کوردستان کە لە ساڵی (١٩٨٧ز) لەلایەن (یەکێتی ئیسلامی قوتابیان و لاوانی کوردسان)ەوە دەرچووە، بەپێی نووسینی ڕێناس نەورۆزی (لاپەڕەیەکی دیکە لە ڕۆژنامەگەری خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات ١٩٧٥-١٩٩١، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژ ٧، ل ٢٤٠)، ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی ئیسلامی گشتی قوتابیان بوو و بە کوردی (کورمانجی ناوین)، بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (١)ی لە سەرەتای (١٩٨٧) و ژمارە (٢)ی لە مانگی گوڵانی (١٩٨٧)دا دەرچوە.

**ڕاوێژ**
**١٩٩٢**

گۆڤارێکی پەروەردەو پێگەیاندنی ئیسلامی بووە، یەکەم ژمارەی لە ساڵی (١٩٩٢) دەرچووە، ژمارە (٢) بە (٥٤) لاپەڕە قەبارە کتێب لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٢)دا دەرچووە وەک مامۆستا سەلام ناوخۆش دەنووسێ و سەرنووسەرەکەی مامۆستا هاوار بووە، ئێستا دەرناچێ.

**بەڵێن**
**١٩٩٢**

گۆڤارێکی مانگانەی ئایدیۆلۆژی و ڕامیاری و ئەدەبییە، لەلایەن دەستەیەک لە موسڵمانانی ڕۆشنبیری کورد لە کوردستانی عێراق دەردەچێت، ژمارە (٠)ی ئەزموونی لەکانوونی دووەمی (١٩٩٢)دا دەرچووە، سێ ژمارەی بەدوادا هاتووەو ئێستا دەرناچێ.

**پەیامی ڕاستی**
**١٩٩٢، سلێمانی، هەولێر**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی یە، کۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات، ژمارە (٠)ی ئەزموونی لە شوباتی

(١٩٩٢)دا دەرچـووە، ژمـارە (٦٠)ی کەمـن بینیومـە لـە ئەیلوولـی (٢٠٠٠)دا دەرچووە، خاوەنی ئیمتیاز (سالم الحاج) و سەرنووسەری (بەکر محەمەد سـدیق عارف)ە، ئێسـتاش ناوە نـاوە دەردەچێت لە شاری هەولێر.

**دەنگی زانا**
**١٩٩٢ – هەولێر**

گۆڤارێکـی مانگانەیە، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسـلامی کوردسـتان دەری دەکات، ژمـارە (٠)ی ئەزموونـی لە مانگی ئـازاری (١٩٩٢)دا دەرچـووە، ژمارە (٨-٩) لە حوزەیران، تەمـووزی (١٩٩٧) و ژمارە (١٤-١٥) پێکـەوە لە کانوونی یەکەمـی (١٩٩٧) و کانوونی دووەمی (١٩٩٨)دا دەرچووە.
سـەرەتا (مـەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی) سەرنووسـەر بووە، لە ژمارە (٣-٤) خاوەنی ئیمتیازەکەی (مەلا مەحمود دێرشـەوی) بوەو (فازڵ یاسین) سەرنووسەری بووە.
لە ژمارە (٦)ەوە (شـێخ موحسـین موفتی) بووە بە خاوەن ئیمتیازی و (مـەلا تاها) بە سەرنووسـەری، ژمارە (٤٦)ی ئـەو گۆڤارە کەدوا ژمارەیـە من بینیم لە تشـرینی یەکەمـی (٢٠٠٠)دا دەرچووە، دەنگی زانا ئێستا دەرناچێت و یەکێتی زانیایان لە هەولێر رۆژنامەی (پەیام) بڵاودەکاتەوە.

**ئاسۆی جیهانی**
**١٩٩٢**

گۆڤارێکـی ئیسـلامییە، بـە کـوردی و عەرەبی دەردەچێـت، یەکەم ژمـارەی ئەزموونی بە (١٨) لاپـەڕە قەبارە کتێب لە مانگی ئەیلوولی (١٩٩٢)دا دەرچووە، ئێستا دەرناچێ.

**راستەڕێ**
**١٩٩٢ – دهۆک**

گۆڤارێکی ئیسـلامی رۆشـنبیری گشـتییە، یەکێتی زانایانـی ئایینی ئیسـلامی لە کوردسـتان، لقی دهـۆک دەری دەکات، ژمارە (١)ی لە رەمەزانـی (١٩٩٢) دەرچووە، ژمـارە (١٦)ی لە رەمەزانی (١٩٩٤)دا دەرچووە، مامۆستا (سەلام ناوخۆش) وای مەزەندە دەکات کە ئەمە دوا ژمـارەی بێـت، ئەم گۆڤارە تـا ژمارە (١١) (موحسـین ئیبراهیم دۆسکی و تەحسین ئیبراهیم دۆسکی و نایف میکایل) دەریان کردوە، لە دوای ژمارە (١١)ش (عبدالحمید سەلەفی) سەرپەرشتی دەرکردنی کردووە.

**بەرهەمی باوەڕ**
**١٩٩٢ – سلێمانی**

گۆڤارێکی ئایینی مانگانەیە، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لقی سـلێمانی دەری کردووە، یەکەم ژمارەی لە ناوەڕاسـتی سـاڵی (١٩٩٢)دا دەرچووەو ئێستاش دەرناچێ.




## سەدای جیهاد
### ١٩٩٢ – هەولێر

گۆڤارێکی ئیسلامی گشتییە، مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی بزووتنەوەی ئیسلامی دەری دەکات، سەرەتا لە شێوەی بڵاوکراوەدا بڵاوبۆتەوە.
دواتر بووەتە گۆڤارێکی مانگانە، (ئازاد حوجرانی) خاوەن ئیمتیازی بووەو سەرنووسەرەکەی (شالاو زراری)، ژمارە (٤١)ی لە ئابی (٢٠٠١)دا دەرچووەو کۆمەڵێک بابەتی هەمەجۆری لەخۆگرتووە.




## الحركة
### ١٩٩٣ – دهۆک

گۆڤارێکی سیاسی ئیسلامی وەزرییە، بەشی راگەیاندنی مەلبەندی (٥)ی بادینانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق دەری دەکات بە زمانی عەرەبی، ژمارە (٥)ی کە تەنها ژمارەیە دەست من کەوتووە، لە سەفەری (١٤١٤ک – ١٩٩٣ز)دا دەرچووەو ئێستا وەستاوە.




## سەنگەر
### ١٩٩٣ – سلێمانی

گۆڤارێکی ماگانەی سیاسی و عەسکەرییە، مەکتەبی عەسکەری بزووتنەوەی ئیسلامی دەری دەکات، یەکەم ژمارەی لە کانوونی یەکەمی (١٩٩٣)دا دەرچووە.
خاوەنی ئیمتیازی (نجم الدین فەرەج) ناسراو بە فاتیح کرێکار و سەرنووسەری (ئامانجی ژاژڵەیی) بووە، جگە لەو ژمارەیە ژمارەی تری لێ دەرنەچووە.

## هەڵوێست

گۆڤارێکی مانگەی ئیسلامی گشتییە ژمارە (٢)ی ساڵی یەکەمی لە رەبیعی یەکەمی (١٤١٢ک) دەرچووە.
ئەم گۆرڤارە بە رۆنیۆ بڵاوکراوەتەوە، زمانحاڵی باڵی (مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز) بووە، پێش راگەیاندنی بزووتنەوەی راپەرینی ئیسلامی، چەند ژمارەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوەو وەستاوە.




## پەیام
### ١٩٩٤ – هەولێر

گۆڤارێکی شەرعی مانگانەیە، ناوەندی ئیسلامی بۆ دیراساتی شەرعی دەری دەکات، یەکەم ژمارەی لە ساڵی (١٩٩٤) دەرچووە، گرنگی بە لێکۆڵینەوەی بابەتە شەرعییەکان داوە، خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری نەبووە.
ژمارە (٣)ی لە رەبیعی یەکەمی (١٤١٥ک)دا دەرچووە، ژمارە (١٦) کە دوا ژمارەی بوە لەساڵی (١٩٩٦)دا دەرچووە.

**جەماوەر**

**١٩٩٤ – سلێمانی**




گۆڤارێکـی مانگانەی گشـتییە، مەکتەبـی راگەیاندنـی بزووتنەوەی ئیسـلامی لە کوردسـتان/ عێـراق دەری دەکات، بڵاوکراوەیەکی هەفتانـە بـووە، لەلایـەن مەڵبەنـدی سـلێمانی بزووتنـەوەی ئیسلامییەوە دەرچووە، کە خاوەن ئیمتیازی (جەمال ئەشرەف) و سەرنووسەری (عادل باخەوان) بووە، دواتر کەبووەتە گۆڤارو بەناوی مەکتەبی راگەیاندنی بزووتنەوەکەوە دەرچووە، خاوەن ئیمتیازی بۆتە (ئەحمەد کاکە مەحمود) و سەرنووسـەرەکەی بووە بە (کامیل مەحمود)، یەکەم ژمارەی لە تشرینی یەکەمی (١٩٩٤)دا دەرچـووە، پتـر لە (٨٠) ژمارەی لـێ دەرچووەو تـا کاتی یەکگرتنـی بزووتنەوەی ئیسـلامی و بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسـلامی لە سـاڵی (٢٠٠٠)دا، بەردەوام بووە لە دەرچوون ئەو لەگۆڤاری (رابوون) جێگای هەردو گۆڤاری (جەماوەر) و (رابەر)ی گرتۆتەوە.

**ئەزموون**

**١٩٩٤**

گۆڤارێکـی ئیسـلامییە، لەلایـەن دەزگای رۆژنامەنووسـی و چاپەمەنییەکانـی بزووتنـەوەی ئیسـلامییەوە دەرچـووە، خاوەنـی ئیمتیـازی (د.ئـازاد گەرمیانی) و سەرنووسـەری (ئامانـج ژاژڵەیی) بووە، یەکەم ژمارەی لە تشرینی یەکەمی (١٩٩٤)دا دەرچووە، ژمارە (٢)ی لـە مانگی (١١)ی (١٩٩٤)دا دەرچـووە، دوا ژمارەی کە ژمارە (٣)، لـە مانگی (١٩٩٤/١٤)دا دەرچووە، ئیـدی ژمارەی تری بەدوادا نەهاتووە.

**داهێنان**

**١٩٩٥**

گۆڤارێکی ئیسـلامییە، یەکگرتووی قوتابیانی ئیسـلامی کوردسـتان دەری دەکات، یەکەم مژمارەی لە ئابی (١٩٩٥)دا دەرچووە، خاوەنی ئیمتیـاز (صلاح الدین بابکر محمد) سەرنووسـەری (عبدالکریم فتاح) بووە، پاشـان بووەتە رۆژنامەیەکی مانگانەی یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان و بە بەردەوامی دەردەچێت.

**ڤەژین**

**١٩٩٥ – دهۆک**

گۆڤارێکی گشـتی وەرزییـە، گرنگی دەدات بـە لێکۆڵینەوەی دینی و کلتووری و رۆشـنبیری گشتی، یەکەم ژمارەی لە پاییزی (١٩٩٥) لە دهـۆک دەرچووە، ژمارە (٩) لە پاییـزی (١٩٩٧)دا دەرچووە، ژمارە (١٠)ی لـە زسـتانی (١٩٩٨)دا دەرچووە، لە ژمـارە (١-٤) (حەمدی عبدالمجید سـەلەفی) سەرنووسەرو (تەحسین دۆسکی) سکرتێری نووسـین بووە، لە ژمارە (٥-١٠) گۆڕانکاری بەسـەردا هاتووە، کە (حەمدی عبدالمجید سـەلەفی) بووە بە خاوەن ئیمتیازی و هەر یەکە

لە (تەحسین دۆسکی) بە سەرنووسەرو (نایف میکایل تاهیر)یش بە سکرتێری نووسین، ئێستا وەستاوەو دەرناچێ.

**پەیڕەو**

**١٩٩٥ – سلێمانی**

گۆڤارێکی سیاسی ئیسلامییە، مەکتەبی رێکخستنی بزووتنەوەی ئیسلامی دەری دەکات.
یەکەم ژمارەی لە ئەیلوولی (١٩٩٥)دا دەرچووە، تا ژمارە (٨) بەردەوام بووە، خاوەنی ئیمتیازی (م. عەلی باپیر) و سەرنووسەرەکەی (شوان هەورامی) بوزوە، ئێستا دەرناچێ.

**سنوور**

**١٩٩٥ – سلێمانی ، هەولێر**

گۆڤارێکی ئیسلامی گشتی مانگانەیە، شورای خوشکانی ئیسلامی دەری دەکات، ژمارە (١)ی لە تشرینی یەکەمی (١٩٩٥)دا دەرچووە، ژمارە (٢٨-٢٩)ی کە دوا ژمارە بووە لە (شوبات - ئازار)ی (١٩٩٨)دا دەرچووە، خاوەن ئیمتیازی (دایکی بەنان) و سەرنووسەرەکەی (ژیان عبدالقادر) بووە.




**الصحوة**

**١٩٩٨ هەولێر**

گۆڤارێکی ئیسلامی مانگانە بوو، بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی بەزمانی عەرەبی دەری کردووە، ژمارە (٣)ی ساڵی یەکەم لە رەجەبی (١٤١٥ک)دا دەرچووە، ژمارە (٨)ی ساڵی (٥)ی لە مانگی (٧-٨)ی (١٩٩٨ز)دا لە هەولێر دەرچووە.

**هاوکار**

**١٩٩٦ – هەڵەبجە**




بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیرییە، قوتابخانەی هونەری هاوکار لە هەڵەبجەی شەهید دەری دەکات.
ژمار (١) لە مانگی موحەڕەمی (١٤١٧ک) ئایار (١٩٩٦ز)دا دەرچووە، سەرپەرشتیاری گشتی (م. کاربین)، سەرنووسەری (خەبات عەلی)، بەڕێوەبەری هونەری (ئومێد حسێن) بووە.

**ئیلاف**

**١٩٩٧ – هەولێر**

گۆڤارێکی ناوخۆیییە، قوتابیانی بەشی ناوخۆ بە کوردی و عەرەبی دەری دەکەن، ئەم گۆڤارە بەدەستنووس نووسراوەو بڵاوکراوەتەوەو تایبەت بووە بە ئافرەتان، ژمارە (٠) لە ئازاری (١٩٩٧)دا دەرچووەو تا ژمارە (٧) بەردەوام بووە.

**گزنگ**

لەبارەی ئەم گۆڤارەوە، مامۆستا سەلام ناوخۆش دەنووسێ: "گۆڤارێکی ئیسلامی بووە، کۆمەڵە لاوێکی ئیسلامی لە ئۆردوگای

جوانــرۆ لە ئێران پێش راپەڕینی دەریــان دەکرد". دیارە ئەو کۆمەڵە لاوە هی کوردســتانی عێــراق بوونە، بــەڵام دوای راپەڕینی وادیارە هیچ ژمارەیەکی لێ بڵاونەکراوەتەوەو وەستاوە.

**جگەرگۆشەکان**
**٢٠٠٦ سلێمانی**

گۆڤارێکی پەروەردەیی مانگانەی منداڵانە.
ژمــارە (١٣٠)ی لە ئەیلوولــی (٢٠٠٦)دا دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی (عەبدولرەحمان سدیق) و سەرنووسەری (عەبدوڵڵا نەجمەدین).




**دوانگە**
**١٩٩٨**

دوانگەیەکی سیاســی و رۆشــنبیری ئازادە، خاوەنی ئیمتیازی (سەردار عەلی ســوور) و سەرنووسەری (رێباز پشدەری) و بەڕێوەبەری نووسینی (شاهۆ حوسێن) بووە، یەکەم ژمارەی لەئازاری (١٩٩٨)دا دەرچووە، ئێستا دەرناچێ.

**الایمان**
**٢٠٠٦ هەولێر**

گۆڤارێکی وەرزییە، بەرگی یەکەمی نووســراوە (مجلە العلم والایمان) لەلایەن کتێبخانەی (ئیمان)ەوە لە هەولێر بە زمانی عەرەبی دەردەچێــت، ژمارە (٢٦)ی لە (موحەڕەم، ســەفەر، رەبیعی یەکەم)ی (١٤٢٧ک)، (ئازار، نیسان، مایس)ی (٢٠٠٦ز)دا دەرچووە.
سەرنووسەر: (محەمەد روشدی عوبێد).
دەســتەی نووســەران: (حســام الدیــن جــەودەت، حســان محەمەد روشدی).




**خۆری ئیسلام**
**١٩٩٩ – هەولێر**

گۆڤارێکی رۆشــنبیری زانســتی ئیســلامی وەرزییە، وەزارەتی ئەوقــاف و کاروبــاری ئایینی لــە هەرێمی کوردســتانی عێراق دەری دەکات، یەکــەم ژمــارەی لە ســاڵی (١٩٩٩)دا دەرچووە، ژمارە (٣٢)ی ســاڵی نۆیەمی لە شەعبانی (١٤٢٧ک)، ئەیلوولی (٢٠٠٦ز)دا دەرچــووە، خاوەنی ئیمتیازی (وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی)، سەرنووســەر (عوســمان رەشاد موفتی) جێگری سەرنووسەر (قاسم رەسوڵ بەرزنجی)، بەڕێوەبەری نووسین) (سەلام کەریم سیدان)ە.

**بانگەواز**
**١٩٩٩ – سلێمانی**

گۆڤارێکــی مانگانەیــە، مەکتەبــی بانگــەواز و فتــوای بزووتنــەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق دەری دەکات.
ژمــارە (١)ی لــە رەمەزانــی (١٤١٩)ی کۆچــی کانوونــی دووەمــی (١٩٩٩)ی زایینی دەرچووە.



## ڕێگای یەکبوون
### ١٩٩٩ – سلێمانی

ڕۆژنامەیەکی سیاسییە، بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستان دەری دەکات، ژمارە (٤٤)ی کە یەکەم ژمارەی بووە بەو ناوەوە دەربچێ لە (١٠/٥/ ١٤٢٠ک)، (١٩٩٩/٨/٢١)دا دەرچووە.

ئەم ڕۆژنامەیە درێژکراوەی هەردوو ڕۆژنامەی (بزووتنەوەی ئیسلامی) و (ڕاپەڕین) بووە، کە دوای یەکگرتنی هەردوو بزووتنەوەی ئیسلامی و بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلام، ئەو دوو ڕۆژنامەیە وەستاون و (ڕێگای یەکبوون) جێیانی گرتۆتەوە لە دوا ژمارەیانەوە درێژەی بە دەرچوون داوە، خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری لەسەر نەنووسراوە، ئەم ڕۆژنامەیە تا دوای لێکترازانی بزووتنەوەو یەکبوونی ئیسلامی بەردەوام بووە، پاشان ناوەکەی گۆڕاوەتەوە بۆ (بزووتنەوەی ئیسلامی) و چیتر بەوناوەوە دەرنەچووە.




## منارە
### ١٩٩٩ – سلێمانی

گۆڤارێکی شەرعییە، نووسینگەی فتواو دیراساتی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دەری دەکات، ژمارە (٠)ی ئەزموونی لە ڕەجەبی (١٤٢٠ک)، تشرینی یەکەمی (١٩٩٩ز)دا دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی (م.کرێکار)، سەرنووسەری (مامۆستا محەمەد ساڵح بامۆکی)ە.




## بوار
### ٢٠٠٠ – هەڵەبجە

گۆڤارێکی وەرزی فیکری سیاسی ڕۆشنبیرییە، دەزگای لێکۆڵینەوەو روناکبیری دەزگای لێکۆڵینەوەو رووناکبیری دەری دەکات، ژمارە (٣-٤)ی لە ساڵی (٢٠٠١)دا دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی (عیرفان عەلی عەبدولعەزیز) و سەرنووسەری (ئەرسەلان تۆفیق محەمەد)ە، ئێستا دەرناچێ.




## رابوون
### ٢٠٠٠

گۆڤارێکی ئیسلامی گشتییە، دوومانگ جارێک دەردەچێت، بەشی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق دەری کردووە.

ژمارە (١)ی لە ڕەمەزان/ شەوال (١٤٢٠ک)، کانوونی دووەم/ شوباتی (٢٠٠٠ز)دا دەرچووە، ژمارە (٤)ی لە ڕەبیعی یەکەم/ ڕەبیی دووەم (١٤٢١ک)، تەمووز، ئابی (٢٠٠٠ز)دا دەرچوو، خاوەنی ئیمتیازی (تۆفیق کەریم) و سەرنووسەرەکەی (کامیل مەحمود) بووە.




**وەرچەرخان**
**٢٠٠٠**

گۆڤارێکی نێوخۆییە، مەکتەبی ڕێکخستنی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق دەری دەکات، ژمارە (١)ی لە شەوالی (١٤٢٠ک)، شوباتی (٢٠٠٠ز)دا دەرچووە، ئیستا دەرناچێ.



**الهدى**
**٢٠٠٠ – هەولێر**

گۆڤارێکی سیاسی گشتی وەرزییە، سەنتەری هودا بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیژی دەری دەکات، یەکەم ژمارەی لە ساڵی (٢٠٠٠)دا دەرچووە.
ژمارە (٢)ی لە زستانی (٢٠٠٠) و ژمارە (٥)ی ساڵی دووەمی لە ساڵی (٢٠٠٢)دا دەرچووە، ئەم گۆڤارە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی (موحەمەد سەید نوری بازیانی)یيە.




**پەیامی زانایان**
**٢٠٠١ – سلێمانی**

گۆڤارێکی وەرزیی ئایینی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری گشتییە، مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات.
ژمارە (٣)ی لە ساڵی (٢٠٠١)دا لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، خاوەنی ئیمتیازی (موحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم چەمچەماڵی) و سەرنووسەری (نەجم عەبدوڵڵا محەمەد) بووە، ئێستا دەرناچێ.

**ڕووناکبیر**
**٢٠٠١ – سلێمانی**

گۆڤارێکی ڕووناکبیری گشتییە، کۆمەڵەی بانگەوازو ڕووناکبیری ئیسلامی کوردستان دەری دەکات، ژمارە (٠)ی ئەزموونی ساڵی یەکەم لە ئایاری (٢٠٠١)دا دەرچووە، سەرنووسەری (سەباح بەرزنجی) و سکرتێری نووسین (سلام عەبدولکەریم عەبدوڵڵا)یە.




**سەبا**
**٢٠٠١ – هەولێر**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی وەرزییە، سەنتەری ڕۆشنبیری هیوا دەری دەکات.
ژمارە (١)ی لە هاوینی (٢٠٠١)دا دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی (ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی) و سەرنووسەری (موحەمەد ساڵح دارەتوویی) بووە، ژمارە (٢)ی لە پاییزی (٢٠٠١)دا دەرچووە، دوای ئەوە ژمارەی تری لێ دەرنەچووە.

## الحوار

### ٢٠٠٢ – هەولێر




گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەزمانی عەرەبی دەری دەکات، خاوەنی ئیمتیاز (سەلاحەدین بابەکر)، سەرنووسەر (سالم الحاج)ە، ژمارە (١٦)ی ساڵی دووەم لە رەمەزانی (١٤٢٤ک)، تشرینی دووەمی (٢٠٠٣)دا دەرچووەو ئێستاش بەردەوامە لە دەرچوون.

## دەنگی غەریبان

### ٢٠٠٢ – دەرەوەی کوردستان

مانگنامەیەکی رووناکبیری گشتییە، رێکخراوی چاکەی خێرخوازی لە بەریتانیان دەری دەکات.

ژمارەی یەکەمی لە ساڵی (٢٠٠٢)دا دەرچوو، ژمارە (٢٣)ی ساڵی سێیەمی لە سەرەتای مانگی (٥)ی (٢٠٠٤)دا دەرچووە، ژمارە (٣١)ی لەسەرەتای مانگی (١)ی (٢٠٠٥)دا دەرچووەو هاوکات لە کوردستانیش بڵاوکراوەتەوە، سەرنووسەری (مەسعود مەلا زادە)و بەڕێوەبەری نووسینی (هەلالە لەتیف) بووە، ئێستا دەرناچێ.




## پەیڕەو

### ٢٠٠٢ – سلێمانی

گۆڤارێکی ناوخۆی پەروەردەیی و رۆشنبیری گشتییە، هەردوو مەکتەبی رێکخستن و عەسکەری کۆمەڵی ئیسلامی دوومانگ جارێک دەری دەکەن، ژمارە (٢)ی لە شەوالی (١٤٢٣ک)، کانوونی یەکەمی (٢٠٠٢ز)دا دەرچوو.

## هەیڤ

### ٢٠٠٣ – سلێمانی

گۆڤارێکی زانست و وەرزییە، ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا، دەری دەکا، ژمارە (٥)ی ساڵی دووەم لە پاییزی (٢٠٠٤)دا دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیازی (نەشئەت غەفور سەعید) و سەرنووسەری (مەریوان ئەحمەد رەشید)ە.




## الحركه الاسلاميه

### ٢٠٠٤

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتی نیومانگییە، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق دەری دەکات،

پاشکۆی عەرەبی رۆژنامەی (بزووتنەوەی ئیسلامی)یە، ژمارە (١٧٤)ی لە (١٥)ی جەمادی دووەمی (١٤٢٥ک)، (١)ی ئابی (٢٠٠٤ز)دا دەرچووە، دواتریش ناوە ناوە دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی (ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی) و سەرنووسەری (ئەحمەد حەمەدئەمین) و بەڕێوەبەری نووسینی (عیرفان ئەحمەد کاکە مەحمود).

**هێشتا**

**٢٠٠٥ – هەڵەبجە**

گۆڤارێکی فیکری سیاسی وەرزییە، سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان لقی هەڵەبجەی شەهید دەری دەکات، خاوەن ئیمتیازی سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان و سەرنووسەری (ئەرسەلان عابید)ە، بەڕێوەبەری نووسینی (خەبات نەوزاد) و (سالم بێستانی)یە، ژمارەی یەکەمی ساڵی یەکەم لە ٢٠٠٥/٣/١٦دا دەرچووە.

**دووەم- بڵاوکراوەکان**




**هەڵوێست**

**١٩٩٢ – ڕانیە**

بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە، مەڵبەندی (٣) بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق دەری دەکات، ژمارە (٣)ی ساڵی یەکەمی لە ڕەبیعی یەکەمی (١٤١٣ک)، ئەیلوولی (١٩٩٢ز)دا دەرچووە، ژمارە (٩)ی کە دوا ژمارە بووە لە ئازاری (١٩٩٨)دا دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی (حەسەن بابەکر) و سەرنووسەری (وەرزێر پشدەری) بووە.

**بەرەنگاربوونەوە**

**١٩٩٢ – سۆران**

بڵاوکراوەیەکی خوێندکاری و گەنجی بووەو لقی سێی پەیوەندی ئیسلامی خوێندکاران و لاوانی کوردستان دەری کردووە، ژمارە (٢)ی لە کانوونی یەکەمی (١٩٩٢)دا دەرچووە، ئێستا دەرناچێ.




**مەشخەڵ**

**١٩٩٤ – هەڵەبجە**

بڵاوکراوەیەکی نهێنی و ناوچەی ڕێکخستنی هەڵەبجەی شەهیدی بزووتنەوەی ئیسلامی بووە، یەکەم ژمارەی لە شوباتی (١٩٩٤)دا بڵاوکراوەتەوە، مامۆستا سەلام ناوخۆش دەڵێ: "تەنیا شەش ژمارە لەم بڵاوکراوەیە دەرچووە".

**سپێدە**

**١٩٩٥ – هەولێر**

بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە ئافرەتان، پەیوەندی ئیسلامی خوێندکاران و لاوانی کوردستان دەری دەکات، ژمارە (١)ی لە (١٩٩٥/٩/٢٠)دا دەرچووە، (٨) لاپەڕەی قەبارە بچووک، ژمارە (٢)ی لە ساڵی (١٩٩٥) بە (٨) لاپەڕەی قەبارە بچووک و ژمارە (٣)ی لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٥)دا دەرچووە بە (١٢) لاپەڕەی قەبارە بچووک، ژمارە (٧)یش لە ساڵی (١٩٩٦)و بە (١٠) لاپەڕە دەرچووە، سەرەتا ناوی (سپێدە)ی هەڵگرتووە، پاشان ناوی گۆڕاوە بۆ (سپێدەی نوێ)، چەند بابەتێکی ساکاری سەبارەت بە ئافرەتان تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئێستا دەرناچێ.

**الطليعة**

**١٩٩٥ – هەولێر**

بڵاوکراوەیەکی ئیسلامی رامیاری یاساییە، کۆمەڵێک لە خوێندکارانی کۆلێژی یاساو رامیاری زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر دەری دەکەن، ژمارەی یەکەمی لە تشرینی دووەمی (١٩٩٥)دا دەرچووە، دوا ژمارەی کە ژمارە (٣) بووە لە مانگی (١٩٩٦/٤)دا دەرچووە.




**چرا**

**١٩٩٦ – هەولێر**

بڵاوکراوەیەکی زانستی مانگانەیە، دەستەیەک لە فێرخوازانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بە کوردی و عەرەبی دەریان کردووە کە سەر بەلقی زانکۆو پەیمانگاکانی پەیوەندی ئیسلامی خوێندکاران و لاوانی کوردستان بووە، یەکەم ژمارەی لە ئازار، نیسانی (١٩٩٦)دا دەرچووە.

**الغرباء**

**١٩٩٦ – هەولێر**

بڵاوکراوەیەکی ڕۆنشبیری گشتییە، دەستەیەک لە خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین دەریان کردووە، یەکەم ژمارەی لەمانگی نیسانی (١٩٩٦)دا دەرچووە، هیچ ژمارەی تری لێ دەرنەچووەو دوای ئەو ژمارەیە وەستاوە.

**بێداری خوشکان**

**١٩٩٦ – سلێمانی**

بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە لقی سلێمانی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات، ژمارە (٠)ی لە حوزەیرانی (١٩٩٦)دا بە (١٠) لاپەڕەی قەبارە (٢٤ × ٣٢سم) دەرچووە.

**النور**

**١٩٩٦ – هەولێر**

بڵاوکراویەکی ڕۆشنبیرییە، چەند قوتابییەکی زانکۆ دەریان کردووە، تەنیا یەک ژمارەی دیارە کە (١٢) لاپەڕەیەو بە زمانی عەرەبی لە ١٩٩٦/١٢/١٧دا دەرچووە.

**چارشێو**

**١٩٩٧ – هەولێر**

بڵاوکراوەیەکی ئیسلامییە، دەستەیەک لە خوشکانی موسڵمان دەری دەکەن.ژمارە (١) لە مانگی ئازاری (١٩٩٧)دا دەرچووە، دوا ژمارەشی کە ژمارە (٣)یە لە مایسی (١٩٩٧) دەرچووە.

**ڕێکبوون**

**١٩٩٧**

بڵاوکراوەیەکی هۆشیاری بووە، مەکتەبی ڕێکخستنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان هەفتەی جارێک دەری کردووە، ژمارە (٢٦)ی لە شەوال (١٤١٧ک)، ئاداری (١٩٩٧ز)دا دەرچووە.

**ئایندە**

**١٩٩٧ – هەولێر**

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە، پاشان بۆتە ڕۆژنامەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتییە، یەکگرتوو خوشکانی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات و ژمارە (٠)ی ئەزموونی لە ١٩٩٧/٦/٢٠ بە (٤) لاپەڕەی شێوە ڕۆژنامەی بچووک دەرچووە، ژمارە (٧)ی لەڕۆژی١٩٩٨/١/١٦دا دەرچووە.

ژمارە (٩)ی لە ١٩٩٨/٣/٢٧دا دەرچووە خاوەنی ئیمتیازی (بەیان نوری تۆفیق)، سەرنووسەری (کەوسەر ئیسماعیل سنجاوی) بووە، پاشان سەرنووسەرەکەی بۆتە (بێخاڵ ئەبوبەکر) و پاشتر بۆتە (هەتاو محەمەد ساڵح)، ژمارە (٥٦)ی لە مانگی ئاداری (٢٠٠٣)دا دەرچووە.

**المشكاة**

**١٩٩٧ – هەولێر**

بڵاوکراوەیەکی پەروەردەییە، کۆمەڵێک قوتاب ئافرەتی زانکۆی سەلاحەددین دەری دەکەن بەزمانی عەرەبی و کوردی، ژمارە (١)ی لە ئابی ١٩٩٧ دەرچووە، ژمارە (٧)ی لەکانوونی دووەمی ١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە.




**نەوەی نوێ**

**١٩٩٧ – هەولێر**

بڵاوکراوەیەکی نیو مانگییە دەستەیەک لە قوتابیانی ئامادەیی دەری دەکەن، ژمارە (٩)ی لە ١٩٩٧/١١/٢٥دا دەرچووە، ژمارە (١٥)ی لە ١٩٩٨/١٢/١دا بەنێوی ڕاگەیاندنی ناوەندی هەولێری پەیوەندی ئیسلامی خوێندکارانی کوردستان کە بۆ ئامادەییەکان دەری کردووە، دەرچووە. خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری بەسەرەوە نییە.

**قەڵەم**

**١٩٩٧ – کوردستان**

بڵاوکراوەیەکە دەستەیەک لە ڕۆشنبیران دەری دەکەن، ژمارە (٥)ی لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٩٧) دەرچووە، دوا ژمارەی لە ئازاری (١٩٩٨)دا دەرچووە. (سەلام ناوخۆش – رەخنەو رۆمان، ل ١١٨).

**قەڵەم**

**١٩٩٨**

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە، پەیوەندی ئیسلامی مامۆستایانی کوردستان دەری دەکات، ژمارە (١)ی لەمانگی (١٩٩٨/١١)دا دەرچووە، ژمارە (١٠)ی لە شوباتی (١٩٩٩)دا دەرچووە، خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری بەسەرەوە نەبووە.

دفاع وزیر عالیشانی فخامتماٰب جعفر باشاالعسكرى حضرتلرينك رياست وزرا وكالتنه ارادهٔ ملوكانه شرفصادر اولمشدر.

## فخامتماٰب رئيس الوزرا

بوصباح رئيس الوزرا فخامتلو نورى سعيد پاشاحضرتلرى طياره ايله حركت بويورمشلردر سفرلرنده صحت وسلامت، غايهٔ مقدسه‌لرنده نجاح وموفقيت تمنى ايلرز.

## خبراتى تازه:

### دوراىى هىناىى مفاوضه وشكلى معاهده‌ى تازه

### بيان رسمى

له‌وقتيكدا عراق به اعضايى له عصبة الامم‌دا قبول بكرى تنفيذ بكريته‌وه بو امضا كردنى معاهده‌ييكى رانى دوستى مفوضه‌كانى هردولا اتفاقيان كردوه.

ئم معاهده‌يه له روز يكدا هردولا اتفاق له سر وقبولى بكن له بغداد وله لوندره‌دا لنشر ئه‌كريته‌وه.

١ ـ عراق به تواوى سربه‌خوى (مستقل) ومسؤلتى هموله‌ى شؤن‌وادارمى وتأمين آسايشى داخلى ومدافعه‌ى تدباتى خارجى لهسر خوى بونى اعتراف اكات

٢ ـ ارمعاهدات واتفاقاته‌ى بين عراق وبريتانياى گوره بستراوه لغو بيت

٣ ـ اوسؤليانى ابتدائيه‌كه جلالتمآب حكمدارى بريتانيا بوعراق قبول كرد ه‌داخل بونى معاهده به‌حال تنفيذه‌وه‌خوى ‌خوى‌دوراىى ماته‌وه‌ى له‌طرف جلالتماب حكمدارى‌حكومت بريتانيا اعتراف ئه‌كريت

٤ ـ له روژى تنفيذى معاهده‌وه له مده‌نيكدا كه پنج سالى تجاوز لكات قره‌ى انكليز هندى وموصل به‌جى بهيل

وله غربى فرات له شط‌العرب‌دا بو خصوصى قواى هواىى ٣ جى هسالنار له طرف حكومت عراقه‌وه به اجاره بدريته جلالتماب حكمدارى بريتانيا وئه‌مشى له‌سر حسابى خاصى حكمدارى بريتانيا له‌طرف مفرزه‌ييكى مخصوصى عسكرى جلالتمآب حكمدارى عراقه‌وه محافظه بكريت.

٥ ـ له اعتبارى روژى تنفيذيه‌وه مده‌ى معاهده بيست وپنج ساله ممكنه تنزيل بكريته‌وه‌سر بيست سال.

لهسر وبستنى يكيكيان له متعاقدين بو تأمينى هات وجوى هواىى امپرا طورى بو بستنى معاهده‌ييكى تازه ئه‌كه‌ونه مفاوضه لم خصوصه‌وه اختلافيك‌روى داحواله‌ى مجلسى عصبة الامم ئه‌كريت.

٦ ـ له متعاقدين هردولا هريكى له‌شارى ئه‌وى تردا ديبلوماتيكى ممثل سياسى ئه‌نيل وبه توره‌ى ممثله‌كانى دوله‌ته‌كانى سربه‌خو اعتماد به اصول مرعيه بكريت.

### بيان رسمى

بو حل كردنى او مسائل معلقه كه له بيان رسمى‌اوتدا به‌روژى‌بكى ئه‌ورفخامتماب رئيس‌الوزرا حركت ئه‌فرمويته بريتانياى گوره.

حكومت عراق عزمى كردوه‌كه له پيش سال ٩٣٢ به اعضايى بو قبول كردنى به مجلس عصبة الامم طلبى خوى تقديم بكات فخامتمآب رئيس‌الوزرا لم فرصته‌وه استفاده دبو تقديم ئم اقتراحه جى روژيك ملايم ئه‌بينى تدقيق اكات.

به گوره‌ى او مد گرمه كه امرو له فخامتمآب معتمد سامى‌يه‌وه بو رئيس‌الوزرا هاتوه له اعتبارى اولى سال مالى‌هوه مصا.

رفاتى دارالاعتمادى عراق ئه‌كوريته سر حكومتى بريتانيا لهسر ئمه حكومت عراق به گوره‌ى معاهده‌ى تازه‌وه او بارميه كه‌به ناوى مصرفى دارالاعتماده‌وه دميدا ايكاتبا

---

## حوادثى دوراىى ساعت

### حل بونى مجلسى مبعوثان ـ مراجعت بهرأى ملت انتخاباتى تازه

ارادهٔ ملكى

لهسر ئه‌مه‌كه مفاوضه‌كانى عراق وبريتانيا بو امضا كردنى معاهده‌يكى تازه كه له رتفى داخل بونى عصبة الامم تنفيذ بكريته‌وه اتفاقيان كردوه وبهم اساساتى معاهده‌يه‌كه عراق ئه‌خاته موقعيكى سياسى تازه وبو خاطرى ئه‌مه‌كه درحق بم معاهده راساً مراجعت به رأى ملت بكرى وولم قايه به واسطه‌ى مبعوثيانه‌وه كه انتخابى ئه‌كن فكريان بسينرى پاش اطلاع بونى به‌ماده‌ى ٢٦ و معدل ٢٤ قانون اساسى و استناد به‌قرارى مجلس‌وزرا وبه‌و صلاحيته كه جلالتماب ملك فيصل‌بخشى كردوم به حل مجلسى نواب (مبعوثان) ودست پى كردن به‌انتخاباتى تازه ارادم كرد بو تنفيذى ئم ارادميه رئيس‌الوزرا مأموره.

بغداد ١ تموز ٩٣٠ و ٥ صفر ١٣٤٩

رئيس الوزرا
نورى سعيد

نائب الملك على

---

چاپخانه‌ى بلديه ـ كركوك

[ژماره ۳۱۱] ١٤ تموز ١٩٣٠ ◄ دوشه‌مه ► ١٧ صفر ١٣٤٩ سال ٥

# کرکوک

اداره خانه‌ی
له دائره‌ی بلدیه دایه
بو هه‌مو خصوصیك به‌اداره‌خانه
مراجعت ئه‌کری
نسخه‌ی به آنه‌ییکه

که‌ریار
بو ناو شار سالی ١٠ روپیه
شش مانك ٦ روپیه‌یه
له دره‌وه سالی ١٢ شش‌مانك
٧ روپیه‌یه
نوسراوێك له غزته‌نه نوسرا نادریته‌وه

هه‌مو شیئێك ئه‌نوسی ایستا که هه‌فته‌ی دو جار ده‌رئه‌چی
غزته‌ییکی تورکی و کوردیه

له‌سه‌ر معلوماتێك که به‌ته‌لفون ره‌سیبرا ولیعه‌دی حکومتی عراق ئه‌میر غازی روژی دوشه‌مو ١٤ ی مانك ساعات جوواو نیوی ژه‌والی به اوتوموبیل مخصوصه‌وه له‌به‌غداد حرکت وبه‌ری دلناوه ـ انجانه ـ طوز ـ طاوق ئیواره‌ی ئه‌و روژه تشریف ئه‌فه‌رمویته کرکوك ودیاش راوێوکردنی ئه‌و شه‌وه بوروژی سه‌یحینی که ١٥ ی مانگی ئه‌وزه زیارتی جیکاوه‌کان ئه‌فه‌رموی وئه‌و شه‌وه‌ش له‌لای کرباباه‌ی ئه‌وتمیوازی بوروژی سه‌یحینی ١٦ ی مانك تشریف ئه‌باته سلیمانی روژی ١٧ مانك له‌سلیمانی استراحت وله ١٨ ی مانگدا عودت ئه‌فه‌رمویت.

## معاهده‌ی تازه؛ یان جاژنی تازه

له ١٩١٨ هتا کو امرو ١٩٣٠ له کل جلالت حکومتی بریتانیا، گه‌لیك معاهده‌ی دوستانه‌ی سوبحواریان کرد فقط مع الاسف هیچیان ئه‌بو بیابانی مه‌منونی ملت وبه هیچیان روی زرزو دروزی ملت پی ئه‌که‌نی وهیچیان کاوس باببی هه‌ل ئه‌زرد په‌رده‌ی تاریکی له‌پیش چاومان لانه‌برد. وله هیچیا نوری احتفالی‌ی زینی دل ئه‌بو..

حتی له‌هه‌ندیکیا گه‌لیك خوارو ژوره کوچه کوچه گرا مکتبه‌کان داخرا، بازار هه‌ل گیرا، گرایی وفروشتنیك خرا یه‌کی خروش فغان درا، بوچی؟.. چونکه هیچیان بویی وینی ملت ئاغلواو دلی مطمئنی آو ئه‌ئه‌دا. ویا بسه‌ی آگری ژینه‌ی ئه‌ئه کژاوه..

فقط معاهده‌ی تازه که کابینه‌ی «سعیدی» موفق بوبه داوه زیران و اعلان یه‌کی شادی خستونه سه‌رو زینی دلی سریوه پرده‌ی تاریکی له‌به‌ر چاومان دادری فجری امیدی خستونه دور نوری استقلال بمانبری ئه‌برت هه‌ر بژی.

انجا ئه‌لیم که روژی بلاو کردنه‌وه‌ی ده‌بت هه‌روژیکی تاریخی وبه جه‌ژنیکی ملی فقط هه‌مو کس دیرکی قیمتی ئه‌و روژه ناکات وتقدیری کوره‌یه‌ش ناکات بلام له‌حقیقتدا ئه‌و روژه روژی استقلال وحریت وسعادت وشادیه وبه ژنی ملته

[جه‌ژنتان پیروز بیت ئه‌ی ملته‌نی سه‌ر آزاد]

هه‌ربژی ئه‌ی قایده‌ی سه‌ردار.

بلی، بلی، هه‌ربژی، چونکه! عیشی سه‌دقی کردبتای استقلالی حقیقی دامه‌زران قید و بندی پیشوی شکان، ملتی سه‌رآزاد وده‌ست به‌تاك و دل شاد کرد، حکمی افسانه‌ی معاهده‌ی قسونکاره بچه‌وانه داره کونه‌کانی ابطال کرد.. وبه‌بی معاهده‌ی تازه کردمانی به‌صاحبی استقلال تام وحریت مطلقه هه‌ربژی.

انجا وامن به‌ناوی هیئتی اجتماعیه‌وه به‌دلیکی گرم وپرهیوا وه سینه‌یه‌کی صاف بی‌غش، شکرانه‌ییکی ملی بر ئه‌مل تقدیم وه‌مه‌منونیه‌تی ملته‌تی سه‌ر به‌رزمان عرض ئه‌که‌م سعادت بخشیان ده‌ئه‌م..

ابژا ئه‌ی قاینه‌ی استقلال هه‌ر بژی
ابژا ئه‌ی ملته‌تی سه‌ر آزاد؛ پیروزت بیت جاژنی استقلال.

کرکوك ٥ـ٧ـ٣٠ فاضل روفی طالبانی

---

دنك وباسی دره‌وه

## مسکه‌ی تازه‌ی عراق

بغداد ـ وه‌کو له دوائری مالیه زانرا ئه‌و سکه‌ی یاریه که حکومتی عراق بازی درهینانی هیه له‌سه‌ر اساسی (پاوه‌ندی

آلتونی انکلیزی) قائقدی دیناری وفروشی زیوی وییسەی معدەنی ئەبیت ئەمەش لە قیمتی پینج ملیون روبیە دایە

---

**٣ هزار لیرە جزا**

بەغداد ــ کومپانیەی ئەجی بریتانیالەبەر ئەمە کە مخالفتی قانونی (ئینجیل شرکتەکانی) کردوە محکمەی جزای عراق بە ٣ هزار لیرە جزای نقدی محکومی کردوە ئەم حکمە حکمی اوەل دفعەیە کە لە عراقدە دەرحق بە شرکتی بریتانیا دراوە

---

**لە بینی آلمان وفرانسەدا اتحادی ئەوروپا**

پارس ــ وەکو اژانس هاواس خبر ئەدات سفیری آلمان ( هرهوشە ) لە گل موسیو بریان ملاقاتی کردوە وبەرامبەر بە مذکرەی ( موسیو بریان ) کە معطوف غایەی اتحادی ئەوروپایە وبو دولەتەکانی اوروپای ناردوە فکری خوی بیان کرد .

---

**لەاتحادی ئەوروپادا اسپانیا**

پارس ــ آژانس هاواس ــ موسیو بولسیون ریاستی اجتماعی (مەنیفی) کردوە کە عبارت بوە لە نزتەجیەکانی اجنبی و دەرحق بە احوال حاضرەی اوروپا گفت وکو وتقدیری مضمونی مذکرەکەی (موسیو بریان) لە معطوفی ام غایەیە کرد .

---

**موسیو بولسیون ومذکرەکەی موسیو بریان**

مادرید ــ اژانس هاواس ــ مجلس وزراء بوجوابی مذکرەکەی موسیو بریان لەتعلق بە اتحادی اوروپا ئەکات موفقی کردوە.

...

**مقالە**

**ــ ٣ ــ**

**بوپیش چاری سەعادەتی موتەسەریفی سولیمانی**

هەمو کەس ئەزانی آورشینی کولانان بانی حەمر بکریتە مردەمی مالی گەورەکان وبەرسەرا وئەبی هەمو تولانەکانی تریش پاك وخاوین بی وتەماشای بکری ایتر زور عیبشە بە نشکە وکریکار آورشین کردن وپیویستە بلدیەی شاریکی وا گەورە ومهم ومالطی مدنیە بیفی وباوەر ناکم شاری سلیمانی لەشاری عمارە وحلە رحتی دیوانیە کمتر بی کە ام شارانە بەوسائطی مدنیە آورشین اکەن وەو جەشنە لە مصرفی زور ووەخت ضایع کردن رزگاربون..

جنابیشتان ازانین کە هەمو بلدیەیك مهندسیکی ئەبی وشارەدای اوی کەتەماشای بنا وجادەی بلدیە بکارلە عینی وەختا روایتە بناوخانوی اهالی کە موافق اصول رفن بکری وانظارتی ایشوکاری الکتریقوا در خوا کردی بوری را کیشانی آوە کە بکا ولە وەختی پویستدا خریطەی جادە وبنا بکا بو بلدیە کەلاموایە هەمو تسپیك نی کەیشتوە آقایك کە دیپلومەی کلیەی خواجە افندی نیە ئەبیە ام وظیفە فنی ومهماتەی بی نابینی وایکا !!

لەوظائفی بلدیەیش ایوش ازانم اوەیە یارەی معارف ومدارس اهل بداتەشاردا اسرو لەبا مؤسەسەیکی ملی هەیە لە سلیمانی کە آویش ( جمعیتی زانستی ) یە زور محتاجی پارە ومعاونە وزور پیویستە بلدیە هیچ نەبی لە پایەندەرە نەختی معاونت بکاتا او تە مؤسسە علمی واجبیا یەش لەمەسرییەکەوە نەچی ...

خو مسئلەی پاکی وخاوینی ناو شار او بازار ودووکانەکان ئەوە هەرکەس نیە تەماشای بکا کباب کر ماستاو فروش نانەوا وشربت فروش وقەساب ومیوە فروش . . هەرکس بە کیفی خوی ایش ئەکا ( ئی لە کی ئەپرسی) وهەمو گوشت وشربت ومیوە. کانیان بەرەللایە پیس ومیشاوی یە! کە هەمو ازانین ام پیسایی یانە چند دردوبلای لی ابیتەوە . . .

بلدیەی شاران خانو دورست اکاوابدا بەکری وبەوجەشنە هم خوی دارا اکا وهم خلقیش لە گرانی کری خانو رزگار اەکا.

بلدیەی ولاتان باغچە وتەزەگا، اەکات بوسیاوان بو منالان ریو آفرەت کە عصران وایوار ان لەبابش ماندویەتی و مشکلاتی روژ نوری استراحت بکەن، ودلیان بەمەظرەیکی سەوز وجوان رون بیتەوە!

بلدیەی شاران اوتیل ومسافر خانە ئەکات کە هم خوی دارا بکا وهم ارانەی خانوبان دست ناکەوی وهەر بیگانەیك بو سیر وسیاحت هاتە اوی نیابتوی،

بلدیەی ولاتان صاف ومفیشیکی امین وشارەزای هەیە کە هەمو آنیك تفتیشی کولانان وشەقامان تەماشای ناو بازار و دوکانان ومنکەرتان وحامەکان بکا ومیدانی پیسی ونەخوشی وخرابی نەدا ...

جالەبەر ئەوە زور بە قوتی دلەوە هیوا وامیدمان زورە لەدەوری ابلبختی ایوەدا ئەمانە ریك بخری وبلدیەی سلیمانیش هیچ نەبی بەکو بلدیەی شارانی لی بی ودەستی اصلاح وترەقی تی بکەویت جونکە بلدیە ئەونەی ذوق وحیات وفعالیتی اهلی شارە وابی واسطەی آوەدانی وخوشی وجوانی شاری . . .

شارە زورای

کرکوك ٣ لاپه

## داخلی

### انتخاباتی تازه دەست پی کرا

له اعتباری روژی ١٠دەی ئەم مانگه دست پی کرا به انتخاباتی تازەی مبعوثان

### هاتنەوەی مدیری عامی اوقاف

مدیری عامی اوقاف جناب جمیل وادی بك بو تفتیش کردنی دائرەکانی اوقافی کرکوك هەولیر - سلیمانی روژی چوارشمو هاته کرکوك وروژی رابوردو تشریفی برده سلیمانی ورەژی دوشەمو عودتی فرمویانی خوش آمدی اه کەین

### مقرراتی محکمەی عشایری

له اوەمین دەی ئەم مانگەدا وەکو له خوارەوه نوسراوه ادارة چوار داوی عشایری بیزاوه

١ - داوای خرمانی سوتاندنیك له له قضای کل لەمەدا متهمەکانی بریەبار کرد.

٢ هاکرتی فاطمەی محمود ناو بەصلح برزآوەتەوه

٣ - داوای قتل ونهب وزموقی اراضی له بین شیخ بزنیەکان بەسەنی ١٦٣٣ روپیه پارەی خوین و٥٠٠ روپیه جزای نقدی له طائفەی حەدی قادراغاو استردادی زیوەکان دووانی هینراوه

٤ - داوای کوشتنی روستم یادکار وعلی واحد که له بینی عشیرتی کاکەیی والبومحمد روی داوه له متهمەکانی امم سلەیه ملم صرالدین واحمد الحسن ناوان هریکی به ٣ سال حبس گران محکوم کراون وله طائفەی قرچاقل ٥٠٠ وله طائفەی عبد علی ٥٠٠ رپیه پارەی خوین وله هریکی چوار صد روپیه جزا لی سەندنیان قرار دراوه.

---

فخامتمآب رئیس وزرای عراق

له نتیجەی بستنی معاهدەی تازەدا سرکوتنتان بوملت فخره به گرمی تبریکی موفقیتان ئه کەین.

رئیس هموند کاکه مند — رئیس هموند امین — رئیس هموند فتاح — رئیس هموند محمدامین

## اعلانات

کرکوك صلح محکمەسندن

کرکوکك چای محلەسندە واقع طوی وزوجیات ملا محمد وشفیقه بنت یوسف عزت وعلی ورؤف رهیت اولاد مصطفی ارەلرندە مشترك وبیعاً ازالهٔ شیوعی تقرر ایدن وقیمتی ١٤٠٠ روپیه تقدیر ایدیلان ٣٨-٦٨ نومرولو برباب خانەنك مدت قانونیەسی ظرفندە بالمزایدە انجق یك روپیه بدلەطالبی بولان کرکوك طاپو مهندسی رفیق افندی عهدەسندە قالمش وبرایسه هذا مقدرەدن دون بولنمش اولدیغی اموال غیرمنقولەنك تقسیمی حقندەکی قانونك ١٠ نجی مادەسنه توفیقاً تاریخ اعلاندن برماه مدتله تمدیداً مزایدەیه وضع ایدلمشدر مدت مذکوره ظرفندە مذکور خانەنك اشتراسنه طالب اولانلرك کرکوك صلح محکمەسیله منادی اسحاقه مراجعتلری اعلان اولونور.

---

کرکوك چقور محلەسندە واقع ومحاله مذ کورەلی سید داود بن سید سلیمان وزماو بنت حمد ارەلرندە مشترك وغیرقابل تقسیم ٩٨-٤٩ نومرولو برباب خانەنك مدت قانونیەسی ظرفندە اجرا قلنان مزایدە نتیجەسندە التیوز روپیه بدلله مزبوره زماو عهدەسندە قالمش ونامنه احالهٔ موقتەسی اجرا قلنمشدر تاریخ اعلاندن اون بشکون صکره احالهٔ قطعیەسی اجرا ایدیلەجکدر. بومدت ظرفندە یوزده اوچ ضمیله خانەنك اشتراسنه طالب اولانلرك کرکوك صلح محکمەسنه ومنادی اسحاقه مراجعتلری اعلان اولنور

---

کرکوك اتالق محلەسندە واقع ومحلهٔ مذکورەلی سلطانه بنت عمر ونصرت وزکیه وحمدیه اولاد عمر ارەسندە مشترك وتقسیمی غیر قابل ٤٧-٧٧ رقلی برباب خانەنك مزایدەسی نتیجەسندە طقوز یوز اللی روپیه بدلله مزبوره سلطانه عهدەسندە احالهٔ موقتەسی اجرا ایدلمشدر تاریخ اعلاندن اون بشکون ظرفندە یوزده اوچ ضمیله اشتراسنه طالب اولانلرك کرکوك صلح محکمەسیله منادی اسحاقه مراجعتلری اعلان اولنور

---

### زانین وزانستی - ( علم ومعارف )

هر گەل هەی ملت پیرت کردەوه بەڵکه چارت بکەرەوه کوی رابکره چا کت بودەلیم لی وردبەرەوه بیکره کوی هەمیشکت لەچاپی بده بهونەره کار دا تو بەهالکت بشی (کەس) هەمو نەوەی (آدەم) و (حوا)ن هەمو یکن لەیك جودانیەیان نیه کەس له کەس گەورەتر نیه اگەر گەورەیی وبلندی هەبی بەجا کەیه.

هەوالنامەی کتیب

کەسی لە چاکەی (آدمزاد) بجولی اوە گەورەیە چاکەش لەدەس کەسی دی(زاناب) پیاوی نەزان چاکەش بکا هەر خەرابەی لبوە روو لەدا چونکە چاك وخراپ لیك جیاوە ناکا پیاوە دورانی پیشو چە (پیغەمبەرا)نیش چ جگە لەوانیش زانا [١] بون وەلی زانینیاز یزدانی والهامی بوە مەبەست بی زانین کەس گەورەو بلند نابی و ناتوانی چاکە بو آدم زاد بکا (مەردم) هیشتا میشکی نەکەیوەتە پایەی تواوی چونکە لەمەر کەسی میشکی بکاتە پایەی تواوی هیچ خەرابەی لی دەر ناکەوی لە هەمو خەرابەی خوی لەپارێزی لە گەل لەمەش ایمە دەبینین لەهوی بشەرگەلی چشت هەبەخوی بە خەرابی دەزانیت ودەیکا دیارە هوش نەگەیوەتە پایەی تەواوی آرزوی نفسانیەی پێ بخاو کورتکاری بکا بەلی ئەگەر هوش بگاتە پایەی تواوی نفس اسیری اەبیت وسەرفروی ئەبی پیاوی هوشی تواوبی کە زانی چشتی خەرابی لی ئەگریت و وازی لیەبنی لە گەل لەمەش ئەژنەوین بە قراری هەمو دوکتوران (مەی) و (تەما کو) بە کار هیناسی زور خەرابەو لەش برباد ئەکا لەرەتدە لە خەرابەی ئەنوسن واەدوین پیاو لی ئەسلەمینەوە کە چی خویانش بکاری دینن دیارەهوش نەگەیوەتە پایەی تواوی ئەگەر وانەبوایە ئەو هیچ دکتوری (مەی) نە خواردایەوە وتەما کوی نەکێشایە وەلی ئەگەر تکاملی علمی لە پیاویکا بێ لەوسا علمی یاریدەی هوشی ئەدا وخوی لە خەرابە ئەپارێزی اەوە لە (آوروپا) و(آمریکا) زور کەسانیك کە تکاملی علمیان کردبی خویان بی ناخونەوە و(تەما کو) ناکیشن هولش بو ئەوە ئەدن ملتیان وازی لی بینی

ایمە کە ملتی کوردین تیبینی بکەین هیچ کورتیکمان نیە هەچمان لە خلقی کەمتر نیە چونکە لە لاین تخمەوە آرین ونشانەکەمانش دلگیرو آودارو سازکارو بە آمادە لەناو گەلی ملتانی تری پیاومان لەناویانا هەلکەوتون خویان بە جهانا دیاری کردوە کەپیاو چاك تیبینی بکا باش کەوتمان لەسەل [٢] بە لەزانین وبی علمیە بو ایمە وا چاکە خروشی علمی بکەین ساوەمان بنیرینە قوتابخانە لاوانمان بنیرینە دەبیرستان پیاوە دولەمەندەکانمان کوڕانیان بنیرینە دەبیرستانانی (روژ آوە) نە خوێندەوارانمان یەو هەیرەولاتیان هەر یەکی (بی پارە) [٣] بکرنە دەسبانەوە وروبکەن بە قوتابخانەی نە خوێندەواران کەم بلین وزور بژنەوین ئەبی را نەوەستین روژ تیکەلی شەو بکەین شەو تیکەلی روژ بکەین وتی بکوشین خومان لە نەزانین رزگار بکەین هەر لەپاش جنگی جهانگیرەوە تا ائیستو ئەمگە ایمە خروشی علمیان بکردایە ایستا پالامان کردبو وبلندی بوین کە ساوابو ای گەلی سستی بەسە رووەو مکتب ! ، رووەو مکتب هەمو مەبەستی لەوییە وەلی لە گەل ئەمەشا خوی چاکی پەدەی عالی بەخو پەریشانی لبوە روادا . عالمی بە خوی چاك قازنجی لبوە رو ئەدا زیەی بەخوی چاك لەسەر باوك دایك ماموستایانە ماموستای بی اخلاق دوژمنی ملتە ماموستای بەاخلاق رەهبەری ملتە ای ولەی کورد رووەو مکتب رووەو مکتب وەلی بو لای ماموستای باش

[١]   [٢]   [٣]   عبدالخالق ئەثیری

صحیهٔ عمومیە مدیریتندن :

عراق طبیهٔ ملکیە فاکولتەسنە
طلبە قید وقبولی

١ ـ بغدادە عراق طبیهٔ ملکیەسنك لەجك تشرین اول ابتداسندە باشلاناجق تدریساتنە داخل اولمق ایستەینلر ٣١ اغستوسدن اول صحیهٔ عمومیە مدیریتنە مراجعتلری .

٢ ـ دخرلە طالب اولانلر سقبول ایدیلەجك طلبەنك محدودیتنە بناء ـ مراجعتلرینك تسریعی .

٣ ـ فضلە ایضاحات آلمق ایستەینلرك بغدادە عراق طبیهٔ ملکیە کلیەسی امیتنە مراجعت ایلەملری اعلان اولونور .

کرك شخصی استعمالری ایچون کرکسە صاتیلمق مخصوص شراب اعمال ایتمك ایستەنلر بونلر رخصتطلبی ضمنندە تفصیلات آتیە وجهلە استدعا تقدیم ایتمەلیدرلر .

١ ـ یاش ویاقوری اوزوم مقدارونوعنك بیانیلە استحصال ایدیلەجك مقداردن رسم اعطاسی

٢ ـ استعمال شخصیلرینە مخصوص ویا صاتیلق ایچون اولاجغی .

ج ـ مستدعیلرا عریضەدە مندرج کیفیتك مقارن حقیقت اولوب اولمادیغنی تدقیق وشرابی معاینە ایتمك اوزرە هر هانکی بر وقتدە کمرك ومکوس موظفلرینك خانەلرینە دخولە موافقت ایدەجکلرینی دائر بیان ایتمەلیدرلر .

ترکوك ولیلەسی لوالری کمرك
ومکوس مدیر معاونی

مدیر مسؤل ددە هجری

جابخانهٔ بلدیە ـ کرکوك

هەواڵنامەی کتێب



# هەواڵ و چالاکییەکان

ئامادەکردنی: سکرتێری نووسین



## لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

# سەرۆکی هەرێمی کوردستان:
# پێویستە ئازادی ڕۆژنامەنووسیی لە سنووری پابەند بوون بە لێپرسراویەتی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕێزی لێبگیرێت

ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی (٢٠٠٦/١٠/١٢) لە هاوینە هەواری سەڵاحەدین پێشوازی لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد. لەم دیدارەدا بەڕێزیان ئاماژەی بە گرنگی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە چەسپاندنی گیانی برایەتی کردو ڕۆژنامەنووسانی بەتوێژی هەرە گرنگی کۆمەڵگا وەسف کرد.

هەروەها جەختی لەسەر ئازادی ڕۆژنامەنووسی و ڕادەربڕین کردو گوتی: "پێویستە ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە سنووری پابەند بوون بە لێپرسراویەتی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕێزی لێبگیرێت".

سەرۆکی هەرێم لە گوتەکانی بەردەوام بوو و گوتی: "دەسەڵاتی ئێستای کوردستان بە کودەتای سەربازی نەهاتووە، بەڵکو لەئەنجامی هەڵبژاردن و بە شێوازێکی دیموکراسی کاروباری گرتۆتە دەست، ئێمەش بڕوای بەهێزمان بە دیموکراسیەت هەیەو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیش دروشمەکەی "دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" بووە.

سەبارەت بە خۆپیشاندانیش بەڕێزیان جەختی لەسەر ئەوە کرد کەوا ئەنجامدانی خۆپیشاندان مافێکی ڕەوایە، بەڵام بەمەرجێ لە تێکدان و گێرەشوێنێ دوور کەوێتەوەو بە شێوەیەکی ژیاری و ئاشتییانە ئەنجامبدرێت و ئازادییەکانیش دابین بکرێت بەبێ ئەوەی زیان بە بەرژەوەندی نیشتمان و گەل بگەیەنێت.

لە تەوەرێکی دیکەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێم هیوای خواست ڕۆژنامەنووسان لە ناوزڕاندن دوورکەونەوەو ڕەخنە لە پێناو ڕەخنەدا نەبێت، بەڵکو ڕەخنە لە پێناو بنیاتنان بێت.

بەڕێزیان داوای ئەوەشی کرد کە ڕۆژنامەنووسان ببنە بەشێک لە پرۆسەی بنیاتنانەوە جەختیشی کردەوە کەوا یەکڕیزیی

بپارێزرێت و هەموو لایەکیش هەڵگری لێپرسراویەتی بن و سوود لەم دەرفەتە ببینرێت بۆ ئەوەی بە ئامانجە رەواکانمان بگەین.

دواتر بەرێز سەرۆکی هەرێم راشکاوانەی وەڵامی پرسیارەکانی رۆژنامەنووسانی دایەوە.

شایانی باسە دیدارەکە بە گوتەیەکی فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان دەستپێکردو تیایا خۆشحاڵی رۆژنامەنووسان و سەندیکایەکەیان بەم دیدارە دەربڕی، کە بە مەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بە مەسەلەکانی راگەیاندن لەسەر گۆڕەپانی کوردستانیدا رێکخرا.

❊ ❊ ❊

### دوای بەستنی دوا کۆنفرانس
### بۆ تاوتوێکردنی پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی

## ئەنجومەنی سەندیکا
## پرۆژەی یاساکەی پێشکەش پەرلەمانی کوردستان کرد

بەرێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رۆژی (١٧/١٠/٢٠٠٦) لە نووسینگەی خۆی لە شاری هەولێر پێشوازی لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان کرد.

لەم دیدارەدا فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسان، پرۆژەی یاسایی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان و یاسای خانەنشینی رۆژنامەنووسانی کوردستان دوای هەموارکردنی پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان کرد.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان پشتگیری خۆی بۆ پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی دەبڕی و ئاماژەی بە رۆڵی سەندیکا لە بواری هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لەم قۆناغەدا کە پێویستی بە یەکریزی و یەک گوتاری سیاسی لە پێناو پاراستنی دەستکەوتەکانی گەل کرد.

هەروەها بەرێزیان جەختی لەسەر پێویستی بەشداربوونی رۆژنامەنووسان لە گەیاندنی ناوەڕۆکی دەستووری هەرێمی کوردستان بە رۆڵەکانی گەلی کوردستان کردو ئەندامانی ئەنجومەنیشی دڵنیاکردەوە کە پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی پێشکەشی لێژنەی یاسایی لە پەرلەمان دەکرێت، بە مەبەستی تاوتوێکردنی و بۆ ئەوەی دواتر لە یەکێک لە دانیشتەکانی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت و رەزامەندی دەربارەی بدرێت.

سەبارەت گرنگی رۆڵی راگەیاندنیش بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی ئاماژەی بەوەدا کە کەناڵەکانی راگەیاندن دەسەڵاتەکانیان لە دەسەڵاتی چوارەم زیاترە، بەو پێیەی بوونەتە بەشێک لە سێ دەسەڵاتەکانی دیکەو رۆڵی کاریگەرەیش لە خولقاندنی رای گشتی دەبینن.

لە سەرەتای دیدارەکەشدا نەقیبی رۆژنامەنووسان ئاماژەی بەوەکرد کەوا پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی سێیەم پرۆژەی یاسایی سەندیکایەو کە پێشکەش پەرلەمانی کردووەو هیواشی خواست لە ئایندەیەکی نزیکدا پەرلەمانی کوردستان ئەم پرۆژەیە پەسند بکات.

شایانی باسە. پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان لەلایەن لێژنەیەکەوە ئامادەکراوە. کە جگە لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا ئەم بەرێزانەش ئەندامبوون تیایا: (ئەحمەد عەبدوڵڵا/ یاساناس



و ڕۆژنامەنووس، حوسامەدین سەرداری/ یاساناس و ڕۆژنامەنووس، د.کەمال سەعدی مامۆستای یاسا لە زانکۆی سەلاحەدین، تارق جامباز/ یاساناس و ڕۆژنامەنووس و ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، مەسعود مستەفا/ یاساناس و ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری) هەروەها لە سەرەتای کاری لیژنەکەش هەریەک لە خوالێخۆشبوو (فکرت عزەت/ یاساناس و ڕۆژنامەنووس، ئازاد حەمەدئەمین/ یاساناس و ڕۆژنامەنووس) لەکاروباری لیژنەکە بەشداربوون.

ئەم لیژنەیەش هەر لە سەرەتای مانگی تەمووزی ٢٠٠٥، (١٤) چواردە کۆبوونەوەی لەبارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان سازکرد.

بە مەبەستی گفتوگۆکردنیش دەربارەی ئەم پرۆژەیە چەندین کۆنفرانس لە لقەکانی سەندیکا (کەرکووک، سلێمانی و دهۆک) و هەردوو لقی (بەغداو موسڵ) ڕێکخرا، لەگەڵ ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەپایتەختی بەریتانیا (لەندەن) بە سەرپەرشتی ڕۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا، کە کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی عێراقی و کوردستانی تیایا ئامادەبوون.

لە قۆناغی دواییشدا ئەنجومەنی سەندیکاش لە (٢٠٠٦/٩/١٦)دا لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر، کۆنفرانسێکی فراوانی ڕێکخست.

نزیکەی (١٥٠) ڕۆژنامەنووس لە پارێزگاکانی کوردستان و بەغدا و موسڵ سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە ئامادەی ئەم کۆنفرانسە بوون.

لە دەستپێکی کۆنفرانسەکەدا فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گوتەیەکی پێشکەشکرد ئەمەش دەقی گوتەکەی بەڕێزیانە:

**بەڕێزان... ڕۆژنامەنووسانی کوردستان...**

ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و لیژنەی ئامادەکاری پرۆژەی یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان ئەو شەرەفەیان پێ بەخشیوم کە بەناو و لە جیاتی ئەوانەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی ئێوەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکەم، لەم دیدارەدا کە ناوی کۆنفرانسمان لێناوە بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ئەو پرۆژەیەی کە ماوەی ساڵێک زیاترە خەریکی ئامادەکردنین کە تێدا ئەمڕۆش لە دواقوناغدایە ئومێدەوارین بتوانین راو بۆچوونەکانتان وەربگرین پێش ئەوەی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی بکەین.

**بەڕێزان...**

مەبەستی سەرەکی ئەنجومەنی سەندیکای لە سەرەتادا لە هەڵبژاردنی کۆمەڵێک لە یاساناسانی نزیک بە کاری ڕۆژنامەنووسی و ئەندامیەتیان لە سەندیکا بە مەبەستی دیراسەت کردنی ئەو پرۆژەیەوە بوو کە ساڵانێک لەمەوپێش لەلایەن یەکیەتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادە کرابوو پێش یەکگرتنەوەی یەکیەتی و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەو ڕێکخراوەی کە ئەمڕۆ زۆربەی هەر زۆری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەژێر چەترەکەیدا کۆبوونەتەوە بە جیاوازی نەتەوەو ئاین و بیروباوەڕی سیاسی کە دروشمە سەرەکیەکەی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەر کردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان)ە کە تێدا ئەم پرۆژەیەش لەلایەن لیژنەی ئامادەکارەوە، هەر لە کۆبوونەوەی یەکەمی کە لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٨ لە هەولێر ئەنجام درا تاکو دواکۆبوونەوەی لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/١٤ کە لە نێواندا (١٤) کۆبوونەوە بە مەبەستی تاوتوێ کردن و گۆڕین و هەڵبژاردنی ئەو خاڵ و بڕگانەی کە دەبێتە هۆکاری چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووس، ئازادی کاری ڕۆژنامەنووس، پاراستنی ڕۆژنامەنووسان، بەخوێندنەوەیەکی بابەتیانەی بارودۆخی سیاسی لە کوردستان و ئەو قۆناغەی کە کۆمەڵگای کوردستانی تێدا تێدەپەڕی سەرەڕای ئازادی تاک و سنووردارییەتی کاری ڕۆژنامەنووس لە چوارچێوەی یاساییکی شارستانی ئەوتۆدا، کە ببێتە لەمپەر بەرامبەر هەر پێشێلکارییەک کە دێتە پێشەوە بە مانایەکی دیکە پاراستنی مافی تاک و کۆمەڵ لە ڕوانگەی ئازادی ڕا دەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەنووس کە بە بەردی بناغەی دروست بوونی کۆمەڵگای مەدەنی دادەندرێ.

**بەڕێزان...**

ئەو پرۆژەیەی کە لەبەر دەستتانە دووجار هەموارکراوە، چەندین جاریش بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە سەرەڕای بڵاوبوونەوەی لەتۆڕی ئینتەرنێت و لەهەموو لقەکانی سەندیکا لە کەرکووک و دهۆک و سلێمانی و موسڵ و بەغداو مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە لەندەن سیمیناری تایبەتی بۆ ڕێکخراوە، چەندین بابەتی هەمە لایەنەی لەسەر نووسراوە کە هەندێکیان پڕ ماناو سوودبەخش بوون و هەندێکیشیان بەداخەوە لە هێرش بردنە سەر پرۆژەکەو سەندیکا، چی دیکەی تێدا نەدەخوێندرایەوە، بەڵام دیسان ئەویش بێ سوود نەبوو، سوودەکەش لەوەدایە کە پێویستە هەر هەموومان بەزمانی دیالۆگ گفتوگۆ بکەین کە ئایندەی گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی ئازادی ڕۆژنامەنووس تەنها بەو ڕێگایە پێش دەکەوێ کە دەبێت مافی تاک، مافی هاوڵاتی ئەنجا مافی ڕۆژنامەنووس، مافی دەسەڵاتی سیاسی پارێزراوبێت ئامرازی پاراستنی ئەو هەموو مافانە تەنها لە ڕێگای یاساوە دابین دەکرێت، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانی کە لەو بوارەی کاری پیشەیی ئەنجام دەدا، ئەو پرۆژەیە بخاتە بەردەست کە لە ئایندەدا دەبێتە ڕەقەمێک لەنێوان ئەو یاسایانەی کە سەرەتای ئەو پرۆژە نەتەوەییە دروست دەکەن، کە پێش (١٠٨) ساڵ میقداد بەدرخانی ڕۆژنامەنووس لە ڕێگای ناوی پیرۆزی (کوردستان)ەوە هەنگاوی ڕۆشنبیری یەکەمی بەرەو ئەو ئاقارەنا، کە ئێستا خەریکە لە لوتکەی نزیک دەبێتەوە، نزیک بوونەوەو گەیشتن بە ئامانجیش بە پاراستنی مافی هەموو لایەک دێتەدی و پاراستنی مافیش تەنها لەڕێگای یاساوە دەچەسپێ بەو هیوایەی ئێمە هەر هەموومان بتوانین بەشداری لە چەسپاندنی بکەین.

**ئەندامانی لیژنەی ئامادەکار:**

١- خوا لێخۆشبوو فکرەت عزەت/ یاساناس و ڕۆژنامەنووس.

٢- ئەحمەد عەبدوڵڵا/ یاسا ناس و ڕۆژنامەنووس.

٣- حوسامەدین سەرداری/ یاساناس و

ڕۆژنامەنووس.
٤- تاریق جامباز/ یاساناس و ڕۆژنامەنووس.
٥- ئازاد حەمەدئەمین/ یاساناس و ڕۆژنامەنووس.
٦- مەسعود مستەفا/ یاساناس و ڕۆژنامەنووس.
٧- د.کەمال سەعدی/ یاساناس و مامۆستای زانکۆی.
٨- زیرەک کەمال/ سکرتێری سەندیکا.
٩- حامد محەمەد عەلی/ ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا.
١٠- ئەکەد موراد/ ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا.
١١- خالد بەکر ئەیوب/ ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا.
١٢- فەرهاد عەونی/ نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

دواتر مادەو بڕگەکانی پڕۆژەی یاساکە لەلایەن ئامادەبووانەوە کە بە شێوەی گروپ دابەشکرابوون، تێبینی و بیروڕایان سەبارەت دەربڕاو گفتوگۆیان لەسەرکرا، بە ڕاشکاوانە لە دانیشتنی دووەمی کۆنفرانسەکە بیروبۆچوونەکان خرانەروو و لێژنەی ئامادەکاری پڕۆژەکەش ئەم پێشنیارانەی سوود بەخش بوون بۆ پڕۆژەکە سوودی لێوەرگرت و گۆڕانکاری پێویستی بەسەر پڕۆژەکە هێنا.

* * *

# ئاهەنگێک بە بۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری سریانی لە عەنکاوە



بەبۆنەی یادی (١٥٧) ساڵەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی سریانی، ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/٣٠ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ئاشووری کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لە ژێر چاودێری بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری ئاهەنگێکی لە هۆڵی یانەی لاوانی عەنکاوە ساز کرد. لە ئاهەنگەکەدا پێشانگایەک بۆ بەخشراوەکانی

سریانی لە ڕۆژنامەو گۆڤار لە نێواندا یەکەم ڕۆژنامەی سریانی (زهريرا دبهرا) و یەکەم گۆڤار (اكليل وەرد) کە لە عێراقدا دەرچووەو لەگەڵ هەندێک لە ڕۆژنامەکانی دیکە بەپێی قۆناغەکانی دەرچوونیان، هەروەها بڵاوکراوەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو و دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری (سەدام) ڕێکخرا.

ئەم پیشانگایە لەلایەن (فەرهاد عەونی) نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە پیرۆزبایی کردن لە ڕۆژنامەنووسانی سریانی کرایەوە.

ئاهەنگەکە بە گوتەیەکی نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیری دەستپێکرد، تیایدا جەختی لەسەر ڕۆڵی وەزارەت کرد، لە بواری پشتگیریکردنی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی ئەو نەتەوانەی کە برایانە لە هەرێمی کوردستان دەژین.

دواتر نەقیب ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە گوتەیەکیدا ماندووبوونی ڕۆژنامەنووسانی کلدو ئاشووری سریانی بەرز نرخاند و ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی سریانی لە ئەزموونی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژنامەی (التاخی) هێنایەوە یاد.

هەروەها ئاماژەی بەو ڕەوشە دیموکراسییە کرد، کە لە ژێر چەتریدا هۆیەکانی ڕاگەیاندنی سریانی کارەکانی خۆیان بە ئەنجام دەگەیەنن.

هەر لە ئاهەنگەکەدا چوار سەرنووسەر سەبارەت بڵاوکراوەکانیان دوان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

* ڕۆژنامەنووس فایق بلو/ سەرنووسەری گۆڤاری (شرانحا)...
* ڕۆژنامەنووس د.سەمیر خۆرانی/ سەرنووسەری گۆڤاری (رزيا كلدايا) کە لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدانی لە عەنکاوە دەردەچێت...
* ڕۆژنامەنووس فەرید یاتو/ سەرنووسەری گۆڤاری (نەجم بیت نەهرین) لە سەنتەری ڕۆشنبیری ئاشووری لە دهۆک بڵاوکراوەتەوە.
* ڕۆژنامەنووس پوترس هورمز/ سەرنووسەری گۆڤاری (پانیپال) لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان، دەردەچێت...

❊ ❊ ❊

## شاندێکی سەندیکا
## سەردانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم کرد

ڕێزدار عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/٢٩ پێشوازی لە شاندێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد.

لە دیدارێکدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەوا سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەشێکە لەئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمداو پرۆسەی پێشخستنی ئەم ئەزموونەش لە نێوان ئەرکە گرنگەکانی سەندیکا داناو ڕەوشە جێگیر بووەکەی هەرێمی بە دەستکەوتێکی گرنگی ژیانی ڕۆژنامەنووسانی وەسف کرد.

لە تەوەرێکی دیکەدا جەخت لەسەر پێویستی دەرچوونی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسانی کرا، کە پێش ماوەیەک پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەکاری ڕۆژنامەنووسی وەک دەسەلاتێکی گرنگ لەکۆمەڵگادا کرد.

هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کرد کە پێویستە ڕۆژنامەنووسی لە کۆت و پێوەندەکاندا ڕزگاری ببێت و ئازادی بیروڕا دابین بکرێت و یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیش دوای پەسند کردنی لە پەرلەمانی کوردستان جێبەجێ بکرێت.

***

# خولێکی رۆژنامەنووسی لە کەرکووک

لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە رۆژانی (١١-٢٠٠٦/١١/١٦) خولێکی رۆژنامەنووسی بۆ ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی کەرکووک رێکخست. بابەتەکانی خولەکە بریتیبوون لە (زمانی راگەیاندن، هونەری رۆژنامەنووسی، سەرنجێکی گشتی لەبواری رۆژنامەگەری کوردی، رێکلام لە رۆژنامەگەری کوردیدا، پەیوەندییە گشتییەکان).

ئەم بابەتانەش لەلایەن مامۆستایانی ئەکادیمی و شارەزایان گوترانەوە.

***

# لقی موسڵی سەندیکا..
# کردنەوەی خولێکی رۆژنامەنووسیی و دیدارێک لەگەڵ رۆژنامەنووسانی شێخان

لە پێناو کاراکردنی کاری سەندیکایی، رۆژی ٢٠٠٦/٩/٩ سکرتێری لقی موسڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامانی دەستەی کارگێری لق بە رۆژنامەنووسانی شارۆچکەی شێخان گەیشتن.

لە سەرەتای دیدارەکەدا رۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی یەحیا سکرتێری لق لە گوتەیەکیدا ئاماژەی بە رۆڵی سەندیکا کرد لە پێناو کۆکردنەوەی هەموو بیروڕا جیاوازەکان و بەدیهێنانی دەسکەوتی سەندیکایی بۆ ئەندامەکانی وەک یاسای خانەنشینی رۆژنامەنووسان و پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان و وەرگرتنی پلەی ئەندامی کارا لە یەکێتی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی.

هەروەها سکرتێری لق جەختی لەسەر پێویستی چەسپاندنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیان کردەوە.

هەر لەم دیدارەشدا لقی موسڵی سەندیکا بڕیاریدا خولێکی رۆژنامەنووسی بۆ رۆژنامەنووسانی شێخان بکاتەوە.

لە سەنتەری شاری موسڵیشدا.. لەرۆژەکان (١٢تا ٩/١٤) لقی موسڵی سەندیکا خولێکی رۆژنامەنووسی کردەوەو (٢٠) رۆژنامەنووس تیایا بەشداربوون و موحازەرەکانیش دەربارەی چۆنیەتی نووسینی هەواڵ و رێکخستنی رێپۆرتاژ و دیداری رۆژنامەنووسیی بوون.

***

# رەشنووسی (پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی) تاوتوێکرا

بە مەبەستی تاوتوێکردنی رەشنووسی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان، سەر لەبەیانی رۆژی ٢٠٠٦/١١/٢٠ لە بارەگای سەندیکا بە ئامادەبوونی بەڕێزان (فەرهاد عەونی/ نەقیبی رۆژنامەنووسان، حامد محەمەد عەلی/

ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا - دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان) کۆبوووەو بە وردی بە برگەکانی ڕەشنووسەکەدا چوونەوە، کە نیاز وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا پەسندو بڵاو بکرێتەوە.

❊ ❊ ❊

## پیشانگایەکی فۆتۆگرافی دەربارەی ئەنفال لە دهۆکدا

لقی دهۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ڕۆژانی (٣-٥/٩/٢٠٠٦) پیشانگایەکی فۆتۆگرافی کردەوە کە سەختی ژیانی ڕۆژانەی ئاوارە کوردەکان پرۆسەی ئەنفالی سالانی (١٩٨٩-١٩٩٠) لە کەمپی (مێردین) لە تورکیا دەخستە ڕوو.

ئەم پیشانگایەش لە هۆڵی شەهید سەلمان لە دهۆک کرایەوە لە بارەی پیشانگاکەوە ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی سکرتێری لقی دهۆکی سەندیکا گوتی: "ئەم پیشانگایە بەشێکە لە ئەرشیفی هونەرمەند عەبدوڵڵا هروری لەگەڵ چەندین وێنەی فۆتۆگراف کە موعاناتی ڕۆژانەی ئەم ئاوارانەو چەوساندنەوەیان لەلایەن دەسەڵاتی تورکیەوە بەرجەستە دەکەن".

لەم پیشانگایەش زیاتر لە (١٠٠) وێنە نمایشکرا، زۆربەیان وێنەی منداڵان و ئافرەتانی ئاوارە بوون.

❊ ❊ ❊

## دیدارێک لەگەڵ لقی موسڵی سەندیکا



ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سەر لەبەیانی ڕۆژی ٤/١٢/٢٠٠٦ لە بارەگای سەندیکا لە شاری هەولێر، دیدارێکی لەگەڵ لقی موسڵ سازکرد.

لەم دیدارەدا باس لە چۆنیەتی بەرەو پێشبردنی کاری سەندیکایی لەنێوەندی ڕۆژنامەنوسانی پارێزگای موسڵ کرا.

ئامادەبووانیش بیروڕایان سەبارەت پێشخستنی ئیش و کارەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئاڵوگۆڕکرد.

***

## بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا سەردانی بارەگای فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی کرد

لە میانی سەردانەکەی بۆ بارەگای فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی لە برۆکسل، رۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا رۆژی (٧)ی مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦، چاوی بە خاتوو کریستیان دینز سکرتێری لێژنەی راپەڕاندنی فیدراسیۆن کەوت.

لەم دیدارەدا مەسەلەی بەشداربوونی شاندی سەندیکا رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆنگرەی داهاتووی فیدراسیۆن کە بڕیارە لە پایتەختی وڵاتی روسیا "مۆسکۆ" ببەسترێت، گفتوگۆی لەسەرکرا.

هەر لەم سەردانەدا بەرپرسی پەیوەندییەکان دیدارێکی لەگەڵ بەڕێز (مونیر زەعەرور) بەرپرسی نوێی پرۆگرامەکان سازکرد.

لەم دیدارەشدا شێوازەکانی هاوکاری نێوان سەندیکاو فیدراسیۆن وکردنەوەی خول بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان تاوتوێکرا.

هەروەها بڕیاریشە کۆبوونەوەیەک لە شاری (عەمان)ی پایتەختی ئوردون لە رۆژانی (١٨-١٩) مانگی کانوونی یەکەمدا ببەسترێت.

ئەمەش بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆگرامە ئامادەکراوەکان بۆ خولەکان و چالاکییەکانی دیکەش کە بە هاوکاری سەندیکاو فیدراسیۆن لەلایەک و هاوکاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق لەلایەکی دیکەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێن، هەر لە کۆبوونەوەی (عەمان) میساقی شەرەف تاوتوێ دەکرێت و میکانیزمی یارمەتیدانی خێزانەکانی شەهیدانی رۆژنامەنووس و کردنەوەی خول گفتوگۆی سەبارەت دەکرێت.

وا چاوەڕوان دەکرێت خولەکان لە کوردستان و ناوەڕاست و باشووری عێراقدا بکرێنەوەو هەروەها کۆبوونەوەیەک بۆ شاندێکی باڵای هەردوو سەندیکا لە پایتەختی وڵاتی سوید (ستۆکهۆڵم) و قاهیرەو رەبات ببەسترێت.

شایانی باسە خاتوو (حەیات زغیتیش) بەرپرسی پێشووی پرۆگرام و پرۆژەکانی فیدراسیۆن لە عێراق و وڵاتانی عەرەبی ئامادەی دیدارەکە بوو.

***

## نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداری لە (*Work Shop*)ێک بۆ حوکمی یاسا کرد

رۆژنامەنووس فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە رۆژانی (١٨ و ١٩)ی مانگی تشرینی دووەم، بەشداری لە (Work Shop)ێک کرد، کە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان رێکخرا.

ئەم وۆرک شۆپە لەژێر دروشمی (پتەوکردنی حوکمی یاساو نەزاهەت لە عێراقدا) بە هاوکاری سەنتەری عەرەبی بۆ قانون و نەزاهەت و لەژێر چاودێری وەزارەتی داد لە حکومەتی هەرێمی بەڕێوەچوو و چەندین پسپۆڕو شارەزای یاساو بەرپرسی حکومی و نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تیایا بەشداربوون.

لەم وۆرک شۆپەدا چەندنی باس و بابەت

دەربارەی سیستەمی فیدراڵی و دادگای فیدراڵی و چەسپاندنی یاسا پێشکەشکران و چەندین بڕیار و ڕاسپاردە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرزکرانەوە.

* * *

# شاندی لێژنەی پشتگیری دیموکراسی سەردانی سەندیکای کرد




ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/٢٠ شاندێک کە نوێنەرایەتی لێژنەی پشتگیری دیموکراسی دەکرد، سەردانی بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کرد.

شاندەکە لەلایەن نەقیب و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاو سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا بە گەرمی پێشوازی کرا.

ڕێکخەری لێژنەی بەڕێز (د.فاروق) سەبارەت بەلێژنەکە دواو ئاماژەی بەوەی کردە کە ئەم لێژنەیە لە کەسایەتی ڕۆشنبیری و سیاسی پێکدێت و بە نیازیشن کۆنگرەیەک بۆ دیموکراسیخوازان لەشاری هەولێردا ببەستن، لەم بارەیەوەش بەڕێزیان داوای پشتگیری لەلایەنەکانی سیاسی و نێوەندە ڕۆشنبیرییەکان کرد. لە بەرامبەردا (فەرهاد عەونی) نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.. ئاماژەی بە پێکهاتە ئیئتیلافییەکەی کردوو جەختی لە بڕوابوون بە دیموکراسی کردو ئامادەگی بە پێشکەشکردنی هەموو جۆرە پشتگیرییەک بۆ لێژنەکە دەربڕی.

شاندەکەی لەم بەڕێزانە: (د. فاروق ڕەزاعەو د. شێرزاد تاڵەبانی و مامۆستا عەبدولمونعیم ئەعسەم و مامۆستا عەدنان حوسێن) پێکهاتبوو.

✻ ✻ ✻




### لەپێناو پشتگیریکردنی رۆژنامەنووسانی عێراق

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداری کۆبوونەوەی (عەمان)ی کرد

لەژێر دروشمی (پشتگیرکردنی رۆژنامەنووسانی عێراق) لەرۆژانی (١٨-٢٠٠٦/١٢/١٩) لە پایتەختی شانشینی ئەردەنی (عەمان)، بەسەرپەرشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنوسان و پشتگیری یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب، کۆبوونەوەیەک بۆ رۆژنامەنووسانی عێراقی و کوردستانی بەسترا.

بەرێزان ئایدان وایت سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و سەیف شەریف جێگری ئەمینداری گشتی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب و تاریق موملی نەقیبی رۆژنامەنووسانی ئەردەن و شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسان کە لە فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسان و مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب و حامید محەمەد عەلی ئەندامی ئەنجومەن و شێرکۆ حەبیبب بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پێکهاتبوو، هەروەها شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی کە لە موئەیەد لامی سکرتێری گشتی سەندیکاو سەعد موحسین و سەناء نەقاش لە ئەنجومەنی سەندیکاو ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی عێراقی و بەرێز موفید جەزائیری ئەندامی پەرلەمانی عێراقی و روهان جایا سیکیرا لە ئیندکس ئون سینرس شبیب و محەمەد جەلید بەرێوەبەری نووسینگەی یونسکۆ لە عێراق و ئۆلڤەر مونی کایل بەرێوەبەری پرۆژەکان لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی و رالف ئەروبیل لە یەکێتی نێودەوڵەتی سەندیکاکانی کرێکاران. ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

کۆبوونەوەکە بە گوتەیەکی بەرێز ئایدان وایت دەستیپێکرد، کەتێیدا بەخێرهاتنی ئامادەبووان کرد و سوپاسی بەشداربوونیانی کرد، لەم کۆبوونەوەیەدا کە لە پێناو هاوکاریکردنی رۆژنامەنووسانی عێراقی دەبەسترێت، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کەوا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)، خەریکە بەیاننامەیەک دەربخات تێدا دوای ئەوە بکات حکومەتەکان ئەرکی پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان بگرنە ئەستۆ، سەبارەت بە کۆکردنەوەی کۆمەکیش کە لەماوەی رابردوودا هەڵمەتێکی جیهانی لەم رووەوە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی



رابردوودا دەستیپێکرد، بۆ یارمەتیدانی خێزانی شەهیدانی رۆژنامەنووسانی عێراقی لە ساڵی (٢٠٠٣)ەو گوتی: بڕە پارەیەک کە دەگاتە (٣٠,٠٠٠) سی هەزار یۆرۆ کۆکراوەتەوەو دەدرێتە هەردوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بۆ ئەوەی بەسەر خێزانی شەهیدانی رۆژنامەنووس دابەش بکرێت، ئەم بڕە پارەیەش بەسەر هەردوو سەندیکا دابەشکرا، بەڕێز موئەیەد لامی لەجیاتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق (٢٣,٠٠٠) بیست و سێ هەزار یۆرۆی وەرگرت و فەرهاد عەونی لەجیاتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان (٧٠٠٠) یۆرۆی وەرگرت. هەردوو سەندیکاش پابەندی ئەوەبوون کەوا ئەم بڕە پارەیە بەسەر خێزانی شەهیدانی رۆژنامەنووس بە ئامادەبوونی رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندن دابەش بکرێت.

پاشان بەڕێز سەیف شەریف گوتەی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەبی پێشکەشکردو رۆڵی رۆژنامەنووسانی لە رووبەڕووبوونەوەی کارە تیرۆریستییەکان بەرز نرخاند و داوای لە رۆژنامەنووسانی عێراقیش کرد ئەمانەتی بەرپرسیەتی و شەرەفی پیشەییان بپارێزن و گوتی: ئێوە هەروەک ناسراون لە گوتنی وشەی هەق سڵناکەنەوەو باوەڕو ئامانجە پیرۆزەکانی رۆژنامەنووسی لە ناخی دڵتاندا چەسپیوە.

هەروەها گوتی: سڵاو لە نەقیب و ئەندامانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق دەکەین کە هەموو کاتێک لەگەڵ هاوکارانیان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی ئامادەن، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن.. کەوا بە مانای وشەی عێراقین و عێراقیان خۆشدەوێ.

دواتر تاریق مومەلی نەقیبی رۆژنامەنووسانی ئەردەن. گوتەیەکی بەخێرهاتنی پێشکەشکردو جەختی لەسەر پتەوکردنی گیانی برایەتی و هاوکاریکردن لەنێوان رۆژنامەنووسانی عێراق بەجیاوازی بیروباوەڕو رەگەزی نەتەوەییان کردەوە..

دەربارەی قەیرانی رۆژنامەنووسیش لە عێراقدا و گۆڕانکارییەکانی کەرتی راگەیاندن لەماوەی رابردوودا، بەڕێزان موئەیەد لامی و فەرهاد عەونی دوو (وەرەقەیان) پێشکەش بە کۆبوونەوەکە کرد، کە تیایاندا باس لە رەوشی راگەیاندن و ئەو کێشانەی رووبەڕووی رۆژنامەگەری دەبنەوە. کرابوو.

لە دانیشتنی سەر لە بەیانی رۆژی یەکەم. بەڕێز سەعد موحسین لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق، سەبارەت بە

وەرگرتنی چەند ئیجرائاتێک بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسیانەی بەرەنگاری رۆژنامەنووسان دەبنەوە دوا، هەروەها سەیف شەریف باسی لە پەیمانگەی نێودەوڵەتی سەلامەتی هەواڵەکان کرد.

دەربارەی ژینگەی یاسایی و پەیوەندی نێوان راگەیاندن و حکومەت، هەر یەک لە بەڕێزان موفید جەزائیری، وەجیە عەباس، فوئاد غازی، روهان جایاسیکیرا، باسیان لە هەڵسەنگاندنی خۆیان سەبارەت ئەو یاسایانەی کار لە رۆژنامەنووسان و راگەیاندنی عێراقی دەکەن کرد، هەروەها داواکارییەکانیان لەپێناو داڕشتنەوەی یاساکان خستەروو.

لە دانیشتنی ئێوارەی رۆژی یەکەم.. سەبارەت بە ستراتیژییەکانی راگەیاندن بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی ئاشتی و ئاشتەوایی و لێبوردن لە رێگەی رۆژنامەوانی عێراقیدا، هەر یەک لە ئایدان وایت، موئەیەد لامی، گوتەیان پێشکەشکرد..

بەڕێز شێرکۆ حەبیبیش دەربارەی رۆڵی راگەیاندن لە کرداری ئاشتەوای نیشتمانی لەعێراقدا باسێکی خستەروو..

هەروەها بەڕێز محەمەد جەلید سەبارەت بە رۆڵی یونسکۆ لە پشتگیریکردنی رۆژنامەنووسان بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دوا. لەرۆژی دووەم.. خاتوو سەناء نەقاش دەربارەی رۆژنامەنووسانی پیاو و رۆژنامەنووسی ئافرەت و ئەو کردە تیرۆریستیانەی رووبەڕووی رۆژنامەنووسانی ئافرەت دەبنەوە لە عێراقدا. دوا.

دواتر هەر یەک لە ئۆلیڤەر مونی کایل بەڕێوەبەری پرۆژەکان لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و رالف ئوربیل رێکخەری کاروباری عێراق لە یەکێتی نێودەوڵەتی سەندیکاکانی کرێکاران.. دەربارەی پرۆژەکانی داهاتوو لە عێراقدا دوان.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکانی ئەم دوو رۆژە بەڕێز ئایدان وایت سوپاسی ئامادەبووانی کردو بەڕێزان موئەیەد لامی و مستەفا ساڵح کەریم گوتەیان پێشکەشکردو سوپاسی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی و یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب و سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەردەن بۆ ئەو پشتگیرییەی کە لە رۆژنامەنووسانی عێراقی کرا.. کرد..

شایانی باسە ژمارەی بەشداربوونی کۆبوونەوەکە (٢٨) کەس بوو، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و رۆژنامەنووسانی عێراقی، لەگەڵ کۆمەڵێک لە کارمەندانی راگەیاندن و رووناکبیران..

* * *

# تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس "هرانت دنک" مەحکوم دەکەین

چەند رۆژێک لەمەوبەر توندڕەوێکی تورک رۆژنامەنووسی ناوداری ئەرمەنی تورکیای لە شاری ئەستەنبوڵ لەبەردەم نووسینگەی رۆژنامەکەیدا تیرۆر کرد.

بەم بۆنە خەمناکەوە رۆژنامەنووسانی کوردستان پرسەو هاوخەمی خۆیان ئاراستەی رۆژنامەنووسانی تورکیاو بنەماڵەی (هرانت دنک) و تێکڕای دیموکراتخوازی ئەم وڵاتە دەکەن، هەروەها بەتوندی ئەم کارە تیرۆریستییە مەحکوم دەکەن و بەکارێکی دژ بە ئازادی بیروڕا دەزانن.

**ئەنجومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٧/١/٢٢**

❊ ❊ ❊

# ڕاگەیانراوێک
# لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە

بەپێی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ و هەموارکراوی یەکەمی، دەبوایە سەندیکا کۆنگرەی گشتی دووەمی لەم مانگەدا (کانوونی یەکەم/ ٢٠٠٦) ببەستایە، بەڵام هەندێ هۆکاری بنەڕەتی وای لە ئەنجومەنی سەندیکا کرد، کە کۆنگرەکە بۆ هاوینی/ ٢٠٠٧ دوابخات.

**هۆکارەکانیش بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:**

یەکەم: ئەنجومەنی سەندیکا ماوەی زیاتر لە ساڵێکە سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسییە لە کوردستان، کە تێیدا چەندین سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوەی لەهەموو لقەکانی سەندیکا بۆ سازکرد، دواتریش بە گەڵاڵەکراوی لە (٢٠٠٦/١٠/١٧) پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی کردووە، دیارە ئەم کارەش پێویستی بە بەدواداچوون هەیە، لەبەر گرنگی پرۆژەکەو ئەم ئەرکەش لە ئەستۆی ئەنجومەنی ئێستای سەندیکا دایە.

دووەم: لەبەر ڕۆشنایی خاڵی سەرەوە نەدەکرا لەو ماوەی پێشوودا کۆنفرانسی تایبەتی بۆ لقەکانی سەندیکا ببەسترێ، بە مەبەستی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕۆژنامەنووسان بۆ کۆنگرە.

ئاشکراشە ئەندامانی سەندیکا لەسەرتاسەری کوردستاندا بە هەردوو لقی موسڵ و بەغداشەوە دەگاتە (٣٠٠٠) سێ هەزار ئەندام، کە ئەمەشیان ماوەی پێویست و کاری جیدی دەوێ، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی دیموکراسی نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن، کە نەدەکرا هەردوو ئەرکەکە لەیەک ماوەدا ئەنجامبدرێت.

سێیەم: سەرەڕای ماوەو کاتی پێویست بە مەبەستی ئامادەباشی بۆ کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو، کە چەند مانگێکی دەوێ، دیارە لەهەمان کاتدا بەستنی کۆنگرە پێویستی بە بودجەیەکی گونجاو هەیە، کە تاکو ئێستاکە نەتوانراوە دابین بکرێت.

چوارەم: سەرەڕای ئەو خاڵانەی باسیان لێوەکرا، ئەنجومەنی سەندیکا لەماوەی ساڵی ڕابردوودا، کارکردنی بوو بە مەبەستیوەدەست هێنانی ئەندامیەتی کارای لە فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ)، کە ئەمەشیان وایکرد ئەنجومەنی سەندیکا چالاکانە بەشداری لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی دەرەوەی وڵات بکات، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی بنەڕەتی بۆ کێشەو قەیرانەکانی ڕۆژنامەنووسانی عێراق، کە ڕووبەڕووی تیرۆرو تۆقاندن و هەڕەشە بوونەتەوە، کەتێدا ڕۆڵی سەندیکا بەوپەڕی باشییەوە هەڵسەنگێندرا.

ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە کۆبوونەوەی خۆی کە لە (٢٠٠٦/١٢/٢٧) لە سلێمانی بەسترا لەبەر ڕۆشنایی خاڵەکانی سەرەوە بڕیاری دواخستنی کۆنگرەی دا بۆ هاوینی ساڵی تازە، پاشانیش سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەڕێگای لقەکانی سەندیکا لە وردەکارییەکان ئاگادار دەکرێنەوە.

**ئەنجومەنی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**سلێمانی ٢٠٠٦/١٢/٢٧**






















**بنکەی ژین**
**بۆ بووژانەوەی کەلەپووری**
**بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردی خەرمان بەرەکەتدا**
**لە یادی پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی شێخ مەحموودی حەفید، ٨کتێب هاتە چاپ کردن**

# ROZHNAMANOOS

*Aperiodical magazine specialized in press*
*Issued by Kurdistan Journalist's Syndicate*